
# سووکەڵەیی لە تاقەت بەدەری بوون




# سووكەڵەيی لە تاقەت بەدەری بوون

نووسینی : میلان کۆندێرا
وەرگێڕانی: عەتا نەهایی
بابەت: ڕۆمان
هەڵەچنی: زانا سامان
مۆنتاژی کۆمپیوتەر: سەیران عەبدولرەحمان
تیراژ: ١٠٠٠ دانە
نرخ:٤٠٠٠ دینار
ژمارەی سپاردن: ١٦٧٢ی ٢٠٠٩
دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم
چاپی: یەکەم ساڵی ٢٠٠٩
کوردستان- سلێمانی
www.serdam.org
بۆ پەیوەندیکردن بە زنجیرە کتێبەوە: kteb@serdam.org
سەرچاوە: بار هستی ، میلان کوندیرا
ترجمە: پرویز همایون پور / نشر گفتار، تهران ، ١٣٧٢

مافی لە چاپدانەوەی بۆ دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم پارێزراوە.

میلان کۆندێرا

# سووکەڵەیی لە تاقەت بەدەری بوون

ڕۆمان

وەرگێڕانی

**عەتا نەهایی**

(لەگەڵ خوێندنەوەی وەرگێڕ)

**سلێمانی ٢٠٠٩**

زنجیرەی کتێبی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم
کتێبی سەردەم ژمارە (٥٢٢)

سەرپەرشتیاری گشتیی زنجیرە

***ئازاد بەرزنجی***

# پێشەکی

کاتێک بۆ یەکەم جار «سووکەڵەیی لە تاقەت بەدەری بوون»م دەخوێندەوە، هەستم دەکرد بۆخۆشم دەورم لە نووسینی ئەو ڕۆمانەدا هەبووە. یان بە شێوەیەکی تر، پێموابوو دەبوو بۆخۆشم ڕۆمانێکی وەهام بنووسیایە. ئەم هەستە، ڕەنگە هەستی هاوبەشی هەموو ئەو نووسەرانە بێت کە لە بارودۆخێکی وەک کۆندێرادا ژیاون و ئەزموونی ژیان لە کۆمەڵگەیەکی تۆتالیتریان هەیە. ئەوەندە کە من ئاگاداربم لە دوای کافکا، کەم نووسەر هەیە وەک کۆندێرا لە حەقیقەتی ژیان لەو بارودۆخە نائینسانییە نزیک بووبێتەوەو پەردەی لەسەر واقیعە دیار و نادیارەکانی هەڵدابێتەوە، ئەوسا لەسەر زەمینەی ئەم واقیعانە و بە وردبوونەوەیەکی قووڵ لە کردە و ڕەفتاری مرۆڤەکان، لە کەشێکی پڕ لە ترس و دڵەکوتە و هەست بە تاوانباری کردن، شیکاریی گرنگترین چەمک و مۆتیڤەکانی "بوون" بکات. کارێک کە ئەو لە یەکەم بەرهەمیەوە تا ئیمڕۆ کردوویەتی ، مەیدانی تێگەیشتن و مەعریفەی خوێنەرەکانی لە "باری بوون" بەربڵاوتر کردووە.

میلان کۆندێرای نووسەری چیکی دانیشتووی فەڕەنسا، یان وەها کە وەرگێڕی ئینگلیزیی ئەم کتێبە دەڵێت، نووسەری فەڕەنسایی چیکی (Franco - Czeck)، بۆ کەس ناوێکی نائاشنا و نامۆ نییە. ئەگەرچی تەنیا یەک دوو بەرهەمی وەک «ئاهەنگی ماڵاوایی» لێکراوە بە کوردی، بەڵام کۆی ڕۆمان و نووسینەکانی بە زۆربەی زمانە زیندووەکانی دنیا تەرجەمە کراون. بەو حاڵەش کەس ئاگادارییەکی تێر و تەسەلی لە ژیانی شەخسی و تایبەتی خۆی نییە، جگە لە هەندێک زانیاریی گشتی کە لە بەرگی پانزەی ئەنسکلۆپێدیای

یۆنیڤێرسالیس بەشی ئەدەبیی چیک، کە لە پێشەکی دەقی کوردی ئاهەنگی مالاواییشدا هاتووە، شتێکی تری لێ نازانین. هۆی ئەم نەزانینەش دەگەڕێتەوە بۆ هەڵوێستی هەمیشەیی نووسەر لە بەرامبەر داواکانی سیستەمی ئیدئۆلۆژیکی و تۆتالیتاریی کۆمۆنیستەکان. ئەگەر ئەوان پێیان لەسەر ئاشکرایی ژیانی شەخسی و کۆمەڵایەتی ئەندامانی کۆمەڵگەی ژێر دەسەڵاتیان دادەگرت و هەوڵیان دەدا سەر بە هەموو کەلوکونێکی ژیانی شەخسی و تایبەتی خەڵکدا بکەن، کۆندێرا پێی وایە ژیانی شەخسی و تایبەتی خەڵک و بە تایبەت نووسەران، دەبێ لە هەموو کونجکۆڵی و سەرەتاتکە بۆ کردنێک پارێزراو بێت.
ئەگەر گۆستاڤ فلەوبەریی گەورە نووسەری فەڕەنسایی پێی وابوو ڕۆماننووس لە پشت کەسایەتییەکانی ڕۆمانەکەیەوە خۆی دەشارێتەوە، کۆندێرا پێی وایە کە کەسایەتی ڕۆمانەکانی شیمانەی وەدی نەهاتووی خۆین. واتە ئەوان بە شێوەیەک دەژین کە نووسەرەکەیان دەشیا یان دەیتوانی بەو شێوە بژی، بەڵام نەژیاوە. زۆربەی کەسایەتییەکانی کۆندێرا لە چین و توێژی کۆمەڵگە، مرۆڤی خوێندەوار، ڕۆشنبیر، هونەرمەند و خاوەن فکرن. واتە شێوەی ژیان و ئەزموونەکانیان لە شێوەی ژیان و ئەزموونی نووسەرەکەیانەوە نزیکە.
کۆندێرا خۆی کوڕی پیانۆژەنێکی گەورە و خوێندکاری لیئۆس یاناسک، گەورە مۆزیکزانی چیکۆسلۆڤاکییە. ئەو لە باوکییەوە فێری پیانۆ ژەنی بووە و بە هۆی ئەویشەوە شەیدای ئەم هونەرە بووە، شەیداییەک کە بە شێوەی جیاواز لە هەموو ڕۆمانەکانیدا ڕەنگی داوەتەوە. پاشان هەر لە مێرد منداڵییەوە دەستی بە شیعر نووسین کردووە، لە گەنجیدا دوو کۆمەڵە شیعری بە ناوی «مرۆڤ، بێستانێکی بەربڵاو» ساڵی ١٩٥٣، «تاکبێژی» ساڵی ١٩٥٧، بڵاوکردۆتەوە.
ئەو ئەگەرچی سەرەتا ئەندامی حزبی کۆمۆنیست بووە، بەڵام دواتر ڕەخنەی توندی لەو حزبە گرتووە ، هەروەها وردەوردە لێی دابڕاوە. لە ساڵی ١٩٦٠ هەڵبژاردەی شیعرەکانی ئاپۆلینەری، لەگەڵ خوێندنەوەیەکی شیکارانەی خۆی، بڵاوکردۆتەوە. ساڵێک دوا ئەوەش، واتە لە ١٩٦١ شانۆنامەی «کلیلدارەکانی»ی نووسیوە. دواتریش لە شانۆنامەیەکی تر بە ناوی«دوو وەسڵەت»، بە شێوازێکی کۆمێدی و سوریالیستی باسی بیری تاریکی کردووە.

میلان کۆندێرا لە نێوان ساڵانی ١٩٥٨ تا ١٩٦٨ دە چیرۆکی بڵندی بە ناوی «عەشقە گاڵتەجاڕییەکان» نووسیوە کە تیمی سەرەکی ڕۆمانەکانی لەوەبەدواوە دەگرنەخۆ.

ئەو کە لە زانکۆی سینەما خوێندوویەتی، دواتر لە هەمان زانکۆش وەک وانەبێژ وەرگیراوە. لە قۆناغی بەناو دژە ئەستالینی، دەورێکی گرنگی لە پەروەردەکردنی ڕوانگەی فەرهەنگی و کۆمەڵایەتیی خوێندکارانی زانکۆی سینەما لە پڕاگ هەبووە. ساڵی ١٩٦٧ لە وتاری کردنەوەی کۆنگرەی نووسەرانی چیک، هێرشی کردۆتە سەر بیری تاریکی باڵادەست لە ئەدەبی وڵاتەکەیدا و بۆ هەمیشە وازی لە حزبی کۆمۆنیست هێناوە.

وێڕای ئەم چالاکییە ڕۆشنبیرانەیە، میلان کۆندێرا ڕۆماننووسە و بە ڕۆماننووس ناوبانگی جیهانی هەیە. بێجگە لەو چەند بەرهەمە شیعری و شانۆییە کە ناویان برا، بەشێک لە بەرهەمەکانی تری کۆندێرا بریتین لە:

ڕۆمانی گاڵتە «Joke» لە ساڵی ١٩٦٧ لە فەڕەنسا بڵاوبۆتەوە.

ڕۆمانی ژیان لە شوێنێکیترە «Life Is Elsewhere» لە ساڵی ١٩٧٣ بڵاوبۆتەوە و خەڵاتی مێدیسی بۆ باشترین ڕۆمانی بیانی لە فەڕەنسا وەرگرتووە.

ڕۆمانی ئاهەنگی ماڵاوایی «Farewel Waltz» لە ساڵی ١٩٧٨ بڵاوبۆتەوە و خەڵاتی مۆندلۆی ئیتالیای پێ بەخشراوە.

ڕۆمانی کتێبی پێکەنین و فەرامۆشی «The Book of Laughter and Forgetting» کە لە ساڵی ١٩٨١ خەڵاتی کامنۆلیس ئێواردی لە ئەمریکا دراوەتێ.

ڕۆمانی سووکەڵەیی لەتاقەت بەدەری بوون «The Unbearable Lightness of Being» لە ساڵی ١٩٨٤ بڵاوبۆتەوە.

هەروەها ڕۆمانی نەمری «Immortality»، کۆمەڵە چیرۆکی عەشقە پێکەنیندارەکان «Laughable Loves»، ڕۆمانی هێواشی «Slowness»، ڕۆمانی شوناس «Identity»، ڕۆمانی جەهالەت «Ignorance»، کتێبی هونەری ڕۆمان «Art of the Novel»و کتێبی وەسێتە گۆڕاوەکان «Testaments Betrayed»، کە بەشێکیان بە زمانی فەڕەنسی نووسراون. هەروەها لە ساڵی ١٩٨٢ خەڵاتی ئوورووپا لیتراتۆر بۆ کۆی بەرهەمەکانی وەرگریتووە، لە ساڵی ١٩٨٣ دۆکتۆرای

فەخری زانکۆی میشیگانی دراوەتێ.
وەرگێڕانی ڕۆمانەکانی میلان کۆندێرا بە گشتی و ڕۆمانی «سووکەڵەیی لەتاقەت بەدەری بوون» بە تایبەت، کارێکی ئێجگار سەخت و دژوارە. وەرگێڕانی گێڕانەوەی بە ڕواڵەت سادە و لە ڕاستیدا قووڵ و فەلسەفییانە لە لایەکەوە، وەفاداربوون بە شێواز و ستایلی تایبەتی نووسەر بۆ بەکارهێنانی زمانێکی ئەوپەڕی مینیمالیستی، لە لایەکی ترەوە، گرنگی پێدانی زیاتر لەپێویست بە وشە هەڵبژاردراوەکان، چۆنییەتی تایبەتمەندی ڕستەسازییە ئاڵۆزەکان، پاراستنی لایەنی شاعیرانە و لە هەمانکاتدا بیرمەندانەی گێڕانەوەکە... ئەگەر نەڵیم کارێکی ناومکین، لانیکەم سەخت و لەتاقەت بەدەرە.
میلان کۆندێرا لە زۆر نووسین و دیمانەدا گلەیی لە وەرگێڕ و دەقی وەرگێردراوی ڕۆمانەکانی دەکات ، کەم وەرگێر یان وەرگێڕانێکی بەرهەمەکانی هەیە کە ڕازی کردبێت. ئەو پێی وایە وەرگێڕەکان گرینگی پێویست بە باری مانایی وشەکان نادەن و بە بێدەربەستییەوە وشەی بەرامبەری هاومانایان بۆ هەڵدەبژێرن. هەروەها پێی وایە ڕەستەکانیان لە جێی خۆیدا نین ، جاروبار ڕستە یان پەراگرافێک، کە بە هەڵە بە زیادی دەزانن، دەیقرتێنن. خۆشبەختانە، ئەو زمانی فارسی نازانێت و ناتوانێت لەوە بگات کە وەرگێرانی ڕۆمانەکانی بە زمانی فارسی چەندە ناتەواوە، هەر ڕۆمانێکەی چەندی لێقرتاوە.
من ئەگەرچی دەمزانی ڕۆمانەکانی کۆندێرا بە زمانی فارسی زۆریان لێقرتاوە، بەڵام دڵم بەوە خۆشبوو کە ئەو بەشە قرتاوانە بە جیا، لە سایتە ئەدەبییەکاندا بڵاوبوونەتەوە. «سووکەڵەیی لەتاقەت بەدەری بوون» بە ناوی «باری بوون» دووجار و بە قەڵەمی وەرگێرانی دوو وەرگێڕ بە زمانی فارسی بڵاوبۆتەوە. یەکەمیان لە زمانی فەڕەنسییەوە و بە قەڵەمی «پەرویز همایون پوور» و دووهەمیان لە زمانی ئینگلیزی و بە قەڵەمی «فەرزانە تاهیری». من سەرەتا ئەم ڕۆمانەم لە ڕووی دەقی فارسی (پەرویز همایون پوور)ەوە وەرگێڕایەوە. بە بونیادی گێڕانەوەکەدا دەمزانی کە لە چەند شوێن لێی قرتاوە، بەڵام هەرچی هەوڵمدا، نە لە سایتە ئەدەبییەکان و نە تەنانەت لە لای وەرگێڕە فارسییەکەش، ئەو بەشانەم دەست نەکەوت. تا ئەوەی کە دەقی ئینگلیزیی

ڕۆمانەکەم دەستکەوت ، پاش بەراوردێکی ورد، بۆم دەرکەوت کە ئەو دەقە فارسییە نزیکەی چل لاپەڕەی کەمترە. دیارە ئەم لاپەڕانەش ئەو بابەتانەیان دەگرتە خۆ کە لە دەرەوەی هێڵی سووری سیاسەتی فەرهەنگی وڵاتن و پەیوەندییان بە ویستوخواستی وەرگێڕەکەوە نییە.

من پێموایە خوێنەری کورد دەبێ بزانێت کە ئەو لاپەڕە قرتاوانە، واتە ئەو بەشانە کە نەک لە زمانی فارسی، بەڵکو لە زمانی ئینگلیزییەوە کراون بە کوردی، جگە لە کۆمەڵێک ڕستە و پەراگرافێکی کورت و درێژی پەرژ و بڵاو، بریتین لە کورتە بەشی ١٩ و ٢٢ لە بەشی دوو (لەش و گیان)، ٥ و ١٧ و ١٨ و ١٩ و ٢٢، لە بەشی چوار (لەش و گیان)، ٩ و ١٠ و ١١ و ١٢ و ٢٢، لە بەشی پێنج (سووکی و قورسی)، ٣ و ٤ و ٥ ، لە بەشی شەش (ڕێپێوانی گەورە). دیارە ئەوەندەی توانیبێتم و پێمکرابێت هەوڵمداوە ئەم کورتە بەشانەش بە شێواز و ستایلی بەشەکانیتر وەربگێڕم، وێڕای ئەگەری جیاوازیی وشە و ڕستەسازی هەر دوو دەقی ئینگلیزی و فەرەنسی ڕۆمانەکە، کە دووهەمیان سەرچاوەی وەرگێڕە فارسییەکە بووە، دەقێکی یەکدەست و متمانەپێکراو بخەمە بەر دەستی خوێنەری کورد.

بە دڵنیاییەوە ئەم وەرگێڕانەش وەک هەموو وەرگێڕانەکانی تری ئەم ڕۆمانە، لە ئاستی چاوەڕوانی و ڕەزامەندی نووسەرەکەی زۆر دوورە، بەڵام هیوادارم جێگەی ڕەزامەندی خوێنەرەکانی بێت.

لە کۆتاییدا بە پێویستی دەزانم بەوپەڕی پێزانینەوە سوپاسی هاوڕێی نووسەرم بەختیار سەجادی بکەم کە دەقی ئینگلیزی ڕۆمانەکەی بۆ ناردم، لە کاتی پێداچوونەوە بەسەر ئەو بەشانە کە لە زمانی ئینگلیزییەوە وەرمگێڕابوون، هاریکارییەکی دڵسۆزانەی کردم.

# بەشی یەک
# سووکی و قورسی

## ١

گەڕانەوەی ئەبەدی بیرۆکەیەکی پڕ لە ڕاز و ڕەمزەو، «نیچە» بەم بیرۆکەیە زۆرجار فەیلەسووفەکانی تری تووشی سەرسووڕمان کردووە: بیر لەوە بکەنەوە کە ڕۆژێک هەموو شتێک، هەروا کە پێشتر بووە، دووبارە دەبێتەوە، ئەم دووپات بوونەوەیە بۆ هەتا هەتایە بەردەوام دەبێت! مانای ئەم ئوستوورە نامەعقووڵە چییە؟

پێچەوانەی ئوستوورەی گەڕانەوەی ئەبەدی بەم شێوەیە: ژیان کە بۆجارێک و بۆ هەمیشە کۆتایی پێدێت و ناگەڕێتەوە، لە سێبەرێکی بێکێش و قورسایی دەچێ، لە ئێستاوە دەبێ بە تەواو بووی بزانین. ئەم ژیانە هەر چەندە ترسناک، هەر چەندە جوان و بە شکۆش بێت، ئەم ترس و جوانی و شکۆیە هیچ مانایەکی نییە. ئەمانە شیاوی گوێ پێدان نین. هەروەها کە شەڕی نێوان دوو وڵاتی ئەفریقایی لە سەدەی چواردەهەم، ئەگەرچی کوژرانی بە ئازار و مەینەتی سی هەزار ڕەش پێستیشی لێ کەوتبێتەوە، هیچ شتێکی لە دنیادا نەگۆڕیوە.

بەڵام ئەگەر ئەم شەڕی نێوان دوو وڵاتە ئەفریقاییە بەردەوام لە خاڵی گەڕانەوەی ئەبەدیدا دووبارە ببێتەوە، ئایا شتێک دەگۆڕێت؟

ئەرێ، بێگومان: لەم حاڵەتەدا شەڕ دەبێتە شاخێکی گەردن کەش و گەوجییەکی نالێبوردە. ئەگەر شۆڕشی فەڕەنسا بە شێوەیەکی ئەبەدی دووبارە ببوایەتەوە، مێژووی فەڕەنسا کەمتر شانازی بە «ڕۆبسپێر»ەوە دەکرد. بەڵام لەبەر ئەوەی ئەم مێژووە باسی شتێک دەکات کە دووبارە نابێتەوە، ساڵە خوێناوییەکانی شۆڕش تەنیا لە وشەکان و تیۆر و گوتارەکاندا کورت دەبنەوە. ئەم ساڵانە لە پوش و پەڵاش سووکترن و کەس ناترسێنن. لە نێوان ئەو ڕۆبسپێرە کە تەنیا جارێک لە مێژوودا دەردەکەوێت ، ئەو ڕۆبسپێرە کە بە شێوەیەکی هەتا هەتایی بۆ بڕینی سەری فەڕەنسایییەکان دەگەڕێتەوە، جیاوازییەکی زۆر هەیە.

کەواتە با لەسەر ئەوە ڕێک بکەوین کە بیرۆکەی گەڕانەوەی ئەبەدی ئەو ڕوانگە دوورەمان نیشان دەدات کە شتەکان لەوێدا، بەو شێوەیە دەرناکەون کە دەیان

ناسین. هەموو شتێک لەوێدا بەبێ چۆنێتییەکی ناسەقامگیر دەردەکەوێت. ئەم چۆنێتییە ناسەقامگیرەیە کە ناهێڵێ ئێمە هیچ حوکمێک دەربکەین. چۆن دەتوانین شتێکی تێپەڕ شەرمەزار بکەین؟ هەورە سووتاوەکانی ئێوارە بەسەر هەموو شتێک، تەنانەت گیۆتینیش، تریفەیەکی ئەفسووناوی خەمبار بڵاودەکەنەوە.

ماوەیەک لەمەوبەر من کەوتمە دۆخێکەوە کە پێموانەبوو جێی بڕوا بێت. لاپەڕەم لە کتێبێک بە ناوی «هیتلەر» هەڵدەدایەوە، لە بەرامبەر هەندێک لە وێنەکانیدا سەرسام ببووم. چما ئەم وێنانە تافی منداڵیمیان وەبیر دەهێنامەوە. ئەو دەمە کە لە زەمەنی شەڕدا تێپەڕیبوو. چەند کەس لە ئەندامانی بنەماڵەکەم لە کەمپی کاری زۆرەملەی نازییەکاندا تیاچووبوون. بەڵام مەرگی ئەوان چ پەیوەندییەکی بەو وێنەیەی هیتلەرەوە بوو کە زەمەنێکی کۆتایی پێهاتووی ژیانی خۆمیان وەبیر دەهێنامەوە؟ زەمەنێک کە ئیتر نەدەگەڕایەوە.

ئەم ئاشتبوونەوەیە لەگەڵ هیتلەر، گەندەڵی ئەخلاقی لە دنیایەکدا ئاشکرا دەکات، کە لە ئەساسدا لەسەر نەگەڕانەوە بنیاد نراوە. چونکە لەم دنیایەدا هەموو شتێک پێشتر حوکمی لێخۆشبوونی بۆ دەرکراوە، لەوپەڕی قێزەونیدا مۆڵەت بە هەموو کردەوەیەک دراوە.

٢

ئەگەر هەر ساتێکی ژیانمان بێ ئەژمار و چەندین جار دووبارە ببێتەوە، ئێمە وەک مەسیح بە خاچ و بۆ هەتا هەتایەوە هەڵدەواسرێین. ئەمە بۆچوونێکی ترسناکە! لە دنیای گەڕانەوەی ئەبەدیدا، هەموو کارێک باری بەرپرسایەتییەکی لەتاقەت بەدەری لەگەڵدایە. لەبەر ئەوەیە کە "نیچە" بیرۆکەی گەڕانەوەی ئەبەدی بە قورسترین بار دەزانێت[١] .ئەگەر گەڕانەوەی ئەبەدی بارێکی ئەوەندە قورسە، کەواتە ژیانی ئێمە بە هەموو سووکی و ڕووناکی خۆیەوە، دەتوانێ لەم دیمەنە دوورەدا دەربکەوێت.

بەڵام ئایا بە ڕاست قورسی ترسناک، سووکی جوانە؟

١- Das Schwerste Gewicht

قورسترین بار، تێکمان دەشکێنێت، پشتمان دەچەمێنێتەوە و بە عەرزەوە دەمانگوشێت. کەچی لە شیعری عاشقانەی هەموو سەدەکاندا، ژن تامەزرۆی هەڵگرتنی قورسایی لەشی پیاوە. کەواتە قورسترین بار، هاوکات نیشانەی توندترین چالاکی ژیانیشە. بار هەرچی قورستر بێت، ژیانی ئێمە زەمینی تر و واقیعیانەتر و ڕاستترە.

لە بەرامبەر ئەمەشدا، نەبوونی بار، دەبێتە هۆی ئەوەی کە مرۆڤ لە هەواش سووکتر بێت، بفڕێت، لە زەمین و مرۆڤی زەمینی داببڕێت، لە شێوەی بوونەوەرێکی ناواقیعدا دەربکەوێت. هەموو جووڵە و بزاوتێکیشی ئازاد و لە هەمانکاتدا بێمانا بێت.

ئەدی دەبێ کامەیان هەڵبژێرین: قورسی یان سووکی؟

پارمنید[٢] شەش سەدە بەر لە مەسیح ئەم پرسیارەی لە خۆی کرد. ئەو پێی وابوو جیهان بە کۆمەڵێک لایەنی دژایەتیدا دابەشکراوە: تاریکی و ڕووناکی، ئەستووری و ناسکی، گەرما و سەرما، بوون و نەبوون. ئەو لایەنێکی ئەم دژایەتییەیە، واتە ڕووناکی، گەرما، ناسکی و بوونی بە چاک و پۆزەتیڤ دەزانی، لایەنەکەی تری بە خراپ و نێگەتیڤ لێکدەدایەوە. دابەشکردنی جیهان بە لایەنی چاک و خراپ، ئەوەندە سادەیە کە منداڵانە دەنوێنێت. بەڵام ئەم پرسیارە بە هیچ شێوەیەک منداڵانە نییە: سووکی یان قورسی، کامیان چاک و پۆزەتیڤە؟

پارمنید دەیگوت: «سووک پەزەتیڤ و قورس نێگەتیڤە.» ئایا ئەو ڕاستی دەکرد؟ پرسیارکە ئەمەیە، تەنیا شتی ڕوون و ئاشکرا ئەوەیە کە دژایەتی قورس و سووک، شاراوەترین و پڕ لە ڕاز و ڕەمزترین دژایەتییە.

---

٢- پارمنید (Parmenide) فەیلەسووفی یۆنانی کە لەساڵانی ٥٤٠ تا ٤٥٠ی بەر لە لەدایک بوونی مەسیح ژیاوە. ئەو لە قەسیدەیەکدا جیهانی وەک دیاردەیەکی ئەبەدی، یەکە، بەردەوام و بێجووڵە وەسف کردووە.

## ٣

دەمێک ساڵە بیر لە «تۆماس[٣]» دەکەمەوە. بەڵام لەبەر ڕۆشنایی ئەم بۆچوونانەدایە کە بۆ یەکەم جار بە ڕوون و ئاشکرا دەیبینم. دەیبینم کە لە بەر پەنجەرەیەکی ئاپارتمانەکەی ڕاوەستاوە، لەوبەر حەوشەکەوە، چاوی لە دیواری ماڵەکەی بەرامبەری بڕیوە، نازانێ دەبێت چیبکات.
تۆماس سێ هەفتە لەمەوبەر، لە شارێکی بچووکی «بوهێم[٤]» «ترێزا»ی ناسی، نزیکەی سەعاتێک پێکەوە بوون. پاشان ترێزا تا وێستگەی شەمەندەفەرێک لەگەڵی چوو، تا کاتی سواربوونی شەمەندەفەرەکە لەلای مایەوە. دە ڕۆژ دواتر، بۆ سەردانی چوو بۆ پراگ و هەر ئەو ڕۆژە پێکەوە خەوتن. شەو، ترێزا تایەکی قورسی لێهات، ناچار بوو هەفتەیەک بە نەخۆشی لە ماڵی ئەو بمێنێتەوە.
تۆماس زۆر دڵی چوو بووە سەر ئەو کچەی کە تازە ناسیبووی. ئەم کچە بەلای ئەوەوە لە منداڵێک دەچوو کە لە ناو سەبەتەیەکدا دەم ئاو درابێت و تۆماس لە پاڵ قەرەوێڵەکەیدا ئەو سەبەتەیەی لە ئاوەکە گرتبێتەوە.
ترێزا هەفتەیەک لە ماڵی مایەوە. پاش چاکبوونەوەی، بۆ شاری خۆی لە دوو سەد کیلۆمەتری پڕاگ گەڕایەوە. ئەمە ئەو ساتەوەختەیە کە باسی دەکەم، ئێرە ئەو شوێنەیە کە ڕاز و ڕەمزی ژیانی تۆماسی تیا دەبینم. ئەو لە ئاستی پەنجەرەکە ڕاوەستاوە، لەودیو حەوشەکەوە، چاوی لە دیواری ماڵەکەی بەرامبەری بڕیوە و بیر دەکاتەوە.
ئایا دەبێ پێشنیاری هاتن بۆ پڕاگی پێ بکات و لە لای خۆی بیهێڵێتەوە؟ بەرپرسیارێتی ئەم کارە دەیتۆقێنێت. دڵنیایە ئەگەر ترێزا بانگهێشت بکات، بەوپەڕی حەزەوە دێت و هەموو ژیانی خۆی لە پێناودا بەخت دەکات. ئایا

---

٣- Tomas لە وەرگێڕانی فارسییەکەیدا بە هۆی ئەوەوە کە لە زمانی فەڕەنسییەوە وەرگێڕدراوە، لەبری تۆماس «تۆما» نووسراوە.

٤ - وڵاتی چیکۆسلۆڤاکیا لە سێ هەرێمی گەورەی بۆهێم (Boheme) ، مۆراڤی (Moravie) و سلۆڤاکی (Sliovaquie) سازبووە. بۆهێم تا ساڵی ١٥٤٥ وڵاتێکی سەڵتەنەتی سەر بە ئیمپراتۆری ئەڵمان بووە. لەم مێژووەوە تا ساڵی ١٩١٩ بە ئیمپراتۆری نەمساوە لکاوە و لەم ساڵەدا بە پێی بڕیارنامەی ژێرمەن، لە نەمسا جیا بۆتەوەو بووە بە بەشێک لە چیکۆسلۆڤاکیا.

دەبێ لەم بیرەی پاشگەز ببێتەوە؟ لەم حاڵەتەدا ترێزا وەک خزمەتکارێکی ڕیستۆرانی ئوتێلی شارێکی بچووک دەمێنێتەوە، ئەو هەرگیز نایبینێتەوە.
ئایا بە ڕاست حەز دەکات ترێزا بچێت بۆ لای؟ بەڵێ یان نا؟
تۆماس سەیری حەوشە دەکات، لە کاتێکدا چاوی لە دیواری ماڵەکەی بەرامبەری بڕیوە، بە شوێن وەڵامدا دەگەڕێت.
بەردەوام وێنەی ئەم ژنە لە کاتی خەوتن لە ژوورەکەی خۆی دەهێنێتە بەرچاوی. وەبیر خۆی دەهێنێتەوە کە لە ڕابردووی ژیانیدا هیچ کەس لە ئەو نەچووبوو. ترێزا نە ماشووقە بوو نە هاوسەر. ئەو منداڵێک بوو کە تۆماس لە سەبەتەیەکی بە میوە سواغدراو دەری هێنابوو، لەسەر قەرەوێڵەکەی خۆی ڕایکێشابوو. ئێستا ئەو خەوی لێکەوتبوو. تۆماس لە نزیکییەوە بە چۆکدا هات. پشووی گەرمی سوار بوو. ناڵە ناڵێکی هێواشی بیست. ڕوومەتی بە ڕوومەتی ترێزاوە نووساند و بە دەم خەوەوە وشەی نەرمونیانی بە گوێدا چرپاند. دوای ساتێک پێی وابوو ترێزا لەسەرخۆتر هەناسە دەکێشێت و ڕوومەتی لە ڕوومەتی ئەو نزیک دەبێتەوە. تۆماس هەستی بە بۆنی تورتی تاکەی دەکردو وەکوو ئەوەی کە بیەوێ هەموو پاکی و بێ خەوشی لەشی هەڵبمژێت، بۆنی پێوە دەکرد. ئەوسا پێی وابوو ترێزا ساڵانێکی زۆر لە ماڵی ئەودا بووەو ئێستا خەریکە دەمرێت. لەپڕ بیری کردەوە، بێگومان ئەویش لە دوای ترێزا ناژی. کەواتە دەبێ لە پاڵیدا ڕاکشێت و لەگەڵی بمرێت. بە حەزەوە ڕوومەتی خۆی لە پاڵ ڕوومەتی ترێزا، لە سەرینەکە ڕۆکرد و بۆ ماوەیەکی زۆر بەم شێوەیە مایەوە.
ئێستا تۆماس لەبەر پەنجەرە ڕاوەستابوو، ئەم ساتەی وەبیردەهاتەوە و لە خۆی دەپرسی: «جگە لە عەشق، چی بەم شێوەیە دێت و خۆی ئاشکرا دەکات؟ »
بەڵام ئایا ئەمە عەشق بوو؟ ئەو هەستە کە دەیەوێ لە پاڵیدا بمرێت، بە ئاشکرا کەمێک زێدەڕۆییانە بوو. ئەو تەنیا دووجار ترێزای بینیبوو! ئایا ئەم هەستە هەڵوێستی عەسەبی و هیستریکی پیاوێک نەبوو کە پەی بە نەشیاوی خۆی لە خۆشەویستی بردبێت و گەمەیەکی کۆمێدییانەی عەشق بکات؟ لە هەمان حاڵیشدا شایستەیی ئەو بۆ ئەم یارییە کۆمێدییە ئەوەندە کەمبوو کە

خزمەتکارێکی سووکی خەڵکی شارێکی بچووکی هەڵبژاردبوو. کەسێک کە دیاربوو شانسی ئەوەی نییە پێ بنێتە ناو ژیانییەوە!

تۆماس سەیری دیواری پیسی حەسارەکەی دەکرد و نەیدەزانی ئەم حاڵەتە، هەستێکی زوو تێپەڕیی عەسەبییە یان عەشقە.

لە وەها هەلومەرجێکدا، کە پیاوێکی ڕاستەقینە دەزانێ چۆن بە پەلە بڕیار بدات، تۆماس بەهۆی ئەو شک و گومان و دوودڵییەی، هەستی بە شەرمەزاریی دەکرد.

ئەم گومانە جوانترین ساتی تەمەنی (بەچۆکدا هاتن لە ئاست قەرەوێڵەکەو بیرکردنەوە لەوەی کە ئایا پاش مەرگی ترێزا دەژی یان نا) لە هەموو مانایەک دادەچۆڕاند.

تۆماس خۆی سەرکۆنە دەکرد، بەڵام لە ئەنجامدا تێگەیشت کە شک و گومان بابەتێکی تەواو سروشتییە: مرۆڤ هەرگیز نازانێ دەبێ چی بووێت، چونکە ژیان جارێک زیاتر نییە و ناکرێ لەگەڵ ژیانەکانی ڕابردوو بەراورد بکرێت، یان لە داهاتوودا هەڵەکانی ڕاست بکرێتەوە.

«لەگەڵ ترێزا، بوون باشترە، یان بە تەنیا مانەوە؟»

هیچ ئامێرێک نییە کە بڕیاری ڕاست دیاری بکات، چونکە هیچ ئیمکانێک بۆ بەراوردکردن نییە. لە ژیاندا، وەک ئەکتەرێک کە بێ ڕاهێنان بچێتە سەر تەختەی شانۆ، لەگەڵ هەموو شتێک بۆ یەکەمجار ڕووبەڕوو دەبینەوە. بەڵام ئەگەر یەکەم ڕاهێنانی ژیان خودی ژیان بێت، کەواتە ژیان چ بەها و بایەخێکی هەیە؟ ئەمەیە کە ژیان هەمیشە لە «هێڵکارییەک» دەچێت. تەنانەت هێڵکاریش وشەیەکی تەواو نییە. هێڵکاری لە هەموو حاڵەتێکدا زەمینە خۆشکردنە بۆ کێشانی وێنە و تابلۆیەک. کەچی هێڵکاریی ژیانی ئێمە بۆ هیچ نییە، هێڵکارییەکی بێ تابلۆ و وێنەیە.

تۆماس لەبەر خۆیەوە ئەم پەندە ئاڵمانییەی دەگوتەوە: یەکجار حسێب نییە. یەکجار وەک هیچ وایە. یەکجار ژیان وەک نەژیانە.

٤

پاشان ڕۆژێک لە نەخۆشخانە، لە کاتی پشووی نێوان دوو نەشتەرگەری، پەرستارێک بە تۆماسی ڕاگەیاند کە بە تەلەفۆن داوای دەکەن. کە تەلەفۆنەکەی بەرزکردەوە دەنگەکەی ناسییەوە. ترێزا لە وێستگەی شەمەندەفەرەوە زەنگی بۆ لێ دەدا. تۆماس خۆشحاڵ بوو، بەڵام بە داخەوە ئەو شەوە گرفتاربوو، بۆ شەوی دوایی ترێزای بۆ ماڵەوە بانگهێشت کرد. تۆماس هەر کە تەلەفۆنەکەی دانا پەشیمان بۆوە و خۆی سەرکۆنە کرد کە بۆچی داوای لێنەکردووە هەر ئێستا بچێت بۆ لای. تۆماس هێشتا کاتی ئەوەی بوو وەعدەکەی تێک بدات! لە خۆی پرسی، بڵێی ترێزا لەم سی و شەش سەعاتە دوور و درێژە کە بۆ دیدارەکەیان ماوە لە شاری پڕاگ چی بکات؟ حەزی دەکرد بپەڕێتە ناو ئۆتۆمۆبێلەکەی و لە شەقامەکانی شاردا بۆی بگەڕێت.

سبەی شەو ترێزا هات بۆ ماڵەکەی. جانتایەکی بە شانەوە بوو، تەڕپۆشتر لە جاری پێشوو بوو. کتێبی ئاناکارنینای تۆلستۆی بەدەستەوە بوو، شاد و سەرخۆش بوو. ئەو کەمێک جەنجاڵ و سەراسیمە دیاربوو، هەوڵی دەدا وا بنوێنێت کە بە ڕێکەوت و بە هۆی کارێکی تایبەتەوە هاتووە بۆ ئێرە. بە هۆیەکی پیشەیی. ڕەنگە هاتبێ لە پڕاگ پیشەیەک بدۆزێتەوە. قسەکانی بەجۆرێک بێسەر و بەر بوون.

پاشان، کاتێک لە سەر قەرەوێڵەکە بە ڕووتی و بەرامبەر بە یەکتر ڕاکشان، تۆماس لێی پرسی لە کوێ ژووری گرتووە، تا بە ئۆتۆمۆبێل بیباتەوە. شەو زۆر زوو ڕاکشابوو. ترێزا بە ناڕەحەتییەوە وەڵامیدایەوە کە نەیتوانیوە میوانخانەیەک ببینێتەوە، بۆیە بە ناچاری جانتاکەی لە وێستگەی شەمەندەفەر بەجێ هێشتووە.

تەنیا دوو ڕۆژ لەوەوبەر بوو کە تۆماس دەترسا ئەگەر ترێزا بانگهێشت بکات، ئەو بێت و هەموو ژیانی خۆی تەسلیم بکات. ئێستا بە بیستنی ئەو قسەیە کە جانتاکەی لە وێستگە بەجێ هێشتووە، بیری کردەوە ترێزا هەموو ژیانی خۆی خستۆتە ئەو جانتایەوە تا بە ئەوی بسپێرێت.

تۆماس و ترێزا پێکەوە سواری ئۆتۆمۆبێلەکەی بوون. ئەوسا ڕۆشتن بۆ

وێستگەی شەمەندەفەر و پاش وەرگرتنەوەی جانتاکە (کە زۆر گەورە و ئێجگار قورسبوو) گەڕانەوە بۆ ماڵ.
تۆماس چۆن توانی ئاوا بە پەلە بڕیار بدات، لە کاتێکدا نزیکەی پانزە ڕۆژ دوو دڵ بوو، تەنانەت هەواڵی خۆشی بە ترێزا ڕانەگەیاندبوو؟
تۆماس لەم ڕووداوە سەری سووڕمابوو. ئەو بە پێچەوانەی پرەنسیپەکانی خۆی ڕەفتاری دەکرد. دە ساڵ لەمەو پێش، کاتی تەڵاقدانی یەکەم ژنەکەی، هەروا کە خەڵک بە شادییەوە زەماوەند دەکەن، ئەو بە شادییەوە جیا بووبۆوە. لەو کاتەوە زانیبووی کە بە کەڵکی ژیانی هاوبەش لەگەڵ هیچ ژنێک نایەت. ئەو تەنیا وەک پیاوێکی ڕەبەن دەیتوانی بە ڕاستی خۆی بێت. بۆیە بە وردبینییەکی زۆرەوە هەوڵی دەدا بە شێوەیەک بژی کە هیچ ژنێک نەتوانێت بە جانتایەکەوە خۆی بە ماڵەکەیدا بکات و لەوێ بمێنێتەوە. بۆیە تەنیا یەک قەرەوێڵەی بوو. ئەو بە دۆستەکانی دەگوت کە ناتوانێت لەگەڵ کەس بخەوێت، نیوەشەو دەیانباتەوە بۆ ماڵی خۆیان. کەواتە نەیدەتوانی لە یەکەم شەوی دیداری ترێزای نەخۆش، لەگەڵی بخەوێت. دەبوو ئەو شەوە لەسەر کورسییەکی لاکێشە ڕاکشێت و شەوانی دواییش تا ـ هەفتەیەک ـ بچێت بۆ نەخۆشخانە، لە نووسینگەکەی خۆی بخەوێت.
بەڵام ئەو شەوە لەگەڵی خەوت. بەیانی کە لە خەو هەستا، هێشتا ترێزا هەڵنەسابوو، بە دەم خەوەوە دەستی تۆماسی لە دەستدا بوو. ئایا بە درێژایی ئەو شەوە دەستیان لە ناو دەستی یەکتردا بووە؟ تۆماس بەلایەوە سەختبوو کە بڕوا بەوە بکات.
ترێزا بەدەم خەوەوە هەناسەی قووڵی هەڵدەکێشا و دەستی ئەوی توند گرتبوو، (تۆماس نەیدەتوانی دەستی خۆی لە دەستی ترێزا دەربهێنێت) جانتا قورسەکەش لەپاڵ قەرەوێڵەکەوە بوو. ئەو، بۆ ئەوەی ترێزا بەخەبەر نەکاتەوە، نەیدەوێرا دەستی دەربهێنێت، بۆیە بە هێواشی شانی وەرسووڕاند و تێر سەیری کرد.
تۆماس بۆ جارێکیتریش بیری کردەوە، ترێزا ئەو منداڵەیە کە لە سەبەتەیەکی بە مۆم سواغدراو دا دەم ئاو دراوە. ئایا نەدەبوو بەر بە نوقمبوونی ئەو

سەبەتەیە بگرێت کە منداڵێکی ساوای تێدایە و بەدەم ئاوی بەخوڕی چەمێک دراوە؟ ئەگەر کچەکەی «فیرعەون» سەبەتەی «مووسای» بچکۆلەی لە ئاوەکە دەرنەهێنایە، چاخی کۆن و هەموو شارستانییەتی ئێمە نەدەبوو!
لە دەسپێکی زۆربەی ئەفسانە کۆنەکاندا کەسێک منداڵێکی وێڵکراو ڕزگار دەکات. ئەگەر پۆلیپ[٥] ئۆدیپی[٦] بچووکی لەگەڵ خۆی نەبردایە، سۆفۆکل[٧] جوانترین تراژیدیای خۆی نەدەنووسی.
تۆماس تا ئەو کاتەش لە ترسناکی خوازە نەگەیشتبوو. خوازە گاڵتەی پێ ناکرێت. ڕەنگە عەشق بە هۆی خوازەیەکەوە لەدایک ببێت!.

## ٥

تۆماس نزیکەی دوو ساڵ لەگەڵ ژنەکەی پێشوویدا ژیابوو، کوڕێکی لێ ببوو. لە کاتی جیابوونەوەدا قازی کوڕەکەی دابوو بە دایکی و تۆماسی ناچارکردبوو کە سێیەکی مووچەی مانگانەی خۆی بداتێ. ئەڵبەت قازی ئەو ئیزنەشی پێدابوو کە مانگی دووجار کوڕەکەی ببینێت.
بەڵام هەر جارێک کە دەیویست کوڕەکەی ببینێت، دایکی کاتی دیدارەکەی دوا دەخست. ئەو زوو لەوە گەیشت کە بینینی کوڕەکەی بە دیاری گرانبەهاوە بەستراوەتەوە. دەیزانی بۆ ئەوە کوڕەکەی خۆشبووێت، دەبێ بەرتیل و پارە بە دایکی بدات. ئەو لەوپەڕی ساویلکەییدا پێی وابوو دەبێ دواتر بیر و بۆچوونەکانی خۆی، کە لە هەموو بارێکەوە لە بیر و بۆچوونی ژنەکەی جیاوازبوو، بە کوڕەکەی ڕابگەیەنێت. ئەم بیرۆکەیە ماندووی دەکرد. ڕۆژێکی یەکشەممە کە ژنە کۆنەکەی لە دوا ساتەکاندا قەراری بینینی ئەو و کوڕەکەی شێواندبوو، تۆماس بڕیاریدا ئیتر کوڕەکەی نەبینێت.

---

٥- Polype
٦- Oedipe
٧- سۆفۆکل (Sophocle) شاعیر و تراژیدیانووسی یۆنانی کە لە ساڵانی ٤٩٥ تا ٤٠٥ی بەر لە زایین ژیاوە. شاە ئۆدیپ یەکێک لە حەوت بەرهەمی بەناوبانگی ئەو شاعیرە گەورەیە.

جگە لەمانەش، ئەو بۆ دەبوو ئەم منداڵەی لە منداڵێکتر زیاتر خۆشبووێت؟ ئەوان، جگە لەوە کە دەستلەملانێی شەوێک پێکەوەی دەیبەستنەوە، هیچ پەیوەندییەکی تریان لەگەڵ یەکتر نەبوو. بۆیە بڕیاریدا پارەی مانگانەکەی بدات، بەڵام کەس داوای ئەوەی لێنەکات کە بە ناوی سۆزی باوکانەوە، بۆ ڕاگرتنی کوڕەکەی، لەگەڵ کۆنە ژنەکەیدا بەشەڕ بێت.

ئەڵبەت کەس ئەم بۆچوونەی بۆ نەسەلماند. تەنانەت دایک و باوکیشی سەرکۆنەیان کرد و گوتیان: ئەگەر تۆماس گوێ بە کوڕەکەی خۆی نەدات، ئیتر ئەوانیش کوڕەکەی خۆیان خۆشناوێت. بەمشێوەیە ئەوان درێژەیان بە جۆرێک پەیوەندی دۆستانەی سەر زارەکی لەگەڵ بووکەکەیان دەداو لە هەمان کاتیشدا لە لای خزم و کەسوکاریان، خۆیان بە ڕەفتاری نموونەیی و ویژدان و دادەپەروەرییەوە هەڵدەکێشا.

بەمشێوەیە تۆماس لە ماوەیەکی کورتدا خۆی لە چنگی کۆنە هاوسەر و کوڕ و دایک و باوکی قوتارکرد، تەنیا ترسی لە ژنان بۆ مایەوە. حەز و ترس. ئەو دەبوو لە نێوان حەز و ترسدا ئاشتییەک ڕێکبخات. بە دۆستەکانی دەگوت تەنیا پەیوەندییەکی ئێرۆتیکی دوور لە هەستیاری دەتوانێت هەر دوو لا بەختەوەر بکات. هیچ کامیان ـ نە ژن و نە پیاو ـ نابێ ژیان و ئازادییەکانی یەکتر سنووردار بکەن.

ئەو بۆ دڵنیابوون لەوەی کەپەیوەندی و دەستلەملانێیەکانی لەگەڵ ژنان نەبێتە پەیوەندییەکی عاشقانە، ناوە ناوە و بە مەودا دەیبینین. ئەمە شێوازێکبوو کە بە تەواوی بەڕێوەی دەبردو لەلای هاوڕێکانیشی پڕوپاگاندەی بۆ دەکرد. دەیگوت:

«گرنگترین شت ئەوەیە کە یاسای سیانەکان بەڕێوە ببەن. یان دەبێ تەنیا سێجار لەگەڵ ژنێکدا بن، یان ئەگەر بە تەمان پەیوەندییەکەتان بەردەوامی ببێت، دەبێ لانیکەم سێ هەفتە جارێک ببینن.»

تۆماس بەم یاسای سییانە توانیبووی لەگەڵ زۆر ژن، بۆ ماوەیەکی کورت پەیوەندییەکەی درێژەپێ بدات. لە ناو هەموو دۆست و مەئشووقەکانیدا، «سابینا» تاکە کەسێک بوو کە تێی دەگەیشت. ئەو نەقاشبوو. دەیگوت:

«من تۆم زۆر خۆشدەوێ، چونکە تۆ ڕێک بە پێچەوانەی کیچ یت[٨]. لە هەرێمی کیچ دا تۆ وەک دێویت.»
تۆماس داوای لە سابینا کرد، لە پڕاگ کارێک بۆ ترێزا ببینێتەوە. بە پێی یاسای نەنووسراوی دۆستایەتییان، سابینا پەیمانی پێدا هەرچییەکی لە دەست بێت بۆی بکات. زۆری نەخایاند کە لە لابراتواری وێنەگری گۆڤارێکی هەفتانەدا کارێکی بۆ دۆزیەوە. ئەم کارە پێویستی بە کارامەیی نەبوو. بەمشێوەیە ترێزا هۆڵی بیرەفرۆشی بۆ چوونە ناو ڕیزی ڕۆژنامەوانەکان بەجێهێشت. کاتێک سابینا ترێزای برد بۆ لای دەستەی نووسەرانی گۆڤارەکە و پێی ناساندن، تۆماس بیری کردەوە هەرگیز هیچ دۆستێکی لە سابینا چاکتری نەبووە.

٨- کۆندێرا لە کتێبی «هونەری ڕۆمان»دا بەمشێوە پێناسەی کیچ Kitschدەکات:
کاتێک «سووکی لەتاقەت بەدەری بوون»م دەنووسی، لەوەی کە وشەی کیچم وەک وشەیەکی بونیادی ڕۆمانەکە لێکردبوو، تۆزێک دەترسام. لە ڕاستیدا تا ئەم دواییانەش، ئەم وشەیە لە فەڕەنسا بە کەمی دەناسرێت، یان مانایەکی کەم بایەخی هەیە. لە وەرگێڕانی وتارە بەناوبانگەکەی (هێرمان برووخ) بۆسەر زمانی فەڕەنسایی، وشەی کیچ بە مانای «هونەری نزم» هاتووە. ئەمە تێگەیشتنێکی هەڵەیە. چونکە برووخ پێمان دەڵێ: کە کیچ شتێکی جگە لە بەرهەمێکی سادەیە کە بە بێ سەلیقەییەوە نووسرابێت. ڕوانینی کیچ و ڕەفتاری کیچمان هەیە. پێویستی مرۆڤی کیچ خواز بە کیچ، بریتییە لە پێویستی لە خۆ ڕوانین لە ئاوێنەیەکی درۆی جوانکەر، ناسینەوەی شادمانی خۆ لەم ئاوێنەیەدا. بە بۆچوونی برووخ، لە ڕوانگەی مێژووییەوە، پەیوەندی بە ڕۆمانتیسمی هەستیارانەی سەدەی نۆزدەوە هەیە. چونکە لە ئەڵمان و ئەورووپای ناوەندی، سەدەی نۆزدە زۆر ڕۆمانتیک ترە لە شوێنەکانی تر و زۆر بە کەمی ڕیالیستییەت بووە. لێرەدا کە کیچ ئێجگار زۆر دەپشکوێت. لێرەدایە کە وشەی کیچ دێتە ئاراوە و تا ئێستاش بە زۆری بەکار دەبرێت. ئێمە لە پڕاگ دوژمنی سەرەکی هونەرمان لە کیچدا بینیوەتەوە. لە فەڕەنسا وەها نییە. لێرە لە بەرامبەر هونەری ڕاستەقینە، سەرقاڵی دادەندرێت و لە بەرامبەر هونەری بەرزیش هونەری سووک و کاڵوکرچ. من هەرگیز لە ڕۆمانە پۆلیسییەکانی ئاگاتا کریستی تووڕە نەبووم! بەڵام کاتێک چیکۆڤسکی، ڕاخمانینۆڤ، هۆرووڤیتز، پیانۆ دەژەنن، فیلمە گەورە هالیڤۆدییەکان، کرامێر دژ بە کرامێر، دوکتۆر ژیڤاگۆ (پاسترناکی کلۆڵ!) ئەو کەس و شتانەن کە بە قووڵی و سۆزدارییەوە ڕقم لێیانە. لە هەمیشە زیاتریش، ڕۆحییەی کیچی ناو ئەو بەرهەمانە کە لە باری شکڵییەوە خۆیان بە نوێخواز دەزانن، تووڕەم دەکەن. (با ئەوەش بڵێم: ئەو نەفرەتە کە نیچە بەرامبەر بە«وشەی جوان» و «کەوای نمایشی» ڤیکتۆر هۆگۆ هەستی پێدەکات، نیشاندەری بێزاری لە کیچە بەر لەوەی کە وشەکەی بووبێت.)

## ٦

بڕیارنامەی نەنووسراوەی «دۆستی و مە ئشووقەگەری» هەموو عەشقێکی لە ژیانی تۆماس دەسڕییەوە. ئەو نەدەبوو ئەم مەرجی عاشق نەبوونە پشتگوێ بخات. ئەگەر پشتگوێی بخستایە، دەستبەجێ مەئشووقەکانی تری لێی قەڵس دەبوون و پشتیان تێدەکرد.

تۆماس ژوورێکی بۆ ترێزا بەکرێ گرت و جانتاکەی بۆ برد. زۆری پێ خۆشبوو ئاگای لێی بێت و چێژ لە بوونی وەربگرێت، بەڵام نەیدەویست و بە پێویستیشی نەدەزانی کە شێوەی ژیانی خۆی بگۆڕێت. هەروەها حەزی نەدەکرد خەڵکیتر بزانن کە ترێزا لەماڵەکەیدا دەژی. شەو پێکەوە خەوتن ناسوپاسی کردن لە بەرامبەر نیعمەتی عەشق بوو.

تۆماس هەرگیز لەگەڵ هیچ ژنێک شەو تا بەیانی نەدەمایەوە. کە ئەو بۆ سەردانیان دەچوو، کارەکە سادە بوو، هەر کاتێک بیویستایە ئەوێی بەجێ دەهێشت. بەڵام کاتێک ئەوان بۆ لای ئەم بهاتنایە بارودۆخەکە دژوار دەبوو، چونکە دەبوو تێیان بگەیەنێت کە لە نیوەشەو بەولاوە دەبێ بیانگەڕێنێتەوە بۆ ماڵی خۆیان. دەیگوت ناتوانێ لە پاڵ کەسێکی تردا بخەوێت. ئەگەرچی ئەمە لە ڕاستییەوە دوور نەبوو، بەڵام هۆی سەرەکیش نەبوو. ئەو نەیدەوێرا لە لای مەئشووقەکانی دان بەوەدا بنێت کە: لە پاش عەشقبازی و دەستلەملانێ، پێویستی زۆری بەوە هەیە کە بەتەنیا بێت. زۆر ڕقی لەوە بوو کە نیوەشەوان لە پاڵ کەسێکی بێگانەدا لە خەو بەئاگای ببێتەوە، قێزی لە بەئاگابوونەوەی بەیانیانی ژن و مێردەکان دەبۆوە. حەزی نەدەکرد کەس گوێی لە دەنگی ددان شتنی بێت، لە خۆشی و ناشتای دوو کەسەیش نەدەگەیشت.

بۆیە کاتێک لە خەو هەستا و دەستی لە ناو دەستی ترێزادا بینی، سەری سووڕما!سەیری دەکرد و نەیدەزانی چی ڕوویداوە. سەعاتەکانی ڕابردووی وەبیر خۆی دەهێنایەوە، هەستی بە بۆن و بەرامەی بەختەوەرییەکی نامۆ دەکرد.

لەو کاتەوە هەردووکیان چێژیان لە خەوی دوو کەسی دەبینی. بە تایبەت ترێزا نەیدەتوانی بەبێ ئەو بخەوێت. ئەگەر تۆماس لە نووسینگەکەی بمایەتەوە ـ

کە ئەوەش بیانوو بوو ـ ترێزا تا بەیانی نەیدەتوانی چاو لێکبنێت. لە باوەشی ئەودا، تەنانەت لەوپەڕی ترس و دڵەکوتەش، خەوی لێدەکەوت. تۆماس بە دەنگێکی نووزن، چیرۆکی هەڵدەبەست و بۆی دەگێڕایەوە، چیرۆکی هیچ و پووچ، کۆمەڵە وشەیەکی دڵنیاکەر یان پێکەنیناوی کە بە تۆنێکی چوونیەک دووپات دەبوونەوە. ئەم وشانە لە زهنی ترێزادا وەک کۆمەڵە وێنەیەکی لێڵ دەردەکەوتن و بەرەو خەیاڵاتیان دەبرد. تۆماس بە تەواوی خەوتنەکەی ئەوی کۆنترۆڵ دەکرد. ترێزا ئەو کاتە دەخەوت کە تۆماس دەیویست.

کاتێک دەخەوتن، ترێزا وەک یەکەم شەو لە باوەشی دەگرت، بە میهرەبانییەوە دەستی یان ئەنگوستێکی دەگووشی. کاتێک تۆماس بیویستایە بێئەوەی بەئاگای بهێنێتەوەو لە قەرەوێلەکە بێتەخوارەوە، دەبوو بە وریاییەکی زۆرەوە بجووڵێتەوە. سەرەتا ئەنگوست یان مستی خۆی دەردەکێشا. ترێزا هەمیشە بەم کارەی نیوە بەئاگا دەبۆوە، چونکە لە خەویشدا ئاگای لێیبوو. تۆماس بۆ ئارام کردنەوەی، بە ئەهوەنی دەرپێیەکی گرمۆڵە کراو، یان تاکەوشێک، یان کتێبێکی دەخستە مستییەوە، ترێزاش ئەو شتەی وەک بەشێک لە لەشی تۆماس، بەخۆیەوە دەگووشی.

ڕۆژێک پاش ئەوەی کە ترێزای لەگەڵدا خەوت ـ لە کاتێکدا هێشتا تەواو خەوی لێنەکەوتبوو، دەیتوانی وەڵامی پرسیارەکانی بداتەوە ـ تۆماس پێیگوت:

«خواحافیز، من لێرە دەڕۆم!»

ترێزا بەدەم خەوەوە پرسی:

«بۆ کوێ دەچی؟»

تۆماس بە جیددی وەڵامی دایەوە:

«دەچمە دەرەوە!»

ترێزا لە کاتێکدا لەسەر قەرەوێڵەکەی هەڵدەخزا، گوتی:

«منیش لەگەڵت دێم!»

«نا، نامەوێ. من بۆ هەمیشە لێرە دەڕۆم!»

تۆماس ئەمەی گوت و ژوورەکەی بەرەو ڕاڕەوەکە بەجێهێشت. ترێزا بە دەم

لێکدانی پێڵووەکانییەوە هەستایە سەر پێ ، لە ڕاڕەوەکەدا شوێنی کەوت. ئەو کراسێکی کورتی لەبەردا بوو، ڕوومەتی بێجووڵە بوو، لەوە نەدەچوو هەست بە هیچ بکات. بەڵام هێز و ویقارێکی سەیر لە بزووتنیدا بوو. تۆماس لە ڕاڕەوەکەوە بەرەو دالانی هاوبەشی بیناکە چوو، دەرکەی لێ پێوەدا. ترێزا بە تەکانێکی کوتوپڕ دەرکەی کردەوە و شوێنی کەوت. لەو حاڵی نیوە خەوەدا دڵنیابوو کە تۆماس دەیەوێ بۆ هەمیشە بەجێی بێڵێت، ئەو دەبێ ڕاییبگرێت. تۆماس نهۆمێک داگەڕا و پاشان لەسەر پلیکانەکان ڕاوەستا. ئەوسا چاوەڕوانی کرد تا ترێزا پێی گەیشتەوە و دەستی گرت و بەئارامی بەرە و خۆی و بەرەو قەرەوێڵەکەی بردەوە و دەستلەملان بوونەوە.

تۆماس پاش دەستلەملانێیەکە بەم ئەنجامە گەیشت: جووتبوون و دەستلەملانێی عاشقانە دوو شتی جیاوازە و دوو چێژی نەک هەر جیاواز، بەڵکو دژ بە یەکیان هەیە. عەشق هەست و تەمەنای جووتبوون ناورووژێنێت (تەمەنایەک کە دەکرێ بۆ ژمارەیەکی ئێجگار زۆر ژن بێت)، بەڵام هەست و تەمەنای خەوتنی هاوبەش (تەمەنا بۆ تاکە ژنێکی تایبەت) دەورووژێنێت.

٧

شەوێک ترێزا بە دەم خەوەوە دەستی بە ناڵینکرد. تۆماس بەئاگای هێنایەوە. ترێزا هەر کە چاوی هەڵێنا بە ڕقەوە بە تۆماسی گوت:

«لێرە بڕۆ! لێرە بڕۆ!»

ئەوسا ئەو خەونەی بۆ گێڕایەوە کە بینیبووی: ئەوان، هەردووکیان لەگەڵ سابینا لە ژوورێکی گەورەدابوون. قەرەوێڵەیەک لە ناوەڕاستی ئەو ژوورە بوو کە لە تەختەی شانۆ دەچوو. تۆماس ئەمری پێکرد لە سووچێکی ژوورەکە ڕاوەستێت. ئەوسا لەبەر چاوی ئەودا دەستی بە عەشقبازی لەگەڵ سابینا کرد. ترێزا بە ناچاری سەیری دەکرد، ئەم دیمەنە بە شێوەیەکی لە تاقەت بەدەر، ئازاری دەدا. ترێزا بۆ ئەوەی ئەم ئازارە ڕۆحییە بە ئازاری لەشی سارێژبکات، دەرزی لە بن نینۆکەکانی خۆی ڕۆدەکرد. ئەو لە کاتێکدا مستی خۆی دەگوشی، گوتی:

«بە شێوەیەکی ترسناک و کووشندە بە ئازاربوو.»

تۆماس بە میهرەبانییەوە ئارامیکردەوە، ترێزا کە بەردەوام هەڵدەلەرزی، دیسان لە باوەشیدا خەوی لێکەوتەوە.
بەیانی، بیرکردنەوە لەو خەونە شتێکی بە زهنی تۆماسدا هێنا. چەکمەجەی مێزەکەی کردەوە و نامەکانی سابینای دەرهێنا. پاش ساتێک چاوی بەم بەشەی نامەیەک کەوت: « حەزدەکەم لە ستۆدیۆی نەقاشییەکەم، وەک لە سەر تەختەی شانۆ، عەشقبازیت لەگەڵ بکەم. لەو کاتەدا خەڵک دەورمان دەدەن و بێئەوەی بتوانن لێمان نزیکببنەوە سەیرمان دەکەن و چاومان لێ ناتروکێنن... »
لەوەش خراپتر، بە مێژووی نامەکەدا دیار بوو کە ئەم دوواییانە نووسراوە. ئەو کاتە کە ترێزا لە ماڵی ئەودا دەژیا.
تۆماس سەرکۆنەی کرد:
«تۆ نامەکانی منت خوێندۆتەوە!»
ترێزا بێئەوەی حاشای لێبکات، گوتی:
«دەی! لە ماڵەکەت دەرم بکە.»
بەڵام تۆماس لە ماڵەکەی دەری نەکرد. تۆماس دەیبینی کە پاڵی بە دیواری کارگەکەی سابیناوە داوە و دەرزی لە بن نینۆکەکانی خۆی ڕۆدەکات. ئەوسا قامکەکانی بە دەستەوە گرت، دەستی پێدا هێنان و وەها کە خوێنیان پێوە مابێت، بەرەو لێوی خۆی بردن. ئەوسا ماچیکردن.
وادیار بوو لەو ڕۆژەوە هەموو شتێک دژ بە ئەو بێت. ڕۆژ نەبوو ترێزا پەی بە شتێکی تازە لە پەیوەندییە نهێنییەکانی تۆماس نەبات.
سەرەتا تۆماس حاشای لە هەموو شتێک دەکرد. بەڵام کاتێک ترێزا بەڵگەی حاشا هەڵنەگری دەهێنایەوە، هەوڵیدەدا پێی بسەلمێنێت کە هیچ دژایەتییەک لە نێوان ئەم جۆرە پەیوەندییانە لەگەڵ عەشق و خۆشەویستییەکەی بۆ ترێزا نییە. قسەکانی لە جێی خۆی نەبوو. ئەو جارەو بار حاشای لە بێوەفاییەکەی دەکرد، جارەو باریش پاساوی بۆ دەهێنایەوە.
ڕۆژێک بۆ دیاریکردنی وادەی دیدار لەگەڵ دۆستێک، خەریکبوو تەلەفۆنی بۆ دەکرد. کاتێک پەیوەندییەکە قرتا، لە ژوورەکەی ترەوە دەنگێکی سەیری

بیست، دەنگێکی وەک ددانە قرچەیەکی توند.
ترێزا بە ڕێکەوت لەو کاتەدا گەڕابۆوە بۆ ماڵ و تۆماس پێی نەزانیبوو. ئەو شووشەیەک دەرمانی ئازاری بە دەستەوە بوو، لێی دەخواردەوە. بەڵام لەبەر ئەوەی کە دەستی دەلەرزی، شووشەکە بەر ددانەکانی دەکەوت، تۆماس ـ وەکو ئەوەی کە بیەوێ لە مردن ڕزگاری بکات ـ بەرەو پیری هەڵات. شووشە ڤالێریانەکە کەوتە سەر زەوی و پەڵەیەکی گەورەی لەسەر فەرشەکە درووستکرد.
تۆماس دەیزانی ئەم بارودۆخە لەسەر نەبوونی یەکسانی تەواو بنیاد نراوە، لەبەر ئەوەش جێی پاساو هێنانەوە نەبوو.
ئێوارەیەک، بەرلەوە کە ترێزا نامەکانی ئەو و سابینا بدۆزێتەوە، بە بۆنەی کاری تازەی ترێزاوە، لەگەڵ چەند برادەرێکیان چووبوون بۆ بارِ. ترێزا وازی لە کار کردن لە لابراتوارەکە هێنابوو، ببوو بەوێنەگری گۆڤارەکە. تۆماس حەزی لە سەما نەبوو، بۆیە ترێزا لەگەڵ هاوکارێکی گەنجی تۆماس سەمای دەکرد. ئەوان بە شێوەیەکی زۆر جوان لە شوێنی سەماکردنەکە دەخوولانەوە، ترێزا لە هەمیشە جوانتر دیاربوو. تۆماس سەری سووڕمابوو. ترێزا لەو پەڕی وردبینی و دڵڕاگریدا، پێ بە پێی ئەو پیاوە گەنجە دەجووڵایەوە. وادیار بوو ئەم سەماکردنە دەری دەخست کە گوێڕایەڵی ترێزا ـ ئەو مەیلە ئاگرینە بۆ ئەنجامدانی ئەوەی کە چاوی تۆماس دەیخواست ـ پەیوەندی بە خودی تۆماسەوە نییە. ئەو لە ڕاستیدا ئامادە بوو وەڵامی هەموو ئەو پیاوانە بداتەوە کە لە گەڵیان ڕووبەڕوو دەبۆوە. هیچ شتێک لەوە سروشتیتر نەبوو کە ترێزا و ئەو پیاوە گەنجە بە دڵداری یەکتر بزاندرێن. تۆماس بە ئاسانی دەیتوانی ئەوان بە دڵداری یەکتر بزانێت، ئەمەش ئازاری دەدا. ئەو دەیتوانی لەشی ترێزا لە باوەشی هەموو پیاوێکی تردا وێنا بکات، ئەم بیرە تووڕەی دەکرد. کاتێک بەرەو ماڵ بوونەوە شەو لەنیوە تێپەڕی کردبوو، تۆماس باسی حەسوودی و ئیرەییەکەی خۆی بۆ ترێزا کرد.
ئەم حەسوودییە هیچ و پووچە، وەک شتێکی وەهمی و ناواقیعی، لەوێوە سەری هەڵدەدا کە تۆماس وەک بنەمایەکی نەگۆڕ سەیری وەفاداری ترێزای دەکرد.

ئەی کەواتە چۆن دەیتوانی بە ترێزا بڵێت: کە نابێ بەرامبەر بەو هەموو دۆست و مەئشووقە ڕاستەقینەی خۆی حەسوود نەبێت؟

٨

ترێزا هەوڵیدەدا (بێئەوە بەڕاست ئەم هەوڵانەی سەرکەوتوو بن) بڕوا بە قسەکانی بکات، وەک هەمیشە خۆشحاڵبێت. بەڵام حەسوودی، کە نەیدەهێشت بە ڕۆژ لێی دیاری بدا، لە خەونەکانیدا دەردەکەوت. ئەو خەونانە کە هەمیشە بە ناڵە ناڵێکی بەردەوام کۆتاییان پێدەهات، تۆماس تەنیا بە بەئاگاکردنەوەی دەیتوانی بیانقرتێنێت.

خەونەکانی ترێزا وەک تیمی سەرەکی پارچەیەک موزیک، یان وەک زنجیرە درامایەکی تەلەفزیۆنی دووبارە دەبوونەوە. بۆ نموونە، خەونێک کە زۆرجار دووبارە دەبووەوە، خەونی ئەو پشیلانە بوو کە شاڵاویان بۆ ڕوومەتی دەبرد و جڕنووقیان لە پێستی دەگرت. دەکرێ ئەم خەونە بەمشێوەیە لێکبدرێتەوە: لە ویلایەتی بوهێم، پشیلە لە زمانی خەڵکی ڕەشۆکیدا بە مانای کچی جوانە. ترێزا پێی وابوو لە لایەن ژنانەوە، لە لایەن هەموو ژنێکەوە، هەڕەشەی لێدەکرێت. هەموو ژنێک دەیتوانی سەرنجی تۆماس بەرەو خۆی ڕابکێشێ، ئەویش لە هەموو ژنێک دەترسا.

لە کۆمەڵە خەونێکیتر، ترێزا دەکەوتە شەرای مەرگەوە. شەوێک کە تۆماس ئەوی لە کاتێکدا لە ترسان و قیژاندن بەئاگاهێنایەوە، ترێزا بەمشێوە خەونەکەی بۆ گێڕایەوە: ئەستێرەیەکی سەر داپۆشراوی گەورە بوو. ئێمە نزیکەی بیست ژن بووین کە دەبوو بە ڕووتی بە دەوری ئەستێرەکەدا پیاسە بکەین. سەبەتەیەک بە میچەکەوە ئاوێزان بوو کە پیاوێک تیایدا دانیشتبوو. پیاوەکە کڵاوێکی لێوار پانی بەسەرەوە بوو کە ڕوومەتی داپۆشیبوو. بەڵام من دەمزانی ئەو پیاوە تۆی. تۆ ئەمرت پێدەکردین و بە سەرماندا دەتنەڕاند. ئێمە دەبوو بەرودوا بە ڕێ دا بڕۆین، گۆرانی بخوێنین و ئەژنۆکانمان بچەمێنینەوە. هەر کە ژنێک ئەژنۆی باش نەچەماندایەتەوە، تۆ بە دەمانچە گوللەت پێوە دەناو ژنەکەش دەمرد و دەکەوتە ناو ئاوی ئەستێرەکەوە. لەو کاتەدا ژنەکانی تر قاقا پێدەکەنین و

بەرزتر لە پێشوو گۆرانییان دەخوێند. تۆ چاوت لێ نەدە تڕووکاندین. هەر کەس جووڵەیەکی هەڵەی بکردایە، گوللەت پێوە دەنا. ئەستێرەکە پڕ ببوو لە تەرمی ئەو ژنانە کە سەر ئاو کەوتبوون. من دەمزانی کە ئیتر هێزی چەمانەوەم نەماوەو تۆ دەمکوژیت!

قۆناغی سێهەمی خەونەکە، ڕووداوەکانی پاش مردنی دەگێڕایەوە: ئەو لەناو کەژاوەیەکی تەرم کێش، کە بە قەدەر زیلێکی گەورەبوو، دەینالاند. کەژاوەکە پڕ بوو لە تەرمی ژنان. ئەوەندەی تەرم تیابوو کە دەبوو دەرکەی دواوەی پێوە نەدرێت. لاقی تەرمەکان لە دەرکەکەوە هاتبوونە دەر و ترێزا هاواری دەکرد:

«سەیرم بکەن! من نەمردووم! من هێشتا هەست بە هەموو شتێک دەکەم! »

تەرمەکان گاڵتەیان پێدەکرد و دەیانگوت:

«ئێمەش وەک تۆ! ئێمەش هەست بە هەموو شتێک دەکەین.»

ئەوان وەک ئەو مرۆڤە زیندووانە پێدەکەنین کە جاران پێیان ڕادەبووارد و پێیان دەگوت، ئەوە شتێکی سروشتییە کە ڕۆژێک مرۆڤ ددانی خراپ، پڕ ددانی نەخۆش و پێستی پڕ لە چرچ و لۆچی هەبێت. ئێستا ئەوان ددانی خراپ و پڕ ددانی نەخۆش و پێستی پڕ لە چرچ و لۆچیان هەبوو، بە هەمان پێکەنینی پڕ لە تیز و توانجەوە تێیان دەگەیاند کە مردووە، مردنەکەشی بابەتێکی ئێجگار سروشتییە!

ترێزا لە پڕ هەستی بەوەکرد کە پێی خۆشە بمیرێت و هاواری کرد:

« مادام پێمخۆشە بمرم، کەواتە هێشتا نەمردووم!»

ئەوان دیسان قاقا پێکەنین:

«ئەمەش سروشتییە کە بتەوێ میز بکەیت! تا ماوەیەکی دوور و درێژیش هەموو هەستەکانت دەمێننەوە. وەک ئەو کەسانە کە دەستێکیان قرتابێت و تا ماوەیەکی زۆر هەست بەو دەستە قرتاوەشیان بکەن. ئێمەش ئیتر میز ناکەین، بەڵام هەمیشە حەز لە میز کردن دەکەین.»

ترێزا لە قەرەوێڵەکەدا بە تۆماسی دەگوت:

«ئەوان منیان بە وشەی «تۆ» بانگ دەکرد، دەتگوت ساڵەهایە دەمناسن، پێدەچوو هاوکارم بن. من دەترسام ناچاربم کە هەمیشە لەگەڵیان بم.»

## ٩

لە هەموو ئەو زمانانە کە لە زمانی لاتینەوە سەریان هەڵداوە، وشەی «هاودەردی» (compassion) بە پاشگری com و ڕیشەی passion ساز دەکرێت، کە لە بنەڕەتدا بە مانای « ئێش و ئازار»ە. لە زمانەکانی تر ـ بۆنموونە چیکی، پۆلۆنی، ئەڵمانی و سویدی ـ ئەم وشەیە بە ناوێک، کە لە پێشگرێکی لکاو بە وشەی «هەست»ەوە ساز کرابێت، وەسف دەکرێت[٩].

لە زمانە لاتینییەکاندا وشەی هاودەردی بەو مانایەیە کە مرۆڤ ناتوانێ گوێ بە ئازاری خەڵک نەدات. بەشێوەیەکی تر، مرۆڤ بەرامبەر بەو کەسانە کە ئازار دەکێشن هەست بە هاوسۆزی دەکات. وشەیەکی تر کە تا ڕادەیەک هەمان مانای هەیە بەزەییە (بە ئینگلیزی Pity، بە فەرەنسایی pitie، بە ئیتاڵی Pieta و هتد) کە تەنانەت «بەخشین» و «لێبوردن»ی مرۆڤی دەردەداریش دەگەیەنێت. بەڵام کاتێک مرۆڤ بەزەیی بە ژنێکدا دێت، بەو مانایە کە لە ئەو باشتر و چاکترە. بە مانای نەوینەوە و دەست گیرۆییەتی.

بەم بۆنەیەوە، زۆرجار وشەی هاودەردی بەدگومانی لێ دەکەوێتەوە. ئەم وشە هەستێک نیشان دەدات کە لە پلەی دووهەمدایە و پەیوەندییەکی ئەوتۆی بە عەشقەوە نییە. خۆشەویستییەک کە بەهۆی بەزەیی پێدا هاتن بێت، خۆشەویستی ڕاستەقینە نییە.

لەو زمانانەدا کە وشەی هاودەردی نەک لە ڕیشەی «ئێش و ئازار»، بەڵکو بە وشەی «هەست» ساز کرابێت، وشەکە یەک مانا زیاتری نییە. بەڵام ناکرێت بڵێین ئەم مانایە هەستێکی خراپ یان ناوین دەگێڕێتەوە. هێزی شاراوەی ڕیشەی وشە، ڕۆشناییەکی تری پێ دەبەخشێت و مانایەکی بەربڵاوتری دەداتێ. هاودەردی (هەستی هاوبەش) بە مانای هاوبەش بوون لە کلۆڵی خەڵکیتر، هەروەها تێگەیشتنی هاوبەش لە هەموو جۆرە هەستێکی تری وەک

---

٩ - وشەی هەست بە زمانی چێک (Sou-Cit) ، بە زمانی پۆلۆنی (Spoi-Clucit)، ئاڵمانی (Mitgefull)، سویدی (Med-Kansla) یە.

هەروەها تێگەیشتنی هاوبەش لە هەموو جۆرە هەستێکی تری وەک (شادی، دڵەڕاوکە، بەختەوەری و ئازار)ە. ئەم جۆرە هاودەردییە ـ بەو مانایەیە کە لە زمانی پۆلەندی، ئەڵمانی یان سویدی بەکاردێت ـ بەرزترین توانای خەیاڵی هەستە، هونەری سەپاندنی کاریگەرییەکان نیشان دەدات. لە ڕیزی هەستیارییەکاندا ئەمە بەرزترین هەستە.

کاتێک ترێزا لە خەونیدا دەرزی لە بن نینۆکەکانی ڕۆدەکات، لە ڕاستیدا نهێنییەکەی خۆی ئاشکرا دەکات. چونکە بەمشێوەیە تۆماس دەزانێ کە ئەو بە دزییەوە چەکمەجەکان دەپشکنێت. بێگومان ئەگەر ژنێکیتر ئەوەی بکردایە، تۆماس ئیتر نەیدەدواند. ترێزا بەمەیدەزانی بۆیە گوتبووی: «لە ماڵەکەت دەرم بکە!» بەوحاڵەش تۆماس، نەک هەر لەماڵەکەی دەری نەکرد، بەڵکو دەستیشی گرت و سەری قامکەکانیشی ماچکرد. چونکە خودی تۆماسیش لەو کاتەدا هەستی بەو ئازارە دەکرد کە ترێزا بە هۆی برینی ژێر قامکەکانی هەستی پێکردبوو. لەوە دەچوو دەماری قامکەکانی ترێزا، ڕاستەوخۆ پەیوەندییان بە مێشکی تۆماسەوە ببێت.

هەر کەس بەهرەی دژواری هاودەردی (هەستی هاوبەش) نەبێت، ئیدانەی ڕەفتاری ترێزا دەکات. چونکە ژیانی تایبەتی جێگەی ڕێزە، کەس نابێ چەکمەجەی پڕ لە نامەی خەڵکیتر بکاتەوە. بەڵام چونکە هاودەردی وەک چارەنووسی نەگۆڕ یان بەختی خراپی تۆماسی لێهاتووە، پێی وابوو ئەوە خۆیەتی کە لەبەر چەکمەجەکەیدا چۆکی داداوە، چاوی لە ڕستە نووسراوەکانی سابینا بڕیوە. ئەو بە تەواوی لە ترێزا دەگەیشت، نەک هەر نەیدەتوانی لێی تووڕە ببێت، بەڵکو زۆریشی خۆشدەویست.

## ١٠

ترێزا کە هەمیشە زیاتر کاری کوتوپڕ و نەشیاوی دەکرد. دوو ساڵ بەسەر ئاشکرابوونی بێوەفاییەکەی تۆماسدا تێدەپەڕی، بارودۆخەکە ڕۆژ لە دوا ڕۆژ بەرەو خراپتر بوون دەچوو، هیچ چارەسەرییەکیش لە ئارادا نەبوو.

ئایا تۆماس بە ڕاست نەیدەتوانی کۆتایی بە پەیوەندییە سێکسییەکانی لەگەڵ

ژنانی تر بهێنێت؟ وەڵامەکە (نەْ ) بوو. ئەم کارە تۆماسی لەناو دەبرد. ئەو نەیدەتوانی بەر بە مەیلی خۆی بۆ ژنانی تر بگرێت. تەنانەت ئەو بەرپێ گرتنەش بەلایەوە شتێکی بێسوود بوو. کەس وەک ئەو نەیدەزانی ئەو پەیوەندییانە هیچ زیانێک بە ترێزا ناگەیەنن. کەواتە بۆ دەبوو خۆی لەم ڕووداوە خۆشانە بێبەش بکات؟ ئەم کارە بەلای ئەوەوە وەک چاوپۆشی لە بینینی یارییەکی فوتبۆڵێن، گەوجانە بوو.

بەڵام چۆن دەکرێ دیسان باسی چێژ و خۆشی بکرێت؟ ئەو هەر کاتێک سەردانی دۆست و مەئشووقەیەکی خۆی بکردایە، دەستبەجێ لەبەر چاوی دەکەوت و بەڵێنی بەخۆی دەدا کە ئەمە دواهەمین جاری دەبێت. بەردەوام ترێزای لەبەر چاو بوو، بۆ ئەوە بیری لێ نەکاتەوە، دەبوو بە پەلە بخواتەوە و سەرخۆش ببێت. لەو کاتەوە کە ترێزای دەناسی نەیدەتوانی بە بێ یارمەتی کهوول لە ژنانی تر نزیک ببێتەوە! بەڵام بۆنی کهوولیش دەبووە هۆی ئەوە کە ترێزا پەی بە بێ وەفاییەکەی ببات.

تۆماس تەواو کەوتبووە داوەوە. هەر کە دەچوو بۆ لای مەئشووقەکانی ئیتر مەیلی بۆیان نەدەما، کە ڕۆژێکیش نەیبینینایە، گورج تەلەفۆنی بۆ دەکردن و بەڵێنی دیداری بۆ دادەنان.

ئەو لە ماڵی سابینا خۆشحاڵ و ئاسوودە بوو، چونکە دەیزانی سابینا نهێنییەکان دەپارێزێ، ئەگەر لەگەڵ ئەو بێت لە ئاشکرابوونی نهێنییەکەی ناترسێت. لە ستۆدیۆی نەقاشی سابینا، ژیانی عاشقانەی تافی ڕەبەنی، واتە بیرەوەرییەکانی ڕابردوو شەپۆلی دەدا.

ڕەنگە بەخۆی نەزانیبێت چەندە گۆڕاوە. دەترسا درەنگ بچێتەوە بۆ ماڵەوە، چونکە ترێزا چاوەڕوانی بوو. جارێک سابینا تێگەیشت کە تۆماس لەکاتی دەستەملانێدا سەیری کاتژمێرەکەی دەکات و بە پەلەیە کۆتایی بە کارەکەی بهێنێت.

تۆماس بە پەلە جلەکانی لەبەرکردەوە، بەڵام هێشتا قاچێکی ڕووت بوو کە سەیری ئەملاو ئەولای خۆیکردو چوار چمکۆڵە لە ژێر مێزەکەدا بۆ شتێک دەگەڕا.

سابینا گوتی:

«کە لە تۆ ورد دەبمەوە، هەست دەکەم خەریکە لەگەڵ بابەتی هەمیشەیی تابلۆکانمدا تێکەڵ دەبیت. ڕووبەڕوو بوونەوەی دوو دنیا، نمایشی دووانەیی! لە پشت لاڕوومەتی تۆماسی هەرزەوە، ڕووخساری عاشقێکی ئەفسانەیی دەردەکەوێت. یان بەپێچەوانەوە. لە میانەی لاڕوومەتی ئەو تریستانە[١٠] کە تەنیا بیر لە ترێزای خۆی دەکاتەوە، من ئەو دنیایە دەبینم کە ڕابردووی پیاوێکی خۆش ڕابوێرە!»

تۆماس هەستابوو، بە وڕ و کاسی گوێی لە قسەکانی سابینا دەگرت.

سابینا پرسی:

«لە چی دەگەڕێی؟»

«لە تاکێک گۆرەوی!»

سابیناش لەگەڵی دەستیکرد گەڕان. پاشان تۆماس دیسان چوار چمکۆڵە چووە ژێر مێزەکە و هەموو ئەو ژێرەی پشکنی.

«لێرە نییە. بێگومان کە هاتووی بۆ ئێرە تەنیا تاکێک گۆرەویت لە پێدا بووە.»

تۆماس کە سەیری کاتژمێرەکەی کرد قیژاندی:

«چۆن دەبێ تاکێک گۆرەویم لە پێدا بووبێ! بێگومان بە تاکێک گۆرەوییەوە نەهاتووم بۆ ئێرە!»

«وا مەڵێ. ماوەیەکە هۆشت لە لای خۆت نییە. هەمیشە بە پەلەیت. بەردەوام سەیری کاتژمێر دەکەیت، هیچ سەیر نییە ئەگەر تاکێک لە گۆرەوییەکەت فەرامۆش کردبێ.»

تۆماس دەیویست تەنانەت بە قاچی ڕووتیش پێڵاوەکەی لە پێ بکات.

«دەرەوە ساردە، تاکێک گۆرەوییەکی درێژی ژنانەت بە قەرز دەدەمێ.»

پاشان سابینا تاکێک گۆرەوی درێژی سپی پێدا کە ئەو دەمە مۆدەی بوو. تۆماس دەیزانی سابینا خەریکە تۆڵەی لێ دەستێنێتەوە، لەبەر ئەوەی سەیری کاتژمێرەکەی کردووە، گۆرەوییەکەی لێ شاردۆتەوە. هەوا سارد بوو، تۆماس

١٠- Tristan

ناچار گۆرەوییە ژنانەکەی لە پێ کرد. کاتێک گەڕایەوە بۆ ماڵەوە تاکێک گۆرەوی پیاوانە و تاکێکی درێژی ژنانەی لە پێدا بوو کە لە سەر قولەپێی کۆببۆوە.

تۆماس بارودۆخێکی باشی نەبوو. لە چاوی مەئشووقەکانییەوە مۆری ڕیسوایی عەشقی ترێزای بە ناوچەوانەوە لکابوو، لە چاوی ترێزاشەوە داخی ڕووداوە عاشقانەکانی بە سنگەوە بوو.

## ١١

تۆماس بۆ ئەوەی ئارامی بە ترێزا ببەخشێت مارەی کرد (ئاخرییەکەی ئەو ژوورەی بۆ خاوەنەکەی گەڕاندەوە کە دەمێک بوو لێی نەدەژیا)، توولە سەگێکی ڕاوی بۆ پەیداکرد.

دایکی ئەو توولە سەگە لە ڕەگەزی «سێن بێرنارد»و بوو، سەگی هاوکاری کردن بوو. باوکیشی سەگورگی دراوسێکەیان بوو. کەس ئەو توولە سەگە دوو ڕەگانەی نەدەویست، هاوکارەکەی نیگەران بوو کە دەبوو بیانکوژێت.

تۆماس دەبوو لە ناو ئەو توولە سەگانەدا یەکێکیان هەڵبژێرێت، دەیزانی ئەوانیتر دەبێ بمرن. خۆی وەک سەرۆک کۆمارێک دەهاتە بەرچاو کە دەبوایە لە ناو چوار کەس کە حوکمی مردنیان دەرچوو بوو، تەنیا لە یەکێکیان خۆش ببێت. دواجار یەکێک لە سەگەکانی هەڵبژارد. مێچکە سەگێک کە پێدەچوو لەشی لە سەگورگە کە بچێت و سەری لە ڕەگەزی سێن بێرناردی دایکی بچێت. سەگەکەی بۆ ترێزا هێنایەوە. ترێزا لە باوەشی گرت و بە سنگی خۆیەوە گووشی، سەگەکەش دەست بەجێ کراسەکەی پیسکرد.

پاشان هەوڵیاندا ناوێک بۆ ئەو سەگە بدۆزنەوە. تۆماس دەیویست هەموو کەس بە ناوەکەیدا بزانێ ئەوە سەگی ترێزایە. بیری ئەو کتێبەی کەوتەوە کە ترێزا لە ڕۆژی هاتنەکەی بۆ پراگ بە دەستییەوە بوو. پێشنیاری کرد سەگەکە ناو بنێن «تۆلستۆی».

ترێزا گوتی:

«ئەمە مێچکە سەگە و ناکرێت ناوی تۆلستۆی بێت. ناوی دەنێین ئانا کارنینا.»

« هیچ ژنێک دەمی ئەوەندە بچووک و پێکەنیندار نییە. نا، ئانا کارنینا باش نییە. واچاکە پێی بڵێین کارنینا. ئەرێ، من هەمیشە کارنینم بەم شێوەیە هاتۆتە بەرچاو!»

«ئایا ناوی کارنین تایبەتمەندییە ڕەگەزییەکەی تووشی گرفتێک ناکات؟»

تۆماس گوتی:

«ڕەنگە ئەگەر بە ناوی نێر بانگی مێچکە سەگێک بکرێت، حەز لە هاو ڕەگەزبازی بکات.»

سەیر ئەوە بوو کە پێشبینییەکەی تۆماس ڕاست دەرچوو. مێچکە سەگ بە زۆری خاوەنە پیاوەکەیان خۆشتردەوێت، بەڵام کارنین ترێزای زیاتر خۆشدەویست. تۆماس سوپاسی ئەم خۆشەویستییەی دەکرد و لە کاتێکدا دەیلاواندەوەو دەیگوت:

«تۆ چاک دەکەیت کارنین. ئەمە هەمان شتە کە چاوەڕوانیم لێ دەکردی. من بە تەنیا دەرەقەت نایەم. تۆ دەبێ یارمەتیم بدەیت، تا ترێزا خۆشحاڵ بکەین.»

بەڵام تۆماس تەنانەت بە یارمەتی کارنینیش نەیدەتوانی ترێزا خۆشحاڵ بکات. کاتێک بەوەیزانی کە دە ڕۆژ لە داگیرکردنی وڵاتەکەی لە لایەن دەبابە ڕووسییەکانەوە تێپەڕیبوو. مانگی ئاوگۆستی ١٩٦٨، سەرۆکی کلینیکێک لە شاری زووریخ، کە لە کۆنفرانسێکی نێونەتەوەیی لەگەڵ تۆماس ئاشنا ببوو، بەردەوام تەلەفۆنی بۆ دەکرد. ئەو زۆر نیگەرانی تۆماس بوو، پێشنیاری کارێکی پێدەکرد.

## ١٢

تۆماس کە پێی وابوو ترێزا حەز ناکات پڕاگ بەجێبهێڵێ، لەبەر دڵی ئەو، بە بێ هیچ گومان و دوو دڵییەک پێشنیاری پزیشکە سویسرییەکەی ڕەتکردەوە. جگە لەوەش ترێزا حەوت ڕۆژی سەرەتای داگیرکردنەکە، وەها خرۆشابوو کە پێدەچوو شاد و خۆشحاڵ بنوێنێت. بە کامێرایەکی فیلم هەڵگرتنەوە دەچووە ناو شەقامەکان، فیلمی بەسەر ڕۆژنامەگەرییە بیانییەکاندا، کە سەر و دەستیان

بۆ دەشکاند، بڵاودەکردەوە. ڕۆژێک کە ترێزا زیاد لە پێویست نەترسێتی نواندبوو، وێنەی ئەفسەرێکی گرتبوو، کە دەمانچەی لە خەڵکی خۆپیشاندەر ڕاکێشابوو، دەسگیرکراو بە ناچاری شەو لە بنکەی ڕووسییەکان مایەوە. ئەوان تەنانەت هەڕەشەی لە سێدارە دانیشیان لێکرد. بەڵام هەر کە ئازادبوو گەڕایەوە بۆ شەقامەکان و دەستی بە وێنەگرتنەوە کردەوە.

تۆماس بەلایەوە سەیربوو کە لە دەهەمین ڕۆژی داگیرکردنەکەدا ترێزا پێی گوت:

«بە ڕاست بۆچی حەز ناکەیت بچیت بۆ سویسرا؟»

«بۆ بچم بۆ سویسرا؟»

«لێرە دەوری هەموو شتێکت پێ دەکەنەوە.»

«دەور بە کێ ناکەنەوە؟»

ئەوسا بە تەسلیم بوونەوە پێی گوت:

«باشە پێم بڵێ، تۆ دەتوانی لە دەرەوەی وەڵات بژیت؟»

« بۆ دەبێ نەتوانم؟»

«پاش ئەوە کە بینیم ئامادەی ژیانت لە پێناوی وڵاتەکەتدا بەخت بکەیت، بەلامەوە سەیرە کە چۆن دەتوانی ئێرە بەجێبهێڵیت؟»

«لەوەتەی دووبچێک گەڕاوەتەوە، هەموو شتێک گۆڕاوە.»

حەق بە ئەوبوو. هەڵچوونی جەماوەری هەفتەیەک زیاتری نەخایاند. سوپای ڕووس حوکمڕانە، چیکییەکانی وەک خەتاکاری سیاسی لە وڵات بردبووە دەر. کەس نەیدەزانی ئەوان لە کوێن. هەموو کەس بۆ مان و نەمانیان نیگەران بوو. ڕق لە ڕووسەکان وەکوو کهوول خەڵکی وڕ کردبوو. ئاهەنگی سەرخۆشانەی قین و نەفرەت پەرەی سەندبوو. شارەکانی بوهێم پڕ بوون لەو هەزاران پۆستەرە کە بە دەست کێشرابوون. پۆستەرەکانیش پڕبوون لە گاڵتە و گەپی قێزەون و شیعری سووکایەتی پێکردن و کاریکاتێریی برێژنێڤ و سوپاکەی. سوپایەک کە وەک قەشمەرە نەزانەکانی سێرک مەسخەرە دەکران. بەڵام هیچ ئاهەنگێک بۆ هەمیشە نییە. لەو کاتەدا ڕووسییەکان نوێنەرە گیراوەکانی خەڵکیان ناچارکردبوو کە دەقی ڕێکەوتننامەیەک لەگەڵ مسکۆ واژۆبکەن. دوبچێک بەم

ڕێکەوتننامەیەوە گەڕایەوە بۆ پڕاگ و لە ڕادیۆدا خیتابی دا. شەش ڕۆژ زیندانی وەها لاوازی کردبوو کە بە گران قسەی بۆ دەکرا. خەڵک بە گران لە قسەکانی دەگەیشتن. هەناسەی سوار ببوو، هەموو جارێک لە میانەی ڕستەیەکدا بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ ـ نزیکەی نیو خوولەک ـ بێدەنگ دەبوو.
ئەم سازش و ڕێکەوتنە وڵاتی لەو شتە ڕزگارکرد کە خەڵک لێی دەترسان، لە سێدارەدان و ڕاگوێزانی بەکۆمەڵ بۆ سیبریا. بەڵام شتێک زۆر خێرا و بەئاشکرا دەرکەوت، ئەوە بوو کە بوهێم دەبوو سەر بۆ داگیرکەرە سەرکەوتووەکەی نەوی بکات. بوهێم دەبوو بۆ هەمیشە لاڵ ببێت. بە شاراوەیی بدوێت و وەک ئەلکساندێر دوبچێک بە گران هەناسە بکێشێت. ئاهەنگی شادی کۆتایی هاتبوو، خەڵک دەبوو لەگەڵ سەرشۆڕی و سووکایەتیدا ئاشنابن.
ترێزا هەموو ئەم شتانەی بۆ تۆماس شیدەکردەوە. تۆماس دەیزانی ئەو ڕاست دەکات، بەڵام دڵنیابوو کە لە پشت ئەم ڕاستییانەوە هۆکارێکی بنەڕەتی تر شاردراوەتەوە. هۆکارێک کە ترێزا دنە دەدات پڕاگ بەجێبهێڵێت: ترێزا تا ئێستا بەختەوەر نەبووە.
جوانترین ڕۆژەکانی ژیانی ترێزا ئەو کاتەبوو کە لە شەقامەکانی پڕاگدا وێنەی سەربازە ڕووسییەکانی دەگرت و خۆی دەخستە مەترسییەوە. تەنیا ئەو ماوەیە بوو کە زنجیرەی خەونەکانی قرتابوو، شەوانێکی ئارامی هەبوو. ڕووسییەکان و دەبابەکانیان هاوئاهەنگی لەش و گیانیان بە دیاری بۆ هێنابوو. ئێستا کە ئاهەنگەکە کۆتایی هاتبوو، دیسان لە شەوەکانی دەترسا و دەیویست لەبەریان هەڵبێت. ئەو پەی بە حاڵەتێک بردبوو کە دەیتوانی هەست بە ئازایەتی و ڕازیبوون بکات. ئێستاش بەو هیوایەیە کە ئەو حاڵەتە ببینێتەوە، دەیویست بچێت بۆ دەرەوەی وەڵات.
تۆماس لێی پرسی:
«ئەوە نیگەرانت ناکات کە سابیناش بەرەو سویسرا چووە؟»
ترێزا لە وەڵامدا گوتی:
« خۆ زووریخ ژنێڤ نییە. بێگومان لەوێ کەمتر لە پڕاگ نیگەرانم دەکات.»
کەسێک حەز بکات شار و زێدی خۆی بەجێبهێڵێت، مرۆڤێکی بەختەوەر نییە.

حەزی ترێزا بۆ کۆچکردن، بەلای تۆماسەوە حوکمێکی نەگۆڕبوو، بۆیە ڕێگەی پێدا. زۆری پێنەچوو کە ئەو لەگەڵ ترێزا و کارنین لە گەورەترین شاری سویسرا بوون.

## ١٣

تۆماس قەرەوێڵەیەکی بۆ ماڵە تازە و چۆڵەکەی کڕی. ـ ئەوان هێشتا پارەی کڕینی شتومەکی تریان نەبوو ـ ئەوسا بە دڵەڕاوکێی پیاوێک کە لە تەمەنی چلساڵیدا ژیانێکی تازە دەست پێ بکات، خەریکی کارکردن بوو.
چەند جارێک تەلەفۆنی بۆ سابینا لە ژنێڤ کرد. بەخۆشییەوە ئەو هەشت ڕۆژ بەر لە هێرشی سوپای ڕووس، بۆ وڵاتەکەی پیشانگەی کردبۆوە، لایەنگرانی هونەری نەقاشی لە سویس، بەهۆی خۆشەویستی وڵاتە چکۆلەکەیەوە، هەموو تابلۆکانیان لێ کڕیبوو.
سابینا لە کاتێکدا لەو بەر هێڵی تەلەفۆنەکەوە پێدەکەنی، گوتی:
«لە سایەی سەری ڕووسەکانەوە دەوڵەمەندبووم.»
ئەوسا تۆماسی بۆ ماڵی خۆی لە ستۆدیۆ تازەکەی، کە دڵنیای دەکرد لە ستۆدیۆکەی پڕاگی دەچێت، بانگهێشت کرد.
تۆماس حەزی دەکرد سەردانی سابینا بکات، بەڵام هیچ بیانوویەکی بۆ چوون بۆ ئەو سەفەرە نەبوو. بیانوویەک کە ترێزاش ڕازی بکات. بۆیە سابینا هات بۆ زووریخ و لە ئوتێلێک ژوورێکی گرت. تۆماس پاش تەواوبوونی کارەکەی چوو بۆلای. سابینا کڵاوێکی خڕی لێوار لاری بەسەرەوە بوو، ماوەیەکی زۆر لە تۆماس ورد بۆوەو هیچی نەگوت. تۆماسیش بێ جووڵە و بێدەنگبوو. لەپڕ زانی کە خەریکە دەورووژێت. کڵاوەکەی لەسەر سابینا هەڵگرت و لەسەر مێزەکە داینا، ئەوسا بێ ئەوەی هیچ بڵێن یەکتریان لەباوەشگرت. تۆماس لەکاتێکدا لە ئوتێلەوە بەرەو ماڵ دەگەڕایەوە (کە ماوەیەک بوو مێزێک و چەند کورسی و چەند مۆبێل و فەرشێکیان بۆ کڕیبوو) هەستی بە خۆشحاڵی دەکرد، بیری دەکردەوە شێوەی ژیانی، وەک ماڵی حەلەزوون، بە شوێن خۆیدا ڕادەکێشێت.
ترێزا و سابینا دوو جەمسەری ژیانی بوون. دوو جەمسەری دوور کە هەرگیز

پێکەوە هەڵیان نەدەکرد. دوو جەمسەری جوان.
شەش یان حەوت هەفتە مانەوەیان لە سویسر ا تێپەڕی، شەوێکی درەنگ، کاتی گەڕانەوە بۆ ماڵ، تۆماس نامەیەکی لە سەر مێزەکە دۆزییەوە. ترێزا نووسیبووی کە دەگەڕێتەوە بۆ پراگ. نووسیبووی لەبەر ئەوە کە ناتوانێت لە دەرەوەی وڵاتەکەی بژی، ئەوێی بەجێهیشتووە. ئەو دەیزانی دەبێ لێرە پاڵپشتی تۆماس بێت، بەڵام هەستی دەکرد توانای ئەو کارەی نییە. ئەو بە ساویلکەییەوە پێی وابوو ژیان لە دەرەوەی وڵات دەیگۆڕێت. بیری دەکردەوە، مادام لە دوای هێرشی سوپای ڕووسەکان ژیاوە، کەواتە ئیتر بێهێز نابێ و بە عەقڵ و ئازایەتییەوە دەجوڵێتەوە. ئەم بۆچوونەی کەمێک زێدەڕۆییانە بوو. ئەو پێی وابوو بەسەر تۆماسدا بووە بە بار و ئەمەی زۆر پێ ناخۆشبوو. هەوڵی دەدا بەرلەوە زۆر درەنگ ببێت مل بە ڕاستییەکاندا بدات. ئەو هەروەها لەبەر بردنی کارنین داوای لێبوردنی لە تۆماس کردبوو.
تۆماس چەند حەبێکی بەهێزی خەوی خوارد، بەڵام تا دەمەو بەیانی خەوی لێنەکەوت. خۆشبەختانە ئەو ڕۆژە شەممە بوو، دەیتوانی لەماڵ بمێنێتەوە. بۆ سەدەمین جار بەمشێوە کورتە باسی بارودۆخی خۆی دەکرد: سنوورەکانی نێوان بوهێم و شوێنەکانی تری دنیا وەک ئەو کاتە کە کۆچیانکردبوو، کراوە نەبوون. نە بروسکە و نە تەلەفۆن ترێزای هەوادار بە گەڕانەوە نەدەکرد. سەرچاوە فەرمییەکان ئیتر ئیزنی چوونە دەرەوەیان پێ نەدەدا. گەڕانەوەی سەرسووڕهێنەری ترێزا قەتعی و نەگۆڕ بوو.

## ١٤

بیرکردنەوە لەوەی کە هیچی پێناکرێت تۆماسی گێژ دەکرد، لە هەمان حاڵدا سوکنایی پێ دەبەخشی. کەس ناچاری نەدەکرد بڕیار بدات. پێویستی بەوە نەبوو چاو لە دیواری ماڵەکەی ئەوبەر ببڕێ، لە خۆی بپرسێ: ئایا حەز دەکات لەگەڵی بژی یان نا. ترێزا خۆی بڕیاری یەکجارەکی دابوو.
بۆ خواردنی نانی نیوەڕۆ چوو بۆ ڕیستۆران. هەستی بە خەمباری دەکرد، بەڵام لە کاتی خواردندا، نائومێدییەکەی پێشووی نەما. بەوحاڵەش خەمباربوو.


ئاوڕی لە دواوە دەدایەوە ، لەو ساڵانە کە لەگەڵ ترێزا ژیابوو. بیری دەکردەوە ئەنجامی ئەو سەربووردەیە نەیدەتوانی لەوە باشتر بێت. ئەگەر تەنانەت ئەم سەربووردە داهاتەش ببوایە، نەدەکرا بە شێوەیەکی تر کۆتایی پێ بێت:
ڕۆژێک ترێزا ناغافڵ خۆی بە ماڵی ئەودا کردبوو، ڕۆژێکی تر بە هەمان شێوە لە ماڵەکەی ڕۆیشتبووە دەر. بە جانتایەکی قورسەوە هاتبوو، بە هەمان جانتاشەوە بەجێی هێشتبوو.
تۆماس لە ڕیستۆرانتەکە چووە دەر. دارماڵی خەمێکی خۆش، بۆ پیاسەکردن چوو بۆ شەقام. حەوت ساڵ لەگەڵ ترێزا دا ژیابوو، ئێستا دەیبینی کە ئەم ساڵانە لە بیرەوەریدا جوانترن تا لە ساتە ڕاستەقینەکانی ژیانی هاوبەشدا.
عەشقی نێوان ئەو و ترێزا بێگومان جوان، بەڵام بە هەمان ئەندازەش سەخت و دژوار بوو. دەبوو هەمیشە شتێک بشارێتەوە، بەسەرخۆی نەهێنێت، بە شێوەیەکی تر خۆی دەربخات، تا ورەی ئەو بباتە سەر، دڵخۆشیی بداتەوە. دەبوو هەمیشە پێی بسەلمێنێت کە خۆشی دەوێ، بۆڵە بۆڵی حەسوودانەو تۆران و خەونەکانی تەحەموول بکات. دەبوو خۆی بە تاوانبار بزانێت، پاساو بۆ کردەکانی بێنێـەوە و داوای لێبوردنی لێ بکات. ئێستا ئیتر ئەم هەموو تەقەلا و دڵدانەوەیە کۆتایی هاتبوو، تەنیا جوانی یادەوەرییەکان مابۆوە.
ئێوارەی شەممە دەستی پێدەکرد. یەکەمجار بوو بە تەنیا لە زوریخ پیاسەی دەکرد و بەرامەی ئازادبوونی خۆی هەڵدەمژی. لە هەر سووچێکی شەقامێک، ڕووداوێک لە بۆ سەیدا بوو. دیسان داهاتوو پڕ لە ڕەمز و ڕاز بوو. دیسان بۆ ژیانی ڕەبەنی دەگەڕایەوە. ئەو ژیانە کە لە ڕابردوو دا بە دڵنیاییەوە بە چارەنووسی خۆی دەزانی، چونکە تەنیا بەو شێوەیە دەیتوانی کەسایەتی ڕاستەقینەی خۆی ڕابگرێت.
ماوەی حەوت ساڵ بە زنجیر بە ترێزاوە بەسترابۆوە، ئەو چاوی لە هەر هەنگاوێکی بڕیبوو. دەتگوت ناچار بە هەڵگرتنی ئەو تۆپە بەردینانە کرایەوە کە ئەو بەپێیەوە بەستبوویەوە. ئێستا لەپڕ هەنگاوەکانی سووکتر ببوون و خەریکبوو دەفڕی. ئەو لە فەزای سیحراویی «پارمنید»دا بوو، هەستی بە سووکی دڵڕفێنی بوون دەکرد.

(ئایا دەیویست تەلەفۆن بۆ سابینا لە ژنێڤ بکات، یان پەیوەندی بە یەکێک لەو ژنە سویسییانەوە بگرێت، کە لەم ماوەیەی دوایی دا ناسیبوونی؟ نا، حەزی لە هیچ ژنێکی تر نەبوو. ئەو دەیزانی هەر کە لەگەڵ ژنێکی تر بێت، یادەوەری ترێزا تووشی ئازارێکی تاقەت پڕوکێنی دەکات.)

## ١٥

ئەم خۆشییە سەیر و خەمبارە تا شەوی یەکشەممە بەردەوام بوو. دووشەممە هەموو شتێک گۆڕا، دیسان ترێزا بەسەر بیرکردنەوەیدا زاڵ بوو: تۆماس هەستی بە سۆزی ترێزا و لەرزینی دەستی لە کاتی نووسینی نامەیماڵئاوایی دەکرد. دەیبینی کە چۆن جانتا قورسەکەی بە دەستێک وقەڵادەکەی کارنینیش بە دەستەکەی تری رادەکێشێت. دەیهێنایە بەر چاوی کە ترێزا خەریکە کلیل لە قفڵی دەرکەی ماڵەکەی پڕاگدا دەسوڕێنێ، هەستی بەو خەمە قورسە دەکرد کە ئەو کاتە لەسەر ڕوومەتی ترێزا نیشتووە.
لەم دوو ڕۆژە جوانە خەمبارەدا، توانای هاودەردی (ئەم کلۆڵییە کە هەستیارییەکەی بە سەریدا دەیسەپاند) لە ئەودا خەوتبوو. هاودەردی لە خەودا بوو، وەک کرێکاری کانزایەک کە پاش هەفتەیەک کاری قورس و گران دەخەوێ، بۆ ئەوەی بتوانێت ڕۆژی دووشەممە بە قووڵایی کانەکەدا شۆڕ ببێتەوە.
کە نەخۆشێکی دەپشکنی، ترێزای لەبری ئەو دەبینی. بە خۆی دەگوت: بیری لێ مەکەرەوە! بیری لێ مەکەرەوە! بەخۆی دەگوت: هاودەردیی بڕستی لێ بڕیوم، باشتر کە ڕۆیشت و باشترە کە هەرگیز نەیبینمەوە. دەیگوت نابێ خۆم لە چنگی ترێزا ڕزگار بکەم، بەڵکو دەبێ خۆم لە چنگ هەست بە هاودەردیکردن قوتار بکەم. ئەو نەخۆشییە کە پێشتر نەمبوو، ترێزا تووشی کردم.
ڕۆژانی شەممە و یەکشەممە هەستی بەو سووکییە دڵ ئاوێنەیەی بوون کردبوو، کە لە قووڵایی داهاتووەوە بەرەو پیری دەهات. بەڵام ڕۆژی دووشەممە هەستی بە قورسییەکی نەناسراو کرد، کە لە هەموو دەبابە ڕووسییەکان قورستر بوو. هیچ شتێک لە هەستی هاودەردی قورستر نییە. تەنانەت تەحەمولی ئازارەکانی خۆمان سادەترە لە تەحەمولی ئەو ئازارانە کە بە هاوبەشی کەسێکی تر،

یان بۆ کەسێکی تر، یان لە بری کەسێکی تر دەیکێشین، وزەی خەیاڵمان زایەڵەیەکی سەدان جارەی پێ دەبەخشێت.
تۆماس خۆی سەرکۆنە دەکردو لە خۆی دەویست ئیتر مل بە هاودەردی نەدات و هاودەردیش وەک تاوانبارێک سەری دادەخست و گوێی بۆ شل دەکرد. هاودەردی دەیزانی کە پێی لێ ڕاکێشاوە، بەڵام بەدزییەوە قیرسیچمەیی دەینواندو دەستبەرداری تۆماس نەدەبوو. کۆتاییەکەی پێنج ڕۆژ دوای ڕۆیشتنی ترێزا، سەرۆکی نەخۆشخانەکەی ئاگادارکردەوە، (ئەو کەسە کە پاش هێرشی ڕووسەکان هەموو ڕۆژێک تەلەفۆنی بۆ دەکرد) کە دەبێ بە پەلە بگەڕێتەوە بۆ وڵاتەکەی. هەستی بە شەرمەزاری دەکرد و دەیزانی سەرۆکی نەخۆشخانەکە ئەو ڕەفتارەی بە نابەرپرسانە دەزانێ و لێی خۆش نابێت. هەزارجار دەیویست ددان بە هەموو شتێکدا بنێت و باسی ترێزا و نامەکەی بۆ بکات. بەوحاڵەش هیچی پێنەگوت. دەیزانی ئەو پزیشکە کارەکەی ترێزا بە ناحەز و عەسەبییانە لێک دەداتەوە. تۆماس نەیدەویست ڕێگە بە کەس بدات کە لە بارەی ترێزاوە بیری خراپ بکاتەوە.
سەرۆکی نەخۆشخانەکە بە ڕاستی دڵ ئێش بوو.
تۆماس شانی هەڵتەکاند و بە زمانی ئەڵمانی گوتی:
«پێویستە! پێویستە!»
ئەمە ئاماژەبوو بە دواهەمین پارچە موزیکی کوارتێتەکەی بتهۆڤن، کە لەسەر ئەم دوو موتیڤە سازکراوە:




(ئایا پێویستە؟)




(پێویستە!) (پێویستە!)

لەبەر ئەوە کە مانای ئەم وشانە بە تەواوی ئاشکرا بێت، بتهۆڤن لە دەسپێکی دواهەمین پارچە موزیکەکەی، ئەم دوو وشەی نووسیبوو: «بڕیاری جیدی.» ئاماژەکردن بە بتهۆڤن لە ڕاستیدا بۆ ئەوە بوو کە تۆماسی دەخستە بیری ترێزاوە. ئەو بوو، کە ناچاری کردبوو کوارتێت و سۆناتاکانی بتهۆڤن بکڕێت. ئەم ئاماژە زۆر لەوە بەجێتر و شیاوتر بوو کە تۆماس بیری لێ دەکردەوە. چونکە سەرۆکی نەخۆشخانەکە حەزی لە موزیک دەکرد و بە هێواشی و بە دەم بزەیەکی ئارامەوە ــ لە کاتێکدا لاسایی موزیکەکەی بتهۆڤنی دەکردەوە ــ گوتی:

«ئایا پێویستە؟»

تۆماس جارێکی تریش گوتی:

«بەڵێ پێویستە!»

ئەوسا بە زمانی ئەڵمانی دووبارەی کردەوە.

## ١٦

بتهۆڤن بە پێچەوانەی پارمنیدەوە، قورسی بە شتێکی باش دەزانی: بەجیددی بڕیاردان هاوڕێیە لەگەڵ بانگی پێویستیی چارەنووس. قورسی، پێویستی و بایەخ، پەیوەندییەکی تێر و تەواویان پێکەوە هەیە: تەنیا ئەو شتە جیددیەی کە پێویست بێت، تەنیا ئەو شتە بە بایەخەیە کە قورس بێت.

ئەم باوەڕە لە موزیکەکەی بتهۆڤنەوە سەری هەڵداوە ــ ئەگەرچی ڕەنگە موفەسیرەکانی بتهۆڤن لە خۆی زیاتر لە بەرامبەر ئەم باوەڕە بەرپرس بن ــ ئێمە ئەمڕۆ، کەم یان زۆر، لەم باوەڕەدا هاوبەشین. بەلای ئێمەوە، ئەوەی مەزنایەتی بە مرۆڤ دەبەخشێت ئەوەیە کە بنیادەم بە شێوەیەک چارەنووسی خۆی بە دەست خۆی بێت، کە ئەتلەس[11] ئاسمانی لە کۆڵ گرتبوو. بە لای بتهۆڤنەوە «پاڵەوان» کەسێکە شتی ئەوەندە قورس بەرزبکاتەوە کە ئەوپەڕی سروشتی بێت.

تۆماس بەرەو سنووری سویسرا ئۆتۆمۆبێلەکەی لێ دەخوڕی. پێموایە لە

---

11- Atlas

خەیاڵیدا بتهۆڤنێکی خەمبار بە قژی ئاڵۆزەوە، ڕابەریی کۆنسێرتێکی پڕ هەراو هوریای دەکرد. کۆنسێرتێک کە لەبەر ماڵئاوایی لە کۆچکردن، مارشی «پێویستە»ی دەژەند.

ئەو پاش ئەوە کە لە سنووری بوهێم پەڕییەوە، لە لایەن کۆمەڵێک دەبابەی ڕووسییەوە پێشوازی لێکرا. ئەو ناچاربوو لە چوار ڕێیانێک ئۆتۆمۆبێلەکەی ڕابگرێ، بۆ ماوەی نیو کاتژمێر چاوەڕوانی تێپەڕینی ئەوان بێت. دەبابە نشینێکی ترسناک کە جلی سوپایی مەیلەو ڕەشی لەبەردابوو، لەسەر چوار ڕێیانەکە ڕاوەستابوو، ڕێنوێنی هاتن و چوونی ئۆتۆمۆبێلەکانی دەکرد. دەتگوت هەموو شەقامەکانی بوهێم بە هی خۆی دەزانێت.

تۆماس بە زمانی ئەڵمانی «پێویستە»ی دەگوتەوە، بەڵام زۆر زوو تووشی گومان و دڕدۆنگی ببوو: ئایا بە ڕاست پێویست بوو؟

مانەوە لە زوریخ، لە کاتێکدا ترێزا بە تەنیا لە پڕاگ بوو، بەلای تۆماسەوە لەتاقەت بەدەربوو. باشە ئەو لە کەیەوە ئازاری هاودەردی کێشابوو؟ هەموو ژیانی؟ ساڵێک؟ مانگێک؟ یان هەفتەیەک؟

چۆن دەیتوانی لەوە بگات؟ چۆن دەیتوانی ئەوە لێک بداتەوە؟

هەر قوتابییەک بۆ ئیسپاتی گریمانەیەکی زانستی فیزیک، دەتوانێ دەست بە تاقیکردنەوە بکات، بەڵام مرۆڤ لەبەر ئەوەی کە تەنیا جارێک دەژی، بە هیچ شێوەیەک ناتوانێ بەپێی ئەزموونەکانی خۆی ڕاستی گریمانەیەک بسەلمێنێت. بۆیە هەرگیز لەوە ناگات، کارێکی چاکە یان خراپ، کەئەگەر شوێن هەستی خۆی بکەوێت.

کاتێک دەرکەی ئاپارتمانەکەی کردەوە هێشتا نوقمی بیر و خەیاڵاتەکەی بوو. کارنین خۆی فڕێدایە باوەشی و دیداری دووبارەی بۆ ئاسان کردەوە. مەیلی لە باوەشگرتنەوەی ترێزا (ئەو مەیلە کە کاتی سواربوونی ئۆتۆمۆبێلەکەی لە زوریخ، هەستی پێکردبوو) بە تەواوی سڕدرابۆوە. ئەو لە بەرامبەر ترێزا، لە دەشتێکی پڕ لە بەفر ڕاوەستابوو، هەردووکیان لە سەرمادا هەڵدەلەرزین.

## ١٧

فرۆکە ڕووسییەکان لە یەکەم ڕۆژی داگیرکردنەکەوە، هەموو شەوێک بە ئاسمانی پڕاگدا دەفڕین، تۆماس کە خووی بەوەوە نەگرتبوو خەوی لێنەدەکەوت.
ئەو لە پاڵ ترێزای خەوتوودا، شانەو شانی دەکرد. بیری لەو قسەیە دەکردەوە کە ساڵانێک لەوەوبەر ترێزا پێی گوتبوو. ئەوان باسی «ز»ێی هاوڕێیان دەکرد، کە ترێزا پێی گوت: «ئەگەر تۆم نەناسیایە، بێگومان ئەوم خۆشدەویست.»
هەر ئەو دەمەش، ئەو قسە تۆماسی خستبووە ناو خەمێکی قووڵەوە. لە پڕ لەوەگەیشت کە ترێزا تەواو بە ڕێکەوت عاشقی ئەو بووە، دەکرا لەبری ئەو، شەیدای هاوڕێکەی ببێت. وێڕای عەشقی ئەو بۆ تۆماس کە ڕووی دابوو، ( لە هەرێمی ئەگەرەکاندا) ئەگەری بێ ئەژمار جار عەشقی ترێزا بۆ خەڵکی تر لەئارادا بوو.
هەموومان خۆمان لەو فکرە دەدزینەوە کە تاقە عەشقی ژیانمان شتێکی سووک و بێ کێش بێت. پێمان وایە عەشقی ئێمە هەمان شتە کە بێگومان دەبوو ببێت. پێمان وایە بێ ئەو عەشقە ژیانمان دۆڕاندووە. بە خۆمانی دەسەلمێنین کە بتهۆڤنی خەمبار، بە قژی پەرێشانەوە کوارتێتی «پێویستە»ی بە تایبەت بۆ عەشقی گەورەی ئێمە داناوە. تۆماس بیری بۆچوونەکەی ترێزا لە بارەی «ز»ێی هاوڕێی دەکەوتەوە، ئەو دەیدی کە «پێویستە»، موتیڤی سەرەکی تاقانە چیرۆکی عەشقی ئەو نەبووە، بەڵکو «دەیتوانی بە شێوەیەکی تر ڕوویدات » مۆتیڤی سەرەکی ئەو بووە.
بۆیە بە هەموو ڕووداوی عەشقەکەیاندا چووەوە.
حەوت ساڵ لەوەوبەر «بەڕێکەوت» کەسێک لە نەخۆشخانەی ئەو شارە کە ترێزای لێ دەژیا، تووشی وەرەمی مۆخ[١٢] ببوو. سەرۆکی نەخۆشخانەکە بە پەلە بۆ ڕاوێژ پێکردن بانگکرابوو. بەڵام سەرۆکی نەخۆشخانە «بەڕێکەوت» خۆی نەخۆشی سیاتیکی بوو، نەیدەتوانی بجووڵێت. بۆیە لەبری خۆی تۆماسی نارد. تۆماس لە سەر پێنج میوانخانەی ئەو شارە، «بەڕێکەوت» چوو بۆ ئوتێلێک کە

١٢- نوخاع

ترێزا کاری لێ دەکرد. بەر لەوەی بچێت بۆ نەخۆشخانەکە «بەڕێکەوت» چەند خوولەکێک دەرفەتی بۆ خواردنەوەی بیرەیەک بوو. ئەو کاتە «بەڕێکەوت» کاتی کارکردنی ترێزا بوو، ئەو دیسان «بەڕێکەوت» بەرپرسی مێزەکەی تۆماس بوو. کەواتە بۆ نزیکبوونەوەی ئەو لە ترێزا، ئەم زنجیرەی شەش «ڕێکەوتە» پێویست بوو. وەها کە ئەگەر بە دەست خۆی بوایە بۆ هیچ کوێ نەدەچوو.

ئێستا ئەو لەبەر ترێزا گەڕابۆوە بۆ بوهێم. بڕیارێکی ئەوەندە قەدەری لەسەر بنەمای عەشقێکی ئێجگار «ڕێکەوت»ی بونیاد نرابوو. عەشقێک کە بەبێ نەخۆشی سیاتیکی سەرۆکی بەشەکە، تەنانەت نەدەبوو. ئێستا ئەم ژنە، ئەم وێنای «ڕێکەوتی ڕەها»یە، لە پاڵیدا خەوتبوو، لە خەودا هەناسەی قووڵی هەڵدەکێشا.

شەو ڕادەشکا. تۆماس هەستی بە ئێشی دڵی دەکرد، ئەو ئێشە کە لە کاتی هەڵچووندا تووشی دەبوو. هەناسەی ترێزا بۆ ماوەی یەک دوو خوولەک وەک پرخەیەکی ئارامی لێهات. تۆماس ئیتر هەستی بە هاودەردی نەدەکرد، بەڵکو هەستی بە زەختێک لە بەشی بەتاڵی سکی، خەم و نائومێدییەکی زۆر لە گەڕانەوەی دەکرد.

# بەشی دوو
# لەش و گیان

## ١

قسەیەکی بێهوودەیە ئەگەر نووسەرێک پێمان بڵێ کەسایەتی کتێبەکەی ژیانی واقیعی هەیە. چونکە کەسایەتی کتێبەکان لە داوێنی هیچ دایکێک نەکەوتوونەتە خوار، بەڵکو لە وشەگەلی بیر ڕاکێش، یان ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ هەلومەرجە سەرەکییەکان، هاتوونەتە بوون. تۆماس لەو پەندە ئەڵمانییە بووە کە دەڵێ «جارێ حسێب نییە[١٣]»، ترێزاش داهاتی قۆڕە قۆڕی سکی خۆیەتی.
یەکەمجار کە ترێزا لە دەرگای ئاپارتمانەکەی تۆماس چووە ژوورەوە، قۆڕە قۆڕێک لە سکییەوە هات. ئەم قۆڕە قۆڕە شتێکی سەیر نەبوو، چونکەترێزا نیوەڕۆژە و شێوی نەکردبوو، بەیانی زوو، بەر لەوە لە وێستگە سوار قەتار ببێت، تەنیا بابۆڵەیەکی خواردبوو. ئەو ئەوەندە لە بیری سەفەرە ئازایانەکەی خۆیدا بوو کە نانخواردنیشی لە بیر چووبۆوە. بەڵام ئەم گوێ بەخۆ نەدانە، زۆر بەئاسانی ئێمەفیدای لەشمان دەکات. بێگومان ئازاری بیستنی دەنگە دەنگی ڕیخۆڵەکانی لەلای تۆماس ناگێڕێتەوە! زۆری نەمابوو فرمێسک بەچاویدا بێتەخوار. خۆشبەختانە پاش چەند چرکەیەک، تۆماس لە باوەشی گرت و ترێزا دەنگە دەنگی ڕیخۆڵەکانی لەبیرچۆوە.

## ٢

کەواتە، ترێزا داهاتی هەلومەرجێکە کە بە گرژی، دووانەی لە ئاشتبوونەوە نەهاتووی لەش و گیان (ئەم ئەزموونە بونیادییە ئینسانییە) ئاشکرا دەکات.
لە ڕابردوویەکی زۆر دوور، مرۆڤ بە سەرسامییەوە گوێی لە ترپەی دڵی دەگرت و لە مانای ئەم دەنگە دەنگە بەردەوامەی دەکۆڵییەوە. ئەو نەیدەتوانی خۆی و لەشی ــ شتێکی تا ئەو ڕادە بێگانە و نەناسراوە ــ بە یەک بزانێت. لەش، ئەو قەفەسە بوو کە شتێکی تیا شاردرابۆوە، مرۆڤ سەیری دەکرد، گوێی لێدەگرت ، بیری لێ دەکردەوە و سەری دەسووڕما. ئەوەی کە لە پاش لەشی

١٣- Einmal ist keinmal

دەمایەوە گیان بوو.
ئەڵبەت ئەمڕۆ، لەش ئەو شتە نەناسراوەی جاران نییە، ئێمە دەزانین ئەوەی کە خۆی بە سنگماندا دەکوتێت، دڵە. لووتیش کۆتایی ئەو لوولەیەیە کە ئۆکسجین بە سییەکانمان دەگەیەنێت. ڕوومەتیش هیچ نییە، جگە لە ئامێری تۆمارکردنی میکانیزمەکانی وەک هەزم، بینین، بیستن، پشوودان و بیرکردنەوە.
لەو دەمەوە کە مرۆڤ هەموو ئەندامەکانی خۆی ناسیوە، لەشی کەمتر تووشی گرفت و نیگەرانی دەکات. هەموو کەسیش دەزانێت کە گیان لە ئەنجامی چالاکی گەردیلە خۆڵەمیشییەکانی مێشک دەردەکەوێت. دووانەی لەش و گیان (کە خۆی لە پشت زاراوە زانستییەکانەوە دەشاردەوە) ئیمڕۆ پێش داوەرییەکی ناتەبا و گاڵتەجاڕانەیە.
بەڵام ئەگەر کەسێک شێتانە عاشق ببێ و قۆڕە قۆڕی ڕیخۆڵەکانی خۆی ببیستێ، دەستبەجێ یەکگرتوویی لەش و گیان، ئەم بۆچوونە ئیلهام بەخشەی چاخی زانست، لە زیهنی دەسڕێتەوە.

٣

ترێزا تێدەکۆشا لە میانەی لەشییەوە سەیری خۆی بکات. بۆیە بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ لەبەر ئاوێنەدا دەمایەوە. بەڵام چونکە دەترسا دایکی پێی بزانێت، ئاوێنەکە شوێن پێی تاوانێکی شاراوەی لە نیگایدا دەنواندەوە.
نەوەک خۆنواندن، بەڵکو جۆرێک سەرسامی کە بەرئەنجامی کەشف و دۆزینەوەی خودی خۆی بوو، ترێزای بەرەو ئاوێنەکە دەبرد. لە بیری دەچووەوە کە ئەوە ڕوومەتی خۆیەتی کە دەیبینێت. پێی وابوو ئەوە ڕۆح و گیانە کە لە شێوەی ڕوومەتیدا دەردەکەوێت. فەرامۆشی دەکرد لووتی کۆتایی ئەو لوولانەیە کە هەوا بە سییەکانی دەگەیەنن. ئەو لە ئاوێنەدا وەسفی ڕاستەقینەی سروشتی خۆی دەبینی.
لە ئاوێنەکەدا بۆ ماوەیەکی زۆر لەخۆی ورد دەبۆوە، جاروبار لە ڕوومەتیدا ڕووخساری دایکی دەبینی. ئەمە نیگەرانی دەکرد. لەو کاتانەدا بە قیرسیچمەییەوە لە ئاوێنەکەی دەڕوانی و هەوڵی دەدا سیمای دایکی لە ڕوومەتی بسڕێتەوە، تەنیا

خۆی بهێڵێتەوە. ئەو ساتانە کە لەم هەوڵەیدا سەردەکەوت، ساتەوەختێکی پڕ خۆشی بوون: ڕۆح لەسەر لەش دەردەکەوت، وەک خزمەتکارەکانی پاپۆڕێک کە پاپۆڕەکە بەجێدەهێڵن و بە دەوری بەندەرەکەدا دەستیان بەرەو ئاسمان هەڵدەبڕن و گۆرانی دەخوێنن.

٤

ترێزا نەوەک هەر لەشی لە لەشی دایکی دەچوو، بەڵکو هەندێک جار وا هەست دەکەم ژیانیشی لە بەردەوامی ژیانی دایکیدا بێت، وەک ئەو مەودایە کە تۆپی یاری بیلیارد بە شوێن زەربەی باسکی یاریکەرێکدا دەیبڕێت.

ئەم جووڵەیە دەسپێکی ژیانی ترێزا بوو، کەی و لە کوێ دەستی پێدەکرد؟ بێگومان لەو ساتەوە دەستی پێکرد کە باوەگەورەی ترێزا، بازرگانێکی خەڵکی پڕاگ، بۆ یەکەمجار مەدحی جوانیی کچەکەی خۆی، واتە دایکی ترێزای، لە لای خۆی کرد. ئەو دەمە دایکی ترێزا سێ یان چوار ساڵانە بوو، باوکی پێی گوت کە لە تابلۆی نەقاشی حەزرەتی مریەم دەچێ، کە ڕافائیل کێشاویەتی. دایکی ترێزا، لەو تەمەنی چوار ساڵییەدا ئەم قسەیەی بە زهنی سپاردو دواتر لەسەر کورسی قوتابخانە لە بری ئەوەی گوێ لە مامۆستاکەی بگرێت، لە خۆی دەپرسی: لە کام تابلۆی نەقاشی دەچێت؟

کە کاتی شووکردنی هات، نۆ کەس خوازبێنیان لێکرد. هەموویان بە شێوەیەکی بازنەیی لە دەوری کۆدەبوونەوە، ئەویش وەک شازادەیەک لە ناویاندا ڕادەوەستا و نەیدەزانی کامەیان هەڵبژێرێت. یەکەم کەسیان جوانتربوو، کەسی دووەهەم ڕووخۆشتر بوو. کەسی سێهەم ساماندار تر، کەسی چوارەم وەرزشکار تر، کەسی پێنجەم لە بنەماڵەیەکی باش بوو، کەسی شەشەم گەلێک شیعری لەبەر بوو، کەسی حەوتەم هەموو شوێنێکی ئەم دنیایە گەڕابوو، کەسی هەشتەم بە باشی ڤیالۆنی دەژەند، کەسی نۆهەمیش لە هەموویان «پیاوتر»بوو. بەڵام گشتیان بە شێوەیەک چۆکیان دا دەدایەوەو ئەژنۆی گشتیان وەک یەک بلۆقی کردبوو. ئەو سەر ئەنجام کەسی نۆهەمی هەڵبژارد. ئەڵبەت ئەم هەڵبژاردنە بۆ ئەوە نەبوو کە لە هەموویان پیاوتر بوو، بەڵکو چونکە لە کاتی عەشقبازیدا

سکی لە ئەو پڕ ببوو، ناچار بوو شووی پێ بکات.
بەمشێوە ترێزا لە دایکبوو. ئەندامانی بنەماڵە لە گشت لایەکی وڵاتەوە هاتبوون، بەسەر لانکەی کۆرپەکەدا دەنەوینەوە، بە گوێی یەکدا دەیانچرپاند. بەڵام دایکی بە گوێی کەسدا نەیدەچرپاند. ئەو بێدەنگ بوو، بیری لەو هەشت خوازبێنی کەرەی تر دەکردەوە، کە هەموویان لە کەسی نۆهەم باشتر بوون.
دایکی ترێزا، وەک کچەکەی زۆر حەزی دەکرد لە ئاوێنەدا سەیری خۆی بکات. ڕۆژێک چرچ و لۆچی بە دەوری چاوییەوە بینی، بەخۆی گوت شووکردنەکەی هەڵە بووە. ئەو پاشان پیاوێکی بینی کە ئەسڵەن پیاوتر نەبوو، ساختەچییەک بوو کە دوو ژنی تەڵاق دابوو. دایکی ترێزا لەو عاشقانە بێزار بوو کە ئەژنۆیان بلۆق دەکات، بەڵام هەستی دەکرد بۆخۆی زۆر حەزی لە چۆک دادانە. بۆیە لە ئەنجامدا لە ئاست ئەم پیاوە ساختەچییە بە چۆکدا هات و مێردەکەی و ترێزای بەجێهێشت.
ئەوەی کە لە هەمووان پیاوتر بوو، لە هەمووشیان زیاتر تووشی مەینەتی بوو. ئەو ئەوەندە خەمبار بوو کە هەموو شتێک بەلایەوە چوونیەک دەینواند. بیری لە هەرشتێک بکردایەتەوە، لە هەموو جێیەک بەدەنگی بەرز دەری دەبڕی. بۆیە پۆلیسی کۆمۆنیست، لەبەر بیرکردنەوەی چەوتی، گرتی و لە زیندانیان ڕۆکرد. ترێزاش لە ئاپارتمانە مۆر ومۆمکراوەکە دەرکراو چوو بۆ لای دایکی.
پاش ماوەیەک خەمبارترین پیاو لە زینداندا مرد، ترێزا و دایکی لەگەڵ کابرای ساختەچی، لە شارێکی بچووکی نزیک کوێستانماڵیان پێکەوەنایەوە. زڕباوکەکەی ترێزا کارمەند بوو، دایکیشی فرۆشیاری دووکانێک بوو. دایکی سێ منداڵی تریشی ببوو. ڕۆژێک کە لە ئاوێنەدا سەیری خۆی دەکرد، زانی پیر و کەنەفت بووە.

## ٥

دایکی ترێزا کاتیک زانی هەموو شتێکی لە کیس چووە، بە شوێن تاوانباردا گەڕا. لە ڕاستیدا هەموو تاوانبار بوون. یەکەم مێردی، ئەو پیاوە بە ورەو لەبەر دڵانەش تاوانبار بوو، چونکە بێمەبالاتی کردبوو، ئاوسی کردبوو.

مێردی دووهەمیشی کە پیاوێکی لاواز و لەبەر دڵان بوو، ئەویش ئەوی بۆ شارێکی بچووکی دوور لە پڕاگ بردبوو، لەوێش بەردەوام بە شوێن ژنانەوە بوو، دایکی ترێزای ناچار بە دڵپیسی و حەسوودی دەکرد. ئەو لە بەرامبەر هەردوو مێردەکەیدا چەک کرابوو. ترێزا تاکە کەسێک بوو کە هی خۆی بوو، نەیدەتوانی لە دەستی هەڵبێت. ئەو بارمتەیەک بوو کە دەبوو لەبری هەمووان سزا بدرێت.

وێڕای ئەوەش، ڕەنگە ئەو لەبەرامبەر چارەنووسی دایکیدا بەرپرس بووبێت. ئەو لە یەکگرتنی گەوجانەی شەهوەتی پیاوترینی پیاوەکان و تۆوی جوانترینی ژنەکان، هاتبوونە بوون. لەو ساتە چارەنووس سازەدا کە ترێزای لێهاتەبوون، دایکی ماراتۆنی تەمەنی بەفیرۆچووی خۆی دەست پێکرد.

دایکی، ماندوو نەناسانە لە ترێزای دەگەیاند، کە دایکبوون بەمانای هەموو شتێک فیداکردنە. بۆچوونە سەلماندووەکانی دایکی، باسی ئەزموونی ژنێکی دەکرد کە هەموو شتێکی لەبەر منداڵەکەی لە کیس چوو بوو. ترێزا گوێی لێدەگرت و بڕوای بەوەبوو کە بەرزترین بەهای ژیان دایکبوونە، دایکایەتی فیداکارییەکی گەورەیە. کەواتە ئەگەر دایکبوون فیداکارییە، کچ بوونیش تاوانێکی لە قەرەبوو نەهاتووە!

## ٦

ئەڵبەت ترێزا بە چیرۆکی ئەو شەوەی نەدەزانی کە دایکی چێژی لە بوونی باوکی بینیبوو. ترێزا خۆی بە تاوانبار دەزانی، بەڵام تاوانەکەی، وەک تاوانی ئادەم و حەوا پێناسە نەدەکرا. ئەو لە پێناوی سزای ئەو تاوانەیدا هەموو کارێکی دەکرد. چونکە دایکی لە قوتابخانە دەریکردبوو، لە تەمەنی پانزە ساڵییەوە پێشخزمەتی دەکرد، مووچەکەشی دەدا بە دایکی. ئەو لە پێناوی خۆشویستنی دایکیدا ئامادەبوو هەموو کارێک بکات: ماڵداری دەکرد، ئاگای لە خوشک و براکانی بوو، هەموو ڕۆژانی یەکشەممەیەک، خەریکی شوشتن و خاوێنکردنەوە بوو. بەڵام ئەم ژیانە جێی داخبوو. ترێزا لە قوتابخانە بە بەهرەترین قوتابی پۆلەکەی بوو، حەزی لە پێشکەوتن دەکرد. بەڵام لەم

شارە بچووکەدا چۆن دەیتوانی پێش بکەوێت؟ ئەو لە کاتی دەفر شوشتن، کتێبێکی لەگەڵ خۆی دەبرد بۆ حەمام، کاتێک لەوێ لاپەڕەی هەڵدەدایەوە، ئاو کتێبەکەی تەڕ دەکرد.
شەرم و حەیا لە ماڵەکەیان باریکردبوو. دایکی لە جلوبەرگ پۆشیندا گوێی بە شەرم و حەیا نەدەدا. جاروبار بە بێ مەمکدان، تەنانەت ڕۆژانی هاوین بە ڕووتوقووتی بە ناو ئاپارتمانەکەدا دەسووڕایەوە. زڕباوکەکەی بە ڕووتی بەملا و ئەولادا نەدەڕۆیشت، بەڵام هەمیشە چاوەڕوان بوو ترێزا بچێت بۆ حەمام، تا ئەویش خۆی بە ژووری حەمامەکەدا بکات. ڕۆژێک کە ترێزا دەرکەی حەمامەکەی بە کلیل داخستبوو، دایکی بە توندی لێی تووڕەبوو:
« پێتوایە کێیت؟ پێتوایە چییت؟ بۆ پێتوایە کەسێک دەیەوێ بتخوات!؟»
(ئەمە دەری دەخست کە ڕقی دایکی لە کچەکەی زۆر زیاتربوو لە حەسوودی بەرامبەر بە مێردەکەی. تاوانی کچەکەی زۆر گەورەبوو، تەنانەت بێوەفایی پیاوەکەشی بەشێک لەو تاوانە بوو. لە ئەنجامدا، دایکی دەیتوانی ئیجازەی ئەوە بە مێردەکەی بدات کە بە سیلەی چاو سەیری کچەکەی بکات، بەڵام نەیدەتوانی ئیجازە بە کچەکەی بدات کە سنووری خۆی تێپەڕێنێ و بوێرێت داوای مافی خۆی بکات، تەنانەت ئەگەر ئەو مافە قفڵکردنی دەرکەی حەمامیش بێت.)
دایکی ڕۆژێکی زستان، لە ژوورێکی ئاپارتمانەکە، لەبەر ڕۆشنایی گڵۆپەکەدا دەڕۆیشت. ترێزا، چونکە نەیدەویست کەس لە ماڵەکەی ئەوبەرەوە دایکی ببینێ، هەڵات و پەردەی پەنجەرەکەی دادایەوە. ئەو لە پشت سەری خۆیەوە گوێی لە قاقای پێکەنینی دایکی بوو. ڕۆژی دوایی چەند کەس بۆ بینینی دایکی هاتن. دراوسێیەک، هاوکارێکی دووکان، مامۆستایەکی گەڕەک و دوو یان سێ ژنی تر کە بەردەوام لە دەوری یەک کۆدەبوونەوە. ترێزا لەگەڵ کوڕی شانزە ساڵەی یەکێک لەو ژنانە، بۆ ساتێک خۆی بە ژوورێدا کرد. دایکی ئەو هەلەی قۆستەوە و بۆ هاورێکانی گێڕایەوە کە کچەکەی چۆن ویستوویەتی حەیای دایکی بپارێزێت. ئەوسا ئەو و هەموو ژنەکان بە دەنگی بەرز پێکەنین. دایکی درێژەی بە قسەکانیدا:

«ترێزا نایەوێ تێبگات کە لەشی مرۆڤ هەم میز دەکات و هەم بای لێ دەبێتەوە... ئەمە کوێی خراپەکەیە؟!»
هاوکات لەگەڵ ئەوە کە وەڵامی پرسیارەکەی خۆی دەدایەوە، تڕێکی لێ بەربوو. هەموو ژنەکان پێکەنین و ترێزا لە شەرمان سوور بۆوە.

٧

دایکی بە دەنگە دەنگ و فینکە فینک چڵمی دەسڕێ، وردەکارییەکانی ژیانی بۆ خەڵک دەگێڕێتەوە، تاقمی ددانەکانی نیشان دەدا، ئەوسا بە چابوکییەکی سەیر زمانیان ژێر دەخات و دەریان دێنێ، وەها کە کاکیلەی سەرووی دەکەوێتە سەر ددانەکانی لای خوارووی و ڕوومەتی شادی دەلەرزێت.

ڕەفتار و هەڵسوکەوتی ئەوەندە ڕەق و توندە، حاشا لە گەنجی و جوانییەکەی دەکات. ئەو دەمە کە نۆ پیاوی خوازبێنیکەر بە دەوریدا چۆکیان دادەدا، بە وەسواس و وردبینییەوە ئاگای لە ڕووتی خۆی بوو، شەرم و حەیای بە پێوەری ڕێزگرتن لە لەشی خۆی دەزانی. ئێستا ئەگەر تەواو بێ حەیابووە، لەبەر ئەوەیە کە بەبێ شەرمییەوە خەتی ڕاست و چەپی بەسەر ژیانیدا کێشاوە، بە دەنگی بەرز هاوار دەکات گەنجی و جوانی، کە جاران زۆری بەها پێ دەدان، لە ڕاستیدا هیچ بایەخێکیان نییە.
بەڕای من ترێزا بەردەوامی ئەم ڕەفتارەیە، ئەم ڕەفتارەی دایکی، کە ژیانی ئەو ژنە گەنج و جوانەی ڕابردووی توور هەڵداوە.
(ئەگەر ترێزاش ڕەفتارێکی عەسەبی هەیە، ئەگەر لە جموجووڵیدا ئاسوودەیی و شیرینی نابینرێ، شتێکی سەیر نییە. چونکە خودی ترێزا هیچ نییە، جگە لە ڕەفتاری توند و پێشێلکاریی دایکی.)

٨

دایکی داوای مافی خۆی و سزادانی تاوانبار دەکات. پێ لەسەر ئەوە دادەگرێت کە کچەکەی، لەم دنیای بێ شەرمییەدا لەگەڵی بمێنێتەوە. لە شوێنێک کە

گەنجی و جوانی بێ مانایە، لە شوێنێک کە دنیا بۆ لەشە چوونیەک و ڕۆحە بزرەکان، کەمپێکی گەورەی کاری زۆرە ملەیە.

ئێستا دەتوانین باشتر لە مانای عەیبی شاراوەی ترێزا، واتە ڕاوەستانی بەردەوامی لەبەر ئاوێنە، تێبگەین. ئەم کارەی ئەو لە ڕاستیدا شەڕکردن بوو لەگەڵ دایکی. هەروەها ئاواتەخوازی بۆ بوونی لەشێک کە وەک لەش و لاری خەڵکی تر نەبێت، ئەو بتوانێت لە سەر ڕوومەتی، کەژاوەی بەشکۆی ڕۆحی ئاشکرابووی خۆی ببینێت. ئەمە کارێکی سادە نەبوو. چونکە ڕۆح، خەمبار و ترساو و بەلەسە لە دەروونی ترێزادا خۆی دەشاردەوە، شەرمی دەکرد خۆی بنوێنێت.

ئەو ڕۆژەش کە بۆ یەکەمجار لەگەڵ تۆماس ڕووبەڕوو بۆوە، حاڵی بەمشێوە بوو: لە ڕیستۆرانەکەدا، بە چابوکی بە ناو خەڵکە سەرخۆشەکەدا ڕێی خۆی دەکردەوە. لە ژێر قورسایی کەشەفەی پڕ لە پەرداخی بیرەدا نەوییبۆوە، ڕۆح لە دەروونیدا خەوتبوو. لەم کاتەدا گوێی لە دەنگی تۆماس بوو کە بانگی دەکرد. ئەو دەنگە بەلایەوە گرنگ بوو، چونکە لە لایەن کەسێکەوە بوو کە نە دایکی دەناسی، نە ئەو کەسە سەرخۆشانە کە هەموو ڕۆژێک قسەی ناحەز و پیسی ئەوانی دەبیست. دۆخی نەناسراوبوون، ڕێز و حورمەتێکی زیاتری بە خاوەنی ئەو دەنگە دەبەخشی.

هەروەها شتێکی دیکەش، ئەو کتێبە بوو کە لەسەر مێزەکەی تۆماس کرابۆوە. لەم ڕیستۆرانەدا هەرگیز کەس کتێبێکی کراوەی لەسەر مێزەکە دانەنابوو. ترێزا ئەو کتێبەی وەک نیشانەی ناسینی دۆستییەکی شاراوە وەرگرت. لەبەرامبەر ئەو دنیا پڕ لە قێزەونییەی دەوروبەری، تاکە چەکی ترێزا ئەو کتێبانە بوون کە لە کتێبخانەی شارەوانی بە ئامانەت وەریدەگرتن. بە تایبەت ڕۆمان. ئەو گەلێک کتێبی خوێندبۆوە. لە «فیلدینگ»ەوە بگرە تا «تۆماس مان». کتێب دەرفەتی هەڵاتن لە جۆرێک ژیانی پێدەدا کە پێی ڕازی نەبوو. کتێب وەک هەموو شتێکیش مانایەکی تایبەتی بۆ ئەو بوو: حەزی دەکرد کاتێک کتێبێکی لە بن باڵدایە بە شەقامەکاندا بگەڕێت. کتێب بۆ ئەو وەک گۆچانێکی زەریف بوو، کە خەڵکی ناوداری سەدەی ڕابردوو بە دەستییانەوە دەگرت. کتێب ئەوی

لە خەڵکی تر جیادەکردەوە.
(شوبهاندنی کتێب بە گۆچانی زەریفی خەڵکی ناودار، شتێکی ڕاست نییە. گۆچان نیشانەی تایبەتی کەسی ناودار بوو کە کەسایەتییەکی تازە و مۆدەی ڕۆژی پێ دەبەخشی. ئەگەرچی کتێب ترێزای لە ژنانی تر جیادەکردەوە، بەڵام وەک کەسێکی قەدیمی و دواکەوتووی دەنواند. ئەڵبەت ئەو زۆر گەنج بوو، بەو شتانەی نەدەزانی کە ئیتر مۆدەی ڕۆژ نەبوون. ئەو گەنجانەی بە گەوجی دەزانی کە بە ڕادیۆە ترانزیستۆری پڕ هەراو هوریاوە دەگەڕان. لەوە نەدەگەیشت کە ئەوان گەنجانی مۆدی ڕۆژن.)
کەواتە ئەو پیاوە کە بانگی دەکرد، لە یەک کاتدا هەم نەناسیاو و هەم ئەندامی تاقمێکی دۆستانەی شاراوە بوو. ئەو بە ئەدەبەوە دەدوا، ترێزا هەستی دەکرد کە ڕۆحی، بە هۆی هەموو دەمار و ڕەگ و دەرووەکانەوە خۆی دەنوێنێت، تا ئەو پیاوە بیبینێت.

## ٩

تۆماس، لە کاتی گەڕانەوە لە زوریخ بۆ پراگ، ئەو بیرە پەرێشانی دەکرد کە ڕووبەڕوو بوونەوەی لەگەڵ ترێزا لە ئەنجامی شەش ڕێکەوتی ڕێتێنەچوو بووە.
بەڵام بە پێچەوانەوە، ئایا ڕووداوێک هەرچی زیاتر ڕێکەوت بێت، گرنگ تر و پڕمانا تر نییە؟
شانس و تەنیا شانسە کە پەیامێکی بۆ ئێمە پێیە. ئەوەی بە هۆی پێویستییەوە ڕوو دەدا، ئەوەی کە چاوەڕوانی دەکرێ و هەموو ڕۆژێک دووبارە دەبێتەوە، شتێکی بێدەنگ و خامۆشە. تەنیا شانسە کە دەدوێت، هەموو کەس هەوڵدەدا لێکیبداتەوە و تەفسیر و ڕاڤەی بکات، هەروا کە قەرەچەکان لە بنکی فنجانێکدا ئەو دیمەنانە لێکدەدەنەوە کە لە قاوەکە ماوەتەوە.
بوونی تۆماس لە ڕیستۆرانی ئەو ئوتێلە، بۆ ترێزا دەرکەوتنی شانسێکی ڕەهابوو. ئەو لە کاتێکدا بە تەنیا لە پاڵ مێزێک دانیشتبوو کتێبێکی لە بەرامبەر بوو، سەیری ترێزای کرد و پێدەکەنی: «تکایە کۆنیاکێک!»

لەو کاتەدا لە ڕادیۆوە دەنگی موزیک بڵاو دەبۆوە. ترێزا چوو کۆنیاک بهێنێت. دوگمەی مەکینەکەی سووڕاند تا مەشرووبێکی زیاتر بچێتە پەرداخەکەوە. ئەو موزیکەی بتهۆڤنی ناسییەوە. لەو دەمەوە کە ئۆرکسترایەکی چوار کەسە هاتبوو بۆ شارەکەیان، ئەو موزیکەی دەناسی. ترێزا، هەروا کە دەزانین خۆی بە پێشکەوتوو دەزانی، دەچوو بۆ کۆنسێرت. ئەو جارە هۆڵی کۆنسێرتەکە چۆڵبوو، تەنیا ئەو و دەرمانفرۆش و ژنەکەی لەوێ بوون. ئۆرکسترا چوار کەسییەکە تەنیا سێ گوێگری هەبوو. بەڵام وێڕای کەمی بیستەرەکان، ژەنیارەکان بەوپەڕی میهرەبانییەوە هەر ئەو شەوە سێ پارچەی کۆتایی کوارتێتەکانی بتهۆڤنیان دەژەند.

پاش ئەوەی کۆنسێرتەکە تەواو بوو، کابرای دەرمانفرۆش ژەنیارەکانی بۆ نانی شەو دەوەت کرد و داوای لەو گوێگرە نەناسیاوەش کرد کە لەگەڵیان بێت. ئەو شەوە بتهۆڤن بۆ ترێزا وێنەی دنیای «ئەوبەری» بیر دەخستەوە. وێنەی دنیایەک کە بە ئاوات دەیخواست. ئێستاش، لە کاتێکدا بە پەرداخی کۆنیاکەوە بەرەو تۆماس دەگەڕایەوە، هەوڵی دەدا پەیامی ئەم شانسە لێکبداتەوە. بۆ لەو کاتەدا کە پەرداخی کۆنیاک بۆ ئەو پیاوە نەناسیاوە کە سەرنجی ڕاکێشاوە دەبات، موزیکی بتهۆڤن بڵاو دەبێتەوە؟

شانس و ڕێکەوت ـ نەک پێویستی ـ زۆر شتی ئاوا سەیر و سەمەرەی پێیە. بۆ ئەوەی عەشقێک لەبیر نەچێتەوە، ڕووداوەکان دەبێ هەر لەو یەکەم ساتانەوە، وەک باڵندەکانی سەر شانی «فرانسۆوا د ئەسیز[١٤]» پێیەوە بلکێن.

## ١٠

تۆماس بۆ ئەوەی پارەکەی بداتێ بانگیکرد. کتێبەکە (نیشانەی ناسینەوەی دۆستایەتییەکی شاراوە)ی لێکنا. ترێزا پێی خۆشبوو بزانێ ئەو مشتەرییە نەناسیاوە چی دەخوێنێتەوە.

تۆماس پرسی:

«دەتوانی بیخەیتە سەر حسێبی ژوورەکەم؟»

---

١٤- Saint Francois d Assise

ترێزا گوتی:

«بێگومان. ژمارەی ژوورەکەت چەندە..؟»

تۆماس ئەو کلیلەی نیشاندا کە بە کوتێک تەختەوە بەربووبۆوە، بە ڕەنگی سوور ژمارەی شەشی لەسەر کێشرابوو.

ترێزا گوتی:

«سەیرە، تۆ لە ژووری ژمارە شەشی؟»

تۆماس پرسی:

«بۆ سەیرە؟»

ترێزا بیری کەوتەوە کاتێک لە پڕاگ لەگەڵ دایک و باوکی (بەر لەوەی لێک جیا ببنەوە) دەژیا، ژمارەی ماڵەکەیان شەش بوو. بەڵام شتێکی تری گوت (و ئێمەش ئەو زیرەکییەی ستایش دەکەین.)

«تۆ لە ژووری ژمارە شەشی، منیش سەعات شەش کارم تەواو دەبێت.»

ترێزا ئیتر نەیدەزانی دەبێ چی بڵێت. کاغەزی حساباتەکەی پێدا کە ئیمزای بکات. پاشان لێی وەرگرتەوە و ڕۆیشت. کە کاتژمێری کارکردنەکەی تەواو بوو، تۆماس مێزەکەی چۆڵ کردبوو. ئایا لەو پەیامە نهێنییەی گەیشتبوو؟ ئەو لە کاتێکدا ڕیستۆرانەکەی بەجێ دەهێشت، عەسەبی بوو.

لە بەرامبەر ڕیستۆرانەکە، لە ناوەڕاستی ئەم شارە بچووک و پیسە، پارکێکی بێدەنگ و بچووکی لێبوو، کە ئەو هەمیشە بە سووچێکی جوانی دەزانی. ئەم پارکە بریتیبوو لە چیمەنێک و چوار داری سنەوبەر و چەند کورسیی لاکێشەیی و شۆڕەبییەک و هەندێک گوڵی «فۆرسیتیا[١٥]».

تۆماس بەرامبەر بە دەرکەی ڕیستۆرانەکە، لەسەر کورسییەکی زەرد دانیشتبوو. ئەوە هەمان کورسی بوو کە ترێزا ڕۆژێک پێشتر، لە کاتێکدا کتێبێکی لەسەر ئەژنۆ بوو، لە سەری دانیشتبوو. ترێزا هەستیکرد (باڵندەکانی بەختیاریی لەسەر شانی دەنیشن) ئەم پیاوە نەناسیاوە بەشی ئەوە. تۆماس بانگی کرد و داوای لێکرد لە پەنایدا دانیشێت. (ترێزا پێی وابوو ڕۆح بەوپەڕی شکۆوە لە ئەودا دەردەکەوێ) پاش ماوەیەکی کەم پێکەوە تا وێستگەی شەمەندەفەر

١٥- Forsythias

چوون، کابرا لە کاتی ماڵئاوایی دا کارتی دیدار و ژمارەی تەلەفۆنەکەی خۆی پێدا و گوتی:
«ئەگەر ڕۆژێک هاتی بۆ پڕاگ...»

## ١١

دەنگی ڕێکەوتەکان: (کتێب، بتهۆڤن، ژمارە شەش، کورسیی لاکێشەی زەردی پارکیی گشتی) زۆر زیاتر لەو کارتی دیدارە کە لە دوا ساتەکانی ماڵئاواییدا وەریگرت، ئەو جورئەت و جەسارەتەی بە ترێزا بەخشی کە ماڵەکەی بەجێ بهێڵێ و ژیانی بگۆڕێت. ڕەنگە ئەم چەند ڕێکەوتە ( ئەگەرچی زۆر ئاسایی و سادە و لە قەوارەی شارێکی بچووکدا بوون ) دنەی عەشقی دابوو تا سەرچاوەی ئەو هێزە بێت، کە بۆ هەمیشە تێراوی دەکات.
ژیانی ڕۆژانەی ئێمە پڕە لەم ڕێکەوتانە. لەوەش وردتر، ڕێکەوت ڕووبەڕوو بوونەوەی نێوان کەس و ڕووداوەکانە. ئێمە بەم ڕووداوانە دەڵێین ڕێکەوت، ڕێکەوت ئەو کاتەیە کە دوو ڕووداوی چاوەڕوان نەکراو لە ساتەوەختێکدا ڕوو بدەن و لێک بدرێن: تۆماس کاتێک لە ڕیستۆرانەکە دەردەکەوێت کە موزیکی بتهۆڤن لە رادیۆوە بڵاو دەبێتەوە. ئەم جۆرە ڕێکەوتانە، لە زۆربەی حاڵەتەکاندا، زۆر بە نهێنی ڕوو دەدەن. ئەگەر قەسابی گەڕەک لەبری تۆماس بهاتبایە بۆ ڕیستۆرانەکە و ئەو مێزەی بگرتایە، ترێزا گوێی بە بڵاوکردنەوەی موزیکەکەی بتهۆڤن نەدەدا (تەنانەت ئەگەر دیداری بتهۆڤن و قەسابیش ڕێکەوتێکی سەیر بێت). بەڵام کە عەشق لە دایک دەبێت، دەرکی جوانی لە ئەودا دەبووژێتەوە. ترێزا هەرگیز ئەم موزیکەی فەرامۆش ناکات. بە دووبارە بیستنەوەی تووشی گەشکە و هەڵچوون دەبێ، ڕووداوەکانی دەوروبەری بە هۆی درەوشانەوەی ئەم موزیکی نوورەوە جوانن.
لە دەسپێکی ئەو ڕۆمانە قەبارە ئەستوورە، کە ترێزا لە ڕۆژی هاتنی بۆ ماڵی تۆماس بن باڵی دابوو، ئانا[١٦] لە هەلومەرجێکی سەیردا ڤێرۆنسکی[١٧] دەبینێت.

---

١٦- Anna
١٧- Vronsky

کاتێک ئەوان لە سەر شۆستەی وێستگەی شەمەندەفەر ڕاوەستاون، کەسێک ژێر شەمەندەفەرێک دەکەوێت. لە کۆتایی ڕۆمانەکەشدا، ئانا خۆی دەخاتە ژێر شەمەندەفەرێک. ئەم چیرۆکە هاوتەریبە کە سەرەتا و کۆتاییەکەی مۆتیڤێکی یەکسانە، گەلێک لەم «ڕۆمانانە»هەیە. ئەریّ، بەڵام من بە مەرجێک ئەم بۆچوونە دەسەلمێنم کە وشەی «ڕۆمانانە» لە زیهنی ئێوەدا، بە مانای شتێکی «داهاتە» و «دەسکرد» و «دوور لە ژیانی واقیعی» نەبێت. چونکە ژیانی مرۆڤ بەم شێوەیە پێکهاتووە.

ژیانی مرۆڤ وەک پارچە موزیکێک سازکراوە. مرۆڤ بە پەیڕەوی لە دەرک و تێفکرینی جوانی، ڕووداوە ڕێکەوتەکان (موزیکی بتهۆڤن و مەرگ لە وێستگەی شەمەندەفەر» پاش و پێش دەکات، تا مۆتیڤێک بۆ موزیکی ژیانی بدۆزێتەوە. مرۆڤ ئەم مۆتیڤەیە ـ وەک چۆن موزیکیار زەمینەکانی سۆناتا بەکار دەهێنێت ـ دووبارە دەکاتەوە، دەیگۆڕیّ، شیی دەکاتەوە، جێگۆڕکەی پیّ دەکات. ئانا دەیتوانی بە شێوەیەکی تر کۆتایی بە ژیانی بهێنێت. ئەم مۆتیڤی وێستگەی شەمەندەفەر و مەرگە ـ ئەم مۆتیڤە لە فەرامۆشی نەهاتووە کە وابەستە بە لە دایکبوونی عەشق و جوانییە پڕ لە دڵە ڕاوکەکەیەتی ـ ڕێک لە ساتەوەختی نائومێدیدا بەرەو خۆی ڕای دەکێشێت. مرۆڤ هەمیشە بیّ ئەوەی بزانیّ، تەنانەت لە ساتەوەختی قووڵترین پەرێشانییەکاندا، بە پێی یاسای جوانی، ژیانی خۆی دادەڕێژێت.

کەواتە ناتوانین سەرکۆنەی ڕۆمان بکەین کە شەیدای ڕووبەڕوو بوونەوەی سیحراویی ڕێکەوتەکانە (بۆ نموونە ڕووبەڕوو بوونەوەی ڤێرۆنسکی، ئانا، شۆستەی وێستگە و مەرگ، یان ڕووبەڕوو بوونەوەی بتهۆڤن، تۆماس، ترێزا و پەرداخی کونیاک)، بەڵام دەتوانین سەرکۆنەی مرۆڤ بکەین کە لە ژیانی ڕۆژانەیدا، لە بەرامبەر ئەم ڕێکەوتانە بێمەبالاتە، ڕەهەندی جوانی لە ژیانی خۆی دەسڕێتەوە.

## ١٢

باڵندەکانی بەختیاری کە لەسەر شانی هەڵنیشتبوون، ئەو بوێرییەیان پێ بەخشی بێ ئەوەی دایکی ئاگادار بکات، لە شوێنی کارەکەی هەفتەیەک مۆڵەت وەربگرێت و سواری شەمەندەفەر ببێت. ئەو بە درێژایی سەفەرەکەی، زۆرجار دەچوو بۆ ئاودەست و لە ئاوێنەدا سەیری خۆی دەکرد، لە ڕۆحی دەپاڕایەوە (کە لەم ڕۆژە گرنگە دا) بۆ ساتێکیش تریفەی خۆی لە لەشی نەستێنێتەوە.
ئەو هەروا کە لە ئاوێنەدا سەیری خۆی دەکرد، لە ئێش و ئازاری قورگی دەترسا. ئایا لەم ڕۆژی قەدەرەدا، نەخۆش دەکەوت؟
بەڵام ئیتر ڕێگەی گەڕانەوەی نەبوو. لە وێستگەی شەمەندەفەرەوە تەلەفۆنی بۆ تۆماس کرد. لەو کاتەدا کە دەرکەی باڵەخانەکەی لێ کرایەوە، لە پڕ سکی وە قۆڕە قۆڕ کەوت. ترێزا شەرمەزار بوو، هەستی کرد دایکی لە سکیدا خۆی حەشار داوە و دەیەوێ بە دەم بزەیەکی ژاراوییەوە دیدار و ژووانەکەی بشێوێنێت.
پێی وابوو تۆماس لەبەر ئەم قۆڕە قۆڕە سەیر و سەمەرەی سکی، لە ماڵەکەی دەری دەکات. بەڵام تۆماس گوێی بەوە نەدا. ترێزا لەو بێمەبالاتییە بەرامبەر بە قۆڕەکەی سکی ڕازی بوو، بە چاوی تەڕ و تام گرتوویەوە، عاشقانە سەیری دەکرد.
ئەو بە درێژایی ماوەی جووتبوون و دەستلەملانەکەیان دەینالاند، چونکە تای لێ هاتبوو، کۆتایی لوولەی ناردنی هەوا بۆ سییەکانی سوور ببوو، بەسترا بوو.
ئەو دیسان بۆ جارێکی تر بە جانتایەکی قورسی پڕ لە شتومەکەوە هاتبوو بۆ پڕاگ، بە تەما نەبوو ڕۆژێک لە ڕۆژان بگەڕێتەوە بۆ ئەو شارە بچووکە. تۆماس بۆ سبەی شەو دەوەتی کرد، ترێزا ئەو شەوە لە ئوتێلێکی هەرزان بەها مایەوە. بەیانی جانتا قورسەکەی لە وێستگەی شەمەندەفەر بە ئامانەت دانا. بە درێژایی ئەو ڕۆژە، لە کاتێکدا کتێبی ئانا کارنینای لەبن باڵبوو، بە شەقامەکانی پڕاگدا گەڕا. کە شەو داهات زەنگی دەرکەی ماڵی تۆماسی لێداو، تۆماس دەرکەی لێکردەوە.

ترێزا کتێبەکەی، وەک بیتاقەی چوونە ژوور بۆ دنیای تۆماس، لە خۆی جیا نەدەکردەوە. ئەو دەیزانی ئەم بیتاقە بێ بایەخە تاکە پەساپۆرتی ئەوە، دڵی لەم دۆخەی خۆی پڕ بوو. ترێزا کە دەم پاراو و فرە وێژ بوو، بۆ ئەوەی بەر بە گریانی بگرێت، بە دەنگی بەرز قسەی دەکرد و پێدەکەنی. بەڵام وەک جاری پێشوو، هێشتا پێی نەنابووە ئەمدیویی دەرکەکەوە، تۆماس باوەشی پێدا کرد. لەوە بەدواوە ترێزا خزایە ناو تەمومژەوە، خزایە ناو ئەو جێیەی کە هیچی لێ نەدەبینرا، بێجگە لە هەرا و هوریای خۆی، هیچی لێ نەدەبیسترا.

١٣

ئەم دەنگە، دەنگی هەناسەبڕکێ یان پرخە پرخ نەبوو، بەڵکو بەڕاستی هاوار بوو. ترێزا ئەوەندە بەرز هاواری دەکرد کە تۆماس سەری لە ڕوومەتی دوور ڕادەگرت. دەتگوت ئەم دەنگە دەتوانێ پەردەی گوێچکەی بدڕێت. ئەم هاوارە، هاواری چێژ بردنی لەشی نەبوو. چێژی لەش، ئەوپەڕی کۆبوونەوەی هەستە بەرامبەر بە کەسێکی تر، بۆ مەبەستی بیستنی بچووکترین دەنگی ئەو کەسە. بەڵام هاواری ترێزا، بە پێچەوانەوە، هەموو هەستەکانی بۆ نەبیستن و نەبینین دەخەواند. ئەوەی لە ناخی ئەودا دەیقیژاند، ئامانج خوازیی ساویلکانەی عەشقی ئەو بوو کە داوای پووچەڵکردنەوەی هەموو دژایەتییەکان، پووچەڵکردنەوەی دووانەی لەش و گیان، تەنانەت پووچەڵکردنەوەی زەمەنی دەکرد.
ئایا ترێزا چاوی قووچاندبوو؟ نا، بەڵام لە هیچی نەدەڕوانی. چاوی لە بۆشایی بن میچەکە بڕیبوو، جاروبار بە توندی سەری بەملاو ئەولادا وەردەسووڕاند.
کاتێک هاوارەکەی نەما و هێور بۆوە، لە پاڵ تۆماسدا خەوی لێکەوت، بە درێژایی ئەو شەوە دەستی ئەوی لە دەستی خۆیدا ڕاگرت.
زۆر لەوەو پێش، لە تەمەنی حەوت ساڵیدا، دەستێکی بە دەستەکەی تری دەگوشی، لە کاتێکدا پێی وابوو دەستی ئەو پیاوە دەگوشێت کە خۆشی دەوێ ـ دەستی پیاوەکەی ژیانی ـ وەنەوزی دەدا. بۆیە ئێمە لەوە دەگەین کە بۆچی بەو پێداگرییەوە دەستی تۆماس دەگووشێت: ئەو لە منداڵییەوە بۆ ئەم کارە خۆی ڕاهێنابوو.

١٤

کچێکی جوان کە لەبری «پێشکەوتن» لە ژیانیدا، دەبوو لە ڕیستۆرانت بیرە بە مشتەرییە سەرخۆشەکان بدات و ڕۆژانی پشووش خەریکی شوشتنی جلوبەرگی پیسی خوشک و براکانی بێت، گوڕ و تینێکی ئێجگار زۆر بۆ ژیان لە خۆیدا کۆدەکاتەوە. ئەوانەی دەچن بۆ زانکۆ و لەبەر کتێبەکانیاندا وەنەوز دەدەن، هەرگیز وەها گوڕ و تینێکیان نییە. ترێزا لەوان زیاتر کتێبی خوێندبۆوە و لەوان زیاتر لە ژیان دەگەیشت، بەڵام هەرگیز بەم زیاتر بوونەی خۆی نەدەزانی. ئەوەی کەسی خوێندەواری ئاکادیمی لە کەسی خۆفێرکەر جیادەکاتەوە، بەربڵاوی زانست نییە، بەڵکو پلەی جیاوازی وزەی ژیان و بڕوا بەخۆبوونە. کە ترێزا چوو بۆ پڕاگ بە گوڕ وتینێکی زۆر، بەڵام بە سستی و نادڵنییەوە دەستی بە کار کرد. لەوە دەچوو نیگەرانی ئەوە بێ کە ڕۆژێک پێی بگوترێت: «تۆ لە شوێنی خۆت نیت! بگەڕێوە بۆ ئەو شوێنە کە لێوەی هاتووی!» هەموو مەیلی ژیانی بە تاڵە دەزوویەکەوە، واتە بە دەنگی تۆماسەوە بەسترابۆوە، ڕۆحیشی ــ کە لە شەرمان لە ناخیدا خۆی شاردبۆوە ــ بۆ بەرزاییەکانی بانگ کردبوو.

ئەو لە گۆڤارێکی تایبەت بە وێنە، کارێکی دۆزییەوە، بەڵام نەیدەتوانی دڵی پێخۆش بکات. ئەو دەیویست خۆی وێنە بگرێت. سابینای هاوڕێی تۆماس زۆر کتێبی تایبەتی وێنەگرە بەناوبانگەکانی بە ئامانەت پێ سپاردبوو. ئەوان لە چایخانەیەک کتێبەکانیان تەماشاو دەخوێندەوە، سابینا لایەنی داهێنەرانەی وێنەکانی بۆ شیی دەکردەوە. ترێزا ورد و هێور گوێی لێ دەگرت، بە شێوەیەک سەرنجی دەدایە کە بە دەگمەن مامۆستایەک لە ڕوومەتی قوتابییەکەیدا دەیبینێت.

بە لوتف و یارمەتی سابینا، ترێزا لە هارمونیای هونەری نەقاشی و وێنەگری گەیشت، تۆماسی ناچارکرد لە گەڵیدا بۆ هەموو پێشانگەکان بچێت. ئەو زۆر زوو توانی وێنەکانی خۆی لە گۆڤارێکدا بڵاوبکاتەوە، بە تەمای چوونە ناو ڕیزی وێنەگرە پیشەییەکان، لابراتواری وێنەگری بەجێهێشت.

ئەو شەوە، هاوڕێکانی لە بارێک جەژنی پێشکەوتنی ترێزایان سازداو سەمایان

دەکرد. تۆماس خەمباربوو. ترێزا بە پێداگرییەوە دەیویست بە هۆی ئەو خەمبارییەی بزانێت. بۆیە کاتێک گەڕانەوە بۆ ماڵەوە، تۆماس ددانی بەوەدا هێنا، کاتێک ئەوی بینیوە کە لەگەڵ هاوکارەکەی سەما دەکات هەستی بەحەسوودی کردووە.

« ئایا بەڕاست، حەسوودیت بە من هات؟»

ترێزا دەیان جار ئەم پرسیارەی دووبارە کردەوە. لەوە دەچوو خەڵاتی نۆبێلی درابێتی و بڕوای نەکردبێت.

ئەوسا باوەشی بە تۆماسدا کرد و لە ناو ژوورەکە سەمای لەگەڵ کرد. ئەمە لە سەمای ناو بارەکە نەدەچوو، بەڵکو لە سەمایەکی لادێیانە دەچوو کە هەڵبەزە و دابەزێکی سەیری تیابێت. قاچی زۆر بەرزدەکردەوە، بەرز و نەشارەزایانە هەنگاوی هەڵدێنایەوە، تۆماسی بۆ هەر چوار سووچی ژوورەکە ڕادەکێشا.

بە داخەوە کە ترێزاش پاش ماوەیەک تووشی حەسوودیکردن بوو. تۆماس ئەو حەسوودییەی بە خەڵاتی نۆبێل نەدەزانی، بەڵکو بە بارێکی قورسی دەزانی کە تەنیا یەک دوو ساڵ بەر لە مردنیان لە چنگی ڕزگار ببوو.

## ١٥

کاتێک ترێزا لەگەڵ کۆمەڵێک ژنی ڕووت بە دەوری ئەستێرەکەدا دەگەڕان، تۆماس بە ژوور سەریانەوە لە ناو سەبەتەیەک کە بە بنمیچی ئەستێرەکەوە ئاوێزان بوو، ڕاوەستابوو. ئەو بە هاوار داوای لێدەکردن گۆرانی بخوێنن و ئەژنۆیان بچەمێننەوە. کاتێک یەکێک لەو ژنانە هەڵەی دەکرد، تۆماس گوللەیەکی پێوە دەنا و دەیکوشت.

پێمخۆشە جارێکی تریش ئاوڕ لەم خەونە بدەمەوە: ترس و تۆقینی ئەم خەونە لەو کاتەوە دەستی پێ نەدەکرد کە تۆماس گوللەی یەکەمی دەتەقاند، بەڵکو هەر لە سەرەتاوە شتێکی ترسناک بوو. بە ڕووتی بەڕێ دا ڕۆیشتن لە ناو ژنانی تر، لە زیهنی ترێزا دا وێنەیەکی تەواو تۆقێنەر بوو. ئەو کاتێک لە ماڵی دایکی دەژیا، مافی ئەوەی نەبوو دەرکەی حەمامەکە دابخات. دایکی دەیگوت: «لەش و لاری تۆش وەک لەش و لاری هەموو ژنێکی ترە، تۆ نابێ هەست بە

شەرمەزاری بکەیت. مافی ئەوەت نییە شتێک بشاریتەوە کە میلیارەها نموونەی وەک خۆی هەیە.» لە دنیای دایکیدا، لەشەکان چوونیەک بوون، یەک لە دوای یەک لە ڕیزێکی بێ بڕانەوە دا دەڕۆیشتن. ئەو لە منداڵییەوە ڕووتی بە شتێکی زۆرە ملەی ناو کەمپ، بە نیشانەی سووکایەتی پێکردن دەزانی.

شتێکی ترسناکی تریش لە سەرەتای خەونەکەدا بوو: هەموو ژنەکان دەبوو گۆرانی بخوێنن! نەک هەر لەش و لاریان (وەک ئامێری دەنگداری بێ ڕۆح) بەشێوەیەک بێ بایەخ ببوو، بەڵکو دەبوو هەست بە شادیش بکەن! ئەمە لە یەکگرتنی خۆشحاڵانەی خەڵکی بێ عەقڵ دەچوو. ئەوان خۆشحاڵ بوون کە باری قورسی ڕۆح (ئەم گومانە پڕ و پووچەی جیاواز بوون، ئەم لووت بەرزییە هیچ و پووچە) تووڕ هەڵدەدەن، هەموویان لە یەکتر دەچن. ترێزا گۆرانی دەخوێند بەڵام خۆشحاڵ نەبوو. ئەو گۆرانی دەخوێند چونکە لەوە دەترسا ئەگەر گۆرانی نەخوێنێت ژنەکانی تر بیکوژن.

باشە ئەی ئەوکاتەی کە تۆماس بە دەمانچە ئەوانی دەکوشت، یەک لە دوای یەک بە بێ گیانی دەکەوتنە ناو ئەستێرەکەوە، مانای چی بوو؟

ئەو ژنانە کە بە هاوشێوەیی و یەک شکڵی خۆیان خۆشحاڵ بوون، لە ڕاستیدا جەژنی مەرگی خۆیان لە داهاتوودا دەگرت. مەرگێک کە وێکچوونی ڕەهای پێ دەبەخشین. کەواتە دەنگی گوللە، کۆتایی هاتن بە ڕێگە بڕینێکی خەمبارانەی ڕادەگەیاند. ئەوان بە شادییەوە لەگەڵ بیستنی دەنگی هەر گوللەیەک پێدەکەنین، هەر جارێک کە لەشێکیان دەکەوتە ژێر ئاوەکە، دیسان بە دەنگی بەرزتر گۆرانییان دەخوێند.

بەڵام تۆماس بۆچی تەقەی لێ دەکردن، بۆچی دەیویست ترێزاش بکوژێت؟

لەبەر ئەوەی کە تۆماس ئەوی ناردبووە ناو ئەو ژنانەوە. خەونەکە دەبوو ئەوە لە تۆماس بگەیەنێت. ترێزا نەیدەزانی بۆخۆی چۆن ئەوەی پێ بڵێت. ئەو ژیانی لەگەڵ تۆماس هەڵبژارد بوو، تا بتوانێ لە دنیای دایکی ـ لەو شوێنەی کە لەش و لارەکان چوونیەک بوون ـ هەڵبێت. ژیانی لەگەڵ تۆماس هەڵبژارد بوو تا لەشی تاقانە بێ، هیچ لەشێکی تر جێگەی نەگرێتەوە. بەڵام تۆماس لە ناو ئەو و ژنەکانی تر، پەیڕەوی لە ئەسڵی یەکسانی دەکرد: ئەو هەموویانی چوونیەک

و بە شێوەیەک دەویست. بە شێوەیەک دەیلاواندنەوە و هیچ، هیچ، بەڕاست هیچ جیاوازییەکی لە مابەینی لەشی ترێزا و لەشی ئەوانی تر دانەدەنا. تۆماس لە ڕاستیدا ئەوی بۆ دنیایەک گەڕاندبۆوە کە پێی وابوو لێی هەڵاتووە. تۆماس ئەوی بۆ سنووری ڕووتی، بۆ ناو ڕیزی ژنە ڕووتەکان ناردبۆوە.

١٦

ترێزا، بەردەوام سێ ڕیز خەونی دەبینی. یەکەم خەون، کە لەوێدا پشیلەکان چنگۆڵەیان لە ڕوومەتی دەگرت، باسی ئەو ئازارەی دەکرد کە لە ژیانیدا کێشابووی. خەونەکەی تر لە بێ ئەژماری جۆرە وێنەدا، چۆنییەتی لە سێدارەدانی ئەویان نیشان دەدا. دواهەمین خەونیش وەسفی ژیانی دوای مردنی دەکرد. شوێنێک کە ئەو سووکایەتییانەی پێکرابوو کە بۆ هەتا هەتایە بەردەوام بوو. لەم خەونانەدا هیچ شتێک لە تەمومژدا نەبوو. تۆمەتێک کە لەو خەونانەدا دەدرایە پاڵ تۆماس، ئەوەندە ڕوون و ئاشکرابوو کە نەیدەتوانی جگە لە بێدەنگ بوونی شەرمەزارانە و لاواندنەوەی دەستی ترێزا کارێکی تر بکات.

خەونەکانی ترێزا نەوەک هەر ڕوون و ئاشکرا، بەڵکو جوانیش بوون. «فرۆید» لە تیۆرییەکانی لە بارەی خەونەوە سەرنجی بەم لایەنەی جوانی نەداوە. خەون هەر پەیوەندییەک (ڕەنگە پەیوەندییەکی ڕەمزی) نییە، بەڵکو چالاکییەکی جوانیناسی، یارییەکی وزەی خەیاڵە. ئەم یارییە لە خۆیدا بەبایەخە. خەون دەری دەخات کە خەیاڵ ـ واتە بە خەون بینینی شتێک کە بوونی نەبووە ـ یەکێک لە قووڵترین نیازەکانی مرۆڤە. مەترسی شاراوەی خەون، ئەم سەرنج ڕاکێشییەیەتی. ئەگەر خەون جوان نەبوایە، هەر زوو لە بیر دەچۆوە. بەڵام ترێزا تاو نا تاوێک خەونەکانی بیر دەکەوتەوە، لە زهنیدا پیایاندا دەچۆوە، چیرۆکی لێ ساز دەکردن. تۆماسیش لە ژێر کاریگەریی ئەفسوون و جوانی پڕ لە دڵەڕاوکەی خەونەکانی ترێزا دا دەژیا.

«ترێزا، ترێزای ئازیزم، هەست دەکەم لێم دوور دەکەویتەوە، دەتەوێ بچی بۆ کوێ؟ هەموو ڕۆژێک خەونی مردن دەبینی، پێدەچێت بە ڕاست بتەوێت لێرە بڕۆیت...»

ڕۆشنایی ڕۆژ بە تەواوی دەدرەوشایەوە، ئەوان بەسەر عەقڵ و ورەیاندا زاڵ ببوون. دڵۆپێک شەرابی سوور بەسەر لێواری پێکەکەدا بە ئارامی دەخزایە خوارەوە. ترێزا وەڵامی دایەوە:

«بە دەست خۆم نییە تۆماس. لە هەموو شتێک دەگەم. دەزانم کە خۆشتدەوێم، دەزانم بێوەفاییەکەت بۆ من کارەسات نییە... »

لەم حاڵەدا بە عەشقەوە سەیری تۆماسی دەکرد، بەڵام نیگەران بوو کە شەو دابێ، لە خەونەکانی دەترسا. ژیانی دوو کەرت ببوو، شەو بۆ لایەک و ڕۆژ بۆ لایەکی تری دەبرد.

١٧

کەسێک کە بەردەوام خوازیاری «پێشکەوتنە» دەبێ چاوەڕوانی ئەوەش بێ کە ڕۆژێک تووشی سەرەگێژە ببێت. سەرەگێژە چییە؟ ترس لە کەوتن؟ بەڵام ئەی بۆچی لەسەر بەرزایی باڵەخانەیەکیش کە دیواری پاراستنی هەیە تووشی سەرەگێژە دەبین؟ لەبەر ئەوەی کە سەرەگێژە شتێکی تری بێجگە لە ترسی کەوتن. لە ڕاستیدا، دەنگی فەزای بۆشیی ژێر پێمان بەرەو خۆی ڕامان دەکێشێ، حەزی داکەوتن ـ کە ساتێک دواتر بە ترسەوە لە بەرامبەریدا خۆمان ڕادەگرین ـ هەموو گیانمان داگیر دەکات.

ڕیزی ژنانی ڕووتی پاڵ ئەستێرەکە، تەرمی ناو عارەبانەی مردووەکان ـ کە بۆ مەرگی ترێزاش، وەک مەرگی خۆیان، شادومانی دەکەن ـ وەک «ئەو خوارییە»، وەک فەزای بۆشی ژێر پێی، دەی ترسێنێت. ئەو شوێنە دەی ترسێنێت کە جارێک لێی هەڵاتووە، بەڵام بە شێوەیەکی سەیر و سەمەرە دیسان بەرەو ئەوێ ڕادەکێشرێتەوە. سەرەگێژەی ترێزا، لە بیستنی دەنگێکی شاد و شیرین بۆ چاوپۆشی کردن لە چارەنووس و ڕۆحی خۆی، سەر هەڵدەدات. ئەمە دەنگی یەکگرتوویی خەڵکی توند و گرژە. لەو ساتە دا کە هەست بە لاوازی دەکات، پێی خۆشە عەەرەبانەی ڕازاوەی ڕۆحی، لە ڕێگەی لەشییەوە بەرەو خۆی ڕابکێشێت. لە ناو هاوڕێیانی دایکیدا دابنیشێ، کاتێک یەکێک لەوان بای لێ دەبێتەوە، پێبکەنێ، وێڕای ئەوان، بە دەوری ئەستێرەکەدا بگەڕێ و گۆرانی بخوێنێت.

## ١٨

ئەمە ڕاستە کە ترێزا بەر لەوەی ماڵەکەیان بەجێ بهێڵێت، لەگەڵ دایکی شەڕی ببوو. بەڵام با ئەوەشمان لە بیر نەچێتەوە کە ئەو لەو کاتەشدا عاشقانە دایکی خۆشدەویست. ئەگەر دایکی بە میهرەبانییەوە داوای شتێکی لێ بکردایە، هەرچی لە دەست بهاتایە بۆی دەکرد. بەڵام چونکە دایکی هەرگیز بە میهرەبانییەوە داوای هیچی لێ نەکرد، ئەویش هێزی ڕۆیشتن لەو ماڵە و بەجێهێشتنی لەخۆیدا دۆزییەوە.

کاتێک دایکی زانی ئیتر تووڕەیی و جنێوەکانی کار ناکاتە سەر کچەکەی، نامەی پڕ لە ئاخ و ناڵەی بەرەو پڕاگ بۆ بەڕێ کرد. ئەو بەردەوام گلەیی و شکایەتی لە مێردەکەی، سەرۆکەکەی، منداڵەکانی و باری تەندروستی خۆی دەکرد. دەیگوت: «لەم دنیایەدا تەنیا ترێزای هەیە.» ترێزا پێی وابوو، دواجار دەنگی عەشقی دایکی دەبیستێت، عەشقێک کە بیست ساڵ لە حەسرەتیدا بوو. بۆیە ئیشتیای گەڕانەوەی بزووت. هەر کاتێک هەستی بە بێهێزی دەکرد، ئەم حەز و ئیشتیایەی زیاتر دەبوو. بێوەفایی تۆماس لە پڕ لاوازییەکەی دەردەخست، ئەم هەست بە بێهێزی کردنەش، تووشی سەرەگێژە (مەیلی کەوتنەخوار)ی دەکرد.

ڕۆژێک دایکی تەلەفۆنی بۆ کرد و گوتی: «تووشی شێرپەنجە بووە، بە زەحمەت چەند مانگێکی تر دەژی.» بە بیستنی ئەم هەواڵە، داماوی ترێزا لە بەرامبەر بێوەفایی تۆماس، بوو بە سەرکەشی. لەبەر ئەوەی کە دایکی بۆ پیاوێک بەجێ هێشتبوو کە خۆشی نەدەویست، خۆی سەرکۆنە دەکرد. ئامادەبوو هەموو زوڵم و زۆری دایکی فەرامۆش بکات. ئەو ئێستا لە دایکی دەگەیشت. هەر دووکیان لە کلۆڵییەکی یەکساندا نوقم ببوون. دایکی مێردەکەی خۆی خۆشدەویست. بێوەفایی زڕ باوکەکەی وەک بێوەفاییەکانی تۆماس، دایکی ئازار دەدا. ئەگەر دایکی خراپەی لەگەڵ کردبوو، تەنیا لەبەر کلۆڵی لەڕادە بەدەری خۆی بوو.

ئەو باسی نەخۆشییەکەی دایکی بۆ تۆماس کرد، پێی ڕاگەیاند کە بەتەمایە هەفتەیەک پشوو وەربگرێت و بۆ لای دایکی بچێت. لە گوتنەکەیدا جۆرێک بەر

بەرەکانێی ئاشکرا بەدەر دەکەوت.
تۆماس دەیزانی کە ئەوە دۆخی سەرەگێژەیە، ترێزا بەرەو دایکی ڕادەکێشێت، هەوڵیدا لەو سەفەرە پەشیمانی بکاتەوە. پاشان تەلەفۆنی بۆ نەخۆشخانەی شوێنی ژیانکردنی دایکی ترێزای کرد. لە بوهێم فایلی تاقیکردنەوەکانی شێر پەنجەناسی بە وردەکارییەکانییەوە ئامادە و خەزن دەکرێت. بۆیە ئەو بە ئاسانی توانی لەوە بگات کە هیچ نیشانەیەکی شێرپەنجە لە دایکی ترێزا دا نییە، تەنانەت ساڵێکیشە سەردانی پزیشکی نەکردووە.
ترێزا قسەکەی تۆماسی وەرگرت و نەچوو بۆ لای دایکی، بەڵام هەر ئەو ڕۆژە لە سەر شەقام کەوت و ئەژنۆی شکا. ماوەیەک بوو بە قورس و قایمی نەدەجووڵا، هەموو ڕۆژێک دەکەوت، بەملاو ئەولادا دەدرا و لە باشترین حاڵەتەکاندا هەرچی بە دەستەوە بوایە فڕێی دەدا.
ئەو مەیلێکی ئێجگار زۆری بۆ کەوتن بوو، بەردەوام لە دۆخی سەرەگێژەدا بوو.
کەسێک کە دەکەوێ، دەڵێ: «بەرزم بکەنەوە!» تۆماس بە سەبر و حەوسەڵەوە ترێزای بەرز دەکردەوە.

## ١٩

«من دەمەوێ لە ستۆدیۆی نەقاشییەکەم عەشقبازیت لەگەڵ بکەم. ئەمە وەک شانۆیەکە کە خەڵک دەوری دابێت. ئامادەبووان ڕێگە نادەن جلەکانمان دابکەنین، بەڵام ناتوانن سەیرمان نەکەن و چاومان لێ بقووچێنن...»
پاش ماوەیەک ئەم وێنە خەیاڵییە بەشێک لە بێڕەحمی ڕەسەنی خۆی لە دەست دا، ترێزای خرۆشاند. سابینا بە دەم عەشقبازی و دەستلەملانێ وە هەندێک شتی بەگوێیدا چرپاند.
ئەوسا شتێک ڕوویدا، ئەم خەیاڵە لەلای ترێزا گەڵاڵە بوو، کە ڕەنگە ڕێگەیەک بووبێت بۆ خۆپاراستن لە مەحکومکردن و ناڕەزایەتی دەربڕین بەرامبەر بە بێوەفاییەکانی تۆماس: ئەو کە بە تەنیا بەجێی هێشتبوو، چوو بوو بۆلای دۆست و مەئشووقەکانی. لەشی ئەوی کردبوو بە لەشی دووهەم یان لەشێکی

یاریدەدەر. دەکرا لەشی ترێزا ببێتەوە بە لەشی یەکەم و تاکە لەشی ناو هەموو لەشەکان.

سابینا لە کاتێکدا کە بەخۆیەوە دەیگووشی، درێژەی بە چرپەکەی دا: « من بۆ تۆ جلی لەبەر دادەکەنم، ڕووتی دەکەمەوە، دەیشۆم و پاشان دەینێرم بۆ لای تۆ...»

ئەو، ئاواتی بۆ ئەو دووانە خواست کە لە تاکە لەشێکدا یەک بگرنەوە ( لەشێک کە نە نێر بێت نە مێ)، ئەوسا جەستەی ژنەکانی تر ببێت بە کەرەسەی یاری کردنیان.

٢٠

وای، بوون بە کەسی دووهەمی ژیانێکی فرە ژنە؟! تۆماس هەموو هەوڵێکی دابوو کە ئەو بیرە لە مێشکی ترێزا دا بسڕێتەوە، بۆیە ویستبووی بە یارمەتی سابینا پەروەردەی بکات. ترێزاش دەیویست لە سابینا نزیک ببێتەوە و باشتر بیناسێت. ڕۆژێک پێشنیاری پێکرد کە وێنەی لێ بگرێت.

سابینا بۆ ستۆدیۆکەی خۆی دەوەتی کرد. دواجار ترێزا ئەو ژوورە زۆر گەورەیەی بینی، کە کورسییەکی لاکێشە، لە شێوەی قەرەوێلە، لە ناوەڕاستیدا داندرابوو.

سابینا تابلۆکانی نیشاندا و گوتی:

«بەراست دەبێ شەرمەزار بیت کە تا ئێستا نەهاتووی بۆ ماڵی من.»

ترێزا سەیری تابلۆیەکی دەکرد کە بە سنگی دیوارەکەوە بوو. سابینا تابلۆکەی داگرت کە لە کاتی خوێندکاریدا کێشابووی. ئەو تابلۆیە، کارگەیەکی کوورەی ئاسن تواندنەوەی لە کاتی بیناسازیدا نیشان دەدا. کاتێک ئەو تابلۆیەی کێشابۆوە کە هونەرە جوانەکان لایەنگریی ڕیالیزمی ڕەهابوو. (ئەو دەمە هونەری ناڕیالیزمی، بە هەوڵی دژە سۆشیالیزم دەژمێردرا)، سابینا شوێن شێوازی حزب کەوتبوو، هەوڵی دەدا مامۆستاکانیشی تێپەڕێنێت. بەم شێوازی کارکردنە، هێڵی فڵچەکان نەدەبیندرا، تابلۆکانیش لە وێنە ڕەنگییەکان دەچوون.

«ئەم تابلۆیەم خراپ کردبوو، واتە ڕەنگی سوورم پێدا ڕشتبوو. سەرەتا تووڕە بووم، بەڵام وردە وردە ئەم پەڵە سوورە وەک درزێک، بەلامەوە جوان دەبوو. کارگەی کوورەکە لە کارگەیەکی ڕاستەقینە نەدەچوو، دیکۆرێکی کۆنی درزبردووی دەنواند، کە بە شێوەیەکی تەمومژاوی کارگەکەی تێدا کێشرابۆوە.

ورده ورده دەستم به گەورەکردنی ئەو درزه کرد، وزەی خەیاڵیشم بۆ وێناکردنی ئەو شتانه بەکار هێنا که له پشتییەوه ڕوویان دەدا. بەم شێوەیه یەکەم زنجیرەی بەرهەمەکانم کێشایەوه و ناوی «دیکۆر»م لێنا. ئەڵبەت ئەگەر کەسێک ئەوانەی بدیبایه له زانکۆ دەرایان دەکردم. له نمای پێشەوەی تابلۆکه دنیایەکی تەواو ڕیالیستی دەبیندرا، کەمێک دوورتر ـ وەک پشت پەردەی دڕاوی دیکۆری شانۆییەک ـ شتێکی تر، شتێکی ون یان پڕ له ڕەمز و ڕاز، بەرچاو دەکەوت.»

سابینا قسەکەی خۆی بڕی و پاشان درێژەی پێدا:

«له پێشەوه درۆیەک دیاربوو که مرۆڤ تێی دەگات ، له دواشەوه حەقیقەتێک که دەرکی پێناکرێت.»

ترێزا به سەرنجێکی ئێجگار ورد که مامۆستا به دەگمەن له ڕوخساری خوێندکارێکیدا دەیبینێت، گوێی لێ دەگرت. پێی وابوو هەموو تابلۆکانی سابینا، چ تابلۆکانی جاران و چ تابلۆکانی ئێستا، هەمیشه باسی شتێک دەکەن. هەموویان هاوسەنگی دوو بابەت یان دوو دنیا دەردەخەن، وێنەگرتن له پێشانگەیەکی دوو پۆ بەبیردا دەهێنن. له پێشەوه دیمەنێک، له قووڵاییشدا، به شێوەیەکی ئاشکرا چرا خەوێک هەڵکرابوو. دەستێک له پشتەوه درزی دەخسته سروشتێکی پڕ له هەست و خامۆش، که به جوانی سێو و گوێز و دار و درەختی پڕ له چرای نیئۆنی تێدا کێشرابۆوە.

له پڕ ترێزا هەستی کرد خەریکه ستایشی سابینا دەکات. ستایشێکی دۆستانەی دوور له ترس و دڵپیسی، ستایشێکی سۆزدارانەی پڕ له خۆشەویستی.

ئەم هەسته له بیری بردەوه که بۆ وێنەگرتن هاتووه، سابینا ناچاربوو وەبیری بهێنێتەوه. ئەو له کاتێکدا نیگای له تابلۆکان دەگوێزایەوە، چاوی بەو کورسییه لاکێشەیه کەوت که له ناوەڕاستی هۆڵەکه وەک قەرەوێڵه دانرابوو.

## ٢١

مێزێکی بچووک له لای کورسییەکه بوو، پایەیەک له شێوەی سەر و ملی مرۆڤ، لەوانەی که ڕازێنەرەکان بۆ نواندنی کڵاوقژ بەکاری دەهێنن، له سەر مێزەکه دانرابوو. پایەکه لەبری کڵاوقژ، کڵاوێکی خڕی لێواردا ری به سەرەوه بوو. سابینا پێکەنی:

«ئەم کڵاوە خڕە میراتی باوە گەورەمە!»
ترێزا، تەنیا لە سینەما ئەم جۆرە کڵاوە ڕەش و خڕ و لێوارداره‌ی بینیبوو. چارڵی چاپلین، هەمیشە یەکێک لەم کڵاوانەی بە سەرەوە بوو. بۆیە بەدەم پێکەنینەوە کڵاوەکەی بە دەستەوە گرت و بۆ ماوەیەکی زۆر سەیری کرد. ئەوسا گوتی:
«دەتەوێ بەم کڵاوەوە وێنەیەکت بگرم؟»
سابینا لەبری وەڵام، بە دەنگی بەرز پێکەنی. ئەوسا ترێزا کڵاوە خڕە لێوارداره‌کەی بۆ لەسەر کردو دەستی بە وێنەگرتن کرد.
پاش نزیکەی کاتژمێرێک، ترێزا لەپڕ گوتی:
«پێشتر گوتت بە ڕووتی وێنەت بگرم؟»
سابینا پێکەنی:
«وێنەی ڕووت؟»
ترێزا دیسان پێشنیارە جەسوورانەکەی دووبارە کردەوە:
«ئەرێ، وێنەی ڕووت.»
سابینا گوتی:
«ئەمە قسەی سەرخۆشییە.»
پاشان سەری بتڵێک شەرابی هەڵپچڕی.
ترێزا لەخۆیدا هەستی بە جۆرێک سڕی دەکرد و بێدەنگ بوو. بەڵام سابینا لە کاتێکدا پێکێک شەرابی بە دەستەوە بوو بە ئەمسەراو ئەوسەری هۆڵەکەدا دەگەڕا، باسی باوەگەورەی دەکرد کە شارەوانی شارێکی بچووکی یەکێک لە ویلایەتەکان بووە. ئەو هەرگیز باوە گەورەی خۆی نەدیبوو، تەنیا ئەم کڵاوە و وێنەیەکی بە یادگار بۆ مابۆوە. لەو وێنەیەدا کەسایەتییە ناودارەکانی شار، کە یەکێک لەوان باوەگەورەی سابینا بوو، دەبینران. مرۆڤ بەگران تێدەگەیشت ئەوان چی دەکەن. ڕەنگە بۆ بیرئانینی کەسێکی ناودار، کە ئەویش لە ئاهەنگەکاندا کڵاوی خڕی لێوارداری لە سەر کردووە، مۆنیۆمێنتیان دادەمەزراند بێت. سابینا بە دوور و درێژی باسی کڵاوی لێواردار و باوەگەورەی دەکرد، تا ئەوەی کە پێکی سێهەمیشی هەڵقوڕاند. گوتی:

«من دەڕۆم.»
ئەوسا بەرەو ژووری خەوتنەکەی چوو، جلی خەوتنی لەبەر کرد. ترێزا کامێراکەی هەڵگرت و لە کاتێکدا سابینا جلی خەوتنی لەبەر دەکرد، وێنەی گرت.

## ٢٢

کامێراکەی ترێزا وەک چاوی مەکینەیی بوو کە لایەنی شاراوەی ئەودیو پەردەی ڕوخساری دۆست و مەئشووقەکەی تۆماسی تێدا دەبینی، دەمامکێک بوو کە ڕوومەتی خۆی لە سابینا دەشاردەوە.
بەر لەوە کە سابینا لە جلەکانی بخزێتە دەر، ماوەیەکی خایاند. ئەم دۆخە کە خۆی تێدا دەبینییەوە سەختتر لەوە بوو کە چاوەڕوانی کردبوو. پاش چەند خوولەکێک بەرەو ترێزا چووە پێش و گوتی:
«ئێستا نۆرەی منە وێنەت بگرم، ڕووت ببەرەوە!»
ئەو، ئەم ئەمری « ڕووت ببەرەوە »ی ئەوەندە لە تۆماس بیستبوو، کە لە بیرگەی هەڵکۆڵرا بوو. بەو شێوەیە دۆستەکەی تۆماس لە ئاست ژنەکەی تۆماسدا ببوو بە تۆماسی فەماندەر ، ئەو دوو ژنە بەو دوو وشە سیحراوییە، یەکیان گرتبۆوە.
ئەوە شێوازی تۆماس بوو کە لە هەلومەرجی سۆزداری دەستلەملانێدا، بەم دیالۆگە بێتاوانانە هەموو شتێکی دەگۆڕی. لە بارودۆخێکی سۆزداریی عاشقانەدا، بە شێوەیەکی چاوەڕوان نەکراو، لەبری پاڕانەوە و داوا و تەمەنا، لە پڕ نەرم و قورس و بەهێز فەرمانی دا. لە دووریشەوە، کاتێک بۆ ماوەیەک لە ژنان نزیک نەببۆوە، بە هەمان شێوە داوای ناونیشانی لێ دەکردن.
ئەو زۆرجار لەگەڵ ترێزاش هەر بەم شێوەیە دوا بوو. بە نەرمی ئەوەی بە گوێدا چرپاند بوو، بۆ خرۆشاندن و بزواندنی ئەم فەرمانەی پێکرد بوو.
ئێستا ترێزا بەبیستنی ئەم دوو وشە، ئەم فەرمانە قورسە، ناچار بوو کە مل بدات. ڕاهاتن لەگەڵ کەسێکی نەناسراو شێتییەکی تایبەتی تێدا بوو، شێتییەکی بێ پەروا. چونکە ئەم فەرمانە نەوەک لە لایەن پیاوێکەوە، بەڵکو لە لایەن ژنێکەوە بوو.

سابینا کامێراکەی لێ وەرگرت و ترێزا جلەکانی داکەند. ئێستا ئەو بەرامبەر بە سابینا ڕووت بۆتەوەو و چەک کراوە. ئەمە بەو مانایە بوو، ئەو مەکینەیەی لێ ساندرابۆوە کە ڕوخساری خۆی پێ شاردبۆوە، وەک چەک نیشانەی پێ لە سابینا گرتبوو. ئێستا ئەو بە تەواوی لەبەر ڕەحم و بەزەیی دۆستەکەی تۆماس دا بوو. ئەم مل دانە جوانە، ترێزای تووشی شاگەشکە کرد. هیواداربوو ئەو کاتە کە بە ڕووتی لە بەرامبەر سابینا ڕاوەستاوە، هەرگیز کۆتایی پێ نەیەت. من پێم وایە سابیناش هەستی بە سیحری سەیری ئەم دۆخە کردبوو. ژنەکەی تۆماس بە شێوەیەکی نامۆ و خاکی لە ئاستیدا ڕاوەستا بوو، دەترسا. دوای ئەوەی کە دوو سێ جار کامێراکەی لێدا و ترساندی، بە دەنگی بەرز پێکەنی. ئەوسا ترێزا چووە ژوور و هەردووکیان جلەکانیان لەبەر کردەوە.

## ٢٣

هەموو تاوانەکانی ڕابردووی ئیمپڕاتۆری ڕووس بە نهێنی و شاراوەیی ڕوویانداوە: گوێزانەوەی ملوێنێک خەڵکی لیتوانی، کوشتنی سەدان هەزار پۆڵەندی، تەفرو توونا کردنی قەومی تاتار لە کریمە، هەموویان بە بێ بەڵگە و وێنەیەکی داکیۆمێنتی، لە یادەوری ئێمەدا هەڵکەندراون. کەواتە وەک شتێکی نەسەلماو، زوو یان درەنگ، بە درۆ یان وەهم دەزانرێن. بە پێچەوانەوە، لە ساڵی ١٩٦٨ وێنە و فیلمێکی زۆر لە داگیرکردنی چیکۆسلۆڤاکیا گیراوە، بە ئەرشیفەکانی هەموو دنیا سپێردراوە.
وێنەگر و کامێرامەنە چیکییەکان، ئەو دەرفەتە ڕەخساوەیان قۆستۆتەوە، تەنیا کارێک کە لە دەستیان هاتووە، کردوویانە: ئەوان وێنەی شاڵاو و توندو تیژییەکانیان بۆ خەڵک و نەوەی داهاتوو تۆمارکردووە. ئەم حەوت ڕۆژە، ترێزا شەقامەکانی چۆڵ نەکردبوو و وێنەی سەرباز و ئەفسەرە ڕووسەکانی ــ لە هەموو دۆخێکی ڕیسوایی کەرانەدا ــ گرتبوو. ڕووسەکان غافڵگیر بوون. ئەگەر تەقەیان لێ بکرایە یان بەردیان تێ بگیرایە، ئەوانیش بە پێی ئەو فەرمانە دەجووڵانەوە کە لەوەو پێش پێیان گوترابوو. بەڵام کەس بە ئەوانی نەگوتبوو لە بەرامبەر کامێرای وێنەگرەکاندا دەبێ چیبکەن.

ترێزا ڕۆڵ لە دوای ڕۆڵ وێنەی دەگرت. نزیکەی نیوەی ئەم وێنانەی بۆ چاپ کردن، لە ناو ڕۆژنامە بیانییەکاندا بڵاوکردەوە. ( هێشتا سنوورەکان کراوە بوون و ڕۆژنامەوانەکان، لانیکەم بۆ یەکجار هاتن و چوون، دەهاتنە ناو وڵات و بچووکترین بەڵگەیان بە سوپاسەوە وەردەگرت.) وێنەکانی ترێزا لە زۆربەی بڵاوکراوە بیانییەکاندا چاپکران: دەبابەکان، مستە گرێ کراوەکان، بینا وێرانەکان، ئەو تەرمانە کە ئاڵای سێ ڕەنگی خوێناوییان تێوە پێچرابوو، گەنجە ماتۆڕ سوارەکان کە بە خێرایی بە دەوری دەبابەکاندا هەڵدەسووڕان و ئاڵای چیکۆسلۆفاکیایان بە سەر دارێکی درێژەوە دەشەکاندەوە، ئەو کچە زۆر گەنجانە کە تەنوورەی کورتیان لەبەردابوو، بە ماچکردنی ڕێبوارە نەناسراوەکان سەربازی کلۆڵی ڕووسیان دەهێنایە خرۆش.

دەبێ هەموو جارێک بیڵێمەوە کە شاڵاوی ڕووسەکان تەنیا یەک کارەساتی لێ نەکەوتەوە، بەڵکو کارنەواڵێکی ڕق و قینی بەرپاکرد کە هیچ کەسێک، هەرگیز ناتوانێت لەو دۆخە سەرخۆشکەرەی تێبگات.

## ٢٤

ترێزا، نزیکەی پەنجا وێنەی لەگەڵ خۆی برد بۆ سویسرا، لەوێش بەوپەڕی وردبینی و کارەمەییەوە خستنیە سەر کاغەز. ڕۆژێک سەردانی گۆڤارێکی پڕ تیراژیی کرد تا پێشنیاری بڵاوکردنەوەی ئەو وێنانەیان بۆ بکات. سەرنووسەری گۆڤارەکە، بە شێوەیەکی دۆستانە پێشوازی لێکرد. ( هەموو خەڵکی چیک تریفەیەکی کلۆڵیان بە دەوری سەرەوە بوو کە بەزەیی سویسییەکانی ڕادەکێشا ) ئەو داوای لە ترێزا کرد لەسەر مۆبێلەکە دانیشێت. ئەوسا بە سەرنجەوە سەیری وێنەکانی کرد و ستایشی کرد. لە ئەنجامدا گوتی:

«هەرچەندەش جوان بن، شانسی بڵاو کردنەوەیان نییە. ئەو ڕووداوە دەمێکە تێپەڕیوە.»

ترێزا بە تووڕەییەوە گوتی:

«بەڵام لە پڕاگ هیچ شتێک کۆتایی نەهاتووە.»

ئەو بە زمانی شەل و شکاوی ئەڵمانی دەیویست تێی بگەیەنێت کە لە وڵاتە

داگیر کراوەکەیدا، وێڕای هەموو گرفتەکانیش، هێشتا ئەنجوومەنی کرێکاری دادەمەزرێ، خوێندکاران خەریکی مانگرتنن، لە هەموو وڵاتدا بەرخودانی جەماوەری، خەریکە ئۆرگانیزە دەکرێت. ئەمە ئەگەر چی سەیر و نامۆ بوو، بەڵام ئیتر سەرنجی کەسی ڕانەدەکێشا!

سەرنووسەر، بە بینینی خانمێکی چالاک کە هاتە ژوور و قسەکانی پێ قرتاندن، کەمێک ئارام بۆوە. خانمەکە کارتۆنێکی پێدا و گوتی:

« ڕاپۆرتێکم لە بارەی ڕووتەکانەوە بۆ هێناویت!»

سەرنووسەر ئەوەندە وردبین بوو کە هەست بەم دۆخە ناخۆشە بکات. ژنێک کە وێنەی دەبابەکانی دەگرت، بێگومان ئەم وێنانەی بەلاوە سووکبوو. بۆیە کارتۆنەکەی فڕێدایە ئەوسەری مێزەکەی و گوتی:

«هاوکارێکی خەڵکی پراگت پێ دەناسێنم. ئەو کۆمەڵێک وێنەی زۆر باشی بۆ گۆڤارەکەمان هێناوە.»

ژنە دەستی ترێزای گوشی، وێنەکانی لێ وەرگرت و گوتی:

«لەم دەرفەتەدا سەیرێکی وێنەکانی منیش بکە!»

ترێزا نەوییەوە و وێنەکانی هەڵگرت.

سەرنووسەر، بە شێوازێکی تەقریبەن تاوانبارانەوە گوتی:

«ئەمانە بە ڕاست بە پێچەوانەی ئەو شتانەن کە تۆ وێنەت گرتوون.»

ترێزا وەڵامی دایەوە:

«هەرگیز وا نییە! ئەمانە یەک شێوە وێنەگرتنن!»

ئەو دووانە لەم ڕستەیە نەگەیشتن، بۆ منیش کارێکی سەخت و دژوارە ڕاڤەی ئەوە بکەم کە ترێزا لە کاتی بەراوردکردنی پلاژی ڕووتەکان و شاڵاوی ڕووسەکان، بیری لە چی کردۆتەوە.

کاتی سەیرکردنی وێنەکان، ترێزا بۆ ماوەیەک لە وێنەی بنەماڵەیەکی چوار کەسی ورد بۆوە: دایکێک بە ڕووتی پاڵی بە منداڵەکانییەوە دابوو، مەمکە زلەکانی وەک مەمکی بزن و مانگا بەر ببوونەوە. لەولاشەوە مێردەکەی بەهەمان شێوە پاڵی بە منداڵەکانییەوە دابوو، گەڵ و گون و قوونی وەک خاڵ خاڵی نەقاشییەکی مینیاتۆر بوو.

سەرنووسەر لێی پرسی:
«ئەم وێنانەت بە دڵ نییە؟»
ترێزا وەڵامی دایەوە:
«وێنەی چاکن.»
وێنەگری گۆڤارەکە گوتی:
«پێم وایە بابەتی ئەم وێنانە بەلاتەوە قێزەونە. هەر کەس سەیری تۆ بکات مەزننەی ئەوە دەکات کە هەرگیز ناچیت بۆ پلاژێک کە خەڵکی ڕووتی لێ بێت.»
ترێزا بە پێ داگرییەوە گوتی:
«بێگومان ناچم.»
سەرنووسەر پێکەنی:
«پیاو زوو لەوە دەگات کە لە کوێوە هاتوویت. وڵاتە کۆمۆنیستییەکان بە ڕاستی سەختگیرن!»
خانمی وێنەگری گۆڤارەکە، بە شێوازێکی دایکانە و میهرەبانانە درێژەی پێدا:
«بۆچی؟ لەشی ڕووت وەک سروشتە، هەموو شتێکی سروشتیش جوانە!»
ترێزا بیری دایکی کەوتەوە کە بە ڕووتی لە ئاپارتمانەکەیدا دەگەڕا. ئەو ئێستاش دەنگی ئەو پێکەنینەی لە گوێدابوو کە کاتێک پەردەی ژوورەکەی دادابۆوە تا کەس دایکی بە ڕووتی نەبینێت، بیستبووی.

٢٥

وێنەگری گۆڤارەکە ترێزای بۆ خواردنەوەی قاوە، لە کافتریای گۆڤارەکە، دەوەت کرد و دوای ساتێک گوتی:
«وێنەکانی تۆ زۆر جوانن. تۆ بە شێوەیەکی سەیر هەست بە لەشی ژن دەکەیت. دەزانی بیر لە چی دەکەمەوە؟ بیر لەو کچانە دەکەمەوە کە بە کەشم و نەشمی لەشیان پیاو دەهەژێنن!»
«مەبەستت ئەو کچانەیە کە لە بەرامبەر دەبابەی ڕووسەکان، ڕێبوارەکانیان ماچ دەکرد؟»

«ئەرێ، تۆ دەتوانی وێنەگرێکی باشی مۆدە بیت. ئەڵبەت سەرەتا دەبێ پەیوەندی بە مودێلێکەوە بگریت. واچاکە ئەو مۆدێلە کچێکی تازەکاری وەک خۆت بێت. ئەوسا چەند وێنەیەکی بۆ بڵاوکردنەوە لێ وەردەگریت. بێگومان زۆر دەخایەنێ تا جێی خۆت بکەیتەوە. ئەڵبەت منیش یارمەتیت دەدەم و بەو ڕۆژنامەوانەت دەناسێنم کە بەرپرسی بەشی «باخی ئێوە»ی گۆڤارەکەیە. ڕەنگە پێویستی بە وێنەی کاکتووس، گوڵی سوور یان شتی لەم بابەتەش ببێت.»

ترێزا ئەو ژنەی لەوپەڕی دڵسۆزیدا بینی، بۆیە بە سۆزەوە گوتی:

«سوپاست دەکەم»

بەڵام دواتر بە خۆی گوت: «بۆ وێنەی کاکتووس بگرم؟»

ئەو بیرە کە دیسان دەست بەو کارە بکاتەوە کە لە پراگ کردبووی ( شەڕ و کێشە بۆ جێیەک، پیشەیەک، بۆ بڵاوکردنەوەی وێنەیەک) تووڕە و بێزاری دەکرد. ئەو هەرگیز بیری لە پلە و پایە و خۆنواندن نەکردبۆوە. تەنیا شتێک کە دەیویست، هەڵاتن لە دنیای دایکی بوو. ئێستا لەپڕ ئەو ڕاستییەی بە ئاشکرا دەبینی. ئەو بە زەوق و شەوقێکی زۆرەوە شوێن پیشەی وێنەگریی کەوتبوو، بەڵام دەیتوانی ئەو زەوق و شەوقە لە هەر چالاکیەکی تردا بەکار بهێنێت. چونکە وێنەگریی بەلای ئەوەوە جگە لە ئامێرێک بۆ «پێشکەوتن» و ژیان لەگەڵ تۆماس هیچی تر نەبوو.

ترێزا بە وێنەگری گۆڤارەکەی گوت:

«دەزانی، مێردەکەم پزیشکە و منی پێ بەخێو دەکرێت. پێویستم بەکاری وێنەگری نییە.»

وێنەگری گۆڤارەکە وەڵامی دایەوە:

«پێم وانییە پاش ئەم وێنە جوانانە بتوانی واز لە وێنەگری بهێنیت.»

ئەرێ، وێنەگرتن لە کاتی شاڵاوی ڕووسەکان شتێکی تر بوو. ئەو لەبەر تۆماس ئەم وێنانەی نەگرتبوو، بەڵکو لە حاڵی گەشکە و سەرسامیدا گرتبوونی. ئەو شەیدای وێنەگرتن نەبوو، شەیداییەکەی ئەو، لە نەفرەتەوە سەرچاوەی دەگرت. ئەم حاڵەتە هەمیشە بۆ کەسێک ڕوو نادات. بێجگە لەوەش، ئیتر کەس ئەو

وێنانەی نەدەویست کە لە حاڵی شەیدابییدا گرتبوونی، چونکە ئەو وێنانە پەیوەندییان بە زەمەنی ئێستاوە نەبوو. تەنیا کاکتووس بە شێوەیەکی هەتا هەتایی ئەمرۆیی بوو. بەڵام کاکتووس سەرنجی ئەوی ڕانەدەکێشا.

ترێزا گوتی:

«سوپاس بۆ میهرەبانییەکەت ، بەڵام من وای بە باش دەزانم کە لەماڵەوە بمێنمەوە. پێویستم بە کارکردن نییە.»

«ئایا لە ماڵەوە مانەوە ڕازیت دەکات؟»

«ئەوەم لە وێنەگرتن لە کاکتووس پێ باشترە.»

«بەڵام تەنانەت ئەگەر وێنەی کاکتووسیش بگری، خاوەنی ژیانی خۆتی. تۆ ئەگەر هەر لەبەر مێردەکەت بژی، ئیتر ژیانت هی خۆت نییە.»

ترێزا لەپڕ هەستی بە تووڕەیی کرد:

«ژیانی من لە مێردەکەمدا دەردەکەوێ، نەک لە کاکتووسدا.»

خانمی وێنەگری گۆڤارەکە بە دۆخێکی دەمار گرژانەوە گوتی:

«ئەم قسەت بەو مانایەیە کە بەختەوەریت؟»

ترێزا هەروا بە تووڕەییەوە گوتی:

«بێگومان بەختەوەرم!»

«بەڵام ژنێک کە ئەم قسەیە بکات دەبێ زۆر...» پاشان وای بە چاکزانی قسەکەی تەواو نەکات، بۆیە ترێزا بۆی تەواو کرد:

«دەتەوێ بڵێی دەبێ زۆر پێچراوە بێت.»

وێنەگرەکە بەسەر خۆیدا زاڵبوو، گوتی:

«نەک پێچراوە، بەڵکو بە پێچەوانەی باوی سەردەم.»

ترێزا بە دۆخێکی بیرمەندانەوە گوتی:

«تۆ ڕاست دەکەی. ئەمە هەمان شتە کە مێردەکەشم پێم دەڵێت.»

## ٢٦

تۆماس بە ڕۆژ لە نەخۆشخانە بوو، ئەو لەماڵەوە تەنیا بوو. دڵی بەوە خۆش بوو کە کارنین لە ماڵەوەیە و دەتوانێ لەگەڵ خۆی بیگێڕێت! لە دوای گەڕان هەوڵی دەدا خۆفێرکەرێکی زمانی ئەڵمانی یان فەرەنسا بخوێنێتەوە. بە زۆری لە خەیاڵاتی خەمباردا بوو، نەیدەتوانی بیری لەسەر شتێک ڕابگرێت. زۆرجار بیری لە قسەکانی دوبچێک دەکردەوە، کە پاش گەڕانەوەی لە مسکۆ لە ڕادیۆی کردبوونی. ئێستا هیچ کام لەو قسانەی لە بیر نەمابوو، بەڵام هێشتا دەنگی لەرزۆکی دوبچێکی لە گوێدا بوو، ئەوی وەبیر دەهاتەوە: سەربازە بیانییەکان ئەویان ـ کە سەرۆکی دەوڵەتێکی سەربەخۆ بوو ـ گرتبوو، فڕاندبوو، چوار ڕۆژ لە کێوەکانی ئۆکرایندا دیلیان کردبوو، پاشان تێیان گەیاندبوو کە وەک هاوکارە مەجارییەکەی، «ئیمرە ناگی»، کە دوانزە ساڵ لەوەبەر کوژرابوو، گوللە بارانی دەکەن. ئەوسا بردبوویان بۆ مسکۆ و ناچاریان کردبوو خۆی بشوات، ڕیشی بتاشێ و بۆینباخەکەی ببەستێت. دڵنیایان کردبوو کە ئیتر نایکوژن. داوایان لێ کردبوو کە دیسان خۆی بە سەرۆکی دەوڵەت بزانێ، لە ئەنجامدا بردبوویان لەبەردەمی برێژنێڤدا دایان نابوو، ناچار بە وتووێژ و دانوستانیان کردبوو.

ئەو سووک و تڕۆ بۆ وڵاتەکەی گەڕابۆوە، بۆ خەڵکێکی وەک خۆی سووک و تڕۆ، وتاری دەخوێندەوە. ئەو ئەوەندە سووکایەتی پێ کرابوو کە توانای قسەکردنی نەبوو. ترێزا ئەو بێ دەنگییە کورت و ترسناکانەی نێوان ڕستەکانی لەبیر ناچێتەوە. ئایا ئیتر هیچ هێزێکی تێدا نەمابوو؟ ئایا دەرمانی بێهۆشکەریان دابوویە؟ یان نائومێدی بەو هۆکارەی بردبوو؟ ئەگەر هیچ شتێک لە دوبچێک نەمێنێتەوە، ئەو بێ دەنگییە ترسناکانەی لە پاش بەجێ دەمێنێت. لەو بێدەنگییانەی دا دوبچێک توانای هەناسە کێشانیشی نەبوو، لە بەرامبەر هەموو گەل دا، کە بەبێ دەنگی سەیری تەلەفزیۆنیان دەکرد، پشووی سوار ببوو. ئەم بێ دەنگییانە، هەموو ترس و خۆفی زاڵبوونێکی بەسەر وڵاتەکەی ئاشکرا دەکرد.

ترێزا لە حەوتەمین ڕۆژی شاڵاوەکە، وتارەکەی دوبچێکی لە نووسینگەی

دەستەی نووسەرانی ڕۆژنامەیەک ـ کە ئەو ڕۆژانە مینبەری بەرخودان بوو ـ بیستبوو. لەو ساتەدا هەموو ئەو کەسانە کە لەو نووسینگەیەوە گوێیان لە وتارەکەی دوبچێک دەگرت، ڕقیان لێی بوو. ئەوان لە تەسلیم بوون بەو مل دانە ناڕەوایە تووڕە ببوون. لە ترۆ بوونی، هەستیان بە سووکایەتی دەکرد، بێ هێزییەکەی ئەویان بە سەرشۆڕی خۆیان دەزانی.
ئەو ئێستا لە زووریخ، کاتێک دەکەوتە بیری ئەو ساتانەوە، بە هیچ شێویەک سووکایەتی بە دوبچێک نەدەکرد. ئیتر وشەی لاواز و بێ هێز بەڵگە نەبوو. ئێمە، تەنانەت ئەگەر لەش و لاری پاڵەوان ئاسای دوبچێکیشمان ببێت، هەمیشە لە بەرامبەر بەهێزیدا لاواز و بێ هێزین. بێ هێزییەک کە لەو کاتەدا بەلایەوە لە تاقەت بەدەربوو، لە وڵاتەکەی دووری خستبۆوە، لەپڕ سەرنجی ڕاکێشا، تێگەیشت کە ئەویش لە مانای کەسانی بێ هێز، لە دەستەی بێ هێزەکان، خەڵکی وەڵاتێکی بێ هێزە. هەر لەبەر ئەوەش کە ئەوان بێ هێزبوون و لە کاتی قسەکردندا پشوویان سواردەبوو، دەبوو پێیان وەفادار بێت.
ئەم بێ هێزییەش وەک سەرەگێژە، ئەوی بەرەو خۆی ڕاپێچ دەکرد. ئەو ڕاپێچ دەکرا چونکە هەستی بەبێ هێزی خۆی دەکرد. دیسان ئاگری حەسوودی لە ناخیدا گەزارەی دەکێشا و دەستی دەلەرزی. تۆماس لەو حاڵەتەی گەیشت و ئەو کارەی کرد کە هەمیشە دەیکرد: دەستی گرت و هەوڵی دا بە گوشینی قامکەکانی ئارامی بکاتەوە. بەڵام ترێزا لەبەری هەڵات.
« لە چی ناڕەحەتی؟»
«لە هیچ»
«دەتەوێ چیت بۆ بکەم؟»
«حەز دەکەم پیر بیت. دە ساڵ ، بیست ساڵ لە ئێستات پیرتر ببیت.»
مەبەستی ترێزا ئەوەبوو: کە حەز دەکەم لاواز و بێ هێز بیت. حەز دەکەم بەقەدەر من لاواز و بێ هێز بیت.

## ٢٧

کارنین لەوە کە چووبوون بۆ سویسرا خۆشحاڵ نەبوو. بەلای سەگەوە زەمەن وەک هێڵێکی ڕاست ناچێتە پێش، گەڕانی زەمەن بزاوتێکی بەردەوامی بەرەو پێش نییە، کە پەیتا پەیتا لە سەرچاوەکەی دوور بکەوێتەوە و لە قۆناغێکەوە بەرەو قۆناغێکی تر بچێت. بەڵکو بزاوتێکی بازنەیی وەک جوڵەی میلی کاتژمێرێکە. ئەم میلانە، گێلانە بەرەو پێش ناڕۆن، بەڵکو هەموو ڕۆژێک، بە پێی ڕەوتێکی دیاریکراو، لەسەر ڕووکەشی کاتژمێر دەخولێنەوە.

لە پڕاگ کاتێک کەرەسەیەکی تازەیان بۆ ماڵ دەکڕی، یان جێی گوڵدانە گوڵێکیان دەگوێزایەوە، تێگەیشتنی کارنین لە زەمەن دەشێوا، لە ئەنجامدا ناڕەحەت دەبوو. میلی کاتژمێریش لە کاتی گۆڕانی ژمارەکانی لەسەر ڕووکەش تووشی ئەم بارودۆخە دەبێت.

وێڕای ئەوەش، کارنین زوو توانی لە زووریخیش بەرنامەکانی ڕابردووی دووبارە بکاتەوە. بەیانیان، وەک ئەو دەمانە کە لە پڕاگ بوون، خۆی فڕێدەدایە سەر قەرەوێڵەکەیان و دەخزایە باوەشیانەوە و بەئاگای دەکردنەوە. پاشان لەگەڵ ترێزا دەستی بە یەکەم ڕێپێوانی بەیانییان دەکرد، دەیویست وەک ئەو دەمە کە لە پڕاگ بوون، بە شێوەیەکی ڕێکوپێک بیبەن بۆ پیاسەکردن.

کارەنین وەک کاتژمێری تەمەنیان بوو. لە کاتی بێئومێدی دا، ترێزا بە خۆی دەگوت دەبێ لەبەر ئەم سەگە ــ کە لە خۆی، ڕەنگە لە دووبچەک و نیشتمانە تەسلیمەکەشی بێ هێز تربوو ــ خۆڕاگر بێت.

کە لە پیاسەکردنەکە دەگەڕانەوە تەلەفۆنەکە زەنگی لێدا. ترێزا هەڵیگرت و گوتی: «کێ قسە دەکات؟»

دەنگی ژنێکی بیست کە بە زمانی ئەڵمانی داوای تۆماسی دەکرد. بە شێوەی قسە کردنەکەیدا پێ دەچوو بێ تاقەت بێت. ترێزا بۆنی سووکایەتی دەکرد. کاتێک گوتی: «تۆماس لە ماڵ چۆتەدەر و نازانێ کەی دێتەوە» ژنەکە قاقا پێکەنی، بێ ئەوەی ماڵاوایی بکات تەلەفۆنەکەی داخست.

ترێزا دەیزانی نابێ گوێ بەم شتانە بدات. ڕەنگە پەرستارێکی نەخۆشخانە،

یان نەخۆشێک، یان سکرەتێرەکەی، یان هەر کەسێکی تر بێت، بەوحاڵەش تێکچوو. نەیدەتوانی بیر لە شتێک بکاتەوە. زانی ئەو کەمە هێزەش کە لە پراگ هەیبوو ئێستا نەیماوە، بە هیچ کلۆنجێک تاقەتی ڕووداوێکی بچووکیشی نییە. ترێزا لە مەنفا دەژیا و ئیتر خاوەنی ئەو تۆڕی ئاسوودەیی و لێک حاڵیبوونە نەبوو کە مرۆڤ لە وڵاتەکەی خۆی پێیەوە بەستراوەتەوە. جێیەک کە هەموو کەس لە لای بنەماڵە، هاوکار و دۆستەکانی دەژی، بەبێ هیچ کێشەیەک، بەو زمانە دەدوێ کە لە منداڵییەوە پێی دواوە. بێگومان لە پراگیش وابەستە بە تۆماس بوو، بەڵام ئەوە تەنیا وابەستە بوونی دڵ بوو، لە کاتێکدا لێرە لە هەموو بارێکەوە پێی وابەستە بوو. ئەگەر تۆماس وازی لێ بهێنایە، چی بەسەر دەهات؟ ئایا دەبوو هەموو تەمەنی بە ترسی لە دەستدانی تۆماسەوە بەڕێ بکات؟

ترێزا بە خۆی دەگوت، ناسیاویی ئەوان لە سەرەتاوە بە هۆی هەڵەیەکەوە بووە. کتێبی ئانا کارنین کە ئەو ڕۆژە بە دەستییەوە بوو، بە هۆی ئەوەوە تۆماسی فریودابوو، ناسنامەیەکی ساختەبوو. ئەوان ئەگەرچی یەکتریان خۆشدەویست، بەڵام دۆزەخێکیان بۆ یەکتر سازکردبوو. خەتای خۆیان، ڕەفتاریان، یان هەستیاری هەڵەیان نەبوو، بەڵکو بە ئاشکرا لە ناهاولفیانەوە سەرچاوەی دەگرت، لەوەوە کە تۆماس بەهێز و ئەویش لاواز بوو. ئەو وەک وڵاتەکەی بوو کە دەمی لە گۆ دەکەوت، هەناسەی سوار دەبوو، توانای قسە کردنی نەمابوو.

کاتێک کەسێکی بە هێز ئەوەندە لاواز دەبێ کە سووکایەتی بە کەسی بێ هێز دەکات، کەسی بێ هێز دەبێ هەموو هێز و گوڕی خۆی کۆبکاتەوە و بەجێی بهێڵێت.

ترێزا ئەمانەی بە خۆی دەگوت. پاشان لە کاتێکدا ڕوومەتی بە سەری کوڵکنی کارنینەوە دەنا، دەیگوت:

«تکایە لێم قەڵس مەبە، دەبێ جارێکی تریش ماڵ بگوازینەوە.»

## ٢٨

ترێزا بەگران لە سووچی ڤاڵگۆنی فەمەندەفەرەکەدا جێی ببۆوە. جانتایەکی قورس بە ژوور سەرییەوە بوو، کارنینیش لەبەر پێیدا هەڵ تورتابوو. ئەو لەبیری چێشتلێنەری ڕیستۆرانێکدا بوو کە کاتی ژیانکردنی لەگەڵ دایکی دا بوو، پێکەوە کاریان دەکرد. ئەو چێشتلێنەرە هەموو دەرفەتێکی دەقۆستەوە بۆ ئەوەی دەست لە سمتی بدات، تەنانەت لە لای هەمووانیش داوای لێ دەکرد لەگەڵی بخەوێت. بە ڕاست سەیر بوو کە ئێستا بیری کەسێکی کەوتبۆوە کە بەلایەوە نموونەی هەموو شتێکی قێزەون بوو. بەڵام ئێستا، ئاواتەخواز بوو ئەو کابرایە ببینێتەوە و پێی بڵێت:

«تۆ دەتویست لەگەڵ من بخەویت! زۆر چاکە، من ئامادەم!»

ترێزا دەیویست کارێک بکات کە ڕێگەی گەڕانەوە بۆ دواوەی بۆ نەهێڵێتەوە. حەزی دەکرد هەموو حەوت ساڵی ڕابردووی، بەوپەڕی گرژییەوە لەناو ببات. ئەمە سەرەگێژە بوو، سەرەخوولە و مەیلی لە بن نەهاتووی بۆ کەوتنەخوار.

من پێم وایە سەرەگێژە هەمان سەرخۆش بوونە کە لە بێ هێزی خودەوەیە. مرۆڤ پەی بە بێ هێزی خۆی بردووە و نایەوێ لە بەرامبەری خۆڕاگر بێت، بەڵکو خۆی تەسلیم دەکات. مرۆڤ لە بێ هێزی خۆی سەرخۆش دەبێت. دەیەوێ هەرچی زیاتر بێ هێز بێت، دەیەوێ لە ناوەڕاستی شەقامدا لەبەر چاوی هەمووان هەرەس بهێنێت. دەیەوێ بکەوێتە زەوی و تەنانەت لە زەویش ڕۆبچێت.

ئەو خۆی ڕازی دەکرد کە لە پڕاگ نەمێنێتەوە. واز لە وێنەگرتن بێنێ، بگەڕێتەوە بۆ ئەو شارە بچووکە کە دەنگی تۆماس ئەوی لەوێ هەڵبڕی بوو. بەڵام کاتێک گەیشتە پڕاگ، بۆ ئەوە کە کارەکانی ڕێکوپێک بکات، ڕۆیشتنەکەی دوا دەخست.

پاش پێنج ڕۆژ تۆماس لە نەکاو گەڕایەوە. کارنین خۆی فڕێدایە باوەشی و بۆ ساتێک ئەوانی لە پێویستی قسەکردن لەگەڵ یەکتر ڕزگارکرد.

دەتگوت ئەوان بەرامبەر بە یەکتر، لە ناوەڕاستی دەشتێکی پڕ لە بەفر

ڕاوەستابوون و لە سەرما هەڵدەلەرزین
پاشان وەک ئەو دڵدارانە کە هێشتا یەکتریان ماچ نەکردووە، لێک نزیکبوونەوە.
تۆماس پرسی:
«هەموو شتەکان ڕێکوپێکن؟»
«بەڵێ.»
«چوویت بۆ ڕۆژنامە؟»
«تەلەفۆنم بۆ کرد.»
«دەی هەواڵ و باس؟»
«هیچ. چاوەڕوانم.»
«چاوەڕوانی چی؟»
ترێزا وەڵامی نەدایەوە. نەیدەتوانی بڵێ چاوەڕوانی ئەو بووە.

## ٢٩

ئێستا با بگەڕێینەوە بۆ ساتەوەختێکی ئاشنا، بۆ ئەو شەوەی کە تۆماس نائومێد بوو، سکی دەئێشا، تا درەنگانی شەو نەیتوانی بخەوێت.
زۆری نەخایاند کە ترێزا بەئاگابۆوە (فڕۆکە ڕووسییەکان هەروا بە ئاسمانی پڕاگدا دەخولانەوە و دەنگە دەنگی ئەوان خەوی لە چاوان دەڕفاند) یەکەم بیرکردنەوەی ئەوە بوو کە تۆماس لەبەر ئەو گەڕاوەتەوە. لەبەر ئەو چارەنووسی خۆی گۆڕی بوو. ئێستا ئیتر تۆماس لەبەرامبەر ئەودا بەرپرس نەبوو، بەڵکو لەمەو دوا ئەو لەبەرامبەر تۆماسدا بەرپرس بوو. پێی وابوو ئەم بەرپرسیارێتییە لە توانای ئەودا نییە.
پاشان بیری کەوتەوە کە دوێنێ، چەند ساتێک لە پاش هاتنەوەی تۆماس بۆ ئاپارتمانەکە، کڵێسایەک لە پڕاگ کاتژمێر شەشی ڕاگەیاند بوو. یەکەم جاریش کە یەکتریان بینی بوو لە کاتژمێر شەشدا کاری خۆیان تەواو کردبوو. ئەو، تۆماسی دەبینی کە بەرامبەری لەسەر کورسییە لاکێشە زەردەکەی پارک دانیشتبوو، گوێی لە دەنگی زەنگەکان بوو.

نا، ئەو بڕوای بە خورافە نەبوو، بەڵکو ئەمە هەستێکی جوان بوو کە لە نەکاو ئەوی لە دڵە کوتە ڕزگار دەکرد، دڵی پڕ دەکرد لە عەشقی تازە بۆ ژیان. جارێکی تر باڵندەکانی بەختیاری لەسەر شانی هەڵنیشتبوون. فرمێسک لە چاویدا پەنگی خواردبوو، بێ ئەندازە خۆشحاڵ بوو کە دەنگی هەناسەی تۆماسی لە پاڵ خۆیدا دەبیست.

# بەشی سێیەم
# وشە نامەفهوومەکان

١

ژنێڤ شاری فواره و کانییه. هێشتا له باخه گشتییه‌کاندا هه‌ندێک شوێن هه‌یه که موزیکی سوپایی سه‌رده‌مانی ڕابردووی لێ ده‌ژه‌ندرێت. ته‌نانه‌ت زانکۆش له ناو پارکێک دایه. «فرانز[١٨]» که کۆتایی به ده‌رس گوتنه‌که‌ی هێنابوو، له بینای زانکۆ چووه ده‌ر. ورده ئاوێکی زۆر له‌و ئاوپاشانه‌وه ده‌ڕژا که ده‌خولانه‌وه، وه‌ک دڵۆپه‌ی زه‌ریفی بچووک ده‌ڕژانه سه‌ر چاوی. فرانز به که‌یف خۆشی له زانکۆوه به‌ره‌و ماڵی دۆسته‌که‌ی چوو، که چه‌ند ماڵ به‌ولاتره‌وه بوو.

ئه‌و زۆر ده‌چووه لای ئه‌و دۆسته‌ی، به‌ڵام به‌وپه‌ڕی وریایی و پارێزه‌وه، هه‌وڵی ده‌دا په‌یوه‌ندییه‌که‌یان دۆخێکی عاشقانه وه‌رنه‌گرێت. ئه‌گه‌ر له ژنێڤ له ستۆدیۆی دۆسته‌که‌ی له‌گه‌ڵی بمایه‌ته‌وه، له ماوه‌ی ڕۆژێکدا له ژنێکه‌وه بۆ ژنێکی تر، واته له هاوسه‌ره‌وه بۆ مه‌ئشووقه، به پێچه‌وانه‌وه، له مه‌ئشووقه‌وه بۆ هاوسه‌ری ده‌بینی. چونکه له ژنێڤ ژن و مێرد دره‌نگ ده‌چنه ناوجێ و ده‌خه‌ون، ئه‌و له ماوه‌ی چه‌ند کاتژمێرێک له جێوبانی ژنێکه‌وه بۆ جێوبانی ژنێکی تر ده‌چوو. خۆی پێی وابوو ئه‌م کاره‌ی هاوکات سووکایه‌تیکردن بوو به هاوسه‌ر و مه‌ئشووقه‌که‌ی، له ئه‌نجامدا خۆشی شه‌رمه‌زار ده‌کرد.

خۆشه‌ویستییه‌که‌ی بۆ ئه‌و ژنه که چه‌ند مانگ بوو شه‌یدای ببوو، شتێکی ئه‌وه‌نده گرانبه‌ها بوو که هه‌وڵی ده‌دا فه‌زایه‌کی سه‌ربه‌خۆ و هه‌رێمێکی ده‌ست بۆنه‌براو له سه‌فا و پاکی بئافرێنێت. زۆرجار بۆ به‌شداریکردن له کۆنفرانسه‌کان، بۆ زانکۆکانی ده‌ره‌وه‌ی وڵات ده‌عوه‌ت ده‌کرا، ئه‌م ماوه‌یه به په‌له ملی بۆ هه‌موو ده‌عوه‌تییه‌کان ده‌دا. له‌به‌ر ئه‌وه که ژماره‌ی کۆنفرانسه‌کان زۆر نه‌بوو، هه‌روه‌ها بۆ ئه‌وه‌ی که له‌لای ژنه‌که‌ی پاساو بۆ سه‌فه‌ره یه‌ک له‌دوا یه‌که‌کانی بهێنێته‌وه، گه‌لێک کۆڕ و کۆنفرانسی وه‌همیشی له‌خۆیه‌وه داده‌هێنا. له سه‌فه‌ره‌کانیشدا بۆ ئه‌وه‌ی به دڵی خۆی ڕابۆێرێت، دۆسته‌که‌ی له‌گه‌ڵ خۆی ده‌برد. بۆیه له‌م ماوه زۆر که‌مه‌دا پێکه‌وه سه‌ردانی چه‌ند شارێکی ئه‌وروپایی و شارێکی ئه‌مریکاشیان

---

١٨- Franz

کردبوو.
فرانز گوتی:
«ئەگەر حەز بکەیت دەتوانین دە ڕۆژی تر بچین بۆ پالێرمۆ[١٩]».
سابینا ــ لە کاتێکدا لە بەرامبەر سێ پایەی نەقاشییەکەی ڕاوەستابوو، سەیری تابلۆیەکی ناتەواوی دەکرد ــ گوتی:
«من ژنێڤم پێ خۆشترە.»
فرانز ویستی گاڵتە بکات، بۆیە گوتی:
«چۆن دەکرێ بەبێ بینینی پالێرمۆ بژی؟»
«من پالێرمۆم بینیوە.»
فرانز بە شێوەیەکی تا ڕادەیەک حەسوودانە گوتی:
«چی؟»
« دۆستێک لەوێوە کارت و پۆستاڵێکی بۆ ناردووم، بە دیواری حەمامەکەوەم چەسپاندووە. نەتبینیوە؟»
پاشان چیرۆکێکی بۆ گێڕایەوە:
«گوێ لە چارەنووسی شاعێرێکی سەرەتای سەدە بگرە. شاعیرەکە زۆر پیر بوو، سکرەتێرەکەی دەیبرد بۆ پیاسە. ڕۆژێک سکرەتێرەکەی پێیگوت: «مامۆستا، سەر هەڵبڕەو سەیری ئەوێ بکە. ئەمە یەکەم فڕۆکەیە کە بە سەر شارەکەماندا دەفڕێت!» مامۆستا بێ ئەوەی سەیری بکات، گوتی: « من دەتوانم بە باشی وێنای بکەم.» لەوێش وەک هەموو شارێکی تر کۆمەڵێک ئوتێل و کۆمەڵێک ئۆتۆمۆبێلی چوونیەکی لێیە. بەڵام لە کارگەی نەقاشییەکەی من لانیکەم تابلۆکان هەمیشە وەک یەک نین و جیاوازن.»
فرانز نیگەران بوو. ئەو وەها خووی بە پەیوەندی نێوان ژیانی عاشقانە و سەفەرەکانی گرتبوو، کە لە پێشنیارەکەیدا «بچین بۆ پالێرمۆ» پەیامێکی پڕ لە سۆز و ئاشکرا هەبوو. بەڵام وەڵامی «من ژنێڤم پێ خۆشترە» بۆ ئەو مانایەک زیاتری نەبوو: ئیتر دۆستەکەی خۆشی نەدەویست.
چۆن دەیتوانی ئەم نەبوونی متمانە بەخۆبوونە لە بەرامبەر سابینا، شی

١٩- Palermo

بکاتەوە؟ ئەو نەدەبوو ئاوا تووشی گومان ببێت. ئەوە ئەو نەبوو، بەڵکو سابینا بوو کە کەمێک پاش یەکەم دیداریان، هەنگاوی بۆ نزیکی و دەستلەملان هەڵێنابوو. ئەو پیاوێکی قۆز بوو، لە پیشە زانستییەکەشیدا سەرکەوتوو بوو. لەبەر ئەوەی کە لە وتووێژ لەگەڵ هاوپیشەکانیدا پلەی بەرز و پێداگری خۆی دەنواند، هاوکارەکانی لێی دەترسان. کەواتە بۆچی هەموو ڕۆژێک لە خۆی دەپرسی: ئایا دۆستەکەی وازی لێ دەهێنێت یان نا؟

تاکە ڕوونکردنەوەم بۆ ئەم مەسەلەیە، ئەوەیە کە عەشق لە بەردەوامی ژیانی کۆمەڵایەتی ئەودا نەبوو، بەڵکو لە بەرامبەری بوو. عەشق بۆ ئەو، لە حەزی تەسلیم بوون بە خواست و بەزەیی خەڵکی تردا خۆی دەنواند. ئەوەی کە خۆی پێشکەش بە کەسێکی تر دەکات دەبێ وەک سەربازێکی خۆ بەدەستەوە دراو چەکەکەی خۆی فڕێ بدات، لە کاتێکدا هەست بە بێ بەرگریی بوون دەکات، چاوەڕوانی ئەوە بێ زەربەی لێ بدرێت. کەواتە دەتوانم بڵێم عەشق بۆ فرانز چاوەڕوانیی بەردەوامی زەربەیەکە کە لێی بدرێت.

فرانز تووشی دڵەڕاوکە ببوو. هاوکات سابینای دۆستی فلچەکانی لابردبوو لە ژوورەکە چووبووە دەر. ئەو پاشان بە بتڵێک شەرابەوە گەڕایەوە، لە بێدەنگی دا سەری بتڵەکەی کردەوە و پێکەکانی پڕ کرد.

فرانز هەستی کرد بارێکی قورس لەسەر سنگی لادەچێت، لە پڕ خۆی لە دۆخێکی گاڵتەجاڕیدا بینییەوە. وشەگەلی «من ژنێڤم پێ خۆشترە!» بەو مانایە نەبوو کە سابینا نەیەوێ لەگەڵی بێت، بەڵکو بە پێچەوانەوە، ئەو لە سنووورداری ساتەکانی پێکەوە بوونیان لە شارەکانی دەرەوەی وڵات، نیگەران بوو.

سابینا پێکەکەی خۆی بەسەرەوە نا. فرانز قومێک لە شەرابەکەی خواردەوە. فرانز لەوەی کە دەیبینی نەچوونی سابینا بۆ پالێرمۆ لە ڕاستیدا بۆ بزواندنی عەشق بووە، بە دڵنیاییەوە زۆر ڕازی بوو. بەڵام زۆر زوو هەستی بە جۆرێک مەخابن کرد: سابینا بڕیاری دابوو یاسای پاکی و بێگەردی ــ کە ئەو لە پەیوەندییەکەیاندا پاراستبووی ــ پێشێل بکات. سابینا لە تەقەلای ئەو بۆ پاراستنی عەشقەکەیان لە ناحەزی، دوور ڕاگرتنی لە ناوەندی ژن و مێردایەتی، نەدەگەیشت.

خۆپاراستن لەوەی کە لە ژنێڤ شەو لەگەڵ سابینا پێکەوە بن، لە ڕاستیدا

سزایەک بوو کە فرانز بەخۆی ڕەوا دەبینی، لەبەر ئەوەی لەگەڵ ژنێکی تر زەماوەندی کردبوو، خۆی تەمێ دەکرد. ئەم دۆخە بەلای ئەوەوە ناتەواوییەک بوو کە دەبوو وەک مرۆڤە تاوانبارەکان شانی بۆ بخاتە بەر.
پەیوەندی ئەو و ژنەکەی عاشقانە نەبوو، بەڵام بەهەرحاڵ ئەوان لەسەر جێیەک دەخەوتن، هەرکامە ئەوی تری بە پرخە پرخ بە ئاگا دەکردەوە، بۆنی هەڵمی لەشی یەکتریان هەڵدەمژی. ئەڵبەت فرانز پێی خۆشبوو بە تەنیا بخەوێت، بەڵام جێوبان و قەرەوێڵەی هاوبەش هێمای سەرەکی هاوسەریەتییە، هەموو کەس دەزانێت کە نابێ جێگۆڕکە بە چۆنییەتی تێکەڵاوی هێماکان بکرێت.
ئەو هەرکاتێک دەچووە سەر جێی ژنەکەی، سابینای بیری دەکەوتەوە کە خەریکە چوونە ناو جێی ئەو وێنا دەکات، بەخۆیدا دەشکایەوە. لەبەر ئەوە بوو کە دەیویست مەودایەکی زۆر زیاتر لە مابەینی جێوبان و قەرەوێڵەی خۆی و ژنەکەی، لەگەڵ قەرەوێڵەی خۆی و دۆستەکەی ساز بکات.
سابینا دیسان پێکێک شەرابی بۆ خۆی تێکرد. پاش ئەوە کە قومێکی لێ خواردەوە ــ بە بێدەنگی و بێمەبالاتییەکی سەیرەوە، وەها کە فرانز هەر لەوێش نەبێت ــ بە ئەهوەنی کراسی کار کردنەکەی داکەند. ئەو ڕەفتارەی لە قوتابی هونەرە دراماتیکییەکان دەچوو کە لە کاتی پرۆڤەدا دەبێ خۆیان وا دەربخەن کە تەنیان و کەسیان لە لا نییە.
سابینا تەنوورەی لەبەردا بوو، کۆرسێتی بەستبوو. پاشان ( وەک ئەوە کە لەپڕ بیری کەوتبێتەوە کەسێکی تر لە ژوورەکەی دایە) بە دوور و درێژیی سەیری فرانزی کرد. ئەو جۆرە سەیرکردن و تێڕامانە فرانزی نیگەران دەکرد و لە ماناکەی نەدەگەیشت. لە نێوان هەموو جووتە دڵدارێکدا، زۆر زوو ڕیسایەک بۆ یاریکردن دادەمەزرێت. ئەگەرچی خۆیان ئاگاداری نین بەڵام دەبێ وەک یاسا ڕێزی لێ بگرن. ئەو شێوە سەیر کردنەی سابینا ئەم یاسایەی پێشێل دەکرد و لە نیگا و جموجووڵی پێش دەستلەملانێیان نەدەچوو. ئەو نیگایە نەوەک هەر نەیدەبزواند، بەڵکو هیچ جۆرە حەکەدارییەکیشی تێدانەبوو. ئەو نیگایە زیاتر لە پرسیار دەچوو، بەڵام فرانز لەو پرسیارە نەدەگەیشت کە ئەو نیگایە دەیهێنایە ئاراوە.

سابینا دەستی گرت و بەرەو ئەو ئاوێنە ڕایکێشا کە بە دیوارەکەوە هەڵپەسێردرا بوو. ئەوسا بێ ئەوەی دەستی بەر بدات، لە ئاوێنەکەشدا سەیری کرد. نیگایەکی دوور و درێژی پڕ لە پرسیار، کە جارێک ڕووی لە خۆی و جارێکی تر ڕووی لە ئەو بوو.

لە بن دیوارەکە، لە سەر زەوی، پەیکەری سەرێک کە کڵاوێکی خڕ و کۆنی لێوارداری بەسەرەوە بوو، داندرابوو. سابینا بۆ هەڵگرتنی کڵاوەکە نەوییەوە، لە سەری خۆی کرد و لەبەر ئاوێنەکە ڕاوەستا: ئێستا ژنێکی دوور و جوان، سارد و بێدەنگ، بە کڵاوێکی لێوارداری سەیرەوە لە ئاوێنەکەدا بوو، دەستی پیاوێکی گرتبوو کە بۆینباخ و جلی خۆڵەمێشی لەبەردابوو. فرانز جارێکی تریش لەوەی کە دۆستەکەی باش نەناسی بوو، سەری سووڕما. ئەو دەیویست یارییەکی سەیر، نمایشێکی دوو کەسەی خۆمانەی لەگەڵ بکات. فرانز بە ڕەزامەندی و لێک حاڵیبوونەوە زەردەخەنەی بۆ کرد.

ئەو پێی وابوو سابیناش زەردەخەنەی بۆ دەکات، بەڵام وانەبوو. سابینا بێ ئەوەی دەستی بەربدات، بەردەوام لە ئاوێنەکەدا لە خۆیەوە بۆ ئەو، لە ئەوەوە بۆ خۆی دەڕوانی.

نمایشەکە خەریکبوو زیاد لە پێویست درێژەی دەکێشا. فرانز بیری لەوە دەکردەوە کە ئەم یارییە (ئەگەرچی جوانە) بەڵام زۆری خایاندووە و دەبێ کۆتایی پێبێت: کڵاوە خڕە لێواردارەکەی بە دوو قامک گرت و بە دەم پێکەنینەوە لەسەری سابینای داگرت، لەسەر پایەکە داینایەوە. دەتگوت ئەو سمێڵانە پاک دەکاتەوە کە کوڕێکی شەیتانی جەربەزە لەسەر وێنەی مریەمی پاکیزە کێشاویەتی.

سابینا بە بێ جووڵە لە ئاوێنەکەدا بۆ چەند چرکەیەک تەماشای خۆی کرد. پاشان، فرانز بە لوتف و میهرەبانییەوە ماچیکرد. ئەوسا جارێکی تریش داوای لێکرد کە دە ڕۆژی تر بچن بۆ پالێرم. ئەمجارە سابینا بە ڕوو خۆشییەوە وەعدی پێدا، ئەویش لە ماڵ چووە دەر.

فرانز دیسان هەستی بە خۆشحاڵی دەکرد. ئێستا ئیتر ژنێڤی ـ کە هەموو تەمەنی بە پایەختی ماندوویی و دڵتەنگی زانیبوو، نەفرەتی لێکرد بوو ـ

بە جوان و پڕ لە ڕووداوی دەزانی. گەڕایەوە و سەیری پەنجەرەی شیشەیی ستۆدیۆی نەقاشیەکەی سابینای کرد.
دوا ڕۆژەکانی بەهاربوو، هەوا گەرم بوو. بەسەر هەموو پەنجەرەکاندا پەردەی ڕاڕایان دادابۆوە. فرانز خۆی بە پارکێکدا کرد. لە دوورەوە، گومەزی ئاڵتوونیی کلێسای ئۆرتۆدۆکس بە سەر دارەکانەوە دەدرەوشایەوە، لە کۆمەڵێک گوللەی سووری تۆخ دەچوو کە دەتگوت هێزێکی نادیار ــ بەر لەوەی ئامانجەکەیان پێکا بێت ــ لە ئاسماندا ڕای گرتوون، تا بەو بەرزاییەوە سارد ببنەوە. دیمەنێکی جوانی هەبوو. فرانز بەرەو خوار، بەرەو زێیەکە چوو. ویستی بەلەمێک بگرێت و بەرەو ئەو سەری زێیەکە ــ بۆ ڕۆخی لای ڕاست کە لەوێ دەژیا ــ بڕوات.

٢

سابینا بە تەنیا مایەوە و دیسان لەبەر ئاوێنەکە دانیشتەوە. کڵاوە خڕە لێواردارەکەی لەسەر کرد، بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ لە خۆی ورد بۆوە. پێی سەیر بوو، پاش تێپەڕینی ئەو ماوە زۆرە، هێشتا ئەو ساتە دوورە دەستەی لەبیر ماوە.
ساڵانێک لەوەبەر، کاتێک تۆماس چوو بۆ ماڵەکەی، شەیدای ئەو کڵاوەخڕەی بوو، لەسەری کرد. ئەوسا لە ئاوێنەی گەورەی سەر دیواری ستۆدیۆکە سەیری خۆی کرد. تۆماس دەیویست بزانێت وەک شارەوانی شارێکی بچووکی سەدەی ڕابردوو، بیچم و قەڵافەتی چۆنە. کە سابینا خۆی ڕووت کردەوە، ئەویش کڵاوەکەی بۆ لەسەر کرد. ئەوان وەک هەمیشە، لە ئاوها کاتێکدا دەچوونە بەر ئاوێنەکە ڕادەوەستان و سەیری یەکتریان دەکرد. ئەو جاران بیجامەیەکی ڕێ ڕێی لەبەر دەکرد، بەڵام ئێستا کڵاوی لەسەر کردبوو، پێی وابوو دیمەنی ناو ئاوێنەکە هەردووکیانی تووشی هەڵچوون و خرۆشان کردووە.
بۆچی وابوو؟ بۆچی تا ساتێک لەوەو بەر ئەم کڵاوە خڕە لێوارداره کە ئێستا بە سەریەوە بوو، بەلایەوە گاڵتەجاڕی بوو؟ ئایا مەودای نێوان «گاڵتەجاڕی» تا «بزوێنەر» هەنگاوێک بوو؟
بەڵێ. کاتێک لە ئاوێنەکەدا سەیری یەکتریان دەکرد، ئەو سەرەتا ئەو دۆخەی

بە مەسخەرە و گاڵتەجاڕی دەزانی. بەڵام دواتر هەڵچوون و خرۆشان جێی بە گاڵتەجاڕی لێژ کرد. ئەو کڵاوە خڕە لێواردارە ئیتر شتێکی پێکەنین هێنەر نەبوو، بەڵکو گرژی و توندوتیژی دەنواند. گرژی بەرامبەر بە سابینا، بەرامبەر بە ویقار و مەناعەتی ژنانەی بوو.
سابینا کاتێک لە ئاوێنەکەی دەڕوانی، جلی ژێرەوەی لە بەردا بوو. جلی ژێرەوە جوانی ژنانەی دەردەخست. بەڵام ئەو کڵاوە ئەستوورە پیاوانە، بوونی ئەوی پشت گوێ دەخست، گرژی بەرامبەر دەنواند و پێی ڕادەبوارد. تۆماس بە جلەوە لەلای ڕاوەستابوو. کەواتە ئەو دیمەنەی کە هەر دووکیان لە ئاوێنەکەدا دەیانبینی، نەک هەر گاڵتەجاڕی نەبوو ـ ئەویش دەبوو بە جلی ژێرەوە، کڵاوی خڕی لێوارداری بەسەرەوە بوایە ـ بەڵکو سووک و تڕۆ بوو. سابینا لەبری خۆپاراستن لەم سووکایەتییە، بە لووت بەرزیەوە پێی ڕادەبوارد.
با دیسان بگەڕێینەوە سەر باسی کڵاوەکە.
یەکەم، ئەم کڵاوە بیرەوەرییەکی ون بووی باوەگەورەیەکی فەرامۆشکراو بوو. بیرەوەری شارەوانی شارێکی بچووکی بوهێم کە لە سەدەی ڕابردوودا ژیابوو.
دووهەم: ئەم کڵاوە یادگاری باوکی سابینا بوو. کە باوکی سابینا مرد، کوڕەکەی ـ براکەی سابینا ـ هەموو سامانەکەی بۆخۆی هەڵگرت و سابیناش بە لووت بەرزییەوە وازی لە مافی خۆی هێنا. بەڵام بە توانجەوە ڕایگەیاند کە ئەو کڵاوە خڕە لێواردارە، وەک تاکە میراتی باوکی دەپارێزێت.
سێهەم: ئەم کڵاوە بە دۆستایەتی و خۆشەویستی ئەو و تۆماسەوە لکابوو.
چوارهەم: ئەم کڵاوە هێمای دۆخێکی تایبەت و تازە بوو، کە ئەو بە پێداگرییەوە ئەو دۆخەی لەخۆیدا پەروەردە دەکرد. کاتێک چوو بوون بۆ ژنێڤ نەیتوانی بوو شتێکی ئەوتۆ لەگەڵ خۆی ببات، بەڵام بۆ بردنی ئەم کڵاوە بێ بایەخە، ناچار وازی لە هەندێک شتی بەکەڵک هێنابوو.
پێنجەم: ئەم کڵاوە خڕە لێواردارە لە دەرەوەی وڵات وەک شتێکی هەستیاری لێهاتبوو. سابینا کاتێک بۆ بینینی تۆماس چوو بۆ زووریخ، کڵاوەکەی لەگەڵ خۆی برد، لە ئوتێلیش بەر لەوەی دەرکەی لێ بکاتەوە لەسەری کرد. ئەو کاتە شتێکی چاوەڕوان نەکراو ڕوویدا. ئەم کڵاوە خڕە نە مەسخەرە بوو نە سێکسی،

بەڵکو شتێک لە ڕابردوو بوو.
لە یەکتر نزیکبوونەوە. دەستلەملانێیەکیان کرد کە پێشتر نەیان کردبوو. چونکە ئەم دیدارەیان لەدەوامەی دیدارە ئێرۆتیکییەکانیان نەبوو. ئەو دیدارانە فرسەتێک بوون بۆ ئەوەی کە بیر لە هەندێک وردە تاوان بکەنەوە: ئەمە جووت بوونەوەی کات بوو، سروودی ڕابردووی هاوبەشیان هەبوو، کورتەیەکی هەستیارانەی چیرۆکی ناهەستیاری بوو کە لە دوورەوە خەریکبوو تیادەچوو.
ئەم کڵاوە خڕە تیمی موزیکی ژیانی سابینا بوو. تیمێک کە بەردەوام دەردەکەوت و هەموو جارێکیش مانایەکی تری هەبوو. هەموو ماناکانیش، وەک ئاوێک کە لە بەستێنی چەمێکەوە تێپەڕ ببێت، لەم کڵاوە خڕەوە سەریان هەڵدەدا. دەتوانم بڵێم ئەوە بەستێنی چەمی هێراکلیت[٢٠] بوو: «لە چەمێکدا دووجار مەلە ناکرێت!». کڵاوی خڕی لێواردار بەستێنی ئەو چەمە بوو کە سابینا هەموو جارێک مانای تری تیا دەبینی: وەک مەبەستێک کە هەر جارەو مانایەکی تری ببێت، بەڵام ئەم مانایە (وەک دەنگدانە، ڕیزێک دەنگدانەوە) هەموو ماناکانی بەر لە خۆی دەنواندەوە. تێپەڕینی تەمەن هەموو جارێک بە هەوایەکی بەشکۆتر لە پێشوو دەنگی دەدایەوە. لە زووریخ، لە ژووری ئوتێلەکە، تۆماس و سابینا بە بینینی ئەم کڵاوە خڕە لێوارداره هەڵچوون و بە دەم گریانەوە دەستیان بە عەشقبازی و دەستلەملانێ کرد. ئەم شتە ڕەشە، تاکە یادگاری دۆستی و خۆشەویستی ئەوان نەبوو، بەڵکو دیارییەکی باوک و باوەگەرەی سابیناش بوو کە لە سەردەمی بێ ئۆتۆمۆبێلی و بێ فڕۆکەییدا ژیابوو.
بێگومان، ئێستا باشتر دەتوانین لە مەودای نێوان سابینا و فرانز بگەین: فرانز بە حەزەوە گوێی لێ دەگرت تا چیرۆکی ژیانی خۆی بۆ بگێڕێتەوە، سابیناش هەر بەو حەزەوە گوێی بۆ چیرۆکی ژیانی شل دەکرد. ئەوان، بێ ئەوەی چرپەی چەمی ئەو مانایانە ببیستن کە لە قسەکانیاندا بوو، بە باشی لە مانای لۆژیکی ئەو وشانە دەگەیشتن کە بە یەکتریان دەگوت.
بۆیە کاتێک سابینا لە بەرچاوی فرانز کڵاوە خڕە لێواردارەکەی لەسەر کرد، ئەو هەستی بە ناڕەحەتی کرد. دەتگوت بە زمانێک قسەیان لەگەڵ کردووە

---

[٢٠] - Heraclite

کە نایزانێت. ئەو، ئەم کردەیەی بە ناحەز یان هەستیارانە نەدەزانی، بەڵکو بە کردەیەکی دەزانی کە تێی نەدەگەیشت و لە بێ ماناییەکەی سەری سوورمابوو.
کاتێک خەڵک هێشتا گەنجن و هەوای موزیکی ژیانیان لە حاڵی پێکهاتن دایە، دەتوانن پێکەوە ئەم هەوایە دابهێنن و مۆتیڤەکانی بۆ یەکتر بگوێزنەوە (وەک تۆماس و سابینا کە مۆتیڤی کڵاوی خڕی لێوارداریان بە یەکتر ڕادەگەیاند).
بەڵام کاتێک تەمەنیان هەڵدەکشێت، هەوای موزیکی ژیانیشیان کامڵبووە، شتەکان یان وشەکان لە قامووسی موزیکی هەر کامەیاندا مانایەکی تری هەیە.
ئەگەر بە تێکڕای وتووێژی نێوان سابینا و فرانز دا بچینەوە، پێڕستی لێکحاڵی نەبوونەکانیان قامووسێکی گەورەیە. بەڵام واچاکە بە قامووسێکی بچووک قانیع بین.

٣

## فەرهەنگێکی بچووکی وشە نامەفهوومەکان (بەشی یەکەم)

### ژن

سابینا ژنبوونی بەو حاڵەتە دەزانی کە خۆی هەڵی نەبژاردووە. ئەو دەڵێ شتێک کە لە ئەنجامی هەڵبژاردن دا نەبێت، ناکرێ وەک شیاویی یان داماویی لێک بدرێتەوە. ئەو پێی وایە لە بەرامبەر دۆخ و حاڵەتێکی ئاوا سەپێنراودا، دەبێ ڕەفتارێکی دروست بگیرێتە بەر. بە بڕوای ئەو، دژایەتیکردنی ئەو واقیعە کە وەک ژن لە دایکبووە، بە قەدەر شانازیکردن بە ژن بوونییەوە، گەوجانەیە.
لە یەکێک لە دیدارە سەرەتاییەکانیان دا، فرانز بە گوتنێکی تایبەت پێی گوتبوو: «سابینا، تۆ ژنیت.» ئەو تێ نەدەگەیشت بۆچی فرانز بە شێوەیەکی جیددی و فەرمی، بە دۆخێکی وەک کریستۆف کلۆمب لە کاتی بینینی ڕۆخی

ئەمریکا، ئەم هەواڵەی پێ ڕادەگەیەنێت. ئەو دواتر زانی وشەی ژن ـ کە فرانز بە کێشێکی تایبەت دەری دەبڕی ـ بەلای ئەوەوە دیاریکردنی یەکێک لە دوو ڕەگەزی مرۆڤ نییە، بەڵکو هەڵگری بەهایەکە. هەموو ژنێک شایانی ئەوە نییە کە پێی بگوترێت ژن.

بەڵام ئەگەر ئەو، سابینای بە ژن دەزانی، کەواتە «ماری کلوود»ی هاوسەری بە چی دەزانی؟ بیست ساڵ لەوەو بەر ( ئەو دەمە تەنیا چەند مانگێک بوو کە یەکتریان دەناسی) ماری کلوود هەڕەشەی لێ کردبوو ئەگەر دەستی لێ هەڵبگرێ و بەجێی بهێڵێ، خۆی دەکوژێت. ئەو هەڕەشە فرانزی خۆشحاڵ کردبوو. ئەو ئەگەرچی ماری کلوودی زۆر بە دڵ نەبوو، بەڵام خۆشەویستییەکەی ئەوی بە شتێکی مەزن دەزانی. خۆی بە شایانی ئەو عەشقە مەزنە نەدەزانی و پێی وابوو دەبێ کڕنووشی بۆ ببات. بۆیە تا زەوی نەوییەوە و مارەی کرد. ئەگەرچی ماری کلوود هەرگیز ئەو سۆزە زۆرەی دووبارە نەکردەوە کە لە کاتی هەڕەشەی خۆکوشتنی دا نیشانی دابوو، بەڵام ئەم بڕوایە بۆ هەمیشە لەلای فرانز مایەوە کە نابێ هەرگیز نیگەرانی بکات، دەبێ هەمیشە ڕێز لە ژنبوونی بگرێت.

ئەو هەرگیز بە خۆی نەدەگوت: «دەبێ هەمیشە ڕێز لە ماری کلوود بگرێت.» بەڵکو دەیگوت: «دەبێ هەمیشە ڕێز لە ژنبوونی بگرێت.»

بەڵام چونکە ماری کلوود ژن بوو، کەواتە ئەو ژنەی تر کە خۆی لە ئەودا دەشاردەوە و دەبوو ڕێزی لێ بگیرێت، کێ بوو؟ ئایا ئەمە لە بابەتی بۆچوونە ئەفلاتوونییەکان نییە؟

نا، لە ڕاستیدا فرانز بیری لە دایکی دەکردەوە. هەرگیز بە خەیاڵی دا تێنەپەڕی بوو کە بڵێ «ئەوەی لە دایکیدا شایانی ڕێز لێگرتنە، ژن بوونییەتی.» ئەو دایکی دەپەرست، نەک ئەو ژنە کە لە ئەودا خۆی شاردبۆوە. بۆچوونی ئەفلاتوونی لە بارەی ژن و دایکییەوە بۆچوونێکی تاقانەبوو.

فرانز دوانزە ساڵان بوو کە دایکی بە تەنیا مایەوە، باوکی لە ناکاو بەجێی هێشت. ئەو نەیدەزانی چی ڕوویداوە و سەری لێ شێوابوو. بەڵام دایکی بۆ ئەوەی ورەی ڕابگرێت، بەقسەی خۆش و نەرم ئەم ڕووداوە تاڵەی لێ دەشاردەوە. ڕۆژێک، کاتێک دایکی لە ماڵەوە دەچوو بۆ شار، فرانز زانی کە کەوشی تاوتای لە

پێ دایە. ئەو ئەگەرچی دەترسا دایکی لێی بڕەنجێت، بە دۆخێکی شەرمنەوە ویستی تێی بگەیەنێت. دوو کاتژمێری تەواو لە شەقامەکاندا شوێنی کەوت و بۆ ساتێکیش چاوی لە قاچی نەتروکاند. ئەو ڕۆژە فرانز پەی بە چۆنیەتی دەرد و ئازار برد.

## وەفا و خیانەت

لە منداڵییەوە تا ئەو کاتە کە دایکی بەرەو گۆڕستان بەرێ دەکرد، خۆشی دەویست و بیرەوەریەکانی لێوڕێژ لە میهرەبانییەکانی ئەو بوو. بیرەوەری دایکی ئەو بۆچوونەی لە زهنیدا چەسپاندبوو کە: «وەفا مەزنترینی چاکە کانە. وەفا یەکگرتوویی بە ژیانمان دەبەخشێت، بەبێ وەفا ژیانمان لە شێوەی هەزاران هەستی ناسەقامگیر بڵاودەبێتەوە.»

فرانز زۆرجار باسی دایکی بۆ سابینا دەکرد. ڕەنگە بێ ئاگایانە پێی وابوو ئەم وەفادارییە سابینا شەیدای خۆی دەکات، بەم شێوەیە زیاتر لە جاران خۆشی دەوێت.

بەڵام سابینا شەیدای خیانەت بوو، نەک وەفا. ئەو بە بیستنی وشەی وەفا باوکی بیر دەکەوتەوە. پیاوێکی شارستانی سەختگیر کە ڕۆژانی یەکشەممە، بۆ کات بەسەر بردن ، وێنەی هەتاوی دەمەو ئێوارەی بەسەر دارستان و دەستوورە گوڵە سوورەکانی گوڵدانەوە دەکێشایەوە. ئەو لە تەمەنی زۆر گەنجێتی دا، بە هۆی باوکییەوە دەستی بە نەقاشی کردوە. لە چواردە ساڵیدا عاشقی کوڕێکی هاوتەمەنی خۆی بوو. باوکی لەم ڕووداوە ترسا، تا یەک ساڵ نەیهێشت بە تەنیا لە ماڵ بچێتە دەر. ڕۆژێک کە باوکی چاوی بەو تابلۆیانە کەوتبوو کە بە لاسایی کردنەوەی پیکاسۆ کێشابوونی، زۆر پێکەنی. ئەو کە مافی خۆش ویستنی کوڕێکی هاوتەمەنی خۆی نەبوو، لانیکەم توانی دڵ بە کووبیسم خۆش بکات. دوای ئەوەی کە دیبلۆمی وەرگرت، لە کاتێک دا هەستی بە ئاسوودەیی دەکرد کە دواجار دەتوانی خیانەت لە بنەماڵەکەی بکات، چوو بۆ پڕاگ.

لە تافی منداڵییەوە، باوک و مامۆستاکانی قوتابخانە پێمان دەڵێن کە خیانەت

قێزەونترین شتێکە کە دەکرێ بیری لێ بکەینەوە. بەڵام خیانەت کردن چییە؟ خیانەت کردن دەرچوونە لە ڕیز. خیانەت لە ڕیز لادان و بەرەو شوێنی نادیار چوونە. بەلای سابیناوە هیچ شتێک لە بەرەو شوێنی نادیار نەچوون، جوانتر نییە.

ئەو لە پەیمانگەی هونەرە جوانەکان خۆی ناونووس کرد، بەڵام ئیزنی ئەوەی نەبوو بە شێوەی پیکاسۆ وێنە بکێشێتەوە. لەو دەمەدا، ئەو دەبوو بە ناچاری شوێن ئەوە بکەوێت کە پێیان دەگوت «واقیع خوازی سۆسیالیستی». لە پەیمانگەی هونەرە جوانەکان، وێنەی سەرۆکی دەوڵەتە کۆمۆنیستییەکانیان دەکێشایەوە. مەیلی خیانەت کردن لە باوکی، لە ئەودا داچۆڕا بوو. چونکە کۆمۆنیستیش بۆ ئەو وەک باوکێکی سەختگیر و بچووک بوو، کە عەشق و پیکاسۆی لێ قەدەغەکرد. پاشان سابینا شووی بە ئەکتەرێکی بەناوبانگ کرد. تەنیا لەبەر ئەوەی کە ئەو ئەکتەرە کاری سەیری دەکرد و وەک پیاوێکی نائاسایی ناوی زڕابوو، ئەمەش بە پێی ئەو بەهایانە کە حزب و باوکی بە چاکیان دەزانی، مێردێکی باش نەبوو.

ئەوسا دایکی مرد. ڕۆژێک دوای مردنی دایکی، کاتێک لە گۆڕستانەوە بەرەو پراگ دەگەڕایەوە، بروسکەیەکی بە دەست گەیشت: باوکی لە داخ و مەراقدا خۆی کوشتبوو. سابینا پەشیمان بۆوە: ئایا باوکی، کە گوڵی سووری گوڵدانەکەی دەکێشایەوە و پیکاسۆی خۆش نەدەویست، بەڕاست کارێکی خراپی کردبوو؟ ئایا ئەو ترسە کە نەکا کچەکەی لە چواردەساڵی دا سکی پڕ ببێت، تا ئەو ڕادەیە شایانی سەرکۆنەکردن بوو؟ ئایا ئەوە مەسخەرە بوو کە پاش مردنی هاوسەرەکەی نەیتوانی بوو درێژە بە ژیانی بدات؟

سەر لە نوێ، ئارەزووی خیانەت کردن بە یەکەم خیانەتی خۆی، گڕی تێبەردا. لە مێرەدەکەی (ئەو مێردەی کە لەبری ئەوەی کەسێکی نائاسایی بێت، تەنیا پیاوێکی هەمیشە مەست و خەیاڵ بوو) ڕاسپارد کە وازی لێ دەهێنێ و بەجێی دەهێڵێت.

بەڵام ئەگەر خیانەت لە کەسێک بکرێت کە لەبەر ئەو خیانەت لە کەسێکی تر کراوە، بەو مانایە نییە کە لەگەڵ ئەو کەسەی تردا ئاشتبۆتەوە؟! ژیانی

ئەو هونەرمەندە تەڵاق دراوە لە ژیانی دایک و باوکە خیانەت لێکراوەکەی نەدەچوو. یەکەم خیانەت قەرەبوو ناکرێتەوە، بە هۆی زنجیرەیەک پەرچە کردارەوە، دەبێتە هۆی هەندێک خەیانەتی تر کە هەر کامەیان زیاتر لە جاران، لە خیانەتەکەی پێشووی دوورمان دەخەنەوە.

## موزیک

بە بۆچوونی فرانز، موزیک لە هەموو هونەرەکان زیاتر لە جوانی خوای ترێ و شەراب، هێمای مەستی و سەرخۆشی، نزیک دەبێتەوە. بە سەختی دەکرێ ڕۆمانێک یان تابلۆیەکی نەقاشی گێژ و وڕمان بکات، بەڵام دەکرێ بە «سەمفۆنیای نۆی بتهۆڤن» یان «سۆناتا» بۆ دوو ڤیالۆن و ئامێرێکی ڕیتمی «بارتوک»، هەوایەک لە «بیتل»ەکان خۆمان سەرخۆش بکەین. فرانز لە مابەینی موزیکی قورسی (کلاسیک) و سووکی (پۆپ)، هەست بە جیاوازی ناکات. ئەم جۆرە جیاوازیانە، بە بۆچوونی ئەو، درۆزنانە و لە مۆدە کەوتووە. ئەو بە یەک ئەندازە حەز لە موزیکی «ڕاک» و «موزارت» دەکات.

ئەو پێی وایە کە موزیک ئازادی بەخشە: موزیک لە تەنیایی و دوورە پەرێزی، لە تەپ و تۆزی کتێبخانەکان ڕزگاری دەکات. موزیک ئەو کون و کەلەبەرانەی لەش دەکاتەوە، کە ڕۆح دەتوانێ بۆ گەیشتن بە پاکی یەکڕەنگی، لەوانەوە دەرباز ببێت. ئەو حەز لە سەماکردن دەکا و بەداخەوەیە کە سابینا حەزی لێ نییە.

لە ڕیستۆرانێک شیویان دەکرد، هاوکات موزیکێکی پڕ هەرا و هوریا و کێشدار بڵاودەبۆوە.

سابینا گوتی:

«ئەمە هەمان دەوری بەتاڵە. ئەم دەنگە بەرزەی موزیکە، کە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ بەرزتریش دەبێت، خەریکە خەڵک کەڕ دەکات، ئەوسا لەبەر ئەوەی کە کەڕبوون، دەبێ دەنگی موزیکەکە بەرزتر بکەنەوە.»

«تۆ حەز لە موزیک ناکەیت؟»

«نا، ڕەنگە ئەگەر لە سەردەمێکی تر بژیامایە...» بیری لە سەردەمی «یوهان سباستیان باخ»ی دەکردەوە، ئەو کاتە کە موزیک لە گوڵێکی سوور دەچوو، کە لە پێ دەشتێکی پڕ لە بەفری بێدەنگی دا پشکوتوو بێت.

دەنگە دەنگ لە ژێر ناو و دەمامکی موزیک دا، لە تافی گەنجییەوە بە شوێن سابیناوە بوو. ئەو دەمە کە لە پەیمانگەی هونەرە جوانەکان قوتابی بوو، دەبوو هەموو ڕۆژانی پشوو، لە کارگەی گەنجان بێت (ئەو دەمە وایان پێ دەگوت). گەنجەکان لە کۆلیتە بەکۆمەڵەکان مەنزڵیان کردبوو، لە کوورەی تواندنەوەی ئاسنەواڵە کاریان دەکرد. بڵندگۆکان لە کاتژمێر پێنجی بەیانییەوە تا نۆی شەو، بە بێ پشوودان موزیکێکی پڕ هەراو هوریایان لێدەدا. ئەو زۆرجار حەزی دەکرد بگری، بەڵام نە لە ئاودەست و نە لە ناوجێ و نە لە ژێر لێفە، لە هیچ کوێ نەیدەتوانی خۆی لەو شاڵاوی موزیکە شادە بدزێتەوە. دەنگی بڵندگۆکان لە هەموو جێیەک دەبیسترا. دەنگی موزیک وەک ڕەوە سەگێک شوێنی کەوتبوو، وازی لێ نەدەهێنا.

لەو کاتەدا پێی وابوو وەحشیگەری موزیک تەنیا لە جیهانی کۆمۆنیزمدا دادوەرە. بەڵام کاتێک چوو بۆ وڵاتانی تریش، تێگەیشت کە بوونی موزیک بە هەراو هوریا، ڕەوتێکە هەموو شوێنێکی گرتۆتەوە و مرۆڤایەتی گەیاندۆتە قۆناغی مێژوویی ڕیسوایی. ئەو ڕیسواییە ڕەهایە، سەرەتا بە بوونی ئامێرە دەنگدارەکان لە هەموو شوێنێک، دەرکەوتووە: ئۆتۆمۆبێلەکان، ماتۆڕەکان، گیتارە کارەباییەکان، چەکوشە پڕ هەراو هوریاکان، بڵندگۆکان، ئامێرەکانی ڕاگەیاندنی مەترسی. ئەم ڕیسواییە لە بیستنییە، زۆر زوو بە هەموو لایەکدا بڵاودەبێتەوە.

ئەو شەوە ئەوان نانیان خوارد و بۆ ژوورەکانیان چوونەوە. بەڵام کاتی خەوتن، فرانز گیرۆدەی بیرکردنەوی تێکەڵ و پێکەڵ بوو. مۆسیقا پڕ هەراو هوریاکەی ڕیستورانی بیر کەوتەوە، بە خۆی گوت: «تەنیا قازانجی هەراو هوریا ئەوەیە کە وشەکان لە هەراو هوریا دا نابیسترێن.» ئەو لە تافی لاوییەوە تا ئێستا قسەی دەکرد، دەینووسی، وانەی دەگوتەوە، ڕستەی دادەنا، بە خەمی شێوازی گوتن و نووسینەوەوە بوو، پیایاندا دەچووەوە و هەڵەبڕی دەکردن، وەها کە

ئیتر وتراوەکە بە هیچ شێوەیەک ماناکەی نەدەپێکا. مانا لە پشت پەردەی وتراوەوە دەشاردرایەوە، ناوەرۆکەکەی دەدۆڕاند و تەنیا وردکە خەوش و خۆڵ، تەپ و تۆز و زیخی لێ دەمایەوە، کە لە مێشکی دا مەلەی دەکرد، تووشی سەرئێشەی دەکرد، نەخۆشی دەخست. ئەوسا بە شێوەیەکی تەمومژاوی، حەزی کرد هەوایەکی مەزن، دەنگە دەنگێکی ڕەها، هەراو هوریایەکی جوان و شاد ببیستێ، کە هەموو شتێک لەخۆی بگرێ و بە سەر هەموو شتێکدا زاڵ بێت. هەوایەک کە وەڕسی و شانازی وتراوەکە بۆ هەمیشە بسڕێتەوە. موزیک سڕینەوەی ڕستەکان بوو. موزیک دژی وشەکان بوو. حەزی دەکرد بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ لە باوەشی سابینا دا بمێنێتەوە، بێ دەنگ بێت و هیچ نەڵێت. ڕێگە بە چێژ بدات تا لەگەڵ هەراو هوریای مەی خواردنەوەو موزیک دا تێکەڵ ببێت. ئەو لەم هەراو هوریا خۆش و وەهمییەدا خەوی لێکەوت.

## ڕۆشنایی و تاریکی

بە بۆچوونی سابینا ژیان بە مانای بینینە. وزەی بینین بەهۆی بابەتێکی دوو لایەنەوە سنووردار دەکرێت: ڕۆشناییەکی توند کە بەر بە بینین دەگرێت، تاریکاییەکی ڕەها. ڕەنگە لەبەر ئەم حاڵەتە بوو کە هەموو جۆرە زیادەڕەوییەکی پێ ناخۆش بوو. ئامانجەکان سنوورەکان دەردەخەن، لەو دیو سنوورەوە ژیان کۆتایی پێ دێت. مەیلی زۆر بۆ زیادەڕەوی لە هونەریشدا وەک سیاسەت، جۆرێک حەزی شاراوە لە مردنە.

لە زهنی فرانزدا وشەی ڕۆشنایی وێنەی دیمەنێک نییە کە خۆر ڕۆشنی دەکاتەوە. بەڵکو ڕۆشنایی بۆ ئەو، وەک گڵۆپ یان لایت، سەرچاوەی خودی نوورە. خوازە ئاشناکان، وەک هەتاوی ڕاستی و درەو شاوەیی عەقڵ، هەمیشە بە زهنیدا تێ دەپەڕن.

ڕۆشنایی و تاریکی هەردووکیان بەرەو خۆیان ڕای دەکێشن. لەم سەردەمەی ئێمەدا، خەڵک پێیان وایە کووژاندنەوەی چرا لە کاتی دەستلەملانێ و عەشقبازی، شتێکی مەسخەرەیە. فرانز ئەوە دەزانێت، بۆیە بە ژوور قەرەوێڵەکەیەوە

چرایەکی بچووک هەڵ دەکات. ئەو کاتێک لە سابینا نزیک دەبێتەوە چاوی دەنوقێنێ و تاریکی دەخوازێت. ئەم تاریکییە ساف و بێ خەوش و ڕەهایە، بەلای ئەوەوە بێ وێنە و بیناییە. ئەم تاریکییە کۆتایی و سنووری نییە. ئەم تاریکییە شتێکی بێکۆتایە کە هەموومان لە خۆمان دا هەمانە (بەڵێ، ئەو کەسە کە بە شوێن بێکۆتاوەیە، تەنیا دەبێ پێڵووەکانی لێک بنێت!).

کاتێک لەشی فرانز تووشی هەڵچوون دەبێ و دەخرۆشێت، لە بێکۆتایی تاریکی خۆی دا دەتوێتەوە، خۆشی دەبێتە بێکۆتا. بەڵام هەرچی مرۆڤ زیاتر لە تاریکی دەروونی خۆی ڕۆ بچێت، زۆرتریش لە ڕواڵەتی لەشی خۆیدا ڕووتەڵە دەبێت. مرۆڤ بە چاوی بەستراوەوە، خۆی ڕەفز و دوور دەخاتەوە. بە بۆچوونی سابینا ئەم تاریکییە بە مانای بێکۆتا نییە، بەڵکو تووڕهەڵدانی وشیارانەی ئەو شتەیە کە دەیبینێت. ڕەفزی ئەوەی دەبیندرێ، خۆپاراستن لە بینین نیشان دەدات.

٤

سابینا خۆی ڕازی کرد تا بچێت بۆ کۆبوونەوەی هاوو‌ڵاتییە کۆچ کردووەکانی. لەوێ دیسان باسی ئەوە کرا کە ئایا دەبێ لە بەرامبەر ڕووسەکاندا چەک هەڵبگرن و شەڕ بکەن، یان نا؟ ئەڵبەت ئێستا لە پەناگەی ئەمنی تاراوگەدا، هەموویان پێیان وابوو دەبوو شەڕیان بکردایە. سابینا گوتی:

«زۆر چاکە، بگەڕێنەوە و شەڕ بکەن!»

نەدەبوو ئەو قسەیە بکات. پیاوێک، بە قژی ماش و برنجییەوە کە ڕازێنەر بژی کردبوو، قامکی گەورەی بۆ هەڵبڕی و گوتی:

«بەم شێوە قسە مەکە. هەمووتان لە بەرامبەر ئەوەی کە کراوە بەرپرسن. هەروەها تۆش، تۆش ئەو کاتە لە وڵات بوویت دژ بە ڕژێمی کۆمۆنیستەکان چیت دەکرد؟ تەنیا نەقاشیت دەکێشاو...»

لە وڵاتە کۆمۆنیستییەکان، تەفتیشی بیروڕا و پشکنینی هاووڵاتیان لە چالاکییە بەردەوام و سەرەکییەکانی ڕژێم بوو. بۆ ئەوەی نەقاش ئیزنی بڵاوکردنەوە و نواندنی تابلۆکانی پێ بدرێت، بۆ ئەوەی کەسێک بتوانێ ڤیزا وەربگرێت و

لە کاتی پشوودا بچێت بۆ ڕۆخی زەریا، بۆ ئەوەی یاریزانی فوتبۆڵ لە تیپی نەتەوەییدا وەربگیرێت، سەرەتا دەبێ هەموو جۆرە ڕاپۆرت و شایەتییەک ( لە دەرگەوان، لە هاوکارەکان، لە پۆلیس، لە شانەی حزب، لە کۆمیتەی کارخانە) لە بارەیەوە کۆبکرێتەوە. پاشان ئەم ڕاپۆرت و زانیارییانە، کە لە لایەن هەندێک مووچە خۆری تایبەت بەم کارانەوە کۆکراونەتەوە، خانە بەندی و سەنگ و سووک و کورت بکرێنەوە. ئەوەی لەم بەڵگانە دا باس دەکرێ بە هیچ شێوەیەک پەیوەندی بە بەهرەی نەقاش یان توانای یاریزانی فوتبۆڵەوە نییە، هەروەها گوێ بەوەش نادرێ، کە نەکا سلامەتی کەسێک پەیوەندی بە ڕۆیشتنی بۆ قەراغی دەریاوە ببێت. لەم بەڵگانەدا تەنیا شتێکی گرنگ ئەوەیە کە پێی دەگوترێ لاڕوومەتی سیاسی شارۆمەند (ئەو قسانە کە دەیکات، بیر کردنەوەکانی، ڕەفتارەکانی، بەشداریکردنی لە خۆپیشاندان و کۆبوونەوەکان، یان ئامادەبوونی لە ڕێپێۆانی یەکی مانگی ئایار). چونکە هەموو شتێک (ژیانی ڕۆژانە، بەرزبوونەوەی پلە و پایە و پشووەکان) پەیوەندی بە چۆنیەتی وەسفی ڕەفتار و ئەخلاقی شارۆمەندەوە هەیە، هەموو ناچارن (بۆ یاری فوتبۆڵ لە تیپی نەتەوەیی، بەڕێوەبردنی پێشانگە یان چوون بۆ قەراغی دەریا لە پشوودا) بۆ ئەوە بە چاکی وەسف بکرێن، لەگەڵ سەرچاوە فەرمییەکاندا ڕێک بکەون.

سابینا لە کاتێکدا قسەی ئەو کابرا قژ خۆڵەمێشییەی دەبیست، بیری لەم شتانە دەکردەوە. ئەوەیە کە هاووڵاتییەکانی باش یاری فوتبۆڵ دەکەن، یان بەهرەی نەقاشییان هەیە، بەلایەوە گرنگ نەبوو. (هیچ هاووڵاتییەک هەرگیز سەرنجی بە ئەوە نەدابوو کە ئەو چی دەکێشێتەوە) تەنیا شتێک کە بەلایەوە گرنگ بوو: زانینی ئەوە بوو ئەوان چۆن بەرهەڵستکاری چالاک یان ناچالاکی ڕژێمی کۆمۆنیستی بوون. کەی دەستیان بە بەرهەڵستکاری کردووە، ئایا بەرهەڵستکارییەکەیان جیددییە یان ڕواڵەتییە؟

لەبەر ئەوە کە نەقاش بوو دەیزانی چۆن سەیری ڕوومەتەکان بکات. بۆ نموونە لە پراگ بیچمی ئەو کەسانەی دەناسیەوە کە حەزیان لە پشکنینی خەڵکی تر بوو. قامکی دۆشاو مژەی هەموویان تۆزێک درێژ تر لە قامکی ناوەڕاستیان بوو، هەمیشە ڕوو لە گوێگرەکانیان بەرزیان دەکردەوە. هەروەها «نۆڤۆتنی»ش کە

چوارده ساڵ (تا ساڵی ١٩٦٨) حوکمی بوهێمی دەکرد، قژی ئاوا خۆڵەمێشی بوو، رازێنەر بۆی بژ کردبوو. هەروەها دەیتوانی لەبەر بوونی درێژترین قامکی دۆشاومژە لە ناو هەموو خەڵکی ئەورووپای ناوەڕاستدا شانازی بە خۆیەوە بکات.

کاتێک ئەو کۆچەرە قژ خۆڵەمێشییە لەو نەقاشە هونەرمەندەی ـ کە هەرگیز تابلۆکانی نەدیبوو ــ بیست کە پێی وایە ئەو لە «نوڤۆتنی[٢١]» سەرۆک کۆماری کۆمۆنیست دەچێ، سەرەتا سوور هەڵگەڕا، پاشان ڕەنگی پەڕی، دیسان سوور هەڵگەڕایەوە، دووبارە ڕەنگی پەڕی، ویستی شتێک بڵێ، لە ئەنجامدا هیچی نەگوت و بێدەنگ بوو. هەموویان لەگەڵیدا بێدەنگ بوون و سابینا هەستا و چووە دەرەوە.

ئەم ڕووداوە سابینای خەمبار کرد، بەڵام کاتێک گەیشتە پیادەڕۆکە، لەبەر خۆیەوە گوتی: ئەسڵەن بۆ دەبێ هاتوچۆی خەڵکی چیک بکات؟ ئەو لە چیدا لەگەڵ ئەوان هاوبەشە؟ ئایا ڕوانگەیەکی هاوبەشیان هەیە؟ ئەگەر لە ئەوانیان پرسیبایە بوهێم چیان وەبیر دەهێنێتەوە، ئەم پرسیارە کۆمەڵێک وێنەی ناڕێک و نا هاوئاهەنگی لە بەر چاویاندا ئاشکرا دەکرد.

یان ڕەنگە جەمسەری هاوبەشییەکان کەلتوور بێت؟ باشە ئەی کەلتوور چییە؟ موزیکە؟ «دڤۆرژاک[٢٢]» و «یاناچێک[٢٣]» ؟ بەڵێ، بەڵام وای دابنێن کەسێکی خەڵکی چیک حەزی لە موزیک نەبێت، ئەی ئەوسا چی؟ لەم حاڵەتەدا ڕۆحی هاوبەشی چیک بە با دەچێت.

یان ڕەنگە مرۆڤە مەزنەکان؟ «ژان هوس[٢٤]» ؟، ئەمانە هەرگیز دێڕێک لە کتێبەکانیان نەخوێندبۆوە. تاکە شتێک کە ئەمانە تێی دەگەن، بڵێسەیە. شکۆی ئەو بلێسانە کە ژان هوسیان بە تاوانی کوفرکردن سووتاندی، شکۆی خۆڵەمێشی لەشی. بە بۆچوونی ئەوانە، ڕۆحی چیک مشتێک خۆڵەمێشە و هیچی تر.

---

Novotny-٢١

Dovorjak-٢٢

Janacek -٢٣

Jean Hus -٢٤

سابینا بیری لەوە دەکردەوە کە ئەم کەسانە تەنیا لە تێشکان و سەرکۆنەکردنی یەکتردا هاوبەش بوون.
ئەو بە گورجی ڕێگەی دەبڕی. بیر و خیاڵاتەکەی خۆی، لەو ساردی و تۆرانە کە بە هۆی دواندنی کۆچکردووەکانەوە سەری هەڵدابوو، زیاتر پەرێشانی دەکرد. دەیزانی لە ئاستیان بێ ویژدان بووە. وێڕای ئەوەش، لەناو خەڵکی چیک دا بێجگە لەو پیاوە قامک درێژە، کەسیتریش هەڵدەکەوێت. ئەو بێ دەنگییە بە ئازارە کە لە پاش قسەکانی بەسەر هەموویاندا زاڵ بوو، بە هیچ شێوەیەک بە مانای سەرکۆنەکردنی ئەو لە لایەن ئامادە بووانەوە نەبوو. بێ گومان ئەوان لە هەڵچوونی نەفرەت، لە لێکحاڵی نەبوون ــ کە هەموویان لە تاراوگە دەبوونە قوربانی ئەو لێکحاڵی نەبوونە ــ داچڵەکی بوون. کەواتە ئایا باشتر نەبوو دڵیان بۆ بسووتێنێت؟ باشتر نەبوو ئەوان بە کۆمەڵێک بوونەوەری پشت گوێخراو بزانێت کە پێویستیان بە بەزەیی پیاهاتنەوە هەبوو؟!
ئێمە بە وەڵامی ئەو پرسیارە دەزانین: لەو ڕۆژەوە کە سابینا خیانەتی لە باوکی کردبوو، ژیان لە بەرامبەریدا وەک ڕێیەکی دوور و درێژ لە سەر ڕەوتی خیانەت کرابۆوە، هەموو خیانەتێکی نوێ ــ وەک تاوان یان سەرکەوتنێک ــ بەرەو خۆی ڕایدەکێشا. ئەو نایەوێ لە ڕیزەکەدا بمێنێتەوە، لە ڕیزەکەشدا نامێنێتەوە! لەبەر ئەوەیە کە لە بێ ویژدانییەکەی خۆی داچڵەکیوە. ئەو ئەم پەرێشانییەی پێ ناخۆش نییە، بە پێچەوانەوە، هەست دەکات سەرکەوتنی بە دەست هێناوە، کەسێکی نادیار چەپڵەی بۆ لێ دەدا.
زۆری نەخایاند کە نیگەرانی و دڵەڕاوکە جێی ئەو سەرخۆشییەی گرتەوە. ئەو دەبوو ڕۆژێک واز لە خیانەت بهێنێت! دەبوو جارێک بۆ هەمیشە لەم ڕێگەیەدا ڕابووەستێت!
شەو بوو، هەنگاوی خێرای بە سەر پیادەڕەو و وێستگەی شەمەندەفەردا هەڵدەهێنایەوە. شەمەندەفەری ئەمێستەردام ئامادەی ڕۆیشتن بوو. ئەو لە ڤاگۆنەکەی خۆی دەگەڕا. دەرکەی کووپەیەکی کردەوە کە پشکێنەری شەمەندەفەر، بە ئەدەبەوە بەرەو ئەوی ڕێنمایی کردبوو. لەوێ چاوی بە فرانز کەوت کە لەسەر قەرەوێڵەیەک ڕاکشابوو، لێفەکەی لادرابوو. فرانز هەستا و

بەرەو پیری هات.
زۆر حەزی دەکرد وەک قێزەونترین ژنەکان پێی بڵێ: «وازم لێ مەهێنە، لای خۆت ڕام بگرە، بمخەرە ژێر ڕکێفی خۆت، بەهێز و بەدەسەڵات بە!» بەڵام ئەمانە ئەو وشانەبوون کە نەدەیتوانی و نەدەیزانی چۆن بیانڵێت.
کاتێک فرانز بەرەو پیری هات، سابینا گوتی:
«چەندەم پێ خۆشە لەگەڵ تۆم!»
ئەو بە ڕازداری جەوهەریی خۆی، نەیدەتوانی لەوە زیاتری پێ بڵێت.

## ٥

# کورتە فەرهەنگی وشە نامەفهوومەکان (دە وامە)

### ڕێژە[٢٥] و ڕێپێوان

لە ئیتاڵیا و فەڕانسا کاتێک دایک و باوکتان ناچارتان دەکەن کە بچن بۆ کڵێسا، بە ئاسانی ڕێگایەک دەبیننەوە، بە ناونووسکردنی خۆتان لە حزبێکی وەک (کۆمۆنیست، ترۆتسکیست، مائۆئیست و هتد) تۆڵەیان لێ دەسێنێتەوە.
بەڵام باوکی سابینا سەرەتا ئەوی نارد بۆ کڵێسا و پاشان، بە هەڵە، ناچاری کرد کە بچێتە ڕیزی گەنجانی کۆمۆنیستەوە.
کاتێک لە ڕێپێوانی یەکی ئایاردا ڕێژەی دەکرد، نەیدەتوانی هەوای ڕۆیشتنەکەی ڕابگرێ، کچەکەی دواوە جنێوی پێدەدا و شەقی لە قاچی هەڵدەدا. ئەو کاتی سروود خوێندنیش، دەقی هیچکام لە سروودەکانی لە بەر نەبوو، وەک ئەکتەری فیلمە بێدەنگەکان، زاری دەکردەوە و دەیبەستەوە. دواتر هاوکارەکانی پێیان زانی و ڕاپۆرتیان لێ دا. لەو کاتەوە ئەو لە هەموو ڕێژە و ڕێپێوانێک بێزار بوو.
فرانز لە پاریس وانەی خوێندبوو، لەبەر ئەوەی بەهرەیەکی بێ وێنەی بوو، لە

---

[٢٥] - ڕێپێوانی سوپایی

تەمەنی بیستساڵییەوە پیشەیەکی زانستی چاوەڕوانی بوو. لەو کاتەوە دەیزانی کە هەموو ژیانی لە ناو چوار دیواری نووسینگەیەکی زانکۆیی، کتێبخانەیەکی گشتی، دوو یان سێ تەلاری وانە گوتنەوە دەبێت. ئەم بیرە پشووی سوار دەکرد. ئەو هەروا کە بۆ ڕۆیشتن بۆ شەقام لە ماڵ دێتە دەر، دەیویست لە چوارچێوەی ژیانیشی بێتە دەرەوە.

ئەو کاتێک لە پاریس دەژیا، بە دڵی خۆی دەچوو بۆ ڕێپێوان. ئاهەنگ گێڕان بۆ شتێک، داوای شتێک کردن، دژ بە شتێک ڕاپەڕین، بە تەنیا نەبوون، لەگەڵ خەڵکی تر بوون، هەموو ئەمانە شادیان دەکرد. ڕیزی خۆپیشاندەرەکان کە بە شەقامی سەن ژێرمەن، یان مەیدانی کۆماری دا تێ دەپەڕین، بەرەو خۆیان ڕایان دەکێشا. ئەو جەماوەرە کە ڕێپێوانی دەکرد و درووشمی دەدا، وێنەی ئەورووپا و مێژووی ئەورووپای بە بیردا دەهێنا. ئەو ئەورووپای بە ڕێپێوانێکی مەزن دەزانی. ڕێپێوان لە شۆڕشێکەوە بەرەو شۆڕشێکی تر، لە شەڕێکەوە بۆ شەڕێکی تر، بەردەوام بەرەو پێش چوون.

دەتوانم بە شێوەیەکی تر ئەمە بڵێم: فرانز ژیانی خۆی لە ناو کتێبەکاندا بە ناواقیعی دەزانی. حەزی لە ژیانی واقیعی، لە پەیوەندیی لەگەڵ پیاوان و ژنانێک دەکرد کە بە لایدا تێدەپەڕین ، شەیدای دەنگ و هەرایان بوو. ئاگای لەوە نەبوو کە ئەوەی بە ناواقیعی دەزانێت (کارکردنی لە سووچی کتێبخانەکان) ژیانی واقیعی ئەوە. لە کاتێکدا ئەم ڕێپێوانە کە بە واقیعیی دەزانی، نواندنێکی شانۆیی، سەمایەک، ئاهەنگێک، یان خەونێکە.

سابینا کاتێک خوێندکار بوو، لە بەشی ناوخۆیی خوێندکاراندا دەژیا. یەکی ئایار هەموویان ناچار بوون بەیانی زوو لە شوێنێکی تایبەت ئامادەبن و بچن بۆ ڕێپێوان. بۆ دڵنیابوون لەوەی کە هەموویان ئامادەن، خوێندکارەکان (مووچە خۆرە چالاکەکانی حزب) هەموو ماڵەکانیان دەپشکنی. ئەو لە ئاودەستەکەدا خۆی دەشاردەوە، تەنیا کاتێک دەگەڕایەوە بۆ ژوورەکەی کە دڵنیا بووایە هەموویان ماوەیەکە ڕۆیشتوون، ماڵە خوێندکارییەکە لە بێدەنگی دا ڕۆچووە. لە دوورەوە دەنگی ئەو موزیکەی دەبیست کە لەگەڵ ڕێپێوانەکان بوو. دەتگوت لە سەدەفی حەلەزوونێکدا شاردراوەتەوە، لەو دوور دوورانەوە، گوێی لە دەنگی

شەپۆلی جیهانێکی دوژمن خێوە.
دوو ساڵ دوای دەرچوون لە بوهێم، زۆر بە ڕێکەوت ساڵوەگەڕی داگیرکاری ڕووسەکان لە پاریس بوو. ئەو ڕۆژە خۆپیشاندانێکی دژ بەو داگیرکارییە ڕێ دەخراو، ئەو نەیدەتوانی خۆی لە بەشداریکردن لەو ئاهەنگە بدزێتەوە. گەنجە فەڕەنساییەکان دەستیان بەرز دەکردەوە و دژ بە ئەمپریالیزمی سۆڤێتی دروشمیان دەدا. ئەو ئەم دروشمانەی بە دڵ بوو، بەڵام بە سەرسووڕمانەوە زانی کە ناتوانێت لەگەڵ ئەوانی تر هاوار بکات، بەڵکو تەنیا دەتوانێت بۆ چەند خوولەکێک لەگەڵیان بێت.
ئەم حاڵەی خۆی بۆ هاوڕێ فەڕەنساییەکانی گێڕایەوە. ئەوان بە سەر سووڕمانەوە لێیان پرسی:
«کەواتە تۆ ناتەوێ خەبات دژ بە داگیرکردنی وەڵاتەکەت بکرێت؟»
سابینا دەیویست پێیان بڵێت: کۆمۆنیزم، فاشیزم، هەموو جۆرە داگیرکاری و شاڵاو بردنێک، عەیب و ناتەواویەکی سەرەکی و گەردوونی دەشارنەوە. بە بۆچوونی ئەو ڕێزی ئەو خەڵکانە کە ڕێپێوان دەکەن و مستیان هەڵدەبڕن و پێکەوە هاوار دەکەن، ئەم ناتەواوییە دەنوێنن. بەڵام دەیزانی کە ناتوانێت ئەمەیان بۆ شیبکاتەوە. شەرمی دەکرد و وای بە چاک دەزانی بابەتی گفتوگۆکە بگۆڕێت.

## جوانی نیۆیۆرک

فرانز و سابینا بە دوور و درێژی بە شەقامەکانی شاری نیۆیۆرکدا دەگەڕان. لەگەڵ هەر هەنگاوێکیاندا دیمەنێک دەگۆڕا. دەتگوت لە ڕوانگەی پڕ لە ئەفسوونی کوێستاندا شوێن باریکە ڕێیەکی پێچاوپێچ کەوتوون. پیاوێکی گەنج لە پیادەڕێیەکە بە چۆکدا هاتبوو، دوعای دەکرد. چەند هەنگاوێ بەولاوەترەوە، پیرێژنێکی ڕەش، پاڵی بە دارێکەوە دابوو، وەنەوزی دەدا. پیاوێک بە جلی ڕەشەوە، لە کاتێکدا دەستی بۆ ڕێنمایی ئۆرکسترایەکی نادیار دەجووڵاند، تێدەپەڕی. ئاو بە حەوزی بچووکی فوارەیەکدا دەڕۆشت. کرێکارەکانی بینایەک

لە سووچێک دانیشتبوون و نیوەڕۆژەیان دەکرد. پلیکانەی ئاسن لە بەردەرکەی کۆمەڵەماڵێکی ناحەز کە خشتەکانیان سوور بوو، هەڵدەگەڕا. ئەم ماڵانە لەوپەڕی ناحەزیدا جوان دەهاتنە بەرچاو. لەو نزیکانە باڵەخانەیەکی شووشەیی سەری لە ئاسمان دەسووا. لە پشتییەوە باڵەخانەیەکی تر دیاربوو کە لەسەر بانەکەی کۆشکێکی بچووکی عەرەبی، بە بورج و ڕێڕەو و ستوونی ئاڵتووونییەوە سازکرابوو.

سابینا بیری لە تابلۆ نەقاشییەکانی خۆی دەکردەوە: ئەم تابلۆیانەش هەندێک شتیان دەنواند کە پەیوەندیان بە یەکترەوە نەبوو: بینای نیوە تەواوی کوورەی تواندنەوەی ئاسنەواڵە، لە قووڵایی تابلۆکەشدا، چرایەکی نەوتی و چرایەکی تر کە بۆرییە کۆن و ڕەنگکراوەکەی وەک کۆمەڵێک وردە شووشە دەدرەوشایەوە، ڕوناکایی بەسەر دیمەنی زەلکاوێکی خەمباردا دەپژاند.

فرانز گوتی:

«لە ئەوروپا، هەمیشە بەر لە هەر کارێک، بیر لە جوانییەکەی کراوەتەوە. هەمیشە فکرێکی ستاتیکی و پلانێکی درێژماوە هەبووە. چەند سەد ساڵێکی دەویست تا بە پێی ئەم پلانە، کلێسەیەکی جامیعە بە شێوازی بیناسازی گووتیک، یان شارێکی قۆناغی ڕێنێسانس ساز بکرێت. بەڵام جوانی نیۆیۆرک زەمینەیەکی تەواو جیاوازی هەیە. ئەم جوانییە خۆی لە خۆیدا هیچ مەبەست و ویستێکی مرۆڤی لە پشتەوە نییە. بۆ نموونە لەو دڵۆپە ئاوانە دەچێت کە بە میچی ئەشکەوتەوە دەبن بە بەرد. ئەو وێنانە کە لە خۆیاندا ناحەزن، بە ڕێکەوت و بەبێ هیچ گەڵاڵە و پلانێک لە پاڵ یەکتر داندراون، بە یارمەتی شیعرێکی سیحراوی دەدرەوشێنەوە.

سابینا گوتی:

« ئەڵبەت ئەم جوانییە بە ویست و خواستی کەس نییە. دەکرێ بڵێین جوانییەکی ڕێکەوتە. ئەم جوانییە، بەرلەوەی کۆتایی پێبێت و ون ببێت، بۆ چەند ساتێک دەمێنێتەوە، بەڵام بە ڕێکەوت. جوانی ڕێکەوت، دوا قۆناغی مێژووی جوانییە.»

ئەو بیری لە یەکەم تابلۆ نەقاشییەکانی خۆی دەکردەوە کە بە ڕاست شاز بوون.

ئەو تابلۆیانە کە بە هەڵە ڕەنگیان پێدا ڕژابوو. ئەرێ، تابلۆی نەقاشییەکانی لەسەر جوانی بە ڕێکەوت و هەڵە ساز کرابوون، ئێستاش نیۆیۆرک دوا نیشتمانی ڕاستەقینەی نەقاشیەکانی ئەوبوو.

فرانز گوتی:

«ڕەنگە جوانی نیۆیۆرک زۆر بە پیتتر و جۆراوجۆرتر لەو جوانییە ئێجگار قورس و زۆر ئاڵۆزە بێ، کە لە پلانێکی مرۆییەوە سەری هەڵداوە. بەڵام ئەمە ئیتر جوانی ئەوروپایی نییە، بەڵکو جیهانێکی غەریبەیە.»

ئەوان کە بۆ زۆر شت بۆچوونی جیاوازیان هەبوو، چۆن لەبارەی شتێکەوە ڕێکەوتن؟

لێرەش جیاوازییەک هەیە. جوانی سەیر و سەمەرەی نیۆیۆرک، سابینا بەرەو خۆی ڕادەکێشێت. ئەم جوانییە فرانزیش ڕادەکێشێت، بەڵام لە هەمان کاتیشدا دەیترسێنێ، ئەوروپای بیر دەهێنێتەوە.

## وڵاتی سابینا

سابینا تێدەگات کە بۆچی فرانز بۆ ئەمریکا دوو دڵە. فرانز نموونەی ئەوروپایە: دایکی بە ڕەگەز ڤیەنییە، باوکی فەڕەنسایی، خۆیشی لە سویسرا لە دایکبووە.

بەڵام فرانز ستایشی نیشتمانەکەی سابینا دەکات. کاتێک سابینا باسی شوێنی لە دایکبوون و هاوڕێ و هاووڵاتییەکانی دەکات، فرانز وشەی زیندان، ستەمکاری، دەبابە، کۆچ و ڕەو، بەیاننامە، ئەدەبی نهێنی، پێشانگای قەدەغەی لێدەبیستێ، هەست بە دۆخێکی تایبەت دەکات کە لە خەمی غوربەتەوە سەر هەڵدەدات.

ئەو لەلای سابینا دان بەوەدا دەنێت کە: « ڕۆژێک فەیلەسووفێک لە بارەی خۆمەوە بۆی نووسیم، هەموو ئەو شتانە کە دەیانڵێم کۆمەڵێک قسەی تیۆریکییە و هیچ بەڵگاندنێکی لە پشتەوە نییە. ئەو فەیلەسووفە منی بە «شێوە سوکراتێکی ساختە» شوبهاند. من لەو دەربڕینەی بە خۆمدا شکامەوە و بە تووڕەییەوە وەڵامم دایەوە. بیهێنە بەرچاوت کە ئەم ڕووداوە مەسخەرەیە، جیددیترین

رووبەڕوو بوونەوەی ژیانم بووە! بەمشێوەیە بوو کە زۆرترین ئیمکاناتی نواندنی ژیانم لێ ئاشکرا بوو! ئێمە، هەردووکمان بە پێوەری جیاواز دەژین. تۆ وەک «گالیڤێر[٢٦] لە وەڵاتی کورتە باڵاکان» هاتوویتە ناو ژیانی منەوە».
سابینا بە ناڕەزایەتییەوە دەڵێ: «شەڕەکان، ڕووداوە ترسناکەکان، کارەساتەکان، هیچ مانایەکیان نییە، هیچ بایەخێکیان نییە و شایانی ڕێز لێگرتن یان ستایش کردن نین. تەنیا شتێک کە دەبێتە هۆی ئیرەیی بردنی خەڵک بە فرانز، کارەکەیەتی کە دوور لە هەراوهوریا بەڕێوەی دەبات.»
فرانز سەری دەلەقێنێ: «لە کۆمەڵگەیەکی دەوڵەمەند، خەڵک پێویستیان بەوە نییە بە دەست کار بکەن. ئەوان مێشکیان دەخەنە گەڕ. زانکۆکان لە جاران زیاتر دەبن و خوێندکارانی زانکۆش پەرە دەسێنن. ئەوان، بۆ کۆتایی هێنان بە خوێندنەکەیان دەبێ بابەت بۆ تێزەکانیان هەڵبژێرن. ژمارەی بابەتەکان زۆر و بێ ئەژمارن، چونکە دەکرێ لە بارەی هەموو شتێک و هیچ شتێکەوە شیکاری و لێکۆڵینەوە بنووسرێت. بەمشێوەیە کۆمەڵ کۆمەڵ، کاغەز لە ئەرشیڤەکاندا لەسەر یەک هەڵدەچنرێن. شوێنێک کە لە گۆڕستانیش خەمبارترە، چونکە تەنانەت لە «چەشنی ئەولیاکانی ئایینی مەسیح»یش کەس ناچێت بۆ ئەوێ. کەلتوور لە کۆی بەرهەمەکاندا، لە کۆمەڵێک هێما و نیشانە، لە سەرسامی زۆر و بۆردا ون دەبێت. بڕوا بکە تاکە کتێبێکی قەدەغەکراوی وەڵاتەکەی تۆ، زیاتر لە میلیارەها وشە کە زانکۆکانی ئێمە هەڵیدەڕێژن، مانای هەیە.»
بەمشێوەیە دەتوانین لە لێبوردەیی فرانز بەرامبەر بە شۆڕشەکان بگەین. ئەو پێشتر پەیوەندییەکی سۆزدارانەی لەگەڵ کووبا و چین هەبوو، پاشان، لە کاتێکدا نەفرەتی لە توندوتیژی و بێدادی حکومەتەکانیان دەکرد، دانی بەوەدا نا تەنیا دەریایەک وشەی بۆ ماوەتەوە، کە ڕێ بۆ هیچ کوێ دەرناکەن و ناژین. لە ژنێڤ (شوێنێک کە هیچ خۆپیشاندانێکی سیاسی لێناکرێت) بوو بە مامۆستای زانکۆ. ئەوسا (لە تەنیایی بێ ژن و بێ ڕێپێوان دا) بە تەوازوعەوە چەند بەرهەمێکی زانستی نووسی کە تا ڕادەیەک دەنگییان دایەوە. ئەو دەمە بوو کە سابینا وەک خەونێک لێی ئاشکرا بوو. ئەو لە وڵاتێکەوە دەهات کە

٢٦- Gulliver

خەون و خەیاڵاتی شۆڕشگێڕانەی تێدا سیس ببوو. بەڵام ئەو وڵاتە هێشتا شتێكی تیا مابوو كە فرانز لە شۆڕشەكاندا ستایشی دەكرد: خستنە مەترسی ژیان تا قۆناغێكی ئەوپەڕی ترسناك، تا ئەو ڕادەیە كە گەمە بە مەرگ و ئازایەتی بكرێت: لە ڕاستیدا، سابینا بڕوای ئەوی، بە مەزنی چارەنووسی مرۆڤ زیاتر دەكرد، كارەساتە دڵتەزێنەكەی وڵاتەكەی ـ كە لە پشت لاڕوومەتیەوە دیار بوو ـ دوو ئەوەندە جوانی دەكرد.

بەداخەوە كە سابینا لەم كارەساتەدا هیچ شتێكی بە شكۆی نەدەبینی! وشەگەلی وەک زیندان، ستەمكاری، كتێبی قاچاغ، داگیركاریی و دەبابە، بەلای ئەوەوە وشەگەلێكی ناحەز و دوور لە هەموو جۆرە بەرامەیەكی ئەفسووناوی بوون. تاكە وشەیەک كە وەک یادگاری پڕ لە یادەوەری زێدەكەی، بە ئارامی لە گوێیدا دەزرینگایەوە، وشەی گۆڕستان بوو.

## گۆڕستان

گۆڕستانەكانی بوهێم لە باخ دەچن. گۆڕەكان بەسەوزە و گەڵا و گوڵی گەش داپۆشراون. شەوان، هەموو لایەكی گۆڕستان پڕە لە مۆمی ئایساو. دەڵێی مردووەكان ئاهەنگی سەمایەكی منداڵانە دەگێڕن. بەڵێ، ئاهەنگی سەمای منداڵانە، چونكە مردووەكان وەک منداڵان بێ تاوانن. ئەوەندە كە ژیان بە ئازار و بێ بەزەییەوە تێدەپەڕێ، لە گۆڕستان ئاسوودەییەكی ڕەها و بێگەردییەكی تەواو لە ئارادا بوو. لە سەردەمی شەڕیش، لە ژێر سوڵتەی هیتلەر و لە ژێر سوڵتەی ئەستالین و لە ژێر سوڵتەی هەموو داگیركەرانیشدا، دۆخەكە بەمشێوەیە بوو. كاتێک سابینا هەستی بە خەمباری دەكرد، سوار ئۆتۆمۆبێلەكەی دەبوو، لە دەرەوەی پراگ بۆ گەڕان دەچوو بۆ یەكێک لەم گۆڕستانانە. ئەم گۆڕستانە دوورانە، لە پێدەشتەكان، لە قووڵایی شینی تەپۆڵكەكان، وەک لایەلایەی دایكان جوان بوون و ئاسوودەییان پێ دەبەخشی.

بەڵام فرانز، گۆڕستانی بە شوێنی ئێسكی وشكی مردووەكان و كۆگایەكی وردە بەرد دەزانی.

## ٦

هەرگیز ئۆتۆمۆبێل لێ ناخورم! زۆر لە پێکدادانی ئۆتۆمۆبێل دەترسم! مرۆڤ ئەگەر تەنانەت نەشکوژرێت، بۆ هەمیشە لە ژێر کاریگەری ئەو کارەساتەدا دەمێنێتەوە. پەیکەرسازەکە دەدوا، لە کاتێکدا بێ ئەوەی خۆی پێی بزانێت، قامکی دۆشاومژەی ـ کە لە کاتی کارکردندا خەریکبوو بقرتێ ـ لە دەست دا بوو. پزیشکەکان توانیبوویان بە شێوەیەکی سەیر وموعجیزەئاسا ئەو قامکەی لە قرتان ڕزگار بکەن. ماری کلوود بەوپەڕی کەیف خۆشییەوە، دەنگی هەڵبڕی و گوتی:

«نا، وانییە! من جارێک تووشی کارەساتی ئۆتۆمۆبێل بووم و زۆریش خۆش بوو. هەرگیز بە قەدەر ئەو ماوەیە کە لە نەخۆشخانە کەوتبووم هەستم بە خۆشی نەکردووە! نەمدەتوانی چاوم ببەستم، شەو و ڕۆژ بەردەوام خەریکی خوێندنەوە بووم.»

هەموو بە سەر سووڕماوییەوە سەیریان دەکرد. ئەوە حاڵەتێک بوو کە بە ئاشکرا چێژی لێوەردەگرت. بێزاری فرانز لە جموجووڵی ژنەکەی تێکەڵ بە جۆرێک ستایشکردن بوو. (بیری دێتەوە کە لە پاش ئەم کارەساتە هاوسەرەکەی ورەی بەردابوو، بەردەوام هەستی بە نیگەرانی دەکرد. بەڵام ئەو، چێژی لەو بەهرە و توانایەی دەبینی کە دەیتوانی بە شێوەیەکی تر ئەو ڕووداوانە بگێڕێتەوە کە ڕوویان دابوو. ئەمەش نیشانەی وزەی بێ بڕانەوەی ژیانی ماری کلوود بوو.)

ماری کلوود درێژەی بە قسەکانیدا:

«لە نەخۆشخانە کتێبەکانم بە دوو دەستە دابەشکرد: کتێبی ڕۆژانە و شەوانە. هەندێک کتێب بۆ ڕۆژ دەبن، هەندێک کتێبی تر تەنیا لە شەودا دەخوێندرێنەوە.»

هەموو دانیشتوان بە سەیرەوە ستایشیان دەکرد. تەنیا پەیکەرسازەکە ـ کە بەردەوام قامکی خۆی لە دەست دابوو ـ بە هۆی یادەوەرییەکی خەمبارەوە گرژ ببوو.

ماری کلوود ئاوڕی لە ئەو دایەوە:

«پێتوایە ئەستاندال سەر بە کام دەستەیە؟»
پەیکەرساز گوێی نەدەگرت، بە وەڕسییەوە شانی هەڵتەکاند. ڕەخنەگرێکی هونەری کە لەلای ڕاوەستابوو، گوتی:
«من پێموایە کتێبەکانی ئەستاندال بۆ ڕۆژ باشترن».
ماری کلوود سەری ڕاوەشاند و بە دەنگێکی توند و تیژ گوتی:
«نا، وانییە!نا، نا، نا، تۆ نازانی! ئەستاندال نووسەرێکی شەوانەیە.»
فرانز لە دوورەوە گوێی لە قسەو باسی کتێبی شەوانە و ڕۆژانە گرتبوو، بیری لەو ساتە دەکردەوە کە سابینا بێتە ژوورەوە. کلوود لە سەر شەرەفی هەموو ئەو نەقاش و پەیکەرسازانە کە بەرهەمیان لە گەلەرییە تایبەتییەکەی ئەودا پێشکەش کردبوو، بەڵێنی میوانی دوانیوەڕۆی دابوو. فرانز و سابینا چەند ڕۆژێک بیریان لەوە کردبۆوە کە بچن بۆ ئەو میوانییە، یان نا. سابینا لەو کاتەوە کە فرانزی ناسیبوو، خۆی لە ژنەکەی دەپاراست. بەڵام چونکە دەترسا ڕازەکەی ئاشکرا ببێ، بڕیاری دا بچێت بۆ ئەو میوانییە. کارێک کە سروشتی و دوور لە هەموو گومانێک بوو.
فرانز هەروا کە بە دزییەوە لە دەرکەی دەڕوانی، «ماری ئان» کچە هەژدە ساڵانەکەی خۆی بینی کە لەو سەری هۆڵەکە بێ ماندوو بوون خەریکی فرەوێژییە. ئەو لەو دەستە جیابۆوە کە ژنەکەی کۆیکردبوونەوە، چوو بۆ لای ئەو تاقمە کە کچەکەی سەرقاڵی کردبوون. لەوێ یەکێک لەسەر کورسییەک دانیشتبوو، ئەوانی تر بە پێوەبوون. ماری ئان لەسەر زەویەکە دانیشتبوو. فرانز دڵنیا بوو کە ماری کلوودیش تا ساتێکی تر لەو سەری هولەکە، لەسەر فەڕشەکە دادەنیشیت. ئەو دەمە دانیشتن لە لای میوانەکان، بە مانای خۆمانە بوون، لەسەرخۆ بوون، تازەگەر بوون، کۆمەڵایەتی و پاریسی بوون بوو. ماری کلوود ئەوەندە حەزی لە دانیشتن لەسەر زەوی بوو، کە فرانز زۆرجار دەترسا لەو فرۆشگەیەش دابنیشێت کە جاروبار جگەرەی لێ دەکڕی!
ماری ئان لەو کابرایە کە لەبەر پێی دا دانیشتبوو، پرسی:
«ئالەن[٢٧] ئەم ماوەیە کار لەسەر چی دەکەیت؟»

Alan -٢٧

ئالەن کە گەنجێکی گوناه و دڵ سافبوو، بۆ ئەوەی کە بە سەمیمییەتەوە وەڵامی کچی خاوەن گەلەرییەکە بداتەوە، دەستی کرد بە شیکردنەوەی ئەوەی کە چۆن لە شێوازی نوێی کارکردنی دا، وێنە تێکەڵ بە نەقاشی ڕەنگی ڕۆنی دەکات. هێشتا چەند ڕستەیەکی نەگوتبوو کە ماری ئان دەستی بە فیکە لێدان کرد. نەقاشەکە هێواش دەدوا، ئەوەندە لەبیری قسەکانی خۆیدا بوو، دەنگی فیکەی ئەوی نەبیست.

فرانز بە چرپە شتێکی لە کچەکەی پرسی:

«دەکرێ پێم بڵێی بۆچی فیکە لێدەدەی؟»

کچەکە بە دەنگی بەرز وەڵامی دایەوە:

«لەبەر ئەوەی کە ڕقم لە باسی سیاسەتە.»

هەر ئەو کاتە، دوو پیاوی سەر بەو تاقمە، خەریکبوون باسی هەڵبژاردنی داهاتووی فەڕەنسایان دەکرد. ماری ئان ـ کە هەستی دەکرد مەجبوورە باس و وتووێژەکە بەڕێوە ببات ـ لەو دوو پیاوەی پرسی، هەفتەی داهاتوو دەچن بۆ تیاتریی گەورە یان دەچن بۆ سەیری ئەو گرووپە ئیتاڵییە، کە ئۆپەرێتێکی «ڕووسینی» دەنوێنن؟

لە هەمان کاتدا ئالێنی نەقاش هەوڵیدەدا بە پێداگری و بە ڕستەی زۆر وردبینانە شەرحی شێوازی نەقاشیکردنی خۆی بکات، فرانزیش نائومێدانە کچەکەی بە مایەی شەرمەزاری بۆ خۆی دەزانی. ئەو، بۆ ئەوەی ماری ئان بێدەنگ بکات پێی گوت:

«ئۆپەرێت زۆر ماندووی دەکات.»

ماری ئان، بێئەوەی هەستێتە سەر پێ، لە کاتێکدا هەوڵیدەدا دەست بخاتە سەر سنگی باوکی، گوتی:

«تۆ لە ئۆپەرێت ناگەیت، ئەکتەرە سەرەکیەکەی ئەوەندە جوانە کە سەرساممان دەکات. ئەو، زیاد لە پێویست جوانە! من دووجار بینیومە، لەو دەمەوە دڵم دەلەرزێت.»

فرانز دەیبینی کچەکەی زۆر لە دایکی دەچێت. بە ڕاست بۆ لە ئەو نەدەچوو، هیچ ئومێدێکیش نەبوو کە لە ئەو بچێت؟ تا ئێستا هەزارجار لە ماری کلوودی

بیستبوو: ماری ئان حەز لە فلان یان فیسار نەقاش، گۆرانیبێژ یان نووسەر دەکات، یان فلانە سیاسەتمەداری خۆشدەوێ، تەنانەت جارێکیش گوتبووی کە دڵی بە پاسکیل سوارێکەوەیە. ئەڵبەت ئەمانە لەو قسانە بوون کە لە میوانداریێتی شەو یان دوانیوەڕوان دا دەگوتران، بەڵام هەندێکجار بیری دەکەوتەوە کە بیست ساڵ لەوەو بەر، ماری کلوودیش ئەم قسانەی بە خۆی گوتبوو. لەو دەمەشەوە هەڕەشەی خۆکوشتنی لە ئەو کردبوو.

دواجار سابینا هات. ماری کلوود ئەوی بینی و بەرەو پیری چوو. کچەکەی هێشتا خەریکی قسەکردن لە بارەی رووسینییەوە بوو. فرانز تەنیا گوێی بۆ قسەکانی ئەو دوو ژنە شل کردبوو. پاش چەند ڕستەیەکی بە ئەدەبانە کە لەبری بەخێرهاتن بوو، ماری کلوود ئەو مەدالیا سواڵەتەی بە پەنجە گرت کە بەملی سابیناوە بوو، ئەوسا بە دەنگی بەرز گوتی:

« ئەمە چییە؟ چەند ناحەزە!»

فرانز ئەو قسەیەی پێناخۆش نەبوو. ڕستەکە بە ئیقاعێکی هێرشکارانە نەگوترابوو. بە پێچەوانەوە، پێکەنینە بەرزەکەی ماری کلوود دەریدەخست کە بە ناحەز زانینی مەدالیاکە دۆستایەتی ئەو و نەقاشەکە ناگۆڕێت. بەوحاڵەش، ئەو ڕستەیە بە شێوەیەک نەگوترابوو کە ماری کلوود هەمیشە خەڵکی تری پێ دەدوێنێت.

سابینا بە ئارامی گوتی:

«خۆم دروستم کردووە.»

ماری کلوود بە دەنگی بەرز دووبارەی کردەوە:

«هاوڕێیانە پێت بڵێم، بەلای منەوە زۆر ناحەزە. تۆ نەدەبوو لە ملت بکردایە!»

فرانز دەیزانی کە جوان یان ناحەزبوونی خشڵ بە هیچ شێوەیەک سەرنجی ژنەکەی ڕاناکێشێت. ئەو هەرچی بوویستایە بە جوان، هەرچی بوویستایە بە ناحەزی دەبینی. خشڵی هاوڕێکانی هەمیشە جوان بوون، ئەگەر بە ناحەزیشی بزانینایە هیچی نەدەگوت. ئەو دەمێکبوو خووی بەو جۆرە ماستاو ساردکردنەوەوە گرتبوو.

کەواتە ئەی بۆ ویستبووی ئاوا خراپ و ڕاستەوخۆ، باسی ناحەزبوونی ئەو مەدالیایە بکات کە سابینا بۆخۆی دروستی کردبوو؟

لە پڕ کێشەکە بۆ فرانز یەکلایی بوویەوە: ماری کلوود لەبەر ئەوەی کە دەیتوانی ئیزنی هەموو کارێک بە خۆی بدات، مەدالیاکەی سابینای بە ناحەز زانیبوو.

وردتر بڵێم، ماری کلوود مەدالیاکەی سابینای بە ناحەز دەزانی، لەبەر ئەوەی کە دەیویست هەموویان لەوە تێبگەن کە دەتوانێ بە سابینا بڵێ مەدالیاکەت ناحەزە.

ساڵی پار، پێشانگاکەی سابینا زۆر سەرکەوتوو نەبوو، ماری کلوودیش گرنگی ئەوتۆی بە ڕاکێشانی سەرنجی سابینا نەدەدا. بەڵام بەپێچەوانەوە، هەزار هۆ بۆ سابینا بوو کە سەرنجی ماری کلوود بەرەو لای خۆی ڕابکێشێت. بەوحاڵەش ڕەفتاری ئەوەی نیشان نەدەدا. فرانز باش لەم بابەتە دەگەیشت: ماری کلوود دەیویست ئەو هەلە بقۆزێتەوە، نیسبەتی ڕاستەقینەی دەسەڵات لە نێوان خۆی و ئەودا، بە سابینا و (ئەوانی تر) نیشان بدات.

## ٧

## کورتە فەرهەنگی وشە نامەفهوومەکان (کۆتایی)

### کڵێسەی کۆنی ئەمێستەردام

ماڵەکان لە بەرێکی شەقامەکەدان، لە ژوورە زۆر بچووکەکان و لە پشت پەنجەرە گەورەکانی نهۆمی یەکەم ـ کە لە جامخانەی بەر دووکانەکان دەچن ـ ئافرەتە سۆزانییەکان دیارن. ئەوان جلی ژێرەوەیان لەبەردایە، لەسەر کورسییە دەسکدارەکان کە پشتییەکانیان ڕازاوەتەوە دانیشتوون، وەک پشیلەی نێری گەورە دێنە بەرچاو. لەوبەری تری شەقامەکە کڵێسەیەکی زانکۆی گەورە هەیە کە لە سەدەی چواردە بەشێوازی بیناسازی گووتیک بیناکراوە. بۆچەکی توندی میز لە مابەینی دنیای سۆزانییەکان و دنیای خودا لە کڵێسە، وەک چەمێک کە

دوو وڵات لێک داببڕێت، لە فەزادا شەپۆل دەدا.

لە ناوەوەی کڵێسەکە تەنیا دیوارە ڕووتەکان، ستوونەکان، تاق و پەنجەرەکان بە شێوەی گووتیک ماونەتەوە. لەوێ هیچ تابلۆیەکی نەقاشی یان پەیکەرێکی لێ نییە، کڵێسا وەک ستادیۆمێکی سەر داپۆشراوی وەرزشکردن چۆڵە. تەنیا چەند ڕیزێک کورسی لێیە کە بە دەوری مێزێکی گەورەی سپیدا چوار گۆشەیەکی گەورەیان ساز کردووە. مێزی بچووکی خوتبەدان لەسەر مێزە گەورەکەیە، کۆمەڵە کۆلیتێکی بچووکی چێوی کە تایبەت بە بنەماڵەی ساماندارەکانی شارە، لە پشت کورسییەکانەوەیە.

کورسی و کۆلیتەکان بێئەوە سەرنجی دیوار و ڕیزی ستوونەکان ڕابکێشن، دانراون.

لەوە دەچێ کەسانێک ویستبێتیان بەمشێوەیە بێ مەبالاتی پڕ لە سووکایەتی خۆیان بە شێوازی بیناسازی گوتیک نیشان بدەن. ئێستا ئیتر دەمێک ساڵە کە ڕێبازی ئایینی «کالڤین[٢٨]» کڵێسەکەی کردووە بە چوار دیوارییەکی ساکار، کە نوێژ و نزای ئیمانداران لە بەرامبەر بەفر و باراندا دەپارێزێت.

فرانز سەرنجی ڕاکێشرا بوو: ڕێپێوانی گەورەی مێژوو لەم هۆڵە ئێجگار گەورەوە تێپەڕی بوو. سابینا بیری دێتەوە کە چۆن لە پاش کوودەتای کۆمۆنیستەکان، هەموو کۆشکە نەتەوەییەکانی بوهێم ببوونە ناوەندی ئیشی فێرکەری، یانەی لە کار کەوتوان و تەویلەی مەڕ و ماڵات و گەوەڕ و پشتیری چوار پێ. ئەو، سەری یەکێک لەو پشتیرانەی دابوو: چەند گوڵمێخێکی ئاسنییان بە دیوارە کاگڵییەکەوە کوتابوو، گاکانیان پێوە بەستبۆوە. گاکان بیرمەندانە، لە پەنجەرەوە سەیری ناو باخی کۆشکیان دەکرد، مریشکەکانیش بە ناوڕاستی باخەکەدا هەڵدەهاتن.

فرانز گوتی:

«ئەم بۆشاییە ڕامدەکێشێ. میحراب، پەیکەر، تابلۆی نەقاشی، کورسی، فەرش و کتێب لە کڵێسە لەسەر یەکتر هەڵدەچنرێن، ئەوسا کاتی شادی و خۆشیی ڕزگاری سەر هەڵدەدات، گشت ئەمانە، وەک وردکە نانی سەر مێز گسک

---

Kalvin -٢٨

دەدرێن. تۆ دەتوانی گسکی هێرکوول وێنا بکەیت کە ئەم کڵێسەیەی خاوێن کردۆتەوە؟»
سابینا کۆلیتە دارینەکانی نیشاندا:
«هەژارەکان ڕادەوەستان و ساماندارەکان لەم کۆلیتانەدا دادەنیشتن. بەڵام هەژار و ساماندار لە شتێکدا هاوبەش بوون، لە ڕق لە جوانی.»
فرانز پرسی:
«جوانی چییە؟»
ئەوسا لەپڕ بیری پێشانگایەکی کەوتەوە کە دەبوو لەگەڵ ژنەکەی بەشداری تیا بکات. پێشانگایەک کە خۆنواندنی بێسنوور لە گوتن و کردن، خۆنواندن لە کەلتوور و هونەر بە سەریدا زاڵبوو.
سابینا کاتێک لە قۆناغی خوێندکاریدا لە کارگەی گەنجان کاری دەکرد، ئەو مارشە سوپاییە کە بەردەوام لە بڵندگۆکانەوە بڵاو دەبۆوە ڕۆحی ئازار دەدا. ئەو ڕۆژێکی یەکشەممە بە ماتۆر سیکلێک بەرەو دەرەوەی شار چوو. پاش چەند کیلۆمەترێک لێ خوڕین لە دارستان، لە گوندێکی بچووکی نەناسیاو ڕاوەستا. ماتۆرەکەی لای دیواری کڵێسەیەک ڕاگرت و چووە ژوور. لەو کاتەدا بە یادی خوێن و لەشی عیسای مەسیح دوعایان دەخوێند. ڕژێمی کۆمۆنیستی لەو سەردەمەدا ئایینی پێشێل کردبوو، زۆربەی خەڵک بە ناچار لە کلێسە دوور دەکەوتنەوە. ئەوان لە حکوومەت نەدەترسان، بەڵکو لە مردن دەترسان.
قەشە بە دەنگی خۆش ڕستەیەکی دەگوت و ئەوانیش پێکەوە دووبارەیان دەکردەوە. ڕستەکان بەردەوام دووپات دەبوونەوە. سابینا ــ وەک زیارەت کەرێک کە نەتوانێت چاو لە دیمەنێکی دوور هەڵبگرێت، وەک مرۆڤێک کە نەتوانێت ماڵاوایی لە ژیان بکات ــ لە سووچێک، لەسەر کورسییەکی لاکێشەیی دانیشت. بۆئەوەی هەر گوێی لە موزیک بێت، جاروبار چاوی دەبەست و پاش ماوەیەک هەڵی دەهێنایەوە. تاقێکی شین و لەسەر تاقەکەش ئەستێرەی گەورەی زێڕین بە ژوور سەرییەوە بوو. دەتگوت حاڵی لێهاتووە و ئەفسوون کراوە.
ئەوەی لەو کڵێسەیەدا دەیبینی خواوەند نەبوو، بەڵکو جۆرێک جوانی بوو. لە

هەمان کاتیشدا دەیزانی کە ئەم کڵێسەیە و ئەم نزایانە لە خۆیاندا جوان نین، بەڵکو بە بەراورد لەگەڵ کارگەی گەنجان جوانن، بە بەراورد لەگەڵ شوێنێک کە ئەو لەناو هەراوهوریای توند و تووڕەی گۆرانییەکان، لێی دەژیا. نزای خوێن و لەشی مەسیح جوان بوو، چونکە لەپڕ و بە شێوەیەکی شاراوە، جیهانێکی لەبیرکراوی دەهێنایە بەر چاو.

لەو دەمەوە، سابینا پێی وابوو جوانی لە جیهانێکی فەرامۆشکراو دەچێ، تەنیا ئەو کاتە دەیگاتێ کە خەڵکی زاڵم و کاولکار بە هەڵە لە بیریان کردبێت. کاتێک جوانی لە پشت دیمەنی ڕێپێوانی یەکی ئایار خۆی دەشارێتەوە، بۆ بینینەوەی دەبێ پەردەی ئەو دیمەنە بدڕێت.

فرانز گوتی:

«ئەمە یەکەمجارە کە جوانی کڵێسەیەک بەرەو خۆی ڕامدەکێشێت.»

بۆ فرانز، نە ئایینی پرۆتستانت و نە ڕیازەت، هیچیان سەرنج ڕاکێش و شادی بەخش نەبوون. لە ڕاستیدا شتێکی تر بوو کە ئەوی بەرەو خۆی ڕاکێشابوو، شتێکی زۆر تایبەتی بوو کە نەیدەوێرا لە لای سابینا باسی بکات. پێی وابوو دەنگێک دەبیستێ کە فەرمانی پێ دەکات گسکەکەی هێرکوول هەڵبگرێ، پێشانگاکانی ماری کلوود، گۆرانیبێژە خۆشەویستەکانی ماری ئان، هەموو سمینار و کۆنفرانسەکان، سەرجەمی گوتارە بێسوود و قسە بێهوودەکان، لە ژیانی بسڕێتەوە. فەزای بۆش و بەربڵاوی کڵێسای زانکۆی ئەمێستێردام، مزگێنی قوتاربوونی لە خۆی پێ دەبەخشی.

## ٧
## هێز

ڕۆژێک لە ژووری یەکێک لەو ئوتێلانە کە دەچوون، سابینا لە کاتی عەشقبازی و دەستلەملانێدا گوتی:

«سەیرە، وای لەو ماسوڵکانە!!»

فرانز ئەم ستایشەی پێ خۆشبوو. هەستایە سەر پێ و پایەی کورسییەکی قورسی داربەڕووی بە دەستەوە گرت، بە هێمنی بەرزیکردەوە. لە هەمانکاتیشدا

بە سابینای گوت:
«تۆ نابێ لە هیچ بترسی، لە هەموو هەلومەرجێک دەتوانم بتپارێزم. من جاران پاڵەوانی جودۆ بووم.»
فرانز توانی بێئەوەی واز لە کورسییەکە بهێنێت باسکی ڕێک بەرز بکاتەوە، سابینا پێی گوت:
«ئەوە چاکە کە خۆشت دەزانی زۆر بەهێزی.»
بەڵام لەبەرخۆیەوە گوتی: «ئەگەرچی فرانز بەهێزە، بەڵام هێزەکەی بەرەو دەرەوەیە. لە ناو ئەو کەسانەدا کە لەگەڵیان دەژی و ئەو کەسانە کە خۆشی دەوێن بێ هێزە.»
دەکرێ بێ هێزی فرانز بە جۆرێک لە بێ هێزی چاکە بزانین. فرانز هەرگیز فەرمان بە سابینا ناکات. وەک تۆماس داوای لێ ناکات کە ئاوێنەکە بخاتە سەر زەوی و بەسەریدا بڕوات. نەک ئەوەی گوێ بە چێژی لەشی نەدا، بەڵکو هێزی فەرمان و نەهیکردنی نییە. هەندێک شت هەیە کە تەنیا لە ڕێگەی توندوتیژییەوە بەڕێوە دەبرێن. عەشقی لەش بەبێ توندوتیژی نابێت.
سابینا سەیری فرانزی دەکرد کە چۆن بە ژوورەکەدا دێت و دەچێ، کورسییەکە بەسەر دەستییەوە دەگێڕێت. ئەم دیمەنە کە بەلایەوە مەسخەرە بوو، کاریگەرییەکی سەیری لەسەر دانا.
پاشان فرانز لە کاتێکدا سەری بەرەو سابینا وەر سووڕاندبوو، کورسییەکەی دانا. ئەوسا لەسەری دانیشت و گوتی:
«نەک ئەوەی ڕقم لە هێز بێت، بەڵام ئەم ماسوولکانە لە ژنێڤ بەکەڵکی چی دێن. وەک پەڕی تاوس دەمڕازێننەوە و هیچی تر. من هەرگیز دەم و ددانی کەسم نەشکاندووە.»
سابینا هەروا لە بیرە خەمبارەکانیدا بوو. بە ڕاست ئەگەر دۆستی پیاوێک بووایە کە فەرمانی پێ بکردایە و بیویستایە بە سەریدا زاڵبێت، تاکەی بەرگەی دەگرت؟ ڕەنگە پێنج خولەکێک بەرگەی نەگرتایە! کەواتە هیچ پیاوێک، چ بەهێز و چ بێ هێز، بەکەڵکی ئەو نەدەهات.
«بۆ جاروبار لەبەرامبەر من دا هێز بەکار ناهێنی؟»

فرانز بە هێمنییەوە وەڵامی دایەوە:

«چونکە خۆشەویستی چاوپۆشیکردنە لە هێز.»

سابینا پەی بە دوو شت برد. یەکەم ئەوەی کە ئەم وتەیە جوان و ڕاست بوو. دووهەمیش ئەوەی کە فرانز بەم وتەیە، خۆی لە ژیانی عاشقانەی ئەو دەرپەڕاندبوو.

## ژیان لە ڕاستیدا

ئەمە وتەیەکە کە «کافکا» لە دەفتەری یادەوەرییەکانی، یان لە یەکێک لە نامەکانی دا نووسیویەتی. فرانز لە بیری نەمابوو لەکوێ بینیویەتی، بەڵام شەیدای ببوو. لە ڕاستیدا مانای ژیان چییە؟ بە ئاسانی دەکرێ پێناسەیەکی نیگەتیڤی لێ بکرێت: درۆنەکردن، هیچ نەشاردنەوە لە ڕاستیدا ژیانە. ئەو لەو کاتەوە کە لەگەڵ سابینا ئاشنابووە، لە درۆدا دەژی. لەگەڵ ژنەکەی باسی کۆبوونەوەی ئەمێستێردام و وتووێژەکانی مەدرید ـ کە هەرگیز بەڕێوە نەچوو بوو ـ دەکات، لە سووڕانەوە لەگەڵ سابینا لە شەقامەکانی ژنێڤ دەترسێ. درۆکردن و شاردنەوە سەرقاڵی دەکات، چونکە پێشتر کاری وای نەکردووە. وەک قوتابییەکی پۆلی یەک کە دواجار بڕیاری بەڕەڵایی دەدا، هەست بە ختیلکەیەکی خۆش دەکات.

بە بۆچوونی سابینا، لە ڕاستیدا ژیان، لەگەڵ خۆ و خەڵکی تر درۆنەکردن، تەنیا کاتێک دەکرێ کە مرۆڤ لەگەڵ خەڵک نەژی. هەر کە زانیمان کەسێک ئاگاداری کارەکانمانە، بمانەوێ و نەمانەوێ لەگەڵ ئەو چاوە بینەرانەدا ڕێدەکەوین ، ئیتر هیچ کام لە کارەکانمان ڕاستگۆیانە نییە. پەیوەندیی لەگەڵ خەڵک و بیرکردنەوە لە خەڵک، لە ناو درۆدا ژیانە. سابینا ئەو ئەدەبەی بە سووک و تڕۆ دەزانی کە نووسەر هەموو کون و کەلەبەری خەڵوەت و تەنیایی خۆی و هاوڕێکانی ئاشکرا دەکات. سابینا لەو باوەڕەدایە کە هەر کەس خەڵوەتی خۆی بدۆڕێنێت هەموو شتێکی دۆڕاندووە، کەسێک بە حەزی خۆی واز لە خەڵوەتەکەی بهێنێت، لە ڕاستیدا خوولە. بەم شێوەیە سابینا لەوەی کە

دەبێ خۆشەویستییەکەی بشارێتەوە ئازار ناکێشێت، بە پێچەوانەوە، ئەمە تاقە ڕێگەیەکە کە توانای ئەوەی دەداتێ «لە ڕاستیدا» بژی.
بەڵام فرانز دڵنیایە کە سەرچاوەی هەموو درۆیەک لە لێک هەڵاواردنی دوو کەرتی تایبەت و گشتیی ژیان دایە: ئێمە لە ژیانی گشتیمان دا هەر ئەو مرۆڤەی ژیانی تایبەتە نین. بە بڕوای فرانز «لە ڕاستیدا ژیان» سڕینەوەی سنووری نێوان ژیانی تایبەت و گشتییە. ئەو لە دڵەوە وتەکەی «ئاندرێ برێتۆن[٢٩]» دەگێڕێتەوە کە دەڵێ: واچاکە «لەماڵێکی شووشەییدا» بژین، شوێنێک کە هیچ شتێکی شاراوە نییە، هەموو شتێک لە خەڵک ئاشکرایە.
کاتێک بیستی کە ژنەکەی بە سابینا دەڵێ: « چ مەدالیایەکی ناحەز!»، تێگەیشت کە درێژەدان بە ژیان لەم شێوە دوو کووت بووەیدا، بەلایەوە نامومکینە. ئەو دەبوو لەو کاتەدا لەسەر سابینا هەڵقڕێت. هەڵنەقڕانەکەی تەنیا لە ترسی ئاشکرا نەبوونی عەشقە شاراوەکەیان بوو.
بەیانی ڕۆژی میوانییەکە، بڕیار وابوو دوو ڕۆژ لە ڕۆم لەگەڵ سابینا پێکەوە بن. ئەو وتەیەی «چ مەدالیایەکی ناحەز!»ی بەردەوام وە بیر دەهاتەوە، بە شێوەیەکی تر هاوسەرەکەی دەبینی. ئیتر بەو شێوەیە نەیدەبینی کە پێشتر ناسیبووی. دۆخی هێرشکارانە و توندوتیژی پڕ هەراوهوریای ژنەکەی، ئەو بارەی لەسەر شان هەڵدەگرت کە بۆ ماوەی بیست و سێ ساڵ بە دڵپاکی و بەوپەڕی تاقەتەوە بەرگەی گرتبوو. فەزای مەزنی ناو کڵێسای ئەمێستێردامی بیرکەوتەوە و هەستیکرد خۆشی و هەڵچوونێکی تایبەت و لە گێڕانەوە نەهاتوو بە لەشی دا دەگەڕێت.
ئەو خەریکی بەستنی جانتاکەی بوو کە ماری کلوود هاتە ژوور. باسی میوانەکانی دەکرد. هەندێک بۆچوون کە بیستبووی وەری دەگرت، قسەکانی تری بە شێوەیەکی قێزەون و پڕ لە سەفسەتە ڕەت دەکردەوە.
فرانز ماوەیەک لێی ڕاما و پاشان گوتی:
«لە ڕۆم کۆنفرانسم نییە.»
ماری کلوود تێنەگەیشت:

---

٢٩- Andre Breton

«ئەی بۆ دەچی؟»
«حەوت هەشت مانگە دڵدارێکم گرتووە، چونکە نامەوێ لە ژنێڤ بیبینم، بۆیە ئەوەندە سەفەر دەکەم. پێموایە واچاکە تۆش بیزانی.»
ئەو دوای گوتنی یەکەم وشەکان دڕدۆنگ بوو. وردە وردە خەریکبوو ئەو نەترسییەی دەدۆڕاند کە لەخۆیدا کۆی کردبۆوە. ڕووی وەرگێڕا تا لە ڕوخساری ماری کلوود دا داماوی و نائومێدی ئەو زەربەتە نەبینێت. ساتێک لە بێدەنگی دا تێپەڕی.
«بەڵێ منیش وەک تۆ پێموایە بیزانم باشترە.»
شێوەی گوتنەکەی قورس و قایم بوو. فرانز چاوی هەڵبڕی. ماری کلوود بە هیچ شێوەیەک پەرێشان و خەمبار نەبوو. دیسان لە ژنێک دەچوو کە بە دەنگی توند و تیژ دەیگوت: «چ مەدالیایەکی ناحەز!»
ماری کلوود درێژەی پێدا:
«ئێستا کە ئەوەندە غیرەتت نواندووە پێم بڵێی حەوت هەشت مانگە فریوم دەدەی، هەرواش پێم بڵێ لەگەڵ کێ؟»
هەمیشە بە خۆی گوتبوو کە نابێ بێحورمەتی بە ماری کلوود بکات، دەبێ ڕێز لە ژنبوونی بگرێت. بەڵام ئێستا ئەو ژنە کە لە ماری کلوود دا بوو چی لێهاتبوو؟ یان با بڵێین، وێنەی دایکی ــ کە هاوسەرەکی لەو وێنەیە دا هاوبەش کردبوو ــ چی لێهاتبوو؟ دایکی، دایکی داماوی، بە پێڵاوی تاوتاوەوە، لە لەشی ماری کلوود چووبووە دەر. یان ڕەنگە نەشچووبێتە دەر، چونکە هەرگیز نەچووبووە لەشی ئەوەوە. زەختی کوتوپڕی نەفرەت چاوی کردەوە و گوتی:
«بۆ دەبێ ئەوە لە تۆ بشارمەوە؟!»
ئەگەرچی ماری کلوود لە فریودانەکەی فرانز نەڕەنجا، بەڵام بە دڵنیاییەوە، ناسینی ڕەقیبەکەی ئازاری دەدا. فرانز ڕاستەوخۆ لە چاوی ڕاما و ناوی سابینای بە دەم دا هات.
کەمێک درەنگتر، لە فرۆکەخانە لەگەڵ سابینا یەکیان گرتەوە. فڕۆکەکە خەریکبوو بەرز دەبۆوە، ئەو لە هەمیشە زیاتر هەستی بە سووکی دەکرد. بە خۆی دەگوت پاش تێپەڕینی نۆ مانگ، بۆ جارێکیتر لە ڕاستیدا دەژی.

٨

پێدەچوو فرانز تەنیایی و خەڵوەتی خۆشی سابیناشی شێواندبێت. سابینا پێی وابوو ماری کلوود، ئالێنی نەقاش، پەیکەرسازەکە (کە بەردەوام قامکی خۆی بە دەستەوە بوو)، هەموو ناسیاوەکانی ژنێڤ، لە دەلاقەیەکەوە سەیری خەڵوەتەکەی دەکەن. ئەگەرچی پێی خۆش نەبوو، بەڵام دەبوو بە ڕەقیبی ژنێک کە هیچ بەلایەوە گرنگ نەبوو. فرانز لە ژنەکەی جیا دەبۆوە، سابینا لە پاڵیدا لەسەر قەرەوێڵەی هاوسەرییەتی ئەو ڕادەکشا. دەتگوت لە دوور و نزیکەوە هەموو سەیریان دەکرد، ئەویش دەبوو لەبەر چاوی هەموویان لە شانۆیەکی مەسخەرەدا دەور بگێڕێت. دەبوو لە بری سابینا بوون، دەوری سابینا بگێڕێت. دەبوو فێری شێوازی ئەم یارییە ببێت. خۆشەویستی لە بەر چاوی خەڵک، وەک بارێکی قورس بوو کە هەر لە ئێستاوە پشتی دەچەماندەوە.

لە ڕیستۆرانتێکی شاری ڕۆم نانی شەویان خوارد و شەرابیان دەنۆشی. سابینا بێدەنگ بوو. فرانز لێی پرسی:

«بەڕاست برسیت نییە؟»

سابینا دڵنیای کرد کە نا. بەڵام هێشتا لە بیر و خەیاڵاتی تێکەڵ و پێکەڵدا بوو، نەیدەزانی دەبێ خۆشحاڵ بێت یان نا. بیری لە دیداری ناو ڤاگۆنە قەرەوێڵە دارەکەی ئەمێستێردام دەکردەوە. ئەو شەوە حەزی دەکرد خۆی بخاتە سەر پێی فرانز و لێی بپارێتەوە، تەنانەت ئەگەر بە زۆریش بووە، لە لای خۆی ڕایبگرێ و هەرگیز وازی لێ نەهێنێت. ئەو شەوە حەزی دەکرد بۆ هەمیشە کۆتایی بەم سەفەرە ترسناکەی، لە خیانەتێکەوە بۆ خیانەتێکی تر، بێنێت. ئەو دەیویست واز لە ڕۆیشتن بەو ڕێگەیەدا بهێنێت.

ئێستا هەوڵی دەدا زۆر بە قووڵی هەستی ئەو شەوە لە خۆیدا بژێنێتەوە، یارمەتی لێ وەربگرێ و پاڵی پێوە بدات. بەڵام ئەو هەوڵەی بێسوود بوو، چونکە هێشتا دڵ ڕەنجاوییەکەی مابوو.

لە قەرەباڵغی و جموجوولی ئەو شەوەدا گەڕانەوە بۆ ئوتێل. لە ناو ئیتاڵییە پڕ هەراوهوریاکاندا ــ کەبە زەنا زەنا، جووڵەی سەر و دەستیان دەدوان ــ

شان بەشان بە ڕێدا دەڕۆیشتن. بێدەنگ بوون، دەنگی بێدەنگی یەکتریان نەدەبیست. سابینا بەخۆی دەگوت کە ئیتر ناتوانێ لەگەڵ فرانز بمێنێتەوە. ئەڵبەت دەیزانی کە ئەو بڕیارەی ئەوپەڕی بێدادییە. چونکە فرانز لە هەموو ئەو پیاوانە چاکترە کە تا ئەو کاتە دەیناسی. باش لە تابلۆکانی دەگات، ڕاست و بە شەرەف و جوانە. بەڵام هەرچی زیاتر پەی بەو ڕاستییە دەبرد، زیاتر حەزی لە توندوتیژی بەرامبەر بە ئەم هۆشە، ئەم پیاو چاکییە، ئەم هێزە لاوازە، دەکرد.

لە پڕ، بەهۆی بیرکردنەوە لەوەی کە ئیمشەو دواهەمین شەوە لە گەڵی دەبێت، هەستی بەهەڵچوون کرد و گەرمتر لە جاران باوەشی پێدا کرد. بەڵام هەنووکە، لە دوورەوە شەیپووری زێڕینی خیانەت دەنگی هەڵبڕیوە، ئەو دەیزانی کە ناتوانێ لە بەرامبەر ئەم دەنگەدا خۆی ڕابگرێت. پێی وابوو کە دیسان لە بەرامبەری دا فەزایەکی زۆر بەربڵاو لە ئازادی دەکرێتەوە، ئەم بەربڵاوییە شادی دەکرد. زیاتر لە هەمیشە میهرەبان و هەڵچوو لە فرانز نزیک بۆوە.

فرانز دڵنیابوو کە سابینا ئێستا لە هەموو شتەکان دەگات. ئەگەرچی کاتی نانخواردن بێدەنگ بوو، هیچ شتێکی لە بارەی بڕیارەکەیەوە نەگوتبوو، بەڵام ئێستا هەستی دەکرد کە ئەو لە هەموو شتێک دەگات.

سابینا لە دڵەوە خۆشحاڵی و حەز و ڕەزامەندی خۆی پێ ڕادەگەیاند، وای دەنواند کە پێی خۆشە بۆ هەمیشە لەگەڵی بژی.

فرانز خۆی بە سوارێک دادەنا کە لە بۆشاییەکی شکۆمەند دا، بەبێ هاوسەر و منداڵ و گرفتی بنەماڵەیی، ئەسپی خۆی تاو دەدا. بۆشاییەکی بە شکۆ کە بەگسکەکەی هێرکول خاوێن کرابۆوە، ئێستا ئەو بەخۆشەویستییەکەی خۆی پڕ لە نوور و بەرامەی خۆشی دەکرد.

ئەوان وەک سواری ئەسپ بوویێتن، سواری یەکتر ببوون، بە جووت بەرەو دیمەنێکی دڵڕفێن لغاویان لێ شلکردبوو. هەردووکیان گێژ و وڕی خیانەتێک بوون کە ڕزگاری دەکردن. فرانز سابینای لێ دەخوڕی و خیانەتی بە هاوسەرەکەی دەکرد. سابیناش فرانزی لێ دەخوڕی و خیانەتی بە فرانز دەکرد.

## ٩

فرانز نزیکەی بیست ساڵ ژنەکەی لە شێوەی دایکی هێنابووە بەرچاو، بە بوونەوەرێکی لاوازی دەزانی کە دەبوو پارێزگاری لێ بکات. ئەم وێنەیە ئەوەندە ڕەگی داکوتابوو، کە نەیدەتوانی بە دوو ڕۆژ لەخۆی بتارێنێت. ئەو کە گەڕایەوە بۆ ماڵەوە پەشیمان بوو. نەکا پاش ڕۆیشتنی ئەو، ماری کلوود تووشی شاڵاوێکی عەسەبی بووبێت؟ نەکا خەم و مەینەتی کوشتبێتی؟ بە ئەهوەنی کلیلی لە قفڵەکەدا سووڕاند و بەرەو ژوورەکەی خۆی چوو. وریا بوو دەنگە دەنگ نەکات. باش گوێی گرت، ماری کلوود لە ماڵەوە بوو. پاش کەمێک دوودڵی، وەک هەمیشە چوو سڵاوی لێ بکات. ماری کلوود برۆی وێکنا و لە کاتێکدا وای دەنواند کە سەری سووڕماوە، گوتی:

«گەڕایتەوە؟»

دەیویست (بە سەرسووڕمانێکی ڕاستگۆیانە) وەڵامی بداتەوە: «بە تەما بووی بچم بۆ کوێ؟» بەڵام بێدەنگ بوو.

ئەو هەمدیس گوتییەوە:

«بۆ ئەوەی هەموو شتێک لە نێوانماندا ڕوون و ئاشکرا بێت، ئازادی هەر ئێستا باروبنەت بۆ ئەوێ بگوێزیتەوە.»

ئەو ڕۆژە کە ڕۆیشت، کاتێک هەموو شتێکی بە ژنەکەی گوت، لە ڕاستیدا هیچ بەرنامەیەکی دیار و تایبەتی نەبوو. دەیویست لە گەڕانەوەدا بە شێوەیەکی دۆستانە، بێ ئەوەی بیرەنجێنێت، هەموو کارەکان ڕێکوپێک بکات. پێشبینی ئەوەی نەکردبوو ماری کلوود بە خوێن ساردییەوە داوای لێ بکات ماڵەکەی بەجێبهێڵێ.

دوانیوەڕۆ، پاش ئەوەی وانەکەی تەواوبوو، لە زانکۆوە ڕاستەوخۆ بەرەو ماڵی سابینا چوو. دەیویست داوای لێ بکات شەو لە ماڵی ئەو بێت. زەنگی دەرکەی لێدا، بەڵام کەس وەڵامی نەدایەوە. چوو بۆ قاوەخانەکەی بەرامبەر ماڵی سابینا، لە کاتێکدا جانتاکەی بە دەرکەی خانووەکەوە نابوو، چاوەڕوانی دەکرد.

چەند کاتژمێرێک تێپەڕی و ئەو نەیدەزانی دەبێ چی بکات. هەموو تەمەنی

لەسەر جێی ماری کلوود خەوتبوو. ئێستا ئەگەر بگەڕایەوە بۆ ماڵەوە، ئایا دەبوو وەک هەمیشە لە پاڵی دا ڕابکشێت؟ ئەڵبەت دەیتوانی لەسەر کاناپەی ژوورەکەی تر بخەوێت، بەڵام ئایا ئەم کارە زیاتر لەحەد بۆ خۆنواندن، ڕواڵەتێکی شەڕکەرانەی نەبوو؟ ئەو دەیویست وەک هاوڕێ لەگەڵ هاوسەرەکەی بمێنێتەوە! بەڵام نەدەکرا بچێت و لەگەڵی بخەوێت. لە ئێستاوە گوێی لە تەوس و توانجەکانی بوو: «چۆنە حەز ناکەیت لەگەڵ سابینا بیت؟» بۆیە ئوتێلی هەڵبژارد.

بۆ بەیانی، بە درێژایی ئەو ڕۆژە دەرکەی ماڵی سابینای کوتا، بەڵام هیچ وەڵامێکی نەبیست.

ڕۆژی دواتر، چوو بۆلای پاسەوانی ئەو بینایە کە ستۆدیۆی نەقاشی سابینای لێ بوو، بەڵام ئەویش ئاگای لەهیچ نەبوو. ئەو ڕێنوێنی کرد پرسیار لە خاوەنی بیناکە بکات کە ستۆدیۆکەی بەکرێ دابوو. تەلەفۆنی بۆ کرد و زانی کە سابینا دوو ڕۆژ لەوەو بەر ستۆدیۆکەی بەسەردا داوەتەوە، بە پێی عەقدەکە کرێی سێ مانگی داهاتووشی داوەتێ.

چەند ڕۆژ هەوڵی دا سابینا لە ماڵەکەی بدۆزێتەوە و نەیتوانی، تا ئەوەی کە ڕۆژێک دەرکەی ئاپارتمانەکەی بە کراوەیی بینی. بەرەو دەرکە چوو. سێ پیاو خەریک بوون کەرەسە و تابلۆکانیان کۆ دەکردەوە تا بیگوێزنەوە. پرسی:

«ئەو شتومەکانە بۆ کوێ دەبەن؟»

ئەوان وەڵامیان دایەوە کە بە پێ داگرییەوە داوایان لێکراوە ناونیشان بە کەس نەدەن.

ویستی کەمێک پارەیان بداتێ تا ڕازەکەیان بدرکێنن، بەڵام لە پڕ تێگەیشت کە هێزی ئەو کارەی نییە. لە خەم و خەفەتی خۆی سڕ ببوو. تێ نەدەگەیشت. نەیدەزانی بۆ. تەنیا دەیزانی کە ئەو لەو کاتەوە سابینای ناسیوە چاوەڕوانی ڕۆژێکی ئاوا بووە. ئەوەی دەبوو ڕووی بدایە ڕووی دابوو. فرانز پاکانەی بۆ خۆی نەدەکرد.

لە بەشی کۆنی شار، ئاپارتمانێکی بچووکی بۆ خۆی دۆزییەوە. کاتێک دڵنیابوو کە ژن و کچەکەی لەماڵ نین، بۆ هەڵگرتنی چەند قاتێک جل و هەندێک کتێبی

پێویست بۆماڵەوە چوو. ئاگای لەوەبوو کە دەست لە شتێک نەدا ماری کلوود پێویستی پێی بێت.
ڕۆژێک لە پشت شوشەی هۆڵی ڕیستۆرانتێکەوە چاوی بە ژنەکەی کەوت. ماری کلوود لەگەڵ دوو ژنی تربوو، جموجووڵ لە ڕوخساری دا دەبینرا. ئەو شوێنە کە جووڵە و ئۆیین، لە ماوەیەک لەوە بەدواوە پڕی کردبوو لە چرچ و لۆچ. ژنەکان گوێیان بۆ شلکردبوو بەردەوام پێدەکەنین. فرانز پێی وابوو ماری کلوود باسی ئەو دەکات، نەیدەتوانی ئەم بیرە لەخۆی بتارێنێت. ئەو بە دڵنیاییەوە دەیزانی کە سابینا کاتێک لە ژنێڤ ڕۆیشتووە کە فرانز ویستوویەتی لە گەڵی بژی. چیرۆکێکی مەسخەرە بوو! بەلایەوە سەیر نەبوو کە هاوڕێیانی ژنەکەی گاڵتەی پێ بکەن.
فرانز بۆ ماڵە تازەکەی چوو. لەوێوە گوێی لە دەنگی زەنگی کڵێسای زانکۆی «سێن پییەر» بوو. ئەو ڕۆژە مێزێکیان لە فرۆشگەیەکەوە بۆ هێنابوو. ماری کلوود و هاوڕێکانی لەبیر چۆوە. بۆ ساتێک سابیناشی لەبیر چۆوە. لای مێزەکە دانیشت و لەوەی کە خۆی ئەم دۆخەی هەڵبژاردبوو، هەستی بە خۆشحاڵی کرد. بیست ساڵ لە ناو ئەو شتومەکەدا ژیابوو کە خۆی هیچیانی هەڵنەبژاردبوو. ماری کلوود هەموو شتێکی بەڕێوە دەبرد. بۆ یەکەمجار لە ژیانی دا وازی لە دەوری کوڕە چکۆلەکە هێنابوو، سەربەخۆیی وەرگرتبوو. بڕیار وابوو بەیانی دارتاشێک بێت، ئەو لە بارەی چۆنییەتی سازکردنی کتێبخانەکەی هەندێک ئامۆژگاری بکات. چەند ڕۆژێک گەڵاڵەی ئەو کتێبخانەی ڕشتبوو، تا شێوە و شوێن و لایەنەکانی دیاری بکات. ئەوسا لەپڕ بەوپەڕی سەرسووڕمانەوە زانی کە کڵۆڵ نییە. بوونی سابینا بە لەش، کەمتر لەوە کە پێی وابوو، گرنگ بوو. ئەوەی گرنگ بوو، ئەو شوێن پێ زێڕین و ئەفسووناوییە بوو کە سابینا لەسەر ژیانی ئەو دابینابوو، کەس نەیدەتوانی لێی بسێنێتەوە. سابینا بەر لە ونبوون، دەرفەتی ببوو گسکی هێرکولی بداتێ تا ئەوەی کە نەیدەویست، لە ژیانی ڕای بماڵێت. ئێستا ئەم بەختیارییە چاوەڕوان نەکراوە، ئەم هەست بە خۆشی و شادی کردنە ـ کە ئازادی و ژیانی نوێی پێ دەبەخشی ـ دیارییەکی پیرۆز بوو کە سابینا پێشکەشی کردبوو.

وێڕای ئەوەش، ئەو هەمیشە شتی ناواقیعی لە شتی واقیعی زیاتر پەسند دەکرد. هەروا کە لە ڕێپێوانەکاندا (کە وەک نمایش یان وەک خەونێک بوون) حاڵی باشتر لەو دەمەوە بوو کە لە پشت مێزی زانکۆ وانەی بە خوێندکاران دەگوت، هەر بەو شێوەش لەگەڵ سابینا ـ لە شێوەی خواژنێکی نادیار ـ بەختەوەرتر بوو لەو دەمانە کە لەگەڵی بە شارەکانی دنیادا دەگەڕا، هەنگاو بە هەنگاو، بۆ عەشقەکەی لە خۆف و ڕجادا بوو. سابینا ئازادی پیاوێکی ڕەبەنی پێبەخشی بوو. سابینا ڕۆشناییەکی دلڕفێنی بە دەوردا کێشابوو. بۆیە ژنان زیاتر سەرنجیان دەدایە، زۆری نەخایاند کە خوێندکارێکی خۆی شەیدای بوو.
لەپڕ لە ماوەیەکی ئێجگار کورتدا، هەموو ڕواڵەتی ژیانی فرانز گۆڕا. ئەو تا ئەم دواییانەش لە ئاپارتمانێکی گەورەی بورژوایی، لەگەڵ خزمەتکار و کچ و هاوسەرەکەی دەژیا، ئێستا لە ئاپارتمانێکی یەک ژوورە لە بەشی کۆنی شاربوو، هەموو شەوێک دۆستە گەنجەکەی دەبینی. ئێستا ئیتر ناچار نین بچن بۆ ئوتێلەکانی هەموو دنیا، ئەو دەتوانێ لە ئاپارتمانەکەی خۆی، لە بەرامبەر کتێبەکانی خۆی، لەکاتێکدا تەپڵەکی جگەرەکەی لەسەر مێزی ژووری خەوتنی خۆی داناوە، خوێندکارە گەنجەکەی لە باوەش بگرێت.
ئەو کچە گەنجە شەرمن و خۆڕاگر بوو. ئەگەر زۆریش جوان نەبوو، بەڵام ستایشکەری فرانز بوو، هەروەها کە فرانز تا ماوەیەک لەوەوبەر سابینای ستایش دەکرد. بەڵام فرانز خووی بەم جۆرە پەیوەندییە نەگرتبوو. هەمیشە پێی وابوو کە خوا بۆ ستایشکردن خولقاندوویەتی، نەک بۆ ئەوەی کە خەڵک ستایشی بکەن. بەڵام ئەم هەستەش ناخۆش نەبوو. ئەگەر هاتنی کچە خوێندکارێکی عەینەکی، لەبری سابینا، بە سووکە تەنازولێکی دەزانی، دەروونی پاکوبێگەردی، دەبووە هۆی ئەوەی کە بە دڵخۆشییەوە وەری بگرێت. فرانز عەشقێکی باوکانەی سەرکوتکراوەیی بۆ ئەو کچە هەبوو، چونکە ڕەفتاری ماری ئان لەگەڵی دا وەک کچ نەبوو، بەڵکو ئەویش وەک ماری کلوودی دووهەم لەگەڵی دەجووڵایەوە.
ڕۆژێک سەردانی ژنەکەی کرد و پێی گوت کە دەیەوێ دیسان ژن بخوازێت.
ماری کلوود سەری ڕاوەشاند.

«ئەگەر لە یەکتر جیا ببینەوە هیچ شتێک ناگۆڕێ و تۆش هیچت لەکیس ناچێت. من هەموو شتێک بەتۆ دەسپێرم.»
ماری کلوود گوتی:
«من گرنگی بە پارە نادەم.»
«ئەی گرنگی بە چی دەدەی؟»
« تەنیا خۆشەویستی.»
فرانز لەپڕ سەری سووڕما و لێی پرسی:
«خۆشەویستی؟»
ماری کلوود پێکەنی:
«خۆشەویستی وەک شەڕە. ئەگەر زۆریش بخایەنێ من تا دواهەمین ساتەکانی شەڕ دەکەم.»
« خۆشەویستی شەڕە؟ بەڵام من ئامادەی شەڕکردن نیم.»
ئەوسا لە ماڵەکە چووەدەر.

۱۰

سابینا پاش چوار ساڵ ژیان لە ژنێڤ، لە پاریس جێگیربوو، بەڵام هێشتا نەیتوانی بوو خەمەکەی خۆی فەرامۆش بکات. ئەگەر لێیان بپرسیبایە چی بەسەر هاتووە، وەڵامی پێ نەبوو.
دەکرێ بە یارمەتی خوازەی قورسی، ڕووداوە ترسناکەکانی ژیان شی بکرێتەوە. دەڵێن بارێکی قورسمان لەسەر شانە و بتوانین یان نەتوانین، دەبێ لەگەڵ خۆمان بیگێڕین. براوە بین یان دۆڕاو، دەبێ شەڕی لەگەڵ بکەین. بەڵام بەڕاست سابینا چی بەسەر هاتبوو؟ لە ڕاستیدا هیچ. ئەو پیاوێکی بەجێهێشتبوو کە خۆی نەیویستبوو لەگەڵی بژی. ئایا ئەو پیاوە شوێنی کەوتبوو؟ ئایا ویستبووی تۆڵەی لێ بستێنێتەوە؟ نا، ئەو هیچی نەکردبوو. ڕووداوە ترسناکەکەی ژیانی سابینا کارەساتێکی قورس نەبوو، بەڵکو بەرئەنجامی «سووکی» بوو. ئەوەی بەسەر شانی دا هەرەسی هێنا بارێکی قورس نەبوو، بەڵکو «سووکی لەتاقەت بەدەری بوون» بوو.

تا ئێستا ساتەکانی خیانەت تووشی شاگەشکەی دەکرد، کە بیری لە ڕێگەیەکی نوێ بەرەو ڕووی ڕووداوی هەمیشە تازەی خیانەت دەکردەوە ــ ئەو ڕووداوە کە لەکۆتایی سەفەرەکەی دا چاوەڕوانی بوو ــ هەستی بە شادی دەکرد. بەڵام ئەگەر سەفەر کۆتایی پێ بهاتایە، ئەوسا چی ڕووی دەدا؟ دەکرێ خیانەت لە دایک و باوک، لە هاوسەر، لە عەشق و نیشتمان بکرێ، بەڵام کاتێک نە دایک و باوک و نە مێرد و نە عەشق و نیشتمانێک مابێتەوە، دەبێ خیانەت لە چی بکرێت؟

سابینا بە دەوری خۆیدا هەستی بە بۆشایی دەکرد. ئەگەر ئەم بۆشاییە ئەنجام و کۆتایی هەموو خیانەتەکانی بێ، ئەوسا چی دەبێ؟

ئەو تا ئێستا ئاگای لەم ئەنجامە شاراوەیە نەبوو، ئەمەش شیاوی تێگەیشتنە: ئەنجامی هەموو ئەو شتانە کە ئێمە شوێنیان دەکەوین، هەمیشە شاراوەیە. کچێکی گەنج کە حەز لە شوو کردن دەکات، لە ڕاستیدا شتێکی پێ خۆشە کە تەواو نەناسراوە. پیاوێکی گەنج کە بەوپەڕی تواناوە هەوڵ بۆ شۆرەت و ناوبانگ دەدا، هیچ وێنایەکی ڕاستەقینە لە ماهییەتی ناوبانگ لە مێشکیدا نییە. ئەوەی کە مانا بە ڕەفتار و کردارمان دەبەخشێ، هەمیشە بۆ ئێمە نەناسراوە. سابیناش نازانێ لەودیو حەزی بۆ خەیانەت، چ ئەنجام و کۆتاییەک هەیە. دەکرێ سووکی لەتاقەت بەدەری بوون بە ئەنجام و کۆتایی بزانین؟ ئەو لەو کاتەوە کە لە ژنێڤ ڕۆشتووە زۆر لەم ئەنجام و کۆتاییە نزیکبۆتەوە.

سێ ساڵ لە مانەوەی لە پاریس تێدەپەڕی کە لە بوهێمەوە نامەیەکی بە دەست گەیشت. کوڕی تۆماس ئەو نامەی بۆ ناردبوو. ناوی سابینای بیستبوو، لەبەر ئەوەی کە «نزیکترین هاوڕێی» باوکی بوو، ناونیشانەکەی دۆزیبۆوە و نامەکەی بۆ ناردبوو.

ئەو هەواڵی مردنی تۆماس و ترێزای بە سابینا ڕاگەیاند. بە پێی ئەوەی کە لە نامەکەدا هاتبوو، ئەو دووانە دوا ساڵەکانی ژیانیان لە گوندێک ژیابوون کە تۆماس لەوێ شۆفیربوو. زۆرجار تۆماس و ترێزا دەچوون بۆ شاری نزیکی ئەو گوندە، هەموو شەوێکیش لە ئوتێلێکی بچووکی ئەو شارە دەمانەوە. شەقامە پێچاوپلووچەکە بە شاخ و تەپۆڵکەکاندا تێدەپەڕی. ڕۆژێک ئۆتۆمۆبێلێک

دەکەوێتە دۆڵێکەوە. تەرمەکانیان تەواو پلیشابۆوە. بە پێی راپۆرتی پۆلیس تایەی ئۆتۆمۆبێلەکە لە دۆخێکی خراپدا بووە.
سابینا بە بیستنی ئەم هەواڵە ئەوەندە نیگەران و پەرێشان بوو کە نەیتوانی دڵخۆشی خۆی بداتەوە. بەم شێوەیە دواهەمین پەیوەندیی بە ڕابردووەوە قرتابوو.
بەپێی خوویەکی کۆنی خۆی، ویستی بچێت بۆ گۆڕستان بەڵکو کەمێک ئارام ببێتەوە. گۆڕستانی «مۆن پارناس» لە هەموویان نزیکتر بوو. ئەم گۆڕستانە لە سەکۆی سادەی بەرد و میحرابی جوانی گوێ قەبرەکان ساز کرابوو. سابینا تێنەدەگەیشت کە بۆ مردووەکانیش حەز دەکەن بە ژوور سەریانەوە کۆشکی دەسکرد بینا بکرێت. دەتگوت شکۆ و مەزنایەتی لەم گۆرستانەدا وەک بەردی لێهاتبوو. دانیشتوانی ئەم گۆڕستانە، پاش مردنیان نەوەک هەر پێنەدەچوو عاقڵتر بووبن، بەڵکو لە تافی زیندووییان گەوجتر دیار بوون. ئەوان لەسەر کێلەکان گرنگی خۆیان دەنواند. لێرەدا باوکان، برایان، کوڕان یان دایە گەورەکان نەنێژرابوون، بەڵکو کۆمەڵێک خەڵکی ناودار و کارمەندی پلە بەرزی دەوڵەتی، کەسانێک کە خاوەنی پلە و پایەی بەرچاو بوون، ڕاکشابوون. لێرە تەنانەت کارمەندە ئاست نزمەکانیش، بۆ ئەوەی لە لایەن خەڵکەوە ستایش بکرێن، پلەو پایە، دۆخی کۆمەڵایەتی (پلەی لیاقەت و شیاوی) خۆیان نمایش دەکرد.
سابینا کاتێک بە ڕێچکەی گۆڕستانەکەدا تێدەپەڕی، چاوی بە جەنازەیەک کەوت کە خەریکبوون بە خاکیان دەسپارد. بەرپرسی کاروباری کفن و دفن، باوەشێک گوڵی پێبوو کە بە ناو خزم و کەسە نزیکەکانی مردووەکەدا بڵاوی دەکردەوە، هەر یەکە گوڵێکی دەدانێ. گوڵێکیشی بە سابینا داو ئەویش چووە ڕیزی پرسە دارەکانەوە. ئەوان دەبوو دەوری چەند گۆڕێک بدەنەوە تا بگەنە ئەو چاڵە کە کێلی نەبوو. ئەو نەوییەوەو سەیری چاڵەکەی کرد کە زۆر قووڵ بوو. گوڵەکەی فڕێدا و کەوتە سەر تابووتەکە. لە پاریس گۆڕەکان بە قەدەر بڵیندی ماڵەکان قووڵن. چاوی بە کێلەکە کەوت کە لە پاڵ چاڵەکەدا چاوەڕوان بوو. ئەو کێلە زۆر ترساندی و بە پڕتاو بەرەو ماڵ گەڕایەوە.
سابینا بە درێژایی ئەو ڕۆژە بیری لەو کێلە دەکردەوە.

بۆچی ئەوەندە ترسابوو؟
بەم شێوەیە وەڵامی خۆی دایەوە: ئەگەر گۆڕێک بە بەرد داپۆشرێت، مردوو هەرگیز ناتوانێ لێی دەرباز ببێت.
بەڵام مردوو لە هەموو حاڵێکدا لە گۆڕەکەی نایەتە دەر! کەواتە جیاوازیی چییە لە ژێر گڵەسوور خەوتبێت یان بەرد؟!
بێگومان جیاوازی هەیە: بوونی بەرد لەسەر گۆڕەکە بەو مانایە کە نایانەوێ مردووەکە بگەڕێتەوە. ئەو بەردە قورسە پێی دەڵێ: «لێرە بمێنەوە!»
سابینا بیری گۆڕی باوکی کەوتەوە. گڵەسووڕیان بەسەر تابووتەکەدا ڕشتبوو، گوڵی لەسەر دەڕووا. دار ئەفرایەک ڕەگی بەرەو تابووتەکە دادەکوتا، دەکرا بڵێی مردووەکە بەهۆی ئەم گوڵ و ڕەگ و ڕیشانەوە لە گۆڕەکەی دەهاتە دەر. ئەگەر باوکی لە بن بەردێک بنێژرایە، ئەو هەرگیز نەیدەتوانی لە پاش مردنی قسەی لەگەڵ بکات، هەرگیز نەیدەتوانی لە گەڵای دارەکەوە گوێی لە دەنگی بێت کە دەڵێ لێی خۆش دەبێ.
گۆڕستانێک کە ترێزا و تۆماسی لە باوەش گرتووە لە چی دەچێت؟
جارێکی تر ئەوانی بیرکەوتەوە. هەندێکجار دەچوونە شارەکەی نزیکیان و شەو لە ئوتێل دەمانەوە. ئەم بەشەی نامەکە سەرنجی ڕاکێشا، چونکە وای دەنواند کە ئەوان بەختەوەر بوون. ئەو، تۆماسی وەک تابلۆیەکی نەقاشی خۆی دەبینیەوە: لە پێشەوەی هێڵکاری دۆن ژوان ـ وەک دیکۆرێکی دەستکرد کە نەقاشێکی ساویلکە کێشابێتی ـ کێشرابوو، بەڵام تریستان لە درزێکی دیکۆرەکەوە دەبینرا. تۆماس وەک تریستان مردبوو، نەک وەک دۆن ژوان. باوک و دایکی سابینا لە ماوەی هەفتەیەکدا مردبوون، بەڵام تۆماس و ترێزا لە ساتەوەختێکدا. لە پڕ حەزی کرد لە لای فرانز بێت.
کاتێک باسی گەڕانەکانی خۆی بە ناو گۆڕستاندا بۆ ئەو کردبوو، فرانز گۆڕستانی لەگەڵ مەخزەنی ئێسکی وشکەڵاتووی مردووەکان و تەبارێک وردە بەرد، بەراورد کردبوو. ئەو ڕۆژە درزێک لە لێکحاڵی نەبوون لە مابەینیان دا زاری کردبۆوە. بەڵام ئیمڕۆ لە گۆڕستانی (موون پارناس) لە قسەکانی ئەو ڕۆژەی فرانز دەگەیشت. خەمی دەخوارد کە بۆچی زوو لێی بێتاقەت بووە.

ئەگەر ماوەیەکی زیاتر لەگەڵ یەکتر بمانایەتەوە، ڕەنگە وردە وردە لە قسەی یەکتر بگەیشتنایە. فەرهەنگی کەلامیان، وەک دڵداری زۆر خۆشەویست لە یەک نزیک ببوایەتەوە، ئەوسا هێور هێور موزیکەکەیان تێکەڵ بە یەکتر ببوایە. بەڵام ئێستا زۆر درەنگ ببوو.

بەڵێ، زۆر درەنگە. سابینا دەزانێ لە پاریس نامێنێتەوە. ئەو دوورتر و دوورتر دەڕوات، چونکە ئەگەر لێرە بمرێت لە بن بەردێک بە خاکی دەسپێرن، ژنێک کە ناتوانێ لە شوێنێک ئارام بگرێت بیر لە ڕاوەستانی هەمیشەیی ناکاتەوە.

## ١١

هەموو هاوڕێکانی فرانز بە چۆنییەتی پەیوەندی ئەو و ماری کلوودیان دەزانی، هەمووشیان ئاگاداری نێوانی لەگەڵ ئەو و قوتابیە عەینەکییە بوون. بەڵام کەس ئاگای لە چارەنووسی سابینا نەبوو. فرانز بە هەڵە بیری دەکردەوە کە ماری کلوود لە لای هاوڕێکانی باسی سابینا دەکات. سابینا ژنێکی جوان بوو، ماری کلوود نەیدەویست خەڵک لە زهنی خۆیاندا ڕوومەتی ئەو دووانە بەراورد بکەن.

فرانز لە ترسی ئاشکرابوونی ڕازەکەی، هەرگیز داوای لە سابینا نەکردبوو کە تابلۆیەک، یان هێڵکارییەک، یان تەنانەت وێنەیەکی خۆی بداتێ. بەم شێوەیە سابینا لە ژیانی ئەو سڕابۆوە. فرانز خۆشترین ساڵی تەمەنی لەگەڵ سابینا بوو، بەبێ ئەوەی شوێن پێیەکی دیاری لێمابێتەوە.

ئەم بابەتە دەبووە هۆی ئەوەی کە چێژێکی زیاتر لە بەوەفایی خۆی وەربگرێت.

کاتێک بە تەنیا لە ژوورەکەدان، دۆستە گەنجەکەی جاروبار سەر لە کتێبەکەی هەڵدەبڕێ، بە چاوێکی پڕ پرسیار لێی ڕادەمێنێ و پێی دەڵێ:

«ئەوە بیر لەچی دەکەیتەوە؟»

فرانز ڕۆچۆتە کورسییەکەیەوە و چاوی لە میچەکە بڕیوە. نازانێ چ وەڵامێکی بداتەوە. بێگومان بیر لە سابینا دەکاتەوە.

کاتێک لە گۆڤارێکی زانستی دا وتارێک بڵاودەکاتەوە، قوتابییەکەی یەکەم کەسە کە دەیخوێنێتەوە و دەیەوێ لە بارەیەوە قسە بکەن. بەڵام فرانز بیر لەوە دەکاتەوە کە ئەگەر سابینا بووایە چی لەبارەیەوە دەگوت. ئەو هەموو کارێک

لەبەر سابینا دەکات، بە شێوەیەک کە ئەو پەسندی بکات.

ئەمە بێوەفاییەکی زۆر بێ ئازاریی تایبەت بە فرانزە، کە هەرگیز نابێتە هۆی نیگەرانی و ڕەنجاوی قوتابییە عەینەکییەکەی. خۆشەویستی و ڕێزی زۆری بۆ سابینا، زیاتر لەوەی کە عەشقانە بێت، ڕۆحانییە.

وێڕای ئەوەش، فرانز کە حەزی لەم حاڵەتەیە، پێی وایە سابینا ئەم دۆستە گەنجەشی بۆ ناردووە. بەو شێوەیە یەکانگیرییەکی تەواو لە مابەینی عەشقی زەوینی و عەشقی ئاسمانی ئەودا هەیە. ئەگەر بەشێکی زۆر لە عەشقی ئاسمانی (تەنیا لەبەر ئەوەی کە بان زەوینییە) لە وەسف و گێڕانەوە نایەت (کورتە فەرهەنگی وشە ناڕوونەکان و پێڕستی لێکحاڵی نەبوونەکان! وە بیر خۆتان بهێننەوە) بەڵام عەشقی زەوینی ئەو، لەسەر بونیادی تێگەیشتن و لێکحاڵی بوونێکی تەواوە.

ئەو کچە خوێندکارە زۆر لە سابینا گەنجترە، هەوای موزیکی ژیانی تازە دەستی پێکردووە، بەو پەڕی وەفادارییەوە ئەو تیمانە تێکەڵ دەکات کە لە فرانزەوە فێریان بووە.

ڕێپێوانی گەورەی فرانز لە بڕوا کانییەوە سەر هەڵدەدات. بە بۆچوونی ئەو و قوتابییە گەنجەکەی، موزیک دەبێ وەک خواوەندی شەراب، مەستی و سەرخۆشی بەدواوە بێت. ئەوان زۆرجار دەچن بۆ ئاهەنگی سەما و سەما دەکەن. لە واقیعدا دەژین، ڕازێکیان نییە کە لە خەڵکی بشارنەوە، بە شوێن هاوڕێیەتی خەڵک و هاوکاران و خوێندکاران و کەسانی نەناسراوەوەن. لەگەڵیاندا لەسەر مێزێک دادەنیشن و بە ئیشتیاوە شەراب دەخۆنەوە و قسە دەکەن. زۆرجار پێکەوە دەچن بۆ کێوەکانی ئالپ و دەگەڕێن. فرانز دەنەوێتەوە و کچە گەنجەکە دەپەڕێتە سەر شانی. فرانز بە پەلە لە مێرغوزارەکە دەیپەڕێنێتەوە. لە هەمان کاتیشدا بە دەنگی بەرز گۆرانییەکی دوور و درێژی ئەڵمانی دەخوێنێ کە دایکی بە منداڵی فێری کردووە. کچە گەنجەکە بە دەنگی بەرز پێدەکەنێ، لە گەردنی دەئاڵێ و هێزی شان و باسک و سییەکانی ستایش دەکات.

تەنیا شتێک کە پەی بە ماناکەی نابات، ئەو خۆشەویستییە تایبەتەیە کە فرانز بەرامبەر بە هەموو وڵاتانی ژێر دەسەڵاتی ڕووسییە هەستی پێ دەکات. ڕۆژی ساڵوەگەڕی شالاو، ئەنجوومەنێکی چیک ـ کە لە ژنێڤ دامەزراوە ـ کۆڕێکی بیر ئانین دەگرێت. خەڵکێکی کەم لە هۆڵەکەدا کۆبوونەتەوە. وتەبێژی دانیشتنەکە

قژێکی خۆڵەمێشی هەیە کە ڕازێنەر بۆی بژ کردووە. ئەو وتارێکی دوور و درێژ دەخوێندەوە، ئەو چەند کەسە ماندوو دەکات کە بە شەوقەوە هاتبوون بۆ هۆڵەکە تا گوێ لە وتارەکان بگرن. ئەو بەبێ هەڵە بە فەڕەنسایی دەدوێ، بەڵام لەهجەکەی زۆر ناخۆشە. جاروبار بۆ ڕاکێشانی سەرنجی دانیشتوان، قامکی دۆشاومژەی بەرەو خەڵکەکە دەگرێ، دەڵێی بە تەمایە هەڕەشە لەو خەڵکە بکات کە لە هۆڵەکە دانیشتون.

ئەو کچە گەنجە لاوازە لە پاڵ فرانز دا دانیشتووە، بەر بە باوێشکی دەگرێت. بەڵام فرانز بە دۆخێکی ئارام و ئاسوودەوە زەردەخەنە دەکات. ئەو چاوی لە کابرای قژ خۆڵەمێشی بڕیوە، کە بەو قامکە سەیر و سەمەرەیەوە، پیاوێکی سەرنج ڕاکێشە. بە خۆی دەڵێ ئەم پیاوە قاسیدێکە، فریشتەیەکە کە پەیوەندی نێوان ئەو و خواژنەکەی ڕادەگرێت. چاوی دەنوقێنێ و لە خەون و خەیاڵات ڕۆ دەچێت. هەروا کە لە پاڵ سابینا ـ لە پازدە ئوتێلی ئەوروپایی و ئوتێلێکی ئەمریکایی ـ چاوی خۆی نوقاندبوو، پێڵووەکانی لێک دەنێت.

# بەشی چوار
# لەش و گیان

## ١

ترێزا سەعات یەک و نیوی دوا نیوەشەو گەڕایەوە بۆماڵەوە. چوو بۆ حەمام، جلی ژێرەوەی لەبەر کرد و لەپاڵ تۆماسدا ڕاکشا. لەوساتەدا کە بەسەر ڕوومەتی دا نەویبۆوە و دەیویست ماچی بکات، بۆنێکی تایبەتی لە قژی کرد. بۆ ماوەیەکی درێژ لووتی لە قژی ڕۆکرد. وەک سەگ بۆنی دەکرد تا دواجار تێگەیشت کە ئەو بۆنە ژنانەیە. بۆنی ژنێکە.

شەشی بەیانی، سەعاتەکە زەنگی لێدا. کاتی دەرکەوتنی سەر و سەکوتی کارنین بوو. کارنین هەمیشە لەپێش ئەوانەوە هەڵدەستا، بەڵام نەیدەوێرا بەئاگایان بکاتەوە. ئەو بە تاقەتەوە لە چاوەڕوانی زەنگی کاتژمێرەکە ڕادەما، تا بتوانێ خۆی فرێبداتە سەر قەرەوێڵەکەیان، پێ بخاتە سەر لەشیان و لمۆزیان لێ ڕۆبکات. سەرەتا ویستبوویان بەر بەکارنین بگرن و لەسەر قەرەوێڵەکە دەری بکەن. بەڵام سەگەکە لە خاوەنەکانی پێداگرتر بوو، دواجار توانیبووی ئەوان لە مافی خۆی بگەیەنێت. جگە لەوەش، ترێزا ماوەیەک بوو حەزی دەکرد بە دەنگی کارنین ڕۆژەکەی دەست پێبکات. بە بۆچوونی تۆماس، ساتەوەختی بەئاگابوونەوە هاوڕێ لەگەڵ شادی و چێژ بوو، بە دڵسافییەوە سەیری دەهاتێ کە هێشتا زیندووە و لە دڵەوە خۆشحاڵ بوو. بەڵام ترێزا، بە پێچەوانەی حەزی خۆی بەئاگا دەبۆوە، پێی خۆشبوو شەو درێژتر بێت، ئەو چاوی هەڵنەهێنێت.

ئێستا کارنین لە کاتێکدا چاوی لە شوێنی جلەکان بڕیوە (کە بەند و قەڵادەکەی بەوێوە هەڵواسراوە)، چاوەڕوانە. ترێزا قەڵادەکەی دەبەستێ و بۆ کڕین دەیباتە دەر. شیر، نان، ڕۆنەکەرە، وەک هەمیشە کولێرە چەورەیەکی بچووکیش بۆکارنین دەکڕێت. لە ڕێگەی گەڕانەوە، کارنین کولێرە چەورەکەی بە دەمەوە گرتووە و لەگەڵی دەڕوات. کارنین بە لووت بەرزییەوە سەیری ئەملاو ئەولای خۆی دەکات. بێگومان حەز دەکات خۆی بنوێنێ و خەڵک قامکی بۆ درێژ بکەن و نیشانی یەکتری بدەن.

لە ماڵەوە، کارنین لەسەر زەوی، بەدەم کولێرە خواردنەوە خۆی دەشارێتەوە. چاوەڕوانە تۆماس پەی بەبوونی ببات، بەسەریدا بنەوێتەوە، بە مرخە مرخ وا بنوێنێت کە دەیەوێ کولێرەکەی لێ بستێنێت. ئەم دیمەنە هەموو ڕۆژێک دووبارە دەبێتەوە. پێنج خوولەک لە ناو ژوورەکەدا شوێن یەکتر دەکەون، تا ئەوەی کارنین دواجار پەنا بۆ ژێر مێزەکە دەبات، بە پەلە کولێرەکەی دەخوات.

بەڵام ئەمجارە کارنین بێهوودە چاوەڕوانی ئەو یارییەی بەیانیانە. ڕادیۆیەکی ترانزیستۆری لەسەر مێزەکەیە، تۆماس خەریکە گوێی لێ دەگرێت.

٢

ڕادیۆکە بەرنامەیەکی لە بارەی کۆچبەرە چیکییەکانەوە بڵاودەکردەوە. ئەم بەرنامەیە کۆمەڵێک وتووێژی شەخسی و تایبەتی کۆچبەرەکان بوو کە لە لایەن جاسووسێکی چیکییەوە ـ کە خۆی تێکەڵ بە ئەوان کردبوو، ئێستا بە هەرا و هاوارەوە گەڕابۆوە بۆ وڵات ـ بە دزییەوە تۆمار کرابوو. ئەم بەرنامەیە پڕ بوو لە فشە و فشەڵۆکی بێ بایەخ، کە جاروبار بە جنێودان بە ڕژێمی داگیرکەر کۆتایی دەهات. هەروەها پڕ بوو لەو ڕستانەش کە کۆچبەرەکان یەکتریان بە گەوج و مەکرباز ناو دەبرد. بەرنامەکە بەتایبەت پێی لەسەر ئەم بەشانە دادەگرت. لە ڕاستیدا دەبوو ئەوە بسەلمێنن کە ئەم خەڵکانە نەک هەر قسە بە یەکێتی سۆڤێتی دەڵێن (شتێک کە کەسی نەدەڕەنجاند)، بەڵکو جنێو بە یەکتریش دەدەن و بوختان بۆ یەکتریش دەکەن.

سەیر ئەوەیە کە لە بەیانییەوە تا شەو، وشەی ناحەزمان بەر گوێ دەکەوێت، بەڵام کاتێک لە ڕادیۆکەوە دەبیستین کە کەسێکی ناسراوی بەرێز، بە جنێو کۆتایی بە قسەکانی دەهێنێت ـ بێ ئەوەی بمانەوێت ـ هەست بە نیگەرانی دەکەین.

تۆماس لە کاتێکدا گوێی لە رادیۆکە دەگرت، گوتی:

«ئەم بەرنامە بە پرۆشازکا[٣٠] وە! دەستی پێکرد.»

---

٣٠- Prochazka

ژان پرۆشازکا ڕۆماننووسی چل ساڵەی چیک، پیاوێکی قایم و خۆراگر بوو، کە زۆر زووتر لە ساڵی (١٩٦٨) بەئاشکرا دەستی بە ڕەخنەگرتن لە بارودۆخی وڵات کردبوو. ئەو یەکێک لە خۆشەویستترین کەسایەتییەکانی پڕاگ بوو. ئەو بەهارە کە داوای ئازادی کۆمەڵایەتی لە سیستەمی کۆمۆنیستی دەکرد و بە شاڵاوی ڕووسەکان کۆتایی پێهات، کەمێک پاش شاڵاوەکە، هەموو ڕۆژنامەکان لەبارەی ئەوەوە کردیان بە هەرا. بەڵام هەرچی زیاتر هێرشی بکرایەتە سەر خەڵکیش زیاتر خۆشیان دەویست. ساڵی ( ١٩٧٠) ڕادیۆکە دەستی بە بڵاوکردنەوەی وتووێژە شەخسی و تایبەتییەکانی پرۆشازکا لە بەرنامەیەکی ڕۆژانەدا کرد. ئەو دوو ساڵ لەوەبەر، (لە ساڵی «١٩٦٨»)، لەگەڵ پڕۆفسۆرێکی زانکۆ ئەم وتووێژانەی کردبوو. ئەوان ئاگایان لەو ئامێری گوێگرتنە نەبوو کە لە ئاپارتمانەکەی پرۆفیسۆردا دانرابوو. نەیاندەزانی لە دەمێکەوە بە دزییەوە ئاگایان لە هەموو قسەکانیانە. پرۆشازکا هەمیشە بە زێدە ڕۆییەکانی هاوڕێکانی سەرقاڵ دەکرد و ئێستا ئەم قسە تایبەتییانە، کە بێگومان بە ڕێز و ئەدەبەوە نەگوترابوون، لە زنجیرەیەک بەرنامەی ڕادیۆی دا بڵاودەکرایەوە. پۆلیسی نهێنی کە چەند بەشێکی کاسێتەکەی بڕیبوو، بە وردبینییەوە لەسەر ئەو بەشانەی کە ڕۆماننووس و هاوڕێکانی، بۆنموونە دوبچیکیان مەسخەرە کردبوو، پێی دادەگرت. خەڵک هیچ دەرفەتێک بۆ ترۆکردنی هاوڕێکانیان لە کیس نادەن، بەڵام زۆر سەیر بوو کە پرۆشازکای خۆشەویست، لە پۆلیسی نهێنی نەفرەت لێکراو، زیاتر خەڵکی تووڕە کردبوو!

تۆماس ڕادیۆکەی کووژاندەوە و گوتی:

«هەموو وڵاتانی دنیا پۆلیسی نهێنیان هەیە، بەڵام تەنیا لێرە پۆلیس کاسێتە تۆمارکراوەکانی خۆی لە ڕادیۆوە بڵاودەکاتەوە! ئەمە بە ڕاست سەیر و سەمەرەیە! »

ترێزا گوتی:

«زۆر سەیریش نییە! لە تەمەنی چواردە ساڵیدا دەفتەرێکی یادەوەری نووسینم بوو، لەبەر ئەوەی کە دەترسام نەکا کەس بیخوێنێتەوە، لە مەخزەنی بن میچەکە دەمشاردوە. بەڵام دواجار دایکم دۆزییەوە. ڕۆژێک کە خەریک بووین

لەسەر مێزی خواردن سووپمان دەخوارد، ئەو دەفتەرەکەی لە گیرفانی دەرهێنا و گوتی: «هەمووتان گوێ بگرن!» ئەوسا بە دەنگی بەرز دەستی بە خوێندنەوەی کرد. سەیر ئەوە بوو کە بە دەم خوێندنەوەی هەر ڕستەیەکەوە ئەوەندە پێدەکەنی کە تووشی گەشکە دەبوو. هەموو بنەماڵە قاقا پێدەکەنین، لەبەر پێکەنین خواردنیان لە بیر چووبۆوە.»

٣

تۆماس هەمیشە هەوڵی دەدا ترێزا ڕازی بکات کە لەسەر قەرەوێڵەکەی نەجووڵێت، با ئەو بە تەنیا ناشتا بکات. بەڵام ترێزا گوێی بەم قسانە نەدەدا. تۆماس لە کاتژمێر حەوتەوە تا چوار، ئەو لە کاتژمێر چوارەوە تا نیوەشەو کاریان دەکرد. ئەگەر لەگەڵ تۆماس ناشتای نەکردایە تەنیا یەکشەممان دەیانتوانی پێکەوە قسە بکەن. بۆیە ترێزا لەگەڵ تۆماس لە خەو هەڵدەستاو، پاش ڕۆیشتنی ئەو، دیسان دەخەوتەوەو یان وەنەوزی دەدا.

بەڵام ئەو ڕۆژە نەیدەوێرا دووبارە بخەوێتەوە. دەبوو کاتژمێر دە لە شوێنی مەلەی دوورگەی سۆفی[31]، حەمامی سۆنا بکات. زۆر کەس حەزیان لەو شوێنە بوو، جێی هەموویان نەدەبۆوە و تەنیا بە تەوسییە دەکرا بچن بۆ ئەوێ. خۆشبەختانە هاوسەری مامۆستایەکی دەرکراوی زانکۆ، دەخیلەداری ئەو شوێنە بوو. ئەو مامۆستایەش هاوڕێی یەکێک لە نەخۆشەکانی پێشووی تۆماس بوو. تۆماس پەیوەندیی بە نەخۆشەکەی جارانییەوە گرت، ئەویش لەگەڵ مامۆستاکە قسەی کرد، مامۆستاش بە هاوسەرەکەی گوت و بەم شێوەیە هەفتەی جارێک نۆبە بە ترێزا درا.

ترێزا بە پێ چوو. ئەو ڕقی لە قەتاری ناو شار بوو کە بەردەوام پڕ بوون. لەو دەمەدا خەڵک بە ڕقەوە پاڵیان بە یەکترەوە دەنا، شەقیان لە پێی یەکتر هەڵدەدا، قۆپچەی کراسی یەکتریان هەڵدەکەند و جنێویان بە یەکتر دەدا.

باران بە هێمنی دەباری. خەڵک بە پەلە بە ڕێدا دەڕۆیشتن و چەترە کراوەکانیان

---

٣١- Sophie

بە سەرەوە گرتبوو. جارجارە چەترەکانیان لێک دەدرا، خاوەنەکانیان رەتەڵیان دەدا و دەیان بۆلاند. پیاوەکان بە ئەدەب بوون و کاتێک لە نزیک ترێزاوە تێدەپەڕین چەترەکانیان بەرز دەکردەوە و ڕێگەیان دەدا بڕوات. بەڵام ژنەکان بە قەدەر نیوە قامکێکیش خۆیان لا نەدەدا. بە گرژییەوە سەیری پێشەوەیان دەکرد و هەرکامەو چاوەڕوان بوون ئەوی تر بێ هێزی خۆی قبووڵ بکات و خۆی لابدات. لێکدرانی چەترەکان لە ڕاستیدا لێکدرانی هێزەکان بوو. ترێزا سەرەتا خۆی لادەدا، بەڵام کاتێک زانی هەرگیز ئەدەب و میهرەبانییەکەی قەرەبوو ناکرێتەوە، وەک ئەوانی تر بە هێزەوە چەترەکەی خۆی بە دەستەوە گووشی. چەندینجار چەترەکەی لە شتێک درا کە بەرەو ڕووی دەهات، بەڵام کەس داوای لێبوردنی لێنەکرد. بە گشتی، کەس میهرەبانی نەدەنواند. تەنانەت دوو یان سێ جاریش گوێی لە وشەی «ژنەی پیس!» یان «پیس و پۆخڵ!»یش بوو.

لە نێو ئەو ژنانەدا کە چەکی چەتریان پێبوو، هەم ژنی گەنج و هەم ژنی پیریش دەبینران، بەڵام گەنجەکان نەترسترین خەباتکار بوون. ترێزا بیری ڕۆژانی شاڵاوەکە دەکەوتەوە. کچە گەنجەکان بە نیوە ڕووتی بەملاو ئەولادا دەڕۆیشتن، بەسەر دارێکی بڵندەوە ئاڵای نەتەوەکەیان دەشەکاندەوە. بەم شێوەیە هەرەسیان بە شەرم وحەیای سەربازە ڕووسەکان (کە ساڵانێک بوو ریازەتی سێکسیان کێشابوو) دەهێنا. سەربازە ڕووسەکان لە پڕاگ دەبێ خۆیان لە هەسارەیەکی داهاتەی نووسەرێکی چیرۆکی زانستی ـ خەیاڵی دا وێنا کردبێت. هەسارەیەک کە ژنەکانی بە شێوەیەکی سەیر و سەمەرە بە عیشوە و حەکەیارن، بە یارمەتی پێ و پلی جوانیان (کە هیچ ڕووسێک لە پێنج شەش سەدە بەملاوە شتی وای نەبینیوە) نەفرەتی خۆیان نیشان دەدان. لەو ڕۆژانە دا ترێزا گەلێک وێنەی ئەم ژنانەی لە لای دەبابەکان گرتبوو. ئەو دەمە چەندە ستایشی دەکردن! ئێستا هەر ئەو ژنانە بوون کە بە گرژی و مۆنییەوە ئابڵۆقەیان دابوو. ئەوان ئێستا لە بری ئاڵا، چەترێکیان بە دەستەوە بوو. بەڵام هەر بەو غرووڕەوە بە دەستیانەوە گرتبوو کە ئاڵاکەیان بە دەستەوە دەگرت. ئەوان ئامادەبوون بە هەمان ڕق و قینەوە کە لەگەڵ سوپای بێگانە ڕووبەڕوو ببوونەوە، چەترەکەیان بە دەستەوە بگرنو ڕێگە بەکەس نەدەن.

٤

ترێزا گەیشتە مەیدانی گەڕەکە کۆنەکە. ئەو شوێنە کە کڵێسای زانکۆی تین[٣٢] بە میعماری گرژ و وشک، بینای بە شێوازی بارۆک، لە شکڵی چوار گۆشەیەکی نارێک سازکرابوو.
بینای شارەوانی ـ کە یادگاری سەدەی چواردەیە، جاران لایەکی چوار گۆشەکەی دەگرتەوە ـ لە بیست و حەوت ساڵ لەوەو بەرەوە تا ئێستا بەرەو کاولی دەچێت. شارەکانی ڤارشۆ، درێسدێن، کۆڵن، بوودا پێست و بێرلەن لە شەڕی دووهەمی جیهانی دا بە شێوەیەکی ترسناک کاول بوون. بەڵام خەڵک ئەم شارانەی سەر لەنوێ ساز کردۆتەوە، بە حەز و وردبینییەوە، شوێنەوارە مێژووییەکانیشیان نۆژەن کردۆتەوە. ئەم شارە نۆژەن کراوانە خەڵکی پڕاگی تووشی گرێی خۆبەکەم زانی دەکرد. لە شاری ئەوان تاکە بینایەکی مێژوویی کە کاتی شەڕ کاول ببوو، هەر ئەم بینای شارەوانییە بوو. گوایە خەڵکی پڕاگ بڕیاریان دابوو بۆ هەتا هەتایە دەست بە سەر کاولیەکانی شاردا ڕابگرن، چونکە دەترسان ئەگەر پۆڵەندی یان ئەڵمانییەک بێت بۆ پڕاگ، لەبەر دوورکەوتنەوەی ئەوان لە ئازار و مەینەتییەکانی کاتی شەڕ، سەرکۆنەیان بکات. بەڵام لەبری ئەم بەرد و گڵمۆتە بەناوبانگانە ـ کە دەبێ بۆ هەتا هەتایە شایەتی شەرمەزاری شەڕ بن ـ شوێنێکی بەرز، بە ستوون و مێڵەی ئاسنی بۆ خۆپیشاندان چێ دەکرێت. چونکە قەرار بوو حزبی کۆمۆنیست لە داهاتوودا وەک ڕابردوو، خەڵکی پڕاگ بەرەو ئەم خۆپیشاندانانە ڕابکێشێت.
ترێزا لە بینای کاولی شارەوانی ورد دەبۆوە، ئەم دیمەنە لەپڕ دایکی بیر خستەوە: دایکی وەک نەخۆشێکی دەروونی حەزی دەکرد ڕووخانی خۆی نیشان بدات، شانازی بە ناحەزییەوە بکات، کلۆڵی خۆی لە قاو بدات، هەموو کەس هەوادار بکات هەرەس هێنانی ببینن. ئەم دواییانە، هەموو شتێک یادی دایکی دەژیاندەوە. دەتگوت دنیای دایکی ـ کە دە ساڵ بوو لێی هەڵاتبوو ـ دیسان پێی گەیشتۆتەوە و لە هەموو لایەکەوە باوەشی بۆ کردۆتەوە. لەبەر ئەوەبوو

---

٣٢- Tin

کە لە کاتی ناشتادا بۆ تۆماسی گێڕایەوە کە چۆن دایکی دەفتەری تایبەتی بیرەوەرییەکانی ئەوی بۆ هەموو بنەماڵە دەخوێندەوە و قاقا پێدەکەنی.
کاتێک گفتوگۆیەکی تایبەتی و هاوڕێیانە لە ڕادیۆوە بڵاودەکرێتەوە و هەموو خەڵک دەیبیستن، دەبێ بڵێین: دنیا بووە بە کەمپێکی کاری زۆرەملەیی.
ترێزا لە منداڵییەوە ئەم وشەیەی بۆ دەربڕینی بۆچوونی خۆی لە ژیان لە ناو بنەماڵەکەی دا، بە کار دەبرد. کەمپی کاری زۆرەملێیی دنیایەکە کە هەمووان لەوێ شەو و ڕۆژ لەلای یەکتر دەژین. دڵ ڕەقی و توندوتیژی تاکە تایبەتمەندی لاوەکی، نەک پێویستی، ئەو دنیایەیە. کەمپی کاری زۆرەملێیە، واتە سڕینەوەی بە ئێجگاری ژیانی شەخسی و تایبەتی. پرۆشازکا کە تەنانەت لە ماڵی خۆشی ئەمین نەبوو، نەیدەتوانی بە ئاسوودەیی لەگەڵ هاوڕێیەکی بدوێت، (ئەو بە خۆش باوەڕییەوە پێی وابوو ماڵەکەی ئارامو ئاسایشە، ئەمەش هەڵەیەکی کوشندەبوو) لە ڕاستی دا لە کەمپێکی کاری زۆرەملێدا دەژیا. ترێزاش ئەو دەمە کە لە ماڵی دایکی بوو، لە کەمپێکی کاری زۆرەملێدا دەژیا. ئەو لەو دەمەوە دەیزانی کە کەمپی کاری زۆرەملێیی شتێکی ڕیزپەڕ و شاز نییە، شتێک نییە کە کەس سەری لێی بسوڕمێت، بەڵکو شتێکی بونیادی و ڕاستەقینەیە کە تیایدا لە دایک دەبین، تەنیا بە تەرکیز و سوود وەرگرتن لە هەموو هێزمان، دەتوانین لێی هەڵبێین.

٥

ژنەکان لەسەر سێ کورسیی لاکێشەیی لە پاڵ یەکتر دانیشتبوون. وەها قایم لێک جووت ببوون کە لەشیان لە یەک جیا نەدەبۆوە. ژنێکی سی ساڵەی گەلێک جوان لەلای ترێزا بوو کە دوو مەمکی خڕ و گەورە بە سنگییەوە بەر ببۆوە. کاتێک ژنەکە هەستا، ترێزا چاوی بە سمتی کەوت کە لە دوو جەواڵی گەورە دەچوو، لە ڕوومەتی جوانی نەدەکالایەوە.
ڕەنگە ئەو ژنە زۆرجار لەبەر ئاوێنەدا ڕاوەستابێت، سەیری لەشی خۆی کردبێت و لە جەستەی دا بۆ ڕۆحی خۆی گەڕابێت. هەروا کە ترێزا بە منداڵی سەیری ئاوێنەی دەکرد و بۆ ڕۆحی خۆی دەگەڕا. بێگومان ئەو ژنەش بەوپەڕی

خۆشییەوە هیوادار بووە کە لەش و جەستەی بۆ ڕۆحی وەک پۆستەرێک سوودبەخش بووبێت. بەڵام ئەگەر ئەو لەشە ڕەنگدانەوەی ڕۆحی بێت، دەبێ چ ڕۆحێکی زەبەلاحی ببێت کە چوار توورەکەی گرتبێت.
ترێزا هەستا و لە ژێر ئاو پاشەکەدا خۆی ئاوکێش کرد، ئەوسا چووەدەر. هێشتا بارانی ورد بەسەر تەختەبەرد و پردی ڤڵتاڤا دا دەباری، چاوەکانی شار بە چەند پانێلێکی درێژی چێوی دەوری گیرابوو. ترێزا هاتەخوار و سەیری ژنە خەیاڵییەکەی کرد. ئەو بە سەر ئاوی چەمەکەوە بوو.
ژنەکە زەردەخەنەی بۆ کرد. لووتی جوان و چاوی قاوەییەکی درشت و نیگایەکی منداڵانەی هەبوو. کە بەسەر پەیژەکەدا هەڵدەگەڕا، دوو توورەکەی بچووک کە بە ڕاست و چەپدا ئاویان لێ دەتکا، جێگەی سیمای ناسکی ڕووخساریان گرتبۆوە.

## ٦

ترێزا چووبووە بەر ئاوێنەیەکی گەورە و خۆی ڕووت کردبۆوە.
نا، هیچ شتێکی سەیر و سەمەرە لە لەشیدا نەبوو. هیچ توورەکەیەک بە شان و سنگییەوە بەرنەببۆوە. مەمکەکانی زۆر بچووک بوون. ئەوەندە بچووک کە تا بەر لە ناسینی تۆماس، دایکی بۆ ئەو مەمکە بچووکانە گاڵتەی پێدەکرد و نیگەرانی دەکرد. بەڵام لەو کاتەوە کە تۆماسی ناسیبوو، لەگەڵ ئەو مەمکە بچووکانەی ڕاهاتبوو، لەوە نیگەران بوو کە بە دەوروبەری گۆی مەمکییەوە هەندێک پەڵەی گەورەی ڕەش هەبوون. ئەگەر بۆخۆی بیتوانیبایە شێوەی لەشی خۆی دیاری بکات، بێگومان گۆی بچووکی بۆ مەمکە شۆخەکانی هەڵدەبژارد، کە لە ڕەنگی پێستی خۆی بوونایە. ئەو بیری لەو پەڵە سوورە گەورانە دەکردەوە کە لە نەقاشییە کۆنەکان دا، لە ژنانی هەژاری ڕووت کێشرابوونەوە.
ترێزا خۆی دەپشکنی و لە خۆی دەپرسی چی ڕووی دەدا ئەگەر هەموو ڕۆژێک لووتی سانتی مەترێک درێژتر ببوایە، چەندەی دەخایاند کە ئیتر ڕوومەتی نەناسرایەتەوە؟ ئەگەر هەر بەشێکی لەشی گەورەتر و بچووکتر ببوایە ــ وەها

که ئیتر له ترێزا نەچوایە ـ ئایا هێشتا هەر خۆی بوو، هێشتا ترێزا بوو؟ بێگومان وایە. تەنانەت ـ گریمان ئیتر ترێزا له ترێزاش نەچێت ـ ڕۆح له لەشی دا هەمیشە وەک خۆی دەمێنێتەوە، دەبێ بە ترس و وەحشەتەوە شایەتی گۆڕانی جەستەی بێت.

کەواتە لەم حاڵەتەدا چ پەیوەندییەک له مابەینی ترێزا و لەشی دەبوو؟ ئایا ئەو لەشە که پێی دەگوترێت ترێزا، خاوەنی هیچ مافێک نییە؟ ئەگەر ئەم لەشە کە ناوی ترێزایە خاوەنی هیچ مافێک نەبێت، ئەی ئەم ناوە چی نیشان دەدات؟ تەنیا شتێکی بێ پەیکەر، شتێک که ڕاناموسرێت؟

له منداڵییەوە هەمیشە کۆمەڵە پرسیارێکی چونیەک بە مێشکی دا دەهات. چونک تەنیا منداڵ دەتوانێت بە ڕاست پرسیاری گرنگ بهێنێتە ئاراوە. له ڕاستی دا هەمیشە سادەترین پرسیارەکان گرنگترین پرسیارن و هیچ وەڵامێکیان نییە. پرسیارێکیش که وەڵامی پێ نەدرێتەوە، بەربەستێکە که ناتوانین لێی تێپەڕین. بە گوتەیەکی تر، ئەو پرسیارانە کە وەڵاممان بۆیان نییە، ڕێک ئەو شتەن کە سنوورداری تواناکانی مرۆڤ نیشان دەدەن، سنوورەکانی بوون دەستنیشان دەکەن.

ترێزا بێ ئەوەی بجووڵێت بە سەرسامییەوە لەبەر ئاوێنەکە ڕاوەستاوە، وەک پەیکەرێکی نامۆ له لەشی خۆی وردبۆتەوە. بەڵێ، پەیکەرێکی نامۆ. ئەگەرچی له ناو هەموو لەشەکان دا، ئەم لەشە هی خۆیەتی، بەڵام دڵی لەم لەشە تێکەڵ دەهات. ئەم لەشە نەیتوانیوە لە ژیانی تۆماس دا تاقانە بێت. ئەم لەشە فریوی داوە. بە درێژایی ئەو شەوە، بۆنی ئولفەتی ژنێکی تری له قژی مێردەکەی کردووە!

له پڕ ئاوات دەخوازێ، ئەم لەشە وەک شتێکی بێهوودە فڕێ بدات، لەمەودوا بۆ تۆماس تەنیا ڕۆح بێت. ئەم لەشە فڕێ بدات، تا ڕەفتارێکی تری ببێت. ڕەفتارێکی وەک ڕەفتاری لەشە ژنانەکانی تر لەگەڵ لەشە پیاوانەکانی تر. چونکە لەشی نەیتوانی بوو جێی هەموو لەشەکانی تر بۆ تۆماس بگرێتەوە، ترێزا له گەورەترین شەڕی ژیانی دا دۆڕاندبووی. چاکە! کەواتە واباشە ئەم لەشە لێرە بڕوات!

٧

تریزا گەڕایەوە بۆماڵەوە و بەبێ ئیشتیا نیوە ڕۆژەی کرد. کاتژمێر سێ و نیو قەڵادەکەی کارنینی بەست و بە پێ بەرەو یەکێک لە گەڕەکەکانی قەراغ شار، بۆ ئەو ئوتێلەکە چوو کە کاری لێ دەکرد. چەند مانگێک لە پاش گەڕانەوەی لە زووریخ لە ڕۆژنامەکە دەریان کردبوو، ئەو توانیبووی بە لوتفی هاوڕێکانی، وەک بەڕێوەبەر لەو ئوتێلە دابمەزرێت. چونکە حەوت ڕۆژ وێنەی دەبابەی ڕووسەکانی گرتبوو، لێی خۆش نەببوون. ئەو کەسانەش کە هاوکات لەگەڵ ئەو لە کارەکەیان دەرکرابوون، پەنایان بۆ ئەو ئوتێلە هێنابوو: مامۆستایەکی جارانی زانستە ئیلاهییەکان لە بەشی ژمێریاری، باڵوێزێکی جارانیش لە بەشی پێشوازی کاریان دەکرد.
ئەو دیسان نیگەرانی ئەژنۆی بوو. زۆر لەوەو پێش، ئەو دەمە کە خزمەتکاری ڕیستۆرانت بوو، بە ترسەوە لە قاچی هاوکارەکانی دەڕوانی کەتووشی نەخۆشی واریس ببوون. واریس نەخۆشی ئەو کەسانەیە کە هەموو ژیانیان خەریکی بە ڕێدا ڕیۆشتن، ڕاکردن یان ڕاوەستان بە دەستی پڕەوەن. بەوحاڵەش کارەکەی لە جاران ئاسانتر بوو. ئەڵبەت دەبوو بەرلەوەی دەست بەکار ببێت، سندووقی قورسی بیرە و ئاوی کانزایی ڕاگوێزێت، بەڵام لەوەو دوا تا کارەکەی تەواو دەبوو لە پشت پێشخانەکە ڕادەوەستا، شەرابی بۆ مشتەرییەکان تێدەکرد، جاروباریش بە ئاوی بەلووعە بچووکەکەی ئەولاوە پێکەکانی دەشۆرد. کارنین هەموو ئەو ماوەیە بە تاقەت لەبەر پێی ڕادەکشا.
ئەو کاتێک حساباتەکەی تەواو کرد و پارەکەی بە سەرۆکی ئوتێلەکە دا، شەو لە نیوە تێپەڕیبوو. ئەوسا چوو ماڵاوایی لە باڵوێزەکەی جاران بکات کە شەوانە کاری دەکرد. لە پشت پێشخانی بەرزی بەشی پێشوازی، دەرکەیەک بەرەو ژوورێکی بچووک دەکرایەوە کە قەرەوێڵەیەکی بچووکی لێ بوو، هەندێک وێنەی لە قاپ گیراویش بە دیوارەکەیەوە بوو. باڵوێزەکەی جاران لەو وێنەکە دا، لەگەڵ ئەو کەسانە بوو کە لەبەر چاوی کامێرا پێدەکەنین، دەستیان دەگووشی، یان لە پشت مێزێکی گەورە لەگەڵی دادەنیشتن و بەڵگەکانیان

واژۆ دەکرد. لە یەکێک لە وێنەکاندا ڕوومەتی بەبزەی جان ئێف کەنەدی لەلای سەری باڵوێز دەناسرایەوە.
ئەو شەوە باڵوێز لەگەڵ سەرۆک کۆماری ویلایەتە یەکگرتووەکان نەدەدوا، بەڵکو لەگەڵ پیرەمێردێکی نەناسراو بوو کە بە بینینی ترێزا بێدەنگ بوو.
باڵوێز گوتی:
«ئەم خانمە هاوڕێمانە. دەتوانی بە ئاسوودەیی قسەی خۆت بکەیت.»
پاشان ڕووی وەرگێڕا و بە ترێزای گوت:
«هەر ئیمڕۆ کوڕەکەی پێنج ساڵ زیندانی بۆ دەرچووە.»
ترێزا زانی کە لە یەکەم ڕۆژانی شاڵاوەکەدا کوڕی ئەم پیرەمێردە لەگەڵ هاوڕێکانی چاودێریی دەرکەی چوونە ژووری بینایەکیان کردبوو کە بەشێک لە سوپای ڕووسی لێ بوو. ئەوان دڵنیابوون ئەو چیکییانە کە لەوێ دێنە دەر جاسووسی ڕووسەکانن. ئەو گەنجە و هاوڕێکانی شوێن جاسووسەکان دەکەوتن و ژمارەی ئۆتۆمۆبێلەکانیان دەنووسی. ئەوسا بە هەواڵنێرەکانی ڕادیۆیەکی شاراوەی چیکییەکان دەدا تا بە خەڵکی ڕابگەیەنێت. ئەوان یەک لەو جاسووسانەشیان کوتابوو.
کابرای پیر گوتی:
«تەنیا بەڵگەیان وێنەیەکە. تا ئەو کاتە کە وێنەکەیان نیشان نەدابوو، دانی بە هیچ شتێکدا نەنابوو.»
پاشان پارچەیەک ڕۆژنامەی لە گیرفانی خۆی دەرهێنا:
«ئەم وێنەیە لە ڕۆژنامەی تایمزی پاییزی ساڵی ١٩٦٨ بڵاوبۆتەوە.»
لەو وێنەیەدا گەنجێک قوڕگی کەسێکی گرتبوو. خەڵک لەملاو ئەولایانەوە ڕاوەستابوون و سەیریان دەکرد. لە سەر وێنەکە نووسرابوو:«سزای جاسووسێک.»
ترێزا هەستی بە ئاسوودەیی کرد. ئەو ئەم وێنەیەی نەگرتبوو.
ئەوسا لەگەڵ کارنین بە شەقامە تاریکەکانی پڕاگ دا تێپەڕی و بەرەو ماڵەوە چوو. بیری لەو ڕۆژانە دەکردەوە کە وێنەی دەبابە ڕووسییەکانی دەگرت. هەموویان چەندە ساویلکە بوون! پێیان وابوو لەبەر نیشتمانەکەیان ژیانیان

دەخەنە مەترسییەوە، لە کاتێکدا کاریان بۆ پۆلیسی ڕووس دەکرد!
کاتژمێر یەک و نیو گەڕایەوە بۆ ماڵەوە. تۆماس خەوتبوو، قژی بۆنی ژنێکی لێ دەهات.

## ٨

حەکەیاری چییە؟ دەکرێ بڵێین حەکەیاری ڕەفتارێکە کە ئەگەری دەستلەملانێ و جووتبوونی هەیە، بە بێ ئەوەی ئەم ئەگەرە لەگەڵ ئارخەیانی و دڵنیابووندا بێت. بە گوتەیەکی تر، حەکەیاری بەڵێنی دەستلەملانێ و جووتبوونە، بەبێ زەمانەتی بەرێوەبردنی ئەو بەڵێنە.
ئەو مشتەرییانە کە ترێزا شەرابیان بۆ تێدەکات، هەوڵ دەدەن لەگەڵی ئاشنا ببن. ئایا ئەم چرپە بەردەوام و پڕ لە مەجامەلەیە، ئەم پێشنیارە ناڕاستەوخۆیانە، ئەم چیرۆکە بێ پەردانە، ئەم داوەت و بزە و نیگایانەی بەلاوە ناخۆشە؟ نا، وا نییە. ئەو هەست بە ئیشتیاییەکی زۆر بۆ نواندنی لەشی (ئەو پەیکەرە بێگانەیە کە دەیەوێت فڕێی بدات) دەکات. حەز دەکات لەشی لە ناو شەپۆلی بە خرۆشی شالاوەکەدا وێڵ بکات.
تۆماس هەمیشە هەوڵی دەدا تێی بگەیەنێت، مەودایەکی زۆر لە نێوان عەشق و ڕابواردندا هەیە، بەڵام ترێزا هەرگیز ئەم بۆچوونە وەرناگرێت. ئەو ئێستا لەناو ئەو پیاوانە دایە کە سەرنجی ڕاناکێشن. پرسیارێک لە زهنی دایە: لەگەڵ ئەم کەسانە بوون، چ کاریگەرییەک لەسەر ئەو دادەنێت؟ حەزدەکا لانیکەم لە ڕێگەی بەڵێنی بێ زەمانەتەوە، واتە بە حەکەیاری، تاقی بکاتەوە.
با بە هەڵەدا نەچین، ترێزا نایەوێ تۆڵە لە تۆماس بسێنێتەوە، بەڵکو لە ڕێگەیەک بۆ ڕزگاربوون لە سەر لێشێواوی خۆی دەگەڕێت. ئەو دەزانێ کە بارێکە بەسەر شانی تۆماسەوە: ترێزا هەموو شتێک بە جیددی و سەخت دەگرێت، هەموو شتێک بەکارەسات دەزانێت، ناتوانێ لە سووکی و جلفی شادی ڕابواردن تێبگات. ئەو دەیەوێ فێری سووکی ببێت! حەز دەکات فێری بکەن کە چۆن ببێتە مۆدەی ڕۆژ!
ئەگەرچی حەکەیاری بۆ ژنانی تر وەک خوو وایە، لەمەو دوا بۆ ترێزا زەمینەیەکی

گرنگی پشکنینە، کە دەبێ توانای خۆی ئیسپات بکاتەوە. بەڵام تا ئەو ڕادەیەی جیددی و گرنگی بوونیش، سووکی لە حەکەیاری دادەماڵێ، وەک شتێکی زۆرەملێ و زیادی و حساب بۆکراوەی لێ دەکات. هاوتەریبی نێوان بەڵێندان و ملنەدان (کە تایبەتمەندی سەرەکی و دیاری حەکەیارییە) دەشێوێت. ئەم شێوە حەکەیارییە حساب بۆکراوە زوو بەڵێن دەدا، بەبێ ئەوەی نیشانی بدات کە هیچ زەمانەتێک بۆ ئەم بەڵێنە نییە. بە گوتەیەکی تر، خەڵک بە ژنێکی دەزانن کە زۆر زوو خۆی بە دەستەوە دەدات. بەڵام کاتێک پیاوان داوای ئەو شتەی لێ دەکەن کە بەڵێنیان پێ دراوە، ڕووبەڕووی خۆڕاگرییەکی کوتوپڕ دەبنەوە، بە دڵ ڕەقی جوان و ناسکیی ترێزای دەزانن.

٩

کوڕێکی گەنج خۆی بە باڕەکەدا کرد و لەسەر کورسییەک دانیشت. شانزە ساڵان دیار بوو. چەند ڕستەی هاندەری بە زاردا هات. قسەی وا کە نەدەبوو درێژەی پێ بدرێت، نە دەکرا پشت گوێ بخرێت.

«ئەژنۆکانت زۆر جوانن.»

ترێزا بە بێمەبالاتییەوە گوتی:

«کەواتە لەودیو پێشخانەکەوە دەبینرێن؟!»

«تۆ دەناسم. لە شەقام تۆم بینیوە.»

بەڵام ترێزا دوور ببۆوە و سەرقاڵی مشتەری تر بوو. کاتێک ئەو کوڕە داوای کۆنیاکێکی لێکرد و ترێزا پێی نەدا، نەڕاندی:

«من هەژدە ساڵم تەمەنە.»

«کەواتە دەبێ ناسنامەکەتم نیشان بدەیت!»

«پێویست ناکات.»

«کەواتە بە لیمۆنادێک ڕازی بە!»

ئەو کوڕە بێ ئەوەی قسەیەکی تر بکات هەستا و ڕۆیشت. نیو کاتژمێری نەخایاند کە گەڕایەوە و دیسان دانیشتەوە. بە دەست ئیشارەتی نادیاری دەکرد. دەکرا لە سێ مەترەوە هەست بە بۆنی ئەلکۆلی دەمی بکەیت.

«لیمۆنادێک!»

ترێزا گوتی:

«تۆ سەرخۆشی!»

کوڕە گەنجەکە ئەو نووسراوەی نیشان دا کە لە پشت سەری ترێزاوە بە دیوارەکەدا هەڵواسرا بوو: «فرۆشتنی مەشرووبات بە کەسی کەمتر لە هەژدە ساڵ قەدەغەیە.» ئەوسا لە کاتێکدا بە دەست ئیشارەتی بۆ ترێزا دەکرد، گوتی:

«تۆ دەتوانی مەشرووبم پێ نەفرۆشی، بەڵام لە هیچ شوێنێک نەنووسراوە کە من نابێ سەرخۆش بم.»

ترێزا لێی پرسی:

«لە کوێ ئاوات لە خۆت کردووە؟»

«لە باڕەکەی ئەوبەرتان!»

بە دەنگی بەرز پێکەنی و دیسان داوای لیمۆنادی کرد.

«ئەی بۆ لەوێ نەمایتەوە؟»

«لەبەر ئەوەی کە دەمەوێ سەیری تۆ بکەم. من تۆم خۆش دەوێ.»

لە کاتێکدا ئەوەی دەگوت، ڕووخساری بە شێوەیەکی سەیر تێک سمڕابوو. ترێزا تێ نەدەگەیشت کە ئایا ئەو گەنجە مەسخەرەی دەکرد؟ دەیویست لە گەڵی ببێ بە دۆست؟ شۆخی پێ دەکرد؟ یان هەر سەرخۆش بوو نەیدەزانی چی دەگوت؟

بە ناچاری لیمۆنادێکی لەبەردەم دانا و خۆی بە مشتەرییەکانەوە سەرقاڵ کرد. وادیار بوو ڕستەی «من تۆم خۆش دەوێ» هێزی ئەو کوڕە گەنجەی داچۆڕاندبوو. ئیتر هیچی نەگوت، بێدەنگ پارەکەی لەسەر پێشخانەکە دانا، بێئەوەی ترێزا ئاگای لێ بێت ڕۆیشتە دەر.

ئەو گەنجە تازە ڕۆیشتبووە دەر کە پیاوێکی تاسی کورتە باڵا ـ کە سێهەمین پێکی ڤۆدکای بەسەرەوە دەنا ـ دەستی بە قسە کرد:

« خانم تۆ دەزانی نابێ مەشرووب بە کەسانی کەمتر لە هەژدە ساڵ بفرۆشی؟»

«بەڵام من مەشرووبیم نەدایە. ئەو هەر لیمۆنادێکی لێرە خواردەوە.»
«چاوم لێ بوو چیت ڕشتە ناو لیمۆنادەکەیەوە!»
ترێزا قیژاندی:
«تۆ خەریکی بوختانم بۆ دەکەیت!»
کابرای تاس گوتی:
«ڤۆدکایەکی تر.» ئەوسا درێژەی پێدا: «دەمێکە ئاگام لێتە.»
کابرایەکی کەتە کە لە پێشخانەکە نزیکبوو، هەموو ئەو ڕووداوانەی دیبوو، خۆی تێوەگلاند:
«چاکە، خۆشحاڵ بە کە دەتوانیت سەیری خانمێکی جوان بکەیت و قسەی زیادیش مەکە!»
کابرای کەچەڵ نەڕاندی:
« تۆ خۆتی تێ هەڵمەقورتێنە. پەیوەندی بە تۆوە نییە.»
کابرای کەتە گوتی:
«کەواتە دەتوانی پێم بڵێی چ پەیوەندییەکی بە تۆوە هەیە؟»
ترێزا ڤۆدگایەکی بۆ کابرای کەچەڵ تێکرد. ئەو هەڵیقوڕاند و پاش ئەوەی پارەکەی دا، ڕۆیشتەدەر.
ترێزا بە کابرای کەتەی گوت:
«سوپاست دەکەم»
کابرای کەتەش لە کاتێکدا دەڕۆیشتە دەرەوە، گوتی:
«شایانی نییە. خۆ من هیچم نەکردووە.»

## ١٠

چەند ڕۆژێک دواتر، دیسان کابرای کەتە هات بۆ بارەکە. ترێزا وەک ئەوەی هاوڕێیەکی بینیبێت بزەی بۆ کرد:
«دەبێ دیسان سوپاست بکەم. ئەم کابرا کەچەڵە زۆرجار دێت بۆ ئێرە و بێزارم دەکات.»
«هەر بیریشی لێ مەکەرەوە!»

«نازانم ئەو ڕۆژە بۆ لە بیانوو دەگەڕا؟»

«سەرخۆش بوو، جارێکی تریش تکات لێ دەکەم بیری لێ مەکەرەوە.»

کابرا لە چاوەکانی وردبۆوە:

«دەبێ وەعدم بدەیتێ.»

«وەعدت دەدەمێ.»

ئەو بێ ئەوەی چاو لە چاوی ترێزا بنوقێنێ ، گوتی:

«خۆشحاڵم کە دەبیستم وەعدی شتێکم پێ دەدەیت.»

هەردووکیان خەریکی حەکەیاری بوون. ئەو ڕەفتارە کە ئیمکانی نزیکی دەڕەخسێنێ، تەنانەت ئەگەر ئەو ئیمکانە ئەگەرێکی بێ زەمانەتیش بێت.

«چۆن دەکرێ لە خراپترین گەڕەکی پڕاگ ژنێکی وەک تۆ ببینم؟»

«ئەی تۆ بۆ لە خراپترین گەڕەکی پڕاگیت؟»

کابرا گوتی: لەم نزیکانە دەژی. گوتی ئەندازیارە و جاری پێشوو، کاتی گەڕانەوە لەسەر کارەکەی، زۆر بە ڕێکەوت سەردانی ئێرەی کردووە.

## ١١

لە تۆماسی دەڕوانی، بەڵام نەک لە چاوی، کەمێک ژوورتر سەیری قژی دەکرد. گوتی:

«تۆماس ئیتر تاقەتم نەماوە. دەزانم نابێ شکایەت بکەم، لەو کاتەوە کە لەبەر من گەڕاویتەوە بۆ پڕاگ، بڕیارم داوە کە ئیتر ئیرەیی نەبەم. ئێستاش نامەوێ حەسوود بم، بەڵام ناتوانم بەر بە خۆم بگرم، توانای ئەم کارەم نییە، تکایە یارمەتیم بدە!»

تۆماس بێ ئەوەی هیچ بڵێت باسکی گرت و بەرەو ئەو مەیدانەی برد کە ساڵانی زوو، زۆرجار بۆ پیاسە دەچوون بۆ ئەوێ. لەو مەیدانەدا، کورسی لاکێشەیی شین، زەرد و سووریان دانابوو. کە دانیشتن تۆماس پێی گوت:

«تێدەگەم، دەزانم چیت دەوێ. بەرنامەم بۆ هەموو شتێک هەیە. ئێستا دەبێ بچی بۆ کێوی بەردی.»

هەر ئەو کاتە تووشی دڵە کووتە بوو:
«بۆ کێوی بەردی؟ بۆ دەبێ بچم بۆ کێوی بەردی؟»
«هەڵدەگەڕێیت و پەی بە هەموو شتێک دەبەیت.»
نەیدەویست لەوێ بڕوات. ئەوەندە لەشی خۆی بەلاوە لاواز بوو کە نەیدەتوانی لەسەر کورسییەکە هەستێ. بەڵام نەیدەتوانی بێ قسەیی تۆماسیش بکات. هەوڵی دا هەستێ، گەڕایەوە تا بیبینێت. ئەو هەروا لە سەر کورسییەکە دانیشتبوو بە شادییەوە زەردەخەنەی بۆ دەکرد. بە دەست ئیشارەتێکی کرد. ڕەنگە دەیویست دڵگەرمی بکات.

## ١٢

کە گەیشتە کێوی بەردی ـ ئەم تەپۆڵکە سەوزە کە لە ناوەڕاستی شاری پڕاگ دایە ـ بە سەر سووڕمانەوە بینی کەسی لێ نییە. سەیر بوو، خەڵکی پڕاگ زۆرجار، لە هەموو کاتژمێرەکانی ڕۆژدا، بۆ ئیسراحەت و پشوودان، بە ڕێچکە و ڕێبازەکانی ئەو تەپۆڵکەیەدا هەڵدەگەڕان. هەستی بە دڵەڕاوکە دەکرد. بەڵام تەپۆڵکەکە ئەوەندە ئارام و بێدەنگییەکەی ئەوەندە جێی متمانە بوو، کە نەترسا و بە دڵنیاییەوە هەڵگەڕا. جاروبار بۆ ئاوڕدانەوەیەک ڕادەوەستا. لە بناری تەپۆڵکەکە گەلێک بورج و پردی دەبینی. مرۆڤە پیرۆزەکان لە کاتێکدا چاوە بە بەرد بووەکەی خۆیان لە هەورەکان بڕیبوو، بە مستەکۆڵە هەڕەشەیان دەکرد.
ترێزا گەیشتە سەر تەپۆڵکەکە، بۆ پشت ئەو شوێنانەی کە زۆرجار بەستەنی و کارت پۆستاڵ و توێشوویان لێ دەفرۆشت (ئەو ڕۆژە فرۆشیارەکانی لێ نەبوو). تا چاو بڕی دەکرد چیمەن بوو، ناوە ناوەش تاکە دار بوو. چەند پیاوێکی لەوێ بینی. هەرچی زیاتر لێیان نزیک دەبۆوە هەنگاوەکانی خاوتر دەکردەوە. شەش پیاو بێ جووڵە ڕاوەستابوون، یان زۆر نەرم و بەکاوەخۆ دەجووڵانەوە. وەک یاریزانەکانی گۆڵف کە بەرزی و نزمییەکانی زەوی دەپشکنن، دارەکانیان بە دەستەوە دەگویشن، بۆ خۆئامادەکردنی بەر لە کێبەرکێکە لە شتێک ڕادەمێنن.

لە ئەنجام دا، تەواو لێیان نزیک بۆوە. دڵنیا بوو کە سێ پیاو لەو شەش پیاوە وەک ئەون. ئەوان شەرمن بوون و وادیار بوو گەلێک پرسیاریان هەیە، بەڵام دەترسان کەس تووشی زەحمەت بکەن، بۆیە وایان بەباش دەزانی کە بێدەنگ بن. ئەوان بە سەرلێشێواوییەوە لە دەوروبەری خۆیان دەڕوانی.
سێ کەسەکەی تر ڕوخسارێکی میهرەبان و لەبەردڵانیان هەبوو. یەکێک لەو سێ کەسە کە تفەنگی پێبوو، کاتێک ترێزای بینی بە زەردەخەنەوە ئیشارەتی بۆ کرد.
«بەڵێ، لێرەیە.»
ترێزا بە سەر لەقاندن سڵاوی لێکرد. ئەو زۆر نیگەران بوو.
ئەو پیاوە درێژەی پێدا:
«بۆ ئەوەی هەڵەیەک ڕوو نەدات، ئایا ئەمە خواستی خۆتە؟»
گوتنی «نا، ئەمە خواستی من نییە» بۆ ترێزا ئاسان بوو، بەڵام نەیدەتوانی خیانەت بە متمانەی تۆماس بکات. بە چ بیانوویەکەوە بگەڕایەوە بۆ ماڵەوە؟ کەواتە گوتی:
«ئەرێ، بێگومان ئەمە خواستی خۆمە.»
کابرای تفەنگ بە دەست درێژەی پێدا:
« دەبێ بزانی بۆچی ئەم پرسیارەت لێدەکەم. ئێمە کاتێک ئەم کارە دەکەین کە دڵنیابین ئەو کەسانە کە دێن بۆ لامان خۆیان بە ڕاست بڕیاری مردنیان داوە، ئەمەش خزمەتێکە کە ئێمە بە ئەوانی دەکەین.»
کابرا پاشان نیگای پڕ پرسیاری لە ترێزا بڕی، ئەو بۆ جارێکی تر ناچار بوو کابرای تفەنگ بە دەست لە بڕیارەکەی خۆی دڵنیا بکات:
«ئەرێ ، هیچ نیگەران مەبن! ئەمە خواستی خۆمە.»
پرسی:
«دەتەوێ یەکەم کەس بیت؟»
«نا، تکایە نا، ئەگەر دەکرێ حەزدەکەم دواهەمین کەس بم.»
ترێزا دەیویست بۆ چەند ساتێکیش بووە لە سێدارەدانەکەی خۆی دوا بخات. کابرا لە کاتێکدا لە ئەوانی تر نزیک دەبۆوە گوتی: «تۆ چۆنت پێخۆش بێت

وا دەکەم.» دوو بەردەستەکەی چەکیان پێنەبوو، تەنیا بۆ ئەوە ئاگایان لەو کەسانە بێت کە دەیانویست بمرن، لەوێبوون. ئەو دووانە باسکی ئەو کەسانەیان دەگرت و بەسەر چیمەنەکەدا دەیان بردن. تا چاو بڕی دەکرد چیمەن و مێرغوزار بوو. ئەوانەی دەیانویست بمرن بڕیاریان بۆ نەدەدرا. لە ئەنجام دا دوو کەسیان، دوو چناریان هەڵبژارد، بەڵام کەسی سێهەم دوورتر دەبۆوە و دارێکی نەدەبینیەوە کە شایانی ئەوە بێ لە پاڵی دا بمرێت. بەردەستەکە بە بێوازییەوە باسکی گرتبوو، بێ ئەوەی بێوازییەکەی نیشان بدات، لەگەڵی دەڕۆیشت. زۆری نەخایاند ئەو پیاوە غیرەتی بەرەو پێش چوونی نەما و لە لای دار ئەفرایەکی پڕ لقوپۆپ ڕاوەستا.
بەردەستەکان چاوی هەر سێ پیاوەکانیان بە کوتێک پەڕۆ بەست.
ئێستا لەسەر چیمەن و سەوزەڵانییەکە سێ پیاو پاڵیان بە سێ دارەوە دابوو، چاویان بە کوتە پەڕۆیەک بەسترا بوو، سەریان ڕوو لە ئاسمان بوو.
کابرای جەللاد نیشانەی گرت و تەقەی کرد. جگە لە دەنگی باڵندەکان دەنگێکی تر نەدەبیسترا. تفەنگەکە دەنگ کپکەر بوو. ئەو پیاوەی کە پشتی لە دار ئەفراکە بوو، کەوتە سەر ئەژنۆ.
کابرای جەللاد بێ ئەوەی لە شوێنی خۆی دوور بکەوێتەوە بەرەو لایەکی تر وەرسووڕا ، کابرای پشت لە چناریش لە بێدەنگیەکی تەواودا کەوتە سەر زەوی. پاش چەند چرکەیەک، کابرای چەکدار لە جێی خۆی وەرسووڕا، سێهەم کەسی خوازیاری مەرگیش کەوتە سەر چیمەنەکە.

## ١٣

یەکێک لە بەردەستەکان بەبێ ئەوەی تاکە وشەیەک بڵێت لە ترێزا نزیک بۆوە. ئەو پەڕۆیەکی شینی تۆخی بە دەستەوە بوو.
ترێزا زانی بە تەمایە چاوی ببەستێ. سەری لەقاند و گوتی:
«نا، حەز دەکەم هەموو شتێک ببینم.»
بەڵام تەنیا لەبەر ئەوە نەبوو کە نەیدەویست چاوی ببەستن. ئەو لەو پاڵەوانانە

نەدەچوو کە بە غیرەت و نەترسییەوە چاویان لە دەستەی لە سێدارەدان کردنیان دەبڕن. ئەو تەنیا دەیویست تۆزێکی تریش مردنەکەی خۆی دوا بخات. بە خۆی دەگوت هەر کاتێک چاوی ببەستن، ئیتر هیوای گەڕانەوەی نامێنێ و دەکەوێتە بەردەمی مردن.

بەردەستەکە نەیویست ناچاری بکات و باسکی گرت. ئەوان بەسەر چیمەنەکەدا دەڕۆیشتن و ترێزا نەیدەتوانی دارێک هەڵبژێرێت. کەس ناچاری نەدەکرد پەلە بکات، بەڵام دەیزانی بەهەر حاڵێک بێت، ناتوانێ خۆی رزگار بکات. ڕووبەڕووی خۆی دار بەڕوویەکی پڕ شکۆفەی بینی: چاوی لە تیشکی هەتاو بوو کە لە گەڵاکانەوە تێدەپەڕی، گوێی لە زەنا زەنای ئارام و خۆشی شاربوو کە لە دوورەوە دەهات. دەتگوت زایەڵەی دەنگی هەزاران ڤیالۆن بوو.

کابرا تفەنگەکەی بەرزکردەوە.

ترێزا ئیتر هەستی بە ئازایەتی نەدەکرد. لە بێ هێزی و بێ ورەیی خۆی شەرمەزار بوو، بەڵام خۆی پێ ڕانەگیرا و گوتی:

«نا، ئەمە خواستی من نییە.»

کابرا گورجێک لوولەی تفەنگەکەی هێنایە خوار و بەوپەڕی نەرمییەوە گوتی: «ئەگەر خواستی خۆت نییە، ئێمە ناتوانین کاری وا بکەین. نابێ کاری وا بکەین.»

تۆنی دەنگی دۆستانە بوو، دەتگوت داوای لێبوردنی لێ دەکات کە بێ خواستی خۆی ناتوانێت بیکوژێت. ئەو، لەم هەموو میهرەبانییەوە دڵی پڕ بوو. ڕوومەتی لە پێستی دارەکە نزیک خستەوە و بە دەنگی بەرز گریا.

## ١٤

لە قووڕە قووڕی گریانەکەی خۆی دەلەرزی و دارەکەی لە باوەش گرتبوو، دەیگوشی. دەتگوت لەبری ئەو دارە، باوکی کە دەمێک بوو مردبوو، باوەگەورەی کە هەرگیز نەی دیبوو، هەموو پێشینیانی لە باوەش گرتبوو. پیاوێکی پیر و زۆرهان لە قووڵایی زەمەنە دوورەکانەوە هاتبوو، تا لە ژێر دەمامکی پێستی ناسافی دارەکەوە، ڕوومەتی لێ بێنێتە پێش.

سەری وەرسووڕاند. ئەو سێ پیاوە هەروا زوو دوور کەوتبوونەوە، وەک یاریزانی گۆڵف بەسەر چیمەنەکەدا دەجووڵان. تفەنگی کابرای چەکدار بە ئاشکرا لە داری گۆڵف دەچوو. ترێزا لە ڕێچکەی کێوی بەردینەوە دەگەڕایەوە، لە قووڵایی ڕۆحی دا بیرەوەری خەمباریی پیاوێکی ڕادەگرت کە دەبوو بە تفەنگ تەقەی لێ بکردایە و نەیکرد. حەزی دەکرد لەگەڵ ئەو بێت. هەرچی بوو ئەو پێویستی بە کەسێک بوو کە یاریدەی بدات! تۆماس یارمەتی نادات، بەڵکو بەرەو مەرگی دەنێرێت. تەنیا پیاوێکی تر دەیتوانی یارمەتی بدات!

ترێزا هەرچی زیاتر لە شار نزیک دەبۆوە، زیاتر هەستی بە دڵتەنگی بۆ ئەو پیاوە دەکرد و زیاتریش لە تۆماس دەترسا. لەبەر ئەوەی کە بەڵێنەکەی خۆی نەبردۆتە سەر، تۆماس لێی خۆشنابێت. لەبەر ئەوە کە ئازا نەبووە و خیانەتی پێکردووە، نایبوورێت. ئێستا گەیشتبووە شەقامێک کەماڵیان لەوێ بوو، دەیزانی تا چەند ساتێکی تر دەیبینێت. ئەم بیرە تۆقاندی و هەستی بە سکئێشە کرد و هێڵنجی دەهات.

## ١٥

ئەندازیار بۆ ماڵی خۆی دەوەتی کرد. ترێزا دوو جار ملی نەدا، بەڵام ئەمجارە ملی دابوو.

بە پێی خووی خۆی بە پێوە لە چێشتخانە نانی نیوەڕۆی خوارد، لە ماڵ چووە دەر. نزیکەی کاتژمێر دوو بوو.

لەو گەڕەکە نزیک بۆوە کە ماڵی ئەندازیاری لێبوو. هەستی دەکرد ئەژنۆی، بەبێ خواستی خۆی، هەر لە خۆوە، هەنگاوەکانی شل دەکات.

پاشان بیری کردەوە لە ڕاستیدا ئەوە تۆماسە کە خەریکە بۆ ماڵی ئەو پیاوەی دەنێرێت. ئایا ئەوە تۆماس نەبوو کە بە دوور و درێژی پێی دەسەلماند کە هیچ شتێکی هاوبەش لە نێوان عەشق و سێکس دا نییە؟ ئەو خەریک بوو دەچوو تا تیۆرییەکانی تۆماس ئیسپات بکات. پێی وابوو گوێی لە دەنگییەتی کە دەڵێ: «دەزانم چیت دەوێ. هەموو شتێکم بڕاندۆتەوە. تا دواجار دەچیت، خۆت لە هەموو شتێک دەگەیت.»

ترێزا دەیویست هەر بۆ چەند خوولەکێک لە ماڵی ئەندازیار بمێنێتەوەو پیاڵەیەک قاوە بخواتەوە، هەست بەوە بکات کە چوون تا سەر سنووری بێوەفایی چۆنە.

دەیویست لەشی تا لێواری ئەم سنوورە ڕابکێشێت، لەوێ بۆ ساتێک ـ وەها کە شتێک بخاتە بەرچاو و نەزەری کەسانی تر ـ وێڵی بکات. پاشان کاتێک ئەندازیار هەوڵ دەدا لە باوەشی بگرێت، هەروا کە لە سەر کێوی بەردین بە کابرای چەکداری گوتبوو، بە ئەویش بڵێ: «نا، نا! ئەمە خواستی من نییە.»

ئەوسا ئەویش لوولەی تفەنگەکەی دێنێتە خوار و بە هێوری پێی دەڵێ: «ئەگەر خواستی تۆ نییە، ناتوانین کاری وا بکەین. نابێ کاری وا بکەین.»

ئەوسا دیسان بەرەو دارەکە دەگەڕێتەوە و دەگری.

## ١٦

بینای ماڵی ئەندازیار کە سەرەتای سەدە ساز کرابوو، لە گەڕەکێکی کرێکاری دەوروبەری شاربوو. ترێزا خۆی بە دالانێکدا کرد کە دیوارەکانی پیس و گەچاوی بوو. بە پلیکانە کۆنە بەردییەکەیدا، کە نەردەی ئاسنی بوو، بەرەو نهۆمی یەکەم هەڵگەڕا. بەرەو لای چەپ وەرسووڕا و لەبەر دەرکەی دووهەم، کە نە تابلۆ و نە زەنگی هەبوو، ڕاوەستا و لە دەرکەکەی دا.

ئەو، دەرکەی کردەوە.

ماڵەکە تەنیا ژوورێک بوو. دوو مەتر لەولای دەرکەکە، پەردەیەک ژوورەکەی کردبوو بە دوو بەش. بەشی پێشەوە لە دالان دەچوو. لەوێ مێزێک و تۆیستەرێکی کارەبایی و سەلاجەیەکی لێبوو. کە بەرەو پێشتر چوو، چاوی بە پەنجەرەیەک کەوت کە لە شێوەی لاکێشەی ستوونی، لەلای خوارووی ژوورێکی تەنگەبەر و درێژ بوو. لایەکی ژوورەکە کتێبخانە و لە لایەکەی تریش قەرەوێڵە و مۆبیلێک دانرابوو.

ئەندازیار گوتی:

«ماڵەکەی من زۆر سادەیە. هیوادارم ناڕەحەت نەبیت.»
ترێزا لە کاتێکدا چاوی بە گۆشەی کتێبەکان بە دیوارەکەوە بڕیبوو، گوتی:
«نا، بە هیچ شێوەیەک...»
ئەم کابرایە مێزێکی بەکەڵک هاتووی نەبوو، بەڵام سەدان کتێب لە کتێبخانەکەی دا هەبوو. ئەمە ترێزای خۆشحاڵکرد. وردە وردە ئەو دڵەکوتەیەی نەما کە لە کاتی هاتنییەوە هەستی پێکردبوو. ئەو لە منداڵییەوە نیشانەی برایەتییەکی دەروونی و جەوهەری لە کتێبدا دەبینی. کەسێک کە کتێبخانەیەکی ئاوای ببێت ناتوانێت ئازاری بدات. ئەو لە ترێزای پرسی:
«چیت پێ خۆشە، پێکێک شەراب؟»
نا، نا، حەزی لە خواردنەوە نەبوو. قاوەی لە هەموو شتێکی پێ باشتر بوو.
کابرا لە پشت پەردەکە ون بوو، ترێزاش بەرەو کتێبخانەکە چوو. کتێبێک سەرنجی ڕاکێشا: وەرگێڕانی «ئۆدیپ»ی سۆفۆکل بوو. دۆزینەوەی ئەم کتێبە لای ئەم پیاوە نەناسیاوە، مایەی سەرسووڕمان بوو. ساڵانێک لەوەوبەر تۆماس ئەم کتێبەی پێشکەش کردبوو، داوای لێکردبوو بە وردی بیخوێنێتەوە. خۆشی بە دوور و درێژی لە بارەیەوە بۆی دوابوو. ئەو پاشان بۆچوونەکانی خۆی لە ڕۆژنامەیەکدا بڵاوکردبۆوە. بە دوای ئەو وتارەدا ژیانیان ژێرە و ژوور ببوو. ترێزا سەیری بەرگی کتێبەکەی دەکرد و هەستی بە ئاسوودەیی دەکرد. دەتگوت تۆماس بە ئەنقەست شوێن پێی خۆی لێرە دانابوو، تا پێی بڵێت بۆخۆی هەموو ئەم شتانەی ڕێکخستووە. کتێبەکەی هەڵگرت و کردییەوە. بەخۆی گوت، کاتێک کابرای کەتە بگەڕێتەوە لێی دەپرسێ بۆ ئەو کتێبەی کڕیوە؟ خوێندوویەتییەوە یان نا؟ بەگشتی لەبارەیەوە چۆن بیر دەکاتەوە؟
بەو شێوەیە ئەو دەتوانێت بە وتووێژێکی زیرەکانە لە وڵاتی پڕ مەترسی ماڵی ئەو کابرا نەناسیاوەوە، بەرەو دنیای ئاشنای بیر و بۆچوونەکانی تۆماس بچێت.
پاشان هەستی بە دەستێک لەسەر شانی خۆی کرد. کابرا کتێبەکەی لێ وەرگرت و بێ ئەوەی هیچ بڵێ لە کتێبخانەکە داینایەوە.
دیسان ئەو وشانەی وەبیر خۆی هێنایەوە کە بە کابرای جەللادی گوتبوو. بە

دەنگی بەرز گوتی:
«بەڵام ئەمە هەڵبژاردەی من نییە!»
پێی وابوو ئەمە فرمولێکی سەیر و سەمەرەیە کە زوو دۆخەکە دەگۆڕێت. بەڵام لەو ژوورەدا ئەم وشانە دەسەڵاتی سیحراوی خۆیان لە دەست دابوو. تەنانەت من هەست دەکەم، یارمەتی کابراشیان بدایە کە لەو دۆخە ڕزگاری بێت.
کابرای کەتە ترێزای بە خۆیەوە گووشی و دەستی بۆ سنگ و مەمکی برد. زۆر سەیر بوو کە ئەم دەست بۆ بردنە دڵە ڕاوکێکەی ترێزای نەهێشت. چونکە دەستی کابرا بۆ لەشی چووبوو، پێی وابوو لەشی، نەوەک ڕۆحی، تەنیا لەشی گیرۆدە بووە. ئەو لەشە کە خیانەتی پێ کردبوو، بۆ جیهانی لەشەکانی تری ناردبوو.

## ١٧

ئەندازیار بە کردنەوەی یەکەم دوگمەی بلووزەکەی ویستی بزانێت ترێزا پێی خۆشە یان نا. ترێزا پێی خۆش نەبوو. ئەو لەشی بۆ دەرەوەی ئەم جیهانە ناردبوو، هەموو بەرپرسایەتییەکی لە کۆڵ خۆی داماڵیبوو. ئەو، نە پێی خۆشبوو، نە بەری پێگرت. بەم شێوەیە ڕۆحی ڕایدەگەیاند کە بەلایەوە گرنگ نییە چی ڕوودەدات، دەیویست بێلایەنی خۆی ڕابگەیەنێت.
کابرا کاتێک ترێزای ڕووت دەکردەوە، تریزا نەدەجووڵا. بە بێ جووڵە ملی بە ڕووت کردنەوە دەدا. هەروەها کاتێک ماچیشی دەکرد، لێوی نەیتوانی بەر بە کاردانەوەی بگرێت. لەپڕ هەستی بە تەڕاییەک لە مابەینی ڕانەکانی دا کرد و ترسا.
ئەو هەڵچوونە کە ترێزا هەستی پێکرد زۆر گەورە بوو، چونکە بەپێچەوانەی خواستی خۆی بوو. بە گوتەیەکی تر، ڕۆحی، ئەگەرچی بە شاراوەیی، لەگەڵ ئەم هەڵچوون و خرۆشانە نەبوو. ئەو دەیزانی ئەگەر ئەم هەڵچوون و خرۆشانەی بەردەوام بێت، ڕۆحی دەبێ خامۆش بێت. لەو کاتەدا ڕۆحی بە دەنگی بەرز دەیگوت بەڵێ. هەوڵی دەدا دەورێکی چالاکانە تر لەو جووت بوونەدا بگێڕێت. ئێستا ئیتر خرۆشانەکەی نیشتبۆوە، کەواتە ئەوەی کە ڕۆحی دەورووژاند ئەوە

بوو که لەشی بەپێچەوانەی خواستی دەجووڵا: لەشی خیانەتی بە خۆی دەکرد و ڕۆحیشی سەیری دەکرد.
ئەندازیار دەرپێکەی ترێزای داکەند و تەواو ڕووتی کردەوە. کاتێک ڕۆحی، لەشی ڕووتی لە باوەشی پیاوێکی نەناسیاو دا بینی، ئەم دیمەنە ئەوەندە سەیر و باوەڕ پێنەکراو بوو، کە پێی وابوو لەوانەیە لە هەسارەی مەریخیشەوە ببینرێت. ڕۆحی بۆ یەکەمجار، لەبەر ڕۆشنایی ئەم نا باوەڕییەدا، لەشی وەک شتێکی هیچ و پووچ بینی. بۆ یەکەمجار لەشی بە دڵڕفێنی بینی. وەک شتێکی بێ وێنە و تاقانە هاتە پێش چاوی.
ئەمە ئاسایی ترین لەشێک نەبوو کە ڕۆح تا ئەو کاتە بینیبووی، غەریبترین و سەیرترین لەش بوو. ڕۆح نەیدەتوانی بەر بەو فرمێسکە بگرێت کە لە نیشانی لەدایکبوونی لەش و پەڵەی قاوەیی ئەملاو ئەولای سێ گۆشەیەکی پڕ مووەوە دەهاتە دەر. سەیری ئەو نیشانەیەی دەکرد کە مۆر کرابوو. مۆرێکی غەریب بەسەر لەشییەوە بوو، ئێستاش چووکێکی غەریب کە کافرانە لە نزیکییەوە دەجووڵایەوە.
ترێزا بە وردبوونەوە لە ڕوخساری ئەندازیار، لەوە تێگەیشت هەرگیز ڕێگە بە لەشی خۆی نادات کە ڕۆحی، بۆ چێژی جووتبوون لەگەڵ کەسێک کە نە دەیناسێ و نە بەتەمای ناسینێتی، ئەو نیشانەیە بەجێ بهێڵێت. ترێزا پڕ بوو لە نەفرەتێکی سەرخۆشانە. تفی لەو ڕوخسارە نەناسیاوە دەکرد کە شەهوەتی لێدەباری.
ئەندازیاریش بە ئیشتیایەکی زۆرەوە سەیری دەکرد. ترێزا هەستی کرد ڕەحەت بوون لە دوورەوە خەریکە دێت. نەڕاندی: نا، نا، نا. بەڵام ئەو نەیهێشت دەربچێت. ئەو خرۆشە خۆشە بۆ ماوەیەکی زیاتر لە لەشی دا مایەوە، وەک گلۆڵەیەک مۆڕفین لە دەمارەکانی سەررێژ بوو.
ترێزا لە باوەشی دا دەلەرزی، مستی لە حەوادا دەجووڵاند و تفی لە ڕوومەتی دەکرد.

١٨

ئاودەستی حەمامە تازەکان، وەک نیلووفەری ئاوی سپی، لە عەرزەوە هەڵدەقوڵێت.
بیناساز چی لە دەست بێت دەیکات تا لەش کەمی و ناچیزەیی خۆی فەرامۆش بکات، کاتێک ئاوی تەنگەرەکە وشک دەبێت، مرۆڤ چاو لە تیاچوونی ورگ و ڕیخۆڵەی بپۆشێت. تەنانەت ئەگەر لوولەی زێرابەکانیش بە حەساسییەتەوە سەر بە ماڵەکانمان دا بکەن، لەبەر چاومان ون دەبن و ئێمەش زۆر خۆشحاڵین کە لە«ڤێنیز»ی پیسایی شاراوەی ژێر حەمامەکان، ژووری خەوتنەکان، هۆڵی سەما و تەنانەت پارلەمانەکانیش غافڵین.
حەمامی ماڵی هەژارانی دەور وبەری شاری پڕاگ کەمترو فێڵبازانەیە: ناوکەفەکەی بەخشتی مۆر داپۆشراوە و ئاودەستەکەشی بە دانیشتنانەوە سوک و پیسە. ئەمە لە نیلووفەری ئاوی سپی ناچێت، بەڵکو لە ڕاستی دا لە ئاودەست دەچێت. کوونێکی گەورە لە کۆتایی لوولەی زێرابێک. چونکە تەنانەت کورسیی چێویشی نەبوو، ترێزا ناچار بوو سمتی بخاتە سەر لێوارە ساردەکەی.
ترێزا لەسەر ئاودەست دانیشتبوو، مەیلی کوتوپڕی بۆ بەتاڵکردنەوەی ورگی، تەمەنایەک بوو بۆ ئەوپەڕی هەستکردن بە سووکی و تڕۆیی. بۆ بوون بە لەش و جەستە. بۆ بوون بە جەستەیەک کە دایکی دەیگوت بەکەڵکی هیچ نایەت جگە لە خواردن و ڕییان. ئەو بەدەم خۆ خاڵیکردنەوە بەسەر خەم و تەنیایی بێ برانەوەی خۆیدا زاڵ دەبوو. چی لەوە کلۆڵانەترە کە لەشی ڕووتی لەسەر کوونی هەراوی کۆتایی لوولەی زێرابێک دابنیشێت؟ ئەمە پاشەکشەیەکی جیددی بەرەو لەش و جەستە بوو، بەرەو قووڵایی ورگ. چاوەڕوانییەکی نائومێدانە بۆ ئەوەی کەسێک پێی بڵێ لێرە بڕۆرە دەر.

١٩

ترێزا لەسەر ئاودەستەکە هەستا و خۆی خاوێن کردەوە. ئەوسا بەرەو ژوورەکە چوو. ڕۆح لە لەشی ڕووتی دا دەلەرزی. هێشتا هەستی بەو کاغەزە دەکرد کە

خۆی پێ خاوێن کردبۆوە.
لەپڕ شتێک ڕوویدا کە هەرگیز نەیدەتوانی لە بیر خۆی بباتەوە: هەستیکرد پێی خۆشە بچێت بۆلای ئەندازیار و گوێ لە قسەکانی بگرێت. ئەگەر ئەو بە دەنگی نەرم و کاریگەری بۆی بدوێت، ڕۆحی بە جورئەتەوە بەرەو پێستی هەڵدەکشێت، ئەوسا قوڵپی گریانی دەپژێت. ترێزا باسکی لە لەشی خۆی ئاڵاند. هەر بەو شێوەیە کە لە خەونیدا باوەشی بە داری شابەڕووەکەدا کردبوو، خۆی لە باوەشگرت.
کاتێک لە ژوورەکەی تر ڕاوەستا، هەوڵیدا بەر بە تەمەنای بەهێزی گریان لەلای ئەندازیار بگرێت. دەیزانی ئەگەر نەتوانێت بەر بە گریانەکەی بگرێت، تووشی ئەنجامێکی ماڵ وێران کەر دەبێت، لەگەڵ ئەو کابرایەدا دەکەوێتە گەمەی عەشقەوە.
ئەندازیار لە ژوورەکەی ترەوە بانگیکرد. دەنگی بەرز و نووزنی ئەندازیار تووشی سەرسووڕمانی کرد. بۆچی ئەو هەموو ماوەیە ئەو دەنگە بەرز و نووزنەی پشت گوێ خستبوو؟ ڕەنگە ئەو دەنگە ناخۆشە، ئەوی لە ئیشتیای دەستلەملانێ بپارێزایە. ترێزا ڕۆیشت. جلەکانی لەسەر زەویەکە هەڵگرت و ڕۆیشت!

٢٠

بەیانی ترێزا لەگەڵ کارنین کە کولێرە چەورەی بەدەمەوە بوو، لە شتکڕین دەگەڕایەوە. هەوا سارد و زەوی کەمێک بەستبووی. ئەو، لە پاڵ ئەو زەویانەوە تێدەپەڕی کە- لە شێوەی کەرتی گەورەی مابەینی ماڵەکان - باخچە و کشتوکاڵی بچووکیان لێ ساز کردبوو. کارنین کوتوپڕ ڕاوەستا و لە شوێنێک ڕشاما. ترێزاش چاوی لەو شوێنە بڕی، بەڵام شتێکی تایبەتی نەبینی. ڕێگەی بە کارنین دا تا ڕێنوێنی بکات. دواجار لەسەر گڵەسووری سەهۆڵ بەستووی زەوییەکی بایەر، سەری ڕەش و بچووکی قەلەڕەشێکی بینی. سەرە بچووکەکە بەبێ لەش، بە ئەهوەنی دەجووڵایەوە، جاروبار لە دەنووکی درێژیەوە دەنگێکی خەمبار و ئارام دەهاتە دەر.
کارنین ئەوەندە سەرسام ببوو کە وازی لە کولێرە چەورەکەی هێنا. ترێزا

ناچار بوو بە دارێکەوە بیبەستێتەوە تا ئازار بە قەلەڕەشەکە نەگەیەنێت. ئەوسا هەڵتروکا و هەوڵیدا زەوی قەراغ لەشی زیندە بەچاڵکراوی ئەو باڵندە هەڵکۆڵێت. کارێکی سادە نەبوو، نینۆکەکەی شکا و خوێنی لێهات.

لەو کاتەدا بەردێک لە پەنایدا کەوت. سەیری کرد دوو کوڕی نزیک دەساڵان لە پاڵ دیواری ماڵێک ڕاوەستا بوون. هەستا. منداڵەکان لەبەر جووڵەی خێرای خۆی و لە ترسی سەگە بەستراوەکەی هەڵاتن.

ئەو دیسان لەسەر زەویەکە دانیشتەوە، هەڵیکۆڵی. لە ئەنجامدا توانی قەلەڕەشەکە لە زەوی دەربهێنێت. بەڵام باڵندەکە ئیفلیج ببوو، نەیدەتوانی بەڕێدا بڕوات یان بفڕێت. ئەو بە ملپێچێکی سوور کە بە دەوری ملییەوە بوو، باڵندەکەی داپۆشی، بە دەستی چەپ بە لەشی خۆیەوە نووساند و شاردییەوە. ئەوسا بە دەستی ڕاستیشی کارنینی لە دارەکە کردەوە، بۆ ئەوەی لە لای خۆی ڕایبگرێ، ناچار بوو بە هەموو هێزی بەر بە ڕۆیشتنی بگرێت.

لەبەر ئەوەی هەر دوو دەستی گیرابوو، نەیدەتوانی کلیلەکە لە گیرفانی دەربهێنێت، زەنگی دەرکەی لێدا. تۆماس دەرکەی کردەوە. قەڵادەکەی کارنینی دایە دەستی و گوتی: «ئەمە بگرە.» ئەوسا باڵندەکەی برد بۆ حەمام و لەسەر زەوی، لە بن دەستشۆرەکە داینا. قەلەڕەشەکە باڵی دەکوتا، بەڵام نەیدەتوانی لە جێی خۆی بجووڵێ. بۆ ئەوەی هەست بە سەرمای سەنگفەڕشی حەمامەکە نەکات، بە پەڕۆی کۆن، لە بن دەستشۆرەکە جێیەکی بۆ ساز کرد. باڵندەکە بە نائومێدییەوە باڵە ئیفلیجەکەی دەجووڵاند، دەنوکیشی بە دۆخێکی سەرکۆنەکەرانەوە ڕوو لە ئاسمان بوو.

## ٢١

لە لای حەوزی حەمامەکە دانیشتبوو، نەیدەتوانی نیگای لەو قەلەڕەشە ئاویلکە هەڵبگرێت. ترێزا لە تەنیایی پڕ لە بەزەیی قەلەکەدا وێنەی ژیانی خۆی دەبینی و بەخۆی دەگوت: «لە دنیادا کەسم نییە، جگە لە تۆماس کەسیترم نییە.»

ئایا ڕووداوەکەی نێوان ئەو و ئەندازیار، بەڕاست ترێزای فێرکردبوو کە ئەم جۆرە ڕووداوانە پەیوەندییان بە عەشقەوە نییە؟ ئایا ئەم جۆرە ڕووداوانە

سووک و بێ بایەخن؟ ئایا ئێستا ئارامتر بوو؟

نا، ئارام نەبوو.

دیمەنێکی تایبەت لە زهنی نەدەسڕایەوە: لە دالآن، بەبێ جووڵە ڕاوەستابوو، ڕۆحیشی سەراسیمە لە ناخیدا دەلەرزی. لەو ساتەدا، ئەگەر ئەو پیاوە لە پشت پەردەی ناوەڕاستی ژوورەکەوە قسەی بۆ ڕۆحی بکردایە، ڕەنگە قوڵپ بگریایە، ڕەنگە خۆشی بوویستایە.

وای دادەنا کە یەکێک لە دۆستانی تۆماس لەبری ئەو لە دالآنەکە، لە بەرامبەر دەسشۆرەکە ڕاوەستاوە، تۆماسیش لەبری ئەو ئەندازیارە لە ژوورەکەدایە. ئەگەر ئەو تەنیا یەک وشەی بەو ژنە گەنجە بگوتایە ــ ئەرێ تاکە یەک وشە ــ سۆزی ئەو ژنە گەنجەی بە لای خۆیدا ڕادەکێشا.

ترێزا چاک دەزانێت کە ساتەوەختی دەرکەوتنی عەشق لە دیمەنێکی ئاوا دەچێت: ژن لە بەرامبەر دەنگێک کە بانگی ڕۆحی سەراسیمەی بکات، سەرسەخت نییە. پیاو لە بەرامبەر ژنێک کە ڕۆحی ئاگای لە دەنگییەتی، خۆڕاگر نابێ. تۆماس هەرگیز لە داوی عەشق ئەمین نییە. ترێزا دەبێ هەموو کاتژمێرو خوولەکێک نیگەرانی ببێت.

باشە ترێزا کامە چەکی هەیە؟ تاکە چەکی ئەو وەفادارییە. ئەو وەفادارییەی کە لە سەرەتاوە، لە یەکەم ڕۆژەوە پێشکەش بە تۆماسی کرد. ئەو دەیزانی هیچی تری نییە کە بیداتێ. عەشقی ئەوان بینایەکی سەیر و سەمەرەی ناهاوسەنگە، کە تەنیا لەسەر متمانەی ڕەها بە وەفای ترێزا، ڕاوەستاوە. وەک کۆشکێکی جوان کە لەسەر تاکە ستوونێک بینا کرابێت.

ئێستا ئیتر قەلەڕەشەکە باڵی نەدەکوتا و بەگران قاچە شکاوەکەی دەجووڵاند. ترێزا نەیدەویست بەجێی بهێڵێت. پێی وابوو بە ژوور سەری خوشکێکی بە گیانەڵاوە شەونخوونی دەکات. بۆ ئەوەی بە پەلە نیوەڕۆژە بکات چوو بۆ چێشتخانەکە.

کە گەڕایەوە قەلەڕەشەکە مردبوو.

## ٢٢

لە یەکەم ساڵی یەکتر ناسین و خۆشەویستییان، ترێزا لە کاتی تێکەڵبوون و دەستلەملانێ دا گریابوو. من پێم وایە ئەو گریانە بە مانای کەڕ و کوێربوونی هەستی بوو. ئەو کاتەش کە قیژەی گریانەکەی کەم ببۆوە، هێشتا ڕۆحی کوێری عەشق و خۆشەویستی بوو، هیچی نەدەبینی. دەستلەملانێ بەبێ عەشق و خۆشەویستی لەگەڵ ئەندازیار چاوی ڕۆحی کردبۆوە.

ترێزا کاتێک بۆ یەکەمجار لە سۆنا تۆماسی بینیبوو، چووبووە بەر ئاوێنەکە و سەیری خۆی کردبوو. ئێستا بەسەر دیمەنی دەستلەملانێکەی لەگەڵ ئەندازیار دەچووەوە. ئەمە عاشقەکەی نەبوو کە لە بیری بوو. ترێزا بیری دەکردەوە: ئەو شەیدا و عاشقی ئەندازیار نەبوو. نەیدەتوانی وەسفی بکات. تەنانەت سەرنجی بە ڕووتبوون یان ڕووت نەبوونیشی نەدابوو. ئەوەی کە لە بیری مابوو (ئەوەی ئێستا لە ئاوێنەکەدا دەیبینی و دەیژیاندەوە) لەشی خۆی بوو: پەڵەیەکی خڕی بازنەیی بە ژوور سێ گۆشەیەکەوە. پەڵەیەک کەتا ئەو کاتە وەک بەشێک لە پێستی بوو، ئێستا ببوو بەکەڵکەڵەی. ترێزا بە ناباوەڕییەوە هیواداربوو کە ئەو پەڵەیەی بە چووکێکی غەریبەوە بدیبایە.

ئێستا دەبێ من دیسان پێ لەسەر ئەوە دابگرم کە ترێزا حەزی لە بینینی چووکی پیاوێکی نەناسیاو نەبوو، بەڵکو دەیویست ئەندامە تایبەتییەکەی خۆی لە نزیکی ئەندامی ئەو پیاوە ببینێت. ئەو حەزی لە بینینی لەشی بەرامبەرەکەی نەبوو، حەزی لە بینینی لەشی ڕووت و بەرهەستی خۆی، هەڵچوون و خرۆشانێکی بێوێنە بوو.

ئەو کاتێک دڵۆپە ئاوی شتنی بە لەشی خۆیەوە دەبینی ، بیری بۆ ئەوە دەچوو کە ئەندازیاریش وەک دڵۆپێک ئاو بەسەر باڕەکەدا تکاوە. وای ئەو چەندە ئاواتەخوازی هاتنی بوو! چەندە چاوەڕوانی بینینەوەی بوو!

## ٢٣

هەموو ڕۆژێک نیگەران بوو کە ئەندازیار لەبەر پێشخانەکە دەرکەوێت و ئەو توانایەی نەبێت پێی بڵێ «نا». بەڵام وردە وردە کە ڕۆژان دەهاتن و دەچوون، لەبری ئەوەی لە بینینی بترسێت، لە ئیمکانی نەهاتنی نیگەران بوو.
مانگێک تێپەڕیبوو، ئەندازیار هەواڵی نەبوو. ترێزا لەو ڕەفتارەی نەدەگەیشت. لە حاڵێکدا پێی خۆش نەبوو بیبینێت، نیگەران بوو:
«بۆ نایەت؟»
خزمەتی مشتەری بارەکەی دەکرد. کابرای تاس دیسان هاتبۆوە. هەر ئەو پیاوە کە بوختانی مەشرووب فرۆشتن بە کەسانی کەمتر لە هەژدە ساڵی بۆ کردبوو. ئەو ئێستا بە دەنگی بەرز نوکتەیەکی پیس و قۆڕی دەگێڕایەوە. چیرۆکێک کە سەدان جار لە زمانی ئەو پیرانەی بیستبوو کە لە شاری خۆی شەرابی دابوونێ. ترێزا لە کاتێکدا هەستی دەکرد دنیای دایکی دیسان زۆری بۆ هێناوە، بە توندی قسەی بە کابرای تاس بڕی. کابراش بە نیگەرانیی و ڕەنجاوییەوە گوتی:
«تۆ ناتوانی فەرمان بە من بکەیت! خۆشحاڵ بە کە ئیجازەت پێ دەدەین لەم بارە کار بکەیت»
«تێنەگەیشتم، چیت گوت!؟ مەبەستت لە ئێمە کێیە؟»
کابرا گوتی:
«ئێمە...»
ئەو داوای ڤۆدگایەکی تری کرد و گوتی:
«لە بیرت نەچێ کە ناهێڵم کەس سوکایەتیم پێ بکات.»
کابرای تاس لە پڕێکدا ملوانکەکەی ترێزای نیشاندا، کە چەند ڕیز مرواری هەرزانی پێوە بوو، ئەوسا گوتی:
«ئەم مرواریانەت لە کوێ هێناوە؟ بێگومان مێردەکەت، کە دەرکە و پەنجەرە خاوێن دەکاتەوە، پێشکەشی نەکردووی. مێردەکەت هەرگیز ناتوانێ بە مووچەکەی مرواریت بۆ بکڕێت. ئایا مشتەرییەکان بە دیاری دەتدەنێ؟ ئەی تۆ

لە بری ئەوە چیان دەدەیتێ، ها؟»
«بێدەنگ بە... زارت بشۆ و بێدەنگ بە!»
بەڵام کابرای تاس هەوڵیدا ملوانکەکەی لێ بفڕێنێت:
«لە بیرت نەچێ کە سۆزانیگەری لە وڵاتی ئێمە قەدەغەیە!»
کارنین خەریک بوو شاڵاو بۆ کابرای تاس ببات. دەستی خستبووە سەر مێزەکە و دەوەڕی.

٢٤

باڵوێز گوتی:
«پۆلیس بووە.»
ترێزا گوتی:
«ئەگەر پۆلیس بێت، دەبێ وشیارانەتر بجووڵێتەوە. پۆلیسێکی نهێنی کە لەلای هەموو کەس خۆی ئاشکرا بکات بە کەڵکی چی دێت؟»
باڵوێز لەسەر کورسییە لاکێشە ڕەحەتییەکە دانیشت، بەو شێوەیە کە لە ڕاهێنانی یۆگا فێری ببوو، قاچی کۆکردەوە. جان ئێف کەنەدی لە قاپی وێنەکەی سەر دیوارەکە زەردەخەنەی دەکرد. دەتگوت قسەکانی بۆ دەسەلمێنێت
باڵوێز بە دۆخێکی باوکانەوە وەڵامی دایەوە:
«ترێزا خانم، پۆلیسەکان چەند ئەرکیان هەیە: یەکەمیان ئەو ئەرکە کۆنە کە گوێ لە قسەی خەڵک بگرن و ڕاپۆرت بدەن. ئەرکی دووهەمیان تۆقاندنە. ئەوان پێمان دەڵێن کە ئێمەیان خستۆتە ژێر ڕکێفی خۆیانەوە و داوامان لێدەکەن لێیان بترسین. ئەمە ئەو شتەیە کە کابرای تاس ویستوویەتی. ئەرکی سێهەمیشیان ئەوەیە هەلومەرجێک بڕەخسێنن کە بمانخاتە مەترسییەوە. ئێستا ئیتر تاوانبار کردنی ئێمە بە پیلانگێڕی دژ بە دەوڵەت بەکەڵکیان نایەت، چونکە بەو شێوە خەڵک سەرنجمان دەدەنێ و خۆشیان دەوێین. ئەوان پێیان باشترە کە لە بنکی گیرفانماندا حەشیشە بدۆزنەوە، یان پێمان بسەلمێنن کە دەستدرێژیمان بۆ کچێکی دوانزە ساڵان کردووە. دۆزینەوەی منداڵێک کە شایەتییان بۆ بدات کارێکی ئاسانە.»

ترێزا بیری ئەندازیارەکەی کەوتەوە . ئەو بۆ هەرگیز نەگەڕابۆوە!
باڵوێز درێژەی بە قسەکانی خۆی دەدا:
«ئەوان دەبێ خەڵک بخەنە داوەوە تا بتوانن وایان لێبکەن لە خزمەتیاندا بن، بۆ خستنەداوی خەڵکیتر سوودیان لێ وەربگرن. بەم شێوەیە بەتەمان نەتەوەکە بکەن بە ڕێکخراوێکی ئێجگار بەربڵاوی پۆلیس.»
تەنیا شتێک کە ترێزا بیری لێدەکردەوە، ئەوە بوو کە ئەندازیارەکە لە لایەن پۆلیسەوە نێردرابێت. لە زهنی خۆی بە ڕووداوی بارەکەدا دەچۆوە: بڵێی ئەو گەنجە سەیرە کە لە بارەکەی ئەوبەریان خواردبوویەوە و گەڕابۆوە تا پێی بڵێ خۆشیدەویت، کێ بووبێت؟؟، پۆلیس لەبەر ئەو گەنجە هێرشی بۆ برد، ئەندازیاریش لەم کەین و بەینەدا لە سەری هەڵقرا و کابرای کەچەڵی دەرکرد. کەواتە هەر سێکیان لە دیمەنێکی شانۆیی دا، کە پێشتر گەلاڵەی بۆ ڕژاوە، دەوریان بینی بوو. دوو کەسی یەکەم دەبوو سەرنجی ئەو بۆ لای کەسی سێهەم ڕابکێشن کە ئەرکی فریودانی ئەوی لە ئەستۆ بوو.
بۆ تا ئێستا بیری لەمە نەکردبۆوە؟ ئەو ماڵە سەیرە لە ماڵی ئەندازیارێک نەدەچوو. چۆن دەکرا ئەندازیارێکی تەڕپۆش لە ماڵێکی ئاوادا بژی؟ ئایا بە ڕاست ئەندازیار بوو؟ ئەی کەواتە چۆن توانیبووی کاتژمێر دووی دوا نیوەڕۆ لەسەر کارەکەی نەبێت؟ چۆن دەکرا ئەندازیارێک سۆفۆکل بخوێنێتەوە؟ نا، ئەو کتێبخانەیە هی ئەندازیارێک نەبوو! ڕەنگە ئەو ژوورە شوێنی ژیانی ڕۆشنبیرێکی هەژار بووبێت کە ئێستا لە زیندان دایە . بیری کەوتەوە کاتێک دە ساڵی تەمەن بوو، باوکیان گرتبوو، دەستیان بەسەر ماڵ و کتێبخانەکەیدا گرتبوو. کێ دەزانێ دوایی ماڵەکەیان چی لێکردووە؟
ئێستا بە ڕوونی دەیزانی ئەو کابرایە بۆ نەگەڕاوەتەوە بۆ بارەکە . ئەو ئەرکی خۆی ئەنجام دابوو. کامە ئەرک؟ کاتێک پۆلیسە کەچەڵەکە لە گەمژەیی خۆیەوە گوتبووی: «لە بیرت نەچێ سۆزانیگەری لە وڵاتی ئێمە قەدەغەیە!» لەڕاستیدا جۆری ئەرکەکەی لە قاو دابوو. ئەم ئەندازیارە وەهمییە شایەتی دەدا کە ترێزا چووە بۆ ماڵەکەی و داوای پارەی لێکردووە! هەڕەشەی لێدەکات کە حەیای دەبا، داوای لێدەکات ناوی ئەو کەسانەیان پێبڵێت کە دێن بۆ بارەکە

و سەرخۆش دەبن.
باڵوێز هەوڵی دەدا ئارامی بکاتەوە:
«ئەو ڕووداوە خراپەی کە بە سەرت هاتووە، بەلای منەوە مەترسیدار نییە.»
«ڕەنگە وابێت.»
پاشان لەگەڵ کارنین لە ئوتێلەکە چووەدەر و خۆی بە شەقامە تاریکەکانی پڕاگدا کرد.

٢٥

ئێمە زۆرجار بۆ لەبیرکردنی خەم و ئازارەکانمان پەنا بۆ داهاتوو دەبەین. لە پانتایی زەمەن، هێڵێک وێنا دەکەین کە لەوپەڕی هێڵەکە ئازارەکانمان کۆتایی دێت. بەڵام ترێزا ئەم هێڵەی بەرەو ڕووی خۆی نەدەبینی، تەنیا بە بیرکردنەوە لە ڕابردوو دەیتوانی دڵخۆشی خۆی بداتەوە. جارێکی تریش یەکشەممە بوو، ئەوان سوار ئۆتۆمۆبێلەکە بوون تا لە پڕاگ دوور بکەونەوە.
تۆماس ئۆتۆمۆبێلەکەی لێدەخوڕی و ترێزا لە پاڵی داو کارنینیش لەسەر کورسییەکەی دواوە دانیشتبوو. کارنین جارجار بۆ ئەوەی گوێیان بلێسێتەوە، سەری لێ دەبردنە پێش. پاش دوو کاتژمێر چوون بۆ شارێکی بچووک کە کانزای ئاوی هەبوو. ئەوان پێنج یان شەش ساڵ لەوەو بەر چەند ڕۆژێک لەو شارە مابوونەوە، دەیانویست شەو لەوێ بمێننەوە. لە مەیدانی شار ئۆتۆمۆبێلەکەیان ڕاگرت و دابەزین. هیچ شتێک نەگۆڕابوو. ئوتێلێک کە ئەو ساڵە لێی مابوونەوە، لە بەرامبەریان دا، دارێکی پیری زیرفۆنیش لەبەر دەرکەکەیدا بوو. لە لای چەپی ئوتێلەکە هەندێک ژووری چێوی کۆنی لێبوو، لەوسەریشی ئاوی کانییەک دەڕژایە ناو حەوزێکی بچووکی مەڕمەڕەوە. خەڵک وەک ڕابردوو، لە کاتێکدا پەرداخیان بەدەستەوە بوو، بەسەر حەوزەکە دا دەنەوینەوە.
تۆماس ئوتێلەکەی نیشان دان. هەندێک شتی گۆڕابوو. جاران ناوی «گراند ئوتێل» بوو، بەڵام ئێستا لەسەر تابلۆکەی نووسرابوو «بایکال». سەیری لەوحەی سووچی بیناکەیان کرد، لێی نووسرابوو «مەیدانی مسکۆ». پاشان دەوری هەموو ئەو شەقامانەیان دایەوە کە دەیانزانی، ناوی یەکە یەکەیان

خوێندەوە (کارنین بە تەنیا و بەبێ قەڵادە شوێنیان کەوتبوو). ناوی هەموو شەقامەکان ڕووسی بوو. شەقامی لێنینگراد، شەقامی ڕستۆف، شەقامی نووسیبیرێسک، شەقامی کییەف، شەقامی ئۆدسا، پیتەر چایکۆفسکی، ئیسراحەتگەی تۆلستۆی، ئیسراحەتگەی ڕیمسکی کورساکۆف، ئوتیل سورۆف، سینەمای گۆرکەی و قاوەخانەی پووشکین. هەموو ناوەکان ڕووسی بوون و پەیوەندییان بە مێژووی ڕووسییەوە هەبوو.

ترێزا بیری یەکەم ڕۆژانی شاڵاوەکەی کەوتبۆوە. خەڵک تابلۆی هەموو شەقامەکانیان دادەگرت و تابلۆکانیان هەڵدەکەند. لە ماوەی تاکە شەوێکدا، یەک تابلۆش لە بوهێمدا نەمایەوە. سوپای ڕووس حەوت ڕۆژی تەواو لە وڵاتدا سەرگەردان بوو، نەیدەزانی بەرەو کوێ دەچێت. ئەفسەرە ڕووسەکان لە شوێنی بینای ڕادیۆ و تەلەفزیۆن و ڕۆژنامەکان دەگەڕان، بەڵام نەیان دەبینییەوە. لە خەڵکیان دەپرسی، بەڵام ئەوانیش شانیان بۆ هەڵدەتەکاندن، یان ناونیشانی هەڵەیان پێدەدان.

پاش تێپەڕبوونی چەند ساڵ، پێدەچێ ئەم هەلومەرجی گومناوییە بۆ وڵات، بێ مەترسی نەبووبێت. هیچ کام لە شەقام و ماڵەکان ناوەکانی خۆیان وەرنەگرتەوە. شوێنی ئیسراحەتگەی ئاوی گەرمی بوهێم، لە ماوەی شەو و ڕۆژێک دا ببوو بە ڕووسییەکی وەهمی. ترێزا دەیبینی ئەو ڕابردووەیان لێ زەوتکراوە کە هاتبوون بیبیننەوە. نەیاندەتوانی شەو لەوێ بمێننەوە.

## ٢٦

بە بێدەنگی بەرەو ئۆتۆمۆبێلەکە دەچوون. ترێزا بیری لەوە دەکردەوە کە چۆن هەموو شتێک گۆڕاوە: شاری کۆنی بوهێم بە ناوی ڕووسیی داپۆشرا بوون، خەڵکی بوهێم لە کاتێکدا ئازایانە ڕوێنەی شاڵاوەکەیان دەگرت، لە ڕاستیدا خزمەتیان بە ڕێکخراوی نەهێنی سوپای ڕووس دەکرد. ئەو پیاوە کە ئەوی بەرەو مەرگ دەنارد، دەمامکێکی تۆماسی بە ڕوومەتەوە بوو. کابرای پۆلیس بە ئەندازیار خۆی دەناساند، ئەندازیاریش دەیویست دەوری کابرای کێوی بەردین بگێڕێت. ئەو کتێبەش کە لە ژووری ئەندازیار بوو، نیشانەیەکی درۆزنانە بۆ

فریودانی ئەو بوو.

ئەو، لە کاتێکدا بیری لەو کتێبە دەکردەوە کە لە ماڵی ئەندازیار بە دەستییەوە گرتبوو، لەپڕ بیرێک بە مێشکی دا هات و ڕوومەتی سوور هەڵگەڕا. چۆن شتی وا دەبوو؟ ئەندازیار گوتبووی دەچێت قاوەی بۆ ئامادە دەکات. بەڵام دوای ئەوەی کە گەڕابۆوە، قاوەی پێ نەبوو!

ئەو لە هەموو بارێکەوە هەلومەرجەکەی هەڵدەسەنگاند: ئەو کاتە کە بە بیانووی سازکردنی قاوە چووبوو، چەندەی خایاندبوو؟ بێگومان لانیکەم یەک یان دوو چرکە، ڕەنگە سێ چرکەش. ئەو لەم ماوە دوور و درێژە، لەو داڵانە بچووکە دا چی کردبوو؟ چووبوو بۆ ئاودەست؟ ئایا دەنگی ڕاکێشانی سیفۆنەکەی بیستبوو؟ هەوڵی دەدا وەبیری خۆی بێنێتەوە. نا، بێگومان گوێی لە دەنگی ئاو نەببوو، چونکە ئەگەر گوێی لێ بووایە لە بیری دەمایەوە، تا ڕادەیەک دڵنیا بوو کە تەنانەت دەنگی لێکدرانی دەرکەکەشی نەبیستبوو. کەواتە ئەندازیار لەو داڵانە چی کردبوو؟

لە نەکاو بابەتەکەی لێ ڕوون بۆوە. شایەتی دانی ئەندازیار بۆ خستنە داوی ئەو بەس نەبوو. ئەوان پێویستیان بە بەڵگەیەکی حاشا هەڵنەگربوو. لە ماوەی ئەو ونبوونە دوور و درێژەدا (ئەوەندە دوور و درێژ کە جێگەی گومان بێت) کامێرایەکی لە داڵانەکە دا دانابوو. یان ڕەنگە کەسێکی بە کامێراوە هێنابێتە ژوور، ئەو کەسەش لە پشت پەردەکە خۆی شاردبێتەوەو وێنەی گرتبێت.

چەند هەفتەیەک لەوەوبەر گاڵتەی بە پرۆشازکا کردبوو، چونکە نەیزانیبوو کە لە کەمپی کاری زۆرەملێ ـ کە ژیانی تاکە کەسی و تایبەتی تیا نییە ـ دەژی. ئەی کەواتە ئێستا لە بارەی خۆیەوە دەیتوانی چی بڵێ؟ ئەو کاتێک ماڵی دایکی بەجێهێشتبوو، بە دڵسافییەوە پێی وابوو بۆ هەمیشە دەبێتە خاوەنی ژیانی تاکە کەسی و تایبەتی خۆی. بەڵام ئێستا ماڵی دایکی بە هەموو دنیادا بڵاو ببۆوە، لە هەموو شوێنێک ئەوی لەخۆ دەگرت. ترێزا لە هیچ کوێ نەیدەتوانی لەبەری هەڵبێت.

بۆ ئەوەی بگەنە ئەو مەیدانەی کە ئۆتۆمۆبێلەکەیان لێ ڕاگرتبوو، بە پلیکانەی ناو باخەکەدا داگەڕان.

تۆماس پرسی:
«بۆ نیگەرانیت؟»
بەرلەوەی کە ئەو دەرفەتی وەڵام دانەوەی ببێ، کەسێک سڵاوی لە تۆماس کرد.

٢٧

پیاوێکی پەنجا ساڵە ـ کە پێستی ڕوومەتی لەبەر بادا قەڵیشابوو، وشک و زبر ببوو ـ بەرامبەریان ڕاوەستابوو. تۆماس ماوەیەک لەوەوبەر نەشتەرگەری بۆ ئەو کابرا لادێییە کردبوو. لەو دەمەوە تا ئێستا، هەموو ساڵێک ئەو پیاوەیان بۆ چارەسەر دەنارده ئەم ئیسراحەتگەی ئاوی کانزاییە. ئەو تۆماس و ترێزای بۆ خواردنەوە دەوەت کرد. لەبەر ئەوەی ڕێگەی سەگیان بۆ شوێنە گشتییەکان نەدەدا، ترێزا چوو کارنین بخاتە ناو ئۆتۆمۆبێلەکە، پیاوەکانیش لە کافتریایەک چاوەڕوانیان دەکرد. کاتێک گەڕایەوە کابرای لادێیی خەریکبوو دەیگوت:
«دێیەکەی ئێمە ئارام و دڵ کراوەیە. من، دوو ساڵە بووم بە سەرۆکی کارگەی هەرەوەزی.»
تۆماس گوتی:
« پیرۆزباییت لێدەکەم.»
«ڕەنگە بزانن کە ئەوێ دەشت و سارایە. هەموو خەریکن لەوێ دەڕۆن. ئەگەر کەسێک بمێنێتەوە پیاوانی حکوومەتیش خۆشحاڵ دەبن.»
ترێزا گوتی:
«ئەوێ بۆ ئێمە زۆر باشە.»
«خانمەکەم، لێی بێتاقەت دەبن. لەوێ هیچ کارێکی لێ نییە، بەڕاست هیچ کارێک.»
ترێزا سەیری ڕوومەتی قەڵیشاوی ئەو کابرا لادێییەی دەکرد و سەرنجی ڕاکێشرابوو. دەمێک بوو کەسێکی سەرنج ڕاکێشی نەدیبوو! دیمەنێکی ئەو دێیەی هاتە پێش چاو: دێیەک و زەنگۆڵەی کڵێسایەک، مەزرا، دارستان، کەروێشکێک کە بە دەشتێک دا هەڵدێت، پاسەوانێکی دارستان کە کڵاو نمەدێکی سەوزی لەسەردایە و... ئەو هەرگیز لە لادێ نەژیابوو. ئەم دیمەنەی لەسەر

ئەساسی ئەوەی بیستبووی و خوێندبوویەوەو وێنای دەکرد. یان ڕەنگە باپیرانی دیمەنی لادێیان لە بەشی نا وشیاری زهنی دا تۆمار کردبوو. بەهەرحاڵ ئەو وێنە زهنیەی دێیەکە ـ وەک وێنەی کۆنی باپیرەی دایەگەورەی لە ئەلبوومی بنەماڵەدا ـ ڕوون و ئاشکرا بوو.

تۆماس لەو کابرا لادێییەی پرسی:

«ئێستاش ئازارت هەیە؟»

ئەو لە پشت ملییەوە، لەو شوێنەی کە مێشک بە فەقەراتییەوە دەلکێ، خاڵێکی نیشان دا و گوتی:

«هەندێک جار ئالێرەدا هەست بە ئازار دەکەم.»

تۆماس بێ ئەوەی لە جێی خۆی ببزوێت دەستی لەو شوێنە هەڵسوو کە کابرا نیشانی دابوو، دیسان پرسیاری لە کۆنە نەخۆشییەکەی کرد و پاشان گوتی:

«من ئیتر ناتوانم دەرمان بۆ نەخۆشەکانم بنووسم. بەڵام لە گەڕانەوەدا، بە پزیشکەکەت بڵێ قسەت لە گەڵ من کردووە، من پێم گوتووی ئەم دەرمانانە وەربگریت.»

ئەوسا گورجێک دەفتەرێکی بچووکی لە گیرفانی خۆی دەرهێنا و پەڕەیەکی لێ کردەوە، بە پیتی گەورە ناوی دەرمانەکانی بۆ نووسی.

## ٢٨

بەرەو پڕاگ دەگەڕانەوە.

ترێزا بیری لە وێنەیەک دەکردەوە کە ئەوی لە ژووری ئەندازیارەکە نیشان دەدا. هەوڵی دەدا خەیاڵی خۆی ئاسوودە بکات: ئەگەر بەڕاست ئەم وێنەیەش ببێ، تۆماس هەرگیز نایبینێت. تەنیا سوودی ئەم وێنەیە بۆ ئەو جۆرە کەسانە هەڕەشە کردن لە ترێزایە کە گوایە دەینوێنن. بەڵام هەر کە بۆ تۆماسی بنێرن ئیتر سوودێکی بۆ ئەوان نامێنێت.

ئەی ئەگەر پیاوانی پۆلیس بڕیار بدەن ئیتر کاریان بە ترێزا نەبێت؟ لەم حاڵەدا وێنەکە ئیتر بەکەڵکیان نایەت و هەر کەس بیەوێت دەتوانێ بۆ گاڵتەش بوو بێت، لە پاکەتێکی دەکات و بۆ تۆماسی دەنێرێت.

بەڕاست چی ڕووی دەدا ئەگەر تۆماس وێنەیەکی وەهای بدیبایە؟
لە ماڵ دەری دەکرد؟ ڕەنگە نا. نا، بێگومان کاری وای نەدەکرد. بەڵام بینای ناسەقامگیری عەشقەکەیان بە جارێک دەڕما. چونکە ئەو بینایە تەنیا لەسەر ستوونی بەوەفایی ئەو دامەزرابوو، عەشقیش لە ئیمپراتۆرییەک دەچێت: ئەگەر ئەو فکرە کە عەشق لەسەر بونیادی ئەو هاتۆتە ئاراوە لە بەین بچێت، خودی عەشقەکەش نامێنێت.

دیمەنێک لەبەر چاویدا بوو: کەروێشکێک کە لە دەشتێکدا هەڵدێ، پاسەوانێکی دارستان کە کڵاوی نمەدی سەوزی بەسەرەوەیە، زەنگۆڵەیەکی کڵێسا کە بە بەرزایی دارستانێکەوەیە.

پێی خۆشبوو بە تۆماس بڵێ دەبێ پراگ بەجێبهێڵن. لەو منداڵانە دوور بکەونەوە کە قەلەڕەشەکان زیندەبەچاڵ دەکەن. لە پیاوانی پۆلیس، لەو کچانە کە توند چەترەکانیان بە دەستەوە دەگرن تا دوور بکەونەوە. دەیویست پێی بڵێ دەبێ لێرە بڕۆن و لە لادێ بژین. دەیویست پێی بڵێ تاکە هیوا بۆ ڕزگار بوونیان هەڵاتنە لە شار.

سەری بەرەو تۆماس سووڕاند، بەڵام ئەو بێدەنگ بوو، ڕاستەوخۆ سەیری پێشەوەی دەکرد. ترێزا نەیدەتوانی ئەو بێدەنگییە بتارێنێ کە لە نێوانیاندا هەبوو. ئازایەتی قسەکردنی لە خۆیدا شک نەدەبرد. ئەو دۆخەی کە هەیبوو لە ڕۆژی گەڕانەوە لە کێوی بەردی هەستی پێکردبوو. سکی دەئێشا و هێڵنجی دەدا. بەلای ئەوەوە تۆماس ئێجگار زۆر بە هێز بوو، ئەویش هەستی بە بێهێزی و لاوازی دەکرد. تۆماس هەندێک فەرمانی دەردەکرد کە ئەو تێی نەدەگەیشت. هەوڵی دەدا فەرمانەکان بەجێ بهێنێ، بەڵام توانای نەبوو.

دەیویست بگەڕێتەوە بۆ کێوی بەردین، ڕووخسەت لەکابرای تفەنگ بەدەست وەربگرێ، چاوی ببەستێ، پاڵ بە داری شابەڕووەوە بدات. حەزی دەکرد بمرێت.

## ٢٩

لەخەو هەستا و بە تەنیا خۆی لەماڵەوە بینییەوە.
هاتەدەر و بەرەو بارخانەکە چوو. حەزی دەکرد بچێت بۆ قەراغ چەمی ڤلتاڤا[٣٣] . حەزی دەکرد لە گوێ ئاوەکە دانیشێ و سەیری بکات. بینینی ئاوی ڕەوان شیفا بەخشە و مرۆڤ ئارام دەکاتەوە. چەم ئەم سەدە بۆ ئەو سەدە درێژە بە ڕەوتی خۆی دەدا، چارەنووسی مرۆڤەکان، لە گوێ ئاوەکەی دیاری دەکرێت. ئەگەرچی چارەنووسی مرۆڤەکان سبەینێ لەبیر دەچێتەوە، بەڵام چەمەکان هەرگیز ڕاناوەستن.
ترێزا پاڵی بە نەردەکەوە دابوو، سەیری خوارەوەی دەکرد. دەوروبەری شاری پڕاگی لێ دیاربوو. ئێستا ڤلتاڤا لە شارەکە پەڕیوەتەوە، لە شکۆیی هرادشین[٣٤] و کڵێساکان دوور کەوتۆتەوە. لەو ئەکتەرە دەچوو کە کۆتایی شانۆکە دەیترسێنێت. چەمەکە بە ناو قەراغە پیسەکەیدا کە بە پەرژین و دیوار ئابلۆقە درابوو، تێدەپەڕی. لە پشتییەوە کارگە و زەوی چۆڵ هەبوون.
ترێزا سەیری ئاوە تاریک و خەمبارەکەی کرد. پاشان لەپڕ لە ناو چەمەکە چاوی بە شتێکی سەیر کەوت. کورسییەکی لاکێشەیی بوو، کورسییەکی چێوی وەک کورسیی پارکە گشتییەکانی پڕاگ، بە ئارامی بەسەر ئاوی ناوەراستی ڤلتاڤاوە بوو. کورسییەکی لاکێشەیی تریشی بە دواوە بوو. پاشان یەکێکی تریش، دوای ئەوەی دیسان یەکێکی تر، لە ئەنجامدا ترێزا تێگەیشت کە کورسی لاکێشەیی پارکەکانی پڕاگ دەبینێت کە ئاو پێش خۆی داون و لە شار دەیانباتە دەر. کورسییەکی زۆر کە ژمارەیان سات لە دوا سات زیاتر دەبوو، وەک گەڵای پاییز بەسەر ئاوەکەوە بوون. کورسییەکان زەرد و سوور و شین بوون.
ترێزا سەری وەرسووڕاند تا مانای ئەو شتە لە خەڵک بپرسێت. بۆچی کورسی پارکە گشتییەکان سەر ئاو کەوتوون و لە شار دەچنە دەر؟ بەڵام خەڵک بێمەبالاتانە تێدەپەڕین. ئەوەی کە چەمێک سەدان ساڵە بە ناو شارە

---

٣٣ Vltava
٣٤ Hradchine

ناسەقامگیرەکەیاندا تێدەپەڕێ، بەلایانەوە گرنگ نەبوو.
دیسان سەیری ئاوەکەی کردەوە. هەستی بە خەمێکی گران کرد. ئەوەی دەیبینی بەلایەوە ماڵاوایی کردن بوو. سڵاو لە ژیان کە بە هەموو ڕەنگەکانییەوە کۆتایی پێدەهات.
کورسییەکان لەبەرچاوی ون بوون، بەڵام دیسان چەند دانەیەکیان دەرکەوتنەوە. بیری کردەوە ئەمانە دواهەمین کورسین. پاشان دیسان کورسییەکی زەردی بینی، ئەوسا کورسییەکی شین کە لە دوای هەموویانەوە سەر ئاوەکە کەوتبوو.

# بەشی پێنج
# سووکی و قورسی

۱

(هەروا کە لە بەشی یەکەمدا گوتوومە)، کاتێک ترێزا بە شێوەیەکی چاوەڕوان نەکراو هات بۆ پڕاگ بۆ ماڵی تۆماس، هەر ئەو ڕۆژە و لە هەمان کاتژمێردا عەشق لە دایکبوو. بەڵام دواتر ترێزا تای لێهات. تۆماس بە لایەوە بوو، دڵنیا بوو منداڵێکیان خستۆتە ناو سەبەتەیەک و دەم ئاوەکەیان داوە و بۆیان ناردووە.

لەو کاتەوە ئەم وێنە خەیاڵییەی، منداڵێکی دەم ئاو دراوی بە ئەو گەیشتووی، خۆش دەویست. زۆرجار بیری لەو ئەفسانە کۆنانە دەکردەوە کە لە بارەی منداڵی دۆزراوەوە بوون. بێگومان پاڵنەری ئەو بۆ خوێندنەوەی ئۆدیپی «سۆفۆکل»یش ئەم هەستە شاراوەیەی هبوو.

چیرۆکی ئۆدیپ زۆر بەناوبانگە: شوانێک کۆرپەیەکی وێڵکراو دەدۆزێتەوە و بۆ شا پۆلیپی دەنێرێت. منداڵەکە لە لای شا گەورە و پەروەردە دەکرێت. ڕۆژێک ئۆدیپ لە ڕێگەیەکی کوێستانی، تووشی شازادەیەکی نەناسراو دەبێ کە بە کەژاوە سەفەر دەکات. ئەوان لەگەڵ یەکتر بە شەڕ دێن و شازادە دەکوژرێت. ئۆدیپ دواتر لەگەڵ «ژۆکاست[۳۵]»ی شاژن زەماوەند دەکات و دەبێتە پاشای «تێب[۳٦]». ئەو هەرگیز بیری لەوە نەدەکردەوە ئەو پیاوەی کە کوشتوویەتی باوکی بێت، ئەو ژنەش کە لەگەڵی خەوتووە دایکی بێت. لەوەو دوا، بارودۆخی خەڵکی وڵاتەکەی ڕۆژ لە دوای ڕۆژ خرابتر دەبێت، بە هۆی پەتای نەخۆشییەوە دەمرن. کاتێک ئۆدیپ دەزانێت کە خۆی بەرپرسی ڕەنج و ئازاری هەمووانە، چاوی خۆی دەردێنێت و بۆ هەمیشە کوێر دەبێ و وڵاتی تێب بەجێ دەهێڵێت.

---

۳۵ Jocastfe

۳٦ Thebes

## ٢

کە پاش ماوەیەک دەرکەوت حکوومەتەکانی ئەورووپای ناوەندیی چ تاوانێکیان کردووە، کۆمۆنیستەکان تا چەندە بەرپرسیاری ئەو تاوانانەن، هەموو هێرشیان بۆ بردن: ئێوە بەرپرسی کلۆڵی و ڕۆژی ڕەشی وڵاتن (هەژاری و ئیفلاسی وڵات)، ئێوە لە بەرامبەر تیاچوونی سەربەخۆیی دا بەرپرسن (چوونە ژێر سوڵتەی ڕووسەکان)، ئێوە تاوانکاری یاسایی کۆمەڵگەن!

ئەوانە کە تاوانەکەیان دەدرایە پاڵ، وەڵامیان دەدایەوە: «ئێمە نەماندەزانی! ئێمە فریومان خوارد! ئێمە بڕوامان هەبوو! ئێمە لە دەروونی خۆماندا بێتاوانین!»

هەموو ئەو قسە و باسە بەم شێوەیە کورت کرایەوە: ئایا بەڕاست نەیاندەزانی؟ یان وایاندەنواند کە نازانن؟

تۆماس وەک دە ملیۆن خەڵکی بوهێم، شوێن ئەم قسە و باسە دەکەوت و بەخۆی دەگوت: «بێگومان لە ناو کۆمۆنیستەکانیشدا کەسانێک هەبوون کە، کەم یان زۆر، هەواڵی ئەو ڕووداوە ترسناکانەیان پێدەگەیشت کە لە ڕووسیای پاش شۆڕش ڕووی دەدا و بەردەوامیش پەرەی دەسەند. بەڵام ئەوەش ڕێی تێدەچوو کە زۆربەیان، بەڕاست ئاگایان لەم ڕووداوانە نەبووبێت.»

تۆماس بەخۆی دەگوت: «زانین یان نەزانینی ئەوان کێشەی سەرەکی نییە، بەڵکو دەبێ ئەو پرسیارە بکرێ: ئایا ئەگەر بێ ئاگا بین، بێ تاوانین؟ ئایا کەسێکی گەوج کە پاڵی بە کورسی دەسەڵاتەوە داوە، هەر لەبەر ئەوەی کە جاهیل و بێ ئاگایە، هەموو بەرپرسایەتییەکی لەسەر شان لادەچێت؟»

دەکرێت ئەوە وەربگرین کە دادستانی چیک، کە لە سەرەتای ساڵانی پەنجادا داوای سزای کوشتنی بۆ بێتاوانێک کردووە، لە لایەن پۆلیسی نهێنی ڕووس و ڕژێمی وڵاتەکەیەوە فریو درابێت، بەڵام ئێستا کە هەمووان دەزانن ئەو بوختانانە بێبایەخ و ئەو مەحکوومانە بێتاوان بوون، چۆن دەکرێ ئەم جۆرە قسانە لەو دادستانە وەربگرین کە بانگەشەی پاکی و ڕاستی بۆ خۆی دەکات، بەو پەڕی پێداگرییەوە دەڵێ: « من ویژدانم پاکە چونکە نەمدەزانی. من بیر و بڕوام هەبوو!»

ئایا بە ڕاست نابێ هەر ئەم «من نەمدەزانی! من بیر و بڕوام هەبوو»ە، بە تاوانێکی گەورە بزانین؟
ئەوسا بیری چیرۆکی (ئۆدیپ)ی کەوتەوە. ئۆدیپیش نەیدەزانی لەگەڵ دایکی خۆیدا دەستی تێکەڵ کردووە. بەڵام کاتێک زانی چی ڕوویداوە، خۆی بە بێتاوان نەزانی و نەیتوانی ئەو کلۆڵی و ڕۆژی ڕەشییە، کە بەرهەمی جەهل و نەزانینی ئەو بوو، بەرگە بگرێت. بۆیە چاوی خۆی لە قاپووڕەکەی دەرهێنا، بە کوێری وڵاتی «تێب»ی بەجێهێشت.
تۆماس هاواری ئەو کۆمۆنیستانەی دەبیست کە لەسەر ویژدان پاکی خۆیان هەڵدەقڕان، بە خۆی دەگوت: «ڕەنگە بە هۆی خەتا و نەزانینی ئێوەوە ئەم وەڵاتە بۆ سەدان ساڵ ئازادی خۆی دۆڕاندبێت، ئێستا ئێوە هاوار دەکەن کە گوایە بێتاوانن؟ ئێوە چۆن دەتوانن هێشتا سەیری دەوروبەری خۆتان بکەن و نەتۆقن؟ ئایا دەتوانن سەیری کەس بکەن؟ ئێوە ئەگەر چاوتان ببوایە دەبوو دەرتان بهێنایە، تێب تان بەجێبهێشتایە.»
ئەو ئەوەندە ئەم بەراوردەی پێ خۆشبوو، کە زۆرجار لە وتووێژ لەگەڵ هاوڕێکانیدا دەیگوت، هەموو جارێکیش بەلایەوە سەرنج ڕاکێشتر لە پێشوو بوو.
تۆماس لەم سەردەمەدا، وەک هەموو ڕۆشنبیرانی تر ئەو گۆڤارەی دەخوێندەوە کە لە لایەن «یەکێتی نووسەرانی چیک» لە تیراژی نزیک بە سێ سەد هەزاردا بڵاودەبووەوە. ئەم گۆڤارە توانیبووی لەناو سیستەمی حکوومەتدا سەربەخۆییەکی سەرنجڕاکێش بە دەست بێنێت، ئەو بابەتانە بووروژێنێت کە شوێنی تر نەیاندەوێرا باسی بکەن. گۆڤاری یەکێتی نووسەران نەک هەر لەو بارەیەوە کە کێ تاوانبار بووە، بەڵکو لەبارەی تاوانکاری یاسایی دادگا سیاسییەکانی سەرەتای سەرهەڵدانی حکوومەتی کۆمۆنیستیشەوە وتاری بڵاودەکردەوە.
لە هەموو وتارەکاندا، پرسیارێک هەمیشە زەق دەبووەوە: ئەوان دەیانزانی یان نەیاندەزانی؟ بەڵام چونکە تۆماس گرنگییەکی ئەوتۆی بەم پرسیارەوە نەدەدا، بیر و بۆچوونەکانی خۆی لەبارەی ئۆدیپ کرد بە وتارێک و بۆ

گۆڤاری یەکێتی نووسەرانی نارد. مانگێک لەوەو دوا بە نووسراو داوای لێکرا تا سەردانی دەستەی نووسەران بکات. کە چوو بۆ ئەوێ، ڕۆژنامەنووسێکی کورتە باڵا و لاواز ئەوی بینی و پێشنیاری پێکرد پێکهاتەی ڕستەیەک بگۆڕێت. دواتر ئەو وتارە لە لاپەڕەی پێش دواهەمین لاپەڕە، لە ناو نامەی خوێنەران دا بڵاوکرایەوە.

تۆماس چۆنییەتی بڵاوبوونەوەکەی بە دڵ نەبوو. ئەوان بۆ گۆڕینی ڕستەیەک داوایان لێکردبوو بچێت بۆ نووسینگەکەیان، کەچی دواتر بێ ئەوەی ئاگاداری بکەنەوە، ئەوەندە دەسکاری نووسینەکەیان کردبوو کە بۆچوونەکەی وەک قسەیەکی ئاسایی و تووڕەی لێهاتبوو.

ئەم ڕووداوە لە بەهاری ١٩٦٨، کاتێک ئەلکساندر دووبچەک حوکمی دەکرد، ڕوویدا. ئەو کۆمۆنیستانە کە خۆیان بە تاوانبار دەزانی و ئامادە بوون بۆ قەرەبوو کردنەوەی تاوانەکەیان کارێک بکەن، هاوکاری دووبچەکیان دەکرد. بەڵام زۆر کۆمۆنیستی تریش هەبوون کە هاواری بێتاوان بوونیان دەچووە ئاسمان، دەترسان خەڵک بەرەو مێزی دادگا ڕایانبکێشێت. ئەوان بەردەوام دەچوون بۆ باڵوێزخانەی ڕووس و داوای پشتیوانییان دەکرد. کاتێک وتارە سانسۆر کراوەکەی تۆماس بڵاوبوویەوە، ئەوان کەوتنە قرم و قاڵ و نەڕاندیان: کەواتە کار گەیشتۆتە ئەو ڕادەیەی کە دەوێرن لە گۆڤارەکاندا داوای کوێر کردنمان بکەن؟!...

... دوو یان سێ ڕۆژ لەوەو دوا، ڕووسەکان وتووێژی ئازادیان لە ویلایەتەکەیاندا قاچاغ کرد، لە ماوەی شەوێکدا شوێنی لە دایکبوونی تۆماسیان داگیرکرد.

## ٣

تۆماس پاش گەڕانەوەی لە زووریخ، لە هەمان نەخۆشخانەی پڕاگ، دیسان چووەوە سەر کارەکەی خۆی. بەڵام زۆری نەخایاند کە سەرۆکی بەشەکە داوای کرد:

«هاوکاری خۆشەویست، تۆ نە نووسەری و نە ڕۆژنامەنووس. دیارە ڕزگارکەری خەڵکیش نیت. تۆ پزیشک و پیاوی زانستیت. من نامەوێ تۆم لەکیس بچێت

، بۆ ڕاگرتنت لێرە هەموو کارێک دەکەم. بەڵام تۆش دەبێ قسەی خۆت لە وتارەکەی ئۆدیپ وەربگریتەوە. ئایا ئەو وتارەت زۆر بەلاوە گرنگە؟»
تۆماس لە کاتێکدا بەبیری خۆی دەهێنایەوە کە چۆن وتارەکەیان لەت و کوت کردبوو، چۆن سێ یەکی وتارەکەیان قرتاندبوو، گوتی:
«بەلامەوە گرنگ نییە.»
سەرۆکی بەشەکە گوتی:
«دەزانی ئێستا چی لە ئارادایە؟»
تۆماس دەیزانی: دوو شت لەسەر شایەن بوو. لە لایەکەوە بەختەوەری خۆی (نەدەبوو ئینکاری نووسینەکەی بکات) لە لایەکی ترەوە، ئەوەی کە بە ڕێوشوێنی ژیانی دەزانی (پیشەی پزیشکی و زانستییەکەی).
سەرۆکی بەش درێژەی پێدا:
«ئەوەی کە مرۆڤ وادار بکەن قسەی خۆی وەربگرێتەوە، لە ڕاستیدا کارێکە کە لە سەدەکانی ناوەڕاستدا کراوە. وەرگرتنەوەی قسەی خۆت یەعنی چی؟ لەم سەردەمە تازەیەدا قسە وەرناگیرێتەوە، بەڵام دەبێ ئینکاری بکەیت. لەبەر ئەوەش، هاوکاری خۆشەویست، وەرگرتنەوەی قسە کارێکی نامومکین، ڕواڵەتی و نائاساییە. من تێناگەم بۆ دەبێ داوای ئەوان ئەنجام نەدرێت؟ لە کۆمەڵگەیەک کە ترس و وەحشییەت باڵی بەسەردا کێشاوە، کەس نابێ گرنگی بەو دانپیانانە بدات کە بە زۆر و توندوتیژی وەردەگیرێن. مرۆڤێکی بە شەرەف دەبێ گوێ بەم قسە وەرگرتنەوانە نەدات. هاوکاری خۆشەویست، بەرژەوندی نەخۆشخانە و بەرژەوەندی نەخۆشەکانت وا دەخوازێت کە تۆ لەسەر کارەکەت بمێنیتەوە.»
تۆماس بە ڕووخساری خەمبارەوە گوتی:
«تۆ ڕاست دەکەیت، بەڵام...»
سەرۆکی بەش لە کاتێکدا هەوڵی دەدا لە بیرکردنەوەی تۆماس بگات، پرسی:
«بەڵام چی؟»
«دەترسم شەرمەزار ببم.»
«لە لای کێ؟ ئایا ئەوەندە ڕێز لە کەسانی دەوروبەرت دەگری کە نیگەرانی

هەڵوێستیان بیت؟»

تۆماس وەڵامی دایەوە:

«نا...»

سەرۆکی بەش درێژەی پێدا:

«بێجگە لەوەش، منیان دڵنیا کردووە کە پاکانەکەت بڵاوناکرێتەوە. ئەوان مووچەخۆری دەوڵەتن و دەبێ لە فایلەکانیاندا بەڵگەیەک هەبێ بیسەلمێنێت کە تۆ نەیاری حکوومەت نیت. بەم شێوەیە، ئەگەر ڕۆژێک، لەبەر مانەوەی تۆ لە سەر کارەکەت سەرکۆنە بکرێن، دەتوانن بەرگری لە خۆیان بکەن. ئەوان بەڵێنیان بە من داوە کە ئەم پاکانەیە لە مابەینی ئێوە و پیاوانی حکوومەتدا دەمێنێتەوە و بڵاوناکرێتەوە.»

تۆماس گوتی:

«هەفتەیەک دەرفەتم بدەرێ با بیری لێ بکەمەوە.»

٤

ئەو چاکترین نەشتەرگەری نەخۆشخانەکە بوو. دەنگۆی ئەوە هەبوو سەرۆکی بەش، کە خەریکبوو خانەنشین دەبوو، ئەوی لەبری خۆی دادەنا. کاتێک بڵاوبۆوە کە پیاوانی باڵای حکومەت داوایان لێکردوە ڕەخنە لە خۆی بگرێت، هەموو دڵنیا بوون کە ئەو مل بەو داوایە دەدات.

ئەم بۆچوونە یەکەم شتبوو کە ئەوی داچڵەکاند: «ئەگەرچی کارێکی وای نەکردبوو پاساوی ئەو پێشداوەرییە بێت، بەڵام خەڵک لەبری ئەوە بڕوا بە ڕاستی و دروستییەکەی بکەن، بڕوایان بە ناڕاستی و نادروستییەکەی دەکرد.»

هەڵوێستی ئەوان سەیر و سەمەرە بوو، دەکرا بە دوو بەش دابەش بکرێت:

یەکەم هەڵوێست هی ئەو کەسانە بوو کە (خۆیان یان نزیکی یان) شتێکیان ڕەتکردبۆوە، یان ناچاریان کردبوون لە بەرچاوی خەڵک ڕەزامەندی خۆیان لە بوونی داگیرکەران ڕابگەیەنن، یان لەحاڵی ئامادەبوون بۆ ئەم کارە بوون (بێگومان بە پێچەوانەی ویستی خۆیان، چونکە کەس لەم کارە خۆشحاڵ نییە.)

ئەم کەسانە بە زەردەخەنەیەکی سەیرەوە، کە تۆماس تا ئەو کاتە نەیبینیبوو، سەیریان دەکرد: زەردەخەنەیەکی شەرمەزارانە کە هاودەستییەکی شاراوەی ئاشکرا دەکرد، لە زەردەخەنەی ئەو دوو پیاوە دەچوو کە بە ڕێکەوت لە گەڕەکێکی بەدناو یەکتریان ببینیبێت. ئەوان تۆزێک شەرمەزارن، بەڵام چونکە شەرمەزارییەکە دوو لایەنەیە، هەست بە خۆشی دەکەن. ئەم جۆرە زەردەخەنەیە لە ڕاستیدا بە شێوەیەکی برایانە ئەوان پێکەوە دەبەستێتەوە.
چونکە ئەو هەرگیز ناوبانگی سازشکردنی نەبوو، ئەوان بە حەزێکی زیاترەوە زەردەخەنەیان بۆ دەکرد. بیرکردنەوە لەوەی کە ئەو پێشنیارەکەی سەرۆکی بەش وەربگرێت، ئەو ڕاستییەی ئاشکرا دەکرد کە ترس و پەستی وردە وردە دەبوو بە خووی دووهەمی خەڵک، زۆر زوو مانا ڕاستەقینەکەی خۆی دەدۆڕاند.
ئەوان پێشتر دۆست یان هاوڕێی نەبوون، بەڵام تۆماس بە نیگەرانییەوە تێگەیشت، کە ئەگەر پاکانە بنووسێت، تەنانەت بۆماڵی خۆشیان داوەتی دەکەن و هاتوچۆی دەکەن.
دووهەم هەڵوێست، هەڵوێستی ئەو کەسانە بوو کە خۆیان یان نزیکانیان زوڵمیان لێکرابوو، ئازار درابوون. ئەوان هەموو جۆرە سازشێکیان لەگەڵ داگیرکەراندا ڕەتدەکردەوە. یان ئەو کەسانە کە هێشتا بەهۆی گەنجی یان بێ کێشەییەوە داوای سازش یان پاکانەیان لێنەکرابوو، بەڵام دڵنیابوون کە مل بەو کارە نادەن.
ڕۆژێک یەکێک لەوان، پزیشکێکی گەنجی بەهرەمەند بەناوی (س) لە تۆماسی پرسی:
«دواجار ئەو شتەت بۆ نووسین؟»
«ئەکرێ پێم بڵێی باسی چی دەکەی؟»
«پاکانەکە.»
ئەو پزیشکە گەنجە بە خراپ ئەو قسەیەی نەدەکرد و تەنانەت زەردەخەنەشی لەسەر لێو بوو. لە نێوان زەردەخەنە جۆراوجۆرەکاندا، ئەو زەردەخەنەیە تایبەتمەندییەکی دیاری هەبوو، هەستی ڕەزامەندی لە ئەخلاقێکی بەرزتری نیشان دەدا.

تۆماس گوتی:

«تۆ چۆن ئاگات لە پاکانە نامەکەی منە؟ بۆ خوێندووتەتەوە؟»

«نا.»

«ئەی کەواتە دەڵێی چی؟»

(س) بە هەمان زەردەخەنەی پڕ لە ڕەزامەندییەوە گوتی:

«کۆڵی پێوە هەڵمەگرە! هەموو کەس ئاگاداری ئەم جۆرە کێشانەیە. ئەم پاکانەنامانە، زۆرتر بە شێوەی نامە بۆ سەرۆک، یان بۆ وەزارەتخانە، شتێکی ئاوا دەنووسرێن، بۆ ئەوەی نووسەرەکەشی شەرمەزار نەبێت، بەڵێن دەدەن کە بڵاوی ناکەنەوە. وانییە؟»

تۆماس شانی هەڵتەکاند و چاوەڕوانی درێژەی قسەکانی ما.

«پاشان پاکانەکە لە فایلێکەدا ڕادەگیرێت. بەڵام نووسەرەکەی دەزانێ کە هەر کاتێک بیانەوێت دەتوانن بڵاویبکەنەوە. لەم وەزعەدا، ئەو بۆ هەمیشە مەحکووم بە بێدەنگ بوونە، ئیتر مافی هیچ جۆرە ڕەخنە و ناڕەزایەتییەکی نابێت. چونکە ئەگەر بێدەنگ نەبێت پاکانەکەی بڵاودەکەنەوە و ئابڕووی دەبەن. ئەم شێوازە زۆر توند و تیژیش نییە. دەکرێ پیاو چاوەڕوانی لەمە خراپتریش بێت.»

تۆماس گوتی:

«ئەرێ، ئەمە شێوازێکی نەرم و نیانە. بەڵام حەز دەکەم بزانم کێ بە تۆی گوتووە کە من تەسلیم بووم؟»

پزیشکە گەنجەکە، بێ ئەوەی زەردەخەنە لەسەر لێوی سڕابێتەوە، شانی هەڵتەکاند.

تۆماس پەی بە شتێکی سەیرتریش برد. ئەویش ئەوە بوو کە هەموویان زەردەخەنەیان بۆ دەکرد، هەموویان حەزیان دەکرد ئەو پاکانەکەی بنووسێت، بە ڕەتکردنەوەی وتارەکەی خۆشحاڵیان بکات. هەندێک کەس لەوە خۆشحاڵ دەبوون کە زیادبوون و پەرەسەندنی ترس و پەستی، ڕەفتاری ئەوانیشی ئاسایی دەنواند و ئابڕووی بە با چووی بۆ دەگەڕاندنەوە. کەسانێکیتریش خوویان بەوەوە گرتبوو کە وەک شتێکی شاز و تایبەت سەیری شەرەفی خۆیان بکەن. (حەزیان دەکرد تەنیا خۆیان ئازا بن و پاکانە نەنووسن.) ئەوان

ئامادەنەبوون واز لەو شازی و تایبەتیبوونە بێنن. ئەوان تەنانەت بەرامبەر بەو کەسانە کە شەرەفیان لەکەدار ببوو، هەستیان بە سۆزێکی شاراوە دەکرد. بەبێ بوونی ئەوانە، ئازایەتی و جەسارەتی خۆیان وەک بابەتێکی ئاسایی و بێهوودە دەهاتە بەرچاو و کەس ستایشی نەدەکردن.

تۆماس لەم زەردەخەنانە بێتاقەت ببوو. بیری دەکردەوە لە هەموو کوێ، تەنانەت لە شەقامیش ئەم زەردەخەنەیە بە ڕوومەتی خەڵکی نەناسراوەوە دەبینێت، ئەمەش خەوی لێحەرام کردبوو. ئایا ئەم کەسانە بەلایەوە ئەوەندە گرنگبوون؟ هەرگیز، ئەو بەچاکی نەدەزانین. لە نیگا کردنیان ناڕەحەت بوو، ڕقی هەڵدەستا. ئەمە کاتێکی زۆر نەشازبوو. چۆن کەسێک کە بەهای بە خەڵکی تر نەدەدا، گرنگییەکی تا ئەو ڕادەیەی بە بۆچوونەکانیان دەدا؟

ڕەشبینی ئەو بەرامبەر بە خەڵک، (شک و گومانە لەوەی کە ئایا ئەوان مافی قەزاوەتکردن لە بارەی ئەو و چارەنووسی ئەویانەوە هەیە) پێشتر وایکردبوو پیشەیەک هەڵبژێرێت کە لە بەرچاوی خەڵک دووری بخاتەوە. بۆ نموونە، کەسێک کە پیشەی سیاسەت هەڵدەبژێرێت، بە ئەنقەست خۆی دەخاتە بەر قەزاوەتی خەڵک، بە ساویلکەییەوە پێی وایە کە دەتوانێ سەرنجیان بە لای خۆیدا ڕابکێشێت. لەوە بەدواوە، باس و خواس و کێشمەکێشە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان زیاتر لە جاران وادار بە تێکۆشانی دەکەن، هەروەها کە دژواری پەیبردن بە نەخۆشی نەخۆشێک تۆماس دەهێنێتە سەر شەوق.

پزیشک (بە پێچەوانەی سیاسەتمەدار یان ئەکتەری تیاتر و سینەما) تەنیا لەلایەن نەخۆش و هاوکارە نزیکەکانییەوە، واتە لە ناو چوار دیوار و لە ڕووبەڕووەوە، قەزاوەتی لەسەر دەکرێت. بۆیە دەتوانێ لە هەمانکاتدا وەڵامی قەزاوەتی ئەو کەسانە بداتەوە، بۆچوونی خۆی دەرببڕێت و لەسەر خۆشی هەڵبقرێت. بەڵام تۆماس ئێستا (بۆ یەکەمجار لە ژیانی دا) لە دۆخێکی تایبەت دا بوو: لەو نیگایانە نەدەگەیشت کە لێی ورد ببوونەوە. نەیدەتوانی، نە بەنیگا و نە بە وشە، وەڵامیان بداتەوە. ئەو بە تەواوی خرابووە بەر ڕەحم و بەزەیی ئەوان. لە نەخۆشخانە و لە دەرەوەی نەخۆشخانەش باسی ئەویان دەکرد. لە پڕاگ شتەکان زۆر زوو نەقڵ دەکران، هەواڵی کەسانی خۆڕاگر، جاسووس،

هاوکارانی سیستەم، بەخێرایی تەپڵی تام تامی ئەفریقییەکان، بە هەموو شاردا بڵاو دەبۆوە. تۆماس ئاگاداری هەموو شتێک بوو، نەیدەتوانی بەر بە دەنگۆکان بگرێت. پێی سەیر بوو کە ئەم دۆخە بۆ تا ئەو ڕادەیە بەلایەوە لەتاقەت بەدەرە، بۆ ئەوەندە لێی ترساوە. سەرنجی بە کۆمەڵی خەڵک بەرامبەر بە خۆی، تووشی عەزابی دەکرد.

چوو بۆ لای سەرۆکی بەش و ئاگاداری کردەوە کە هیچ شتێک واژۆ ناکات.

سەرۆکی بەش توند دەستی گووشی و گوتی، هەر چاوەڕوانی ئەوەشی لێکردووە.

تۆماس گوتی:

«بڵێی نەتوانێ بەبێ ئەو پاکانەیە من لێرە ڕابگریت.»

دەیویست تێیبگەیەنێت ئەگەر هەموو هاوکارەکانی هەڕەشەی دەست لە کار کێشانەوە بکەن، ئەوان ناتوانن بە زۆر ناچاری بکەن نەخۆشخانە بەجێ بهێڵێت.

بەڵام کەس بیری لە هەڕەشەی دەست لەکار کێشانەوەی نەکردەوە، پاش ماوەیەک، سەرۆکی بەش دیسان بەتوندی دەستی تۆماسی گووشی، وەها کە دەستی تۆماس ماسی. ئەو بە ناچار لە نەخۆشخانە چووە دەر.

٥

سەرەتا، لە کلینیکێک کە هەشتا کیلۆمەتر لە پڕاگ دوور بوو، کارێکی دۆزیەوە. هەموو ڕۆژێک بە شەمەندەفەر دەچوو بۆ ئەوێ، ماندوو هیلاک دەگەڕایەوە.

ساڵێک دواتر توانی کارێکی سووکتر، بەڵام نەشیاو، لە دەرمانخانەیەکی دەوروبەری شاری پڕاگ بدۆزێتەوە. ئیتر نەیدەتوانی نەشتەرگەری بکات، وەک پزیشکێکی گشتی کاری دەکرد. هۆڵی چاوەڕوانی هەمیشە پڕ لە حەشیمەت بوو، ئەو بۆ هەر نەخۆشێک تەنیا پێنج چرکە کاتی هەبوو. حەبی ئاسپیرینی بۆ دەنووسین، بۆ خاوەن کارەکان مۆڵەتی پزیشکی دەنووسی، کەسانێکیشی بۆ ڕاوێژی پزیشکی بۆ شوێنە تایبەتییەکان دەنارد. ئیتر خۆی بە پزیشک نەدەزانی، بەڵکو لە کارمەندێک دەچوو کە لە پشت مێزێک دادەنیشێت.

ڕۆژێک دوای ئەوەی کە کارەکەی تەواو بوو، پیاوێکی پەنجا ساڵە، کە قەڵەوی دۆخێکی جیددی پێدابوو، سەردانی کرد. وەک سەرۆکی ئیدارەیەکی وەزارەتی ناوخۆ خۆی پێناساند، بۆ کافتریاکەی ئەوبەر داوەتی کرد.

کابرا بتڵێک شەرابی داوا کرد. تۆماس بە ناڕەزایەتییەوە گوتی:

«ئەگەر پۆلیس لەکاتی ئۆتۆمۆبێل لێخوڕین بمگرێت، مۆڵەتەکەم لێ وەردەگرێتەوە.»

کارمەندەکەی وەزارەتی ناوخۆ پێکەنی:

«ئەگەر شتێکی وا ڕوویدا من ئاگادار بکەرەوە.»

ئەو کارت ویزیتێکی بە تۆماس دا کە ناو (بێگومان ناوی خوازراو) و ژمارەی تەلەفۆنی وەزارەتخانەکەی لە سەر نووسرابوو.

کابرای قەڵەو پاشان بە دوور و درێژی باسی ئەوەی بۆ کرد کە ئەو چەندە بەلایەوە بەڕێزە. لە وەزارەتخانە هەموویان بەداخەوەن کە نەشتەرگەرێکی کارامەی وەک ئەو ناچارکراوە لە دەرمانخانەیەکی قەراغ شار ئاسپیرین بۆ نەخۆشەکانی بنووسێت. هەروەها ناڕاستەوخۆش تێیگەیاند کە پۆلیس بێ ئەوەی بتوانێ بە ئاشکرا ڕایگەیەنێت، بەداخەوەیە کە خەڵکانی تایبەتمەندی وەک ئەو پشتگوێ دەخرێن.

لەبەر ئەوەی کە دەمێکبوو کەس پەسند و ستایشی تۆماسی نەکردبوو، بە وردییەوە گوێی لە کابرای کورتە باڵای قەڵەو گرتبوو، بە سەرسووڕمانەوە تێگەیشت کە ئەو پیاوە ئاگاداری بچووکترین سەرکەوتنەکانی ئەو لە بواری نەشتەرگەری دایە. بەڕاست مرۆڤ چەندە ئاسان دەکەوێتە ژێر کاریگەری پەسند و مەجامەلەی خەڵکەوە. تۆماس قسەکانی کارمەندی وەزارەتخانەی بە جیددی وەردەگرت.

بەڵام ئەو بۆچوونە تەنیا بە هۆی غروور و خۆنواندنەوە نەبوو، بەڵکو لە بێ ئەزموونییەوە سەرچاوەی گرتبوو. کاتێک ڕووبەڕووی کەسێک دەبینەوە کە میهرەبان و بە ئەدەب و بە ویقارە، زۆر سەختە هەموو قسەکانی بە درۆ بزانین و ڕاستی تێدا بەدینەکەین. بۆ شککردن (بە شێوەی بەردەوام و بێ دوودڵی) پێویستمان بە هەوڵ و تێکۆشانێکی زۆر و ڕاهێنانە. لێپرسینەوە و پشکنینی

بەردەوامی پۆلیس، ئەم ئامادەییەمان دەداتێ. بەڵام تۆماس ئەم ئەزموونەی نەبوو.
کارمەندی وەزارەتخانەکە درێژەی پێدا:
«دکتۆر! ئێمە دەزانین کە هەلومەرجی کار و ژیانی تۆ لە زووریخ زۆر باش بووە، سوپاسی گەڕانەوەت دەکەین. تۆ دەتزانی ئێرە جێگەی تۆیە و کارێکی زۆر باشت کرد کە گەڕایتەوە.»
ئەوسا وەها کە تۆماس سەرکۆنە بکات گوتی:
«بەڵام جێگەی تۆ لە ژووری نەشتەرگەرییە!»
تۆماس سەری بۆ لەقاند:
«منیش وەک تۆ بیردەکەمەوە.»
پاش بێدەنگییەکی کورت، کارمەندی وەزارەتخانە بە دەنگێکی خەمبار دەستی بە قسەکردەوە:
«بەڵام دکتۆر! ئایا بە ڕاست تۆ پێتوایە دەبێ چاوی کۆمۆنیستەکان دەربێنن؟ ئایا سەیر نییە کە تۆ ئەو قسەیەت کردبێت، تۆ کە ئەو هەموو خەڵکە بۆ سەلامەتی و تەندروستی خۆیان قەرزارتن؟»
تۆماس بە ناڕەزایەتییەوە گوتی:
«ئەمە قسەیەکی هیچ و پووچە. تۆ دەبێ نووسینەکەی منت باش بخوێندایەتەوە.»
کارمەندی وەزارەتخانە بە دەنگێک کە وای دەنواند نیگەران و خەمبار بێت، گوتی:
«من ئەو نووسینەم باش خوێندۆتەوە.»
«من نووسیومە دەبێ چاوی کۆمۆنیستەکان دەربێنن!؟»
کارمەندی وەزارەتخانە بە دەنگێکی زیاتر لە پێشوو خەمبار و نیگەران، گوتی:
«هەموو بەم شێوەیە تێیگەیشتوون.»
«ئەگەر ئێوە دەقە تەواوەکەی ـ بەوشێوەیە کە من نووسیومە ـ بخوێننەوە، هەرگیز وا بیرناکەنەوە. چەند بەشێکی نووسینەکەی من قرتاوە.»

کارمەندی وەزارەتخانە لە کاتێکدا باش گوێی دەگرت، گوتی:
«چۆن؟ بۆ وتارەکەی تۆ بەو شێوەیە چاپ نەکراوە کە نووسیوتە؟»
«زۆر کورتیان کردبۆوە.»
«زۆر کورت؟»
«نزیکەی سێ یەکی.»
لەوە دەچوو کە کارمەندی وەزارەتخانە بە ڕاستگۆییەوە دڵگران بووبێت:
«ئەڵبەت ئەمانەتداریان نەکردووە!»
تۆماس شانی لەقاند.
«تۆ دەبوو لەسەر وتارەکەت هەڵوێستەت وەربگرتایە! دەبوو زوو داوای ئەوەت بکردایە کە ڕاستکردنەوەیەک لەسەر وتارەکەت بڵاوبکەنەوە!»
تۆماس گوتی:
«چاوەڕوانی چیت؟ پاش ماوەیەک ڕووسەکان هاتنە ناو وڵاتەوە، هەموومان تووشی هەزار کێشە و گرفتی تر بووین.»
«بۆچی دەبێ خەڵک پێیان وابێ کە پزیشکێکی وەک تۆ حەزدەکات خەڵکی تر چاویان دەربێت؟»
«بەجیددی قسە دەکەیت! ئەو وتارەی من لە دوالاپەڕەی ڕۆژنامەکە، لە ناو نامەی خوێنەراندا چاپکراوە، بێجگە لە قونسوولیەی ڕووس کە دەیویست سوودی لێوەربگرێت، سەرنجی کەسی ڕانەکێشاوە.»
«دکتۆر قسەی وا مەکە! من خۆم لەگەڵ زۆر کەس دواوم کە باسی وتارەکەی تۆیان دەکرد، لەوەی کە تۆ ئەو وتارەت نووسیوە، سەریان سوورمابوو. بەڵام ئێستا کە دەڵێیت بەشێک لە وتارەکەتیان قرتاندووە پاشان بڵاویان کردۆتەوە، هەموو شتێکم بۆ ڕوون دەبێتەوە. باشە ئایا وداریان کردبوویت ئەو وتارە بنووسیت؟»
تۆماس گوتی:
«نا، بەخواستی خۆم نووسیم و بۆ گۆڤارەکەم نارد.»
«ئەو کەسانەت دەناسی؟»
«کامە کەس؟»

«ئەوانە کە وتارەکەیان بڵاوکردەوە.»
«نا، بە هیچ شێوەیەک.»
«هەرگیز قسەت لەگەڵ نەکردبوون؟»
«تەنیا جارێک ئەوانم بینی. داوایان لێکردبووم سەرێک لە دەستەی نووسەرانیان بدەم.»
«بۆچی؟»
«بۆ ئەو وتارە.»
«لەگەڵ کێ قسەت کرد؟»
«لەگەڵ ڕۆژنامەوانێک.»
«ناوی چی بوو؟»
تۆماس تێگەیشت کە ئەم وتووێژە لە ڕاستیدا لێپرسینەوەیەکی تەواوە. بیری کردەوە هەرچی بڵێت ڕەنگە بەخراپ بۆ کەسێکی تر بشکێتەوە. ئەڵبەت ناوی ڕۆژنامەوانەکەی دەزانی، بەڵام نەیگوت:
«ناوی نازانم.»
کارمەندەکە بە شێوازێک کە دیاربوو لە هەڵویستی نادۆستانەی تۆماس دڵگران بوو، گوتی:
«دکتۆر! بێگومان ئەو خۆی پێ ناساندوویت!»
شتێکی مەسخەرە و ناخۆشە کە پەروەردەی ڕاست و دروستی ئێمە لە بنەماڵەدا، یارمەتی پۆلیس، لەکاری لێپرسینەوە بدات. ئێمە ناتوانین درۆ بکەین. فەرمانی «درۆ مەکە» کە دایک و باوکمان فێریان کردووین، ئیجازەی درۆکردن، تەنانەت بەرامبەر بە پۆلیسیش، بە ئێمە نادات. بۆ ئێمە ئاسانترە کە دەمە دەمەی لەگەڵ بکەین، جنێوی پێ بدەین (شتێک کە هیچ سوودێکی نییە) تا ئەوەی کە درۆی پێ بڵێین.(کارێک کە دەبێ بیکەین)
تۆماس کاتێک بینی کارمەندی وەزارەتخانەکە بۆ ئەو درۆیە سەرکۆنەی دەکات، هەستی بە تاوانکرد، بۆ درێژەدان بە درۆکەی، ناچاربوو پارێزە ئەخلاقییەکان وەلا بنێت:
«بێگومان ئەو خۆی پێ ناساندووم، بەڵام چونکە ناوەکەیم لەلا گرنگ نەبوو،

لە بیرم چۆتەوە.»
«شێوە و باڵای چۆن بوو؟»
ئەو ڕۆژنامەوانە کە ئەوسا بینیبووی، کەسێکی بچووکی سەر تاشراو بوو.
تۆماس هەوڵیدا بە پێچەوانەوە بیڵێت:
«پیاوێکی باڵابەرز بوو کە قژێکی درێژ و ڕەشی هەبوو.»
«وەی! هەروەها چەناگەشی درێژ بوو؟»
«بەڵێ وابوو.»
«تۆزێک پشتی کۆم بوو؟»
«بەڵێ وابوو.»
ئەو زانی کە کابرای قەڵەو بە شوێن ئەم لێپرسینەوەیەدا کەسێکی نیشانە کردووە. تۆماس تەنیا ڕاپۆرتی لە ڕۆژنامەوانێکی کڵۆڵ نەدابوو، بەڵکو جگە لەوە، درۆشی کردبوو.
«باشە بۆ داوای تۆیان کرد، باسی چیان کرد؟»
«دەیانویست پێکهاتەی ڕستەیەک بگۆڕن.»
ئەم وەڵامە بە ڕواڵەت لە فێڵێکی مەسخەرە بۆ خۆ دزینەوە دەچوو. کارمەندی وەزارەتخانە لەوەی کە تۆماس دیسان خۆی لە ڕاستییەکە دەپاراست، تووڕە بوو:
«دکتۆر! تۆ بە منت گوت یەک لە سێی وتارەکەتیان قرتاندووە، کەچی ئێستا دەڵێی بۆ گۆڕینی ڕستەیەک بانگیان کردوویت! ئەم قسەیە لۆژیکیی نییە!»
تۆماس گورج و ڕەحەت وەڵامی دایەوە، چونکە ئەوەی دەیگوت ڕاست بوو.
پێکەنی و گوتی:
«ڕاستە لۆژیکیی نییە، بەڵام حەقیقەتە. داوای گۆڕینی ڕستەیەکیان لێکردم، کەچی دواتر یەک لە سێی وتارەکەیان قرتاندم.»
کارمەندی وەزارەتخانە دیسان سەری ڕاوەشاند. پێدەچوو نەتوانێت لە ڕەفتارێکی ئەوەندە بێئەخلاقانە بگات.
«ڕەفتاری ئەو پیاوە لەگەڵ تۆ بە جێ نەبووە.»
پاشان پەرداخی شەرابەکەی بە سەرەوە ناو کۆتایی بە قسەکانی هێنا:

«دکتۆر! تۆ بووی بە قوربانیی خۆ تێوەگلاندنی نابەجێی خەڵکی تر. حەیفە تۆ و نەخۆشەکانت سزای ئەو تاوانە بدەنەوە. دکتۆر، ئێمە ئاگامان لە تۆ و بەهرەمەندیت هەیە. با بزانم دەتوانین چیت بۆ بکەین.»
ئەوسا دەستی لەگەڵ تۆماس لێدایەوە، ماڵئاواییەکی دۆستانەی لێکرد. پاشان لە کافتریاکە ڕۆیشتنەدەر، هەر کامەیان بەرەو ئۆتۆمۆبێلی خۆی چوو.

٦

ئەو دیدارە تۆماسی بێزار کرد و بۆ ئەوەی کە دۆخی شادی وتووێژەکە گومڕای کردبوو، خۆی سەرکۆنە دەکرد. ئێستا کە خۆی لە قسەکردن لەگەڵ پۆلیس نەدزیبۆوە (ئەو بۆ هەلومەرجێکی وەها ئامادە نەبوو، نەیدەزانی لە باری یاساییەوە دەبێ چی بکات و چی نەکات)، لانیکەم نەدەبوو لەگەڵ ئەو کابرا قەڵەوە بچووبایە بۆ کافتریا، وەک هاوڕێیەک! لەگەڵی دابنیشتایە و شەرابی بخواردایەتەوە. ئەگەر کەسێک ـ کە ئەو پیاوەی دەناسی ـ ئەوانی بدیبایە، بێگومان پێی وادەبوو کە تۆماسیش کار بۆ پۆلیس دەکات! باشە بۆ بەو کابرا پۆلیسەی گوت کە بەشێک لە وتارەکەیان قرتاندووە؟ بۆچی بەبێ هیچ بەڵگەیەک ئەو زانیاریانەی پێدا؟ زۆر لە خۆی ناڕازی بوو.
نزیکەی پانزە ڕۆژ لەوەو دوا، دیسان سەر و سەکوتی کارمەندی وەزارەتخانە دەرکەوتەوە. پێشنیاریکرد وەک جاری پێشوو بچن بۆ کافتریاکەی ئەوبەر. بەڵام تۆماس وای بە باش زانی لە ژووری کارەکەی قسە بکەن.
کابرای قەڵەو گوتی:
«دکتۆر! لە هەستی تۆ دەگەم.»
ئەم ڕستەیە کاری کردە سەر تۆماس.
کارمەندی وەزارەتخانە وەک یاریزانێکی شەترەنج، بە بەرامبەرکەی دەگوت کە جووڵەی پێشووت هەڵە بووە.
ئەوان بەرامبەر بە یەکتر لەسەر کورسی دانیشتبوون، مێزی کارەکەی تۆماس لە نێوانیاندا بوو. کابرای کارمەند پاش دە خوولەک قسەکردن لە بارەی پەتای ئانفۆلانزاوە، دواجار چووە سەر قسە و باسە سەرەکییەکەی خۆی:

«دکتۆر! فایلەکەی تۆمانسی خوێندەوە. ئەگەر تەنیا تۆ بوویتایە کارەکە سادە بوو. بەڵام ئێمە ناچارین بیر لە ڕای گشتیش بکەینەوە. چونکە وتارەکەی تۆ، بتەوێ یان نەتەوێ، پەرەی بە هیستریای دژە کۆمۆنیستی داوە. لێت ناشارمەوە داوایان لە ئێمە کردووە تا لەبەر ئەو وتارە دادگایت بکەین. لە یاسادا بە ئاشکرا باسی سزای ئەو کەسانە کراوە کە خەڵک بۆ توندوتیژی هان دەدەن.»

ئەوسا ئێستێکی کرد و لە چاوی تۆماس ورد بووەوە. تۆماس شانی هەڵتەکاند. کارمەندی وەزارەتخانە بە ئیقاعێکی دڵنیایانەوە گوتی:

«ئەڵبەت ئێمە ئەو بۆچوونەمان وەلا ناوە. بەرپرسایەتی تۆ هەرچی بێت، بەرژەوەندی کۆمەڵگە وا دەخوازێت کە بە باشترین شێوە سوود لە بەهرەمەندی تۆ وەربگیرێت. سەرۆکی پێشوی تۆ ڕێزێکی زۆری بۆت هەیە. ئێمە پرسیاری تۆمان لە نەخۆشەکانیشت کردووە. دکتۆر، تۆ پزیشکێکی تایبەتمەندی پایە بڵێندیت! کەس ناتوانێ چاوەڕوانی ئەوە لە پزیشکێک بکات کە لە سیاسەت تێبگات. دکتۆر، لە ڕاستیدا تۆیان فریوداوە. دەبێ خۆت کۆبکەیتەوە و بۆ ئەم کارەش، ئێمە دەقی بەیانێکت پێ پێشنیار دەکەین کە دەبێ بیدەیت بە ڕۆژنامەکان، پاشان ئێمەش کارێک دەکەین لە کاتێکی باشدا بڵاویبکەنەوە.»

پەڕەیەک کاغەزی خستە بەردەستی تۆماس.

تۆماس نووسینەکەی خوێندەوە و لە پڕ هەستیکرد زەربەیەکی قورسی لێدراوە. ئەم نووسینە زۆر لەوە خراپتر بوو کە دوو ساڵ لەوەو پێش سەرۆکی بەش داوای لێکردبوو. ئەو نووسینە تەنیا باسی ڕەتکردنەوەی وتارەکەی ئۆدیپ نەبوو، هەندێک ڕستەی لە بارەی خۆشەویستی یەکێتی سۆڤێتی، وەفادار بوون بە حزبی کۆمۆنیست، مەحکومکردنی ئەو ڕۆشنبیرانەی تێدابوو کە دەیانویست وڵات بەرەو شەڕی ناوخۆ ببەن. بە تایبەت ناوزڕاندنی دەستەی نووسەرانی گۆڤاری یەکێتی نووسەرانیشی تێدابوو کە بە ئەنقەست ئەویان فریوداوە، بە گۆڕینی مانای وتارەکەی، وەک بەیاننامەیەکی دژی شۆڕشیان لێکردووە.

لەو پارچە کاغەزەدا هاتبوو کە چونکە ئەندامانی دەستەی نووسەران، نەیانوێراوە وەها وتارێک بنووسن، فێڵبازانە خۆیان لە پشت پزیشکێکی ساویلکەوە شاردۆتەوە.

کابرای قەڵەو، ترس و تۆقینی لە چاوی تۆماسدا بینی. بەرەو پێش نەویەوە و هاوڕێیانە بە ئەژنۆیدا کێشا:

«دکتۆر ئەمە گەڵاڵەیە! کاتی بیر لێکردنەوەت هەیە. ئەگەر حەز بکەیت دەتوانی یەک دوو ڕستەشی بگۆڕی. بێگومان ڕێدەکەوین. بەهەرحاڵ ئەم دەقە هی تۆیە!»

تۆماس لەوە دەچوو کە بترسێت تەنانەت بۆ ساتێکیش ئەو پەڕە کاغەزەی بە دەستەوە بگرێت، بە پەلە بۆ کابرای پۆلیسی گەڕاندەوە. پێیوابوو ئەگەر تۆزێکی تر لە دەستیدا ڕایبگرێت، شوێن پەنجەی لەسەر دەمێنێتەوە. کابرای پۆلیس لەبری وەرگرتنەوەی، بە سەرسووڕمانێکی ڕواڵەتییەوە دەستی بەرزکردەوە (وەک پاپا کە لەسەر باڵکۆن دەستی بەرز دەکاتەوە و حەشیمەتەکە تەبەڕوک دەکات.)

«بەڵام دکتۆر، بۆچی دەیدەیتەوە بە من؟ با لە لای خۆت بێت. لە ماڵەوە کاتت هەیە بە ئاسوودەیی بیری لێبکەیتەوە.»

تۆماس لە کاتێکدا بە سەبرەوە لاپەڕە کاغەزەکەی بۆ گرتبوو، سەری لەقاند. دواجار کارمەندی وەزارەتخانە وازی لە لاساییکردنەوەی پاپای پیرۆز ـ کە دوعا بۆ خەڵک دەکات ـ هێنا و کاغەزەکەی لێ وەرگرتەوە.

تۆماس دەیویست پێی بڵێت کە هەرگیز نە هیچ دەنووسێت، نە هیچیش واژۆ دەکات. بەڵام لە دوا ساتەکاندا شێوەی دەربڕینەکەی گۆڕی و بە ئارامی گوتی:

«من نەخوێندەوار نیم. بۆ دەبێ شتێک واژۆ بکەم کە خۆم نەمنووسیوە؟»

«زۆر چاکە دکتۆر. شێوازێکی پێچەوانە دەگرینە بەر. سەرەتا خۆت شتێک بنووسە و پاشان پێکەوە لێی دەکۆڵینەوە. لانیکەم وەک نموونەیەک سەرنج بەم نووسینەش بدە.»

بۆچی تۆماس گورج و بە ئاشکرا پێشنیاری کابرای پۆلیسی ڕەت نەکردەوە؟ ئەو بیریکردەوە: ئەگەرچی ئەم جۆرە نووسینانە بە گشتی ورەی نەتەوەکە دادەبەزێنن (ئەمەش شێوازی هەموو ڕووسەکان بوو)، بەڵام بەنیسبەت ئەوەوە بێگومان مەبەستێکی دیاریکراوی تریشیان هەبوو. ڕەنگە پۆلیس بیەوێت

زەمینە بۆ دادگاییکردنی نووسەرانی گۆڤاری یەکێتی نووسەران خۆش بکات، لەم حاڵەدا بەیاننامەکەی تۆماس وەک بەڵگەی تاوانی ئەوان بەکار دەهات، بۆ هێرشکردنە سەر یەکێتی نووسەرانیش لە میدیاکان، سوودی لێ وەردەگیرا.
ئەگەر ئەو بە پەلە و بە پێداگرییەوە پێشنیاری پۆلیسی ڕەت بکردایەتەوە، مەترسی ئەوە هەبوو کە ئەو دەقە ئامادەیە ـ بە واژۆیەکی ساختەوە ـ بڵاوبکەنەوە. دیارە هەرگیز هیچ ڕۆژنامەیەک بەرپەرچدانەوەکەی ئەوی بڵاو نەدەکردەوە! هیچ کەس لە دنیادا باوەڕی نەدەکرد کە خۆی ئەو وتارەی نەنووسیوە و خۆی واژۆی نەکردووە! ئەو پێشتر لەوە گەیشتبوو کە خەڵک ئەوەندە لە تێشکان و سووکبوونی یەکتر خۆشحاڵ دەبن، کە ناهێڵن بەرپەرچدانەوە و ڕەتکردنەوەکان، ئەو خۆشحاڵییەیان بتارێنێت.
ئەوەی کە پۆلیسی هیوادارکرد خۆی دەقێکی تایبەت دەنووسێت، دەرفەتی چارەسەرییەکی پێدەبەخشی.
ڕۆژی دوایی تۆماس داوای لەسەر کار لابرانی خۆیکرد. ئەو بە ڕاست پێی وابوو کاتێک بە خواستی خۆی تا نزمترین پلەی کۆمەڵایەتی دابەزێت (هەروا کە هەزاران ڕۆشنبیر لە پیشەکانی تردا دابەزیبوون) پۆلیس ئیتر وازی لێدەهێنێت. لەم هەلومەرجەدا ئەوان ئیتر ناتوانن بە ناوی ئەوەوە نووسینێک بڵاوبکەنەوە. چونکە ئیتر کەس بڕوا بەو شتە ناکات. ئەم بەیاننامە قێزەون و شەرمەزارانە، هەمیشە دەبووە هۆی شۆرەت و پێشکەوتنی واژۆکەرانی، نەک تەنەزول و دابەزینیان.
لە بوهێم پزیشکەکان کارمەندن، دەوڵەت ئەگەر حەز بکات دەتوانێت ڕازی بە دەست لەکار کێشانەوەیان بێت، بەڵام بەوەش ناچار نییە. ئەو کارمەندە کە تۆماس باسی دەست لەکار کێشانەوەی خۆی بۆکرد، ئاگاداری ناوبانگی هەبوو، ڕێزی لێدەگرت. ئەو هەوڵیدا پەشیمانی بکاتەوە. تۆماس نەیدەزانی بڕیارەکەی چاکە یان نا، بەڵام ئێستا هەستیدەکرد لەگەڵ نییەت و مەبەستی خۆی پەیمانی وەفاداری بەستووە، لەسەر بڕیارەکەی سوور بوو. ئەو دەستی بە کاری شووشە پاککردنەوە کرد.

٧

چەند ساڵێک لەوەو پێش، کاتێک لە ناو ڕێگەی زووریخ بۆ پڕاگ ئۆتۆمۆبێلی لێدەخوڕی، لە کاتێکدا بیری لە عەشقی خۆی بۆ ترێزا دەکردەوە، لەبەر خۆیەوە وتەی «پێویستە!»ی دەگوتەوە. کە لە سنوور پەڕیەوە، گومان و دوودڵی بەسەریدا زاڵبوو. تێگەیشت کە حەوت ساڵ لەوەوبەر، زنجیرەیەک ڕێکەوتی سەیر ــ کە بە نەخۆشیی سیاتیکی سەرۆکی بەش دەستیپێکرد ــ بەرەو ترێزا ڕاکێشراوە. کەواتە زنجیرە ڕێکەوتێک بەرەو ئەو زیندانەی دەگەڕاندەوە کە ئیمکانی دەربازبوونی لێی نەبوو.

ئایا ئەمە بەو مانایەیە کە «پێویستە!» یان پێویستییەکی بونیادی لە ژیانیدا نەبوو؟ بە بۆچوونی من، پێویستییەکی بونیادی لە ژیانیدا هەبوو کە دەبێ لە کار و پیشەی دا بۆی بگەڕێین نەک لە عەشقدا. ئەوەی کە ئەوی بەرەو کار و پیشەی پزیشکی ڕێنوێنی کردبوو، حەزێکی قووڵی دەروونی بوو، نەک ڕێکەوت یان جۆرێک حسێبگەری زیرەکانە.

ئەگەر بشێ مرۆڤەکان بە چەند دەستەی جیاواز دابەشبکرێن، بێگومان ئەم دەستەبەندییە دەبێ لەسەر ئەساسی حەزی قووڵ و بونیادیی ئەوان بێت. ئەو حەزە کە بەرەو چالاکییەک دەیانبات ژیانی خۆیانی بۆ تەرخان دەکەن. هەر فەڕەنساییەک لە فەڕەنساییەکانی تر جیاوازترە. بەڵام هەموو ئەکتەرەکانی دنیا، لە پاریس، لە پڕاگ و تەنانەت لە بچووکترین تیاتری شارەکانی تریش، لە یەکتر دەچن. کەسێک ئەکتەرە کە لە منداڵییەوە هەوڵ دەدا ژیانی خۆی بۆ خەڵکی نەناسراو نمایش بکات. ئەگەر کەسێک مل بەم کارە بونیادییە نەدات ــ کە هیچ پەیوەندییەکی بە بەهرەوە نییە و شتێکی قووڵتر لە بەهرەیە ــ ناتوانێ ببێت بە ئەکتەر. هەروەها پزیشکیش کەسێکە کە قبووڵی دەکات هەموو تەمەنی خۆی، بێئەوەی گوێ بە ئەنجامەکانی بدات، بۆ خزمەت بە لەشی مرۆڤ تەرخان بکات. ئەمە جۆرێک ڕێکەوتنی بونیادییە ــ نەک بەهرە یان کارامەیی ــ کە لە یەکەم ساڵدا چوونی ئەو بۆ هۆڵی شیکاری دەرەخسێنێت، ئیمکانی ئەوەی پێدەبەخشێت کە چەند ساڵ دواتر ببێت بە پزیشک.

کاتێک تۆماس بۆ یەکەمجار چەقۆی نەشتەرگەری خستە سەر لەشی پیاوێکی

بێهۆش، (وەک پارچە چەرمێکی بێ گیان یان وەک کراس یان تەنوورە یان پەردەیەک) بە چابووکی پێستەکەی دڕی، بۆ ساتێکی تیژتێپەر هەستی بەوەکرد کە خەریکە بێ حورمەتی بە شتێکی پیرۆز دەکات. بەڵام بێگومان هەر ئەم هەستە بوو کە ئەوی بەرەو خۆی ڕادەکێشا. ئەوە پێویستییەک بوو.«پێویستە»یەک، نەک ڕێکەوت و نەک نەخۆشی سیاتیکی سەرۆکی بەش و نەک شتێک کە لەوپەڕی بوونی ئەوەوە بێت. هیچکام لە مانە ئەویان بەرەو ئەم پێویستییە ڕانەکێشابوو.

بەڵام چۆن دەکرێ بەم پێداگرییە، بەم ئاسانییە، شانی لە ژێر باری ئەمانەتێکی وەها قورس لابدات؟

ئەو پێمان دەڵێت بۆ ئەوە خزمەتی بە پۆلیس نەکردبێت، دەستی لەکارکێشاوەتەوە. بەڵام ئەگەر ئەم گوتەیە لە ڕوانگەی تیۆریشەوە ڕاست بێت، لە خۆوە نیگەران بوو کە پۆلیس بە واژۆی ساختەی ئەوەوە بەیاننامە بڵاوبکاتەوە. ئەڵبەت ئێمە ناحەقمان نییە ئەگەر تەنانەت بۆ مەترسییە نامومکینەکانیش نیگەران بین. ئەوەشمان قبووڵە کە تۆماس لە دەست خۆی و لە دەستەوەستانی خۆی تووڕە بێت، بیەوێت خۆی لە پۆلیس ــ کە پەرە بە هەستی بێدەسەڵاتی ئەو دەدا ــ دوور ڕابگرێت. دیسان ئەوەشمان قبووڵە کە ئەو دەبوو پێشتر وازی لە پیشەکەی بهێنایە، چونکە کاری دەرمانی ئەسپیرین نووسین لە دەرمانخانە، لەگەڵ تێگەیشتنی ئەو لە پیشەی پزیشکی نەدەگونجا. بەڵام بەو حاڵەش، من ئەو بڕیارە کوتوپڕییەم پێ سەیرە. ئایا شتێکی قووڵتر، شتێکی بەدەر لە بیرکردنەوەی عەقڵانی، بۆ ئەو بڕیارە لە ئارادا نەبووە؟

## ٨

تۆماس بۆ خۆشحاڵکردنی ترێزا بتهۆڤنی خۆشدەویست، بەڵام زۆر حەزی لە موزیک نەبوو، دڵنیا نیم کە سەربوردەی ڕاستەقینەی ئەو مۆتیڤەی بتهۆڤن «ئایا پێویستە؟ پێویستە؟»ی بیستبێت.

ڕووداوی ئەو مۆتیڤە بەم شێوەیە: پیاوێک بە ناوی دێمبشێر[٣٧]، پەنجا

---

Dembscher ٣٧

فۆرین[٣٨] بە بتهۆڤن قەرزاربوو. کاتێک ئەو موزیک زانە هەمیشە دەستکورتە، بۆ وەرگرتنی قەرزەکەی چوو بۆلای کابرا، کاکی دێمبشێر ئاخێکی قووڵی هەڵکێشا و گوتی: «ئایا پێویستە؟» بتهۆڤنیش دەستبەجێ بە پێکەنینەوە وەڵامی دایەوە: «پێویستە!». ئەوسا بە خێرایی ئەو وشەیەی لە دەفتەرەکەیدا نووسی، لەسەر ئەم تیمە ڕاستەقینە، موزیکێکی بە چوار دەنگەوە دانا. سێ دەنگ دەخوێنێت: «پێویستە! پێویستە!بەڵێ، بەڵێ، پێویستە!» چوارەمین دەنگیش دەڵێت: «پارەکەت دەربێنە!»

ساڵێک لەوەو دوا، هەمان مۆتیڤ کاکڵی چوارەمین بەشی کۆتایی «کوارتێت، ئۆپوس (١٣٥) » دادەهێنێت. ئیتر بتهۆڤن بیری لە پارەکەی ئاغای دێمبشێر نەدەکردەوە. وشەی «پێویستە» بەلایەوە دۆخ و هەوایەکی زیاتر لە جاران بەشکۆی بوو، وەها کە دەتگوت چارەنووس خوڵقاندوویەتی. لە زمانی «کانت»دا تەنانەت «سەلام»یش ــ ئەگەر بە شیاوی حونجە بکرێت ــ لە کەلامێکی بان سروشتی دەچێت، چونکە زمانی ئەڵمانی زمانێکی قورسە. «پێویستە!» ئیتر قسەیەکی خۆش، یان نوکتەیەک نەبوو، بەڵکو بە مانای «بڕیاردانێکی جیدی» بوو.

کەواتە بتهۆڤن نوکتەیەکی تەوساوی کردبوو بە کوارتێتێکی جیدی. نوکتەیەک ببووە ڕاستییەکی بان سروشتی. ئەمە نموونەیەکی باشی گۆڕانی سووکی بە قورسی یە (بە بۆچوونی پارمنید گۆڕینی پۆزەتیڤ بە نیگەتیڤ). سەیرە کە ئێمە ئەم گۆڕینە بە سەرسووڕهێنەر نازانین. بە پێچەوانەوە، ئەگەر بتهۆڤن کوارتێتێکی جیدی خۆی بکردایە بە شۆخی و گاڵتەیەکی سووک (پارچە موزیکێک لە بارەی پارەی ئاغای دێمبشێر)، ئێمەی دەڕەنجاند. لەکاتێکدا ئەمەی بە تەواوی لەسەر ڕەوتی فکری پارمنیدە ــ قورسی بە سووکی، واتە نیگەتیڤی بە پۆزەتیڤ ــ گۆڕیوە! سەرەتا (بەشێوەی پلاتێکی ناتەواو) ڕاستییەکی مەزنی بان سروشتی، لە کۆتایی دا (لە شێوەی بەرهەمێکی تەواو) سووکترین نوکتەکانی لەبیر بووە. بەڵام ئێمە وەک پارمنید بیر ناکەینەوە.

من پێموایە تۆماس ماوەیەکی زۆر لە دۆخی گرژ و بەشکۆ و ڕیازەت ئاسای

---

٣٨ (Forint) ناوی پارەی مەجارستان

«پێویستە!» توورە بووە، لە قووڵایی دەروونیدا حەزێکی شاراوەی بۆ گۆڕینی قورسی بە سووکی ـ بەشێوەی پارمنید ـ هەبووە. با وەبیر خۆمانی بێنینەوە کە لە ڕابردوو دا، تۆماس لە ماوەی کەمتر لە یەک خوولەک بڕیاری ئەوەی دا کە ئیتر هەرگیز ژنی یەکەم و کوڕەکەی خۆی نەبینێت، تەنانەت کاتێکیش کە بیستی دایک و باوکی لێی تۆراون، ئاسوودەیی خۆی نەدۆڕاند. ئایا ئەمە شتێکی تری بێجگە لە جووڵەیەکی کوتوپڕی «پێویستە!» بووە؟ شتێکی نە زۆر مەعقوول بۆ ڕەتکردنەوەی بەرپرسایەتییەکی قورس و ناچاری؟

ئەگەرچی ئەو دەمە «پێویستە!»یەکی دەرەکی ـ کە ڕێکەوتنە کۆمەڵایەتییەکان دەیسەپێنن ـ بۆ ئەو لە ئارادا بووە، بەڵام «پێویستە!»ی سۆزی ئەو بۆ پزیشکی، پێویستییەکی دەروونی بووە. لەبەر ئەوەیە کە دەڵێم ئەمە پێویستییەکی دژوارتر بووە، چونکە لە ئەنجامی مەیلێکی فەرمانکارانەی دەروونیدا بووە، بە تین و تایەکی زیاترەوە بەرەو سەرچڵی ڕایکێشاوە.

نەشتەرگەربوون بە مانای بڕینی پێست و گۆشت، بینینی ئەو شتانەیە کە لە ناو لەشدا شاردراونەتەوە. ڕەنگە ئەم مەیلە، تۆماسی بەرەو بینینی ئەو شتە شاراوانە ـ ئەو دیوی «پێویستە!» ـ ڕاکێشابێت. بە گوتەیەکی تر: ویستوویەتی بزانێت کاتێک مرۆڤ خۆی لەو شتانە ڕزگار دەکات کە بە ئەرک و ڕەساڵەتی خۆی دەزانێت، لە ژیاندا چی بۆ دەمێنێتەوە.

بەهەرحاڵ، ئەو کاتێک خۆی بە خانمی بەڕێوەبەری دامودەزگای شووشە پاککردنەوەی پڕاگ ناساند، لەپڕ هەستی بە واقیعی بڕیارەکەی کرد، تووشی ترس و دڵەڕاوکە بوو. بەڵام کاتێک (دوای نزیکەی هەفتەیەک) خووی بەو دۆخە سەیر و سەمەرەی ژیانی تازەی گرت، لەپڕ تێگەیشت کە ئەمە سەرەتای پشوویەکی دوور و درێژە.

ئەو کارێکی دەکرد کە بەبێ بایەخی دەزانی، ئەمەش تووشی خۆشییەکی سەیری دەکرد. ئێستا، لە خۆشحاڵی ئەو کەسانە (کە پێشتر بەزەیی پیایاندا دەهاتەوە) دەگەیشت. ئەوانە کە بەهۆی «پێویستە!»یەکی دەروونییەوە بەرەو پیشەکەیان ڕانەکێشرابوون، دەیانتوانی کە دەستلەکار دەکێشنەوە پیشەکەشیان لە بیر ببەنەوە. ئەو تا ئێستا هەستی بەم خۆشی بێمەبالاتییە نەکردبوو. جاران

کاتێک نەیدەتوانی وەک خواستی خۆی نەخۆشێک نەشتەرگەری بکات، تووشی بێئومێدی و داماوی دەبوو، خەوی لێنەدەکەوت. تەنانەت مەیلی بۆ ژنانیش نەدەما. «پێویستە!»ی پیشەکەی، وەک دێوەزمەیەکی خوێنخۆر خوێنی دەمژی.

ئەو ئێستا بە گسکێکی گەورەی شووشە پاککردنەوەوە، بە هەموو شاری پڕاگدا دەگەڕا، سەیر ئەوە بوو هەستی دەکرد دە ساڵ گەنجتر بۆتەوە. ژنە فرۆشیارەکان لە فرۆشگاکان بە«دکتۆر» بانگیان دەکرد (تەپڵی تامتامی هەواڵنێریی شاری پڕاگ دەنگی ئێجگار بەرز بوو)، لە بارەی ئانفۆلانزا و ئێشی ئێسک و دواکەوتنی خووی مانگانەیان ڕاوێژیان لەگەڵ دەکرد. ئەم فرۆشیارانە کاتێک دەیانبینی کە تۆماس شووشەکان تەڕ دەکات، یان دەرکا و پەنجەرەی بەر فرۆشگاکان دەشوات، هەستیان بە شەرمەزاری دەکرد. ئەوان ئەگەر بیانتوانیایە وازیان لە مشتەرییەکانیان دەهێنا، شووشە پاککەرەوەکەیان لێ وەردەگرت، لەبری ئەو شووشەکانیان خاوێن دەکردەوە.

تۆماس زیاتر لە فرۆشگە گەورەکان کاری دەکرد، بەڵام دەزگاکە، جاروبار بۆماڵی خەڵکیشی دەنارد. لەم قۆناغەدا خەڵک هێشتا بەرامبەر بەو ڕۆشنبیرانە کە ڕژیم زوڵمی لێکردبوون، هەستیان بە هاوخەمی دەکرد. کاتێک کۆنە نەخۆشەکانی تۆماس زانیان ئەو شووشەی دەرگا و پەنجەرە خاوێن دەکاتەوە، بۆ ئەوەی داوای بکەن، تەلەفۆنیان بۆ دەزگاکە کرد. زۆربەیان بە بتڵێک شامپانیا یان ڤۆدگاوە پێشوازیان لێدەکرد. ئەوسا لەسەر پارچە کاغەزی کارەکەی دەیاننوسی کە چەند دەرگا و پەنجەرەی بۆ خاوێنکردوونەتەوە. پاشان بۆ ماوەی دوو کاتژمێر بە خۆشی یەکترەوە دەیانخواردەوە و قسەیان دەکرد. بۆیە کاتێک سەر ڕێ دەکەوت کە بچێت بۆ ماڵ یان دووکانێکی تر، زۆر شاد و سەرخۆش بوو.

ئەفسەرە ڕووسەکان بنەماڵەکانیشیان هێنا. قسە و خوتبەی پڕ لە هەڕەشەی کارمەندانی وەزارەتی ناوخۆ ـ کە جێی ڕۆژنامەوانە دەرکراوەکانیان گرتبۆوە ـ لە ڕادیۆوە بڵاودەبۆوە، ئەویش وەک پیاوێکی سەرخۆش ـ کە لە جەژن و ئاهەنگێکەوە بەرەو جەژن و ئاهەنگێکی تر دەچێت ـ بە ڕەتڵ دان لە

شەقامەکانی پراگ، لە خواردنەوەیەکەوە بۆ خواردنەوەیەکی تر دەچوو. تۆماس لە پشوویەکی دوور و درێژدا بوو.
ئەو بۆ تافی ژیانی ڕەبەنیی گەڕابوویەوە، چونکە ئیتر بە کەمی ترێزای دەبینی. تەنیا شەوان، کاتێک ترێزا لە بارەکە دەگەڕایەوە بۆ ماڵ، بەیانیان کە خۆی بە پەلە بۆ سەر کارەکەی دەچوو، ئەوی دەبینی. شەوان بە خەواڵوویییەوە سەیرێکی دەکرد و بەیانیانیش ترێزا خەواڵوو بوو. تۆماس شانزە کاتژمێر بە تەنیا بوو، بە شێوەیەکی چاوەڕوان نەکراو ئەم ئازادییەی بۆ ڕەخسابوو.

٩

کاتێک هاوڕێکانی تۆماس لێیان دەپرسی لە ژیانیدا لەگەڵ چەند ژن دا بووە، هەوڵی دەدا خۆی لەو پرسیارە بدزێتەوە. بەڵام کە ڕووبەڕووی پێداگری ئەوان دەبۆوە، دەیگوت:
«دوو سەد ژن. شتێک کەمتر یان زیاتر.» حەسوودی هاوڕێکانی هانی دەدا درێژەی پێ بدات: «زۆر نییە، ها؟» ئەوسا وەک ئەوەی بیەوێ بەرگری لە خۆی بکات، گوتی:
«من بیست و پێنج ساڵە لەگەڵ ژنانم. ئێوە ئەگەر دووسەد بە سەر بیست و پێنج دا دابەشبکەن، دەبینن کە ساڵی دەبێتە هەشت ژن. زۆر نییە، ها؟»
بەڵام ژیانی هاوبەش لەگەڵ ترێزا شێوازەکەی گۆڕی. ئەو ناچار بوو بە هۆی گرفتی کار و پیشەکەی، ماوەی بوونی لەگەڵ ژنان کورت بکاتەوە (بە قەدەر مەودای نێوان شوێنی کارکردن و ماڵەوە). وێڕای ئەو ماوە کورتەش، بوونی لەگەڵ ژنان بوونێکی بەسوود بوو (وەک جووتیارێک کە بە هەموو توانای خۆی باریکە زەوییەک دەکێڵێت). ئەوە هیچی لەم ماوەی شانزە کاتژمێرە نەدەچوو کە ئێستا پێی درابوو (من دەڵێم شانزە کاتژمێر، چونکە ئەو هەشت کاتژمێرەش کە بە ڕواڵەت خەریکی پاککردنەوەی شووشەی پەنجەرەکان بوو، بە کچە فرۆشیارەکان و ژنانی ناو ماڵ و کارەکەرەکان پڕی دەکردەوە و ئەمانەش چالاکییەکی بەهێزی سێکسی تێدابوو).
تۆماس لە ناو ئەم ژنانەدا لەچی دەگەڕا؟ چی ئەوی بۆ لای ئەم ژنانە ڕادەکێشا؟

ئایا ئەم ڕابواردنەی دووبارە بوونەوەی هەتا هەتایی شتێک نەبوو؟
نا، هەمیشە شتێکی بچووک هەیە کە وێنا ناکرێت. کاتێک ئەو چاوی بە ژنێکی پۆشتە دەکەوت، بیری لەوە دەکردەوە بڵێی ئەو ژنە بە ڕووتی چۆن بێت. (ئەزموونی کاری پزیشکی تەواوکەری ئەزموونی بوونی لەگەڵ ژنان بوو.) بەڵام لە مابەینی وێناکردن و مەزندەکردنی خەیاڵێک لەگەڵ بەواقیعکردنی، بۆشاییەکی بچووک هەبوو کە لە خەیاڵیدا نەدەگونجا. ئەم بۆشاییە نەیدەهێشت بحەسێتەوە. ئەو بەردەوام خەریکی لێکۆڵینەوە لەو بۆشاییە و کەشفکردنی ڕووتی بوو. زیاتر پێی لێ ڕادەکێشا: بڵێی ئەو ژنە بە ڕووتی چۆن بێت و چۆن هەڵسوکەوت بکات؟ لە کاتی دەستلەملانێدا چی بڵێت؟ دەنگی هەناسەی چۆن بێت؟ لەوپەڕی خرۆشان و چێژدا ڕووخساری چۆن بگۆڕێت؟
هەموو شتێکی تایبەت لە بارەی «من»، لە ڕاستیدا خۆی لە پشت ئەو شتانەوە دەشاردەوە کە لەبارەی کەسێکی ترەوە وێنا نەدەکرا. هەموو ئەو شتانەی کە ئێمە دەتوانین وێنای بکەین و کەسێک وەک کەسێکی تر لێدەکات، شتێکە کە هەموو مرۆڤەکان بە شێوەی هاوبەش هەیانە. «من»ی تاکەکەس شتێکی لە ئاپۆرە هاوبەشەکە جیاوازە. شتێک کە نە دەکرێ مەزندە بکرێت و نە حسێبی بۆ دەکرێت. شتێک کە دەبێ پەردەی لەسەر هەڵبدرێتەوە و دەستی بەسەردا بگیرێت.
تۆماس کە لە ماوەی دە ساڵی کۆتایی پیشەی پزیشکییەکەی کاری لەسەر مێشکی مرۆڤ کردبوو، دەیزانی هیچ شتێک لەوە گرانتر نییە کە دەست بەسەر «من»ی مرۆڤێکدا بگرێت. خاڵە هاوبەشەکانی نێوان هیتلەر و ئەنیشتاین، یان برێژنێڤ و سولژنستاین، گەلێک زیاتر لە خاڵە جیاوازەکانیانە. بە زمانی ژمارە، دەکرێ بڵێین ڕێژەی جیاوازییەکان یەک بە یەک ملیۆن، ڕێژەی هاوبەشییەکان نۆسەد و نەوەت و نۆ هەزار و نۆسەد و نەوەت و نۆ بە یەک ملیۆنە.
تۆماس ئارەزووی کەشف و زاڵبوون بەسەر ئەو یەک لە ملیۆنەی هەبوو، بە داڵغەی سەرەکی خۆی دەزانی. ئەو زیاتر لەوەی کە مەیلی بۆ ژنان ببێت، حەزی دەکرد بزانێ لە هەر ژنێکدا چی لە وێناکردن نایەت. بەواتایەکی تر، دەیویست بزانێ ئەو بەشی یەک لە ملیۆنە کە ژنێک لە ژنانی تر جیادەکاتەوە

چییه. لێرەدا ڕەنگە مەیلی ئەو، بۆ نەشتەرگەری و حەزکردنی لە ژنان یەکیان گرتبێتەوە. ئەو تەنانەت لەگەڵ دۆست و مەئشووقەکانیشی هەرگیز نەیدەتوانی خەیاڵی چەقۆی نەشتەرگەری وەلاوە بنێت. لەو کاتەوە کە دەیویست لە قووڵایی دەروونیاندا دەست بەسەر شتێکدا بگرێت، حەزی لە دڕین و کردنەوەیان بوو. ڕەنگە پرسیاری ئەوە بکەن کە تۆماس بۆچی لە سێکس و دەستلەملانێدا بە شوێن ئەو یەک لە ملیۆن جیاوازییەوە بوو، نەک شتێکی تر؟ بۆچی نەیدەتوانی، بۆ نموونە، لە ڕێ ڕۆیشتن یان خواردن یان سەلیقەی هونەریانەیدا بۆ ئەو جیاوازییە بگەڕێت؟

بە دڵنیاییەوە ئەو یەک لە ملیۆنە لە هەموو لایەنێکی بوونی مرۆڤدا هەیە. بەڵام تەنیا لە سێکسدا شاراوەیە، لە لایەنەکانی تردا پێویست بە کەشف و چەقۆی نەشتەرگەری ناکات. ژنێک حەزی لە پەنیرە، ژنێکی تر ڕقی لە گوڵە کەلەرمە، ئەگەرچی هەر کامەیان ڕەنگە بەم شێوەیە فەردانییەتی خۆیان دەرببڕن، بەڵام ئەم شێوە دەربڕینە وادارمان دەکات کە لە ئاستیاندا بێمەبالات بین، بەهۆی ئەم نالێکچوونەوە چاوەڕوانی شتێکی بەبایەخ نەبین. چونکە لە غەریزەی سێکسدایە کە ئەم جیاوازییە یەک لە ملیۆنە بەهادار دەبێت. نەوەک لەبەر ئەوەی کە لەبەر چاوی خەڵک دەستی بەسەردا ناگیرێت، بەڵکو چونکە دەبێ دەستی بەسەردا بگیرێت. لە ماوەی ئەم پەنجا ساڵەی ڕابردوو، ئەم دەستبەسەردا گرتنە ماوەیەکی زۆر دەخایەنێت (چەند هەفتە یان چەند مانگ). بەهای ئەو شتە دەستبەسەردا گیراوە بە قەدەر ئەو ماوەیە کە بۆی تەرخاندەکرێت. تەنانەت ئیمڕۆش، ئەگەر زەمەنی دەستبەسەردا گرتنەکە بقرتێت، غەریزەی سێکس وەک سندووقێکی قایمە کە ڕەمزی «من»ی ژنێکی تێدا بێت. کەواتە ئەمە داوایەک بۆ چێژبردن نەبوو (چێژ بەمانای شتێکی زیادە یان پاداشتێک)، بەڵام دەستگرتن بەسەر ناوچەیەک (دڕینی ئەندامێکی ئەو ناوچەیەیە بە چەقۆی نەشتەرگەری) کە ناچاری دەکرد بەشوێن ژناندا بکەوێت.

١٠

ئەو پیاوانەی کە حەز لە زۆر ژن دەکەن، بە دوو بەش دابەشدەکردێن. هەندێکیان لە هەموو ژناندا بە شوێن خەونە نەگۆڕ و زهنییەکانی خۆیان لە بارەی ژنێکەوەن. ئەوانی تر بەتەمای ئاواتی داگیرکردنی جیاوازییە بێکۆتاییەکانی هەرێمی بەرهەست و عەینی ژنانن، تووشی خرۆشان و هەڵچوون دەبن.
داڵغەی دەستەی یەکەم عاشقانە یان لیریکییە[٣٩]: ئەوەی ئەوان لە ژناندا لێی دەگەڕێن، ئەوەیە کە بە لێکدانەوەی شتێک کە هەرگیز نایبیننەوە بە شوێن خۆیان و ئیدیالەکانیان و وێنا زهنییەکانیانەوەن. ئەوان زۆرجار نائومێد دەبن و هەر ئەو نائومێدییەش لە ژنێکەوە بەرەو ژنێکی تر ڕایاندەکێشێ، پاساوێکی ڕۆمانتیکی بە بێوەفاییەکەیان دەبەخشێت. وەها کە زۆرێک لە ژنانی هەستیار، دەکەونە ژێر کاریگەری دەمپاراوی عاشقانەیان.
داڵغەی دەستەی دووهەم بەجۆش یان ئێپیکییە[٤٠]، ژنان بێجگە لە دەست بۆ بردن هیچی تری تێدا بەدیناکەن. لەم حاڵەتەدا پیاو هیچ ئیدیالێکی زهنی خۆی بەسەر ژناندا فەرز ناکات، چونکە هەموو شتێک دەتوانێت ڕازی بکات، کەواتە هیچ شتێک نائومێدی ناکات. ئەم نەبوونی وزەی نائومێدییە شتێکی خراپی لێدەکەوێتەوە. کەواتە داڵغەی مێبازی بەجۆش، بەلای خەڵکەوە وەک نەبوونی پاکژییە (پاکژی بە هۆی نائومێدییەوە).
لەبەر ئەوەی کە پیاوی مێبازی عاشقانەی (لیریکی) هەمیشە بە شوێن جۆرێک لە ژنی تایبەتەوەیە، ئێمە تەنانەت ناتوانین لەوە تێبگەین کە کەی ژنێک بە ژنێکی تر دەگۆڕێتەوە. هاوڕێیەکانی ئەو پیاوە بەردەوام لە بەرامبەر دۆست و مەئشووقەکانیدا تووشی هەڵە و سەرلێشێواوی دەبن، هەموویان بە ناوێک بانگ دەکەن.
پیاوی مێبازی بەجۆش (ئێپیکی) بۆ ئەوەی کە پەرە بە زانست و تێگەیشتنی خۆی بدات ڕوو لە جوانییە ستانداردەکان، شتێک کە زوو لێی ماندوو دەبێ، وەردەگێڕێت. بۆیە ئەم پیاوانە وەک کەلکسیۆنێرە کونجکۆڵەکان. ئەوان

٣٩ Lyrical

٤٠ epical

خۆشیان لەم ڕاستییە دەگەن و تا ڕادەیەک هەست بە شەرمەزاری دەکەن. ئەوان بۆ ئەوەی لەلای هاوڕێیەکانیان خۆیان لەم شەرمەزارییە بدزنەوە، بەکەمی دۆست و مەئشووقەکانیان دەبەنە ناو خەڵکەوە.
تۆماس بۆ ماوەی نزیکەی دوو ساڵ شووشەشۆر بوو. کاتێک ناردیان بۆ لای مشتەرییەک کە ڕوواڵەتێکی سەیری هەبوو، لەیەکەم ساتی بینینیدا داچڵەکی. ئەو ژنە وێڕای ڕوواڵەتی سەیر و سەمەرەی زۆر بەویقار و بێ دەمار بوو. ژنێکی زۆر باڵابەرز، تەنانەت باڵا بەرزتر لە تۆماسیش، لووتێکی زۆر درێژی هەبوو کە نەدەکرا بە جوان و سەرنجراکێشی بزانێت (هەموو کەس بۆ ئەو لووتەی لۆمەیان دەکرد). لەگەڵ ئەوەش لانیکەم بە لای تۆماسەوە لووتێکی ناحەز نەبوو. ژنەکە دەرپێیەکی ناوماڵ و بلووزێکی سپی لەبەرکردبوو، تێکەڵەیەک لە زەرافە و حاجی لەق لەق و کوڕێکی هەستیاری دەنواند.
ئەو بە نیگایەکی قووڵ و ورد و کونجکۆڵ لە چاوی تۆماس ڕاما، کە بە زیرەکی دەدرەوشایەوە. گوتی:
«وەرە ژوور دکتۆر.»
ئەگەرچی تۆماس زانی کە ژنەکە دەیناسێت بەڵام بەسەرخۆی نەهێنا. لێی پرسی:
«لە کوێ دەتوانم کەمێک ئاو بهێنم؟»
ژنەکە دەرکەی حەمامی بۆ کردەوە و تۆماس حەوزێکی خۆشوشتن و ئاودەستێکی بینی. لەبەر حەمام و ئاودەستەکەدا قالیچەیەکی پەمەیی مینیاتۆریان ڕاخستبوو.
کاتێک ئەو ژنە کە لە زەرافە و حاجی لەقلەق دەچوو زەردەخەنەی کرد، چاوی وێکهاتەوە و پێی وابوو هەموو شتەکان پڕ لە کینایە و پەیامی پڕ لە ڕاز و ڕەمزن. گوتی:
«بە حەمامی خۆتی بزانە، دکتۆر. چیت پێخۆشە لێی بکە.»
تۆماس گوتی:
«دەکرێ ئاوێک بە خۆمدا بکەم؟»
ژنەکە گوتی:

« پێتخۆشە ئاو بەخۆتدا بکەیت؟»
تۆماس سەتڵەکەی پڕ لە ئاوی گەرم کرد و بەرەو هۆڵەکە چوو.
« پێتخۆشە لە کوێوە دەست پێبکەم؟»
«ژنە لە کاتێکدا بە بێمەبالاتییەوە شانی هەڵدەتەکاند، گوتی:
«چۆنت پێخۆشە وابکە.»
«دەکرێ پەنجەرەی ژوورەکانی تریش ببینم؟»
«لەوە دەچێ بتەوێت سەیری هەموو لایەک بکەیت!»
بە زەردەخەنەکەیدا وادیار بوو کە شتنی شووشەی پەنجەرەکان ئیشتیایەک بووە کە ئێستا نەیماوە.
تۆماس چوو بۆ ژوورەکەی تر. ژووری خەوتن پەنجەرەیەکی گەورەی هەبوو. دوو قەرەوێڵە لە پاڵ یەکتر دانرابوون، تابلۆیەکیش بە دیوارەکەوە بوو کە دیمەنی وەرزی پاییزی بە کۆمەڵێک دار و درەخت و هەتاوی دەمەو ئێوارەوە، دەنواند. کاتێک تۆماس ئەو ژوورەی بەجێهێشت، لە هۆڵەکە بتڵێکی سەر هەڵپچڕاوی شەراب و دوو پەرداخی لەسەر مێزەکە بینی.
«پێت چۆنە شتێک بخۆیتەوە بۆ ئەو کارە گەورەیەی کە دەبێ بیکەیت تا هێز و گوڕت بداتێ؟»
تۆماس گوتی: «چاکە کەمێک دەخۆمەوە.» ئەوسا لەسەر کورسییەک دانیشت.
ژنەکە گوتی:
«کارەکەی تۆ بە شێوەیەکە ئاگات لە ژیانی زۆر کەس هەیە.»
«گلەییم نییە.»
«هەموو ژنانی ناو ماڵ بەتەنیا لە ماڵەوە چاوەڕوانتن.»
«مەبەستت دایە گەورە و خەسووەکانە؟»
«ئایا تاسەی پیشەکەی پێشووت ناکەیت؟»
«تۆ چۆن بە پیشەی پێشووی منت زانیوە؟»
ژنە حاجی لەق لەقییەکە گوتی:
«سەرۆکەکەت حەز دەکات خۆی بە تۆوە هەڵبکێشێت.»

تۆماس بە بێ باوەڕییەوە گوتی:
«دوای ئەم ماوە زۆرەش؟»
«کاتێک بە تەلەفۆن داوای کەسێکی شووشە شۆرم لێکرد، تۆی بۆ پێشنیار کردم. ئەمە لە کاتێکدا بوو کەمن داوای تۆم نەکردبوو. ئەو گوتی تۆ نەشتەرگەرێکی بەناوبانگ بوویت کە لە نەخۆشخانە دەریان کردوویت. دیارە ئەمەش سەرنجی منی ڕاکێشا.»
«تۆ زۆر کونجکۆڵیت.»
«کونجکۆڵییەکەم ئەوەندە ئاشکرایە؟»
«بە چاوتا دیارە.»
«بۆچی چاوم چۆنە؟»
«بەسیلەی چاو سەیر دەکەیت. ئەڵبەت بە پرسیارەکەشتا دیارە.»
«مەبەستت ئەوەیە کە ناتەوێ وەڵامم بدەیتەوە؟»
وتووێژەکەیان لە سەرەتاوە خۆش و حەکەدارانە بوو. قسەکانیان پەیوەندی بە دنیای دەرەوە نەبوو، لەبارەی خۆیانەوە بوو. زۆر بە ڕاشکاوی پێکەوە دەدوان و هیچ شتێک لەوە ئاسانتر نەبوو کە بە دەست بۆ بردن وشەکانیان تەواو بکەن. کاتێک تۆماس ئاماژەی بەسیلەی چاو ڕوانینی کرد، دەستی بە چاوی خۆیدا هێنا و ژنەکەش ئەو کردەیەی دووبارە کردەوە. ئەمە پەرچە کردارێکی لەخۆڕا نەبوو. دیار بوو ژنەکە بەوشیارییەوە دەستی بە گەمەی «ئەوەی من دەیکەم تۆش بیکە» دەکرد. بەم شێوەیە ئەوان لە بەرامبەر یەکتر دانیشتبوون و قۆناغ بە قۆناغ دەستیان بەرەو لەشی یەکتر دەجووڵاند.
ژنەکە ناڕەزایەتی نەدەنواند، تا ئەوەی کە تۆماس دەستی بۆ ناو ڕانی ڕاکێشا و ئەو نەیکرد. تۆماس نەیدەزانی ئەو نەکردنەی چەندە بە ڕاست و جیدییە. لەبەر ئەوەی ماوەیەکی زۆر تێپەڕیبوو، ئەو ناچاربوو تا دە خوولەکی تر لە ماڵی مشتەرییەکەی تری بێت، هەستایە سەر پێ و بە ژنەکەی گوت کە دەبێ بڕوات.
ڕووخساری ژنەکە سوور هەڵگەڕا. گوتی:
« دەبێ بەرگەی کارکردنەکەت بۆ واژۆ بکەم.»

تۆماس گوتی:
« بەڵام من کارێکم نەکردووە.»
«خەتای من بوو.» ئەوسا بە دەنگێکی نەرم و بێ تاوانانە درێژەی پێدا:
«پێم وابێت بەمزووانە دەبێ داوات لێبکەم کە بێیتەوە، ئەو کارە کە قەراربوو بیکەیت و من نەمهێشت، بیکەیت.»
کە تۆماس بەرگەی کارکردنەکەی پێنەدا، ژنەکە بە ئارامی، وەها کە بیەوێت چاکەیەکی لەگەڵ بکات، گوتی:« تکایە بمدەرێ.» ئەوسا دیسان بەسیلەی چاو سەیری کردەوە و درێژەی بە قسەکانیدا: «هەرچی بێت من پارەکەی نادەم، مێردەکەم دەیدا. ئەو پارەیەش بە تۆ نابڕێت، بە شەریکەکە دەبڕێت. کەواتە ئەم مامەڵەیە هیچ پەیوەندییەکی بە ئێمەوە نییە.»

١١

ئەو ژنە کە لە زەڕافە و حاجی لەق لەق دەچوو دنەی زهنی دەدا. تێکەڵەیەک لە حەکەداری و دەستەوەستانی، تەمەنایەکی سێکسی هاوسەنگ لەگەڵ بزەیەکی کینایی، دابونەریتی ناو ماڵ و ڕەسەنایەتی خانەخوێ. بڵێی ئەگەر پێکەوە عەشقبازی و دەستلەملانێ یان بکردایە ئەو ژنە لە چی بچووایە؟ تۆماس زۆری هەوڵدا، بەڵام نەیتوانی وێنای بکات. ئەو تا ماوەیەکی زۆر نەیدەتوانی بیر لە هیچ شتێکی تر بکاتەوە.
جارێکی تر کە بەپیر داواکەیەوە چوو، شەراب و دوو پەرداخ لەسەر مێزەکە چاوەڕوانی بوون. ئەمجارە هەموو شتێک وەک کاتژمێر ڕێکوپێک بوو. ئەوان لە ژووری خەوتن بەرامبەر بە یەکتر ڕاوەستابوون (لەو شوێنە کە هەتاوی دەمەو ئێوارە خەریکبوو لە پشت دار و درەختی تابلۆکەوە ئاوادەبوو.) زۆری نەخایاند کە یەکتریان ماچکرد. بەڵام کاتێک تۆماس داوای لە ژنەکە کرد کە ڕووت ببێتەوە، ژنە نەک هەر بە قسەی نەکرد، بەڵکو فەرمانەکەی ئەوی بە فەرمانێک وەڵام دایەوە: «نا، لە پێشدا تۆ.»
ئەم وەڵامە نائاساییە تا ڕادەیەک تۆماسی داچڵەکاند. ژنەکە دەستی بە کردنەوەی زریزەی پانتۆڵەکەی ئەو کرد. تۆماس ناچار بوو مل بە ڕێکەوتنێک

بدات. بە پێی ئەو یاری و گەمەیە کە ژنەکە لە دواهەمین دیداریاندا (دیداری پێشوو) دایمەزراندبوو (ئەو کارە بکە کە من دەیکەم) ژنەکە پانتۆڵەکەی ئەوی داکەند و ئەویش تەنوورەی ژنەکە. ژنەکە کراسی ئەوی داکەند و ئەویش بلووزەکەی. تا ئەوەی کە ئەوان تەواو ڕووتبوونەوە. تۆماس دەستی بۆ دواوەی برد و قامکی بەرەو کۆمییەی جووڵاند. بەرەو شوێنێک کە لە هەموو جێیەکی ژنان زیاتری پێی خۆشبوو. کۆمییەی ژنەکە بە شێوەیەکی نائاسایی بەرجەستە و قوت بوو. ورگ و ڕیخۆڵەیەکی درێژی دەهێنایە بەرچاو کە بە قووتی و بەرجەستەییەک کۆتایی پێ دەهات. تۆماس دەستی بۆ ئەو شوێنە برد کە پزیشکەکان پێی دەڵێن سپینگتەر[٤١]. لەو کاتەدا هەستی بە قامکی ژنەکە کرد کە کتومت لاسایی ئەوی دەکردەوە.

ئەگەرچی پێشتریش ئاماژەم بەوە کردووە کە تۆماس زیاتر لە دوو سەد ژنی دەناسی (جگە لەو ژنانەی کە لە ماوەی شووشە شۆریەکەدا ناسیبوونی) وێڕای ئەوەش ئەو ئێستا لەگەڵ ژنێکی لە خۆی باڵابەرزتر بوو، بەسیلەی چاو سەیری دەکرد و قامکی بۆ کۆمییەی دەبرد. تۆماس بۆ ئەوەی بەسەر ئەم هەستە ناخۆشەیدا زاڵبێت، ژنەکەی خستە سەر قەرەوێڵەکە. ئەو ئەم کارەی ئەوەندە گورجکرد کە ژنەکە هیچی پێنەکرا. تۆماس لەگەڵ ئەوەدا کە بە پشتدا خستی و دەستی بۆ گۆناکانی برد، ترسەکەی نەما و هێوربۆوە. ئێستا ئەو بەسەرییەوە بوو قاچی پێ بەرزکردبۆوە. لەپڕ قاچەکانی وەک دوو دەستی هەڵبڕاوی سەربازێک هاتە بەرچاو، کە لە بەرامبەر چەکێک کە نیشانەی لێگرتبوو، تەسلیم بوبێت.

ناشیگەریی ژنەکە تێکەڵ بە گوڕ وتین ببوو، ئەوەش تۆماسی تا ڕادەیەکی ئێجگار زۆر خرۆشاندبوو. ئەو بۆ ماوەیەکی زۆر لەگەڵ ژنەکەدا ڕایبوارد. بەردەوام سەیری ڕوومەتی دەکرد، لەو ترس و دڵەکووتەیەی ورد دەبۆوە کە بەرئەنجامی ئەو تەسلیمبوونە، ئەو هەڵخزانە ئەخلاقییەی هەبوو. ئەو دۆخە بێ وێنەیە کە زهنی تۆماسی تووشی هەڵچوون کردبوو.

پاشان تۆماس چوو بۆ حەمام تا ئاوێک بە خۆیدا بکات. ژنەکە شوێنی کەوت

Spingter ٤١

و زۆر بە وردی باسی شوێنی سابوون و لفکە و چۆنییەتی کردنەوەی ئاوە گەرمەکەی بۆ کرد. تۆماس بەلایەوە سەیر بوو کە ئەو ژنە بۆچی ئاوا بە وردی لە بارەی ئەم شتانەوە بۆی دەدوێت. لەئەنجامدا ئەو ناچار بوو بە ژنەکە بڵێت لە قسەکانی گەیشتووە، داوای لێ بکات لە حەمامەکە بچێتە دەر.

ژنە بە دۆخێکی تکاکارانەوە گوتی: «ڕێگەم پێنادەی لەلات ڕاوەستم و سەیرت بکەم؟»

تۆماس دەریکرد. لە کاتێکدا حەمامی دەکرد و بە پێوە لە ئاودەستەکەدا دەمیست (وەک خووی هەموو پزیشکەکانی چیک) پێی وابوو کە ژنەکە بەردەوام لەپشت دەرگاکەوە هاتوچۆ دەکات و لە ڕێگەیەک دەگەڕێ کە خۆی بە حەمامەکەدا بکات. کاتێک ئاوە گەرمەکەی گرتەوە و ماڵەکە لە بێدەنگی ڕۆچوو، تۆماس هەستیکرد کە چاوی تێبڕاوە. ئەو دڵنیابوو کونێک هەیە کە ئەو ژنە لەوێوە بە دزییەوە سەیری دەکات.

ئەو بە سەرخۆشییەوە لە حەمام هاتەدەر. لەکاتێکدا هەوڵی دەدا ماهییەتی ئەو ژنە لە مێشکیدا ڕابگرێت، وەک فرموولێکی کیمیاوی، کە توانای شیکردنەوەی تاکایەتی و یەک لە ملیۆن جیاوازییەکانی ئەو ژنەی ببێت، بە ڕووداوەکەدا بچێتەوە. ئەو پەی بەم سێ شتە برد:

١) ناحەزی لەگەڵ گوڕوتین.

٢) ڕوومەتی تۆقاوی کەسێک کە هاوسەنگی خۆی دۆڕاندووە و خەریکە دەکەوێت.

٣) ئەو قاچانە کە بەرزبوونەتەوە، لەدەستی سەربازێک دەچن کە لە بەرامبەر چەکێکدا بەرز بووبێتنەوە و تەسلیم بووبێت.

تۆماس کاتێک بەمانەدا دەچووەوە، هەستی بە چێژی دۆزینەوەی بەشێکی تر لەو دنیایە دەکردوە کەبەر چەقۆی نەشتەرگەری ئەو کەوتبوو.

## ١٢

تۆماس هاوکات ئەم ئەزموونەشی هەبوو: ئەو هەموو ڕۆژێک لە ژووری کۆنە هاوڕێیەکی، ژنێکی گەنجی دەبینی. پاش یەک دوو مانگ، ئەو ژنە شەڕ و دەمەقاڵەیەکی خۆیانی وەبیرخستەوە: ئەوان لە ژوورەکەدا لە سەر قاڵیچەیەک دەستلەملانێ یان دەکرد، لە کاتێکدا لە دەرەوەی پەنجەرەکە هەورە برووسکە بوو. دەستلەملانێ و عەشقبازی ئەوان لە کاتی هەورە برووسکەکە ئەوەندە جوان بوو کە فەرامۆش نەدەکرا.

تۆماس ترسا. ئەرێ، ئەو دەستلەملانێیەی سەر قاڵیچەکەی لەبیر بوو (ژنەکە لەسەر قەرەوێڵەیەکی باریک ڕاکشابوو کە بەلای تۆماسەوە ڕەحەت نەبوو) بەڵام هەورە برووسکە و تۆفانەکەی لەبیر نەبوو. فەرامۆشی کردبوو. شتێکی سەیربوو، تۆماس هەموو کاتەکانی پێکەوە بوونیانی لە بیر بوو، تەنانەت شێوەی عەشقبازی و دەستلەملانێیەکەشیان (ژنە کە نەیهێشتبوو لە دواوە سواری بێت)، چەند قسەیەکیشی بیر دەهاتەوە کە ژنەکە لەو کاتەدا پێی گوتبوو. ئەو داوای لێکردبوو بیگووشێت و ئەوەندە سەیری نەکات. ئەو تەنانەت لە بیری بوو کە ژنەکە درەنگ تەواو ببوو، بەڵام تۆفانەکەی لەبیر نەبوو.

تۆماس لە هەموو ئەزموونێکی دەستلەملانێدا تەنیا ڕێگەی لێژ و باریکی زاڵبوونەکانی خۆی لەبیر دەما. یەکەم هێرشی زمانی، یەکەم دەستبۆبردن، یەکەم قسە قۆڕەکان کە بە یەکتریان دەگوت، داوا نائاساییە بچووکەکانی خۆی و خۆ بەدەستەوە نەدانی ژنەکە. تۆماس بێجگە لەمانە هیچی تری لە بیر نەدەما. تەنانەت لە بیری نەدەما لە کوێ ئەم یان ئەو ژنەی بینیبوو. ژنە گەنجەکە بەدەم بزەوە باسی تۆفان و هەورە برووسکەی بۆ دەکرد، تۆماسیش بەسەرسامییەوە سەیری دەکرد و شەرمەزاربوو. ئەو زۆر شتی جوانی لە بیر بوو کە تۆماس نەیدەتوانی لە گەڵیدا دووبارە تاقی بکاتەوە. پەرچەکرداری یادەوەری جیاوازیان بۆ تۆفان و هەورە برووسکەی ئەو ئێوارەیە، نەیدەهێشت عەشقبازی و دەستلەملانێ بکەن.

من نامەوێ بە وشەی «دەستلەملانێ نەکردن» ئاماژە بەوە بکەم کە تۆماس

بەرامبەر بەو ژنە گەنجە ڕوانگەیەکی ڕەشبینانەی هەبوو (ئەو دیدە کە لە گەڕەکی سۆزانییەکاندا زاڵە). ئەوە ڕاست نییە کە بگوترێت تۆماس تەنیا وەک بابەتێکی سێکسی سەیری ئەو ژنەی دەکرد. بە پێچەوانەوە، خۆشی دەویست و بەهای پێدەدا و پێی خۆشبوو یارمەتی بدات. تۆماس کەسێک نەبوو کە لەگەڵ ئەو ژنەدا بە شێوەی خراپ هەڵسوکەوت بکات، بەڵام ئەوە یادەوەرییەکەی بوو کە ئەو ژنەی لە بازنەی عەشقی وەدەر دەنا. مێشکی ئێمە بەسەر ناوچەیەکی یادەوەریماندا زاڵە، کە دەکرێ بە یادەوەری شاعیرانە ناوی ببەین. ئەو ناوچەیە کە هەستە سەرنج ڕاکێشەکان تۆمار دەکات و ژیانمان دەڕازێنێتەوە. تۆماس لەو کاتەوە کە ترێزای ناسیبوو ئەو ناوچەیەی مێشکی و یادەوەری بە عەشقی ئەو سپاردبوو. بۆیە هیچ ژنێکی تر ڕێگەی ئەو ناوچەیەی نەبوو. ترێزا یادەوەری شاعیرانەی ئەوی داگیر کردبوو، ڕێی بە ژنانی تر نەدەدا. ئەوە کارێکی ڕەوا نەبوو، چونکە بەلای تۆماسەوە ئەو ژنە گەنجە کە لە کاتی تۆفان و لەسەر قاڵییەکە دەستلەملانێ ببوو، بەها و بایەخی شاعیرانەی لە ترێزا کەمتر نەبوو.

ئەو هاواری دەکرد «چاوت بنوقێنە. بەخۆتەوە بمگووشە...» ئەو خۆی لەبەر نیگا و تێڕامانی تۆماس پێنەدەگیرا. کاتێک تۆماس چاوی هەڵدەهێنا بە سەریدا دەنەوییەوە و خۆی لە نیگای دەدزییەوە. ئەو نەیدەویست تۆماس بیخوێنێتەوە، دەیویست بیباتە ناو شەپۆلێکی سیحراوییەوە، کە تەنیا بە چاوی بەستراوەوە دەکرێ بچن بۆ ئەوێ. هۆی ئەوەی کە ئەو ژنە نەیدەهێشت چوارچمکۆڵە دابەزێت ئەوەبوو کە ئەم دۆخە دەستلەملانێیە بەشێوەیەک بوو کە لەشیان تێکەڵ نەدەبوو، تۆماس دەیتوانی لە مەودایەکی کەمەوە سەیری بکات.

ئەو ژنە ڕقی لەم مەودایە بوو. ئەو دەیویست لەگەڵی جووت ببێت. بۆیە کاتێک ڕاستەوخۆ لە چاوی دەڕوانی، پێی لەسەر ئەوە دادەگرت کە تا ئێستا لەسەر قاڵی بەوشێوە ڕەحەت نەبووە. دەیگوت: من تەنیا لە چێژ ناگەڕێم، من لە شادی دەگەڕێم. بەلای ئەوەوە چێژی بە بێ شادی چێژ نەبوو. بەگوتەیەکی تر، ئەو دەرگای ژووری یادەوەری شاعیرانەی تۆماسی دەکوتا، بەڵام داخرابوو.

لەوێ جێگەیەک بۆ ئەو نەبوو. جێگەی ئەو تەنیا سەر قاڵییەکە بوو.
چیرۆکی عەشقی تۆماس و ترێزا لەو شوێنەوە دەستی پێکرد، کە تۆماس کۆتایی بە چیرۆکی عاشقانەی لەگەڵ ژنانی تر هێنا. ئەم چیرۆکە بە پێچەوانەی ئەوەوە بوو، کە وای لەتۆماس دەکرد یەک لە دوای یەک بە دوای ژنانەوە بێت. ئەم پەیوەندییە وای لێدەکرد کە پاڵ بە ترێزاوە بنێت تا لە سەرکەوتنێکەوە بۆ سەرکەوتنێکی تر بچێت. تۆماس نەیویستبوو هیچ لە ترێزا بشارێتەوە، چونکە ئەویش بە ڕووتی و بە ڕوونی بەرەو پیری هاتبوو. ئەو عەشقبازی لەگەڵ دەکرد بەرلەوەی ئەو چەقۆی نەشتەرگەرییە خەیاڵییەی بەکار بهێنێت. بەرلەوەی سەرسام بێت کە ترێزا لە کاتی دەستلەملانێ و عەشقبازیدا لە چی دەچێت، خۆشی ویستبوو.
چیرۆکی عەشقی ئەوان لەودەمەوە دەستی پێکردبوو کە ترێزا نەخۆش بوو، تۆماس نەیدەتوانی وەک ژنەکانی تر ماڵەکەی خۆی بۆ بەجێ بهێڵێت. ئەو کاتێک بەرامبەر بە ترێزا، کە لەسەر قەرەوێڵەکەی ئەو ڕاکشابوو، بەچۆکدا هات، پێیوابوو، کەسێک خستوویەتە ناو سەبەتەیەکەوە و بۆ ئەوی ناردووە.
من پێشتر گوتم کە خوازە شتێکی ترسناکە. عەشق لە خوازەیەکەوە دەست پێدەکات. وەک ئەوەی کە بگوترێت عەشق لەو دەمەوە دەست پێدەکات کە ژن یەکەم وشەی بۆ ژووری یادەوەری شاعیرانەمان بەڕێدەکات.

## ١٣

ترێزا وەک هەموو ڕۆژێکی تر بۆ شیرکڕین چووبوو. کاتێک تۆماس دەرکەی لێکردەوە، چاوی بە قەلەڕەشێک کەوت کە لە توێی ملپێچە سوورەکەی خۆی پێچاوە، وەک قەرەجەکان کە منداڵەکانیان لەباوەش دەگرن، بە سنگییەوە گوشیوێتی. ئەو هەرگیز دۆخی دەنووکی قەلەڕەشەکەی لە نزیک ڕوومەتی ترێزا لەبیر ناچێتەوە. پێدەچوو ئیدانەی بێڕەحمی مرۆڤ بکات.
نیوەی لەشی ئەو قەلەڕەشەیان لە گۆڕ نابوو. ئەو بەڵایە کە قەزاقەکان جاران بەسەر دوژمنە دیلەکانیاندا دەهێنا. ترێزا گوتی: «منداڵ ئەم کارەیان کردووە.» ئەمە دەربڕینی شتێکی سادە نەبوو، بەڵکو درکاندنی نەفرەتی کوتوپڕی ئەو

لە هەموو مرۆڤەکان بوو. تۆماس بیری کەوتەوە کە پێشتر ترێزا پێی گوتبوو: «سوپاست دەکەم کە قەت داوای منداڵ بوونت لێ نەکردووم.»

ترێزا ڕۆژێک لەوەوبەر شکاتی کردبوو کە مشتەرییەکی بارەکە، بێحورمەتی پێکردووە، چنگی بۆ ملوانکە ساختەکەی بردووە، گوتوویەتی کە بە لەشفرۆشی دەستی کەوتووە. ئەم ڕووداوە ڕووخاندبووی، بەڵام تۆماس پێی وابوو کە ترێزا زیاتر لە پێویست نیگەرانە. ئەوسا لەپڕ بیریکردەوە، ڕەنگە ترێزا بەو هۆیەوە کە دوو ساڵە تۆماس بەکەمی دەیبینێت ـ تەنانەت دەرفەتی ئەوەی نەبووە کە بۆ ماوەیەکی زۆر دەستی بگرێ و بەر بە لەرزینیان بگرێت ـ هەست بە ناڕەحەتی دەکات.

بەیانی، لە کاتێکدا دەچوو بۆ سەر کارەکەی، بیری لەم شتانە دەکردەوە. هەموو ڕۆژێک کارمەندێکی دەزگاکە بەرنامەی کاری ڕۆژانەی بە کرێکارانی شووشە پاککردنەوە ڕادەگەیاند. ئەو ڕۆژە کەسێک بە تایبەت داوای تۆماسی کردبوو، کە پەنجەرەی ئاپارتمانەکەی بۆ خاوێن بکاتەوە. ئەو بەبێ مەیلییەوە چوو بۆ ئەو ناونیشانە کە پێیان دابوو. تاقەتی هیچ کارێکی نەبوو، تەنیا بیری لە ترێزا دەکردەوە.

کە دەرکە کرایەوە، کابرایەکی باڵابەرزی بینی کە کەمێک پشتی کۆم و چەناگەی درێژ بوو. ئەو کابرایە کەسێکی وەبیر دەهێنایەوە.

کابرا بەدەم پێکەنینەوە گوتی:

««فەرموو دکتۆر.»

ئەوسا بۆ ژوورەوەی برد. پیاوێکی گەنج، بە ڕووخساری ئەرخەوانییەوە لەوێ ڕاوەستابوو، سەیری تۆماسی دەکرد و هەوڵی دەدا زەردەخەنەی لە سەر لێو بێت.

کابرای باڵا بەرز گوتی:

«پێموانییە پێویست بکات بە یەکترتان بناسێنم.»

تۆماس گوتی:

«نا»

ئەوسا بەبێ زەردەخەنە دەستی پیاوە گەنجەکەی گوشی. ئەو پیاوە کوڕەکەی

خۆی بوو.
کابرای چەناگە درێژ خۆی پێ ناساند. تۆماس گوتی:
«دەمزانی تۆ کەسێکم بیر دەهێنیتەوە. ئەوە تۆیت؟! بەڵێ دەتناسم. ئەڵبەت ناوتم بیستووە.»
لەسەر ئەو کورسییە دەستدارانە دانیشتن کە بە دەوری مێزێکی بچووکەوە بوون. تۆماس بیری لەوە دەکردەوە کە بێ خواستی خۆی گیانی بەم دوو پیاوە بەخشیوە. بە هۆی پێداگری ژنەکەیەوە ببووە خاوەنی کوڕێک، لە ژێر زەختی پۆلیس لە پشکنیندا، ڕووخساری ئەم پیاوە باڵا بەرز و کۆمەی وەسفکردبوو.
بۆ دوور خستنەوەی ئەم بیرانە گوتی:
«چاکە، دەبێ لەکام پەنجەرەوە دەست پێبکەم؟»
دوو پیاوەکەی بەرامبەری لە دڵەوە پێکەنین.
ئەرێ، جوان دیار بوو کە پاککردنەوەی پەنجەرە لە ئارادا نەبوو. ئەویان بۆ خاوێنکردنەوەی دەرکە و پەنجەرەکان نەخواستبوو، بەڵکو ویستبوویان بەوشێوەیە بۆ ئەم شوێنەی ڕابکێشن. ئەو هەرگیز کوڕەکەی نەدواندبوو. یەکەمجار بوو دەستی دەگووشی، بیچمی دەبینی، بەڵام بە تەمانەبوو لەوە زیاتر بیناسێت. حەزی دەکرد ئاگای لە کوڕەکەی نەبێت، کوڕەکەشی تا ئێستا نەیویستبوو بیبینێت.
ڕۆژنامەوانەکە وێنەیەکی گەورەی نیشاندا کە لە قاپ خرابوو، لە بەرامبەر تۆماس بە دیوارەکەوە بوو. گوتی:
«پۆستەرێکی جوانە، وانییە؟»
لەو کاتەوە کە هاتبوو بۆ ئەو ماڵە یەکەمجار بوو سەری هەڵدەبڕی. دیوارەکان بە وێنەی جوان داپۆشرابوون. ژمارەی وێنە و پۆستەرەکان سەرنجی ڕادەکێشا. ئەو وێنەیە کە ڕۆژنامەوانەکە نیشانیدا، لە یەکێک لە دوا ژمارەکانی گۆڤار ــ بەر لەوەی ڕووسەکان دەست بەسەر بڵاوکرانەوەیدا بگرن ــ لەساڵی ١٩٦٩ چاپ کرابوو. ئەم وێنەیەیان بە لاسایی یەکێک لە پۆستەرە بەناوبانگەکانی شەڕی ناوخۆی ڕووسیا، لە ساڵی ١٩١٨ ــ کە خەڵکی بۆ چوونە ناو سوپای سوور هاندەدا ــ کێشابووەوە. وێنەکە بەم شێوەیە بوو: سەربازێک کە کڵاوی ڕازاوە

بە ئەستێرەی سوورەوە بەسەرەوە بوو، بە نیگایەکی ئێجگار گرژ لە چاوی بینەر ڕامابوو، قامکی شادەی بەرەو ئەو گرتبوو. دەقە سەرەکییەکە بە زمانی ڕووسی دەیگوت: «هاوشاری هێشتا نەچوویتە ناو سوپای سوورەوە؟!» بەڵام ئەم دەقە کە بە زمانی چیکی جێی ئەوی گرتبۆوە، دەیگوت: «هاوشاری تۆش ژێر دوو هەزار وشەکەت واژۆ کردووە؟»

تەوسێکی جوان بوو! «دوو هەزار وشە» یەکەم بەیاننامەی گەورەی بەهاری ١٩٦٨بوو، کە داوای بە دیموکراسیکردنی سیستەمی کۆمۆنیستی دەکرد، ژمارەیەکی زۆر لە ڕۆشنبیران واژۆیان کردبوو. دواتر خەڵکی ئاساییشی تێوە گلابوون. پاش ماوەیەک ئەوەندە واژۆ کۆ ببووەوە کە هەرگیز کەس بە ژمارەی ڕاستەقینەی نەدەزانی. کاتێک سوپای سوور، شاڵاوی بۆ خاکی بوهێم هێنا و سڕینەوە سیاسییەکان دەستی پێکرد، لە لێپرسینەوەکاندا لە خەڵکیان دەپرسی: «تۆش ژێر دوو هەزار وشەکەت واژۆ کردووە؟» ئەو کەسانە کە دانیان پێدا دەنا، دەستبەجێ لە کار دەردەکران.

تۆماس گوتی:

«وێنەیەکی جوانە، چاکم لە بیرە.»

ڕۆژنامەوانەکە زەردەخەنەی بۆ کرد:

«دەبێ هیوادار بین کە سەربازی ڕووس قسەکانمان نەبیستێت.»

پاشان بە جیدییەوە درێژەی بە قسەکانیدا:

«بۆ ئەوەی هەموو شتێک ڕوون و ئاشکرا بێت، دەبێ پێت بڵێم کە ئێرەماڵی من نییە، ئاپارتمانی هاوڕێیەکە. کەواتە نازانین پۆلیس لەم کاتەدا گوێی لە قسەکانمانە یان نا. ئەڵبەت ئەگەری گوێگرتنیان هەیە. ئەگەر بهاتیتایە بۆ ماڵی من بە دڵنیاییەوە پۆلیس قسەکانی ئێمەی تۆمار دەکرد.»

ئەوسا بەشێوەیەکی کەمترو جیدی درێژەی پێدا:

«بەڵام من پێموایە نابێ هیچ شتێک بشاردرێتەوە. جگە لەوەش، بیهێننە بەر نەزەری خۆتان کە لە داهاتوودا مێژوونووسانی چیک چ شانسێکیان دەبێت. ئەوان لە ناو فایلەکانی پۆلیس و لەسەر شریتە تۆمارکراوەکان، شەرحی ژیانی هەموو نووسەرانی چیک دەبیننەوە. دەزانن بۆ مێژوونووسێکی ئەدەب،

گێڕانەوەی ژیانی سێکسی نووسەرانێکی وەک ڤۆڵتەر و بالزاک یان تۆلستۆی چەندە زەحمەتە؟ بەڵام بە نسبەت نووسەرانی چیکەوە، هیچ شتێک لە تەمومژ و شاراوەییدا نییە. هەموو شتێک، تەنانەت بچووکترین ئاخ و ناڵینەکانیشیان تۆمار کراوە!»

ئەوسا سەیری ئەو شوێنانەی دیوارەکەی کرد کە ئەگەری شاردنەوەی میکرۆفۆنی لێدەکرا، بە دەنگی بەرز گوتی:

«ئاغایان، وەک هەمیشە لەم هەلومەرجانەدا ستایشی کار کردنتان دەکەم، بە ناوی خۆم و مێژوونووسانی داهاتووەوە سوپاستان دەکەم.»

هەر سێکیان پێکەنین. پاشان ڕۆژنامەوانەکە بە دوور و درێژی باسی چۆنێتی و بۆچییەتی دەستبەسەردا گرتنی گۆڤارەکە، باسی دۆخی ئەو نەقاشە کە بیری لە کێشانی ئەو وێنەیەی سەر دیوارەکەی کردبۆوە، حاڵ و ڕۆژی هەموو نەقاش و فەیلەسووف و نووسەرانی چیکی کرد.

لە پاش شاڵاوی ڕووسەکان، هەموو ئەوانە لە کار دەرکرابوون، ئێستا وەک شووشە پاککەرەوە، نیگابانی پارکینگ، دەرکەوانی شەوانە، بەرپرسی ماتۆڕخانەی گەرمای ناوەندی بینا گشتییەکان، ئەگەر یارمەتیش بدرانایە، وەک شۆفیری تاکسی دامەزرابوون.

ئەوەی کە ڕۆژنامەوانەکە دەیگوت جێگەی سەرنج بوو، بەڵام تۆماس نەیدەتوانی فکری خۆی لەسەر ئەو قسانە تەرکیز بکات، بیری لە کوڕەکەی دەکردەوە. بیری دەهاتەوە کە لە چەند مانگ لەوەو بەرەوە لە شەقامەکان جاروبار ڕووبەڕووی بۆتەوە، بێگومان ئەو ڕووبەڕوو بوونەوانەش بە ڕێکەوت نەبووە. ئەوەی تووشی سەرسوڕمانی دەکرد، بینینی ئەو لێرە و لەگەڵ ئەم ڕۆژنامەوانە پشت گوێخراوە بوو. ژنی یەکەمی تۆماس کۆمۆنیست و لایەنگری حزب بوو، تۆماس پێیوابوو کە دەبێ کوڕەکەشی پەیڕەوی لە دایکی کردبێت. ئەو هیچ هەواڵێکی کۆنە ژنەکەی نەدەزانی. ئەڵبەت ئێستا دەیتوانی لە کوڕەکەی بپرسێ بەینی لەگەڵ دایکی چۆنە، بەڵام ئەم پرسیارە لە بەرچاوی غەریبەیەک، بەلایەوە کارێکی ناپەسند بوو.

ڕۆژنامەوانەکە لە ئەنجامدا چووە سەر کرۆکی بابەتەکەی، باسی ئەوەی کرد کە

دەوڵەت چۆن بەردەوام بە هۆی بیر و بۆچوونیانەوە خەڵک دەگرێ و زیندانیان دەکات. ئەو پاشان بەم وشانە کۆتایی بە قسەکانی هێنا:

«لە ئەنجامدا ئێمە بە خۆمانمان گوت دەبێ کارێک بکەین.»

تۆماس پرسی:

«دەتانەوێ چی بکەن؟»

لەم کاتەدا کوڕەکەی دەستی بە قسەکرد. یەکەمجار بوو گوێی لە قسەکردنی دەبوو. بە سەرسووڕمانەوە تێگەیشت کە زمانی دەگیرێت.

«ئێمە ئاگادار کراوینەتەوە کە زۆر بە خراپ لەگەڵ زیندانییە سیاسییەکان دەجووڵێنەوە، هەندێکیان لە دۆخێکی زۆر خراپدان. لەبەر ئەوەی بیرمانکردەوە نووسینی بەیاننامە دەبێ کارێکی جیدی و کاریگەر بێت. بەناوبانگترین ڕۆشنبیرانی چیک، کە هێشتا ناویان ئیعتبارێکی تایبەتی هەیە، ئەم بەیاننامەیە واژۆ دەکەن.»

بە وردبوونەوەی زیاتر لە قسەکانی کوڕەکەی تێگەیشت کە زمانی ناگیرێت، بەڵکو شتێکی وەک نزگەرە بەر بە گوتنی دەگرێت. وەها کە بێ ئەوەی خۆی بیەوێت هەموو وشەکان بە توندی و پێداگرییەوە حونجە دەکات. بێگومان خۆشی بەم حاڵەتەی دەزانی، بۆیە گۆناکانی پاش ئەوەی کە ڕەنگییان سروشتی دەبووەوە، دیسان ئەرخەوانی دەبوونەوە.

تۆماس لێی پرسی:

«ئایا دەتانەوێ ناوی ئەو کەسانەتان پێ بڵێم کە لە بواری کارکردنی مندا ئیش دەکەن، شایانی ئەوەن ئەو بەیاننامەیە واژۆ بکەن؟»

ڕۆژنامەوانەکە بە بزەوە گوتی:

«نا، ئێمە ناوی کەسمان ناوێت، ئێمە واژۆی خۆتمان دەوێت!»

بۆ جارێکی تریش هەستی بە ڕەزامەندی کرد. بۆ جارێکی تریش، لەوەی کە هێشتا کەسێک دەیزانی ئەو نەشتەرگەرە، خۆشحاڵ بوو! بەڵام بە تەوازوعەوە گوتی:

«گوێ بگرن! چونکە منیان دەرکردووە، نابێ پێتان وابێت پزیشکێکی بەناوبانگم.»

ڕۆژنامەوانەکە گوتی:
«ئەو وتارەمان لە بیر نەچۆتەوە کە لە گۆڤارەکەی ئێمەدا بڵاوت کردەوە.»
کوڕەکەی بە گوڕ و تینێکەوە، کە ڕەنگە تۆماس پێی نەزانێ، بە ئارامی گوتی:
«ڕاستە!»
«تێناگەم، چۆن دەکرێ ناوی من لە بەیاننامەیەکدا یارمەتی زیندانییە سیاسییەکان بدات. من پێموایە دەبێ ئەو کەسانە بەیاننامەکە واژۆ بکەن کە هێشتا حکومەت غەزەبی لێنەگرتوون و سووکە ئیعتبارێکیان لە لای دەستەی دەسەڵاتدار ماوە.»
ڕۆژنامەوان قسەکانی سەلماند و بە زەردەخەنەوە گوتی:
«ئەڵبەت ئەوانیش دەبێ واژۆی بکەن!»
کوڕەکەی تۆماس بە بزەیەکەوە کە لە بزەی پیاوێک دەچوو کە ئێستا پەی بە زۆر شت بردبێت، گوتی:
«بەڵام ئەوان بەیاننامەکە واژۆ ناکەن!»
ڕۆژنامەوان درێژەی پێدا:
«ئەڵبەت ئێمە دەچین بۆ لایان و چاومان بە ئۆیینەکانیشیان دەکەوێت. خۆزگە گوێت لە بیانووەکانیان دەبوو، زۆرجار بیانووەکانیان سەیر و خۆشە!»
کوڕەکەی تۆماس بە پێکەنینەوە قسەکانی سەلماند، ڕۆژنامەوانیش بەردەوام بوو:
«ئەڵبەت هەموویان قسەکانمان دەسەلمێنن. بەڵام بە جۆرێک دەدوێن کە دەبێ لەگەڵ ئەواندا بەشێوەیەکی تر بجووڵێینەوە. واتە دەبێ زۆر زیرەک بین و بە شێوەیەکی جوان و وشیارانە و مەحرەمانە تر گوێ لە قسەکانیان بگرین. ئەوان لە واژۆکردن دەترسن. لە هەمان کاتیشدا لەوە نیگەرانن کە ئەگەر واژۆی نەکەن، ئێمە لە بارەیانەوە قەزاوەتێکی خراپ دەکەین.»
ئەوسا تۆماس و ڕۆژنامەوانەکە پێکەنین.
پاشان ڕۆژنامەوان پەڕەیەک کاغەزی لەبەر دەستی تۆماسدا دانا، کە دەقێکی کورتی تیادا نووسرابوو. لەو دەقەدا بە شێوەیەکی تا ڕادەیەک بە ئەدەبانە،

داوا لە سەرۆک کۆمار کرابوو بۆ زیندانییە سیاسییەکان لێخۆشبوونێکی گشتی دەربکات.

تۆماس ویستی بە پەلە بیر لە بابەتی لێخۆشبوونی گشتی بۆ زیندانییە سیاسییەکان بکاتەوە. چۆن دەکرێ لەسەر داوای کەسانێک کە لە سیستەمی حکومی دەرکراون (واتە ئەوانە کە دەبوو زیندانی سیاسی بوونایە) لە زیندانییە سیاسییە گیراوەکان خۆش ببن؟ تەنیا ئەنجامی ئەمجۆرە بەیاننامانە ئەوەیە کە هەرگیز لە زیندانییە سیاسییەکان خۆش نەبن، تەنانەت ئەگەر دەوڵەت خۆشی بە تەمای لێخۆشبوونیان بووبێت!

کوڕەکەی تۆماس هەودای بیری باوکی پساند:

« خاڵی سەرەکی ئەوەیە کە تێبگەن لەم وڵاتە هێشتا ژن و پیاوی وا هەن کە ناترسن، چاکە و خراپە لێک جیادەکەنەوە.»

تۆماس بیری دەکردەوە: «بەڵێ، ئەمە ڕاستە، بەڵام چ پەیوەندییەکی بە زیندانییە سیاسییەکانەوە هەیە؟! ئەم یان ئەو! یان داوای بەخشینی زیندانییەکان لە ئازادایە، یان کێشەی سەرەکی جیاکردنەوەی چاکە لە خراپەیە، ئەنجامی ئەم دووانەش یەکێک نییە.»

ڕۆژنامەوانەکە پرسی:

«دکتۆر، دوودڵی؟»

ئەرێ، ئەو دوودڵ بوو، بەڵام لە دەرکاندنی دەترسا. وێنەی ئەو سەربازە کە بە قامکی هەڕەشەی دەکرد، لەسەر دیوارەکە لە بەرامبەری بوو. سەربازەکە دەیگوت: «هێشتا دوودوڵ و بە گومانی کە بچیتە ناو سوپای ڕووسەوە؟» یان «هێشتا دوو هەزار وشەکەت واژۆ نەکردووە؟» یان«تۆش دوو هەزار وشەکەت واژۆ کردووە؟» یان دیسان «ناتەوێ بەیاننامەی لێخۆشبوونەکە واژۆ بکەیت؟» هەرچییان دەگوت زایەڵەی هەڕەشەیەک بوو.

ڕۆژنامەوانەکە بۆچوونی خۆی لەبارەی ئەو کەسانەوە کە پێیان خۆشە زیندانییەکان ئازاد بکرێن، بەڵام هەزار و یەک بەڵگەیان بۆ واژۆ نەکردن هەیە، دەرکاندبوو. بە بۆچوونی ئەو، ئەمجۆرە بەڵگانە تەنیا بیانوو بوو بۆ شاردنەوەی بێ غیرەتی و ترسنۆکیان. کەواتە تۆماس دەیتوانی چی بڵێت؟

بێدەنگی بەردەوام بوو، بەڵام ئەمجارە تۆماس بە پێکەنینەوە، لە کاتێکدا وێنەی سەر دیوارەکەی نیشان دەدا، گوتی:
«سەیری ئەم پیاوە بکەن، ئەو هەرەشەم لێدەکات کە ئایا واژۆی دەکەم یان نایکەم. بیرکردنەوە لەبەرچاوی ئەودا کارێکی ئەستەمە!»
هەر سێکیان پێکەوە پێکەنین.
پاشان تۆماس گوتی:
«چاکە، بیری لێدەکەمەوە. لە چەند ڕۆژی داهاتوودا کەی یەکتر ببینینەوە؟»
ڕۆژنامەوانەکە گوتی:
« بینینی تۆ هەمیشە خۆشحاڵم دەکات، بەڵام کاتێکی وامان نەماوە. بڕیار وایە کە بەیانی ئەم بەیاننامەیە بگاتە دەست سەرۆک کۆمار.»
«بەیانی؟»
تۆماس بیری لەو پۆلیسە قەڵەوە دەکردەوە کە دەقێکی خستبووە بەردەستی تا دان بە تاوانی ئەم پیاوە چەناگە درێژەدا بنێت. ئەمانە هەموویان ویستبوویان وادار بە واژۆ کردنی نووسینێکی بکەن کە خۆی نەینووسیبوو.
کوڕەکەی گوتی:
«لەم بارەیەوە پێویست بە بیر لێکردنەوە ناکات!»
وشەکان حاڵەتی هێرشیان هەبوو، بەڵام جۆری گوتنەکە پاڕانەوە بوو. ئەوسا چاویان لە چاوی یەکتر بڕی، تۆماس زانی کاتێک کوڕەکەی بە وردی سەیری دەکات، لای چەپی لێوی سەرەوەی بڕێک هەڵدەکشێت. ئەو، ئەم حاڵەتی لێو لەرزینەی باش دەناسی. چونکە کاتێک لە پاش ڕیشتاشین لە ئاوێنەدا سەیری ڕوومەتی خۆی دەکرد، ئەم لەرزینەی لەسەر ڕوومەتی خۆشی دەبینی. ئێستا کە هەمان حاڵەتی لەسەر ڕوومەتی کەسێکی تریش دەبینی، نەیدەتوانی هەست بە ناڕەحەتی نەکات.
کەسێک کە هەمیشە لەگەڵ منداڵەکانیدا ژیاوە، خوو بەم لێکچوونانەوە دەگرێت، بە شتێکی سروشتییان دەزانێت. ئەگەر بە ڕێکەوتیش سەرنجیان بداتێ، تەنانەت سەرقاڵ و شادیشی دەکەن. بەڵام ئەمە یەکەمجار بوو کە

تۆماس لەگەڵ کوڕەکەی دەدوا! ئەو خووی بەوە نەگرتبوو کە لەگەڵ لەرزینی لێوی خۆیدا ڕووبەڕوو ببێتەوە!
بیهێننە بەرچاوتان کە دەستێکی ئێوەیان قرتاندبێت و بە لەشی کەسێکی تریانەوە لکاندبێت، ئەوسا ڕۆژێک کەسێک لە بەرامبەرتاندا دادەنیشێ، لەبەر چاوتان ئەو دەستە دەجووڵێنێ، هەر بەو دەستەش ئاماژەتان بۆ دەکات. بێگومان پێتان وادەبێ ئەمە داوەڵە، ئەگەرچی لە نزیکیشەوە بیناسن و دڵنیابن کە ئەوە دەستی خۆتانە، بەڵام دەترسن دەستی لێبدەن.
لە هەموو ماوەی وتووێژەکەدا، تۆماس نەیدەزانی کوڕەکەی بە«تۆ» یان «ئێوە» بانگی دەکات. تا ئەو کاتە بە شێوەیەک دوابوو کە ناچار نەبێت یەکێک لەم دووانە هەڵبژێرێت. بەڵام ئەمجارە هەڵیبژارد و پێیگوت «تۆ».
لەپڕ تۆماس دڵنیابوو کە ئەم دانیشتنە پەیوەندی بە زیندانییە سیاسییەکانەوە نەبووە، مەبەست کوڕەکەی بووە. ئەو ئەگەر واژۆی بکردایە چارەنووسی ئەوان پێکەوە گرێ دەدرا و تۆماس ناچار دەبوو لە کوڕەکەی نزیک ببێتەوە. ئەگەریش واژۆی نەکردایە، پەیوەندییەک لە نێوانیاندا ساز نەدەبوو، هەروا کە هەمیشە لە یەکتر دوور بوون، بەڵام ئەمجارەیان ویستی ئەو هیچ دەورێکی لەم پەیوەندییەدا نەبوو، بەڵکو ویستی کوڕەکەی بوو کە بە هۆی ترسنۆکی و بێغیرەتی باوکییەوە پشتی لێدەکرد.
ئەو لە دۆخی یاریزانێکی شەترەنجدا بوو، کە بۆ ئەوەی مات نەبێت، هیچی لە دەست نایەت و دەبێ واز لە یارییەکەی بهێنێت. واژۆی بکردایە یان نەیکردایە ئەنجامەکە یەک شتبوو، چارەنووسی ئەو یان چارەنووسی زیندانییە سیاسییەکانی نەدەگۆڕی.
تۆماس بڕیاری خۆیدا:
«بیدە بە من.»
کاغەزەکەی لێ وەرگرتن.

١٤

ڕۆژنامەوانەکە وەها کە بیەوێت لەبەر ئەم بڕیارە پاداشی بداتێ، گوتی:
«ئەوەی لە بارەی ئۆدیپەوە نووسیبووت، بەڕاست زۆر باشبوو.»
کوڕەکەشی قەڵەمێکی لەبەر دەست دانا و گوتی:
«هەندێک بیرۆکە وەک بۆمب دەتەقێتەوە.»
ئەو ستایشی ڕۆژنامەوانەکەی پێخۆشبوو، بەڵام خوازەی کوڕەکەی بە نابەجێ و قسەی زڵ زانی و گوتی:
«بەداخەوە من تاکە قوربانی ئەو بۆمبە بووم. لەبەر ئەو وتارە ئیتر ناهێڵن نەخۆشەکانم نەشتەرگەری بکەم.»
ئەم قسەیە هەستێکی سارد و تا ڕادەیەک شەڕانگێزانەی بزواند.
بۆ سڕینەوەی ئەم هەستە، ڕۆژنامەوان (وەک کەسێک داوای لێبوردن بکات) گوتی:
«بەڵام وتارەکەی تۆ یارمەتی زۆر کەسی داوە.»
تۆماس لە منداڵییەوە وتەی «یارمەتی دانی خەڵک»ی لە کردەیەکی مومکیندا دەبینی، کە ئەویش کاری پزیشکی بوو. ئایا هەرگیز کەس یارمەتی لە وتارێکی ڕۆژنامە وەرگرتووە؟ ئەم دوو کەسە دەیانویست چی پێبڵێن؟ ئەوان هەموو ژیانی ئەویان لە بیرۆکەیەکی بچووک لە بارەی ئۆدیپ، تەنانەت لەوەش کەمتر، لە «نا» گوتنێکی غەریزی بە سیستەمی حکومەت، کورت دەکردەوە.
بێ ئەوەی ئاگای لە ئیقاعی ساردی گوتنەکەی خۆی بێت، گوتی:
«نازانم ئەو وتارە یارمەتی کەسی داوە یان نا، بەڵام بە نەشتەرگەری ژیانی زۆر کەسم نەجاتداوە.»
دیسان هەموویان بێدەنگبوون. کوڕەکەی بێدەنگییەکەی شکاند و گوتی:
«فکرەکانیش ژیانی خەڵک نەجات دەدەن.»
تۆماس دەمی خۆی بە سەر ڕوومەتی کوڕەکەیەوە دەبینی و بە خۆی دەگوت:
« کەسێک کە دەمی خۆی بە لاڵەپەتەیی دەبینێت، هەستێکی زۆر مەسخەرەی هەیە.» کوڕەکەی درێژەی بە قسەکانیدا:

«شتێکی سەیر لە وتارەکەدا بوو: ڕەتکردنەوەی هەموو جۆرە سازشێک. ئێمە خەریکین ئەو توانایەمان لە دەست دەدەین، ئەو هێزە کە بە ڕوون و ئاشکرایی چاکە و خراپە لێک هەڵداوێرێت. ئێمە ئیتر ناتوانین هەست بە تاوان بکەین. بیانووی کۆمۆنیستەکان ئەوەیە کە ستالین فریوی داون. بیانووی قاتڵ ئەوەیە کە لە سۆزی دایک و باوک بێبەش بووە، تۆش لە ناکاو نووسیت: دەبێ واز لە هەموو جۆرە پاساو و بیانوو و پاکانە کردنێک بهێنین. ڕۆح و ویژدانی کەس لە ئۆدیپ بێ تاوانتر نەبووە، بەوحاڵەش کاتێک زانی چیکردووە سزای خۆیدا.»

تۆماس هەوڵیدا نیگای لە لێوی خۆی، کە بە ڕوومەتی کوڕەکەیەوە بوو، هەڵبڕێت و سەرنجی بۆ ڕۆژنامەوانەکە بگوێزێتەوە. ئەم قسانە ئەوی تووڕە دەکرد. حەزی دەکرد بۆچوونی کوڕەکەی و ڕۆژنامەوانەکە ڕەت بکاتەوە:

«دەزانن، هەموو ئەمانە لە لێکحاڵی نەبوونێکەوە سەرچاوەی گرتووە. سنووری نێوان چاکە و خراپە ئەوەندە دیار و ئاشکرا نییە. من داوای سزادانی کەس ناکەم. نا، ئامانجی من ئەوە نییە. سزادانی کەسێک کە نازانێ چیدەکات، نیشانەی وەحشیگەرییە. ڕاستە ئەفسانەی ئۆدیپ جوانە، بەڵام سوود لێوەرگرتنی بەم شێوەیە...»

ویستی درێژەی پێ بدات، بەڵام بیریکردەوە نەکا ئەوەی دەیڵێت تۆمار بکرێت. هیچ بەرزەفڕەیەکی لە بابەت ئەوەی کە مێژوونووسانی داهاتوو چی لێدەگێڕنەوە نەبوو. زیاتر لەوە دەترسا کە پۆلیس چی لێدەگێڕێتەوە. چونکە ئەوەی ئەوان داوایان لێکردبوو، ئەم ڕەتکردنەوەی وتارەکەی خۆی بوو. حەزی نەدەکرد پۆلیس ئەم قسانە لە دەمی خۆی ببیستێت. دەیزانی لەم وڵاتەدا ئەوەی بە دەمدا بێت، ڕەنگە ڕۆژێک لە ڕادیۆ بڵاوبکرێتەوە، بۆیە بێدەنگ بوو.

ڕۆژنامەوانەکە لێی پرسی:

«چی بۆتە هۆی ئەم بیروڕا گۆڕینەت؟»

تۆماس گوتی:

«من زیاتر بیر لەوە دەکەمەوە کە چی بووە هۆی نووسینی ئەو وتارە.»

هاوکاتیش بیریکەوتەوە:

ترێزا وەک منداڵێک کە خستبێتیانە ناو سەبەتەیەک و بەدەم ئاویانەوە دابێت،

لەپاڵ قەرەوێڵەکەی ئەودا گەیشتبووە وشکانی. ئەرێ، لەبەر ئەوەی بۆ کتێبێک گەڕابوو کە ئاوڕی لە چیرۆکەکانی «روومولوس[٤٢]» ، مووسا و ئۆدیپ دابێتەوە. لە پڕ پێیوابوو ترێزا لەوێیە، لە کاتێکدا قەلەڕەشەکەی لە ملپێچە سوورەکەیەوە پێچاوە و بەسنگی خۆیەوە گووشیەتی، لە بەرامبەری ڕاوەستاوە. ئەم خەیاڵە ئاسوودەیی پێبەخشی. دەتگوت ترێزا هاتبوو تا پێی بڵێ کە زیندووە، کە لەم ساتەدا لەگەڵ ئەو لە شارێکدایە، کە هیچ شتێکیتر گرنگ نییە.

ڕۆژنامەوانەکە دەنگی هەڵبڕی:

«دکتۆر من لەتۆ دەگەم. منیش حەز ناکەم کەس سزا بدرێت. بەڵام ئێمە داوای سزا ناکەین. ئێمە داوای لێبوردن و لێخۆشبوون دەکەین.»

تۆماس گوتی:

«دەزانم.»

ئەو ئەم بیرۆکەیەی بە دڵ بوو، کە ڕەنگە چەند ساتێکی تر کارێکی جوامێرانە بکات، بەڵام بە بێسوودی دەزانی (چونکە هیچ سوودێکی بۆ زیندانییە سیاسییەکان نەبوو). هەروەها بۆ خۆشی ناخۆشبوو (چونکە لە هەلومەرجێکدا ئەو کارەی دەکرد کە بە سەریدا سەپابوو).

کوڕەکەی دیسان بە شێوە پاڕانەوەیەک گوتی: «ئەوە ئەرکی تۆیە کە واژۆی بکەیت!»

«ئەرکی تۆ؟» ئایا کوڕەکەی دەیویست ئەرکەکەی وەبیر بهێنێتەوە؟ ئەمە خراپترین شتێک بوو کە دەبوو پێی بگوترێت! ترێزا دیسان، لە کاتێکدا قەلەڕەشەکەی بە سنگییەوە دەگووشی، لەبەر چاوی دەرکەوتەوە. بیری هاتەوە کە پێی دەگوت: ڕۆژی ڕابردوو کابرایەکی پۆلیس هاتبوو بۆ باڕەکە و تووڕەی کردبوو. دیسان دەستەکانی ترێزا دەلەرزینەوە. ئەو پیر ببوو. جگە لە ترێزا هیچ شتێکی بەلاوە گرنگ نەبوو. کەسێک کە بەرئەنجامی شەش ڕێکەوت بوو، کەسێک کە وەک گوڵێک لە نەخۆشی سیاتیکی سەرۆکی بەش پشکوتبوو، کەسێک کە لەوپەڕی هەموو «پێویستە!»کانەوە دەفڕی، تاکە شتێک بوو کە بەراست هەستی بە وابەستەبوون و دڵبەستەبوون بە ئەوەوە دەکرد.

بۆچی هێشتا بیری لە واژۆکردن یان نەکردن دەکردەوە؟ ئەو هەمیشە بۆ هەموو

Rumulus ٤٢

بڕیارەکانی یەک شتی لەبەرچاو بوو: نەکردنی کارێک کە ڕێی تێدەچوو سەدمە بە ترێزا بگەیەنێت. ئەو نەیدەتوانی زیندانییە سیاسییەکان ڕزگار بکات، بەڵام دەیتوانی ترێزا بەختەوەر بکات. نا، تەنانەت نەیدەتوانی ترێزاش بەختەوەر بکات. بەڵام ئەگەر ئەو بەیاننامەیەی واژۆ بکردایە، ئاشکرا بوو کە پیاوانی پۆلیس، دیسان زیاتر موزاحیمی ترێزا دەبوون و دەستەکانی ترێزا دیسان زیاتر دەلەرزین.

دواجار گوتی:

«لە زەوی دەرکێشانی قەلەڕەشێک کە زیندە بە چاڵ کرابێت، زۆر گرنگترە لە ناردنی بەیاننامە بۆ سەرۆک کۆمار.»

دەیزانی ئەم ڕستە نامەفهوومە، پێی خۆشبوو ئەوان تێی ناگەن. هەستی بە خۆشی و شادییەکی کوتوپڕ و چاوەڕوانی نەکراو کرد. هەر ئەو خۆشی و شادییە بێ هاوتایە کە ڕۆژی ناردنی نامەی وازهێنان لە پیشەی پزیشکی هەستی پێکردبوو. دڵنیا نەبوو کارێکی دروستی کردبێت، بەڵام دڵنیابوو کە بە خواست و حەزی خۆی جووڵاوەتەوە.

«ببوورن من واژۆی ناکەم.»

## ١٥

چەند ڕۆژێک دواتر هەموو ڕۆژنامەکان باسی ئەو بەیاننامەیان دەکرد.

ئەڵبەت لە هیچ کوێ نەدەگوترا کە ئەو بەیاننامەیە لە ڕاستیدا داوایەکی بچووک بۆ ئازادکردنی زیندانییە سیاسییەکانە. هیچ ڕۆژنامەیەک تەنانەت بەشێکی کەمی بەیاننامەکەشی بڵاو نەدەکردەوە. بەڵام بە دوور و درێژی، بە ڕستەی مانا بزر و پڕ لە هەڕەشە، باسی ئەوە دەکرا کە دیسان کەسانێک خەڵک بۆ کردەوەی خراپەکارانەی دژ بە سۆسیالیزم، هاندەدەن. ناوی واژۆکارەکان ڕاگەیەنرابوو، هەموویان بەر تیری بوختانی قورس و ترسناک کەوتبوون.

ئەڵبەت پێشبینی ئەم هەڵوێستە دەکرا. چونکە لەو کاتەدا هەموو کارێکی سیاسی (کۆبوونەوە، بەیاننامە دەرکردن، خۆپیشاندانی سەر شەقام) کە لە لایەن حزبی کۆمۆنیستەوە ڕێک نەخرابێت، کارێکی نایاسایی بوو، بەشداربووانی

دەخستە مەترسییەوە. هەموو بەوەیان دەزانی. لەبەر ئەوە تۆماس ڕقی لە خۆی هەستابوو کە بۆچی بەیاننامەکەی واژۆ نەکردبوو. بەڕاست بۆ واژۆی نەکردبوو؟ ئەو تەنانەت لە هۆی بڕیارەکەی خۆشی نەدەگەیشت.
دیسان جارێکی تر (هەروا کە لە سەرەتای ڕۆمانەکە بە خەیاڵمدا هات) دەیبینم کە لە پشت پەنجەرەکە ڕاوەستاوە و سەیری دیواریماڵەکەی ئەوبەر دەکات.
تۆماس لەم دیمەنە ببوو. هەروا کە پێشتر گوتوومە، کەسایەتییەکانی کتێب، وەک بوونەوەری زیندوو لە دایک نابن، بەڵکو لە بارودۆخێک، لە ڕستەیەک، یان لە خوازەیەک دێنە بوونەوە. جۆرێک هێز و وزەی بونیادیی مرۆڤانە، وەک توو لە ناخیاندا هەیە، نووسەر پێی وایە هێشتا ئەم هێزە کەشفنەکراوە، هێشتا شتێکی ئەوتۆ لە بارەیانەوە نەگوتراوە.
باشە، ئەی بۆ ئەوە ناگوترێ کە هیچ نووسەرێک ناتوانێت باسی شتێکی تری بێجگە لە خۆی بکات؟
بە دڵە ڕاوکێوە سەیری حەوشەکردن و دڕدۆنگبوون، بیستنی قۆڕەقۆڕی بەردەوامی سکی خۆی لە ساتێکی هەڵچوونی عاشقانەدا، خەیانەتکردن و هەست بە بێهێزیکردن بۆ واز هێنان لە ڕێگەی دڵڕفێنی خیانەت، بەرزبوونەوەی مستەکان لە ڕیزی ڕێپێوانێکی گەورە، ئۆیین نواندن لە بەرامبەر میکرۆفۆنەکانی پۆلیس: من لە ژیانمدا ڕووبەڕووی هەموو ئەم بارودۆخانە بوومەتەوە، بەڵام بەوحاڵەش کەسایەتی ڕاستەقینەی من لە هیچکام لەمانەوە سەری هەڵنەداوە.
کەسایەتییەکانی ئەم ڕۆمانە کە نووسیومە شیمانەکانی خۆمن کە نەهاتوونەتە دی. بۆیە هەموویانم خۆشدەوێت و هەمووشیان هەراسانم دەکەن. ئەوان، هەرکامەیان لە سنوورێکەوە تێپەڕیون کە من تەنیا دەورم لێ داوەتەوە. ئەوەی بەرەو لای خۆی ڕامدەکێشێت ئەو سنوورەیە کە لێیەوە تێپەڕیون (ئەو سنوورە کە لەوپەڕیەوە، خودی من بوونی نییە) لەوپەڕیەوە، ڕاز و ڕەمزێک کە ڕۆمان لێی دەگەڕێت، ئاشکرا دەبێت. ڕۆمان دانپیانانی نووسەر نییە، بەڵکو پشکنینی ژیانی مرۆڤ لە ناو داوێکە کە پێی دەگوترێت دنیا.
ئیتر بەسە، با بگەڕێینەوە بۆ لای تۆماس. ئەو لە پشت پەنجەرەکە ڕاوەستاوە

و سەیری دیواری پیسی ماڵەکەی ئەوبەر دەکات. بەرامبەر بەو پیاوە چەناگە درێژە و هاوڕێکانی کە نایانناسێت و ئێستا ئیتر لە ئەوان نییە، هەست بە جۆرێک ئولفەت دەکات. دەڵێی لە پیادەڕۆیی وێستگەی شەمەندەفەر، ڕووبەڕووی ژنێکی جوانی نەناسراو بووەتەوە، بەڵام بەر لەوەی لێی نزیک ببێتەوە، ژنەکە سواری شەمەندەفەر بووە و بەرەو لیبسۆن یان ئەستەنبول ڕێ کەوتووە.

تۆماس دیسان کەوتە بیرەوە. ئەو دەبوو چی بکردایە؟ تەنانەت بە وەلانانی هەستیاریش (هەستی ستایشکردنی ڕۆژنامەوانەکە و تووڕەبوونی لە کوڕەکەی) دیسان دڵنیانەبوو کە دەبوو دەقی ئەو بەیاننامەیە واژۆ بکات یان نا.

کاتێک هەوڵ دەدەن کەسێک ناچار بە بێدەنگی بکەن، ئایا دەنگ هەڵبڕین ڕەوایە؟ ئەرێ ڕەوایە.

لە لایەکی ترەوە، بۆچی ڕۆژنامەکان ئەو هەموو ستوونەیان بۆ دەقی ئەو بەیاننامەیە تەرخانکردووە؟ ڕۆژنامەکان (کە لە ژێر دەستی دەوڵەتدان) دەیانتوانی تەنانەت تاکە وشەیەکیش لەبارەی ئەمەوە بڵاونەکەنەوە و کەسیش هەرگیز لێی ئاگادار نەدەبوو. ئەگەر ڕۆژنامەکان باسی ئەم بابەتەیان دەکرد، بەو مانایە بوو کە دادوەران ئەوەیان دەویست! ئەمە بۆ ئەوان دیارییەکی ئاسمانی بوو کە بە ڕەحەتی بۆ شەپۆلێک سەرکوتکردنی تر سوودیان لێ وەردەگرت.

کەواتە دەبوو چی بکردایە؟ واژۆی بکردایە یان نا؟

دەکرێ ئەو پرسیارە بەم شێوەیەش بێتە ئاراوە: ئایا واچاکە دەنگ هەڵبڕین و مەرگی خۆمان پێش بخەین، یان بێدەنگ بین و درێژە بە مەرگی بەکاوەخۆی خۆمان بدەین؟

ئایا وەڵامێک بۆ ئەم پرسیارانە هەیە؟

ئەو، دیسان بیری شتێکی کەوتەوە کە ئێمە لەگەڵیدا ئاشناین: ئێمە تەنیا جارێک دەژین و هەرگیز ناتوانین بڕیاری ڕاست و ناڕاست لەیەک جیابکەینەوە، چونکە لە هەر هەلومەرجێکدا تەنیا یەک جار بڕیار دەدەین. ژیانی دووبارە و سێ بارە و چوار بارەمان پێ نادرێت، کە ئیمکانی ئەوەمان بۆ بڕەخسێنێ

بڕیارە جیاوازەکان بە یەکتر بەراورد بکەین.
مێژوو و ژیانی هەر کەسێک بەم شێوەیە. خەڵکی چیک تەنیا یەک مێژوویان هەیە، ئەم مێژووەش، وەک ژیانی تۆماس، بێئەوەی دووبارە ببێتەوە ڕۆژێک کۆتایی پێدێت.
لە ساڵی ١٦١٨، پیاوماقووڵ و خانەدانەکانی بوهێم، بە غیرەت و دڵ گەورەییەوە بڕیاریاندا لەسەر ئازادی ئایینی خۆیان هەڵوێست وەرگرن، بۆ دژایەتی کردنیان لەگەڵ ئیمپراتۆر، کە لە ڤییەنا لەسەر کورسییەکەی دانیشتبوو، دوو نوێنەری بەرجەستەی ئەویان خستە ناو چۆمی «هارداشین»ەوە. بەوشێوەیە شەڕی ناسراو بە شەڕی سی ساڵە دەستی پێکرد، کە بووە هۆی تیاچوونی تەواوی نەتەوەی چیک. ئایا خەڵکی چیک پێویستی زیاتریان بە دان بەخۆداگرتن و خۆپاراستن بوو، یان غیرەت و ئازایەتی؟
وڵامەکە لە سادە دەچێت، بەڵام سادە نییە.
سێ سەد و بیست ساڵ دواتر ــ لە دوای کۆنفرانسی موونیخ ــ هەموو دنیا بڕیاریدا کە وڵاتی چیک، لەبەر پێی هیتلەردا قوربانی بکات. ئایا لەو کاتەدا چیکییەکان دەبوو بە تەنیایی لە بەرامبەر دوژمنێک کە هەشت ئەوەندەی خۆیان بوو، ڕابوەستن؟ چیکییەکان بە پێچەوانەی ساڵی ١٦١٨، ئەمجارە پێیانوابوو دان بە خۆداگرتن و خۆپاراستن، لە ئازایەتی و غیرەت زیاتر لە بەرژەوەندیاندایە. ئەوان تەسلیمبوون و شەڕی دووهەمی جیهانی دەستی پێکرد. ئەو شەڕە کە بۆ ماوەی چەند دەها یان چەند سەدە، ئازادی ئەوانی وەک نەتەوەیەک، زەوتکرد. لەو دەمەدا، ئایا پێویستیان بە ئازایەتی بوو یان دان بەخۆداگرتن و خۆپاراستن؟ ئایا بەڕاست دەبوو چیان بکردایە؟
ئەگەر مێژووی چیک دووبارە ببوایەوە، هەموو جارێک تاقیکردنەوەی ئەگەرێک، لەوەو دواش بەراوردکردنی ئەنجامەکان، بێگومان خۆش دەبوو. بەبێ ئەم ئەزموونە، هەموو بەڵگاندنێک بە پێی ئەگەر و مەگەرە.
یەکجار حسێب نییە، یەکجار وەک هیچ کاتە. مێژووی بوهێم جارێکی تر دووبارە نابێتەوە. مێژووی ئەوروپاش هەروەها. مێژووی بوهێم و مێژووی ئەوروپا، دوو گەڵاڵە و پلاتە کە بەبێ ئەزموونی مرۆییەوە داڕژاون. مێژوو وەک شێوازی ژیانی

تاکە کەس، ئێجگار سووکە. سووک وەک پەڕێک، وەک تۆز و خۆڵێک کە لە هەوادا سەرگەردان بێت. وەک شتێک کە بەیانی لەبەر چاوان ون ببێت.
تۆماس دیسان بە جۆرێک خەم و کەسەرەوە، تەقریبەن بە خۆشەویستی بەرامبەر بە ڕۆژنامەوانە باڵابەرز و کۆمەکە، بیری دەکردەوە. ئەو ڕۆژنامەوانە مێژووی بە گەلاڵە و پلات نەدەزانی، بەڵکو بە وێنەیەکی کامڵ و تەواوی تێدەگەیشت، کە گوایە هەر کارێک دەکات، دەبێ بێئەژمار جار لەدوای جار، لە دۆخی گەڕانەوەیەکی هەتاهەتاییدا دووبارە ببێتەوە. ئەو هەرچی بکردایە لێی دڵنیابوو، ئەم دڵنیاییەشی بە نیشانەی سنوورداری بیرکردنەوەی نەدەزانی، بەڵکو بە پیاو چاکی و فەزیلەتی لە قەڵەم دەدا. ئەم پیاوە لەگەڵ تۆماس لە مێژوویەکدا نەدەژیا: مێژووی ئەو گەلاڵەیەک نەبوو (یان نەیدەزانی گەلاڵەیەکە).

## ١٦

پاش کەمێک، دیسان ئەو بیرەی بە مێشکدا هات، کە بۆ ڕوونکردنەوەی بەشی پێشوو ئاماژەیەکی پێدەکەین. با وای دانێین لە گەردووندا هەسارەیەک هەیە کە مرۆڤ لەوێ بۆ دووهەم جار لە دایک دەبێتەوە، لە هەمان حاڵیشدا، ئاگادارییەکی تێر و تۆخی لە ژیانی ڕابردووی دانیشتوانی زەوین و هەموو ئەزموونەکانی ڕابردووی هەیە. یان ڕەنگە هەسارەیەکی تر ببێت، کە لەوێ هەر کەس سێ جار، بە ئاگاداربوون لە ئەزموونی سێ ژیانەکەی پێشووی، لە دایک دەبێتەوە.
یان ڕەنگە دیسان هەسارەی تریش ببن، کە لەوێ مرۆڤ دیسان لە دایک ببێتەوە، هەموو جارێکیش پلەیەک (ژیانێک) لە ڕەوتی کامڵبووندا بەرەو پێش بچێت.
ئەمە بۆچوونی تۆماس بەرامبەر بە گەڕانەوەی هەتا هەتاییە.
لەسەر زەوی (لەسەر هەسارەی ژمارە یەک، لەسەر ئەو هەسارەیەی کە بێبەشە لە ئەزموونی گەڕانەوەی هەتا هەتایی) تەنیا وێنایەکی ون لە مرۆڤی هەسارەکانی تر بە مێشکماندا تێدەپەڕێت. ئایا ئەم مرۆڤە عاقڵتر و ژیرترە؟

ئایا خاوەنی کەماڵە؟ ئایا بە یارمەتی گەڕانەوەی هەتا هەتایی بەو کەماڵە دەگات؟

تەنیا لە ڕوانگەی ئەم ئەگەر و مەگەرەوەیە، کە چەمکی ڕەشبینی و گەشبینی مانایان دەبێت. مرۆڤی گەشبین پێی وایە مێژووی مرۆڤایەتی لەسەر هەسارەی ژمارە پێنج کەمتر شایەتی دڵڕەقی و خوێنڕێژییە. بەڵام مرۆڤی ڕەشبین ئەوەندە گەشبین نییە.

## ١٧

تۆماس بە منداڵی، ڕۆمانی بەناوبانگی دوو ساڵ پشووی «ژوول وێرن»ی زۆر پێخۆشبوو. ڕاستە کە دوو ساڵ پشوودان ماوەیەکی ئێجگار زۆرە، بەڵام زۆری نەمابوو کە سێ ساڵ بەسەر کاری دەرکە و پەنجەرە خاوێنکردنەوەی تۆماسدا تێ بپەڕێت.

لەم ماوەیەدا، تۆماس (بەخەم و بزەیەکی ئارامەوە) لەوە تێگەیشت کە لەشی زۆر ماندوو بووە. ڕۆژێک ویستی دوا نیوەڕۆ لەگەڵ هاوڕێیەکی بێت، بەڵام کەس وەڵامی تەلەفۆنەکەی نەدایەوە. ڕێی تێدەچوو کە بێکار و تەنیا بمێنێتەوە. ئەم وەزعە زۆر ناڕەحەتی کردبوو. ڕەنگە دە جار تەلەفۆنی بۆ ژنێکی گەنجی جوان کرد کە خوێندکاری هونەرە دراماتیکییەکان بوو.

بۆ کارکردن بۆ هەر فرۆشگەیەک بچووبایە تەلەفۆنی بۆ دەکرد، هەموو تەلەفۆن کردنەکانیشی بێسوود بوو. نزیکەی کاتژمێر چوار ـ کاتێک کارەکەی تەواو بوو، بۆ سەردانی نووسینگەی دەزگاکەیان، خۆی بە شەقامێکی ناوەڕاستی شاری پڕاگدا کرد ـ خانمێکی نەناسیاو بانگیکرد و بە زەردەخەنەوە گوتی:

«دکتۆر، ئەوە بۆ خۆت دەشاریتەوە؟ ماوەیەکە ونم کردویت!»

تۆماس هەوڵیدا بیری بێتەوە کە ئەو ژنەی لەکوێ دیوە. ئایا یەکێک لەکۆنە نەخۆشەکانی بوو؟ بەڵام ئەو خانمە وەک هاوڕێ و دۆستێکی نزیک دەیدواند، تۆماسیش ناچار وایدەنواند کە دەیناسێت. لە هەمانکاتیشدا بیری لەوە دەکردەوە کە چۆن ئەو خانمە بۆ ئاپارتمانی هاوڕێکەی، کە کلیلی دابوویە، داوەت بکات. لە مابەینی قسەکانی ئەو خانمەدا، لەپڕ تۆماس بە شێوەیەکی چاوەڕوان نەکراو

ناسییەوە: ئەو ژنە گەنجە، هەمان خوێندکاری هونەرە دراماتیکییەکان بوو کە تۆماس بە درێژایی ئەو ڕۆژە تەلەفۆنی بۆ کردبوو.
ئەم پێشهاتە، لە لایەکەوە سەرقاڵکەر بوو، لە لایەکی تریشەوە دەیترساند. ئەو نەک هەر بە لەش، بەڵکو ڕۆحیشی ماندوو ببوو. دوو ساڵ پشوو، بۆ هەمیشە دەوامەی نەبوو.

## ١٨

ڕۆژانی پشوو، دوور لە ژووری نەشتەرگەری و بەبێ ترێزا تێدەپەڕی. ئەو دووانە هەندێک ڕۆژ هەر یەکتریشیان نەدەبینی، کە یەکشەممان پێک دەگەیشتن، وێڕای حەز و خۆشەویستیان ــ وەک ئەو شەوە کە تۆماس لە زووریخ گەڕابووەوە ــ هەستیان دەکرد لێک دوورن، بۆ لاواندنەوە و ڕامووسینی یەکتر، دەبێ ڕێیەکی دووردرێژ بپێون. ئەوان چێژیان لە دەستلەملانێ کردن دەبینی، بەڵام ئەو چێژە ئاسوودەیی و ڕەزامەندی پێ نەدەبەخشین. تەنیا شەوان، کاتی خەوتن بە سۆزەوە پێک دەگەیشتن، دەستی یەکتریان دەگرت، ترێزا ئەو هێزە پڕ لە ڕاز و ڕەمزەی لە بیر دەچووەوە (هێزی ڕۆشنایی ڕۆژ) کە لێکی جیادەکردنەوە. بەڵام ئەم شەوانە بۆ پاراستن و ئاگاداربوون لە ترێزا کەم بوو. بەیانیان کاتێک تۆماس دەیدی دڵی دەگوشرا و دەکەوتە لەرزین: ترێزا ئێجگار خەمبار بوو، لە نەخۆش دەچوو.
ڕۆژێکی یەکشەممە ترێزا پێشنیاری کرد بە ئۆتۆمۆبێل لە شار بچنە دەر.
ئەوان چوون بۆ شارێک کە ئاوی کانزایی هەبوو، لەوێ دیان کە ناوی هەموو شەقامەکانیان بۆ ناوی ڕووسی گۆڕیوە. هەر لەوێ بوو کە تووشی کۆنە نەخۆشێکی تۆماس بوون. تۆماس لەوێ دیسان وەک پزیشکێک ئەو پیاوەی دواند و بۆ ساتێک بەمێشکیدا تێپەڕی کە ژیانی ڕابردووی خۆی دەستکەوتۆتەوە: ڕێکوپێکییەکی دیاریکراو و سەقامگیر، کاتی هاتنی نەخۆشەکان، نیگای هیوادار و پشت ئەستووری ئەوان ــ کە لەوە نەدەچوو ئەو سەرنجی پێ بدات، بەڵام بەدڵ لێی ڕازی بوو ــ هەموو ئەمانەی وەبیر هاتەوە.
کە گەڕانەوە بۆماڵەوە، تۆماس بەدەم لێخوڕینی ئۆتۆمبێلەوە بیریکردەوە

گەڕانەوەیان لە زووریخ و هاتنەوەیان بۆ پڕاگ هەڵەیەکی پڕ کارەسات بووە. بۆ ئەوەی ترێزا نەبینێت، بە پەرێشانییەوە چاوی لە شەقامەکە بڕیبوو. هەستی دەکرد ڕقی لێیەتی. بوونی ئەوی لە لای خۆی بە ڕێکەوتێکی لەتاقەت بەدەر دەزانی. بۆ لێرە لە لای ئەوە؟ کێ لە سەبەتێکی خست و دەم ئاوی دا؟ بۆ دەبوو لەپاڵ قەرەوێڵەکەی ئەودا بگاتە وشکایی؟ بۆ ترێزا نەک ژنێکی تر؟

هیچکامیان بە درێژایی ڕێگەکە زاریان هەڵنەپچڕی و لەماڵەوەش لە بێدەنگییەکی ڕەهادا نانی شەویان خوارد.

بێدەنگی وەک کلۆڵی بەسەریاندا زاڵبوو، سات لە دوای ساتیش قورستر دەبوو. بۆ ڕزگار بوون لەم بێدەنگییە زوو خەوتن. نیوەشەو تۆماس ترێزای لەخەو هەستاند. ترێزا بەدەم گریانەوە خەونەکەی بۆ گێڕایەوە: «ماوەیەکی زۆر بوو کە بە خاکیان سپاردبووم. تۆ هەفتەی جارێک دەهاتی و سەرت لێدەدام. کاتێک قەبرەکەمت دەکوتا، من لێی دەهاتمە دەر. چاوەکانم پڕ لە گڵ و خۆڵ بوون. تۆ دەتگوت: «ناتوانی هیچ ببینی.» منیش وەڵامم دەدایتەوە:«بەهەرحاڵ من هیچ نابینم. لەبری چاو دوو کون لەسەر روومەتمە.» ئەوسا تۆ ماوەیەک بۆ سەردانم نەهاتی، من دەمزانی کە لەگەڵ ژنێکی تردایت. لەوەودوا ئیتر خەوم لێنەدەکەوت، چونکە نیگەران بووم کە بێیت و من بە هاتنەکەت نەزانم. دواجار ڕۆژێک هاتی و قەبرەکەمت کوتا، بەڵام بێخەوی ئەو مانگە وەها ماندووی کردبووم کە بە گران دەمتوانی هەستم و لە قەبرەکەم بێمە دەر. کاتێکیش کە هاتمە دەر، پێموابوو تۆ نائومێد و وەڕسیت. پێت گوتم لەوە دەچێ نەخۆش و بێهێز بیت. هەستم دەکرد ڕقت لێمە، گۆناکانم بەقووڵدا چووبوون، ڕەفتارم نەشیاو بوو... بۆ ئەوە داوای لێبوردنت لێبکەم، گوتم: «بمبوورە ئەم ماوە نەخەوتووم...» ئەوسا تۆ بە دەنگێکی دڵنیاکەر، کە دیار بوو لە دڵەوە نییە، گوتت: «سەیر کە، تۆ دەبێ ئیسراحەت بکەی. دەبێ مانگێک پشوو بدەی...» من دەمزانی مەبەستی تۆ لە پشوو چییە! دەمزانی کە دەتەوێ مانگێکی تەواو نەمبینی و لەگەڵ ژنێکی تردا بیت. ئەوسا تۆ ڕۆیشتی و منیش بۆ قووڵایی قەبرەکەم گەڕامەوە. دەمزانی دەبێ دیسان مانگێکی تر، لە ترسی ئەوە کە ئاگام لە هاتنت نەبێ، نەخەوم. کە دوای مانگێکیش بێیتەوە، من ناحەزتر لە

جاران دەبم و تۆش نائومێدتر و وەڕستر.»
تۆماس هەرگیز چیرۆکێکی ئەوەندە خەمبار و دڵتەزێنی نەبیستبوو. کاتێک ترێزای لە باوەشگرت، هەستی بە لەرزینی لەشیکرد، بیریکردەوە ئیتر توانای هەڵگرتنی عەشقی ئەوی نییە.
ئەگەر تەقینەوە یەک لە دوای یەکەکان زەوینیان دەلەراندەوە، ئەگەر هەموو ڕۆژێک وڵاتەکەی لەلایەن داگیرکەرانەوە تاڵان دەکرا، ئەگەر هەموو خەڵکی گەڕەک دەسرێژیان لێدەکرا، هەموو ئەمانەی بە سادەییەکی زیاترەوە پێ وەردەگیرا. ئەوەندە سادە کە نەیدەوێرا دانی پێدا بنێت. بەڵام ئەو خەمەی پێ هەڵنەدەگیرا کە تەنیا لە خەونێکی ترێزاوە سەری هەڵدەدا.
ئەو بۆ خەونەکەی ترێزا دەگەڕایەوە. گۆناکانی دەلاواندەوە و بە هێوری، وەها کە خۆی پێنەزانێت، گڵ و خۆڵی سەر گلێنەکانی دەسڕی. ئەوسا بیستی کە ترێزا ئەو ڕستەیەی بەزاردا دێت، ڕستەیەک کە لە هەمووی دڵتەزێن تر بوو:
«بەهەرحاڵ من هیچ نابینم. لەبری چاو دوو کون لەسەر ڕوومەتمە.»
بیریکردەوە جەڵتەی دڵ خەریکە دەیکوژێت.
ترێزا خەوی لێکەوتبوو. ئێستا ئەو بوو کە خەوی لێنەدەکەوت. پێیوابوو ترێزا مردووە. ئەرێ ئەو مردبوو، خەونی زۆر ناخۆشی دەبینی، بەڵام چونکە مردبوو نەیدەتوانی بە ئاگای بکاتەوە. ئەرێ، مەرگ بەم شێوەیە بوو: ترێزا خەوتبوو، خەونی ناخۆشی دەبینی، ئەو نەیدەتوانی بەئاگای بکاتەوە.

## ١٩

پێنج ساڵ دوا هێرشی سوپای ڕووس بۆ وڵاتی تۆماس، پراگ گەلێک گۆڕانی بەسەردا هاتبوو: ئەو خەڵکە کە تۆماس لە شەقامەکاندا دەیبینین هەر ئەو خەڵکەی پێشوو نەبوون. نیوەی دۆستەکانی کۆچیان کردبوو، نیوەی ئەوانەش کە مابوونەوە، مردبوون. هیچ مێژوونووسێک ئەم ڕاستییانە ناگێڕێتەوە: ساڵانی پاش هێرشی ڕووس قۆناغی کفن و دفنە. هەرگیز مردن بەم ڕادەیە نەبووە، من تەنیا باسی ئەو نموونە کەمانە ناکەم کە، وەک ژان پرۆشازکا، تا سنووری مردن لە ژێر باری زەختێکی قورسدان. پانزە ڕۆژ پاش ئەوەی کە ڕادیۆی

دەستی بە بڵاوکردنەوەی ڕۆژانەی وتووێژە تایبەتی و شەخسییەکانی پرۆشازکا کرد، ئەو لە نەخۆشخانە کەوت، لەپڕ شێرپەنجە ـ کە بێگومان لە ماوەیەک پێشترەوە بە سستی لە لەشیدا بووە ـ وەک گوڵێکی سوور پشکوت. لەبەر چاوی پۆلیس نەشتەرگەری بۆ کرا. کاتێک دەرکەوت کە دەمرێت، پۆلیس وازی لێ هێنا و ڕێگەی پێدا لە باوەشی ژنەکەیدا بمرێت. بەڵام ئەو کەسانەش کە ڕاستەوخۆ زوڵمیان لێ نەدەکرا و ئازار نەدەدران، تێک دەشکان. ئەو نائومێدییە کە هەموو وڵاتی گرتبووەوە، دەچووە گیانی مرۆڤەوە. بەسەر لەشەکاندا زاڵ دەبوو، تێکی دەروخاند.

هەندێک ملیان بە لوتف و کەرەمی حکومەت نەدەدا، حکومەتیش هەوڵی دەدا ڕێزێکی زۆریان لێبگرێت، ناچاریان بکات لە شوێنە گشتییەکان لەگەڵ ڕێبەرە تازەکاندا دەربکەون.

«فرانتیێسک هروباین[٤٣]» ـ شاعیرێک کە لەم جۆرە سۆزە حزبییە بێزار بوو ـ بەم شێوەیە مرد. وەزیری فەرهەنگ، کە شاعیر تا دواساتەکانی ژیانی هەوڵی دابوو تووشی نەبێت، لە تابووتدا هروباینی وەگیر هێنا. وەزیر وتارێکی ئاگرینی لەسەر گۆڕەکەی دا، باسی عەشق و خۆشەویستی شاعیری بۆ یەکێتی سۆڤێتی کرد. ڕەنگە بۆ ئەوە، ئەم ڕیسواییەی دەدایە پاڵ شاعیر، تا لە خەو ڕاپەڕێنێت. بەڵام دنیا ئەوەندە ناحەز بوو کە هیچ مردوویەک سەری لە گۆڕ دەرنەدەهێنا.

تۆماس بۆ بەشداریکردن لە پرسەی بوونەوەرناسێکی بەناوبانگ ـ کە لە زانکۆ و ئەکادیمیای زانست دەرکرابوو ـ چوو بۆ شوێنی سووتاندنی تەرمەکان. بۆ ئەوە ئاهەنگەکە نەبێت بە خۆپیشاندانێکی سیاسی، نەیانهێشتبوو کاتی سووتاندنەکەی ڕابگەیەنن، بەڵام نزیکانی مردووەکە، لە دواهەمین ساتەکاندا زانیبوویان تەرمەکە کاتژمێر شەش و نیوی بەیانی دەسووتێنرێت.

تۆماس کاتێک گەیشتە شوێنی ئاهەنگەکە، بەگران لەو بارودۆخە گەیشت: هۆڵەکە وەک ستۆدیۆیەکی فیلم هەڵگرتن ڕووناک بوو. بە سەرسوورمانەوە سەیری ئەملاو ئەولای کرد و زانی کە لە سێ سووچی هۆڵەکە کامێرایان

---

٤٣ Frantesk Hrubine

داناوە. ئەمە کامێرای بڵاوکردنەوەی ئاهەنگەکە لە تەلەفزیۆن نەبوو، بەڵکو پۆلیس وێنەی ئەو ئاهەنگەی دەگرت تا بەشداربووان بناسێتەوە. یەکێک لە هاوکارەکانی جارانی خوالێخۆشبوو، کە هێشتا ئەندامی ئەکادیمیا بوو، غیرەتی دایە بەر خۆی و چەند ڕستەیەکی لە بارەی مردووەکەوە گوت. ئەو بیری لەوە نەکردبووەوە کە بەم شێوەیە دەبێ بە ئەستێرەی سینەما.

پاش ئاهەنگەکە، کاتێک هەموو دەستی بنەماڵەی خوالێخۆشبوویان دەگووشی، تۆماس سەرنجی بۆ تاقمێکی بچووکی سووچێکی هۆڵەکە ڕاکێشرا. لە ناویاندا ڕۆژنامەوانە باڵابەرز و کۆمەکەی ناسییەوە. ئەو هەمیشە ئەم جۆرە کەسانەی، کە لە هیچ نەدەترسان، هاوڕێیەتییەکی سەیر پێکییەوەی دەبەستنەوە، خۆشی دەویست. بۆیە لێیان نزیکبووەوە. بە دەم زەردەخەنەیەکەوە ویستی سڵاو لە ڕۆژنامەوانەکە بکات، بەڵام ئەو بە پەلە گوتی:

«دکتۆر ئاگات لە خۆت بێ. واچاکە لێمان نزیک نەبیتەوە.»

ڕستەیەکی شاراوە بوو. دەکرا وەک داچڵەکاندنێکی دۆستانە لێکبدرێتەوە:

«ئاگات لە خۆت بێ، خەریکن بەکامێرای ڤیدیۆیی وێنەمان دەگرن. ئەگەر قسەمان لەگەڵ بکەیت دیسان دەبێ چاوەڕوانی لێپرسینەوەیەکی تر بیت.»

بەڵام لە لایەکی تریشەوە ڕێی تێدەچوو ویستبێتی بە تانە و تەشەر مەسخەرەی بکات.

«تۆ نەتوێرا بەیاننامەیەک ئیمزا بکەیت، بۆیە ئێستاش چاک نییە پەیوەندیمان لەگەڵ بگریت!»

مەبەستی کابرا هەرچی بووبێت، تۆماس بە قسەی کرد و لەوێ ڕۆیشت. هەستی دەکرد ئەو ژنە جوانە نەناسیاوە کە لە پیادەڕۆی وێستگەی شەفەمەندەفەر بینیبووی، سواری شەمەندەفەرێکی ئێجگار خێرا دەبێت، لەو کاتەدا کە دەیویست پێی بڵێت چەندە ستایشی دەکات، ژنە جوانەکە قامکی خستە سەر لێوی و نەیهێشت قسە بکات.

## ٢٠

دوانیوەڕۆی هەمان ڕۆژ، دیدارێکی سەیری تری بۆ هاتە پێش. تۆماس شووشەی دوکانێکی پێڵاو فرۆشی پاک دەکردەوە، کە پیاوێکی تا ڕادەیەک گەنج، دوو هەنگاو بەولاترەوە ڕاوەستا. کابرا لەبەر جامخانەکە نەوییەوە و سەیری نرخەکانی کرد. تۆماس لە کاتێکدا پەڕۆی هەوری بە شووشەکاندا دەهێنا، گوتی:

«نرخی هەموو شتێک بەرز دەبێتەوە.»

کابرا سەری وەرسووڕاند. یەکێک لە هاوکارەکانی تۆماس لە نەخۆشخانە بوو. هەر ئەو کەسە کە ناوی «س»یمی لێنا. ئەو کەسە کە پێیوابوو تۆماس پاکانەکە دەنووسێت، بۆیە بە کەراهەتەوە زەردەخەنەی دەکرد. تۆماس لەم دیدارە خۆشحاڵ بوو (هەروا کە لە ڕووداوێکی چاوەڕوان نەکراو خۆشحاڵ دەبین)، بەڵام لە نیگای هاوکارەکەیدا (لەو یەکەم ساتەدا کە هێشتا «س» نەیتوانیبوو بەسەر خۆیدا زاڵبێت) دۆخێکی سەرسووڕمانی ناخۆشی بینی.

«س» پرسی:

«چۆنی؟»

تۆماس تەنانەت بەر لەوە وەڵامیشی بداتەوە، زانی کە «س» لە پرسیارەکەی خۆی شەرمەزار بووە. ئەڵبەت پرسیاری «چۆنی؟»، لەلایەن پزیشکێکەوە کە لەسەر کار مابێتەوە، لە پزیشکێک کە خەریکی پیشەی شووشە شۆردنە، گەوجانە بوو.

تۆماس بۆ ئەوەی لەو ناڕەحەتییە دەربازی بکات، بەوپەڕی خۆشحاڵییەوە گوتی:

«لەمە چاکتر نابێت!»

بەڵام زوو هەستیکرد کە ئەم وڵامەی «لەمە چاکتر نابێت» بە پێچەوانەی ویستی خۆی، ڕەنگە (بە هۆی ئەو شێوە دەربڕینە شادەیەوە) وەک مەسخەرە کردنێکی تاڵ لێک بدرێتەوە. بۆیە بە پەلە درێژەی پێدا:

«هەواڵ و باسی نەخۆشخانە؟»

«هیچ هەواڵێک نییە. هەموو شتێک وەک جارانە.»

تەنانەت ئەم وەڵامە زۆر ئاساییەش لە نابەجێ دەچوو. هەرکامەیان دەیانزانی کە ئەویتریش دەزانێت کە چۆن دەکرا «هەموو شتێک وەک جاران» بێت، لە کاتێکدا یەکێک لەم دوو پزیشکە شووشەی پاک دەکردەوە؟

تۆماس پرسی:

«ئەی سەرۆکی بەش؟»

«نایبینی؟»

«نا...»

لە ڕاستیدا لەو کاتەوەی نەخۆشخانەی بەجێهێشتبوو، ئیتر سەرۆکی بەشی نەبینیبوو. ئەگەرچی ئەوان لە ڕابردوودا هاوکاری زۆر نزیکی یەکتربوون. هەست بە شتێکی خەمبار لەم وەڵامی «نا»یە دەکرا. تۆماس پێیوابوو کە «س»یش لە پرسیارەکەی خۆی پەرێشان بووە، چونکە هەرگیز، نە ئەو و نە سەرۆکی بەش، سۆراخیان نەگرتبوو هەواڵیان نەپرسیبوو.

وتووێژ لە نێوان ئەو دوو کۆنە هاوکارەدا بە دژواری دەچووە پێش، ئەگەرچی هەردووکیان و بە تایبەت تۆماس بەداخەوە بوون. ئەو گلەیی لە هاوکارەکانی جارانی نەدەکرد کە بۆچی فەرامۆشیان کردووە، حەزی دەکرد ئەو پزیشکە گەنجەش بەوە بزانێت. دەیویست پێی بڵێت: «نیگەران مەبە، ئەوە سروشتییە کە ئێوە نەتانەوێ هاتوچۆی من بکەن! هیچ نیگەران مەبە، من لە بینینت خۆشحاڵ دەبم!» بەڵام دەترسا ئەمانەی پێبڵێ، چونکە تا ئەو کاتە قسەکانی بە هیچ شێوەیەک پەردەیان لە نییەت و مەبەستی ئەو هەڵنەدابووەوە، ڕەنگە هاوکارەکەی جارانی ئەم ڕستە سەمیمانەشی وەک گەمەیەکی ناحەز لێکبدایەوە.

لە ئەنجامدا «س» گوتی:

«بمبوورە، بە پەلەم. تەلەفۆنت بۆ دەکەم.»

ئەوسا دەستی بۆ درێژکرد.

لە کێشمەکێشی قەیرانی ئەنجامی چاپی وتارەکەی ـ کاتێک هاوکارەکانی پێیان وابوو ئەو لە ترسا تەسلیمی بۆچوونەکەی پۆلیس دەبێت ـ سووکایەتییان پێدەکرد و زەردەخەنەیان بۆ دەکرد. لەوەو دواش چونکە نەیانتوانیبوو

سووکایەتی پێبکەن، لەبەر ئەوەی کە ناچار نەبن ڕێزی لێبگرن، لەبەری هەڵدەهاتن.

بێجگە لەوەش، ئیتر نەخۆشەکانی جارانیشی بۆ خواردنەوەی شەمپانیا دەوەتیان نەدەکرد. هەلومەرجی ئەو ڕۆشنبیرانە کە پلەو پایەی کۆمەڵایەتیان لێ سەندرابۆوە، ئیتر شتێکی شاز نەبوو، تەواو ئاسایی بوو، تەنانەت مرۆڤی تووشی سەرئێشە و زەحمەتیش دەکرد.

## ٢١

گەڕایەوە بۆ ماڵەوە، لەسەر قەرەوێڵەکەی ڕاکشا و زووتر لە جاران خەوی لێکەوت. بەڵام نزیکەی کاتژمێرێک لەوەو دوا، لەبەر ئێشی سکی بەئاگابۆوە. هەمیشە لە کاتی نائومێدی و بێهێزی ئەم ئێشە سەری هەڵدەدا. جێگەی تایبەت بە دەرمانەکانی پشکنی، بەتاڵبوو. بە جنێودان پشتی تێکرد. لە بیری چووبۆوە کە دەرمان بکڕێت. هەوڵیدا بەهێزی ورە بە سەر ئەم قەیرانی ئازارەدا زاڵبێ، کەم تا کورتێکیش سەرکەوت. بەڵام ئیتر خەوی لێ نەدەکەوتەوە.

کاتێک ترێزا نزیکەی کاتژمێر یەک و نیوی بەیانی هاتەوە بۆ ماڵ، پێی خۆشبوو قسەی لەگەڵ بکات. باسی پرسەکە، هەڵوێستی ڕۆژنامەوانەکە کە نەیویستبوو بیدوێنێت، چۆنییەتی بینینی «س»، هاوکارەکەی پێشووی بۆ بکات.

ترێزا گوتی:

«پڕاگ ناحەز بووە.»

تۆماس سەری بۆ لەقاند:

«وایە.»

پاش ساتێکی کورت ترێزا بە دەنگێکی بێهێز گوتی:

«واچاکە لێرە بڕۆین.»

بە دەرپێوە لە پاڵ قەرەوێڵەکە دانیشتبوو، ترێزاش لە پاڵیدا دانیشت، دەستی کردە ملی و گوتی:

«بچین بۆ لادێ.»

تۆماس بە سەرسووڕمانەوە گوتی:

«بۆ لادێ؟»

«لەوێ بەتەنیا دەبین. نە ئەو ڕۆژنامەوانە و نە هاوکارەکەی جارانت نابینین. لەوێ کەسانێکی تر دەبینین، سروشتیش ــ کە وەک ڕابردووە ــ دەبینینەوە.»

تۆماس دیسان هەستی بە سووکە ئازارێک لە سکیدا کرد. ئێستا حاڵی باشتر بوو، تەنیا تۆزێک ئاسوودە بوونی دەویست.

بەگران ــ لەکاتێکدا لەبەر ئازار بە دژواری هەناسەی دەکێشا ــ گوتی:

«ڕەنگە تۆ ڕاست بکەیت.»

ترێزا درێژەی پێدا:

«ئێمە لەوێ ماڵێکی بچووک و باخچەیەکمان دەبێ، کارنینیش کەیفخۆش دەبێت.»

«وایە.»

تۆماس هەوڵیدا ژیانی لادێ لە مێشکیدا وێنا بکات. بێگومان لە لادێ ئیمکانی ئەوەی نەبوو هەموو هەفتەیەک لەگەڵ ژنێکی تازە ئاشنا ببێت، ئەمەش بەمانای کۆتایی هاتن بە ڕووداوە عاشقانەکانی بوو.

ترێزا مەزنەنەی دەکرد کە تۆماس بیر لە چی دەکاتەوە، گوتی:

«بەڵام لە لادێ، لەوەی کە دەبێ هەر لەگەڵ من بی بێتاقەت دەبیت.»

ئازارەکە زیاتر دەبوو، تۆماس نەیدەتوانی قسە بکات. بیریکردەوە شوێن ژنان کەوتنیش «پێویستە»یەکە، ناچارییەک کە ئەوی ئەسیری خۆیکردووە. حەزی دەکرد بچێت بۆ پشوو ــ پشوویەکی ڕەها ــ تا بتوانێت لە هەموو «پێویستە!» و ناچارییەکان قوتار ببێت. ئەگەر ئەو ڕۆژگارێک توانیبووی ماڵئاوایی لە تەختی نەشتەرگەری نەخۆشخانە بکات، بۆ دەبێ نەتوانێ واز لە ژنان بهێنێت؟

ترێزا لە ئەنجامدا تێگەیشت:

«سەر دڵت ئێشێت؟»

ئەو وەڵامی ئەرێی دایەوە

«دەرزیت لە خۆت داوە؟»

«لە بیرم چوو دەرمان بکرێم.»

ترێزا بۆ ئەم کەمتەرخەمییە سەرکۆنەی کرد، ناوچەوانی ئارەق لێنیشتووی

لاواندەوە.
تۆماس گوتی:
«چاکتر بووم.»
ترێزا لێفەکەی پێدادا و گوتی:
«ڕاکشێ.»
پاشان چوو بۆ ئاودەست و زوو گەڕایەوە و لە پاڵیدا ڕاکشا.
تۆماس سەری لەسەر سەرینەکە بەرەو ئەو سووڕاند و لە پڕ تۆقا. خەم و مەینەتی قووڵی ناو چاوەکانی ترێزا لەتاقەت بەدەر بوو. بە ئارامی گوتی:
«ترێزا. بۆ ئاوا ناڕەحەتی؟ ماوەیەکە سەیرت بەسەر هاتووە. من هەست بەوە دەکەم و دەزانم کە ناڕەحەتی.»
ترێزا سەری لەقاند.
«نا، هیچ ناڕەحەت نیم.»
«مەیشارەوە!»
«هەمیشە ئاوایە. هەمیشە ئاوایە.»
ئەمە بەو مانایە بوو کە ئەو حەسوود بوو، تۆماسیش وازی لە بێوەفایی نەدەهێنا. بەڵام تۆماس پێداگر بوو.
«نا ترێزا، ئەمجارە شتێکی تر ڕوویداوە، من تا ئێستا تۆم بەم شێوەیە نەبینیوە.»
«چاکە! ئێستا کە دەتەوێ بزانی بڕۆ سەرت بشۆ.»
ئەو لە مەبەست و توانجەکەی ترێزا نەدەگەیشت. بەڵام بە بیستنی ئەم وشانە دیسان ئازاری سکی سەری هەڵدایەوە. ئەو تێگەیشت و هەستی بەنائومێدی کرد. هەمیشە بە وەسواسییەکی زۆرەوە خۆی دەشووشت، هەموو لەشی، قژ و دەست و ڕوومەتیشی بە سابوون دەشووشت، تا بۆنێکی نەناسیاوی جێی گومانی پێوە نەمێنێت. لە حەمامی خەڵکی تریش خۆی بە سابوونی بۆنخۆشی ئەوان نەدەشووشت. هەمیشە سابوونە مارسییەکەی خۆی پێبوو. بەڵام ئەمجارە قژی لەبیرکردبوو. دەیبینی کە هیچ ڕێگەیەک بۆ پاکانەکردن نەماوە، تەنیا دەیتوانی گێلانە پێبکەنێت و بچێ بۆ حەمام سەری بشوات.

ترێزا دیسان دەستی بە لاواندنەوەی ناوچەوانی کردەوە:
«هەڵمەستە. ئێستا ئیتر گرنگ نییە، خووم پێگرتووە.»
سکی دەئێشا و تەنیا ئاواتی ئاسوودە بوونی دەخواست. پاش کەمێک گوتی:
«نامەیەک بۆ ئەو نەخۆشە دەنووسم کە لە شوێنی ئاوی کانزایی بینیمان. ئەو هەرێمە دەناسی کە لادێکەی ئەوانی لێیە؟»
«نا.»
تۆماس بە گران قسەی بۆ دەکرا. بە پێداگرییەوە گوتی:
«دارستان... تەپۆڵکەکان...»
«ئەرێ وایە. با لێرە بڕۆین. بەڵام ئێستا ئیتر بێدەنگ بە.»
ئەوسا هەمدیس لاواندییەوە. لەپاڵ یەکتر ڕاکشابوون و ئیتر هیچیان نەدەگوت. ئازارەکە وردە وردە کەم دەبووەوە، هەردووکیان زوو خەویان لێکەوت.

## ٢٢

تۆماس نیوەشەو کە لەخەو هەستا زانی شەیتانی بووە. بیریکەوتەوە ژنێکی ڕووتی زەبەلاح، لانیکەم پێنج ئەوەندەی جەستەی ئاسایی خۆی، لە ئاوی ئەستێرێکدا خنکابوو، بە پشتەوە سەر ئاو کەوتبوو. سکی، دەوروبەری ناوکی بە موو داپۆشرابوو. سەیرکردنی ئەو دیمەنە تۆماسی تووشی هەڵچوون و خرۆشان کردبوو.
ئەو چۆن توانیبووی تووشی هەڵچوون و خرۆشان ببێت، لەکاتێکدا لەشی ئەو ژنە بە هۆی ماسینی ورگییەوە تێکچووبوو؟ چۆن دەیتوانی بە وشیاری، بە بینینی ئاوا ژنێک تووشی هەڵچوون ببێت؟
بیریکردەوە میلەکانی چەرخی کاتژمێر، مێشکی بە دوو ئاقاری دژ بەیەک هەڵدەسووڕێن. لەسەر یەکێکیان وێنە خەیاڵییەکان و لەسەر ئەویتریان پەرچەکرداری لەشییەتی. ئەو میلە کە وێنەی ژنی ڕووتی هەڵدەگرت، لەگەڵ میلەکەی تر کە بە پێی ئەمر ئیشی دەکرد، تێکەڵ ببوو. بەڵام کاتێک بە هەر

هۆیەک دەندەکان بترازانایە و میلی خرۆشانەکەی لەگەڵ میلی تەمەنای بۆ تێ ڕۆکردن یەکانگیر ببوونایە، ئەندامی پیاوانەی قیت دەبووەوە.

بێجگە لەوەش، لێکۆڵینەوەی هاوکارێکی تۆماس کە پسپۆڕی بواری خەو بینینی مرۆڤە، ئاشکرای دەکرد کە لە کاتی شەیتانی بووندا، جۆرە پەیوەندییەک لە نێوان بەرزبوونەوەی ئەندامی پیاوانە و ژنانی ڕووت ساز دەبێت. ئەمە یەک لەو هەزاران ڕێگەیەیە کە داهێنەری مەزن کاتژمێری مێشکی پیاوی پێ دەخاتە گەڕ. کەواتە ئەی عەشق لەم کەین و بەینەدا چ دەورێکی هەیە؟ هیچ. ئەگەر چەرخی کاتژمێری مێشکی تۆماس دەربچێت، بە بینینی تێ ڕۆکردنێک بخرۆشێت، ئەمە بێگومان کاریگەرییەکی لەسەر عەشقی ئەو بۆ ترێزا نابێت.

ئەگەر هەڵچوون و خرۆشان ئەو میکانیزمەیە کە خالق خۆی پێ سەرقاڵ دەکات، کەواتە عەشق شتێکی تایبەت بە ئێمەیە، وامان لێدەکات هەست بەخالقبوون بکەین. عەشق ئازادی ئێمەیە. عەشق لەوپەڕی هەموو «پێویستە»یەکە.

ئەڵبەت ئەمە شتێکی تەواو ڕاست نییە. تەنانەت ئەگەر عەشق شتێکی جیا لە مەکینەی سێکس بێت، خالق خۆی پێ سەرقاڵ بکات، ئەو هێشتا پێی وابەستەیە. وەک حەساسییەتی ژنێکی ڕووت بەرامبەر بە پاندۆڵی ئاوێزانی کاتژمێرێکی گەورە.

تۆماس بیری دەکردەوە: وابەستەیی عەشق بە سێکس یەکێک لە غەریبترین بیرۆکەکانی خالقە. دیسان بیری دەکردەوە: ڕەنگە تاکە ڕێگە بۆ پاراستنی عەشق لە گەمژەیی سێکس، ئەوە بێت کە چەرخی کاتژمێری سەرمان لەسەر ئەو ڕێگەیەی ڕابگرین کە دیمەنی تێ ڕۆکردنێک تووشی خرۆشانمان دەکات.

ئەم بیرکردنەوە خۆشە وەنەوزی بە تۆماس قرتاند. ئەو لە دەسپێکی زۆربەی خەونەکانیدا، لە کەسنەزانی چەمکە تێکەڵ و پێکەڵەکاندا، لە پڕ لەوە دڵنیابوو کە چارەسەری هەموو مەتەڵەکانی دۆزیوەتەوە: کلیلی هەموو ڕازێک، یۆتۆپیایەکی نوێ، بەهەشتێک، جیهانێک کە پیاو بە بینینی تێ ڕۆکردنێک تووشی هەڵچوون و خرۆشان دەبێت، ئەوەبوو کە تۆماس دەیتوانی عاشقی ترێزا بێت بەبێ ئەوەی کە گەمژەیی دەستدرێژی سێکسی پەرێشانی بکات پاشان خەوی لێکەوت.

## ٢٣

تۆماس ماندوو هیلاک، لە ناو ئەو ژنە نیوە ڕووتانەدا بوو کە بە دەوریدا هەڵدەسووڕان. بۆ ئەوەی لە بەریان هەڵبێت پەنای بۆ ژوورەکەی تر برد و لەوێ ژنێکی گەنجی بینی کە لەسەر قەرەوێڵەیەک ڕاکشابوو. ژنەکە جلی ژێرەوەی لەبەردا بوو، لەسەر شان ڕاکشابوو، ئەژنۆی لەباوەشگرتبوو. وەها کە چاوەڕوانی ئەو بووبێت، بە زەردەخەنەیەکی پڕ ماناوە سەیری کرد.
تۆماس لە قەرەوێڵەکە نزیکبۆوە. بە بینینەوەی ئەو ژنە، خۆشحاڵییەکی لە ڕادە بەدەر هەموو لەشی داگیرکرد. لەسەر قەرەوێڵەکە لەلای دانیشت. چەند وشەیەکی پێگوت و ئەویش بە چەند وشەیەکی تر دواندی. ژنە گەنجەکە دۆخێکی پڕ لە ئاسوودەیی بوو، جووڵەی دەستی ئارام و لەسەرخۆبوو. تۆماس بە درێژایی ژیانی ئاواتەخوازی ئەم جووڵە ئارام و لەسەرخۆیە بوو، هەرگیز لە پاڵ هیچ ژنێکدا هەستی بەم ئاسودەییە نەکردبوو.
لەپڕ کەوتە دۆخێکی نیوە بەئاگاییەوە. ئەو دۆخە کە مرۆڤ ئیتر لە خەودا نییەتی، بەڵام بەئاگاش نەبۆتەوە. دەترسا ژنەکە لەبەر چاوی ون ببێت. بەخۆی گوت: «ئەی خوای گەورە! نابێ لە دەستی بدەم!» بە هەموو هێزی زاکیرەی هەوڵیدا وەبیری خۆی بهێنێتەوە، کە ئەو ژنەی لە کوێ دیوە و تا چ ڕادەیەک دەیناسێت. چۆن دەکرا ئەو ژنە گەنجەی وەبیر نەیەتەوە، کەسێک کە ئەوەندە باشی ناسیوە؟ بڕیاریدا لە یەکەم دەرفەتدا تەلەفۆنی بۆ بکات. بەڵام ئان و سات بیریکەوتەوە کە ناوی نازانێت و ناتوانێ تەلەفۆنی بۆ بکات. لە داخاندا لەرزی. ئاخر چۆن ناوی کەسێکی لەبیر چووبووەوە کە ئاوا باش دەیناسی؟
پاشان لە حاڵێکدا تەواو بەئاگا ببووەوە و چاوی هەڵێنابوو، بە خۆی گوت: «من لە کوێم؟ ئەرێ لە پڕاگم، بەڵام ئایا ئەم ژنەش لە پڕاگە؟ ئایا لە شوێنێکی تر نەمبینیوە؟ ڕەنگە لە سویسرا لەگەڵی ئاشنا بووبێتم!» ئان و ساتێکدا بیریکردەوە، لە ئەنجامدا زانی کە ئەم ژنە گەنجە هەر ناناسێت. ئەو نە لە زووریخ و نە لە پڕاگ ناژی، بەڵکو تەنیا بە خەون بینیویەتی و لەسەر زەوی بوونی نییە.

ئەم بیرە سەراسیمەی کرد. هەستا و لەسەر لێواری قەرەوێڵەکە دانیشت. ترێزا لە پاڵیدا هەناسەی دەکێشا. ئەو بەردەوام بیری لەو ژنە گەنجە دەکردەوە. لە هیچکام لەو ژنانە نەدەچوو کە دەیناسین. ئەم ژنە گەنجە ـ کە ئەوەندە بەلایەوە ئاشنابوو ـ لە واقیعدا ئاشنانەبوو. بەڵام هەستی دەکرد هەموو تەمەنی ئاواتەخوازی گەیشتن بە ئەو بووە. ئەگەر ڕۆژێک بچوایە بۆ بەهەشتە تایبەتەکەی خۆی (گریمان بەهەشتێکی وەها ببێت) دەبوو لەوێ لەگەڵ ئەو ژنەدا بژی. ئەو ژنە گەنجە کە بە خەون بینیبووی «پێویستە!»ی عەشقی چارەنووسی ئەو بوو.
ئەفسانەی بە ناوبانگی «زیافەتی ئەفلاتوون»ی بیرکەوتەوە: لە زەمەنێکی زۆر زۆر بەر لە ئێستا، ژن و پیاو خاوەنی ڕەگەزێکی چوونیەک بوون، تا ئەوەی کە مەشییەتی خواوەند هاتە سەر ئەوەی کە ئەوان بە دوو کوتی جیاواز دابەش بکات. لەو دەمەوە مرۆڤەکان لەسەر زەوی لە جووتی خۆیان دەگەڕێن و بە شوێنیدا عەوداڵن. عەشق لە ڕاستیدا ئەو حەز و مەیلەیە کە ئێمە بەرامبەر بەو نیوە لە کیس چووەی خۆمان هەمانە.
ئەگەر ئەم ئەفسانەمان قبووڵ بێت، هەرکام لە ئێمە، لە سووچێکی ئەم دنیایە، خاوەنی جووتێکین کە لە ڕابردوودا پێکەوە وەک یەک لەش بووین. کەواتە ئەو ژنە گەنجە کە تۆماس بە خەون دیبووی، نیوەکەی تری بوو. بەڵام هیچکەسو هەرگیز ئەو نیوەی تری خۆی نادۆزێتەوە و بۆ ئەویش، ـ لەبری ئەو نیوە ونبووە ـ یەکێکی وەک ترێزا دەخرێتە ناو سەبەتەیەک و بەدەم ئاوەوە دەدرێت. باشە بەڕاست چی دەبوو ئەگەر ئەو ژنە کە لە چارەی ئەو نووسراوە ـ نیوە ونبووەکەی ـ دواتر ببینێت؟ لەوەها حاڵەتێکدا دەبێ کامیان هەڵبژێرێت؟ ئەو ژنە کە لە سەبەتەیەکی دەم ئاودا دۆزیویەتییەوە، یان ئەو ژنەی ئەفسانەکەی ئەفلاتوون؟
تۆماس بەخەیاڵ لە جیهانێکی ئاواتەخوازی، لەگەڵ ژنی خەونەکانی دەژی، کە لەپڕ ترێزا لە ژێر پەنجەرەی کراوەی ماڵەکەیانەوە تێدەپەڕێت. ئەو تەنیاییە. لە پیادەڕۆ ڕادەوەستێت و لە دوورەوە بە نیگایەکی ئێجگار خەمبار سەیری دەکات. تۆماس دەرەقەتی ئەو نیگا دڵتەزێنەی نایەت. بۆ جارێکی تریش لە

دڵی خۆیدا هەست بە ڕەنج و ئازارەکانی ترێزا دەکات! بۆ جارێکی تریش تووشی هاوخەمی دەبێت، ڕۆحی ترێزا تووشی گەشکەی دەکات. بە پەلە بەرەو پەنجەرەکە دەچێت، بەڵام ترێزا بە زمانێکی تاڵ پێی دەڵێ: «لە شوێنی بەختیاری خۆت بمێنەرەوە».

ترێزا بەو شێوە ناحەز و نەشیاوە دەجووڵێتەوە، کە تۆماس هەمیشە ڕقی لێی بووە. تۆماس بۆ ئەوەی ئارامی بکاتەوە دەستەکانی دەگوشێت کە بە عەسەبییەتەوە دەلەرزێن. ئەو دەزانێ هەمیشە ئامادەیە واز لەو بەهەشتە بهێنێت کە لەوێ لەگەڵ ژنی گەنجی خەونەکانی دەژی، خیانەت بە «پێویستە!»ی عەشقی چارەنووسی بکات، تا بچێت بۆلای ترێزا. بۆلای ئەم ژنە کە لە شەش ڕێکەوتی سەیر و مەسخەرە بووە.

ئەو لەسەر قەرەوێڵەکە دانیشتبوو سەیری ئەو ژنەی دەکرد کە لە پاڵیدا ڕاکشابوو ـ لە خەونیدا دەستی دەگوشی ـ و، هەستی بە عەشقێکی لە گوتن نەهاتوو بەرامبەر بە ئەو دەکرد. ترێزا کە لەو دەوروبەرانە لە خەوێکی سووکدا بوو، لەپڕ چاوی هەڵێنا و بە ڕقەوە لێی ورد بووەوە. لێی پرسی:

«سەیری چی دەکەیت؟»

تۆماس دەیزانی کە نابێ بە ئاگای بکاتەوە، بەڵکو دەبێ دیسان بیخەوێنێتەوە. بۆیە هەوڵیدا بەو وشانە وەڵامی بداتەوە، کە بتوانێ لە زهنیدا خەونێکی نوێ بئافرێنێت. گوتی:

«سەیری ئەستێرەکانم دەکرد.»

«درۆ مەکە. تۆ سەیری ئەستێرەکان ناکەیت، سەیری سەر زەوی دەکەیت.»

«ئەرێ، بەڵام ئێمە لە ناو فڕۆکەداین، ئەستێرەکان لە ژێر پێماندان.»

«وەی، وەی.»

ترێزا ئەوەی گوت و دیسان بە توندی دەستی تۆماسی گوشییەوە و خەوی لێکەوتەوە. لەم کاتەدا تۆماس دەیزانی ترێزا لە پەنجەرەی فڕۆکەیەک کە بەسەر ئەستێرەکاندا دەفڕێت، چاوی لە ئاسمان بڕیوە.

# بەشی شەش
# ڕێبیڕێوانی گەورە

١

چۆنییەتی مردنی «ئیاکۆڤ[٤٤]» کوڕی ستالین تەنیا لە ڕۆژنامەی سەندی تایمز، لە ساڵی ١٩٨٠چاپ و بڵاوکرایەوە. ئەو لە شەڕی دووهەمی جیهانی بەدیل گیرابوو، لەگەڵ ئەفسەرە ئینگلیزییەکان، لە کەمپێکی ئەڵمانی دەژیا. ئاودەستی کەمپەکە هاوبەش بوو، کوڕەکەی ستالین هەمیشە پیسی دەکرد. ئینگلیزییەکان ڕقیان لە ئاودەستی پیس بوو، تەنانەت ئەگەر ئەم پیسییە بە هۆی کوڕی ستالینەوە بێت، کە ئەو دەمە باوکی لە بەهێزترین پیاوانی جیهان بوو. ئیاکۆڤ کاتێک سەرکۆنە کرا، ڕەنجا، بەڵام بەسەرخۆی نەهێنا. تا ئەوەی کە ناچاربوون لێی قەڵز ببن، لە ئەنجامدا ناچاریان کرد ئاودەستەکە خاوێن بکاتەوە. کوڕەکەی ستالین تووڕە بوو، لەگەڵیان بەشەڕ هات و لە یەکتریان دا. ئەوسا داوای بینینی فەرماندەی کەمپەکەی کرد. ئەو دەیویست فەرماندەی کەمپەکە لە مابەینیان ببێ بە دادوەر. بەڵام فەرماندەی کەمپەکە ئەوەندە خۆی بەلاوە گرنگبوو کە ئامادە نەبێت لە بارەی پیسبوونی ئاودەستێکەوە قسە بکات. کوڕەکەی ستالین ئەم سەرشۆڕی و سووکایەتییەی پێ قبووڵ نەکرا و لە کاتێکدا بە زمانی ڕووسی جنێوی پیسی دەدا، خۆی خستە سەر ئەو تەلە دڕکاوییانەی کە بە دەوری کەمپەکەدا کێشرابوون و کارەبای بەهێزیان تێدابوو. ئەو لەسەر تەلە دڕکاوییەکان مرد و تەرمەکەی کە ئیتر ئاودەستی ئینگلیزەکانی پیس نەدەکرد، بە حەواوە مایەوە.

٢

کوڕەکەی ستالین ژیانێکی ئارام و ئاسوودەی نەبوو. لە دایکێک ببوو کە ستالین سکی پڕ کردبوو. بەڵگەکان دەیسەلمێنن کە دواتر ئەو ژنە بە فەرمانی ستالین لەسێدارەدراوە. بەوپێیە ستالینی گەنج کە دەیزانی کوڕی بەهێزترین پیاوی جیهانە، مەحکووم بە عەزابی هەتاهەتایی بوو. خەڵک لەبەر دوو هۆ لێی تۆقابوون: یەکەم، بە هۆی ئەو هێزەوە کە بووی و دەیتوانی ئازاریان

---

٤٤ Iakov

بدات. هەرچی بوو کوڕی ستالین بوو، هاوڕێیەتی لەگەڵ ئەو بێمەترسی نەبوو. دووهەم، ڕێی تێدەچوو کە ستالین لەبری کوڕە نەفرەتییەکەی هاوڕێکانی سزا بدات.

کەس بەقەدەر ئەو هەستی بەوە نەدەکرد کە عەزابی هەتاهەتایی و هەلومەرجی شازی تاکە کەسی (واتە بەختیاری و بێبەختی) تا چ ڕادەیەک ئیمکانی جێگۆڕکە کردنیان هەیە، وەک دوو قوتبی بوونی مرۆڤ، چەندە لە یەکتر نزیکن.

ئەو سەرەتای شەڕ لەلایەن ئەڵمانییەکانەوە بەدیل گیرا، خۆی لەگەڵ ئەو دیلانەدا بینییەوە کە هەمیشە لە بەرامبەر نەتەوەکەیان ـ کە بە شێوەیەکی سەیر لە خۆیاندا بوون ـ هەستی بە بێزاری دەکرد. ئەو کەسە کە یەکێک لە گەورەترین کارەساتە مرۆییەکانی بە کۆڵەوە بوو، دەبوو ئێستا بکەوێتە بەر قەزاوەتی خەڵکی تر، ئەویش نەک بۆ شتی بەرز و ڕەسەن، بەڵکو بۆ پیسی و پەڵۆخی؟ ئایا ڕەسەنترین کارەساتەکان و قۆڕترین ڕووداوەکان، تا ئەم ڕادە سەیر و سەمەرەیە لێک نزیکن؟ کەواتە نزیکیش دەتوانێ سەرەگێژە بێنێت؟

بێگومان. کاتێک قوتبی باکوور لە قوتبی باشوور نزیک ببێتەوە ـ وەها کە پێکەوە بنووسێن ـ گۆی زەوی تیادەچێت. مرۆڤ دەکەوێتە بۆشاییەکەوە کە گێژ و وڕی دەکات، لە بەرامبەر وزەی داکەوتندا خۆی پێناگیرێت.

ئەگەر عەزابی هەتاهەتایی و هەلومەرجی شازی تاکە کەسی چوونیەک بن، ئەگەر هیچ جیاوازییەک لە نێوان چاک و خراپدا نەبێت، بوونی مرۆڤ هەموو ڕەهەند و بارستاییەکانی خۆی دەدۆڕێنێ و بەشێویەکی لەتاقەت بەدەر سووک دەبێت. ئەوسا کوڕی ستالین خۆی دەخاتە سەر تەلە دڕکاوییەکان (وەک تای شایەن)، ئەو تایە کە بەشێوەیەکی بەزەیی هێنەر هەڵدەکشێ و لە ژێر کاریگەری سووکی بێکۆتای دنیادا، بێ ڕەهەند و بارستایی، بەو سەرییەوە دەمێنێتەوە.

ئەگەرچی کوڕی ستالین ژیانی خۆی فیدای پیسی و پەڵۆخی دەکات، بەڵام مردنەکەی پووچ و بێمانا نییە. لە ڕاستیدا ئەو ئەڵمانییانە کە ژیانی خۆیان فیدای پەرەپێدانی ئیمپراتۆرییەکەیان بەرەو ڕۆژهەڵات کرد، ئەو ڕووسانە کە لە

پێناوی بەربڵاوکردنی دەسەڵات و حکومەتی وڵاتەکەیان بەرەو ڕۆژئاوا کوژران... ئەرێ، ئەوانن کە گیانی خۆیان گەوجانە بەختکردووە، مردنی ئەوانە کە هیچ مانا و بایەخێکی ڕاستەقینەی نییە. بەڵام مردنی کوڕی ستالین لە جەنگەی گەوجایەتی شەڕی دووهەمی جیهانی، تاکە مەرگێکی ماناداره کە دەبێ حسێبی بۆ بکرێت.

٣

ئەو دەمە کە منداڵ بووم و سەیری لاپەڕەکانی تەوراتم دەکرد، کە بۆ منداڵان گوترابوو، هەندێک شێوەکاریی «گۆستاڤ دۆر[٤٥]» ی تێدابوو، خودام دەبینی کە لەسەر هەورەکان ڕاوەستابوو. ئەو پیاوێکی پیر بوو کە چاو و لووت و سەرێکی درێژی هەبوو. بەخۆمم دەگوت ئەگەر خودا دەمی ببێت کەواتە ناچارە بخوات. ئەگەر بخوات کەواتە ورگی هەیە. بەڵام ئەم بیرە هەمیشە دەیتۆقاندم. بۆیە تەنانەت ئەگەرچی منداڵی بنەماڵەیەکی زۆر ئایینداریش نەبووم ، هەستم دەکرد ئەم بیرۆکەیە سووکایەتی کردنە بە ئایین.
بەوپێیە، بەبێ فێربوونی حیکمەت و خودا ناسی، هەر لە خۆوە لە ناتەبایی نێوان خالق و پیسایی گەیشتم، مرۆڤناسی مەسیحیم ڕووبەڕووی پرسیار کردەوە. بۆ نموونە پرسیاری وەک ئایا مرۆڤ لە وێنای خودا هاتووەتە بوون، یان بەپێچەوانەوە، وەکو خودا خوڵقێنراوە؟ ئایا خودا ورگی هەیە یان نا؟ ئەگەر خودا ورگی نەبێت کەواتە مرۆڤ لە ئەو ناچێت. ئەوەی کە من لە تەمەنی پێنجساڵیدا هەستم پێدەکرد، هەمان شت بوو کە دەقە ئایینییە نادیارەکانی کەونارا تێی گەیشتبوون.
لە سەدەی دووهەم، مامۆستای هەرە بەرز «گنۆستیک[٤٦]» ، ئەزموونی «ڤالێنتینۆس[٤٧]» ، ئەم مەتەڵە دژوارە نەحلەتییەی، بەو بانگەشە چارەسەرکرد کە گوایە عیسا دەخواتو دەخواتەوە بەڵام بە بێ عەیب. پیسایی گرفتێکی

---

٤٥ Gustav Dore

٤٦ Gnostic

٤٧ - Valentinus

حیکمەتی گەلێک قورستر لە شەڕە. مادام خودا ئازادی بە مرۆڤ بەخشیبێت، ئێمە دەتوانین ئەگەر پێویستمان پێی بێت، ئەو بیرۆکەیە وەربگرین کە ئەو بەرپرسی تاوانەکانی مرۆڤ نییە. بەرپرسایەتی پیسایی بە تەواوەتی لە ئەستۆی ئەوە. لە ئەستۆی ئەو کە داهێنەری مرۆڤە.

٤

لە سەدەی چوارەمدا «سەنت جرۆم[٤٨]» ئەو بیرۆکەی ڕەتکردەوە کە ئادەم و حەوا لە بەهەشت دەستلەملانێیان کردووە و جووتبوون.
لەلایەکی ترەوە «یووهان سکۆتووس ئێریگنا[٤٩]» حەکیمی گەورەی سەدەی نۆهەم ئەم بۆچوونەی پەسندکرد. ئەو پێیوابوو ئەگەر ئادەم خۆی حەزی کردبێت، دەکرا ئەندامی پیاوانەی وەک قۆلی یان قاچی بەرز ببێتەوە.
ئێمە نابێ ئەو خەیاڵە وەلا بنێین کە ترس و هەڕەشەی لاواز بوونی توانای سێکس، مرۆڤ تووشی ئازار دەکات. بیرۆکەکەی ئێریگنا مانای جیاوازی هەیە. ئەگەر بەرزبوونەوەی ئەندامی پیاوانە بە حوکمێکی سادە مومکین بێت، کەواتە هەڵچوون و خرۆشان چ جێیەکی لەم دنیایەدا هەیە؟ ئەو ئەندامە بەرزدەبێتەوە نەک لەبەرئەوەی کە ئێمە تووشی هەڵچوون و خرۆشان بووین ، بەڵکو لەبەرئەوەی کە ئێمە داوای بەرزبوونەوەیمان کردووە.
ئەو ناتەباییە کە حەکیمی گەورە لەبارەی بەهەشتەوە پەی پێ برد، جووتبوونی هاوڕێ لەگەڵ خۆشی و چێژ نەبوو، بەڵکو هەڵچوون و خرۆشان بوو. با ئەوەشمان لەبەرچاو بێت کە لە بەهەشت خۆشی و چێژ هەیە، بەڵام هەڵچوون و خرۆشان نییە.
باسەکەی ئێریکنا ڕێگە چارەیەک بۆ پاساوی حەکیمانەی پیساییە. لە هەموو ئەو ماوەیەدا کە ئیزنی مانەوە لە بەهەشت بەمرۆڤ دراوە (وەک مەسیحی ڤالینتینۆس)، ئەو بە هیچ شێوەیەک خۆی پیس نەکردووە، یان وەک شتێکی قێزەون سەیری پیسایی خۆی نەکردووە.

---

Saint Jerome - ٤٨

Johannes Scotus Erigena - ٤٩

تا بەر لەوەی مرۆڤ لە بەهەشت دەربکرێت، هەستی قێزەونی نەبووە. مرۆڤ کاتێک دەستی بە شاردنەوەی پیسایی کرد، کە ئەو دەمامکی لادا و بەو ڕووناکاییە مەزنەی خۆی کوێری کرد. بۆیە زۆر زوو، لە پاش ناسینی قێزەونی، مرۆڤ دەستی بە هەڵچوون و خرۆشان کرد. بەبێ پیسایی (لەهەر دوو حاڵەتی ڕەشۆکی و ئەدەبی هەستکردن بەجیهان) مەیلی جووتبوون لەئارادا نەبووە. مەیلی جووتبوون هی کاتێکە کە مرۆڤ دڵی لێدەدات و هەستی کوێر دەبێت.
لە بەشی سێهەمی ئەم ڕۆمانەدا چیرۆکی ڕاوەستانی سابینام بە نیوە ڕووتی گێڕایەوە کە کڵاوێکی خری لەسەردا بوو. تۆماسیش بە جلەوە ڕاوەستابوو. شتێک هەیە کە ئەو کاتە نەمدەتوانی باسی بکەم. کاتێک سابینا لە ئاوێنەکەدا سەیری خۆی دەکرد، خرۆشا. سابینا بە خەیاڵ بە کڵاوە خڕە لێواردارەکەیەوە لەسەر ئاودەست دانیشتبوو. تۆماس سەیری خۆخاڵیکردنەوەی دەکرد. لە پڕ دڵی وەتەپوکوت کەوت و خەریکبوو ببوورێتەوە. ئەو وەها خرۆشابوو کە پاڵی بە تۆماسەوە نا و فڕێیدایە سەر قاڵییەکە. ئەوسا گورجێک هەرای ئاسوودەبوونی خۆی دەربڕی.

## ٥

کێشەی نێوان ئەو کەسانە کە پێیان وایە خودا جیهانی خوڵقاندووە، ئەوانە کە پێیانوایە جیهان بە هۆی هاوسەنگی و هاوئاهەنگی خۆیەوە خوڵقاوە، پەیوەندی بە دیاردەیەکەوە هەیە کە دەکەوێتە ئەوپەڕی عەقڵ و ئەزموونەکانمانەوە. ئەوەی زیاتر واقیعی دەنوێنێت، ئەو هێڵەیە کە دوو دەستە لەیەک جیادەکاتەوە: ئەو کەسانە کە پێیانوایە مرۆڤ (بوون)ی پێ بەخشراوە (گرنگ نییە کە کێ و چۆن بەخشیویەتی)، لەوانە کە ئەم بۆچوونە ڕەت دەکەنەوە.
لە پشت ئیمان و ئایین و سیاسەتی ئەوروپاییەکانەوە، یەکەم بەشی «سفری خوڵقان» پێمان دەڵێ جیهان بەگشتی لە چاکی (بوون)ی مرۆڤ خوڵقاوە، کەواتە ئێمە مافی ئەوەمان هەیە خۆمان بەرهەم بێنینەوە.
با ئێمە بەم باوەڕە سەرەکییە بڵێین: «ڕێکەوتننامەی بابەتی لەگەڵ بوون».
ئەوە ڕاستە کە تا ئەم دواییانەش وشەی پیسایی (گ...) بە هۆی تێڕامانێکی

ئەخلاقییەوە، لەچاپدا بە ناتەواوی دەنووسرا. تۆ ناتوانی بانگەشەی ئەوە بکەیت کە پیسایی (گ...) شتێکی نائەخلاقییە. دژایەتیکردن لەگەڵ پیسایی دژایەتییەکی میتافیزیکییە.

چوونە ئاودەست، شایەت و بەڵگەی ڕۆژانە بۆ ئەو ڕاستییەیە کە یان پیسایی شتێکە کە دەبێ قبووڵی بکەین (لەم حاڵەتەدا نابێ دەرکەی حەمام لەسەر خۆمان دابخەین) یان ئێمە لە شێوازێکی قبوڵنەکراو خوڵقاوین.

کەواتە ئایدیالی ستاتیکی «ڕێکەوتننامەی بابەتی بوون » ئەو جیهانەیە کە پیسایی تیایدا ئینکار دەکرێ، کردەی هەر کەس بە (بوون)ی ئەو کەسە نازانێت. بەم ئایدیالە ستاتیکییە دەگوترێت کیچ.

کیچ وشەیەکی ئەڵمانییە کە لە ناوەڕاستی سەدەی هەستیاری نۆزدەوە هاتۆتە بوون، لە زمانی ئەڵمانییەوە بەرەو زمانە ڕۆژئاواییەکان چووە. دووپات و چەند پاتکردنەوەی کیچ، مانا ڕەسەن و میتافیزیکییەکەی سڕیوەتەوە. کیچ لە ڕاستیدا ڕەتکردنەوەی ڕەهای پیسایی لە هەر دوو حاڵەتی ڕەشۆکی و ئەدەبی دایە. کیچ هەموو ئەو شتانە لە ڕوانگەی خۆی وەدەر دەنێت کە لەبوونی مرۆڤدا وەرناگیرێن و قبووڵ ناکرێن.

## ٦

یەکەم ڕاپەڕینی دەروونی سابینا دژ بەکۆمۆنیزم، لایەنی ئەخلاقی نەبوو، بەڵکو پەیوەندی بە جوانیناسی ئەوەوە بوو. پەڵۆخی جیهانی کۆمۆنیزم (ئەو کۆشکانە کە ببون بە تەویلە) زۆر کەمتر ڕقی هەڵدەستاند، تا ئەو ڕووکەشە جوانە کە کۆمۆنیزم خۆی تێدا دەشاردەوە. بە زمانێکی تر، ئەو ڕقی لە کیچ ی کۆمۆنیستی بوو، نموونەی ئەم (کیچ)ەش جەشنی یەکی ئەیار بوو.

سابینا ـ ئەو دەمە کە خەڵک ورووژابوون، یان وایان دەنواند کە وروژاون ـ ڕیزەکانی ڕێپێوانی ڕۆژی یەکی ئایاری بینیبوو. ژنان کراسی سوور و سپی یان شینیان لەبەر دەکرد، لە ڕوانگەی پەنجەرە و باڵکۆنەکانەوە، شکڵ و شێوەی جۆراوجۆریان دەنواند. شکڵی وەک ئەستێرەی پێنج پەڕ، دڵ و پیتی ئەلفوبێ. لە ناو ڕیزەکانی ڕێپێواندا، ئۆرکێسترە بچووکەکان مۆسیقایان

دەژەند. کاتێک ڕیزەکان لە شوێنی تایبەت نزیک دەبوونەوە، تەنانەت مۆنترین کەسەکانیش بزەیان دەهاتێ. دەتگوت دەیانەوێ وابنوێنن کە زۆر شادمانن، یان لەگەڵ ئایدۆلۆژی حزبدان. کێشەکە تەنیا ڕێکەوتنێکی سادەی سیاسی لەگەڵ کۆمۆنیزم نەبوو، بەڵکو ڕێکەوتن لە بارەی بوونی مرۆڤەوە لە ئارادا بوو. جەژنی یەکی ئەیار، لە ئارمانجی یەکسانییەکی ڕەهای گەردوونییەوە سەرچاوەی دەگرت. «بژی کۆمۆنیزم» دروشمی سەرەکی ڕێپێوانەکە نەبوو، بەڵکو دروشمی سەرەکی «بژی ژیان» بوو. دەسەڵات و فریوی سیاسەتی کۆمۆنیستی لەوەدا بوو کە ئەم دروشمەی بە قازانجی خۆی قۆستبۆوە. ئەم هاوئاهەنگییە گەوجانەی «بژی ژیان» ببووە هۆی ئەوەی کە ئەو تاقمە خەڵکەش کە حەزیان لە ئایدئۆلۆژی کۆمۆنیزم نەبوو، بچنە ڕیزی ڕێپێوانی کۆمۆنیستەکانەوە.

٧

دە ساڵ لەوەودوا (کاتێک سابینا لە ئەمریکا دەژیا) سیناتۆرێکی ئەمریکایی کە ناسیاوی هاوڕێکانی بوو، بە ئۆتۆمۆبێلە گەورەکەی، بۆ سەیرانی برد. چوار کچ و کوڕی منداڵ لەسەر کورسی دواوە دانیشتبوون. سیناتۆرەکە ئۆتۆمۆبێلەکەی ڕاگرت. منداڵەکان دابەزین و بەرەو مێرگێکی بەربڵاو هەڵاتن کە لە نزیک ستادیۆمێکی وەرزشی بوو، مەیدانێکی سەهۆڵی دەسکردی لێبوو. سیناتۆر بە دۆخێکی بیرمەندانەوە سەیری ئەو چوار منداڵەی دەکرد کە هەڵدەهاتن. ئەوسا بەرەو سابینا گەڕایەوە، لە کاتێکدا بە دەست جەغزێکی دەکێشایەوە کە باوەشی بە ستادیۆم و چیمەن و منداڵەکاندا دەکرد، گوتی:

«سەیری ئەوانە بکە! ئەمە مانای بەختەوەرییە.»

ئەم وشانە نەک هەر هەستکردن بە شادی و خۆشی ـ لە بینینی ئەو منداڵانە کە هەڵدەهاتن و ئەو گیا و چیمەنەش کە دەڕوان ـ دەردەبڕی، بەڵکو بە مانای تێگەیشتن لەو ژنەش بوو کە لە وڵاتێکی کۆمۆنیستییەوە هاتبوو. لە وڵاتێکەوە کە سیناتۆر پێیوابوو لەوێ هەرگیز سەوزە و چیمەن ناڕوێت، منداڵانیش ڕاناکەن.

لەو کاتەشدا سابینا سیناتۆرەکەی لە هەمان جێگەی تایبەتی مەیدانی پڕاگ بینییەوە. هەمان زەردەخەنەی لەسەر لێوبوو کە دادوەرە کۆمۆنیستەکان، لەسەر شوێنی تایبەتی خوتبەدان، ئەو زەردەخەنەیان بۆ خەڵک دەکرد. ئەو خەڵکە کە بۆخۆشیان زەردەخەنەیان دەکرد، لە ڕیزی ڕێکوپێکدا، لەبەر جێگەی تایبەتی دادوەرەکانەوە تێدەپەڕین.

٨

ئەم سیناتۆرە چۆن دەیزانی کە منداڵەکان مانای بەختیارین؟ ئایا لە دەروونی ئەوان دەگەیشت؟ ئەگەر ئەو کاتە کە ئەوان بە ڕاکردن لە بەرچاوی دوور دەکەوتنەوە، سیانیان خۆیان بەسەر چوارەم منداڵدا بخستایە و لێیان بدایە، کێشەکە چی لێدەهات؟

لەو حاڵەتەدا سیناتۆر بۆ ئەوە بۆچوونەکەی خۆی بسەلمێنێت، هەر دەیتوانی بەزەیی خۆی بە بەڵگە بێنێتەوە. کاتێک دڵ دەیەوێ، نابێ عەقڵ نارازی بێت. لە هەرێمی کیچ دیکتاتۆری دڵ حاکمە.

ئەڵبەت دەبێ زۆرینەی خەڵک بەشداری ئەو هەستیارییە بن کە لە لایەن (کیچ)ەوە دەورووژێت. (کیچ) هەموو شتێکی نائاسایی وەلاوە دەنێ، داوای ئەو وێنانە دەکات کە لە زهنی مرۆڤدا چەسپاون: کچی بێوەفا، باوکی پشت گوێخراو، ئەو منداڵانە کە بەسەر چیمەنەکاندا ڕادەکەن، خەیانەت بە نیشتمان، بیرەوەری یەکەم عەشق.

کیچ بەردەوام داوای بەزەییمان لێدەکات و دووبارە دەمانگریەنێت. یەکەم فرمێسکەکان پێمان دەڵێن: ئای ئەو منداڵە کە لە مێرگەکەدا ڕادەکات، چەندە جوانە! دووهەمین فرمێسک پێمان دەڵێ: ئای ئەو هەڵچوونە چەندە جوانە کە ـ لە بینینی ڕاکردنی منداڵان ـ هاوکات لەگەڵ هەموو مرۆڤایەتی هەستی پێدەکەین!

تەنیا ئەم دووهەم فرمێسکە ڕەنگدانەوەی (کیچ)ی ڕاستەقینەیە.

برایەتی نێوان هەموو مرۆڤەکان لەسەر بونیادی (کیچ) دادەمەزرێت.

٩

کەس لە سیاسەتمەدارەکان چاکتر پەی بەم بابەتە نەبردووە. هەر کە وێنەگرێک لێیان نزیکدەبێتەوە، بە پەلە بەرەو ئەو یەکەم منداڵە دەچن کە لێیانەوە نزیکە، لە باوەشی دەگرن و ماچی دەکەن. بۆ هەموو سیاسەتمەدارێک، بۆ هەموو حزبەکان، بۆ هەموو تاقمێکی سیاسی، کیچ ئەوپەڕی تێگەیشتن لە جوانییە.
کاتێک لە کۆمەڵگەیەکدا چەند تاقمێک خەریکی تێکۆشانی سیاسین و هەر یەکە هەوڵ بۆ ناکاریگەرکردنی ئەوی تر دەدا، کەم یان زۆر، دەکرێ لە چنگی حکومەتی کیچ لە بواری پشکنینی بیر و بڕواکان ڕزگاربین. بەڵام لە وڵاتێک کە تاکە حزبێکی سیاسی هەموو دەسەڵاتی بەدەستەوە بێت، لە ڕاستیدا، کۆمەڵگە لە هەرێمی (کیچ)ی تۆتالیتردایە.
ئەگەر وشەی تۆتالیتر بەکار دێنم لەبەر ئەوەیە کە هەرچی سەدەمە لە کیچ بدات لە ژیان دەسڕێتەوە: هەموو خۆپیشاندانێکی تاکخوازانە (هەموو ناسازگارییەک، تفێکە کە لە ڕوومەتی شادی دۆستی و برایەتی دەکرێت)، هەموو دڕدۆنگی و گومانێک (ئەگەر گومان لە بچووکترین شتەکان بکرێت، گومان لە هەموو ژیان کراوە)، هەموو جۆرە تەوس و قەشمەجارییەک (چونکە لە هەرێمی کیچ دەبێ هەموو شتێک بە جیدی وەربگیرێت) و...
بۆیە دەکرێ ئەوەی کە پێی دەگوترێ «گولاک[٥٠]» ، بەو چاڵی چڵکە بزانین کە (کیچ)ی تۆتالیتر هەموو پەڵۆخییەکانی تیا دەڕێژێت.

١٠

دە ساڵی پاش شەڕی دووهەمی جیهانی، ترسناکترین قۆناغی حکومەتی تیرۆر و وەحشەتی ستالین بوو. لەم قۆناغەدا، لەبەر کێشەیەکی بچووک باوکی تریزایان گرت، کچە دە ساڵانەکەیان لە ماڵ دەرکرد. لەو دەمەدا سابینا بیست ساڵانە بوو، لە زانکۆی هونەرە جوانەکان دەرسی دەخوێند. مامۆستای مارکسیست ئەو ئەسڵە حاشا هەڵنەگرەی هونەری سۆسیالیستی بە ئەو و خوێندکارەکانی

٥٠ - زاراوەی گولاک، بە ناوەندی کاری زۆرەملەی سەردەمی ستالین دەگوترێت، کتێبی بە ناوبانگی ئەلکساندێر سولژنیتسێن بە ناوی کۆمەڵە دوورگەکانی گولاک خستوویەتە سەر زمانەکان.

تر دەگوتەوە: کۆمەڵگەی سۆڤیێتی لە وەها قۆناغێکی پێشکەوتندایە کە ئیتر شەڕی بونیادیی نێوان چاکە و خراپە نەماوە، بەڵکو چالاکی
پاڵەوانەکان لە پێناوی چاک و چاکتردایە. کەواتە پیس و نەشیاو (واتە ئەو شتانەی کە وەرناگیرێن) تەنیا لەو دیوی سنوورەکان (بۆ نموونە لە ئەمریکا) بوونی هەیە، وەک شتی دەرەکی (بۆ نموونە لە شێوەی جاسووس و شۆفار) هەوڵ ئەدا کە خۆی بترینجێنێتە ناو ڕیزی دنیای چاک و چاکترەکانەوە.
لە ڕاستیدا، لەم قۆناغە کە ژیان بۆ هەموو کەس پڕ لە ئازار بوو، هۆڵی سینەمای هەموو وڵاتە سۆسیالیستییەکان تایبەت بە نواندنی فیلمە ڕووسییەکان بوو. ئەو فیلمانە کە پڕ بوون لە ساویلکەیی. قورسترین کێشمەکێشی نێوان دوو ڕووس، لێکحاڵی نەبوونی عاشقانەیان بوو: پیاوەکە پێی وایە ئیتر ژنەکە خۆشی ناوێت و ژنەکەش بە هەمان شێوە بیردەکاتەوە. لە کۆتاییشدا ئەوان یەکتر لەباوەش دەگرن و فرمێسکی بەختیاری لە چاوانیان دەڕژێتە خوار.
ئیمڕۆکە بەم شێوەیە باسی ئەم فیلمانە دەکرێ کە ئەوان ئارمانجی کۆمۆنیستی نمایشدەکەن، لە کاتێکدا واقیعی کۆمۆنیستی گەلێک تاریکتر لەم شتانەیە.
ئەم دەربڕینە سابینای نیگەران دەکرد. لەوەی کە جیهانی کیچی کۆمۆنیستی دابمەزرێ و ئەو ناچار بێت تیایدا بژی، دەتۆقا. بێئەوەی بۆساتێکیش گومان بکات، ژیان لە حکومەتێکی بە ناو کۆمۆنیستی ڕاستەقینەی ــ تەنانەت بە هەموو زوڵم و ستەم و ڕیزی بەردەمی قەسابخانەکەشی ــ بەلاوە باشتر بوو. لە جیهانی کۆمۆنیستی ڕاستەقینەدا ئیمکانی ژیان هەبوو. لەو جیهانەدا کە ئارمانجەکانی کۆمۆنیستی هاتبووە دی، لە جیهانی ئەو گێلانە کە بزەییان لەسەر لێوە و ئەو ناتوانێت قسەیەکی تەنانەت بچووکیشیان لەگەڵ بکات، لەبەر ڕق و نەفرەت تەنیا هەشت ڕۆژ دەژیا.
بە بڕوای من ئەو هەستە کە کیچ لە سابینادا دەیورووژاند، لەو ترس و خۆفە دەچێت کە ترێزا لە خەوندا (لە خەونێکدا کە ئەو ناچاربوو لەگەڵ ژنانی دەوری ئەستێرەکە بە ڕێدا بڕوات و گۆرانی بڵێت ) هەستی پێدەکرد. تەرمەکان بەسەر ئاوەوە بوون و هیچ ژنێک لەوێ نەدەبیندرا کە ترێزا بتوانێ بیدوێنێت، یان پرسیاری لێبکات. ئەگەر پرسیاریشی بکردایە، تەنیا وەڵامێک کە دەیبیست

دێڕی دوایی گۆرانییەکە بوو. نەیدەتوانی ئاماژە بۆ هیچ کام لەو ژنانە بکات، چونکە دەستبەجێ ئەویان نیشانی ئەو پیاوە دەدا کە بە ژوور ئەستێرەکەوە لە سەبەتەیەکدا بوو، ئەویش گوللەی پێوەدەنا.
خەونەکەی ترێزا کاربردی ڕاستەقینەی (کیچ)ی ئاشکرا دەکرد. (کیچ) ئەو پەردەیەیە کە مەرگ دادەپۆشێت.

١١

لە هەرێمی (کیچ)ی تۆتالیتر، وەڵامەکان لە پێشەوە ئامادەن، کەس بۆی نییە پرسیاری تازە بێنێتە ئاراوە. کەواتە حەریفی ڕاستەقینەی (کیچ)ی تۆتالیتر، ئەو مرۆڤەیە کە بە شوێن قسە و باسەوەیە. پرسیار وەک چەقۆیەکە کە پەردەی پڕ لە نەخشونیگاری دیکۆرەکە دەدڕێنێت، تا هەرچی لە پشت پەردەکەوەیە ئاشکرا ببێت. بەم شێوەیە بوو کە سابینا مانای تابلۆ نەقاشییەکانی خۆی بۆ ترێزا شیکردەوە: لە پێشەوە درۆیەک کە مرۆڤ تێیدەگات، لە زەمینەی دواوە حەقیقەتێک کە کەس تێیناگات.
بەڵام ئەو کەسانە کە دژ بە حکومەتە تۆتالیترەکان خەبات دەکەن، ناتوانن قسەوباس و شکوگومان بکەنە مەبنای خەباتەکەیان. ئەوانیش پێویستیان بە دڵنیایی و پێداگری هەیە، دەبێ زۆرینەی خەڵک بڕوا بە ڕاستییە سادەو سەرنجڕاکێشەکەیان بکەن، تا جەماوەر تووشی شادی و هەڵچوون ببێت.
ڕۆژێک، ڕێکخراوێکی سیاسی لە ئەڵمان پێشانگەیەکی بۆ تابلۆکانی سابینا کردەوە. سابینا کەتەلۆگی پێشانگەکەی بە دەستەوە گرت: لە پێشەوەی وێنەکە تەلی دڕکاوی کێشرابۆوە. لە ناوەوە ژیاننامەی ئەو نووسرابوو. شتێکی وەک ژیننامەی شەهیدان و خەڵکانی پیرۆز: ئەو ئازاری کێشابوو. ئەو دژ بە نادادپەروەری خەباتی کردبوو، ئەو ناچار بە کۆچکردن لە وڵاتە ستەم دیتوەکەی ببوو، بەردەوام درێژەی بە خەبات دەدا... ئەم ڕستەیەش کە «ئەو بە یارمەتی تابلۆ نەقاشییەکانی، لە پێناوی بەرزکردنەوەی بەختەوەریدا خەباتی دەکرد» دواهەمین ڕستەی دەقی کەتەلۆگەکە بوو.
سابینا ناڕەزایەتی دەربڕی، بەڵام ئەوان نەیاندەزانی دەڵێ چی.

«چۆن، ئایا کۆمۆنیزم دژ بە هونەری نوێ نییە؟»
ئەو بە تووڕەییەوە وەڵامی دایەوە:
« دوژمنی من کۆمۆنیزم نییە، دوژمنی من (کیچ)ە!»
لەوەودوا ئەو ژیاننامەی خۆی بە شتی بێهوودە و فریودەر دەڕازاندەوە. دواتریش، کاتێک لە ئەمریکا دەژیا، تەنانەت توانی چیکبوونی خۆشی بشارێتەوە. ئەو بە نائومێدییەوە هەوڵیدەدا خۆی لە چنگی (کیچ)، کە خەڵک بەتەمابوون لە ژیانی ئەو سازی بکەن، قوتار بکات.

١٢

سابینا لە بەرامبەر تابلۆیەکی ناتەواوی نەقاشی کە لەسەر سێ پایەکە بوو، ڕاوەستاوە. پیاوێکی پیر لە پشتییەوە لە سەر کورسییەکی ڕەحەت دانیشتووە و سەیری هەموو جووڵەیەکی فڵچەکەی دەکات.
پاش ماوەیەک کابرا سەیری کاتژمێرەکەی دەکات و بە سابینا دەڵێت:
«پێموابێ کاتی خواردنی شەو بێت.»
سابینا کەرەستەی نەقاشییەکەی لادەبات، بۆ کورتە خۆڕازاندنەوەیەک لە ستۆدیۆکە دەچێتە دەر. کابرا لەسەر کورسییەکە هەڵدەستێت و گۆچانەکەی لای مێزەکە بە دەستەوە دەگرێت. دەرکەی ستۆدیۆ بەرەو سەوزەڵانییەک دەکرێتەوە. شەو داهاتووە و ڕۆشنایی چراکان، پەنجەرە و نهۆمی خوارەوەی ماڵێکی سپی چێوی (کە بیست مەتر بەولاوەترە) ڕووناک دەکاتەوە. سابینا لە بینینی ئەم دوو پەنجەرەیە کە لە شەودا دەدرەوشێنەوە، هەڵچووە، فرمێسک لە چاویدا قەتیس ماوە.
ئەو بە پێداگرییەوە، لە هەموو ژیانیدا، (کیچ)ی بە دوژمنی خۆی زانیوە، بەڵام ئایا کیچ ڕۆنەچۆتە قووڵایی وجوودییەوە؟ (کیچ)ێک کە بەرەو خۆی ڕایدەکێشێت، ئەو وەهم و خەیاڵەیە کە ناوەندێکی گەرم و میهرەبانی بنەماڵەیی هەیە، ناوەندێک کە دایک و باوکێکی میهرەبان و عاقڵ ئیدارەی دەکەن. ئەم وەهم و خەیاڵە، پاش مردنی دایک و باوکی لە ئەودا سەری هەڵدا. چونکە ژیانی ڕاستەقنیەی گەلێک جیاواز لەم خەونە خۆشەبووە، ئەو لە بەرامبەر

ئەفسوونیدا هەست بە هەستیارییەکی زیاتر دەکات، کاتێک لە تەلەفزیۆن یان لە فیلمێکی ڕۆمانتیک، دەبینێت کچێکی بێوەفا باوکە پشت گوێخراوەکەی خۆی لە باوەش دەگرێت، چاوی پڕ دەبێت لە فرمێسک. وەک ئەو ساتانەی ئێوارە، کاتێک لە بەرامبەر خۆیدا درەوشانەوەی پەنجەرەکانی ماڵێک دەبینێ کە بنەماڵەیەکی بەختەوەری تێدا دەژی.

لە نیۆیۆرک لەگەڵ ئەم پیاوە پیرە ئاشنابوو. کابرای ساماندار حەزی لە نەقاشی دەکرد، لەگەڵ هاوسەرەکەی، کە هاوتەمەنی خۆی بوو، لە ڤێلایەکی دەرەوەی شاردا دەژیا. لە حەساری ڤێلاکەدا ئەستەبڵێکی کۆنی لێبوو کە کردیان بە ستۆدیۆی نەقاشی و سابینایان بۆ ئەوێ داوەتکرد. لەوەودوا پیرەمێرد بە درێژایی ڕۆژ سەیری تابلۆی نەقاشی سابینای دەکرد و شوێن جووڵەی فڵچەکانی دەکەوت.

ئێستا هەر سێ کەسەکە خەریکی خواردنی نانی شەون. پیرێژنەکە بە سابینا دەڵێ «کچە بچووکەکەم!»، بەڵام لە ڕاستیدا سابینا لێرە وەک دایکێکە کە دوو منداڵەکەی لە پێ و پلی ئاڵابێتن. ئەوان شەیدای ئەون، چاوەڕوانن سابینا ئەمرێکیان پێ بکات تا بە دڵ و گیان بەڕێوەی ببەن.

ئایا ئەو لە سەرەتای پیریدا، ئەو دایک و باوکەی دۆزیوەتەوە کە بە گەنجی بەجێی هێشتبوون؟ ئایا دواجار گەیشتبووە ئەو منداڵانەی کە هەرگیز نەیدیبوونەوە؟

باش دەزانێ کە ئەمە وەهم و خەیاڵە، مانەوەی لە ماڵی ئەم پیرەمێرد و پیرێژنەکە مانەوەیەکی کورتە. پیرەمێردەکە زۆر نەخۆشە و هاوسەرەکەشی ئەگەر ئەوی لەگەڵ نەبێت دەچێ بۆ کەنەدا بۆ لای کوڕەکەی. سابینا دیسان دەکەوێتە سەر ڕێگەی خیانەت و جاروبار لە قووڵایی دڵیدا، لە فەزای سووک و لەتاقەت بەدەری بوونی، گۆرانییەکی هەستیارانەی مەسخەرە دەچڕێت. ئەم گۆرانییە باسی بنەماڵەیەکی بەختەوەر دەکات کە لەپشت دوو پەنجەرەی ڕۆشن دەژین.

ئەم گۆرانییە شادی دەکات، بەڵام ئەو هەستی خۆی بە جیدی ناگرێت. باش دەزانێت کە ئەم گۆرانییە تەنیا درۆیەکی جوانە. لەو کاتەدا کە (کیچ) بە درۆ بزانرێت ئیتر (کیچ) نییە و دەسەڵاتی نامێنێت. ئەگەر خەمهێنەریش بێت، وەک

هەموو جۆرە لاوازییەکی مرۆیی کاریگەری دادەنێت. چونکە لە ناو ئێمەدا کەس «مەزنە مرۆڤ» نییە، ناتوانێ بەتەواوی لە چنگی دەسەڵاتی کیچ ڕزگار ببێت. ئێمە هەرچەند ڕقیشمان لە کیچ بێت، دەبێ ئەوەش بزانین کە کیچ تێکەڵ بە ژیانی مرۆڤ بووە.

١٣

یەکسانی ڕەها لە عالەمی بووندا پایە و مایەی (کیچ)ە.
بەڵام ئەساسی بوون چییە؟خواوەند؟ خەبات؟ عەشق؟ پیاو؟ ژن؟
لەم بارەیەوە بۆچوونی جیاواز هەیە، بۆچوونە جیاوازەکانیش هەموو جۆرەکانی (کیچ) دەهێننە بوون. (کیچ)ی کاتۆلیک، پرۆتستان، جوولەکە، کۆمۆنیستی، فاشیستی، دیموکرات، بزووتنەوەی ئازادی ژنان، ئەورووپایی، ئەمریکایی، نەتەوەیی، نێونەتەوەیی.
لەسەردەمی شۆڕشی فەرانساوە نیوەی ئەورووپا وەک «چەپ» و نیوەکەی تر وەک «ڕاست» ناسراوە. پێناسەی ئەم چەمکانە لەسەر بونیادی هەموو جۆرە ئەسلێکی تیۆریکی، نامومکینە. سەیریش نییە، چونکە بزووتنەوە سیاسییەکان لەسەر ئەساسی ڕەفتار و کرداری عەقڵانی دانەمەزراون، بەڵکو پشتیان بە وێناکان و وشەکان و ئۆلگووەکان بەستووە، کە بە کۆمەڵ فلان یان فیسار (کیچ)ی سیاسی دەهێننە بوون.
فکری ڕێپێوانی گەورە کە «فرانز» شاد دەکات، ئەو جۆرە (کیچ)ە سیاسییەیە کە دەبێتە هۆی یەکگرتنی چەپەکان. ـ جا هی هەر سەردەم و قۆناغێک، سەر بە هەر تاقم و فیرقەیەک بن ـ ڕێپێوانی گەورە، ڕێپێوانێکی سەربەرزانە بەرەو پێشە: ڕۆشتن بەرەو هاوڕێیەتی، برایەتی، یەکسانی، دادپەروەری و بەختیاری، وێڕای بەربەست و گرفتەکانیش بەردەوام بەرەو دوورتر چوون. چونکە ئەم بەربەست و گرفتانەیە کە ڕێگە بڕینێکی ئاسایی دەکاتە ڕێپێوانێکی گەورە و مەزن.
دیکتاتۆری چینی ڕەنجبەر، یان دیموکراسی؟ ڕەتکردنەوەی کۆمەڵگەی بەرخۆر، یان پاساو هێنانەوە بۆ زیادکردنی بەرهەمهێنان؟ گیۆتین یان نەهێشتنی سزای

مەرگ؟ ئەمانە هیچیان چارەنووسساز نین. ئەوەی کەسێک دەکات بە «چەپ»، ئەم تیۆری یان ئەو تیۆرییە سیاسییە نییە، بەڵکو دەسەڵات و سەرنجڕاکێشی (کیچ)ە کە هەموو تیۆرییەکان بەرەو خۆی ڕادەکێشێ، ناوی «ڕێپێوانی گەورە بە ئاقاری پێشکەوتن و هەڵکشان»ی لێدەنێت.

## ١٤

ئەڵبەت فرانتز پەیڕەو و شەیدای (کیچ) نییە. فکری ڕێپێوانی گەورە لە ژیانیدا تەقریبەن ئەو دەورە دەبینێ کە گۆرانی «دوو پەنجەرەی ڕۆشن» لە ژیانی سابینادا دەیبینێت. فرانز دەنگ بۆ کام حزبی سیاسی دەدات؟ پێموابێ هەر دەنگ نەدات و ڕۆژی هەڵبژاردن بچێت بۆ کێو. ئەڵبەت ئەمە بەو مانایە نییە کە بیری ڕێپێوانی گەورە، ئیتر تووشی گەشکەی نەکات. خەونی هاوڕێبوون لەگەڵ ئەو خەڵکانە کە بە درێژایی سەدەکان بەرەو پێش دەڕۆن جوانە، فرانز هەرگیز ئەم خەونە جوانەی لەبیرنەکردووە.

ڕۆژێک هاوڕێکانی لە پاریسەوە تەلەفۆنیان بۆکرد. ئەوان سەرقاڵی ڕێکخستنی ڕێپێوانێک لە سنووری کامبۆجیا بوون و داوایان لێکرد بچێت بۆ لایان.

لەو دەمەدا، وڵاتی کامبۆجیا تووشی گەلێک کێشە و ئازار ببوو: شەڕی ناوخۆ، بۆردوومانی ئەمریکاییەکان، بێڕەحمی و خیوێنرێژی کۆمۆنیستەکان کە یەک لە پێنجی خەڵکی ئەو وڵاتە بچووکەیان کوشتبوو، لە ئەنجامدا داگیرکردنی ئەو وڵاتە لە لایەن ڤێتنامی دراوسێیەوە کە ئەو دەمە تەواو وابەستە بە ڕووسیا بوو. لە کامبۆجیا قاتی و برسییایەتی بێدادی دەکرد، خەڵک لەبەر نەبوونی ئاگادارییە پزیشکییەکان گیانیان دەدا. ڕێکخراوی نێونەتەوەیی پزیشکان چەندینجار داوای چوون بۆکامبۆجیای کردبوو، بەڵام ڤێتنام ملی بەو داوایە نەدەدا. بۆیە ڕۆشنبیرە بەناوبانگەکانی ڕۆژئاوا، بڕیاریان دا لە سنووری کامبۆجیا ڕێپێوانێک ڕێکبخەن. تا ــ بە بەڕێوەبردنی لە بەرچاوی هەموو خەڵکی جیهان ــ بتوانن ئیزنی چوونی پزیشکان بۆ ئەو وڵاتە داگیرکراوە وەربگرن.

ئەو هاوڕێیە کە تەلەفۆنی بۆ فرانز کردبوو، کەسێک بوو کە لە ڕابردوودا لەگەڵ ئەوان لە شەقامەکانی پاریس ڕێپێوانی دەکرد. سەرەتا ئەم پێشنیارە تووشی

گەشکەی کرد، بەڵام پاش ئەوەی کە چاوی بە هاوڕێ خوێندکارەکەی کەوت دڕدۆنگ بوو. ئەو کچە کە لە بەرامبەری لەسەر کورسییەک دانیشتبوو، چاوی لە پشت عەینەکە گەورەکەیەوە درشتتر لە هەمیشە بوو. فرانز پێیوابوو ئەو چاوانە تکای نەچوون بۆ کامبۆجیای لێدەکەن، بۆیە داوای لێبوردنی کرد و نەچوو.

بەڵام هەر ئەو کاتە کە تەلەفۆنەکەی دانا، پەشیمانبووەوە. ئەو لەبەر تەمەنای دڵدارە زەوینییەکەی، چاوی لە عەشقە ئاسمانییەکەی نووقاند. ئایا کامبۆجیا لە وڵاتەکەی سابینا نەدەچوو؟ ئەو وڵاتە کە لە لایەن سوپای کۆمۆنیستی دراوسێیەوە داگیر کرابوو! ئەو وڵاتە کە گرفتاری بێدادی ڕووسیا بوو؟ لەپڕ بەخۆی گوت، ڕەنگە هاوڕێکەی (کە لە بیری کردبوو)، بە ئیشارەتی سابینا تەلەفۆنی بۆ کردبێت.

بوونەوەرە ئاسمانییەکان هەموو شتێک دەزانن و هەموو شتێک دەبینن. ئەگەر بەشداری ئەم ڕێپێوانەی بکردایە، بێگومان سابینا ئەوی دەبینی و لەم کارەی خۆشحاڵ دەبوو. هەروەها لەوەش دەگەیشت کە فرانز وەک هەمیشە بەوەفایە.

فرانز لە دڵدارەکەی، کە تەنانەت خەمی بە ڕۆژێک نەبوونیشیەوە دەخوارد ــ بەڵام هەرگیز لە بەرامبەر داواکانیدا هەڵویستی ناڕازییانە نەبوو ــ، پرسی:

«ئەگەر بچم بۆ کامبۆجیا لێم نیگەران دەبیت؟»

فرانز چەند ڕۆژێک لەوەودوا لە فڕۆکەخانەی پاریس، لە ناو فڕۆکەیەکی گەورە دانیشتبوو. موسافیرەکان بریتیبوون لە نزیکەی بیست پزیشک، تەقریبەن پەنجا ڕۆشنبیر (مامۆستای زانکۆ، نووسەر، نوێنەری پارلەمان، گۆرانیبێژ، ئەکتەری تیاتر و سینەما و شارەوان) کە چوار سەد ڕۆژنامەوان و وێنەگریشیان لەگەڵ بوو.

## ١٥

فڕۆکەکە لە فڕۆکەخانەی بانکۆک نیشتەوە. چوار سەد و حەفتا پزیشک، ڕۆشنبیر و ڕۆژنامەوان بەرەو هۆڵی گەورەی ئوتێلێک گوێزرانەوە. لەوێ، پێشتر چەند تاقمێکی پزیشک، ئەکتەری تیاتر و سینەما، گۆرانیبێژ و نووسەر، بە دەفتەری یاداشتکردن و بڵیندگۆ و کامێرای وێنە و فیلم هەڵگرتنیانەوە چاوەڕوانی ئەوان بوون. لە کۆتایی هۆڵەکە، لەو شوێنە کە کەمێک لە زەوی بەرزتر بوو، بیست ئەمریکایی لەلای مێزێک دانیشتبوون و کۆبوونەوەکەیان بەڕێوە دەبرد.

ڕۆشنبیرە فەڕانسایییەکان ـ کە فڕانز لەگەڵ ئەوان بوو ـ کاتێک خۆیان لە پەراوێزدا بینیەوە هەستیان بە شەرمەزاری کرد. لە ڕاستیدا ئەوان بوون کە ڕەنگرێژیی ڕێپێۆانەکەی سنووری کامبۆجیایان کردبوو. بەڵام ئێستا ئەمریکاییەکان، بە دۆخێکی سروشتییەوە، دەستیان بەسەر هەموو شتێکدا ڕاگرتبوو. ئەوان، بێئەوەی گوێ بەوە بدەن کە فەڕانسایییەکان یان دانیمارکییەکان لە قسەکانیان تێناگەن، بە زمانی ئینگلیزی دەدوان. ئەڵبەت دانیمارکییەکان لە دەمێکەوە هزری نەتەوەیی خۆیان فەرامۆشکردبوو. لە ناو هەموو ئەروپاییەکاندا، تەنیا فەڕانسایییەکان بیریان لەوە دەکردەوە کە بەرامبەر بە ئەمریکاییەکان ناڕەزایەتی دەرببڕن، لەبەر ئەوەش کە خاوەنی ئوسلووبی خۆیان بوون ناڕەزایەتییەکەشیان بە زمانی ئینگلیزی دەرنەبڕی. ئەوان بە زمانی فەرانسایی قسەیان لەگەڵ ئەو ئەمریکاییەیانە کرد، کە لە شوێنی تایبەت دانیشتبوون. ئەمریکاییەکان کە لە تاکە وشەیەکیشیان نەدەگەیشتن، بە زەردەخەنەیەکی بە ئەدەبەوە سەریان دەلەقاند و قسەکانیان بۆ دەسەلماندن. لە ئەنجامدا فەڕانسایییەکان ناچاربوون بە ئینگلیزی ناڕەزایەتی دەرببڕن.

«بۆ لەم دانیشتنەدا تەنیا بە ئینگلیزی قسە دەکرێت؟ ئەم کۆبوونەوە فەرانسایییەشی تێدایە!»

ئەمریکاییەکان لەم ناڕەزایەتییە سەیر و سەمەرەیەدا داچڵەکین، بەڵام هەروا درێژەیان بە زەردەخەنەکەیان دا، لە ئەنجامدا ڕازیبوون قسەکان تەرجەمە

بکرێنەوە. بۆ ئەوەی دانیشتنەکە بەردەوام بێت، ماوەیەکی زۆری خایاند تا وەرگێڕێکیان دۆزییەوە. لەوەودوا، لەبەر ئەوەی کە دەبوو هەر ڕستەیەک سەرەتا بە ئینگلیزی و پاشان بە فەرانسایی ببیسترێت، دانیشتنەکە دوو ئەوەندە، تەنانەت لەوەی زیاتریشی خایاند. چونکە هەموو فەڕانساییەکان زمانی ئینگلیزییان دەزانی، بەردەوام قسەی وەرگێڕەکەیان دەقرتاند و ڕستەکانیان بۆ ڕاستدەکردەوە، بۆ هەر وشەیەک لەگەڵیدا دەکەوتنە کێشمەکێش.

بوونی ئەستێرەیەکی سینەمایی ئەمریکا، لە شوێنی تایبەت دانیشتنەکەی ئێجگار گەرمکردبوو. لەبەر ئەوی ئەکتەرە، زۆر وێنەگر و کامێرامان ڕژابوونە ناو هۆڵەکە، هەر کە ئەو زاری دەکردەوە چرکە چرکی کامێراکان سڵاویان لێدەکرد. ئەکتەرە ئەمریکاییەکە باسی ئەو مندالآنەی کرد کە ئازاریان دەکێشا. لە وەحشیگەری، دیکتاتۆری کۆمۆنیستی، مافی ئاسایش بۆ مرۆڤ، ئەو مەترسییانە دواتر کە هەڕەشەی لە بەها نەریتییەکانی کۆمەڵگەی شارستانی دەکرد. باسی ئازادی تاکە کەسی، سەرۆک کۆمار کارتێری کرد کە هەلومەرجی کامبۆجیا نیگەرانی کردبوو. ئەو بەدەم گریانەوە دوا قسەی خۆیکرد.

لەم کاتەدا، پزیشکێکی گەنجی فەرانسایی کە سمێڵی خەنەیی و پرچی هەبوو، لەسەر جێی خۆی هەستا و نەڕاندی:

«ئێمە لێرە بۆ ڕزگاری ئەو کەسانە کۆبووینەتەوە کە خەریکە دەمرن، نەک بۆ ڕێزلێنان لە کارتێری سەرۆک کۆماری ئەمریکا! ئێمە ڕێگە بە کەس نادەین ئەم خۆپیشاندانە بکات بە سێرکێکی پرۆپاگاندە! ئێمە بۆ ناڕەزایەتی دەربڕینی دژە کۆمۆنیستی نەهاتووین، بەڵکو دەمانەوێ مالیجەی نەخۆشان بکەین!»

فەڕانساییەکانی تریش قسەی سمێڵیەکەیان سەلماند. وەرگێڕەکە ترسابوو، نەیدەوێرا قسەکانی وەربگێڕێتەوە. بیست کەسی ئەمریکایی کە لە شوێنی تایبەتی دانیشتبوون، وەک سەرەتای دانیشتنەکە، بە زەردەخەنەی پڕ لە میهرەبانییەوە سەیری پزیشکە سمێڵ خەنەییەکەیان دەکرد، بە لەقاندنی سەر قسەکانیان بۆ دەسەلماند. تەنانەت یەکێک لەوان بیریکردەوە مستی بە ژوور سەرییەوە بشەکێنێتەوە، چونکە دەیزانی ئەوروپاییەکان حەز دەکەن لە کاتی خۆشحاڵی و هەڵچوونی گشتیدا، مستیان نیشان بدەن.

## ١٦

چۆن دەکرا ڕۆشنبیرە چەپەکان (پزیشکە سمێڵییەکە ڕۆشنبیرێکی چەپبوو) بتوانن دژ بە وڵاتێکی کۆمۆنیستی ڕێپێوان بکەن، لە کاتێکدا کۆمۆنیزم تا ئێستا و هەمیشە بەشێکی دانەبڕاو لە چەپ بووە؟

کە کردەوەی وڵاتێک بە ناوی «یەکێتی سۆڤێتی» زیاتر لەپێویست ڕیسواکەر بوو، مرۆڤە چەپەکانیش کەوتنە سەر دوو ڕێیانێک: یان دەبێ خەتی ڕاست و چەپ بەسەر ژیانی ڕابردووی خۆیاندا بهێنن و پشت لە ڕێپێوان بکەن، یان کەم و زۆر، بە خەم و سەراسیمەییەوە یەکێتی سۆڤێتی بە بەربەستێکی ڕێپێوانی گەورە بزانن، لە ڕیزی خۆپیشاندەراندا درێژە بە خەباتیان بدەن.

پێشتر گوتم کە (کیچ)ی ڕێپێوانی گەورە ئەساس و بوونیادی بزوتنەوەی چەپی دامەزراند. ماهییەتی (کیچ) لەلایەن ڕێبازێکی سیاسییەوە دیاری ناکرێت، بەڵکو وێناکان، خوازەکان و فەرهەنگێکی تایبەت، شوناسی پێ دەبەخشێت. کەواتە دەکرێ پشت لە دابویاسا بکرێت، بە پێچەوانەی بەرژەوەندی وڵاتێکی کۆمۆنیستی، لە ڕێپێوان و خۆپیشاندان‌دا بەشداری بکرێت. بەڵام ناکرێ وشەیەکی تر لەبری ئەو وشە و زاراوانە دابنرێت. دەکرێ بە مست هەڕەشە لە سەربازە ڤێتنامییەکان بکرێت، بەڵام ناکرێ هاواری «بمرێ کۆمۆنیزم!» بگوترێت. چونکە «بمرێ کۆمۆنیزم!» دروشمی دوژمنانی ڕێپێوانی گەورەیە، کەسێک بیەوێ ئیعتباری نەدۆڕێنێت، دەبێ لە بەرامبەر ڕەسەنایەتی (کیچ)ی خۆیدا بەوەفا بێت.

ئەمە دەڵێم، چونکە دەمەوێ لێکحاڵینەبوونی نێوان پزیشکی فەرانسایی و ئەستێرەی سینەمایی ئەمریکا شیبکەمەوە. ئەستێرەی سینەما بە لووتبەرزییەوە پێیوابوو بۆتە قوربانیی حەسوودی و هەستی دژی ژنان. لە ڕاستیدا پزیشکی فەرانسایی هەستیاری و وزەی جیاکردنەوەی جوانی خۆی نیشاندەدا: وشەی وەک «سەرۆک کۆمار کارتێر»، «بەها نەریتییەکانی ئێمە»، «وەحشیگەری کۆمۆنیزم»، بەشێک لە قاموسی (کیچ)ی ئەمریکایی بوو، پەیوەندی بە (کیچ)ی ڕێپێوانی گەورەوە نەبوو.

## ١٧

بۆ بەیانی هەموویان سواری پاس بوون، تا بە تێپەڕین لە خاکی تایلەند، بچن بۆ سنووری کامبۆجیا. شەو گەیشتنە لادێیەکی بچووک. لەوێ چەند ماڵی بچووکیان، لەو ماڵانانە کە لەسەر چوار پایەی چێوی دامەزراون، بۆ دیاریکردبوون. توغیانی ترسناکی چەمەکە ناچاری دەکردن کە لەقاتی سەرووی ماڵەکاندا بێدەنگبن. لە خوارەوەش، لە لای پایە چێوییەکانیش، بەرازەکان پاڵ بە پاڵی یەکتر ڕاکشابوون.

فرانز لەگەڵ چوار مامۆستای زانکۆ لە ژوورێکدا بوو. بە دەم خەوەوە گوێی لە دەنگی بەرازەکانی خوارەوە بوو، لەهەمانکاتیشدا زانایەکی بەناوبانگی ڕیازی لە پاڵیدا دەیپرخاند.

بەیانی دیسان سواری پاسەکان بوونەوە. کاتێک گەیشتنە دوو کیلۆمەتری سنووری کامبۆجیا پاسەکان ڕاوەستان. لەوە بەولاوە هاتوچۆ قەدەغە بوو. لەوێوە تەنیا باریکە ڕێیەک بەرەو بارەگای سەر سنوور دەچوو کە هێزەکانی کامبۆجیا دەیانپاراست. کە فەرانساییەکان دابەزین، چاویان بە ئەمریکاییەکان کەوت کە دیسان پێشیان کەوتبوونەوە. ئەمە یەکێک لە سەختترین ساتەکانی سەفەرەکە بوو. دیسان وەرگێڕەکە بۆ سڕینەوەی لێکحاڵی نەبوونەکان دەستبەکاربووەوە. لە ئەنجامدا ئەوان ئاشتبوونەوە: ئەمریکاییەک و فەرانساییەک و وەرگێڕەکە لە پێشەوەی ڕیزەکە ڕاوەستان. لە دوای ئەوانیش پزیشکەکان و لە کۆتایی ڕیزەکەشدا ئەکتەرەکەی سینەما بوو.

ئەمبەراوبەری باریکە ڕێیەکە مەیدانی مین بوو. هەر دوو خوولەک جارێک دەگەیشتنە دەروویەکی پێچاوپێچەوە، دوو کۆگای چیمەنتۆی کە تەلی دڕکاویان پێوە بوو لە ئەمبەراوبەری دەرووەکە بوون، باریکە ڕێگەکەیان بە ناودا دەڕۆیشت. ئەوان دەبوو دوا بە دوای یەکتر بچنە پێش.

لە پێنج مەتری فرانز، شاعیرێک و گۆرانیبێژی بە ناوبانگی (پاپ ئارت)ی ئەڵمانی دەڕۆیشتن. ئەو تا ئێستا نۆسەد و سی گۆرانی بۆ ئاشتی و دژ بەشەڕ خوێندبوو. دارێکی بەرزی بە دەستەوە بوو، ئاڵایەکی سپی پێوە بوو کە لەگەڵ

ڕیشه ڕەشەکەیدا زۆر لێک دەکاڵانەوە، لە ئەوانی تری جیادەکردەوە.
وێنەگر و کامێرامانەکان بە پەلە لە هاتوچۆدا بوون. کامێراکانیان دەردەهێنا، دەنگیان لێوە دێنا، بەرەو پێش هەڵدەهاتن و ڕادەوەستان و دوادەکەوتن و لەسەر پاژنەی پێیان دادەنیشتن و دیسان بەرەو پێش هەڵدەهاتنەوە. جاروباریش بە دەنگی بەرز ناوی پیاو یان ژنێکی بەناوبانگیان دەبرد، ئەوەی کە ناوی برابوو بەرەو پیریان وەردەسووڕا، ڕێک لە هەمانکاتدا ئەوان وێنەیان دەگرتن.

## ١٨

خەریکبوو شتێک ڕووی دەدا. ئەوان هەنگاویان شل دەکرد و لە دواوەیان دەڕوانی. ئەستێرەی سینەمایی ئەمریکا، کە لە دواوەی ڕیزەکە دایاننابوو، تاقەتی ئەم هەموو سوکایەتی پێکردنەی نەما و بڕیاریدا هەڵوێست وەربگرێت. ڕێک وەک یاریزانی ڕاکردنی پێنج هەزار مەتری، کە ماوەیەک لە دوای ئەوانی ترەوە ڕادەکات، لەپڕ هەموو هێزی خۆی کۆکردەوە و پێشیان کەوتەوە.
پیاوەکان بە ناڕەحەتییەوە پێدەکەنین و خۆیان لادەدا، تا ئیمکانی سەرکەوتنی ئەو یاریزانە بەناوبانگە بڕەخسێنن. بەڵام ژنەکان دەستیان بە هەرا و هاوار کرد:
«بچۆ ناو ڕیزەکەوە!ئەم ڕێپێوانە گەورەیە لەبەر ئەستێرەکانی سینەما نییە!»
بەڵام ئەستێرەکەی سینەما لەم هەرا و هوریایە دانەچڵەکی، لە کاتێکدا ڕای دەکرد و بەرەو پێش دەخوشی، پێنج وێنەگر و دوو کامێرامەنیشی بە شوێنەوە بوو.
دواجار ژنێکی فەڕانسایی کە مامۆستای زمانناسی بوو، دەستیگرت و بە ئینگلیزییەکی ترسناک پێی گوت:
«لێرە پزیشکەکان بۆ ئەوەی گیانی نەخۆشە کامبۆجیەکان نەجات بدەن، ڕێپێوان دەکەن. ئێرە جێی خۆنواندنی ئەستێرەکانی سینەما نییە!»
ئەکتەرەکە نەیدەتوانی خۆی لە دەستی مامۆستای زمانناسی ڕاپسکێنێت. بۆیە

بە ئینگلیزییەکی پەتی گوتی:
«بڕۆن ون بن! من تا ئێستا لە سەدان ڕێپێواندا بەشداریمکردووە! دەبێ لە هەموو شوێنێک ئەستێرەکانی سینەما دەربکەون! ئەمە کاری ئێمەیە! ئەمە وەزیفەی ئەخلاقی ئێمەیە!»
مامۆستای زماننناس بە فەڕانساییەکی پەتی گوتی:
«پیسی پەڵۆخ...»
ئەستێرە ئەمریکاییەکە لە مانای جنێوەکەی گەیشت و دەستی بە گریانکرد.
کامێرامانێک، لە کاتێکدا لە بەرامبەری چۆکی دادابوو، گوتی:
«تکایە هەر بەم شێوەیە لەبەر کامێراکە بمێنەرەوە.»
ئەکتەری سینەما ماوەیەکی زۆر لە کامێراکە ورد بووەوە و فرمێسک بە گۆنایدا هاتەخوار.

١٩

مامۆستای زماننناس لە ئەنجامدا دەستی ئەکتەرەکەی بەردا. گۆرانیبێژە ئەڵمانییەکە کە ڕیشی ڕەش بوو، ئاڵایەکی سپی بە دەستەوە بوو، بە دەنگی بەرز بانگی ئەستێرەکەی سینەمای کرد.
ئەستێرەی سینەما هەرگیز ناوی ئەوی نەبیستبوو، بەڵام لەم ساتەوەختی شەرمەزارییەدا، کە لە هەمیشە زیاتر پێویستی بە سۆزی خەڵکبوو، بەرەو گۆرانیبێژە ئەڵمانییەکە ڕایکرد. گۆرانیبێژەکە، بە دەستێک داری ئاڵاکە و بە دەستەکەی تری شانی ئەکتەرەکەی گرت.
وێنەگرەکان لەملاولای ئەکتەرە ئەمریکاییەکە و گۆرانیبێژە ئەڵمانییەکە هەڵدەسووڕان. وێنەگرێکی بەناوبانگی ئەمریکایی هەوڵیدەدا وێنەی هەردووکیان لە گەڵ ئاڵا سپییەکە بگرێت. بەڵام داری ئاڵاکە زۆر درێژبوو، وێنەگرەکە لە برینج جارێکدا بەرەو دواوە ڕۆیشت، پێی خستە سەر مینێک. لە پڕ تەقینەوەیەکی سەیر ڕوویدا. لەشی پارچە پارچەی وێنەگرەکە بەملاولادا بڵاوبۆوە. بارانێک خوێن بە سەر و ڕووی نوخبە نێونەتەوەییەکاندا ڕژا.
گورانیبێژ و ئەکتەرەکە تۆقان و لە جێی خۆیان وشکبوون. هەردووکیان چاویان

بەرەو ئاڵاکە کە خوێناوی ببوو، هەڵبڕی. ئەم دیمەنە سەرەتا زیاتر تۆقاندنی، بەڵام دواتر بە شەرمەوە سەیریان کرد، زەردەخەنەیان بۆ کرد. ئەو بیرە کە ئاڵاکەیان بە خوێن پاک و پیرۆز کراوە، هەستی غرووریێکی سەیر و نەناسراوی پێبەخشین. دیسان درێژەیان بە ڕێپێوانەکە دایەوە.

٢٠

جۆگەیەک سنووری دیاری دەکرد، بەڵام لەبەر ئەوەی کە بە درێژایی جۆگەکە دیوارێکی یەک مەتر و نیویی ساز کرابوو، توورەکە لمی لەسەر دانرابوو، سنوورەکە نەدەبینرا. سەربازە تایلەندییەکان لە پشت توورەکە لمەکانەوە بوون، دیوارەکەش لەلای پردی سەر چەمەکە دەقرتا. هێزە داگیرکەرە ڤیتنامییەکان لەوبەر چەمەکە، خۆیان شاردبووەوە. بەوحاڵەش گومان لەوە نەدەکرا کە هەر کەس لە پردەکە بپەڕیایەوە لەلایەن ڤێتنامییە شاراوەکانەوە تەقەی لێدەکرا.
ڕێپێوەران لە دیوارەکە نزیک دەبوونەوە و لەسەر پەنجەی پێیان بەرز دەبوونەوە. فرانز هەوڵیدا لە درزی نێوان دوو توورەکەی لمەوە سەیری ئەوبەر بکات، بەڵام هیچی نەبینی. وێنەگرێک کە بە مافی خۆی دەزانی بۆ وێنەگرتن جێگەکەی بگرێت، پاڵی پێوەنا.
فرانز سەیری دواوەی کرد. حەوت وێنەگر لەناو گەڵای پڕی تاکە دارێک، وەک پۆلە قەلەڕەشێکی قەڵەو، دانیشتبوون و چاویان لەوبەر چەمەکە بڕیبوو.
لەم کاتەدا وەرگێڕەکە کە لە پێشەوەی ڕیزەکە بوو، بڵندگۆ دەستییەکەی لە دەمی نزیک خستەوە، ڕوویکردە ئەوبەر چەمەکە و بە زمانی کامبۆجیایی هاواریکرد:
«لێرە دەستەیەک پزیشکی لێیە کە دەیانەوێت بۆ دابینکردنی خزمەتی پزیشکی بێنە ناو خاکی کامبۆجیاوە. ئەوان تەنیا نیگەرانی ژیان و تەندروستی خەڵکن و بە تەمای هیچ خۆتێوە هەڵقورتاندنێکی سیاسی نین.»
ئەوبەر چەمەکە لە بری هەموو وەڵامێک، لە بێدەنگییەکی سەیر و سەمەرە ڕۆ چووبوو. لە بێدەنگییەکی ڕەها، ئەوەندە ڕەها کە هەموویان هەستیان بە

دڵەڕاوکە دەکرد. تەنیا دەنگی چرکە چرکی کامێراکان، وەک دەنگی دەعبایەکی سەیر، ئەم بێدەنگییە دڵڕفێنەی دەشکاند.
لەپڕ فرانز هەستیکرد «ڕێپێوانە گەورەکە» بەرەو کۆتایی دەڕوات. سنوورەکانی بێدەنگی باوەش بۆ ئەورووپا دەگرێتەوە، ئەو فەزایە کە ڕێپێوانە گەورەکەی تێدا دەکرێت دەبێتە شوێنێکی بچووک لە ناوەندی جیهان. جەماوەری زۆری ئامادەبووان ماوەیەکە ڕۆشتوون، «ڕێپێوانی گەورە» لە چۆڵی و بێدەنگیدا، بەبێ سەیرکەر بەڕێوەدەچێت.
فرانز پێیوابوو وێڕای بێمەبالاتی جیهان، وێڕای عەسەبیەت و سەراسیمەیی ڕێپێوەران، «ڕێپێوانی گەورە» درێژەی هەیە. دوێنێکە دژ بە داگیرکردنی ڤێتنام لەلایەن ئەمریکاوە، ئیمڕۆ دژ بە داگیرکردنی کامبۆجیا لە لایەن ڤێتنامەوە. دوێنێکە بە سوودی ئیسرائیل و ئیمڕۆ لەبەر فەلەستین. دوێنێکە بۆ کووبا، بەیانی دژ بە کووبا و هەمیشە دژ بە ئەمریکا. هەموو جارێک بۆ ئیدانەکردنی قەتڵ و کوشتار، هەمووجارێک بۆ داکۆکیکردن لە قەتڵ و کوشتاری تر. ئەورووپا بەردەوام درێژە بە ڕێپێوان و خۆپیشاندان دەدات، بۆ ئەوەی لە هیچ ڕووداوێک دوانەکەوێت، هەنگاوەکانی توندتر و خێراتر دەکات. لە «ڕێپێوانی گەورە»دا خەڵکانێکی بە پەلە بەشداری دەکەن کە زۆر گورج بەڕێدا دەڕۆن، مەیدانی ڕێپێوانیش زیاتر لە جاران سنووردار دەبێت، تا ئەو ڕۆژە کە دەبێتە خاڵێکی بچووک.

## ٢١

وەرگێڕەکە بۆ جارێکی تریش لە بڵندگۆکەدا نەڕاندی، بەڵام وەک جاری پێشوو بێدەنگییەکی ڕەها لەگەڵ بێمەبالاتییەکی تەواو، لە فەزادا قەتیسبوو.
فرانز سەیری دەکرد. بێدەنگی ئەودیوی چەمەکە وەک سڵاوێک بەر ڕوومەتی هەمووان دەکەوت. تەنانەت گۆرانیبێژە ئەڵمانییەکە و ئەستێرە ئەمریکاییەکەش نیگەران و دڕدۆنگ ببوون.
فرانز لەپڕ تێگەیشت کە لە دۆخێکی مەسخەرەدا گیری خواردووە. بەڵام ئەم تێگەیشتنە لە ئەوانی تری دانەدەبڕی، پێشێلی ڕەفتاری ئەوانی تری نەدەکرد.

بە پێچەوانەوە، بەرامبەر بە ئەوان هەستی بە خۆشەویستییەکی گەورە دەکرد. وەک خۆشەویستیەک کە بەرامبەر بە مەحکومەکان لە دڵی مرۆڤدا دەکوڵێت. ئەرێ «ڕێپێوانی گەورە» بەرەو کۆتاییە، بەڵام ئایا فرانز بەم هۆیەوە دەتوانێت خیانەتی پێبکات؟ ئایا تەمەنی خۆشی بەرەو کۆتایی ناڕوات؟ ئایا دەشێ ئیدانەی خۆپیشاندانی ئەو کەسانە بکات کە تا سەر سنوور هاوڕێی پزیشکە ئازاکان بوون؟ ئەرێ بە ڕاست چ کارێکی باشتر بۆ ئەوان دەمێنێتەوە؟

حەق بە فرانزە. من بیر لەو ڕۆژنامەوانە دەکەمەوە کە بۆ بەخشینی زیندانییە سیاسییەکان واژۆی کۆدەکردەوە. ئەو دەیزانی ئەم کارە هیچ سوودێکی بۆ زیندانییەکان نییە. مەبەستی ڕاستەقینەش ئازادکردنی زیندانییەکان نەبوو، بەڵکو دەیانویست ئەوە نیشان بدەن کە هێشتا کەسانێکی ئازا و نەترس ماون. کردەوەکەی ئەوان ئەگەرچی نمایشبوو، بەڵام تاکە کاری مومکینیش بوو. ئەوان نەیاندەتوانی لە مابەینی کاری کاریگەر و نمایشدا یەکێکیان هەڵبژێرن. یان دەبوو هیچ نەکەن، یان بە کارێکی نمایشی ڕازیبن. مرۆڤ هەندێکجار دەکەوێتە بارودۆخێکەوە کە بێجگە لە نمایش چارێکی تری نییە. خەبات دژ بە دەسەڵاتی بێدەنگی (دژ بە دەسەڵاتی بێدەنگی ئەوبەری چەمەکە، دژ بە پۆلیس کە مایکرۆفۆن دەشارێتەوە) لە خەباتی تاقمێکی ئەکتەر دەچێت کە هێرشی بۆ سوپایەک بردبێت.

فرانز چاوی بە هاوڕێکەی (لە زانکۆی سووربۆن) کەوت کە مستەکانی خۆی هەڵدەبڕی و هەڕەشەی لە بێدەنگی ئەوبەر چەمەکە دەکرد.

## ٢٢

وەرگێڕەکە بۆ سێهەمجار لە بڵندگۆکەدا قسەکانی دووپاتکردەوە.

بێدەنگی بەردەوام زاڵبوو، بەردەوامیەکەش ترس و دڵە خورپەکەی فرانزی دەکرد بە ڕقوقین. چەند هەنگاو لەولای ئەو پردە ڕاوەستابوو کە تایلەندی لە کامبۆجیا دادەبڕی. حەزی هێرشبردن بۆ پردەکە و جنێودان بە ئاسمان، هەموو گیانی داگیرکردبوو. حەزی دەکرد هێرش بۆ پردەکە ببات و لە نێوان تەقوتۆقی تفەنگەکاندا گیانی خۆی بەخت بکات.

ئەم حەزە کوتوپڕییەی فرانز شتێکمان بیر دەهێنێتەوە. ئەرێ، بیری کوڕەکەی ستالین دەکەوینەوە. ئەو بەرگەی لێکدرانی دوو قوتبی بوونی مرۆڤی نەگرت، بەرەو ئەو تەلە دڕکاوییانە هەڵات کە کارەبایان تێدا بوو. بەلای ئەوەوە نەبوونی جیاوازی لە مابەینی بەرز و نەوی، فریشتە و شەیتان، لەتاقەت بەدەربوو.

فرانز ئەوەی پێ قبووڵ نەدەکرا کە شکۆی «ڕێپێوانی گەورە» لە خۆنواندن و هەست بە شانازیکردنی ڕێپێوانەکاندا کورت بکرێتەوە، هەرا و هوریای ترسناکی مێژووی ئەورووپا لە بێدەنگییەکی بێکۆتاییدا ون ببێت، هیچ جیاوازییەک لە نێوان مێژوو و بێدەنگی نەمێنێت. حەزی دەکرد گیانی خۆی فیدا بکات تا بتوانێت ئەوە نیشان بدات کە «ڕێپێوانی گەورە» زۆر مەزنتر و بەرزتر لە بێدەنگییە.

بەڵام ئیسپاتی ئەم شتە نامومکینە. فرانز لەبری ئەوەە خۆی بکاتە قوربانی، سەری دانەواند و لە پشت ئەوانی ترەوە، بە ئارامی بەرەو پاسەکە بەڕێکەوت.

## ٢٣

هەمووەمان پێویستمان بە تیرێژی «نیگا» هەیە، بەپێی ئەوەی کە لە ژیانماندا چ جۆرە نیگایەکمان ویستبێت، بە چوار دەستە دابەش دەکرێین:

دەستەی یەکەم، داوای گەلێک چاوی نەناسیاو دەکەن، بە گوتەیەکی تر، نیگای گشتییان دەوێت. گۆرانیبێژە ئەڵمانییەکە، ئەستێرەکەی سینەمای ئەمریکا و ڕۆژنامەوانە چەناگە درێژەکە سەر بەم دەستەیەن.

ڕۆژنامەوانەکە خووی بە خوێنەرانی گرتبوو. کاتێک گۆڤارەکەی لە لایەن ڕووسەکانەوە دەستی بەسەردا گیرا، هەستیکرد کە لە فەزایەکی سەدجار خەستتردا گیری خواردووە. کەس جێی چاوە نەناسیاوەکانی بۆ ئەو نەدەگرتەوە. ئەم دۆخە خەریکبوو دەیخنکاند، بۆیە ڕۆژێک کە زانی پۆلیس شوێنی دەکەوێت، گوێ لە تەلەفۆنەکەی دەگرێت، تەنانەت لە شەقامیش بە دزییەوە وێنەدەگرن، لەپڕ هەستیکرد کە دیسان چاوە نەناسیاوەکانی بەشوێنەوەیە، دیسان دەتوانێ هەناسە بکێشێت. بۆیە بە شێوازێکی نمایشی ڕووی دەکردە مایکرۆفۆنە

شاراوەکانی ناو دیوارەکە، لەچاو و نیگای پۆلیسدا، گوێگرە لەکیسچووەکانی دەبینییەوە.

دەستەی دووهەم، ئەو کەسانەن کە ئەگەر لە بەر تیرێژی نیگای کۆمەڵێک خەڵکیی ئاشنادا نەبن ناتوانن بژین. ئەم کەسانە بێئەوەی هەست بە ماندوویی بکەن، بەردەوام دۆست و هاوڕێکانیان داوەت دەکەن. ئەمانە بەختەوەرتر لە دەستەی یەکەمن. چونکە کەسانی سەر بە دەستەی یەکەم ئەگەر گوێگرەکانیان نەمێنێت، پێیانوایە ڕووناکایی ژیانیان خامۆشبووە، ئەمەش شتێکە کە درەنگ یان زوو بۆ هەموویان ڕوو دەدات. بەڵام کەسانی سەر بە دەستەی دووهەم هەمیشە دەتوانن کۆمەڵە نیگایەک بۆ خۆیان بدۆزنەوە. ماری کلوود و کچەکەی سەر بەم دەستەیە بوون.

لەدوای ئەوان دەستەی سێهەمە. دەستەی ئەو کەسانەی کە حەز دەکەن لە بەر تیرێژی نیگای چاوی دڵدارەکەیاندا بژین. هەلومەرجی ئەوانیش بەقەدەر دەستەی یەکەم ترسناکە. چونکە هەر کە چاوی دڵدار ببەسترێت، ژیانی ئەوانیش لە تاریکی ڕۆدەچێت. دەکرێ ترێزا و تۆماس سەر بەم دەستەیە بزانین.

لە ئەنجامدا دەستەی چوارەم (واتە کەمترین دەستە)، ئەو کەسانەن کە لەبەر تیرێژی نیگای خەیاڵی بوونەوەرە غایبەکاندا دەژین. کەسانی سەر بەم دەستەیە زیاتر لە ناو خەون و خەیاڵاتدا دەژین. فرانز یەکێکی سەر بەم دەستەیەیە. ئەو ئەگەر تا سنووری کامبۆجیا دەچێت، تەنیا و تەنیا لە بەر سابینایە. پاسەکە لە جادەی تایلەند بە لەرە لەر ڕێگەی دەبڕێ و و ئەو هەست بە نیگای دوور و درێژی سابینا دەکات.

کوڕەکەی تۆماسیش سەر بەم دەستەیەیە. لێرەوە ناوی«سیمۆن[٥١]»ی لێ دەنێین. (ئەویش وەک باوکی پێیخۆشە ناوی یەکێک لە ناوەکانی کتێبی ئینجیل بێت.) نیگایەک کە ئەو دەیخوازێت، نیگای چاوی تۆماسە. ئەو پاش ڕووداوی کۆکردنەوەی واژۆ بۆ لێخۆشبوون لە زیندانییە سیاسییەکان، لە زانکۆ دەرکرا. کچەکەی دۆستی برازای قەشەیەک بوو کە لە لادێ دەژیا. سیمۆن

[٥١] Simon -

ئەو کچەی مارە کرد و لە شەریکەیەکی هەرەوەزی بوو بە شۆفیری تراکتۆر. ئەو بوو بە کاتۆلیکێکی ئیماندار و باوکێکی چاک. سیمۆن پاش ماوەیەک زانی کە تۆماسیش لە لادێ دەژی. ئەم هەواڵە خۆشحاڵیکرد. چونکە بە یارمەتی چارەنووس ژیانی ئەوان هاوتەریب ببوون! بۆیە نامەیەکی بۆ نووسی. چاوەڕوانی وەڵامی نامەکەی نەبوو، تەنیا شتێکی دەویست: ئەوەی کە تۆماس سەیری ژیانی بکات.

## ٢٤

فرانز و سیمۆن پاڵەوانی خەیاڵی ئەم ڕۆمانەن. بە پێچەوانەی فرانز، سیمۆن دایکی خۆش نەدەویست و لەسەرەتای منداڵییەوە چاوەڕوانی باوکی بوو. ئەو حازر بوو بڕوا بکات کە بێ ڕێزی بەرامبەر بە باوکی، بۆتە هۆی بێبەشبوونی لە سۆز و خۆشەویستی باوک. ئەو هەرگیز لە دەست باوکی تووڕە نەبوو، قسەکانی دایکی، کە بەردەوام تۆماسی تۆمەتبار دەکرد، نەدەگوتەوە.

ئەو تا تەمەنی هەژدە ساڵی لەگەڵ دایکیدا دەژیا و پاش ئەوەی کە دیبلۆمی وەرگرت، بۆ درێژەدان بە خوێندنەکەی چوو بۆ پڕاگ. لەو کاتەدا، تۆماس خەریکی کاری شووشە پاککردنەوە بوو. سیمۆن زۆر هەوڵیدا تا بە ڕێکەوت لە شەقامەکاندا بیبینێت، بەڵام باوکی هەرگیز لە شەقامەکان ڕانەدەوەستا.

ئەو ئەگەر ڕۆژنامەوانە چەناگە درێژەکەی خۆشدەویست تەنیا لەبەرئەوە بوو کە ئەو چارەنووسی باوکی وەبیر دەهێنایەوە. ڕۆژنامەوانەکە تۆماسی نەدەناسی و وتارەکەی ئەوی لەبارەی ئۆدیپەوە لەبیرکردبوو. بەڵام سیمۆن باسی ئەو وتارەی بۆ کرد و داوای لێکرد کە بچن تۆماس ببینن، پێشنیاری واژۆکردنی بەیاننامەکەی پێبکەن. ڕۆژنامەوان تەنیا بۆ خۆشحاڵکردنی سیمۆن، کە خۆشیدەویست، ئەو پێشنیارەی پەسندکرد.

کاتێک سیمۆن بیری ئەم دیدارەی دەکردەوە، لە ترس و سەراسیمەییەکەی خۆی شەرمەزار دەبووەوە. ئەگەرچی باوکی گوێی پێنەدا، بەڵام ئەو باوکی پەسند کردبوو. هەموو ڕستەیەکی قسەکانی لەبیر مابوو، لە جاران زیاتر پێیوابوو حەق بە باوکییەتی. بەتایبەت ئەم ڕستەیە لە مێشکیدا چەسپابوو:

« سزادانی ئەو کەسانە کە نازانن چیدەکەن، نیشانەی وەحشیگەرییە.» کاتێک مامی دۆستەکەی کتێبێکی ئەنجیلی بەدیاری پێدا، قسەکانی مەسیح کاریان تێکرد: «لە ئەوان خۆش بە، چونکە نازانن چیدەکەن.» دەیزانی باوکی پیاوێکی ئیماندار نییە، بەڵام لێکچوونی ئەم قسانە بەلای ئەوەوە نیشانەیەکی شاراوە بوو: باوکی ئەو ڕێبازەی بە دڵ بوو کە ئەو هەڵیبژاردبوو.

زیاتر لە دوو ساڵ بەسەر مانەوەی سیمۆن لە لادێ تێدەپەڕی کە نامەیەکی باوکی پێگەیشت: تۆماس ئەوی بۆ ماڵی خۆی داوەت کردبوو. دیداری ئەو دووانە دۆستانە بوو. سیمۆن خۆشحاڵ بوو، زمانی نەدەگیرا. بێگومان ئەو نەیدەزانی کە ئەوان ناتوانن بە چاکی لێک تێبگەن. تەقریبەن چوار مانگ لەوەو دوا بروسکەیەکی پێگەیشت کە هەواڵی ژێر ئۆتۆمۆبێل کەوتن و مردنی تۆماس و ژنەکەی تێدابوو.

لەو کاتەدا باسی ژنێک دەکرا کە لە ڕابردوودا دڵداری باوکی بووە، ئێستا لە فەڕانسا دەژیا. ناونیشانی ئەو ژنەی دۆزییەوە، چونکە لەوپەڕی نائومێدی، پێویستی بە چاوێک بوو کە سەیری ژیانی بکات، جاروبار نامەی دوور و درێژی بۆ دەنووسی.

## ٢٥

سابینا تا دوا ڕۆژەکانی تەمەنی نامەی ئەو نامەنووسە خەمبارە لادێییەی پێدەگەیشت. زۆربەی ئەو نامانە نەدەکرانەوە، چونکە ئەو لە هەمیشە زیاتر زێدی خۆی فەرامۆش کردبوو.

کە پیرەمێردەکە مرد، سابینا چوو بۆ کالیفۆرنیا و لەوێ مایەوە. ئەو بەردەوام بەرەو ڕۆژئاوا دەڕوات و بەردەوام لە بوهێم دوور دەکەوێتەوە.

تابلۆکانی سابینا باش دەفرۆشرێن. ئەو ئەمریکای زۆر پێخۆشە، بەڵام تەنیا شتەکانی سەر زەوی بە دڵە. لە ژێر زەوی ئەمریکا دنیایەک هەیە کە بۆ ئەو بێگانەو نەناسیاوە. باوەگەورە و مامی سابینا لە ژێر خاکی ئەم وڵاتە نەنێژراون. ئەو دەترسێ کە بیخەنە تابووتێکەوە و لە قووڵایی خاکی ئەمریکادا بینێژن.

ئەو لە وەسێتنامەکەیدا پێی لەسەر ئەوە داگرتووە کە تەرمەکەی بسووتێنن و

خۆڵەمێشەکەشی دەم با بدەن. مەرگی تۆماس و ترێزا نیشانێکی «قورس» بوو، سابینا دەیەوێت بە «سووکی» بمرێت. ئەو لە هەواش سووکتر دەبێت. بە بۆچوونی پارمنید ئەمە بوونی نیگەتیف بە پۆزەتیڤە.

٢٦

پاسەکە لەبەر ئوتێلێکی بانکۆکدا ڕاوەستا. ئیتر کەس حەزی لە کۆبوونەوە و دانیشتن نەدەکرد. هەموویان لە چەند تاقم و دەستەی بچووکدا بڵاوبوونەوە. هەندێکیان بۆ بینینی شت و شوێنە خۆشەکان چوون، هەندێکی تر بۆ ڕابواردن. هاوڕێکەی زانکۆی سوربۆنی فرانز، پێشنیاری پێکرد کە شەو پێکەوە بن. بەڵام ئەو تەنیایی پێخۆشتر بوو.

شەو داهات و ئەو بۆ گەڕان لە ئوتێل چووەدەر. بەردەوام بیری سابینای دەکردەوە و هەستی بە نیگای ئەو لە سەر خۆی دەکرد. لەبەر ڕێژنەی نیگای ئەودا بەرامبەر بەخۆی هەستی بە گومان و دڕدۆنگی دەکرد، چونکە نەیدەتوانی لەوە بگات کە سابینا بیر لەچی دەکاتەوە . ئەمجارەش ئەم نیگایە تووشی شک و گومانی کرد. ئایا سابینا مەسخەرەی نەدەکرد؟ ئایا ئەم خۆشەویستی و ڕێزە زۆرەی ئەوی بەرامبەر بەخۆی، بە گەوجییەتی نەدەزانی؟ نەیدەویست پێی بڵێت کاتی ئەوە هاتووە کە عاقڵانە بجووڵێتەوە، بەو دۆستەیدا ڕابگات کە خۆی بۆی دۆزیبۆوە؟

هەوڵیدا ڕوومەتی دۆستەکەی بەو چاویلکە گەورەیەوە وێنا بکات. باش دەیزانی کە لەگەڵ خوێندکارەکەیدا چەندە هەست بە بەختیاری دەکات. لە پڕ سەفەر بۆ کامبۆجیا بەلایەوە شتێکی مەسخەرە و بێمانا بوو. بە ڕاست بۆچی تا ئێرە هاتبوو؟ ئێستا لە هۆی ئەو کارەی دەگەیشت. ئەو هاتبوو بۆ ئێرە تا لە ئەنجامدا لەوە بگات کە ژیانی واقیعی پێوەندی بە ڕێپێوان و سابیناوە نییە، لە دۆستە چاویلکەییەکەیدا کورت دەکرێتەوە! ئەو هاتبوو بۆ ئەم سەفەرە تا تێبگات کە ڕاستییەکان لەو پەڕی خەونەکاندان. زۆر لەوپەڕ.

ئەوسا لاڕوومەتی کەسێکی نامۆ لە تاریکوڕوونی هەوادا دەرکەوت، بە زمانێکی نەناسیاو دەستی بە قسەکرد. فرانز بە سەرسووڕمان و بەزەییەوە سەیری

دەکرد. ئەو کەسە نامۆیە ڕاست دەبووەوە و دەنەوییەوە، بە دەم زەردەخەنەوە بە پێداگری وشەی بێمانای بە زماندا دەهات. چی پێدەگوت؟ پێیوابوو تکای لێدەکات کە شوێنی بکەوێت. کابرای نامۆ دەستیگرت و بە دوای خۆیدا ڕایکێشا. فرانز لەبەر خۆیەوە گوتی ڕەنگە پێویستی بە یارمەتی ئەو بێت. ڕەنگە لە خۆوە نەهاتبێت بۆ ئێرە؟ ڕەنگە هێنابێتیان تا یارمەتی کەسێک بدات؟

لەپڕ لە پاڵ ئەو کابرایە دوو کەسی تریش دەرکەوتن، یەکێکیان بە زمانی ئینگلیزی فەرمانی پێدا کە پارەیان بداتێ.

لەو کاتەدا کچە گەنجە چاویلکەییەکە لە زهنی سڕایەوە. دیسان سابینا بوو کە سەیری دەکرد. سابینای ناواقیعی بە چارەنووسێکی ترسناکەوە، هەر ئەو سابینایە کە لە بەرامبەریدا هەستی بە بچووکی خۆی دەکرد، بە دۆخێکی تووڕە و ناڕازییانە چاوی تێبڕیبوو: جارێکی تر هێشتبووی کە غافڵگیری بکەن؟ جارێکی تر گەمەیان بە سادەیی و ساویلکەیی و میهرەبانی ئەو کردبوو؟

فرانز بە پڕتاو قۆلی کراسەکەی لە چنگی ئەو پیاوە ڕاپسکاند. دەیزانی سابینا هەمیشە ستایشی بە هێزییەکەی دەکرد. ئەوسا باسکی ئەو کەسەشی گرت کە شالاوی بۆ دەبرد و بە توندی گووشی. پاشان بە جووڵەیەکی بێ عەیبی وەرزشی جودۆ، بەرزیکردەوە و بە ژوور سەری خۆیەوە بەملاولادا سووڕاندییەوە.

ئێستا بەرامبەر بە خۆی هەستی بە ڕەزامەندی دەکرد و سابیناش چاوی لێ نەدەترووکاند. ئیتر کەس بە سووک و زەبوونی نازانێت! ئیتر هەرگیز لە بەرامبەر کەسدا پاشەکشە ناکات! ئیتر هەرگیز فرانزی لاواز و هەستیار نابێت!

لە دڵی خۆیدا، بەرامبەر بەو پیاوانە کە ویستبویان سوود لە گەوجییەتی وەربگرن، هەستی بە نەفرەتێکی شادی بەخش دەکرد. لەکاتێکدا کەمێک چەمابووەوە و بە وردییەوە سەیری دەکردن، لەپڕ شتێکی قورس بە سەریدا درا و کەوتە سەر زەوی. بە نیوە وشیارییەوە زانی بەرەو شوێنێکی دەبەن، پاشان لە بۆشاییدا نوقمبوو. هەستی بە زەربەتێکی قورسکرد و لە هۆش خۆی چوو.

پاش ماوەیەکی زۆر، لە نەخۆشخانەیەکی ژنێڤ لەهۆش خۆی هاتەوە. ماری

کلوود بەسەر قەرەوێڵەکەیدا نەویبووەوە. دەیویست پێی بڵێت حەز ناکات ئەوی لەلا بێت. دەیویست بە پەلە دۆستە خوێندکارە چاویلکە لەچاوەکەی ئاگادار بکەنەوە. تەنیا بیری لە ئەو دەکردەوە، نەیدەویست کەسیتر ببێنێت. پێیخۆشبوو هاوار بکات کە حەز ناکات کەسیتری لەلا بێت. بەڵام بە ترسەوە زانی کە توانای قسەکردنی نییە. بە نیگایەکی مێکوت لە ڕقوقین سەیری ماری کلوودی کرد. ویستی بەرەو دیوارەکە وەرسووڕێت، تا نەیبینێت. بەڵام توانای جووڵاندنی لەشی نەبوو. ویستی سەری بسووڕێنێت، بەڵام نەیدەتوانی تەنانەت بە ئاستەمیش سەری بجووڵێنێت. ئەوسا بۆ ئەوە ماری کلوود نەبینێت، چاوی قونجاند.

٢٧

فرانز لە پاش مردنی درا بە ژنە یاساییەکەی. ئێستا ئیتر ئەوە ماری کلوودە کە بڕیار لە هەموو شتێک دەدا: کاروباری ناشتنەکەی بەڕێوە دەبات، نامەکان دەنێرێت، داوای تاجە گوڵینە و جلوبەرگی ڕەش دەکات ، کە لە ڕاستیدا جلی زەماوەندە، بۆ خۆی تەیار دەکات. ئەرێ، ناشتنی مێرد لە ئەنجامدا وەسڵەت و زەماوەندی هاوسەرە! تاج لەسەر نانی ژیانیەتی! پاداشی هەموو سەختی و ئازارەکانی هەموو تەمەنێتی!

قەشە بە باشی لەم کێشەیە دەگات و لەسەر گۆڕەکەی باسی عەشقی بێ بڕانەوەی ژن و مێرد دەکات. عەشقێک کە وێڕای هەڵچوون و داچوونەکانی، وەک ڕۆخی نەجات، مردووەکە لە دوا ساتەکاندا بەرەو خۆی ڕادەکێشێت. تەنانەت هاوکارەکەی فرانزیش، کە لەسەر داوای ماری کلوود لە ئاهەنگی ناشتنەکەیدا چەند وشەیەک دەدوێت، بەڕێز و ستایشەوە باسی هاوسەری خوالێخۆشبووەکە دەکات.

لە سووچێک، کچێکی گەنج بە چاویلکەیەکی گەورەوە، چەماوە و لاواز و بێهێز پاڵی بە هاورێکەیەوە داوە. ئەو ئەوەندە گریاوە و ئەوەندە حەبی ئازاری خواردووە کە ئیتر توانای مانەوەی نەماوە. بەر لەوەی ئاهەنگەکە کۆتایی پێ بێت، تووشی گەشکە دەبێت. دەنەوێتەوە و دەست بە سکییەوە دەگرێت.

هاوڕێکەی بە ناچاری یارمەتی دەدا تا لە گۆڕستان دەرباز بێت.

## ٢٨

هەر ئەو کاتە کە سیمۆن برووسکەی سەرۆکی شەریکە هەرەوەزییەکەی پێگەیشت، سواری ماتۆرە سیکلێتەکەی بوو، بەڕێ کەوت. ئەرکی ناشتنەکەی لە ئەستۆگرت و فەرمانی دا تا لەسەر کێلەکەی بنووسن: «ئەو دەیویست زەوی ببێت بە جیهانی مەلەکووت.»

باش دەیزانی کە باوکی هەرگیز ئەم وشانەی بۆ دەرکاندنی بیر و بۆچوونی خۆی بەکار نەهێناوە. بەڵام دڵنیابوو کە ئەم وشانە داوای باوکی دەردەبڕێت. مانای «جیهانی مەلەکووت» دادپەروەرییە. تۆماس ئاواتی جیهانێکی دەخواست کە دادپەروەری تیایدا حوکمڕەوا بێت. ئایا سیمۆن مافی ئەوەی نەبوو کە بە وشەی خۆی وەسفی ژیانی باوکی بکات؟ ئایا لە کۆنەوە ئەمە مافی میراتبەر نەبووە؟

لەسەر کێلەکەی فرانز ئەم ڕستەیە دەبینرێت: «لە پاش گومڕایی، گەڕانەوە بەرەو ئەو.» ئەڵبەت دەکرێت وەک هێمایەکی ئایینی ئەم ڕستە تەفسیر بکرێت: گومڕایی لە ژیانی سەر زەوی، گەڕانەوە بەرەو خواوەند. بەڵام ئەو کەسانە کە ئاگاداری ژیانی فرانزن، دەزانن کە ئەم ڕستەیە مانایەکی نائایینیشی هەیە. جگە لەوەی ماری کلوودیش هەموو ڕۆژێک باسی دەکات:

«فرانز، فرانزی خۆشەویست، فرانزی ئازا، گیرۆدەی قەیرانی پەنجاساڵی بوو، دەست کچێکی کلۆڵ کەوت! ئەم کچە تەنانەت جوانیش نەبوو (عەینەکی ئێجگار گەورەی لەچاو دەکرد کە ڕوومەتی دەشاردەوە!) بەڵام لە بەرامبەر کچێکی گەنجدا، شەیتان بە ئاسانی دەچێتە بن کلێشەی پیاوێکی پەنجا ساڵەوە. تەنیا هاوسەرەکەی دەزانێ کە ئەم ڕووداوە چەندە ئەوی ئازار داوە! ئەم ڕووداوە بۆ فرانز ئەشکەنجەیەکی ڕاستەقینە بوو، چونکە ئەو، لە قووڵایی گیانی دا، پیاوێکی بەشەرەف و ڕاست بوو. ئەگەر وانەبێت چۆن دەکرێ پاساو بۆ ئەم سەفەرە پووچ و بێمانایە بۆ شوێنێکی لاپەڕی ئاسیا بێنینەوە؟ ئەو بە شوێن مەرگی خۆیدا چووبوو.»

ئەرێ، ماری کلوود بڕوای بەوەیە کە فرانز شوێن مەرگی خۆی کەوتووە.
«ئەو لە دوا ڕۆژەکانی تەمەنی، ئەو کاتە کە بە گیانەڵاوە بوو، پێویستی بە درۆکردن نەمابوو، تەنیا دەیویست هاوسەرەکەی ببینێت. ئەو توانای قسەکردنی نەبوو، بەڵام بە نیگا سوپاسی دەکرد. بەچاو داوای لێخۆشبوونی لێدەکرد و ئێستا هاوسەرەکەی لە تاوانەکانی خۆشبووە.»

## ٢٩

«چی لە ئەوانە ماوەتەوە کە لە کامبۆجیا هەڕەشەی مردنیان لێدەکرا؟»
وێنەیەکی گەورەی ئەستێرەی سینەمای ئەمریکا لە کاتێکدا منداڵێکی بە ڕەگەز زەردی لە باوەشدایە.
«چی لە تۆماس ماوەتەوە؟»
نووسراوی سەر کێلەکەی: ئەو دەیویست زەوی ببێت بە جیهانی مەلەکووت.
«لە بتهۆڤن چی ماوەتەوە؟»
پیاوێکی خەمبار بە قژی درێژ کە جێی باوەڕ پێکردن نییە. پیاوێک کە بە دەنگێکی ئارام دەڵێت: «پێویستە!»
«چی لە فرانز ماوەتەوە؟»
کێلە قەبرێک کە لەسەری نووسراوە: «لە پاش گومڕایی، گەڕانەوە بەرەو ئەو.» ئەرێ ئاوایە، ئاوایە.
بەرلەوەی لەبیر بچنەوە، وەک (کیچ)مانی لێدێت. (کیچ) وێستگەی پەیوەندی نێوان بوون و فەرامۆشییە.

# بەشی حەوتەم

# زەردەخەنەی کارنێن

## ١

پەنجەرەی ماڵەکە بەرەو تەپۆڵکەیەکی بچووک دەکرایەوە کە لقوپۆی پێچاوپێچی دارسێوەکان بەریان گرتبوو. لەسەر تەپۆڵکەکە، دارستان بەری ئاسۆی گرتبوو، هێڵی خواری تەپۆڵکەکان تا زۆر دوور دەبینران. کە شەو دادەهات مانگ بە ئاسمانی کەم ڕەنگدا هەڵدەکشا، ترێزا لە ناو دەرکەکە ڕادەوەستا و سەیری دەکرد. مانگ لە ئاسمانێک کە هێشتا تەواو تاریک نەببوو، لە چرایەک دەچوو کە بەیانیان لە بیریان چووبێت بیکوژێننەوە، بە درێژایی ڕۆژ لە ژووری مردووەکە ئاسایی بێت.

دارسێوە پێچاوپێچەکان لەسەر تەپۆڵکە بچووکەکە لە گەشە و نەشەدا بوون، هیچیان لەو شوێنەی کە ڕەگیان لێ داکوتابوو، دوور نەدەکەوتنەوە. هەروا کە ئیتر تۆماس و ترێزاش هەرگیز نەیاندەتوانی ئەم لادێیە بەجێبهێڵن. ئەوان ئۆتۆمۆبێل، تەلەفزیۆن و ڕادیۆکەشیان فرۆشتبوو تا ماڵ و باخچەیەکی بچووک لە لادێییەکی شارنشین بکڕن.

دابڕان لە شار و مانەوە لە لادێ تاکە ڕێگەی دەربازبوونیان بوو، چونکە لادێ هەمیشە پێویستی بە مرۆڤەکان بوو، ماڵ و شوێنی نیشتەجێ بوونیشی لێ دەست دەکەوت. کەس گوێی بە ڕابردووی سیاسی ئەو کەسانە نەدەدا کە بۆ کار دەچوون بۆ لادێ، یان وەک پارێزەری دارستان دادەمەزران. کەس ئیرەیی بە ژیانی ئەو جۆرە کەسانە نەدەبرد.

ترێزا خۆشحاڵ بوو کە شاری بەجێ هێشتووە، لە بارو مشتەرییە سەرخۆشەکانی، لەو ژنە نەناسیاوانە کە بۆنی لەشیان بە قژی تۆماسەوە دەمایەوە، ڕزگاربووە. پۆلیس وازی لێ هێنابوون و ڕووداوی ئەندازیار و ماڵە چۆڵەکشی، وەها لەگەڵ خەونی کێوی بەردین تێکەڵ ببوو، کە ترێزا بە گران واقیع و خەونی لێک هەڵداوارد. (جگە لەوەش ئایا بە ڕاست ئەندازیارەکە لە خزمەتی پۆلیسی نهێنی دا بوو؟ ڕەنگە وابووبێت و ڕەنگە واش نەبووبێت، چونکە کەم نین ئەو پیاوانەی کە بۆ دیدارە تایبەتییەکانیان کلیلی ئاپارتمانی هاوڕێکانیان وەردەگرن و هەرجارە ژنێک دەبەنەوە.)

کەواتە ترێزا بەختەوەر بوو، پێیوابوو ئامانجی خۆی پێکاوە: ئەو و تۆماس بە تەنیا پێکەوە دەژیان. بە تەنیا؟ دەبێ وردتر باسی بکەم. ئەوەی من پێی دەڵێم تەنیایی بەو مانایەیە کە ئەو دووانە هەموو پەیوەندییەکانیان لەگەڵ دۆست و ناسیاوەکانی پێشوویان قرتاندبوو. ژیانی ڕابردووی خۆیان ــ وەک شریتێک کە بە مەقەست بیقرتێنن ــ بە تەواوی وەلا نابوو. بەڵام لەقسەکردن لەگەڵ هاوکارە لادێییەکانیان خۆشحاڵ بوون. سەردانیان دەکردن و جاروباریش بۆ ماڵی خۆیان داوەتیان دەکردن.

ئەو ڕۆژە کە ترێزا لە شاری کانزای ئاوی گەرم (کە ناوی ڕووسییان لە شەقامەکانی نابوو) لەگەڵ سەرۆکی شەریکەی هەرەوەزی ناوچەکە ئاشنابوو، لە پڕ وێنەیەک لە زهنیدا ژیایەوە، کە بە خوێندنەوەی کتێب و بیرەوەری پێشینیانی لە زهنیدا مابووەوە. دنیایەکی هاوئاهەنگ کە هەموو ئەندامەکانی بنەماڵەیەکی گەورەیان پێکدەهێنا، بنەماڵەیەک کە خاوەنی بەرژەوەندی یەکسان و خوو و خدەی چوونیەکن: هەموو یەکشەممانێک بۆ نوێژ و دوعا دەچن بۆ کڵێسا، پیاوان بەبێ ژنان لە میوانخانەی لادێکە دەخۆنەوە، قسە دەکەن و شەممانیش لە هۆڵی ئەم میوانخانەنە، ژەنیارەکانی ئۆرکێسترا دەژەنن و خەڵکی دێش سەما دەکەن.

بەڵام لەم ناوچەیەی کۆمۆنیستییەدا لادێکان ئیتر لەم وێنە کۆنە نەدەچوون. کڵێسا لەو نزیکانە بوو، بەڵام کەس نەدەچوو. میوانخانەش وەک بینایەکی دەوڵەتی لێهاتبوو. پیاوان شوێنێکیان بۆ بیرە خواردنەوە و قسەکردن شک نەدەبرد، گەنجەکانیش نەیاندەزانی لە کوێ سەما بکەن. نەیاندەهێشت خەڵک جەژنە ئایینیەکان بگرن، جەژنە ڕەسمییەکانیشیان پێ خۆش نەبوو. نزیکترین سینەما لە شارێک بوو کە بیست کیلۆمەتر دوور بوو. خەڵک لە پاش تەواوکردنی کاری ڕۆژانەیان بە خۆشحاڵییەوە لە دەوری یەکتر کۆدەبوونەوە و قسەیان دەکرد. پاشان خۆیان لە چوار دیواری ماڵەکانیان حەپس دەکرد و لەناو کەرەسەی مۆدێرنی ماڵەکانیان ــ کە بەبێ سەلیقەییەوە دروست کرابوون و مرۆڤ کە چاوی پێیان دەکەوت وەک ئەوە بوو کارەبا بیگرێت ــ لە شاشەی ڕووناکی تەلەفزیۆنەکانیان ورد دەبوونەوە. سەردانی یەکتریان نەدەکرد، بەڵام

جاروبار بەر لە خواردنی نانی شەو چەند وشەیەکیان لەگەڵ دراوسێکانیان دەگۆڕییەوە. هەموویان ئاواتەخواز بوون لێرە بڕۆن و بچن بۆشار. ژیان لە لادێ هیچ سوود و خۆشییەکی نەمابوو.

ڕەنگە چونکە کەس حەز ناکات لە دێ بژی، حکومەت دەسەڵاتێکی زۆری بە سەر ئەم ناوچانەدا نییە. جووتیارێک کە خۆی بە خاوەنی زەویەکەی نەزانێت، وەک کرێکاری مەزرایە. ئەو جووتیارە بۆ دەبێ دڵ بە لادێکەی خۆش بکات؟ ئەو هیچی بۆ لەکیس چوون نییە، هیچی نییە کە نیگەرانی تیاچوونی بێت. بەم بۆنەوەیە کە لادێ تا ڕادەیەک خود موختاری و فەزای ئازادی خۆی پاراستووە. سەرۆکی شەریکە هەرەوەزیەکە (وەک هەموو بەرپرسە ئیدارییەکانی شار) لە دەرەوە نەهاتووە و بەسەریاندا نەسەپاوە، بەڵکو خودی لادێییەکان هەڵیانبژاردووە.

لەبەر ئەوەی کە هەموویان دەیانویست بەرەو شار هەڵبێن، هەلومەرجی تۆماس و ترێزا هەلومەرجێکی شازبوو: ئەوان بە حەزی خۆیان هاتبوون بۆ لادێ. لە کاتێکدا دێهاتییەکان بۆ چوون بۆ شار هەموو دەرفەتێکیان دەقۆستەوە، تۆماس و ترێزا دەیانویست لەوێ بمێننەوە. بەم شێوەیە زۆری نەخایاند ـ کە زیاتر لە ئاشنایی لادێییەکان لەگەڵ یەکتر ـ ئەوان لەگەڵ لادێییەکاندا یەکیان گرت.

سەرۆکی شەریکە هەرەوەزیەکە زۆر زوو بوو بە هاوڕێیان. ئەو ژن و چوار منداڵ و بەرازێکی هەبوو، کە وەک سەگ ڕایهێنابوو. ناوی ئەو بەرازە «مێفیستۆ[٥٢]» بوو، یەکێک لە سەرنجڕاکێشترین دیاردەکانی ئەو دێیە بوو. گوێڕایەڵی خاوەنەکەی بوو. پاک و پەمەیی ڕەنگ بوو، بە سمە بچووکەکانی، وەک ژنێکی پێ پان کە بە کەوشی پاژنە بەرزەوە بەڕێدا بڕوات، توند و زەریف دەڕۆیشت. یەکەمجار کە کارنین چاوی بەو بێچووە بەرازە کەوت، سەرسام بوو. چەند ساتێک بە دەوریدا سووڕایەوە و بۆنی پێوەکرد. بەڵام زۆر زوو لەگەڵی ڕێکەوت و لە سەگەکان بەچاکتری زانی. کارنین سەگەکانی لادێی بە سووک دەزانی، چونکە ئەوانیان بە کولانەکانیانەوە بەستبۆوە و هەمیشە لە خۆوە دەیانوەڕاند. کارنین ڕێزی لە شازبوونی مێفیستۆ دەگرت، دەبێ بڵێم کە پابەندی دۆستایەتی لەگەڵ ئەو بێچووە بەرازە بوو.

---

Mephisto ٥٢

سەرۆکی شەریکەی هەرەوەزی خۆشحاڵ بوو کە یارمەتی نەشتەرگەرەکەی جارانی خۆی دەدا، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا نیگەران بوو کە بۆچی لەوە زیاتر هیچ خزمەتێکی پێ ناکرێت. تۆماس شۆفیری زیل بوو، جووتیارەکانی بۆ مەزرا دەبرد و کەرەسەی پێویستی بۆ دەگوێزانەوە.

شەریکە هەرەوەزیەکە چوار بینای گەورەی بۆ ئاژەڵداری هەبوو، لە هەر یەکێکیاندا چل مانگای ڕاگرتبوو. مانگاکانیان بە ترێزا سپاردبوو، ئەویش ڕۆژی دووجار دەیبردن بۆ دەشت و دەیلەوەڕاندن. دەشتە نزیکەکان بۆ ئاڵف بوون، ترێزا ناچار بوو مانگاکان ببات بۆ تەپۆڵکەکانی دەوروبەر. مانگاکان لەو دەشتانە دەلەوەڕان کە هەموو ڕۆژێک دوورتر دەبوونەوە. بەم شێوەیە ترێزا لەو ساڵەدا هەموو ناوچە بەربڵاوەکەی دەوروبەری دێ گەڕابوو. وەک جاران کە لە شار بوو، هەمیشە کتێبێکی پێبوو کە لە دەشت دەیخوێندەوە.

کارنینیش هەمیشە لەگەڵیدا بوو، فێر ببوو، کاتێک گوێرەکە شەیتانەکان لە گاگەلەکە دوور دەکەوتنەوە، لێیان نزیک دەبووەوە و لێیان دەوەڕی. ئەم کارە خۆشحاڵی دەکرد. ئەرکی ئەو وەک «کات ڕاگریی گشتی» هەرگیز بەو شێوەیە گوێی پێنەدرابوو. لێرە تۆماس و ترێزا بۆ ئاگاداربوون لە کات، پەیڕەویان لە کارنین دەکرد.

ڕۆژێک لە دوای نانی نیوەڕۆ ـ کە هەر دووکیان یەک سەعات کاتیان بۆ پشوو بوو ـ لە داوێنی تەپۆڵکەی بچووکی پشت ماڵەکەیان لەگەڵ کارنین دەسووڕانەوە. ترێزا گوتی:

«کارنین خراپ ڕادەکات.»

پێی چەپی کارنین دەشەلی. تۆماس نەوییەوە و بەوردی پێی سەگەکەی پشکنی و لوویەکی بچووکی دۆزییەوە.

ڕۆژی دواتر کارنینی سوارکرد، بۆ لادێکەی دراوسێیان، بۆ لای پزیشکێکی ئاژەڵی برد. هەفتەیەک لەوەو دوا بۆ وەرگرتنەوەی ئەنجامی تاقیکردنەوە، سەری لێ داو کاتێک گەڕایەوە گوتی کارنین تووشی شێرپەنجە بووە.

سێ ڕۆژ دواتر، بۆ خۆی بە هاوکاری پزیشکەکەی ئاژەڵان کارنینی نەشتەرگەی کرد. کاتێک گەڕاندییەوە بۆ ماڵ، کارنین هێشتا بێهۆش بوو. ئەو لەسەر

فەرشەکە، لە پاڵ قەرەوێڵەکەی ئەوان ڕاکشابوو، بە چاوی بازەوە دەینالاند. پاشوویان تاشیبوو، شەش تەقەڵیان لە برینەکەی دابوو.
کارنین تۆزێک لەوەو دوا ویستی هەستێت، بەڵام هەوڵەکەی بێهوودە بوو. ترێزا ترسا و بە سەرسامییەوە پرسی:
«ئەگەر ئیتر نەتوانێ بەرێدا بڕوات؟!»
تۆماس گوتی:
«مەترسە، هێشتا دەرمانە بێهۆشییەکەی لە لەشدا ماوە.»
ترێزا هەوڵیدا بەرزی بکاتەوە، بەڵام کارنین دانە جیرەی کرد. ئەمە یەکەمجار بوو کە کارنین دەیویست گازی لێ بگرێت!
نزیک کاتژمێر سێی بەیانی، لە پڕ کارنین لە خەو دایچڵەکاندن. بەردەوام خۆی دەجووڵاند و لەقەی لە تۆماس و ترێزا دەدا، بە توندی خۆی تێهەڵدەسوون.
ئەمە یەکەمجار بوو کە کارنین نەیدەهێشت ئەوان بخەون. هەمیشە چاوەڕوان دەما تا یەکێکیان بەئاگا ببێتەوە، ئەوسا دەچووە سەر قەرەوێڵەکەیان و هەڵبەز و دابەزی دەکرد.
بەڵام ئەمجارە، نیوەشەو، کاتێک تەواو لەهۆش خۆی هاتەوە نەیتوانی ماتڵ بێت تا یەکێکیان بەئاگا دەبێتەوە. کێ چووزانێ ئەو چی بەسەر هاتووە و لە چ ڕێیەکی دوور گەڕاوەتەوە؟! کێ چووزانێ ئەو ڕووبەڕووی چ تاپۆگەلێک بووەتەوە؟! ئێستا کە گەڕابۆوە بۆ ماڵەوە و ئەو کەسانەی دەناسییەوە کە لە هەموو کەس بە ئەو نزیکتر بوون، نەیدەتوانی بەر بە شادی لە ڕادەبەدەری خۆی بگرێت. دەتگوت جەژنی گەڕانەوە و لە دایکبوونی دووبارەی خۆی دەگرێت.

## ٢

ترێزا گاگەلەکەی بۆ پێشەوە لێ دەخوڕی. مانگاکان گەنج و سەرحاڵن، پاش چەند شەقاو لە ڕێگە لادەدەن و بەرەو مەزراکە هەڵدێن، ئەو دەبێ بەردەوام هەرایان لێ بکات. کارنینی لەگەڵدایە. ئێستا دوو ساڵە کە هەموو ڕۆژێک لە لەوەڕگە شوێنی دەکەوێت. خۆهەڵسوون لە مانگاکان و لێوەڕینیان سەرقاڵی

دەکات. بەڵام ئیمڕۆ کارنین بە گران بە ڕێگەدا دەڕوات، لە ڕاستیدا بە سێ پێ ڕێگە دەبڕێ، پێی چوارەمی بریندارە و خوێنی لێ دەتکێت. ترێزا پاش چەند هەنگاو بەسەریدا دەنەوێتەوە و دەست بە پشتیدا دەهێنێت. دیارە پاش پانزە ڕۆژ کە لە عەمەلیاتەکەی تێپەڕیوە، هێشتا شێرپەنجەکەی بنبڕ نەبووە. حاڵی کارنین باش نییە.

ترێزا لەگەڵ ژنێکی دراوسێی، کە پێڵاوی لاسیکی لە پێدایە و بەرەو ئاژەڵدارییەکە دەچێت، ڕووبەڕوو دەبێتەوە. دراوسێکەی پێی دەڵێت:

« حاڵی سەگەکەت باش نییە. وادیارە دەشەلێ!»

ترێزا دەڵێ:

«شێرپەنجەی گرتووە. دەمرێت.»

لەپڕ هەستیکرد قورگی دەگووشرێت و بە گران قسەی بۆ دەکرێت. دراوسێکە بە بینینی فرمێسکەکانی ترێزا تووڕە دەبێ:

«ئەی خوایە گیان! چۆن دەبێ تۆ بۆ سەگێک بگری!»

ئەو ژنێکی میهرەبان بوو لە دڵەوە بەزەیی پێدا دەهاتەوە. دەیویست دڵخۆشی بداتەوە. ترێزا بەوەی دەزانی. ئەوەندەی ئەزموون هەبوو کە بتوانێت دێهاتییەکان بناسێت. ئەگەر ئەوەندە کە ئەو کارنینی خۆش دەویست، ئەوانیش کەروێشکەکانی خۆیان خۆش بویستایە، هەرگیز نەیاندەتوانی بیانکوژن. بەوحاڵەش قسەکانی دراوسێکەی بە لاوە شەڕانگێزانە بوو، بێئەوەی ناڕەزایەتی دەرببڕێت، گوتی:

« دەزانم، دەزانم.»

ئەوسا بە پەلە بەجێی هێشت و ڕۆیشت. ئێستا ئیتر هەستی دەکرد لەگەڵ خۆشەویستی سەگەکەی بەتەنیا ماوەتەوە. لە کاتێکدا بزەیەکی خەمباری لەسەر لێوە، بیر دەکاتەوە دەبێ زۆر زیاتر لە خیانەتکردن بە مێردەکەی، عەشقی کارنین بشارێتەوە. خۆشەویستی ئێمە بۆ سەگێک، ئاژاوە دەنێتەوە. بەڵام ئەگەر ئەو ژنە دراوسێیە بزانێ کە خیانەتی بە تۆماس کردووە، بە خۆشی و شادییەوە، وەها کە خۆی بە شەریکی بزانێت، دەست بە پشتیدا دەهێنێت!

ئەو لەگەڵ ئەو مانگایانە کە خۆیان لەیەکتر هەڵدەسوون و بەرەو پێش دەڕۆن، درێژە بەڕێگەکەی دەدا. لەبەر خۆیەوە دەڵێ کە مانگاکان ئاژەلێکی

خۆشەویستن. ئاژەڵی ئارام و بێ شەڕ و شۆر، کە هەندێکجار بەشادییەکی منداڵانەوە دەلەوەڕێن: دەڵێی ژنی قەڵەوی پەنجا ساڵەن، کە وەک چواردە ساڵە خۆیان دەردەخەن. هیچ شتێک پڕ بەزەیی تر لە بینینی مانگای لە حاڵی یاریکردن نییە. ترێزا بە میهرەبانییەوە سەیریان دەکات و بیر دەکاتەوە (دوو ساڵە ئەم بیرە وازی لێ ناهێنێت ) هەروا کە کرمی کەدوو بە مرۆڤ بەڕێدەچێت، مرۆڤیش لەسەر کەوڵی مانگا دەژی. مرۆڤ وەک خوێنخۆرێک بە گوانی مانگاوە لکاوە. بێگومان بوونەوەرێکی نامرۆڤ دەتوانێت، بە زانستی بوونەوەرناسی خۆی، بەم شێوەیە پێناسەی مرۆڤ بکات:
مرۆڤ بەرماوەخۆری مانگایە.
دەکرێ ئەم پێناسەیە بە نەقڵێکی خۆشی سادە بزانین، بە دەم بزەیەکەوە فەرامۆشی بکەین. بەڵام ئەگەر ترێزا بە جیدی وەری بگرێت، بە ڕەهێڵێکی ترسناکدا بەر دەبێتەوە. چونکە ئەم بیرانە ترسناکن و لە مرۆڤایەتی دووری دەخەنەوە. لە بەشی یەکەمی تەوراتدا (سفری خولقاندن) مرۆڤ نەوەک خاوەنی زەوین، بەڵکو وەک بەرێوەبەری زەوین پێناسە کراوە، ڕۆژێک دەبێ حسێبی بەرێوەبەری خۆی بداتەوە. بەڵام دیکارت مرۆڤ بە «ئاغا و خاوەنی سرووشت» دەزانێ، مافی بوونی ڕۆح لە ئاژەڵەکان دەستێنێتەوە. دیکارت دەڵێ: مرۆڤ ئاغا و خاوەنە، لە کاتێکدا ئاژەڵ مەکینەیەکی گیاندارە. کاتێک ئاژەڵێک دەناڵێنێ، ئەمە نیشانەی گریانی نییە، بەڵکو دەنگە دەنگی کەرەستەی مەکینەیەکە کە باش کار ناکات. کاتێک دەنگ لە چەرخی گارییەک بەرز دەبێتەوە، بەو مانایە نییە کە گارییەکە ئازار دەکێشێت، بەڵکو بەو مانایەیە کە چەرخەکەی چەور نەکراوە. دەبێ نرکە و ناڵەی ئاژەڵەکانیش بەم شێوەیە لێک بدرێتەوە، شیوەن و گریان بۆ سەگێک کە لە تاقیگە پارچە پارچە دەکرێت، کارێکی بێهوودەیە. مانگاکان لە مەزرا دەلەوەڕێن، لە کاتێکدا ترێزا لە سەر دارێک دانیشتووە، کارنین ــ کە سەری خستۆتە سەر ئەژنۆی ــ لە پاڵ قاچیدا ڕاکشاوە. ترێزا بیری هەواڵێکی دوو دێڕی دەکەوێتەوە کە دە دوانزە ساڵ لەوەوبەر لە ڕۆژنامەیەکدا خوێندوویەتیەوە: هەواڵەکە ڕایدەگەیەنێت کە لە شارێکی ڕووسیایە، هەموو سەگەکانیان کوشتووە. ئەم هەواڵە، کە زۆر سەرنج

ڕاکێش و گرنگ نەبووە، بۆ یەکەمجار ڕق و قینی لەم وڵاتە زەبەلاحە خستە دڵی ترێزاوە.

ئەمە نموونەیەک بوو لەوەی کە دواتر ڕوویدا: دوو ساڵ پاش هێرشی ڕووس بۆ سەر چیکوسلۆڤاکیا، هێشتا ترس بەسەر وڵاتدا باڵی نەکێشابوو، وێڕای ئەوەی کە هەموو خەڵکی وڵات دژ بە ڕژیمی داگیرکەر بوون، ڕووسەکان دەبوو لەناو خەڵکی چیکدا کەسانێکی تازە بدۆزنەوە تا دەسەڵاتی بەرێوەبردنیان پێ ببەخشن. بەڵام لە وڵاتێکدا کە بڕوا بە کۆمۆنیزم و دۆستایەتی ڕووسیای تێدا نییە، چۆن دەیانتوانی کەسی وەها بدۆزنەوە؟ ئەوان لەو کەسانەیان گێڕایەوە کە بەرامبەر بە گیانلەبەرەکان هەستیان بە دڵڕەقی و بێڕەحمی دەکرد. دەبوو ئەو ڕق و توند و تیژییەیان تێدا بەرجەستە بکەنەوە، بەکاری بهێنن. ئەوسا بۆ دەسەڵاتداری ئامادەیان بکەن. سەرەتا دەبوو ئەو توندوتیژییە ئاراستەی مەبەستێکی کاتی بکەن. ئەم مەبەستەش ئاژەڵەکان بوو.

ئەوسا زنجیرە وتارێکیان لە ژێر سەردێڕی «نامەی خوێنەران» لە ڕۆژنامەکاندا بڵاوکردەوە تا هەستی گشتی دژ بە ئاژەڵ بورووژێنن. بۆ نموونە داوایان لە خەڵک دەکرد کە لە شارەکاندا کۆترەکان لە نێو بەرن. کاتێک کۆترەکان تیاچوون، هێرش بۆ سەگەکان دەستی پێکرد. خەڵک هێشتا لە ژێر کاریگەری کارەساتی داگیرکاری، لە پشێوییەکی تەواودا دەژیان. بەڵام ڕۆژنامەکان، ڕادیۆ و تەلەفزیۆنەکان، تەنیا باسی سەگیان دەکرد. باسی ئەو سەگانە کە پیادەڕۆ و پارکە گشتییەکانیان پیس دەکرد، هەڕەشەیان لە تەندروستی منداڵان دەکرد، دەبوو خواردنیان بدرێتێ بێئەوەی سوودێکیان ببێت.

بەم شێوەیە دۆخێکی دەروونی عەسەبییان لە وڵاتدا هێنایە ئاراوە. ترێزا نیگەران بوو، دەترسا خەڵکی فریودراو کارنین ئازار بدەن. ساڵێک دواتر ئەو ڕق و قینە، کە سەرەتا ڕووی لە ئاژەڵەکان بوو، ڕووی لە مەبەستی ڕاستەقینەی خۆی، واتە مرۆڤەکان کرد. دەرکران لەسەر کار، گرتن و دادگایی کردن دەستی پێکرد، بەوشێوەیە ئاژەڵەکان توانیان پشوویەک بدەن.

ترێزا لە کاتێکدا دەستی بە سەری کارنیندا دەهێنێت ـ کە بە ئارامی لەسەر ئەژنۆی ڕاکشاوە ـ ئەم بۆچوونە دەدرکێنێت: هەڵسوکەوتی چاک و میهرەبانانە

لەگەڵ مرۆڤەکان جێگەی ستایشکردن نییە. ترێزا ناچارە لەگەڵ لادێییەکان هەڵسوکەوتی باشی ببێت، ئەگینا ناتوانێت لەوێ بمێنێتەوە و درێژە بە ژیانی بدات. ئەو تەنانەت ناچارە بۆ تۆماسیش ژنێکی دڵسۆز و میهرەبان بێت، چونکە پێویستی پێیەتی. ئێمە ناتوانین بە پێداگرییەوە بڵێین کە پەیوەندیمان لەگەڵ خەڵک تا چەندە لە هەستیاریمان، لە عەشق و خۆشەویستیمان، لە بێزاریمان، لە میهرەبانی و ڕق و قینمانەوە سەرچاوەی گرتووە، تا چەندە لە ژێر کاریگەریی دەسەڵات و هێز و بێهێزیمان لەناو خەڵکدایە.

چاکەی ڕاستەقینەی مرۆڤ تەنیا لە پەیوەندی لەگەڵ گیانلەبەرانی تر دەردەکەوێت، کە هیچ هێزێکیان نییە. ئەزموونی ڕاستەقینەی ئەخلاقی مرۆڤایەتی (بونیادی ترین ئەزموونێک کە بە هۆی ماهیەتییەوە هێشتا بۆ ئێمە دیار و ئاشکرا نییە) چۆنییەتی پەیوەندی مرۆڤ و ئاژەڵە. بە تایبەت ئەو ئاژەڵانە کە لە ژێر سایەی دەسەڵاتی ئەودان. لێرەدایە کە مرۆڤ تووشی گەورەترین ئیفلاس دەبێت. ئیفلاسێکی بونیادی کە هەموو نامورادییەکان لەوێوە سەر هەڵدەدەن.

مانگایەک لە نزیک ترێزا ڕاوەستاوە و بە چاوە گەورە و قاوەییەکانی سەیری دەکات. ترێزا ئەم مانگایە دەناسێت و ناوی «مارگریت»ی لێناوە. ئەو حەزی دەکرد بۆ هەموو مانگاکان ناو بدۆزێتەوە، بەڵام لەبەر ژمارەی زۆریان نەیتوانی ئەو کارە بکات. سی ساڵێک لەوەو بەر بێگومان هەموو مانگاکان ناویان هەبووە. (ئەگەر ناو نیشانەی ڕۆح و گیانە، کەواتە دەتوانم بڵێم مانگاکان ڕۆحیان هەبووە. ئەگەرچی دیکارت ئەم بۆچوونەی بەدڵ نەبێت.) بەڵام لەوەو دوا، لادێش بوو بە کارگەیەکی گەورەی هەرەوەزی، مانگاکانیش هەموو تەمەنیان لە دوو مەترییەکی چوارگۆشەدا دەژین. ئەوان ئیتر ناویان نییە و تەنیا «مەکینەی گیاندار»ن. دنیا قسەکەی دیکارتی سەلماندووە.

من هەمیشە لەبەر چاومدا ترێزا دەبینم کە لەسەر دارێک دانیشتووە و سەری کارنین دەلاوێنێتەوە، بیر لە تێشکانی مرۆڤایەتی دەکاتەوە. لە هەمانکاتیشدا وێنەیەکی تریشم بە زەیندا دێت: «نیچە» لە ئوتێلێکی شاری «تورینۆ» دێتە دەر و دەبینێ کە عارەبانەچییەک بە قامچی کەوتۆتە گیانی ئەسپەکەی و لێی

دەدا. نیچە لە ئەسپەکە نزیک دەبێتەوە و لەبەر چاوی عارەبانەچییەکە سەر و یاڵی ئەسپەکە لە باوەش دەگرێت و بە دەنگی بەرز دەگری.
ئەم ڕووداوە لەساڵی ١٨٨٩ڕوویدا. کاتێک نیچەش لە مرۆڤەکان دابڕا. بە زمانێکی تر، هەمان کات کە نەخۆشییە دەروونییەکەی دەرکەوت. بەڵام بە بۆچوونی من لێرەوەیە کە دەبێ لە قووڵایی چەمکی جووڵە بگەین. نیچە هاتووە تا داوای لێخۆشبوون بۆ دیکارت لە ئەسپەکە بکات. شێتی ئەو (دابڕانی لە مرۆڤەکان) لە کاتێکدا دەرکەوت کە سەری ئەسپەکەی لە باوەش گرت و گریا.
من ئەم نیچە شێتەم خۆشدەوێت، هەروا کە ترێزام خۆشدەوێت کە سەری سەگە نەخۆشەکەی خستبووە سەر ئەژنۆی و دەیلاواندەوە. من ئەم دووانە لە پاڵ یەکتردا دەبینم: ئەوان لەو ڕەوتە دوور دەکەونەوە کە مرۆڤ بە ناوی «خاوەن و ئاغای سروشت» تیایدا بەرەو پێش دەچێت.

٣

کارنین زابوو، دوو کولێرە چەورە و مێش هەنگوینێکی ببوو، بە سەیرەوە لێی دەڕوانین. کولێرە چەورەکان ئارام بوون، بەڵام مێش هەنگوینەکە گێژ و پەرێشان بوو، لەتری دەدا. زۆری نەخایاند کە فڕی و لە چاو ون بوو.
ئەمە ئەو خەونە بوو کە ترێزا هەمان شەو بینیبووی. کاتێک بەئاگابووەوە بۆ تۆماسی گێڕایەوە. ئەم خەونە ئارامی و ئاسوودەیی بە هەردووکیان بەخشی. ئەم خەونە نەخۆشییەکەی کارنینی دەکرد بە ئاوسبوون. زایینی دوو کولێرە چەورە و مێش هەنگوینێک پێکەنیندار و بەزەیی هێنەر بوو.
ترێزا دیسان لە خۆوە ئومێدەوار بوو. بۆ ئەوەی لەماڵ بچێتە دەر جلی لەبەر کرد. بەڵام ئەو ڕۆژە، کاتێک کارنینی بانگکرد تا لەگەڵی بچێتە دەر، سەگەکە بە گران سەری هەڵبڕی. ئەمە یەکەمجار بوو کارنین لەگەڵی نەدەچووە دەر، لە کاتێکدا هەمیشە داوای چوونە دەری لێکردبوو.
ترێزا بەبێ کارنین چووە دەر. ئەو فرۆشیارە کە پێشتر کولێرە چەورەی بۆ کارنین ئامادە کردبوو، پرسی:

«کارنین لە کوێیە؟»
ئەمجارە ترێزا کولێرە چەورەی خستە سەبەتەکەیەوە و بۆ ماڵەوەی برد. هەر کە چووە ژوور، کولێرەکەی دەرهێنا و نیشانی کارنینی دا. پێیوابوو کارنین لێ دەستێنێت، بەڵام ئەو ڕاکشابوو، لەجێی خۆی نەدەجووڵا.
تۆماس تێگەیشت کە ترێزا چەندە خەمبار و نیگەرانە. کولێرە چەورەکەی لێ وەرگرت و نیوەی بە دەمییەوە گرت و چوار چمکۆڵە لە کارنین نزیکبۆوە.
کارنین سەیری دەکرد. لەوە دەچوو سووکە مەبالاتێک لە چاوی دا ئایسابێت، بەڵام نەدەجووڵا. تۆماس لێی نزیک بووەوە. کارنین بێئەوەی بجووڵێت دەمی بۆ ئەو بەشە لە کولێرەکە برد کە لە دەرەوەی دەمی تۆماس بوو. ئەوسا تۆماس بۆ ئەوەی بەشەکەی تریش بچێتە دەمی کارنینەوە، وازی لێهێنا.
تۆماس دەستی بە نمایشێک کرد و هەروا چوار چمکۆڵە بۆ پێشەوە و دواوە دەڕۆیشت، خۆی بادەدا و قرەقرِی دەکرد، دەیویست وا بنوێنێت کە بۆ وەرگرتنی کولێرە چەورەکە دەیەوێت شەڕی لەگەڵ بکات. سەگە بە قرەقرِ وەڵامی خاوەنەکەی دەدایەوە. ئەوان چاوەڕوانی ئەم هەڵوێستەی بوون. کارنین حەزی لەگاڵتە و یاری بوو! کەواتە هێشتا ژیانی خۆشدەویست.
دەنگی قرەقرِی کارنین، دەنگدانەوەی زەردەخەنەکەی بوو. ئەوان دەیانویست ئەمە درێژەی ببێت. دیسان تۆماس چوار چمکۆڵە، وەک سەگ، لە کارنین نزیک بووەوە و ئەو بەشە لە کولێرە چەورەکەی بە دەمەوە گرت کە لە دەرەوەی لمبۆزی سەکەگە بوو. سەگ دیسان قرەقرِیی کرد و لە پڕ لمبۆزی جووڵاند. هەر یەکە و نیوەی کولێرەکەیان گرتبوو. بەڵام کارنین هەڵە هەمیشەییەکەی خۆی دووبارە کردەوە: وازی لە کوتە کولێرەکەی خۆی هێنا و ویستی کوتی خاوەنەکەی لێ بستێنێت. ئەو وەک هەمیشە لەبیری چووبوو کە تۆماس سەگ نییە و دەستی هەیە. تۆماس نیوەی نانەکەی خۆی بە دەمەوە گرت و بە دەست نیوەکەی تری لەسەر زەویەکە هەڵگرت. ترێزا هاواریکرد:
«تۆماس نانەکەی کارنین هەڵمەگرە!»
تۆماس هەر دوو کوتە نانەکەی لەسەر زەوی لەبەردەمی کارنین دانا. سەگەکە بە پەلە نیوەیەکی خوارد و نیوەکەی تری بە دەمەوەگرت. ئەو دەیویست بە

لووتبەرزییەوە لە خاوەنەکانی بگەیەنێت کە یارییەکەی بردۆتەوە.
ئەوان لەکارنینیان دەڕوانی و پێیان وابوو زەردەخەنەیان بۆ دەکات. کەواتە تا کاتێک زەردەخەنە بکات، ژیانی خۆی خۆشدەوێت، تەنانەت ئەگەر مەرگیش چاوەڕوانی بێت.
ڕۆژی دوایی، لەوە دەچوو حاڵی باشتر بێت. ئەوان نیوەڕۆژەیان کرد. هەموو ڕۆژێک کاتی نیوەڕۆژەکردن کاتژمێرێک ئازادبوون، سەگەکەیان دەبردە دەر. کارنین بەوەی دەزانی و هەمیشە چەند ساتێک بەر لە ڕۆیشتن، بە نیگەرانییەوە بە دەوریاندا هەڵدەسووڕا. بەڵام ئەمجارە ـ کاتێک ترێزا قەڵادە و پەتەکەی بە دەستەوە گرت، ئەو بێئەوەی بجووڵێت بۆ ماوەیەکی زۆر لێیان ورد بووەوە. ئەوان بەرامبەری دانیشتبوون و (لەبەر ئەو ) هەوڵیان دەدا شاد بنوێنن. پاش چەند ساتێک دەتگوت دڵی بۆیان سووتاوە، لە کاتێکدا دەشەلی، لێیان نزیک بووەوە و هێشتی قەڵادەکەی ببەستنەوە. تۆماس گوتی:
«ترێزا، دەزانم وازت لە کامێراکە هێناوە، بەڵام ئیمڕۆ هەڵیگرە!»
ترێزا بە قسەی کرد و بۆ دۆزینەوەی کامێراکەی، کە نەیدەزانی لە کوێ دایناوە، چەکمەجەیەکی کردەوە. تۆماس درێژەی پێدا:
«ڕۆژێک دەبێ کە بوونی ئەو وێنەیە زۆر خۆشحاڵمان بکات. کارنین بەشێک لە ژیانی ئێمە بوو.»
لە پڕ وەها کە مار ترێزای گەستبێت، نەڕاندی:
«بۆ دەڵێی (بوو)؟»
کامێراکە لەوسەری چەکمەجەکە بوو، بەڵام ئەو هەڵی نەدەگرت.
«کامێراکە هەڵناگرم. نامەوێ بڕوا بەوە بکەم کە ئیتر کارنین لەلای ئێمە نابێت. تۆش لە ئێستاوە خەریکی بە کرداری زەمەنی ڕابردوو باسی دەکەیت!»
«تکایە تووڕە مەبە!»
ترێزا بە ئارامی گوتی:
«تووڕە نابم. خۆشم زۆرجار سەرم سووڕماوە، کە بۆچی بە کرداری زەمەنی ڕابردوو بیری لێ دەکەمەوە. هەموو جارێکیش بۆ ئەم کارە خۆم سەرکۆنە دەکەم! لەبەر ئەوەیە کە کامێراکە هەڵناگرم.»

ئەوان بە بێدەنگی لە شەقامەکە پیاسەیان دەکرد. قسە نەکردن تەنیا حاڵەتێک بوو کە دەیهێشت، بە کرداری زەمەنی ڕابردوو، بیر لە کارنین نەکەنەوە. چاویان لێ هەڵنەدەبڕی و بەردەوام بیریان لێدەکردەوە و چاوەڕوانی ئەو ساتەبوون کە زەردەخەنەیان بۆ بکات. بەڵام کارنین پێنەدەکەنی، تەنیا بەڕێدا دەڕۆیشت و هەروا لەسەر سێ پێی دەشەلی. ترێزا گوتی:

«لەبەر ئێمە بە ڕێدا دەڕوات. ئەو توانای هاتنە دەری نەبوو. تەنیا بۆ ئەوەی کە ئێمە خۆشحاڵ بکات لەگەڵمان هات.»

قسەکانی ترێزا خەمبارانە بوو، بەڵام ئەوان بێئەوەی پێبزانن خۆشحاڵبوون. ئەم هەست بە خۆشحاڵی کردنە ـ وێڕای خەم و کەسەرەکەیان ـ لەبەر ئەوە بوو کە دەستی یەکتریان گرتبوو، وێنەیەکی چوونیەکیان لەبەرچاو بوو: سەگێکی شەلیان دەبینی کە دە ساڵ تەمەنی ئەوانی دەنواندەوە.

کەمێکی تریش بە ڕێدا ڕۆیشتن. پاشان بەوپەڕی ناڕەحەتییەوە چاویان بە کارنین کەوت کە ڕاوەستا و لە نیوەی ڕێدا بەرەو ماڵ گەڕایەوە.

ڕەنگە هەمان ڕۆژ یان ڕۆژی دوایی، ترێزا لە پڕ خۆی بە ژووری تۆماسدا کرد، نامەیەکی بە دەستەوە بینی. تۆماس کە دەنگی دەرکەکەی بیست نامەکەی لە ناو کاغەزەکانی تردا شاردەوە. ترێزا پێیزانی. کاتێک تۆماس لە ژوورەکە دەچووە دەر، ترێزا دی کە نامەکە دەخاتە گیرفانی. بەڵام پاکەتی نامەکەی لەبیرکردبوو. کە ترێزا بە تەنیا مایەوە بە وردی پاکەتەکەی پشکنی. ناونیشانەکە بە خەتێکی خۆشی نەناسیاو نووسرابوو. ئەو بە خەتی ژنی زانی.

کاتێک دیسان یەکتریان گرتەوە، ترێزا کە وایدەنواند مەبەستێکی تایبەتی نییە، لێی پرسی:

«ئیمڕۆ نامەمان نەبوو؟!»

تۆماس گوتی:

«نا.»

لە پڕ خەم و کەسەر هەموو گیانی ترێزای داگیر کرد. ئەو دەمێکبوو ئەم جۆرە کارەی بە تۆماسەوە نەبینیبوو، بۆیە هەستی بە ئازارێکی زیاتر کرد. بە هیچ شێوەیەک بیری لەوە نەدەکردەوە کە تۆماس لێرەش بە دزییەوە ژنێک ببینێت.

ئەمە شتێکی نامومکین بوو. ئەو دەیزانی تۆماس لە کاتی پشوویدا چیدەکات. بەڵام بێگومان ئەو لە پڕاگ ژنێکی بەجێهێشتبوو کە خۆشیدەویست و لەبیری نەدەکرد. ترێزا پێی وانەبوو تۆماس بتوانێت لەبەر ئەو ژنە بەجێی بهێڵێت، بەڵام هەستی دەکرد بەختەوەری ئەم دوو ساڵەی لە لادێ، (وەک هەمیشە) بە درۆ تیاچووە.

بیرێکی کۆن دیسان بە مێشکیدا تێپەڕی: ژیانی بنەماڵەییان زیاتر لەوەی کە پەیوەندی بە تۆماسەوە بێت، بە بوونی کارنینەوە گرێ درابوو. کەواتە ئەگەر کارنین بڕوات، ئەی کێ میلی کاتژمێری ڕۆژانی تەمەنی ئەوان هەڵدەسووڕێنێت؟

ترێزا بیری لە داهاتوو دەکردەوە، داهاتوویەکی بێ کارنین کە بێگومان هەستی بە تەنیایی و غەریبی دەکرد.

کارنین لە سووچێک ڕاکشاوە و دەناڵێنێت. ترێزا سەر لە باخچەی ماڵەکە دەدا، گیاو کولی نێوان دوو دار سێوەکە دەپشکنێ و بە خۆی دەڵێت کارنین لێرە بەخاک دەسپێرین. ئەوسا پاژنەی کەوشەکەی لە زەویەکە ڕۆدەکات، تا نیشانەیەک لەسەر گیاکان دابنێت. ئەمە شوێنی قەبرەکەی دەبێ.

هەروا کە ئەو چەند کاتژمێرێک لەوەو پێش، تۆماسی لەکاتی خوێندنەوەی نامەیەکدا غافڵگیر کردبوو، ئەمجارە تۆماس دەستی ئەوی گرت.

«ئەوە چی دەکەی؟»

ترێزا وەڵامی نەدایەوە. تۆماس چاوی بە دەستی کەوت کە دەلەرزێ. دوای ماوەیەکی زۆر، ئەمە یەکەمجار بوو کە دەستی ترێزا بەم شێوەیە دەلەرزێ. دەستی خستە ناو دەستی خۆی، بەڵام ترێزا دەستی ڕاکێشا.

«ئەمە قەبری کارنینە؟»

ترێزا هەروا بێدەنگ بوو. بێدەنگییەکەی تۆماسی تووڕە کرد:

«تۆ سەرکۆنەی منت دەکرد کە بە کرداری زەمەنی ڕابردوو بیری لێ دەکەمەوە. باشە ئەی ئێستا خۆت خەریکی چیت؟ دەتەوێ هەر لە ئێستاوە لە قەبری ڕۆبکەیت؟»

ترێزا پشتی تێکرد و چووە ژوور.

تۆماس چوو بۆ ژوورەکەی خۆی و دەرکەی توند پێوەدا. ترێزا دەرکەکەی کردەوە و گوتی:

«تۆ دەتوانی هەمیشە بیر لەخۆت بکەیتەوە، بەڵام لانیکەم ئێستا بیر لە ئەو بکەرەوە. کارنین خەوتبوو، تۆ بەم دەنگە دەنگە بە ئاگات کردەوە. ئەو دیسان دەستی بەناڵین کردۆتەوە.»

ترێزا دەیزانی ئەو قسەیە بێ ویژدانییە. (کارنین نەخەوتبوو) دەیزانی ڕەفتاری وەک ژنێکی بەرەڵایە کە دەیهەوێت ئابڕووی کەسێک ببات و ئازاری بدات. بەوحاڵەش تۆماس هیچی نەگوت. بە نووکە پێ خۆی بە ژوورەکەی کارنیندا کرد. ترێزا نەیدەهێشت لەگەڵ کارنین بە تەنیا بێت. هەر یەکە لەلایەکەوە بەسەر سەگەکەدا نەوینەوە. بەڵام ئەم کارە هاوبەشەیان بە مانای ئاشتبوونەوە نەبوو. بە پێچەوانەوە، هەر دووکیان تەنیا بوون: ترێزا لەگەڵ سەگەکەی خۆی و تۆماسیش لەگەڵ سەگەکەی خۆی.

من نیگەرانی ئەوەم کە تا دوا ساتەکان بەم شێوەیە لەگەڵیدا بووبێتن، بەتەنیا و جیا لەیەکتر.

٤

بۆچی ترێزا تا ئەو ڕادەیە، وشەی عەشقی پاک و بێگەردی بەلاوە گرنگ بوو؟

ئێمەکە لەگەڵ ئوستوورەکانی عەهدی عەتیقدا گەرە بووین، دەتوانین بڵێین عەشقی پاک و بێگەرد، خەیاڵێکە کە وەک بیرەوەرییەکی بەهەشت لە زەینماندا ماوەتەوە. ژیان لە بەهەشت، لە ڕاکردن لەسەر هێڵێکی ڕاست و ڕۆیشتن بەرەو مەجهوولێکی نەناسراو ناچێت. ژیان لە بەهەشت وەک ڕاکردن بەسەر هێڵێکی بازنەیی و گەڕان بە ناو شتە نەناسراوەکاندایە. بەردەوامی و نەگۆڕانی ئەم ژیانەش کەس ماندوو ناکات، بەڵکو مایەی بەختیارییە.

مرۆڤ تا ئەو کاتە کە لە لادێ، لە باوەشی سرووشت و لەناو ئاژەڵەماڵییەکاندا، لەگەڵ دووبارەبوونەوەی وەرزەکان دەژی، ڕەگێکی ئەم خەیاڵ و بیرەوەرییەی

بەهەشتی تێدایە.
بەم شێوەیە، ئەو ڕۆژە کە ترێزا لە شاری ئاوە کانزاییەکان، چاوی بە سەرۆکی کۆمپانیا هەرەوەزییەکە کەوت، وێنەی لادێی (کە نە دەیناسی و نە هەرگیز لێی ژیابوو) لێ دەرکەوت، خۆشحاڵیکرد. وەک ئەوە بوو کە ئاوڕ لە دواوە بداتەوە، بۆ بەهەشت بگەڕێتەوە. بۆئەو بەهەشتە کە ئادەم بەسەر کانییەکدا بەتەواوی نەویبووەوە و نەیدەزانی ئەوەی لە کانییەکەدا دەیبینێت خۆیەتی. ئەو لەوکاتەدا لە ترێزا نەدەگەیشت کە بۆچی لە ئاوێنەدا سەیری خۆی دەکات، هەوڵ دەدا ڕۆحی لە لەشیدا ببینێت.
ئادەم لە کارنین دەچوو. ترێزا یاری لەگەڵ دەکرد. کارێکی دەکرد کە ئەویش لەئاوێنەکەدا سەیری خۆی بکات، بەڵام ئەو وێنەی خۆی نەدەناسییەوە، بە بێمەبالاتییەکی سەیرەوە لێی ورد دەبووەوە.
بەراوردکردنی ئادەم بە کارنین، ئەو بیرۆکەیەم لەلا دروست دەکات کەلە بەهەشت پیاو هێشتا پیاو نەبووە. یان با بڵێم پیاو لە بەهەشت هێشتا نەکەوتووەتە سەر ڕەوتی پیاو بوون. ئێستا ئێمە ماوەیەکە لە ڕێگەی ڕاست دوور کەوتووینەتەوە و لە بۆشایی زەمەندا دەفڕین. جێگەیەکی دوور کە هێشتا تاڵە دەزوویەک ئێمەی بە بەهەشتێکی دووری تەمومژاوییەوە بەستۆتەوە. ئەو شوێنە کە ئادەم بەسەر کانییەکدا نەویبووەوە و بەپێچەوانەی «نارسیوس» هەرگیز ئەو گومانەی لا دروست نەبوو، کە ئەو پەڵە زەردە کەم ڕەنگە کە لەکانییەکەدا دەیبینێت، بۆخۆیەتی. ئارەزووی بەهەشت، هیوای مرۆڤە بۆ ئەوەی کە مرۆڤ نەبێت.
ئەو دەمەی کە ترێزا کچێکی بچووک بوو، پەڕۆی سووری مانگانەی دایکی دەبینی، ناڕەحەت دەبوو، ڕقی لە دایکی (کە تەنانەت شەرمی نەدەکرد و نەیدەشاردەوە) دەبوو. بەڵام کارنینیش کە سەگ بوو، ئەم حاڵەتەی بوو. ئەو شەش مانگ جارێک تێدەکەوت، هەر جارە و پانزە ڕۆژی دەخایاند. لەماوەی ئەم ڕۆژانەدا، ترێزا بە لۆکە و تونکە دای دەپۆشی و بەمیهرەبانییەوە ئاگای لێی بوو.
بۆچی ئەم حاڵەتەی سەگەکە میهرەبانی و بەزەیی ترێزای دەورووژاند، بەڵام بە

نیسبەت خۆیەوە ڕقی هەڵدەستا و بێزار دەبوو؟
پێموایە وەڵامی ئەم پرسیارە ئاسانە: سەگ هەرگیز لە بەهەشت دەرنەکراوە. کارنین ئاگای لەدوو لایەنی لەش و گیان نییە، نەفرەت و بێزاری ناناسێت. بۆیە ترێزا لەلای ئەو ئەوەندە هەست بە شادی و ئاسوودەیی دەکات. بەم هۆیەوە، بێ ویژدانییە ئەگەر پێمان وابێت ئاژەڵ مەکینەیەکی گیاندارە و مانگاش مەکینەیەکی خودکاری شیر بەرهەمهێنە: بەم شێوەیە مرۆڤ ئەو تاڵە دەزووە دەقرتێنێت، کە ئەو بە لایەنی بەهەشتیی سروشتەوە گرێ دەدات، هیچ شتێک ناتوانێ پەڕینی ئەو لە بۆشایی زەمەندا ڕابگرێت، یان یارمەتی بدات.
بەم بیرە تێکەڵ و پێکەڵە، فکرێک لە زهنی ترێزادا چەکەرەی دا، کە نەیدەتوانی لە خۆی بتارێنێت: ئەو خۆشەویستییە کە ئەو بە کارنینەوە دەبەستێتەوە، لە خۆشەویستی نێوان ئەو و تۆماس باشترە. باشتر بە مانای گەورەتر نییە. ترێزا نایەوێ کەس مەحکووم بکات. نە خۆی و نە تۆماس بە تاوانبار نازانێ، پێی وانییە کە دەتوانن یەکتریان زیاتر خۆشبووێت. پێی وایە کە ژن و مێرد بە شێوەیەک ئەفراندراون کە ماهەیەتی عەشقی نێوانیان، وەک پاکی و بێگەردی خۆشەویستی نێوان مرۆڤ و سەگ (لانیکەم لە باشترین جۆریدا) نییە. ئەمەش بابەتێکی ئێجگار سەیری مێژووی مرۆڤایەتییە.
ئەم خۆشەویستییە بێ مەرج و بێ سنوورە: ترێزا هیچ شتێکی لە کارنین ناوێت. تەنانەت داوای خۆشەویستیشی لێناکات. ئەو هەرگیز ئەو جۆرە پرسیارانەی لە خۆی نەکردووە، کە زۆرجار جووتە مرۆڤەکان ئازار دەدات:
«ئایا منی خۆش دەوێت؟ ئایا کەسی لەمن زیاتر خۆش ویستووە؟ بڵێی کاممان یەکترمان زیاتر خۆشتر بووێت؟ ئایا هەموو ئەم پرسیارانە کە عەشق تاقی دەکەنەوە، دەینرخێنن و شیدەکەنەوە، لە نوتفەدا عەشق ناخنکێنن؟ ئەگەر ئێمە شیاوی ئەوە نین کە خۆشیان بووێین، ڕەنگە لەبەر ئەوەبێت کە دەمانەوێ خۆشیان بووێین. واتە لەبری ئەوەی کە بێ هیچ ئیدعا و داوایەک بەرەو پیری بچین و دڵ بەبوونی خۆش بکەین، چاوەڕوانین کە شتێکمان (عەشق) بداتێ.
شتێکی تریش: ترێزا کارنینی بەو شێوەیە کە بوو خۆشی دەویست، نەیدەویست

بە خواستی خۆی بیگۆڕێت. ئەو لە سەرەتاوە دنیای کارنینی قبووڵ کردبوو، بەتەمای خۆ بە خاوەنکردنی نەبوو. هەروەها بەرامبەر بە داواکانی کارنینیش حەسوود نەبوو. ترێزا ئەوی پەروەردە نەکردبوو کە دوایی بیەوێ بیگۆڕێت (وەک پیاوێک کە بیەوێ ژنەکەی بگۆڕێت، یان ژنێک کە بەتەمای گۆڕینی مێردەکەی بێت) بەڵکو تەنیا زمانێکی سادەی سەرەتایی فێر کردبوو کە بتوانن بە هۆی ئەو زمانەوە لە یەکتر تێبگەن و لەگەڵ یەکتر بژین.

... هەروەها: عەشقی ئەو بەرامبەر بە سەگەکە عەشقێکی خۆ ویستەیە و کەس ناچاری نەکردووە: ترێزا جارێکی تریش بیری دایکی دەکەوێتەوە و خەمبار دەبێت: ئەگەر دایکی یەکێک لە ژنە ئاساییەکانی دێ بووایە، ڕەنگە ترێزا ئەو ڕوو هەڵماڵاوییە شادەی ئەوی بە دڵ بووایە. ئاخ، چەندە خۆش بوو ئەگەر دایکی بێگانەیەکی نەناسراو بووایە! ترێزا لە منداڵییەوە شەرمی لەوە کردبوو کە دایکی ببووە خاوەنی هێڵەکانی ڕوومەتی، ئەوی داگیر کردبوو. لەوەش خراپتر ئەوە بوو، کە لەسەر ئەمری پێشینیان «دایک و باوکی خۆت خۆش بووێت» ناچار بوو مل بەم داگیرکارییە بدات، تەنانەت ئەم توندوتیژییەش بە خۆشەویستی بزانێت! ئەوە تاوانی دایکی نەبوو کە ترێزا بەجێیهێشت. ترێزا بە هۆی ئەو هەڵسوکەوتە تایبەتییەی دایکییەوە لێی دانەبڕا. ئەو لێی دابڕا چونکە ئەو هەڵسوکەوتە تایبەتییەی لێ دەبینی.

دەبێ سەرنج بەوە بدرێت کە هیچ مرۆڤێک ناتوانێ خەڵاتی عەشقێکی بێگەرد بە بەرامبەرەکەی پێشکەش بکات. ئەوە تەنیا ئاژەڵە کە دەتوانێ کاری وا بکات، چونکە لە بەهەشت دەرنەکراوە. عەشقی نێوان مرۆڤ و ئاژەڵ، عەشقێکی بێ خەوشە، عەشقێکی بێ کێشمەکێش و شەڕەدەمەیە، بێ دیمەنی دڵتەزێن و بێ گۆڕان و گۆڕانکاری. کارنین لە لای ترێزا و تۆماس، لەسەر ئەساسی دووپاتکردنەوە شوێنی ژیانی خۆی ڕێک و پێک دەکرد و هەر ئەم چاوەڕوانییەشی لە ئەوان بوو.

ئەگەر کارنین لەبری سەگ، مرۆڤ بوایە، بێگومان زۆر لەوە پێش بە ترێزای گوتبوو: « گوێ بگرە، من ماندوو بووم لەوەی کە هەموو ڕۆژێک کولێرە چەورە بە دەمەوە بگرم. ناتوانی شتێکی تازەم بۆ بدۆزیتەوە؟» هەموو مەحکوومییەتی

مرۆڤ لەم ڕستەیە دایە. زەمەنی مرۆڤ بە شێوەی بازنەیی تێناپەڕێت، بەڵکو لەسەر هێڵێکی ڕاستە. لەبەر ئەوەیە کە مرۆڤ ناتوانێ بەختەوەر بێت، چونکە بەختەوەری حەزکردن لە دووپات بوونەوەیە.

ترێزا بیری دەکردەوە: ئەرێ، بەختەوەری حەزکردن لە دووپات بوونەوەیە. کاتێک سەرۆکی کۆمپانیای هەرەوەزی، پاش تەواوبوونی کارەکەی، بەرازەکەی دەبرد بۆ گەڕان، هەرگیز لە بیری نەدەچووەوە شۆخی لەگەڵ بکات: «ترێزا خانم! بریا زووتر ئەم بەرازەم ببوایە، ئەوسا هەردووکمان پێکەوە شوێن کچان دەکەوتین. هیچ ژنێک لە بەرامبەر دوو بەرازدا خۆی پێ ڕاناگیرێت!!» بە بیستنی ئەم وشانە، بێچووە بەرازەکە دەینەڕاند. ئەو بۆ ئەم کارە پەروەردە کرابوو. ترێزا پێدەکەنی، ئەگەرچی زۆرجار ئەم قسەیەی لە سەرۆکی کۆمپانیای هەرەوەزی بیستبوو، بەڵام ئەو دووپات کردنەوەی شۆخییەکەی بێتام نەدەکرد. بە پێچەوانەوە، خۆشییەکی زیاتری پێ دەبەخشی. بەنیسبەت عەشقی بێ خەوشەوە، تەنانەت قسەی خۆشیش پەیڕەوی لە یاسای دڵڕفێنی دووپات بوونەوە دەکرد.

## ٥

بە بەراورد لەگەڵ مرۆڤ، سەگ هیچ چاکەیەکی نییە. تاکە چاکەی سەگ کە شایانی سەرنج و گرنگی پێدان بێت ئەوەیە: ئەگەر ئومێد بە زیندوومانی نەمابێت، کوشتنی لەباری یاساییەوە تاوان نییە. دەکرێ پەلە لە مەرگی بکرێ، مافی ئاسوودە مردنی پێ ببەخشرێت. کارنین پێیەکی سەقەت ببوو، لە جاران زیاتر لە سووچێک ڕادەکشا و دەینالاند. تۆماس و ترێزا هەردووکیان پێیان وابوو کە نابێ بهێڵن کارنین لە خۆوە ئازار بکێشێت. بەڵام وێڕای ئەم هاوڕایی و ڕێکەوتنە بوونیادییەش، تووشی گومانێک ببوون کە نیگەرانی دەکردن. چۆن دەکرێ پەی بەو ساتە ببردرێت کە ئازار بێسوود و لەخۆوەیە؟ چۆن دەکرێ پەی بەو ساتە ببردرێت کە ژیان ئیتر بایەخی نەماوە؟

ئاخ بریا تۆماس پزیشک نەبوایە! ئەگەر پزیشک نەبوایە پرسی بە کەسێکی تر دەکرد. ڕەنگە بچووبایە بۆ لای پزیشکی ئاژەڵان و داوای لێ بکردایە بە

دەرزییەک بیکوژێت.
کارێکی ئێجگار سەخت و دژوارە مرۆڤ بۆخۆی دەوری بکوژ بگێڕێت! تۆماس دەمێکبوو بڕیاری دابوو کە هەرگیز بۆخۆی دەرزی لە کارنین نەداو، ئەو کارە بە پزیشکی ئاژەڵ بسپێرێت. بەڵام لە ئەنجامدا پەی بەوە برد کە لانیکەم دەتوانێت پوانێک بە کارنین بدات کە هیچ مرۆڤێک نییەتی: کەسانێک مەرگی پێشکەش بکەن کە خۆشیان دەوێت!
کارنین بە درێژایی شەو دەینالاند. بەیانی تۆماس پاش ئەوەی کە پشکنی، بە ترێزای گوت:
«ئیتر نابێ سەبر بکەین.»
دەبوو زوو هەردووکیان بچن بۆ سەر کارەکەیان . ترێزا بۆ بینینی کارنین چوو بۆ ژوورەکەی. سەگەکە تا ئەو کاتە بە بێمەبالاتییەوە ڕاکشابوو (تەنانەت کەمێک پێشتر، کاتێک تۆماس دەیپشکنی، مەبالاتی پێ نەکردبوو). بەڵام ئێستا بە بیستنی دەنگی کرانەوەی دەرگا، سەری هەڵبڕی و لە ترێزا وردبووەوە.
ترێزا خۆی لەبەر ئەو نیگایە پێ ڕانەدەگیرا. ئەم نیگایە هەراسانی دەکرد. کارنین هەرگیز بەو شێوەیە لە تۆماسی نەدەڕوانی. تەنیا لە ئەوی دەڕوانی، ڕوانینی ئەمجارەی سەیرتر لە هەمیشە بوو. ئەمە نیگایەکی خەمبار و نائومێد نەبوو، نیگایەکی مێکوت لە ڕاستی و سادەییەکی سەیر و لە تاقەت بەدەر بوو. ئەم نیگایە پرسیارێکی غەریبی تێدابوو. کارنین بە درێژایی تەمەنی گوێی لە وەڵامەکانی ترێزا گرتبوو، ئێستا دەیویست (بە پێ داگرییەکی زیاتر لە جاران) تێی بگەیەنێت کە هەمیشە ئامادەیە ڕاستییەکان لە ئەو ببیستێت. (چونکە ئەوەی ترێزا بیڵێت بەلای ئەوەوە ئەوپەڕی ڕاستییە: کاتێک پێی بڵێت «دانیشە!» یان «ڕاکشێ!»، ئەمانە ئەو ڕاستییەن کە ئەو تێیان دەگات و مانا بە ژیانی دەبەخشێت.)
ئەو نیگا پڕ لە سەفا و ڕاستی و سادەییەی کارنین کورت و کەم خایەن بوو، دیسان سەری خستەوە سەر قاچەکانی. ترێزا دەیزانی کە ئیتر هەرگیز کەس بەم شێوەیە سەیری ناکات.
ئەوان هەرگیز شیرینییان بەکارنین نەدابوو، بەڵام چەند ڕۆژ لەوەوبەر، ترێزا

شوکلاتی بۆ کڕیبوو. شوکلاتەکانی دەرهێنا و کردی بە چەند کوتی بچووک و بە دەوری کارنین دا داینا. پیاڵەیەک ئاویشی بۆ دانا. بەڵام ئەو نیگا کورتەی کارنین بۆ ترێزا، وەها دایوەشاندبوو کە وێڕای ئەو شوکلاتانەی دەوروبەریشی ئیتر سەری هەڵنەبڕی.

ترێزا لەلای دانیشت و لە باوەشی گرت. کارنین زۆر بە ئەهوەندی بۆنی پێوە دەکرد، یەک دوو جاریش بە ماندووییەوە گۆناکانی لێسایەوە. ترێزا بە چاوی بەستراوەوە خۆی تەسلیمی لاواندنەوەکەی کرد. دەتگوت دەیەوێت بۆ هەمیشە لە یادەوەری خۆیدا تۆماری بکات.

ئەو دەبوو مانگاکان بۆ لەوەڕگە ببات. لە ماڵ هاتە دەر، دوای نانی نیوەڕۆ گەڕایەوە. هێشتا تۆماس نەگەڕابووەوە. کارنین لەناو کوتە شوکلاتەکاندا لە هۆش خۆی چووبوو، تەنانەت بە بیستنی دەنگی نزیکبوونەوەی ترێزاش سەری هەڵنەبڕی. ئەژنۆی بریندار ماسیبوو، لووەکەشی لە شوێنێکی تر تەقیبوو. دڵۆپێکی سووری کەم ڕەنگ (کە لەخوێن نەدەچوو) لە تووکی لەشیدا دیار بوو.

ترێزا وەک بەیانی لەسەر زەوی لە بەرامبەری ڕاکشا. باسکێکی لە دەوری ئاڵاند و چاوی قووچاند. دوا کەمێک لە دەرەوەی ماڵەکە دەنگە دەنگێک بەرز بووەوە:

«دکتۆر،دکتۆر! بێچووە بەراز و خاوەنەکەین!»

ترێزا تاقەتی کەسی نەبوو. لە جێی خۆی نەجووڵا و چاوی هەڵنەهێنا. جارێکی تریش بیستی:

«دکتۆر، بەرازەکان هاتوون بتبینن!»

ئەوسا دیسان بێدەنگ بوو.

تۆماس پاش نیو کاتژمێر گەڕایەوە. بێ ئەوەی هیچ بڵێت بۆ ئامادەکردنی دەرزییەکە چوو بۆ مەتبەخ. کە گەڕایەوە بۆ ژوورەکە، ترێزا ڕاوەستابوو، کارنینیش هەوڵی دەدا لەجێی خۆی هەستێت. کارنین کە تۆماسی بینی بە بێ هێزی کلکی لەقاند. ترێزا بە پاڕانەوەوە گوتی:

«بڕوانە، کارنین زەردەخەنە دەکات!»

دەتگوت دەیەوێت بە گوتنی ئەم قسانە مۆڵەتێکی کورتی لێ وەربگرێت، بەڵام پێی دانەگرت.

بە ئەهوەندی لێفەیەکی بەسەر قەرەوێڵەکەدا دا. لێفەکە سپی بوو، نەخش و نیگاری گوڵی بچووکی بنەوش بوو. ترێزا پێشتر بیری لە هەموو شتێک کردبووەوە، هەموو شتێکی ئامادە کردبوو. پێدەچوو لە دەمێکەوە مەرگی کارنینی بە نزیک زانیبێت.(ئای چەندە ترسناکە! ئێمە پێشتر مردنی خۆشەویستەکانمان وێنا دەکەین!)

کارنین ئیتر هێزی پەڕین بۆسەر قەرەوێڵەکەی نەبوو. ئەوان باوەشیان پێدا کرد و پێکەوە بەرزیان کردەوە. ترێزا لەسەر شان ڕایکێشا و تۆماسیش قاچی پشکنی. دەیویست شوێنێک بدۆزێتەوە کە دەماری ببینرێت. بە مەقەست تووکەکەی هەڵپاچی.

ترێزا لە پاڵ قەرەوێڵەکە چۆکی دادا، سەری کارنینی لەناو لەپە دەستی، بەرامبەر بە ڕوومەتی خۆی ڕاگرت.

تۆماس داوای لێکرد پاشووی توند بگرێت. دەمارەکەی ناسکبوو، نەیدەتوانی بە ئاسانی دەرزییەکەی تێ ڕۆبکات. ترێزا قاچی کارنینی گرت، بەڵام ڕووی لێ وەرنەگێڕا. بەردەوام بە دەنگێکی خۆش دەیدواند، کارنین تەنیا لە بیری ترێزادا بوو. کارنین نەدەترسا. دوو سێ جار گۆنای لێسایەوە. ترێزا بەگوێی دا چرپاندی: «مەترسە، مەترسە. لەوێ ئازار ناکێشی. لەوێ خەون بەسمۆرە و کەروێشکەوە دەبینی. لەوێ مانگای لێیە، مێفیستۆی لێیە، مەترسە.»

تۆماس دەرزییەکەی تێ ڕۆکرد. قاچی کارنین بە ئاستەم لەرییەوە، هەناسەی سواربوو، پاشان تەواو ڕاوەستا. ترێزا لەپاڵ قەرەوێڵەکە بە چۆکدا هاتبوو، ڕووخساری لە ڕوومەتی کارنین هەڵدەسوو.

ئەوان دەبوو بگەڕێنەوە بۆ سەر کارەکەیان، سەگەکە لە ژوورەوە لە سەر قەرەوێڵەکە مایەوە.

کە شەو گەڕانەوە، تۆماس چوو بۆ باخچەکە و لە ناو دوو دار سێودا، ئەو جێگەی دۆزییەوە کە ترێزا پێشتر بە پاژنەی پێی نیشانی کردبوو. تۆماس دەستی بە هەڵکەندن کرد. وریابوو کە نیشانەکە ون نەکات و کارەکە بەشێوەیەک بەڕێوە

ببات کە ترێزا دەیویست.

ترێزا لە ژوورەوە لەلای کارنین بوو. دەترسا بە زیندوویی سەگەکە بەخاک بسپێرن. گوێی بە لمبۆزی سەگەکەوە نابوو، پێی وابوو دەنگی هەناسەی دەبیستێت. ئەوسا لێی دوور کەوتەوە ، بینی کە سنگی بە ئاستەم دەبزوێت. (لە ڕاستیدا ترێزا گوێی لەدەنگی هەناسەی خۆی بوو کە بە ئاستەم لەشی دەجوولاند، پێی وابوو ئەوە سنگی سەگەکەیە کە دەجوولێت!)

ئاوێنەیەکی لەکیفەکەی خۆیدا بینییەوە و لەبەر لمبۆزی سەگەکە ڕایگرت. ئاوێنەکە ئەوەندە پیس بوو، کە ترێزا پێی وابوو هەڵمی هەناسەی سەگەکەی تێدا دەبینێت.

کە تۆماس بە کەوشە قوڕاوییەکەیەوە گەڕایەوە، ترێزا هاواری کرد:

«تۆماس، ئەو هێشتا زیندووە!»

تۆماس نەوییەوە و بەداخەوە سەری لەقاند.

دوو بە دوو، دوو سەری لێفەکەیان بە دەستەوە گرت کە کارنین لەسەری ڕاکشابوو، بەرەو باخچەکەیان برد. ئەوسا بە ئەهوەندی ، لە مابەینی دوو دارسێوەکە ناشتیان. ترێزا نەویەوە تا لێفەکە لە دەوری کارنین بپێچێت. پێی قبووڵ نەدەکرا کە ئەو هەمووە گڵ و خۆڵە بەسەر لەشی ئەو سەگەدا بڕێژرێت. بەپەلە هەستا و چوو بۆ ژوورەکە و پاش تاوێک بە قەلادە و مشتێک شوکلاتەوە گەڕایەوە. ئەوسا هەموویانی خستە ناو قەبرەکەیەوە.

کۆگایەکی گڵ و خۆڵ لەلای چاڵەکە بوو. تۆماس بێڵەکەی بە دەستەوە گرت و چاڵەکەی پڕ کردەوە.

ترێزا بیری خەونەکەی چەند ڕۆژ لەوەو پێشی خۆی کەوتەوە: کارنین دوو کولێرە چەورە و مێش هەنگوینێکی ببوو. لەپڕ ئەم ڕستەیەی وەک نووسینی سەر کێلە قەبرێک هاتە بەرچاو. لە ناو دارسێوەکاندا قەبرێکی بەم نووسینەوە وێناکرد: «گڵکۆی کارنین. ئەو، دوو کولێرە چەورە و مێش هەنگوینێکی هێنایە دنیا.»

هەوای تاریک و ڕوونی باخچەکە تاریکتر دەبوو. نە ڕۆژ بوو نە شەو. مانگێکی ڕەنگ پەڕیو، وەک چرایەک کە بە ژوور سەری مەیتێکەوە فەرامۆش کرابێت،

لە ئاسمان دا دەبینرا.
پێڵاوی هەردووکیان خۆڵاوی و قوڕاوی بوو. بێڵەکانیان بۆ ئەو ژوورە بچووکە بردەوە کە شەن و قوڵینگ و شتیوای لێبوو.

٦

تۆماس لە پشت مێزی ژوورەکەی، ئەو شوێنە کە کتێبی لێ دەخوێندەوە، دانیشتبوو. ئەم دەمانە، ترێزا دەچوو بۆ لای، بەسەریدا دەنەویەوە و ڕوومەتی لە پشتە سەری هەڵدەسوو. ئەو ڕۆژە تۆماس خەریکی کتێب خوێندنەوە نەبوو. نامەیەکی تایپکراوی لەبەر دەست بوو، کە پێنج دێڕ زیاتر نەبوو. تۆماس بەبێ هیچ جووڵەیەک لەو پێنج دێڕ نامە ورد ببۆوە. ترێزا بە ترسەوە پرسی:
«ئەمە چییە؟»
تۆماس بێ ئەوەی ئاوڕی لێ بداتەوە نامەکەی هەڵگرت و پێی دا. لە نامەکەدا داوای لێکرابوو کە دەبێ هەر ئەو ڕۆژە بچێت بۆ فرۆکەخانەی شارەکەی نزیک یان.
کە تۆماس سەری هەڵبڕی و ئاوڕی لێ دایەوە، ترێزا ترس و تۆقینەکەی خۆی لە چاوی ئەویش دا بینی و گوتی:
«منیش لەگەڵت دێم.»
تۆماس سەری ڕاوەشاند.
«ئەم داوا کردنە پەیوەندیی بە منەوە هەیە.»
ترێزا دووبارەی کردەوە.
«نا، منیش دێم.»
پاش چەند خوولەکێک، هەردووکیان سواربوون . بەرەو فرۆکەخانە ڕۆیشتن. هەوا تەم و مژاوی بوو. بیچمی تاپۆ ئاسای فرۆکەکە بەگران دەبینرا. ئەوان لە فرۆکەیەکەوە بەرەو فرۆکەیەکی تر چوون، بەڵام دەرکەی هەموویان داخرابوو، نەیاندەتوانی بچنە ژوور. دواجار فرۆکەیەکیان دۆزییەوە کە دەرکەی پێشەوەی کرابووەوە و پلیکانەیەکی لەلاوە بوو. بە پلیکانەکەدا هەڵگەڕان. میواندارێک

لەناو دەرکەکە دەرکەوت و بۆ ژوورەوە ڕێنمایی کردن. فڕۆکەیەکی بچووک و بەتاڵ بوو، کە بە گران جێی سێ کەس دەبووەوە. دەستی یەکتریان گرت و بێئەوەی سەرنجی ئەملاولا بدەن، بە ناو کورسییەکاندا چوونە پێش. ئەوسا لەلای یەکتر، لەسەر دوو کورسی دانیشتن، ترێزا سەری خستە سەر شانی تۆماس. خەم و کەسەر جێی ترس و تۆقینەکەی پێشووی گرتبووەوە.

تۆقین وەک زەریەکە کە لە تاریکی دا بەر مرۆڤ دەکەوێت. تۆقین هیچ جوانییەکی تێدا نییە و مرۆڤ تەنیا پرشنگی ڕووداوێکی نامۆ دەبینێ، کە چاوەڕوانی دەکات. بەپێچەوانەوە، کاتێک گیرۆدەی خەم و کەسەر دەبین کە دەزانین خەبەر چییە. تۆماس و ترێزا دەیانزانی چی چاوەڕوانیان دەکات. درەوشانەوەی تۆقین دادەکشا، دنیا لە ڕۆشناییەکی شینی نەرمدا دەردەکەوت. ئەو دنیایە کە هەموو شتێکی جوانتر لە جاران دەنواند.

کاتێک ترێزا نامەکەی خوێندبۆوە، بەرامبەر بە تۆماس هەستی بەعەشق نەکردبوو، تەنیا بیری لەوە کردبووەوە کە نابێ بۆ ساتێکیش بەجێی بهێڵێت. تۆقین بەری بە دەرکەوتنی شعوور و هەستەکان دەگرت، بەڵام ئێستا کە لەلای ئەو دانیشتبوو (فڕۆکەکە لەناو هەورەکاندا دەفڕی) ئیتر ترسێک لە ئارادا نەبوو، هەستی بە عەشقی خۆی بەرامبەر بەئەو دەکرد و دەیزانی کە ئەم عەشقە بێ سنوورە.

کاتێک فڕۆکەکە نیشتەوە. هەردووکیان هەستان و بەرەو ئەو دەرکەیە چوون کە میواندارەکە نیشانی دەدان. لەکاتێکدا دەستیان لە دەوری باڵای یەکتر ئاڵاندبوو، لەسەر پلیکانەکان ڕاوەستان. لەخوارەوە چاویان بە سێ پیاو کەوت کە دەمامکیان بەسەرەوە بوو، تفەنگیان پێ بوو. گومان سوودی نەبوو، ڕێیەک بۆ هەڵاتن نەبوو. بەکاوەخۆ هاتنەخوار، کە قاچیان نایە سەر عەرز، یەک لە تفەنگچییەکان چەکەکەی بەرزکردەوە و ئامادەی تەقەکردن بوو. دەنگی تەقە نەبیسترا، بەڵام ترێزا هەستی کرد تۆماس ـ کەتا ساتێک لەوەو بەر دەستی لە بەژنی ئاڵاندبوو بە خۆیەوە دەیگووشی ـ خەریکە دەکەوێتە بەئەرزدا.

ترێزا ویستی بیگرێت بەڵام نەیتوانی. تۆماس کەوتە سەر قیرەتاوەکەی شوێنی نیشتنەوەی فڕۆکەکان. ترێزا بەسەری دا نەوییەوە، بەڵام لە هەمان سات دا

شتێکی سەیر ڕووی دا: پەیکەری تۆماس بەپەلە دەستی بە بچووکبوونەوە کرد. ئەم دیمەنە ئەوەندە سەیر و سەمەرە بوو، کە ترێزا بە حەپەساوییەوە وشکبوو. پەیکەری تۆماس بەرە بەرە بچووکتر دەبووەوە، ئیتر هیچی لە تۆماس نەدەچوو. شتێکی ئێجگار بچووکی لێ مابۆوە، ئەم شتە بچووکە خەریکبوو دەجووڵا، پاشان دەستی بە هەڵاتن کرد.
ئەو پیاوە کە تەقەی کردبوو دەمامکەکەی هەڵگرت و بەمیهرەبانییەوە زەردەخەنەی بۆ تۆماس کرد. ئەوسا گەڕایەوەو شوێن ئەو شتە ئێجگار بچووکە کەوت کە بەملاو لادا هەڵدەهات: ئەو بوونەوەرە بچووکە لە دەست کەسێک هەڵدەهات و بە نائومێدییەوە لەپەناگەیەک دەگەڕا. ئەو هەڵاتن و شوێن کەوتنە چەند ساتێکی خایاند، ئەوسا پیاوەکە لەپڕ خۆی خستە سەر ئەرزو شوێن کەوتنەکە کۆتایی پێهات.
کابرا لەسەر ئەرز هەستا و بەرەو ترێزا هات. بوونەوەرێکی بە دەستەوە بوو کە بۆ ترێزای دەهێنا. ئەم بوونەوەرە کە لە ترساندا دەلەرزی، کەروێشکێک بوو. کابرا کەروێشکەکەی بە ترێزا دا. ترێزا ترس و خەمی نەما، بە هەڵگرتنی ئەو ئاژەڵە بچووکە شاد بوو. ئاژەڵێکی بچووک کەهی ئەو بوو، دەیتوانی لە باوەشی دا بیگووشێت. لەخۆشی دا فرمێسک بە چاوی دا دەهاتەخوار. ئەو دەگریا و فرمێسک بەری چاوی گرتبوو. کەروێشککەی بە دەستەوە گرتبوو بەرەو ماڵەوەی دەبرد و لە هەمان حاڵیشدا بەخۆی دەگوت کە دواجار لە ئامانجەکەی نزیکبووەتەوە، گەیشتووەتە ئەو شوێنەی کە دەبوو بیگاتێ، شوێنێک کە مەجالی هەڵاتنی نییە.
بە شەقامەکانی پڕاگدا گەڕا، بە ئاسانی ماڵەکەی خۆی دۆزییەوە. کە منداڵ بوو لەگەڵ دایک و باوکی لەو ماڵەدا دەژیا. بەڵام ئێستا باوک و دایکی لەوێ نەبوون و ژن و مێردێکی پیر و زۆرهان بەرەو پیری هاتن، کە پێشتر هەرگیز نەیدیبوون. نەیدەزانی کە ئەوان باوەگەورە و دایەگەورەین. ڕوومەتی هەردووکیان وەک پێستی دار و درەخت چرچ ولۆچ بوو. ترێزا خۆشحاڵ بوو کە لەگەڵ ئەوان دەژیا، بەڵام لەو ساتەدا دەیویست لەگەڵ ئاژەڵەکەی بەتەنیا بێت. بە ئاسانی ئەو ژوورەی دۆزییەوە کە لە پێنج ساڵییەوە لێی ژیابوو. لەو

تەمەنەدا دایک و باوکی بە شایانی ئەوەیان زانیبوو کە ژوورێکی جیای ببێت. کەتێک و مێزێکی بچووک و کورسییەک لە ژوورەکەی دا بوو. چرایەک لەسەر مێزەکە بوو کە لە هەموو ماوەی نەبوونی ترێزا، لە چاوەڕوانی ئەودا داگیرسابوو. لەسەر چراکە پەپوولەیەک بە باڵی کراوە و چاوێکی ڕەنگینی گەورەوە، هەڵنیشتبوو. ترێزا دەیزانی بە مەبەستەکەی گەیشتووە. لەسەر کەتەکە ڕاکشا، کەروێشکەکەی ماچ کرد و بە ڕوومەتیی خۆیەوەی نووساند.

٧

تۆماس لەپشت مێزی ژوورەکەی ـ جێیەک کەهەمیشە کتێبی لێ دەخوێندەوە ـ دانیشتبوو، پاکەت و نامەیەکی پێبوو. بە ترێزای گوت:

«جاروبار نامەم بۆ دێت کە تا ئێستا نەمویستووە لە لای تۆ باسی بکەم. کوڕەکەم ئەم نامانەم بۆ دەنووسێت. تا ئێستا چیم لە دەست هاتبێت کردوومە، تا ژیانی من و ئەو پەیوەندی بە یەکترەوە نەبێت. ئێستا سەیرکە چۆن چارەنووس تۆڵەم لێ دەستێنێتەوە! ئەو چەند ساڵە لە زانکۆ دەرکراوە و لە لادێیەک شۆفیری تراکتۆرە. ڕاستە کە پەیوەندیمان نییە، بەڵام دەڵێی چارەنووسمان لەسەر ڕەوتێک، وەک دوو هێڵی تەریب کێشراوە.»

ترێزا کە تەواو ئاسوودە ببوو، گوتی:

«بۆ نەتدەویست باسی ئەم نامانەم بۆ بکەیت؟»

«نازانم، پێم ناخۆش بوو.»

«زۆرجار نامەت بۆ دەنووسێت؟»

«جاروبار.»

«باسی چیت بۆ دەکات؟»

«باسی خۆی.»

«ئایا نووسینەکانی سەرنجت ڕادەکێشێت؟»

«ئەرێ، هەروا کە دەزانی دایکی کۆمۆنیستێکی دەمارگرژ بوو. بەڵام ئەو لەمێژبوو پەیوەندی لەگەڵ دایکی قرتاند بوو، لەگەڵ کەسانێکدا دۆستە کە

وحاڵیان وەک ئێمەیە. ئەوان یەکیان گرت و دەستیان بە چالاکی سیاسی کرد، بەڵام ئیمڕۆ هەندێکیان لە زیندانن. ئەویش ماوەیەکە نێوانی لەگەڵیان دا تێکچووە و لێیان دوور کەوتۆتەوە. ئەو بە دۆست و هاوڕێیانی جارانی دەڵێ (هەمیشە شۆڕشگێڕ).»

«هیوادارم لەگەڵ حکومەت ئاشت نەبووبێتەوە!»

«نا، بەدڵنیاییەوە. ئەو ڕووی کردۆتە ئایین و پێی وایە کە ئیمانداری تاکە ڕێگەی ڕزگاری مرۆڤە. بە بۆچوونی ئەو، ئەگەر ئێمە بڕوا بە خواوەند بکەین، دەتوانین بە ڕەفتار و کرداری خۆمان لە هەموو هەلومەرجێک دا ئەو شتە بەرپا بکەین کە ئەو پێی دەڵێت «جیهانی مەلەکووت لەسەر ئەرز». ئەو دەڵێ کڵێسا لە وڵاتی ئێمە تاکە ڕێکخراوێکە کە خەڵک لەسەر ویست و داوای خۆیان دەچنە ناوی، تاکە ڕێکخراوێکیشەکە لە ژێر چاودێری دەوڵەت دا نییە. بەڵام من نازانم ئەو لەبەر ئەوەی کە لە بەرامبەر حکومەت خۆڕاگر تر بێت، ئەو قسانە دەکات یان بە ڕاست ئیماندار بووە.»

«دەی لە خۆی بپرسە.»

« من هەمیشە ستایشی ئیماندارنم کردووە. تا ئێستا پێم وابوو ئەوان بۆ تێگەیشتن لەو شتانەی کە لە ژوور هەست و شعووری مرۆڤەوەن، بەهرەیەکی سەیریان هەیە، کە من نیمە. شتێکی وەک بەهرەی ئەوانەی کە غەیب دەزانن. بەڵام ئێستا بە سەرنجدان لە کوڕەکەی خۆم، تێدەگەم کە لە ڕاستی دا بڕواداری بە خواوەند کارێکی سادەیە. کاتێک کوڕەکەم تووشی گرفت بوو، کاتۆلیکەکان یارمەتیان دا و بە جارێک نووری ئیمان کەوتە دڵییەوە. ڕەنگە پێداگرییەکەشی لەسەر بڕوای ئایینی، بە هۆی بە ئەمەگییەوە بێت. مرۆڤ بە شێوەیەکی ئێجگار ئێجگار سادە بڕیار دەدا.»

«قەت وەڵامی نامەکانیت نەداوەتەوە؟»

«ئەو ناونیشانی خۆی بۆ نەناردووم.»

پاشان گوتی:

«ئەڵبەت ناوی ئەو ناوچەیە کە لێی دەژی، لەسەر مۆری بەڕێوبەرایەتی پۆست هەیە، دەکرێ بە ناونیشانی کۆمپانیای هەرەوەزی ناوچەکەیان نامەی بۆ بنێرم.»

ترێزا لەوەی کە بەرامبەر بە تۆماس بەدگومان ببوو، هەستی بە شەرمەزاری دەکرد، هەوڵی دەدا بە دڵفراوانییەوە لەبارەی کوڕەکەی، ئەو هەڵەیەی خۆی قەرەبوو بکاتەوە.

«ئەی کەواتە بۆ نامەی بۆ نانووسیت؟ بۆ داوەتی ناکەیت کە بێت بۆ ئێرە؟»

«ئەو لە من دەچێت. کە قسە دەکات لێوی سەرووی وەک لێوی من هەڵدەکشێت. پێموایە بینینی ئەوە کە دەمی خۆم باسی دنیای مەلەکووت بکات، ئێجگار سەیر و سەمەرەیە.»

ترێزا پێکەنی. تۆماسیش پێی پێکەنی.

ترێزا گوتی:

«خۆ تۆ منداڵ نیت تۆماس! مەسەلەی تۆ و ژنی یەکەمت حیکایەتێکی زۆر کۆنە. ئەمە چ پەیوەندییەکی بە ئەوەوە هەیە؟ ئەو لە چیدا لە دایکی دەچێت؟ ئایا دەبێ بە هۆی بڕیارێکی قیرسیچمانەی تۆوە لەتافی گەنجیت، ئەو کوڕە هەروا زوڵمی لێ بکرێت؟»

«ڕاستت بوێ، بیرکردنەوە لەم دیدارە تووشی ترس و دڵەخورپەم دەکات. لەبەر ئەوەیە کە حەز ناکەم بیبینم. نازانم بۆ ئەوەندە سەرسەخت و قیرسیچمە بووم. ئێمە ڕۆژێک بڕیارێک دەدەین (تەنانەت بێئەوەی بزانین چۆن ئەم بڕیارەمان داوە)، ئەوسا ئەم بڕیارە هەر لەخۆوە درێژە دەسێنێت و ساڵ لە دوای ساڵ گۆڕینی دژوارتر دەبێت.»

«داوەتی بکە!»

دوا نیوەڕۆ کاتێک ترێزا لە ئاژەڵدارییەکەی دەگەڕایەوە، لەلای جاددەکەوە دەنگە دەنگێکی بەر گوێ کەوت. کە لە جاددەکە نزیکبووەوە زیلەکەی تۆماسی بینی. تۆماس بۆ پێشەوە نەویبۆوە و تایەیەکی زیلەکەی دەکردەوە. دەستەیەکی بچووک لەلای ڕاوەستابوون و سەیریان دەکرد و چاوەڕوان بوون تایە گۆڕینەکە کۆتایی پێ بێت.

ئەو بێ جووڵە ڕاوەستا و نەیتوانی سەیری نەکات. تۆماس بەلایەوە پیر ببوو. قژی خۆڵەمێشی ببوو. دەستەوەستانی ئەو لەگۆڕینی تایەکەدا، لە ناشیگەری

پزیشکێک نەدەچوو کە بووبێت بە شۆفێر، بەڵکو لە ناشیگەری پیاوێک دەچوو کە ئیتر گەنج نەبێت.

بیری ئەو وتووێژەی کەوتەوە کە تازە لەگەڵ سەرۆکی کۆمپانیای هەرەوەزییەکە بوو بووی. ئەو بە ترێزای گوتبوو کە حاڵی زیلەکەی تۆماس باش نییە. ئەگەرچی ئەمەی وەک شۆخییەک گوتبوو، بە مانای گلەیی و شکایەتکردن نەبوو، بەڵام ئەوی نیگەران کردبوو. ئەو گوتی: «تۆماس لەشی مرۆڤ لە ماتۆڕی ماشێن باشتر دەناسێت.» لەوەو دوا بە نهێنی گوتی کەچەند جارێک داوای لە پیاوانی ئیدارە کردووە مۆڵەت بدەن تۆماس لەم ناوچەیە کاری پزیشکی بکات. ئەو زانیبووی کە پۆلیس هەرگیز ئەو مۆڵەتە بە تۆماس نادات.

ترێزا لەپشت دارێک خۆی شاردەوە تا ئەو کەسانە نەیبینن کە دەوری زیلەکەیان دابوو. ئەو چاوی لە تۆماس نەدەترووکاند. دڵی مێکوت لە پەشیمانی بوو. تۆماس لەبەر ئەو زووریخی بەجێهێشتبوو وە گەڕابووەوە بۆ پڕاگ. دیسان لەبەر ئەو لەپڕاگ مابووەوە. بەڵام ئەو تەنانەت لێرەش درێژەی بە ئازاردانی دەدا. کاتێک کارنین لەحاڵی مردندا بوو، بەدڵ پیسییەکانی، ئەوی ئازار دابوو.

هەمیشە ــ لەخەیاڵی خۆیدا ــ لەوەی کە تۆماس بەقەدەر پێویست ئەوی خۆش ناوێت سەرکۆنەی دەکرد. ئەو هەمیشە عەشقی خۆی بەبێ عەیب دەزانی و لە بەرامبەریشدا عەشقی تۆماسی وەک میهرەبانییەکی سادە لێک دەدایەوە.

بەڵام ئێستا دەیبینی کە چەندە بێ ئینساف بووە: ئەگەر بەڕاست بە عەشقێکی گەورە تۆماسی خۆشدەویست، دەبوو لە دەرەوەی وڵات لەگەڵی بمایاتەوە! تۆماس لەوێ بەختەوەر بوو، خەریکبوو ژیانێکی نوێی دەست پێدەکرد! کەچی لەپڕ ترێزا بەجێی هێشتبوو، لەوێ ڕۆیشتبوو! ئەگەرچی ئەو پاساوەی بۆ خۆی هێنایەوە کە لەبەر دڵفراوانی لەوێ نەماوەتەوە، چونکە نەیدەویست بارێک بێت بەکۆڵییەوە، بەڵام ئایا ئەم دڵفراوانییە فریوێک بۆ هەڵاتن نەبوو؟! لەڕاستی دا دەیزانی کە تۆماس دەگەڕێتەوە بۆ لای. ئەو بەم کارە تۆماسی شوێن خۆی خستبوو. ڕێک وەک ئەو جنۆکانەی کە لادێییەکان بەرەو زەلەکە ڕادەکێشن و دەهێڵن کە تێی ڕۆ بچن و بخنکێن، ئەویش تۆماسی لە جاران زیاتر بەرەو تیاچوون بردبوو. ئەو سوودی لەو ساتەوەختە وەرگرت کە تۆماس تووشی

سک ئێشە ببوو، ئەوسا بەڵێنی لێ وەرگرت کە بچن لە لادێ بژین! ئای کە چەندە مەکری بەکار هێنابوو! هەموو جارێک بۆ هەڵسەنگاندن و دڵنیابوون لە عەشقی ئەو، تۆماسی تاقیکردبووەوە و بەرەو ئێرە شوێن خۆی خستبوو. ئێستا دەیبینی کە ئەو پیر و ماندوو بووە و بە قامکە نیوە نوقوستانەکانی، ئیتر هەرگیز ناتوانێت چەقۆی نەشتەرگەری بە دەستەوە بگرێت.

ئەوان گەیشتبوونە کۆتایی ڕێگە. لێرەوە ئیتر بۆ کوێ دەیانتوانی بڕۆن؟ پۆلیس هەرگیز ناهێڵێت لەوڵات بچنە دەر. خۆشیان هەرگیز ناتوانن بگەڕێنەوە بۆ پڕاگ. لەوێ کەس کاریان ناداتێ. ڕۆیشتن بۆ لادێیەکی تریش سوودی چییە؟!

ئەی خوایەگیان، ترێزا بۆ ئەوە کە لە عەشقی ئەو دڵنیا ببێت، دەبوو تۆماس تا ئێرە ڕاکێشرێت؟!

تۆماس کۆتاییەکەی توانی تایەکەی ببەستێتەوە. منداڵەکان سوار بوون و دەنگی ماتۆڕەکە بەرز بووەوە.

ترێزا گەڕایەوە بۆ ماڵ. حەوزی حەمامەکەی پڕ کرد، لە ئاوە گەرمەکەدا ڕاکشا. بیری دەکردەوە کە لەهەموو ماوەی پێکەوە بوونیان، بەهۆی بێهێزی خۆیەوە، تۆماسی بە لاڕێدا بردبوو. هەموومان دەمانەوێ لە بوونێکی بەهێزدا تاوانبارێک بدۆزینەوە، لە مرۆڤێکی بێهێز و لاوازیش دا بۆ قوربانییەک بگەڕێین. بەڵام ئێستا ترێزا لەڕاستییەکان دەگەیشت: سەبارەت بە ئەوان ئەم بۆچوونە بە پێچەوانەوە بوو. ترێزا تەنانەت لە خەونەکانیشی دا – چونکە پەی بە خاڵی لاوازی ئەو پیاوە بەهێزە بردبوو – ڕەنج و ئازاری خۆی نمایش دەدا، تا تۆماس ناچار بە پاشەکشە بکات! هەمیشە لاوازی ترێزا لەگەڵ هێرشکردن بوو. هەموو جارێکیش تۆماس ناچار بە تەسلیم بوون دەبوو. ئەم وەزعە تا ئەو کاتە بەردەوام بوو کە ئیتر تۆماس هێزێکی نەما و لە باوەشی ئەودا بوو بە کەروێشکێک. ترێزا بەردەوام بیری ئەم خەونەی دەکردەوە.

لە حەمام چووە دەر، ویستی جلی جوان لەبەر بکات. دەیویست بۆ خۆشحاڵکردنی تۆماس بە سەرنج ڕاکێشترین شێوە خۆی بڕازێنێتەوە.

تازە دواهەمین قۆپچەی کراسەکەی بەستبوو کە تۆماس لەپڕ خۆی بەژوورەکەدا

کرد. سەرۆکی کۆمپانیا هەرەوەزییەکە و لادێییەکی ڕەنگ پەڕیویش بە دوایەوە بوون.

تۆماس هاواری کرد:

«زووکە! عارەق یان شەرابێکی بەهێز بێنە!»

ترێزا هەڵات و بتڵێک عارەقی هێنا. ئەوسا پێکێکی پڕ کرد و کابرای گەنج بە قومێک بەسەرییەوە نا.

هاوکات هەموو ڕووداوەکەیان بۆ گێڕایەوە: ئەو کوڕە گەنجە لە کاتێک دا خەریکی کاربووە، شانی دەرچووە. لەبەر ئێشی زۆری هاواری کردووەو کەس نەیزانیوە دەبێ چی بکات. ئەوسا چوون بە شوێن تۆماس داو، ئەویش بە تەکانێک باسکی هێناوەتەوە جێی خۆی.

کوڕە گەنجەکە پێکی دووهەمیشی هەڵدا و ڕووی لە تۆماس کرد:

«ئیمڕۆ ژنەکەت چەندە جوان بووە!»

سەرۆکی کۆمپانیا هەرەوەزییەکە نەڕاندی:

«کەرە، ترێزا خانم هەمیشە جوانە.»

« دەزانم هەمیشە جوان بووە، بەڵام ئیمڕۆ جلی جوانیشی لەبەر کردووە. قەت تۆم بەم جلانەوە نەدیبوو. بۆ سەردانی کەسێک دەچیت؟»

«نا ، لەبەر تۆماس ئەم جلانەم لەبەر کردووە.»

سەرۆکی کۆمپانیا هەرەوەزییەکە زەردەخەنەی کرد:

«دکتۆر تۆ بەختت زۆرە. ژنەکەی من هەرگیز لەبەر من خۆی ئاوا ناڕازێنێتەوە.»

«کوڕە گەنجەکەش بە زەردەخەنەوە گوتی:

«لەبەر ئەوەیە کە تۆش هەمیشە لەگەڵ بەرازەکەت دەچی بۆ پیاسە، نەک لەگەڵ ژنەکەت.»

تۆماس وەها کە شتێکی بیر کەوتبێتەوە، پرسی:

«مێفیستۆ لە کوێیە؟ لانیکەم ... (وادیار بوو خەریکی بیر کردنەوەیە) سەعاتێکە نەمبینیوە!»

سەرۆکی کۆمپانیا هەرەوەزییەکە گوتی:

«ڕەنگە لە دەست من ماندوو بووبێت.»
کوڕە گەنجەکە ڕووی لە ترێزا کرد و گوتی:
«کەئەم جلە جوانەت دەبینم حەز دەکەم لەگەڵت سەما بکەم. دکتۆر مۆڵەتی ئەدەیتێ لەگەڵ من سەما بکات؟»
ترێزا پێشنیاری کرد:
«با هەموومان بچین بۆ سەما.»
کوڕە گەنجە لادێییەکە سەیری تۆماسی کرد:
«تۆش دێیت؟»
تۆماس پرسی:
«بچین بۆ کوێ؟»
کوڕە گەنجەکە شارێکی بچووکی ئەو ناوچەیەی ناو برد کە ئۆتێل و باڕ و شوێنی سەمای هەبوو.
کابرای گەنج بە پێداگرییەوە داوای لە سەرۆکی کۆمپانیا هەرەوەزییەکە کرد، کە لەگەڵیان بچێت، دوای ئەوەی کە پێکی سێهەمی بەسەرەوە نا، گوتی:
«ئەگەر مێفیستۆش کەیفساز نییە با ئەویش بەرین! بەم شێوەیە دوو بەرازمان لەگەڵ دەبێت! کە دوو بەراز بچنە ژوور، هەموو ژنەکان لەخۆشیان دەبووڕێنەوە!» ئەوسا دیسان بەپێکەنییەوە.
سەرۆکی کۆمپانیا هەرەوەزییەکە گوێی بە گاڵتەکەی نەدا.
«ئەگەر مێفیستۆ ناڕەحەتتان نەکات لەگەڵتان دێم.»
ئەوسا هەموویان سوار زیلەکەی تۆماس بوون.
تۆماس چووە پشت سوکان و ترێزا لە پەنای دا دانیشت. دوو پیاوەکەی تریش لە کاتێکدا بتڵی نیوە بەتاڵی خواردنەوەیان بە دەستەوە بوو، لەدواوە دانیشتن. تازە لەدێ دەرکەوتبوون کە سەرۆکی کۆمپانیا هەرەوەزییەکە بیری کەوتەوە مێفیستۆی لە ماڵەوە بەجێ هێشتووە. هاواری کرد تۆماس بگەڕێوە.
گەنجە لادێییەکە گوتی:
«گرنگ نییە، بەرازێک بەسە.»
سەرۆکی کۆمپانیا هەرەوەزییەکە هێور بووەوە. ڕۆژ بەرەو تاریکبوون دەچوو،

بە جاددەکە پێچاوپێچ هەڵدەگەڕا.
گەیشتنە شار و لەبەر ئوتێلەکە ڕاوەستان. تۆماس و ترێزا هەرگیز نەچوو بوون بۆ ئەوێ. پلیکانەیەک بەرەو ژێرخانێک دادەگەڕا، لەوێ پێشخانێک و شوێنی سەما و چەند مێزێکی لێبوو. پیاوێکی شەست ساڵە پیانۆی دەژەند و خانمێکی هاوتەمەنیشی ڤیالۆن. ئەوان هەوای چل ساڵ لەوەو بەریان دەژەند، چوار پێنج ژن و پیاویش سەمایان دەکرد.
کوڕە گەنجەکە چاوی بە هەموو هۆڵەکەدا گێڕا و گوتی:
«لێرە تەنانەت تاکە کەسێکیشی بۆ من لێ نییە!»
ئەوسا دەستبەجێ ترێزای بۆ سەماکردن داوەتکرد.
سەرۆکی کۆمپانیا هەرەوەزییەکە لەگەڵ تۆماس لە پشت مێزێک دانیشت و داوای بتڵێک شەرابی کرد.
تۆماس ناڕەزایەتی دەربڕی:
«من لێی دەخورم، کەواتە نابێ بخۆمەوە!»
«بۆچی؟ ئیمشەو لێرە دەمێنینەوە. من دەچم دوو ژوور دەگرم.»
کە ترێزا و کوڕە گەنجەکە لە سەما گەڕانەوە، سەرۆکی کۆمپانیای هەرەوەزی بۆ سەما داوەتی کرد. لەوەو دواش لەگەڵ تۆماس دا سەمای کرد.
بەدەم سەماکردنەوە بە تۆماسی گوت:
«تۆماس، هەموو ناڕەحەتییەکانی ژیانت بەهۆی منەوە بووە. لەبەر من ڕۆژت بەم ڕۆژە گەیشتووە. من تەنازولێکی وەهام بە تۆ کردووە، کە لەوە زیاتر ئیمکانیشی نییە.»
«بۆ قسەی هیچ و پووچ دەکەیت؟ جارێ پێم بڵێ بزانم مەبەستت لە «تەنازولێکی وەها» چییە؟»
«ئەگەر لە زووریخ بماینایەتەوە، تۆ نەشتەرگەریت بۆ نەخۆشەکان دەکرد.»
«تۆش وێنەت دەگرت.»
«ناتوانم بەراورد بکەم. بۆ تۆ لە دنیادا هیچ شتێک بەقەدەر کار و پیشەکەت گرنگ نەبووە. لە کاتێکدا من دەتوانم هەموو کارێک بکەم. ئەوە بۆ من گرنگ نییە. من هیچم لە کیس نەچووە، لەکاتێکدا تۆ هەموو شتێکت لەکیس چووە.»

«ترێزا، ئایا تا ئێستا نەتزانیوە کە من بەختەوەرم؟»
«نەشتەرگەری نەخۆشەکان پەیامی کۆمەڵایەتی تۆ بوو!»
«ترێزا، پەیامی کۆمەڵایەتی زاراوەیەکی گەوجانەیە. من هیچ پەیامێکی کۆمەڵایەتیم نییە. تێگەیشتن لەوەی کە ئازادین و پەیامی کۆمەڵایەتیمان نییە، ئاسوودەیەکی بێ کۆتاییمان پێ دەبەخشێت.»
کە بەم شێوەیە دەدوا، نەدەکرا شک لە ڕاستگۆییەکەی بکرێت. ترێزا دیمەنەکەی بەیانی وەبیر هاتەوە: تۆماس خەریکبوو تایەی ماشێنەکەی دەگۆڕی، لەو حاڵەدا پیرتر دیار بوو. ترێزا بە ئامانجی خۆی گەیشتبوو، ئەو هەمیشە ئاواتی ئەوەی دەخواست کە تۆماس پیر بێت. جارێکی تریش بیری ئەو کەروێشکەی کەوتەوە کە لە تافی منداڵی، لە ژوورەکەی دا بە خۆیەوە دەگووشی.
مانای بوون بە کەروێشک چییە؟ بەو مانایەیە کە هێز و توانامان نەماوە. بەو مانایەیە کە لەمەو دوا کەس لەویتر بەهێزتر نییە. وەک ئەو کاتەی ناو فڕۆکەکە کە بە ناو تەمومژدا تێدەپەڕین، ترێزا سەری خستبووە سەر شانی ئەو. ئەوان بەملاولادا دەڕۆیشتن و بە دەنگی پیانۆ و ڤیالۆنەکە سەمایان دەکرد. ئێستا ترێزا هەستی بەو خۆشحاڵییە سەیرە، ئەو خەمە غەریبەی دەکرد. مانای خەمەکە ئەوە بوو کە: گەیشتووینەتە دواهەمین وێستگە! خۆشحاڵییەکەش بەو مانایە بوو کە: ئێمە پێکەوەین. خەمو شکڵ، خۆشحاڵیش ناوەڕۆک بوو. خۆشحاڵی فەزای خەمی پڕ کردبووەوە.
بۆ سەر مێزەکەیان گەڕانەوە. ترێزا دوو جاری تریش لەگەڵ سەرۆکی کۆمپانیا هەرەوەزییەکە و جارێکی تریش لەگەڵ کوڕە گەنجەکە سەمای کرد. ئەمجارەیان کوڕە گەنجەکە ئەوەندە سەرخۆش بوو کە لە شوێنی سەماکە، لەگەڵ ترێزا کەوتنە سەر ئەرز.
پاشان هەر چواریان چوون بۆ ژوورەکانیان.
تۆماس کلیلی کارەباکەی سووڕاند و چراکەی هەڵکرد. ترێزا بینی کە دوو قەرەوێڵە لەپاڵ یەکتر دانراوە، لە نزیک یەکێکیان مێزێک و چرا خەوێکی لێیە. کونە پەپوویەکی گەورە ، لە ترسی ڕۆشنایی چراکە فڕی و بە دەوری ژوورەکەدا سووڕایەوە. دەنگی دووری ڤیالۆن و پیانۆ لە خوارەوە دەهات.

# باری بوون
# سووک یان قورس؟

## (خوێندنەوەی وەرگێڕ)

ئەگەر لە ڕۆمانی سەردەمی ڤیکتۆریادا نووسەر وەک بێژەری هەموو شتزان، جاروبار بەری بە ڕەوتی ڕووداوەکان دەگرت و لەسەرەتا یان کۆتایی ماجەرایەکدا دەردەکەوت، سەرنجی خوێنەرەکانی لە چیرۆکەکەوە بەرەو خۆی ڕادەکێشا، ڕاستەوخۆ لە زمانی خۆیەوە کۆمەڵێک زانیاری لەبارەی کەسایەتی و ڕووداوەکان، یان ئامۆژگاری ئەخلاقی و پەند و نەسیحەتی بەگوێی خوێنەرەکاندا دەچرپاند، لە ڕۆمانی مۆدێڕن و نوێ، ئەم دەرکەوتنە ڕاستەوخۆیەی نووسەر لە بەرهەمەکەیدا وەک بەڵگەیەک بۆ بێ بەهرەیی خۆی و سستی و لاوازی بەرهەمەکەی لێک دەدرایەوە. نووسەری ڕۆمانی مۆدێرن لەبەر ئەوەی کە بە پێداگرییەوە دەربەستی واقیعی نوێنی بەرهەمەکەی بوو، دەیویست وا لە خوێنەر بگەیەنێت کە کەسایەتی و ڕووداوەکان، لە دەرەوەی خواست و تەمەناکانی ئەو دەجووڵێنەوە و ڕەنگرێژیان بۆ کراوە، هەموو هەوڵێکی دەدا و هەموو تەکنیکێکی بەکاردەهێنا کە شوێن پێی خۆی لە ڕۆمانەکەدا بسڕێتەوە. خوێنەر و ڕەخنەگرانیش ئەمەیان بە دەسکەوتێکی گەورەی پێشکەوتن و گەشەسەندنی ڕۆمان دەزانی.

بەڵام لە نیوەی دووهەمی سەدەی ڕابردوو بەملاوە، زۆر نووسەر کە بە پۆست مۆدێڕن یان پۆست مۆدێڕنیست دەیان ناسین، یان ڕەخنەگران ئەم نازناوەیان پێ بەخشیون، بۆ جارێکی تر و ئەمجارە بە مەبەست و شێوەی جیاواز، پشتیان

لە هەموو ئەبێ و نابێکانی ڕۆمانی مۆدێرن کردووە و بە ریشی هەموو فەڕزییە و گریمانەکانی ئێمە، یاسا و ڕێساکانی ڕەخنەگر بۆ ڕۆمانی نوێ پێدەکەنن، بە ناو و شوناسنامەی خۆیانەوە لە چیرۆک و ڕۆمانەکانیان دا دەردەکەون.
لەم ناوەدا «میلان کۆندێرا» وەک یەکێک لە جیدیترین و کارزانترین نووسەرانی هاوچەرخ، بێئەوەی گوێ بە مۆدێرن بوون یان پۆست مۆدێرن بوونی خۆی و بەرهەمەکانی بدات، بێئەوەی دەربەستی ئەم ڕیزبەندی و خانەبەندییە ڕواڵەتیانە بێت، تەنیا وەک میراتگرێکی بە ئەمەکی سێروانتس، نە وەک خواوەند و دەسەڵاتداری سەرەکی و ڕەهای جیهانە داستانییەکەی، بەڵکوو وەک بێژەر و ڕاوی موتەوازیعی ئەم جیهانە، بۆ درکاندن ـ نەک سەپاندن ـ ی ڕاو بۆچوونەکانی خۆی لە بارەی داڵغەی کەسایەتییەکان و چەمکی شاراوەی ڕووداوەکان، دەردەکەوێت و ڕووی قسەی لە خوێنەرانی دەکات. دەرکەوتنی دیار و بێپەروای کۆندێرا لە ڕۆمانەکانیدا، نەک هەر خوێنەر داناچڵەکێنێت یان لە ڕەوتی چیرۆکەکە لای نادات یان زیانێک بە چێژ وەرگرتنی ناگەیەنێت، بەڵکو ئاراستەی سروشتی کەسایەتی و ڕووداوەکانیش ناگۆڕێت و نایانخاتە کۆڵانێکی داخراوەوە. دەرکەوتنی کۆندێرا لە ڕۆمانەکانیدا زۆرجار بە مەبەستی ئاشکراکردنی ئەو واقیعەیە کە زۆربەی نووسەران هەوڵ دەدەن بە هەزار فرۆفێڵ و تەکنیکی ڕەوایەتی لە بیر خوێنەری ببەنەوە، (واقیعی و ناواقیعی بوونی کەسایەتی و ڕووداوەکان) جاری واشە بە مەبەستی ئاشکراکردنی مەتەڵی تەکنیک و شێوازەکانی گێڕانەوەکەیەتی و لە هەموو ئەمانەش گرنگتر، زۆر جار ئەم ڕاستەوخۆ دەرکەوتنەی نووسەر بۆ شیکردنەوە و لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی بارودۆخەکان و تەنانەت ماناکردنەوەی مۆتیڤ و وشە و چەمکە سەرەکییەکانە.
بێگومان ئەم دەرکەوتنە ڕاستەوخۆ و بێپەروایە، گێڕانەوەکەی لە دەقێکی خالیس و بێگەردی چیرۆکی دادەبڕێت و هەندێک باسی بە ڕواڵەت ناچیرۆکی دەهێنێتە ناو ڕۆمانەکەوە. لەم حاڵەتەدا کەسایەتی و بە تایبەت ڕووداوەکان ڕادەگرێت، باسی کەسایەتی واقیعی و ناچیرۆکی وەک خۆی و «نیتچە» و «پارمنید» و «بتهۆڤن» و... دەکات، لە بۆچوونی ئەدەبی، فکری، فەلسەفی و مۆسیقایی ئەوان دەدوێت.

ڕۆمانەکانی کۆندێرا و بەتایبەت ئەم ڕۆمانە، هەروەها کە نموونەی باشترین ڕۆمانی چەند دەنگە و پۆلی فۆنیکن (کەسایەتییەکان هەر کامەو خاوەنی دەنگ و ڕاوبۆچوونی خۆیانن، لە ڕوانگەی تایبەتی خۆیانەوە سەیری مرۆڤ و ژیان و بوون دەکەن) نموونەی سەرکەوتووترین ڕۆمانی چەند دەقی و پۆلی تێکستوالیشن. لەم ڕۆمانەدا دەقی چیرۆکی (ژیان و سەربوردەی کەسایەتی و ڕووداوە خەیاڵی و داهاتەکان) لە پاڵ دەقی فکری (ئەو بەشانە کە نووسەر بە شێوەی وتاری فکری و تیۆرێکی لەبارەی چەمک و مۆتیڤەکانەوە دەیگێڕێتەوە یان دەینووسێت)، لەگەڵ شێوە وتاری ڕەخنەیی (کۆی بۆچوونە ڕەخنەییەکانی نووسەر لەبارەی کێشە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی گەل و نەتەوەی چیک و هێرشی داگیرکارانەی ڕووسەکان)، لەگەڵ یادەوەری و بیروڕای کەسایەتی فەلسەفی و هونەری (ئەو بەشانەکە باسی نیتچە و پارمنید و بە تایبەت یادەوەری بتهۆڤن لە وەرگرتنەوەی قەرزەکەی و هەڵبژاردنی مۆتیڤی کوارتێتەکەی دەکات)، تەنانەت دەقی فەرهەنگیش (هەر دوو بەشی فەرهەنگی وشە نامەفهوومەکان) و...، هەموو ئەمانە لە ساختارێکی گێڕانەوەیی بە شێوەی ڕۆمان، شەبەنگێکی نڤیساری لە پێکهاتەیەکی یەکدەستیی ئەدەبی و داستانی دا دەخوڵقێنن. ئەمانە جیهانێکی ڕەنگامەی پڕ لە جۆراو جۆری، زایەڵەی ئاڵۆزیی و لابیرنتی هوشیار و ناهوشیاری زهنی مرۆڤ نمایش دەکەن.

لە ڕۆمانەکانی کۆندێرا و بەتایبەت لەم ڕۆمانەیدا، بە پێچەوانەی ڕۆمانی کلاسیکی و تەنانەت نوێش، ناوەند و سەنتەرێکی تاقانەی بابەتی نییە. هیچ ناوەند و سەنتەرێک نییە کە هەموو گێڕانەوەکە، هەموو دەق و گوتارەکان لە دەوری خۆی کۆ بکاتەوە، یان هەموو گێڕانەوەکە لە خزمەتی ئەو ناوەندەدا بێت. ڕۆمانەکانی کۆندێرا و بەتایبەت «سووکی لەتاقەت بەدەری بوون» ساختارێکی بێ ناوەند، یان دەبێ بڵێم، فرە ناوەندی هەیە. ئەگەر قەرارە لە ڕۆماندا هەموو شتەکان لە خزمەتی یەک بابەتدا بن، لە ڕۆمانی «سووکی لەتاقەت بەدەری بوون» هەموو شتێک لە خزمەتی کەشف و ناسین و مەعریفەی بووندایە.

ئەوەی لە ڕۆمانەکانی کۆندێرا و بەتایبەت لەم ڕۆمانەیدا، لە هەموو تایبەتمەندییەکانی تر، زیاتر خوێنەری وشیار ناچار بە تێڕامان و بیر لێکردنەوە

دەکات، دەوری زمان و تایبەتمەندی هەمە لایەنەی زمانی گێڕانەوەکەیە. لە دوا پەراگرافی پێشەکی ئەم کتێبەدا سووکە ئاماژەیەکم بەوە کردووە کە زمانی گێڕانەوەی ئەم ڕۆمانە تا ئاستێکی سەیری بڕوا پێنەکراو مینیماڵە. مینیماڵ بە مانای کورت و پوخت، کە نیشانەی دیدی مینیماڵیستی یان کورت و پوختخوازی نووسەر بۆ زمان، بەتایبەت زمانی چیرۆکییە. ئەوەندەی کە پەیوەندی بە دەقە چیرۆکییەکەوە ببێت، هیچ پەراگراف یان تەنانەت ڕستەیەک نییە کە ئەگەر بقرتێت، کەلێنێک نەخاتە گێڕانەوەکەوە. ئەمەش لەبەر ئەوەیە کە هیچ پەراگراف یان ڕستەیەک نییە کە تەنیا لەبەر فەزاسازی یان تەوسیفی کەسایەتی و ڕووداوەکان بێت. نووسەر ئەوەندەی بۆی کرابێت خۆی لە هەموو جۆرە ڕازاندنەوەیەکی کەلامی و لەفزی، فەزاسازی زیاتر لە پێویست، وەسفی کەسایەتی و ڕووداوەکان و تەنانەت بەشێک لە سەنعەتە لەفزی و کەلامییەکانیش پاراستووە. هەر پەراگرافێک، ڕستە و تەنانەت وشەیەک کە لە خزمەتی ناسین و ناساندنی کەسایەتییەکان و بارودۆخە تایبەتییەکەیاندا نەبێت، بەلای نووسەرەوە زیادەیە. بەنیسبەت دەقە بە ڕواڵەت ناچیرۆکییەکانیشەوە، بەتایبەت زمانی لێدوان لە بابەتە زهنی و تەجریدییەکان، کۆندێرا پێی وایە کە هەر وشەیەک پێناسەی خۆی و باری مانایی تایبەتی خۆی هەیە. هیچ وشەیەک کوتومت هاومانای وشەیەکی تر نییە. کەواتە ناکرێ بە بێ ڕەچاوگرتنی ئەم ڕاستییە بە لێشاو سوود لە وشە وەربگیرێت و ڕستەسازی بکرێت.

بە گشتی، زمانی مینیماڵی ئەم ڕۆمانە لەلایەکەوە لە جوانی ناسی و ستاتیکی تایبەتی نووسەرە، لەلایەکی ترەوە لە ڕوانینی ئەو بۆ دەوری وشە و چەمکەکان سەرچاوەی گرتووە. ڕستەکان لەم ڕۆمانەدا هەندێک جار کورت ، زۆر جاریش ئەوەندە درێژن کە زۆر درەنگتر لەوەی چاوەڕوانی دەکرێ، خاڵی کۆتایی ڕستەیەک دەبینرێت. ئەوەی کە گوتراوە و نووسراوە، هەمان شتە کە دەبوایە بگوترایە و بنووسرایەتەوە. بەکەمی ڕووبەڕووی ڕستەیەکی زیادە دەبینەوە. ئەگەر لەچەند بەشێکی وەک فەرهەنگی وشە نامەفهوومەکان پێناسەی دوور و درێژ بۆ وشەیەکی بە ڕواڵەت ئاسایی کرابێت، لەبەشەکانی تردا، فەزای بەربڵاوی ڕووداوێک بە یەک یان دوو ڕستەی کورت نمایش کراوە. وەها کە جاری وا هەیە

زهنی خووگرتووی خوێنەر بە زمانی ماکسیمالّی زۆربەی ڕۆماننووسەکان، پێی وایە لەم جۆرە فەزاسازی یان کەسییەتی داڕێژییانەدا، دەبێ ڕستە یان پەراگراف یان تەنانەت چەندین لاپەڕە قرتابێت، لە کاتێکدا وانییە.

لەبارەی ڕۆمانەکانی کۆندێرا و بە تایبەت «سووکی لە تاقەت بەدەری بوون» زۆر شت گووتراوە و نووسراوە. زۆر ڕەخنە و لێکۆڵینەوە و شیکاریی ئەدەبی لە لایەن نووسەران و ڕەخنەگران و تەنانەت خودی نووسەری ڕۆمانەکەشەوە کراوە. وەک لە قسە و نووسینەکانی نووسەر دەردەکەوێت بەشێکی زۆر لە لێکۆڵەر و ڕەخنەگران، بەتایبەت لە سەردەمی شەڕی سارد و حوکمڕانی کۆمۆنیستەکان لە ڕووسیا و نیوەی وڵاتانی ئەورووپایی، گرنگییان بە لایەنی سیاسی و کۆمەڵایەتی ڕۆمانەکە داوە، بە ڕۆمانێکی زیاتر سیاسی و تا ڕادەیەک کۆمەڵایەتییان زانیوە.
لەم ڕوانگەیەوە، «سووکی لەتاقەت بەدەری بوون» بەر لەهەموو شتێک چیرۆکی ژیان و سەربوردەی کۆمەڵێک کەسایەتییە. کۆمەڵێک مرۆڤی خەیاڵی و داهاتە کە نووسەر بە شیمانەی وەدی نەهاتووی «من»یان دەزانێت، پێی وایە ئەوان بە شێوەیەک ژیاون و بەڕەوت و ئاقارێکدا ڕۆیشتوون کە دەکرا، یان ئیمکان و ئەگەری ئەوە هەبوو کە خۆی بەو شێوەیە بژی و بەو ڕەوت و ئاقارانەدا بڕوات.
«سووکی لەتاقەت بەدەری بوون» گێڕانەوەی کۆمەڵێک ڕووداو و هەلومەرجە لە شوێن و کاتێکی مێژوویی دیار و واقیعیدا. شوێنکاتی سەرەکی چیرۆکەکە چیکوسلۆڤاکی ساڵانی دەیەی شەستی زایینییە. ساڵانی پێش و دوای داگیرکردنی ئەو وڵاتە لە لایەن سوپای سووری یەکێتی سۆڤێتی، سەرکوت کردنی بزوتنەوەی ئازادیخوازانەی خەڵک لە بەهاری پراگ، سەقامگیر کردنی دەسەڵاتی پاوانخواز و تۆتالیتاری کۆمۆنیستەکان لەو وڵاتە. بە دڵنیاییەوە کەم ڕۆمان هەیە کە بەم شێوەیە پەردە لەسەر وردەکارییەکانی ژیان لە بارودۆخی نامرۆڤانەی تۆتالیتاری و دەسەڵاتی ئیدئۆلۆژیکی ئەو دەمەی هەڵدابێتەوە. کەم ڕۆمان هەیە ئاوا بە وردی و سەرنج ڕاکێشی نمایشی سووکایەتی کردن بە مرۆڤ و دۆڕاندنی بەها

ئینسانییەکان لە وەها بارودۆخێکی کردبێت.
چیرۆکی ئەم ڕۆمانە چیرۆکی ژیان و سەربوردەی کەسانێکە کە بە هۆی مل نەدانیان بە بەها ئیدئۆلۆژییکییەکانی دادوەران، لەوپەڕی کارامەیی پیشەیی، گوڕ وتینی خزمەتکردن بە کۆمەڵگە، بە بێ هیچ تاوانێک و تەنیا لەبەر بوونی بیر و باوەڕی جیاواز، لە کار و پیشەیان دەردەکرێن و ناچار دەکرێن کە مل بە هەموو پیشەییەکی نەشیاو و هەموو جۆرە سووکایەتییەک بدەن. جگە لەوەش وەها تەنگەیان پێ هەڵدەچنرێت کە یان دەبێ وڵاتەکەیان بەجێ بهێڵن، یان دەبێ بۆ هەمیشە ماڵئاوایی لە ئاسوودەیی و بەختەوەری بکەن. بەڵام ئەمە ڕووپەڕێکی ڕۆمانەکەیە.
کۆندێرا لە کتێبی هونەری ڕۆماندا دەڵێ: ڕۆمانەکانی من بە گشتی خاوەنی دوو ڕووپەڕن. ڕووپەڕی یەکەم چیرۆکێکە کە بە شێوەی ڕۆمان دەگێڕدرێتەوە، ڕووپەڕی دووهەم ئەو ڕووپەڕەیە کە مۆتیڤەکانی تیا دادەڕێژم. ئەو مۆتیڤانە بەردەوام لە ناو، یان لەگەڵ، چیرۆکەکە دان. ئەوسا هەر خۆی بەم شێوەیە وشەی مۆتیڤ لێک دەداتەوە: مۆتیڤ پرسیارێکە کە پەیوەندی بە بوونی مرۆڤ و بوون ناسییەوە هەیە. ئەمە واتە شیکردنەوە و لێکۆڵینەوەی وشە ـ مۆتیڤەکان. من دەتوانم بە پێ داگرییەوە بڵێم کە ڕۆمان لە هەنگاوی یەکەمدا لەسەر چەند وشەی بونیادی دادەمەزرێت. وەک ڕیزی نۆتەکان لە بەرهەمە مۆسیقاییەکانی شونبێرگ.
... ڕۆمان ئەو ماڵەیە کە لەسەر چەند ستوونێک بنیاد نراوە. ستوونەکانی ڕۆمانی «سووکی لە تاقەت بەدەری بوون» بریتین لە قورسی، سووکی، ڕۆح، لەش، وەفا، خیانەت، ڕێپێوانی گەورە، پەڵۆخی، کیچ، هاودەردی، سەرەکێژە، هێز و بێهێزی و... ئەم وشە و مۆتیڤانە، هەروا کە گوترا، پرسیارن لە هەرێمی بوون و بوونناسی، بارێکی بە ئاشکرا فەلسەفییان هەیە.
«سووکی لە تاقەت بەدەری بوون» هەر لە سەرەتاوە بە ئیدە یان بیرۆکەیەکی فەلسەفییەوە دەست پێدەکات. ئیدە یان بیرۆکەیەکی نیتچە لەبارەی گەڕانەوەی هەتا هەتایی.
گەڕانەوەی ئەبەدی بیرۆکەیەکی یان فکرێکی پڕ لە ڕاز و ڕەمزە، «نیتچە» بەم

بیرۆکەیە، زۆرجار فەیلەسووفەکانی تری تووشی سەرسووڕمان کردووە: بیر لەوە بکەنەوە کە ڕۆژێک هەموو شتێک، هەروا کە پێشتر بووە، دووبارە دەبێتەوە، ئەم دووپات بوونەوەیە بۆ هەتا هەتایە بەردەوامی دەبێ! مانای ئەم ئوستوورەی نامەعقووڵە چییە؟

کۆندێرا حاشا لە فەلسەفی بوونی ڕۆمانەکەی (هەموو ڕۆمانەکانی) ناکات، بەڵام ئەو ڕاستییەشمان لێ ناشارێتەوە کە «وشەی فەلسەفی» بۆ وەسفی ڕۆمانەکەی وشەیەکی نامەفهووم، مانابزر و ناتەواوە. ئەو دەڵێ: بیرکردنەوەی فەلسەفی لە فەزایەکی تەجریدی و ئەبستراکت، فەزایەکی بەبێ کەسایەتی و هەلومەرج (دیارە مەبەست هەلومەرجی چیرۆکییە) ڕوودەدات. لە کاتێکدا ڕۆمان بەوپەڕی تەوازوعەوە (شتێک کە فەلسەفە و فەیلەسووفەکان زۆر لەگەڵی ئاشنا نین) چیرۆکی ژیان و سەربوردەی کەسایەتی یان کۆمەڵە کەسایەتییەک لە هەلومەرجێکی تایبەت دایە. کۆندێرا هەروا کە لە چەند شوێنێک ئاماژەی پێ دەکات، دوورە لە هەموو ڕارێژی و تیۆری دانانێکی فەلسەفی. ئەو هەرگیز فکرێکی لەوەو پێش ئامادەی فەلسەفی نەبووە کە بیترنجێنێتە ناو ڕۆمانەکەی یان بەسەر کەسایەتییەکانی دا فەرزی بکات. بە مانایەکی تر، ئەو بەرلەوەی دەست بە نووسینی ڕۆمانەکەی بکات فکرێکی فەلسەفی لە زهنی خۆی دا دانەڕشتووە، بەڵکو لە کاتی گێڕانەوەی چیرۆکەکەی، ئەو کاتە کە کەسایەتییەکان پێدەخەنە ناو هەرێمی بوون و دەکەونە ناو هەلومەرجە تایبەتییەکانەوە، ئەوسا فکرە فەلسەفییەکان دەردەکەون و تەنانەت لە خودی نووسەریش ئاشکرا دەبن.

ئەوەی پێی دەگوترێت فکری فەلسەفی لەم ڕۆمانەدا، هیچ نییە بێجگە لە لێکدانەوە و شیکردنەوەی ئەو وشە ـ مۆتیڤانە کە پێشتر چەند دانەیەکیان ناوبردە کرا. ئەم وشە ـ مۆتیڤانەش بەر لەوەی کە پرسیاری نووسەر بن، پرسیاری کەسایەتییەکانن، لە ڕەفتار و بیرکردنەوە و جۆری ڕوانینی ئەوان بۆ ژیان و بوون، سەر هەڵدەدەن. هەر شتێک کە لە ڕۆمانەکانی کۆندێرا و بە تایبەت ئەم ڕۆمانەی دا دەگوترێت پەیوەندی بە کەسایەتی و ژیانی کەسایەتییەکانەوە هەیە.

بەر لەوەی بچمە ناو ئەم باسەوە، حەز دەکەم سووکە ئاماژەیەک بە چۆنییەتی

داڕشتنی کەسایەتی لە ڕۆمانەکانی کۆندێرا و بە تایبەت ئەم ڕۆمانە بکەم. کۆندێرا لەم ڕۆمانەدا لەبارەی کەسایەتییەکانەوە دەڵێ: کەسایەتییەکانی کتێب، وەک بوونەوەری زیندو لە دایک نابن، بەڵکو لە بارودۆخێک، لە ڕستەیەک، یان لە خوازەیەک دێنە بوون. جۆرێک هێز و وزەی بونیادیی مرۆڤانە، وەک توو لە ناخیان دا هەیە، نووسەر پێی وایە هێشتا ئەم هێزە کەشف نەکراوە، هێشتا شتێکی ئەوتۆ لە بارەیانەوە نەگوتراوە. ئەو دواتر لە کتێبی هونەری ڕۆمانیش دا دەڵێ: هەموو ڕۆمانێک لە هەموو سەردەمێک دا ئاوڕ لە مەتەڵی «من» دەداتەوە. ڕۆماننووس کاتێک مرۆڤێکی خەیاڵی، کەسایەتییەک دادەهێنێت، لەگەڵ ئەم پرسیارەدا ڕووبەڕوو دەبێتەوە: مانای چەمکی «من» چییە؟ ئێمە بە هۆی چییەوە لە «من» دەگەین؟ ئەمە یەکێک لەو پرسیارە سەرەکییانەیە کە ڕۆمانیان لەسەر بنیاد نراوە. هەر نووسەرێک بەشێوەیەک وەڵامی ئەم پرسیارە سەرەکییە دەداتەوە. واتە هەر نووسەرێک بە شێویەک کەسایەتییەکانی دادەڕێژێت. زۆربەی نووسەران، لەسەرەتای سەرهەڵدانی ڕۆمانەوە، تەنانەت تا ئێستاش، بە گێڕانەوەی وردی کردار و ڕووداوەکان کەسایەتییەکانیان دادەڕێژن. بەشێک لە نووسەرانی مۆدێرن، هەر لە هێنری جەیمزەوە تا جەیمز جۆیس و ڤیرجینیا ڤۆڵف و فۆکەر و ... بەشۆڕ بوونەوە بە ناخی بەشی وشیار و ناوشیاری زهنی مرۆڤ، هەوڵ بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە دەدەن. کەسانێکی وەک مارسێل پرۆست بە ئاوڕدانەوە لە ڕابردوو، دەرخستنی ڕووداوەکانی ڕابردوو، هەوڵ بۆ تێگەیشتن و کەشفی «من» دەدەن. بەڵام هیچکام لەم ڕێچکە و ڕێبازە گێرانەوەییانە ڕێچکە و ڕێبازی سەرەکی ڕۆمانەکانی کۆندێرا بۆ نزیکبوونەوە، کەشف و ناسینی «من» نییە.

کردە و ڕووداو بە شێوەیەکی هەڵبژاردەو دەستچن کراو دێنە ناو ڕۆمانەکانی کۆندێراوە و بەتایبەتی ئەم ڕۆمانەوە. مۆنۆلۆگ وەک بەرجەستەترین شێوازی گێڕانەوەی ئەو ڕۆماننووسانە کە گرنگی بە سایکۆلۆژی و زهنییەتی کەسایەتی دەدەن، لەم ڕۆمانەدا نییە. لە ڕۆمانەکانی کۆندێرادا گرنگییەکی ئەوتۆ بە ڕابردووی کەسایەتییەکان نادرێت. هەموو ئاگاداری ئێمەی خوێنەر لە کەسایەتییەکان، لەو کاتەوەیە کە لە ڕۆمانەکان دا دەردەکەون، زانیارییەکی

ئەوتۆمان لە بارەی ڕابردوویان نییە. تەنانەت لەم قۆناغەی ئێستاش، واتە لەو قۆناغەشدا کە کەسایەتییەکان لە ناو چیرۆکەکەدا ئامادەن، نووسەر زانیارییەکی ورد و هەمەلایەنە لە بارەی چۆنییەتی ژیان و گوزەرانی کەسایەتییەکان، شکڵ و بیچمیان بە دەستەوە نادات. ئەوەی لە بارەی کەسایەتییەکانەوە دەگوترێت بە قەدەر ئەوەیە کە بۆ ڕەوتی بەرەو پێش چوونی ڕۆمانەکە و شیکردنەوە و لێکدانەوەی وشە ــ مۆتیڤەکان پێویست بێت. هیچ شتێکی زیاتر لەوە ناگوترێت. ئەم بۆچوونە، ئەم بێ پێشینەییەی کەسایەتییەکان، ڕەنگە تەنیا کەسایەتی ترێزا نەگرێتەوە. کەسایەتی ترێزا لەم ڕۆمانەدا شتێکی شاز و ڕیزپەڕە. ئێمەی خوێنەر لەگەڵ دایک و باوک و شێوەی ژیانی بنەماڵەی ترێزا لە ڕابردوودا ئاشنا دەبین، هۆی ئەم ئاشنایی و پێشینەدارییەش تەنیا یەک شتە. ژیانی ترێزا لە دەوامەی ژیانی دایکیدایە. کەواتە ژیانی دایکی ترێزا بە شێوەیەک ژیانی خودی ترێزایە، ئەوەی لە بارەی دایک و ڕابردووی ترێزاوە دەگوترێت، پەیوەندی بە ڕەفتار و بۆچوونەکانی ئێستای ترێزا، ڕوانین و زهنییەتی ئەو بۆ وشە ــ مۆتیڤەکان هەیە.

کۆندێرا بۆ ئەوەی لە مانای «من» و کەشف و ناسینی «من» نزیک ببێتەوە، زیاتر لەباری سایکۆلۆژی و پێشینە و ڕابردووی کەسایەتییەکان، گرنگی بەو بارودۆخ و هەلومەرجانە دەدات کە کەسایەتییەکانی تێکەوتووە. ئەو دەڵێ: ڕۆمان دانپیانانی نووسەر نییە، بەڵکو پشکنینی ژیانی مرۆڤ لە ناو داوێکە کە پێی دەگوترێت دنیا. ئەو نەک هەر وەک داو سەیری دنیا دەکات، بەڵکو وەک داو سەیری بارودۆخ و هەلومەرجەکانیش دەکات. مرۆڤ لە ناو ئەم داوەدا، لە ناسینی ئەو چەمکانە نزیک دەبێتەوە کە ستوون و کۆڵەکەی بوونین.

لە ڕۆمانی «سووکی لەتاقەت بەدەری بوون» سەرەتا ئەوە ڕێکەوتە کە ڕەوت و ئاقاری ژیانی کەسایەتییەکان دیاری دەکات. واتە ئەوە ڕێکەوتە کە کەسایەتییەکان دەخاتە ناو ئەو بارودۆخە تایبەتییانەوە کە چەمکە سەرەکییەکان، یان با بڵێم وشە ــ مۆتیڤەکان، یەکە یەکە دەردەکەون، دەرفەتی کەشف و ناسینی کەسایەتییەکان بە نووسەر و ئێمەی خوێنەریش دەبەخشن. لەم ڕۆمانەدا ئەگەرچی لەگەڵ بۆچوونی کەسانێکی وەک «بتهۆڤن» و «پارمنید»

لە بارەی دوو چەمکی سووکی و قورسی (دوو مۆتیڤی سەرەکی ڕۆمانەکە) ئاشنا دەبین، بەڵام لە ڕەفتار و هەڵوێستی کەسایەتییەکان لە بارودۆخ و هەلومەرجە تایبەتییەکان دا، پەی بە ڕوانینیان بەرامبەر بەم چەمکانە و چەمکەکانی تر (پەی بە مەتەڵی بوونیان) دەبەین. ترێزا لە هەموو بارودۆخێکی ژیانی دا لەژێر باری قورسی بووندایە، لە کاتێکدا تۆماسی دڵدار و هاوسەری، لە زۆربەی بارودۆخەکانی ژیانی هەست بە سووکی لەتاقەت بەدەری بوون دەکات.

ترێزا عاشقە، عاشقێکی وەفادار و دەربەست. ترێزا ئازار دەکێشێت. وەک مەسیح خاچی ئازارەکانی خۆی و دایکی و تۆماس و وڵاتەکەی و خەڵکی وەڵاتەکەی و تەنانەت کارنین و قەلەڕەشەکەشی بە کۆڵەوەیە. بەرامبەر بە هەموو کەس و هەموو شتێک هەست بە هاوخەمی و هاودەردی دەکات. بێوەفاییەکانی تۆماس بڕستی لێ بڕیوە و بەردەوام خەونی ئاڵۆز و ناخۆش دەبینێت. جارێک لە جاران کەوتۆتە بارودۆخی خیانەتکردن لە ڕۆحی خۆی و تۆماس، هەستی پەشیمانی و ترس و دڵەکوتە وازی لێ ناهێنێت. هەموو ئەمانە باری قورسی بوونن لەسەر شانی، کە تێکی دەقرمێنێت و بە ئەرزی واقیعەوە دەیگووشێت. بەڵام تۆماس...

تۆماس هەمیشە هەوڵ بۆ ئەوە دەدا بە شێوەیەک ڕەنگ ڕێژی بۆ ژیانی بکات کە هەست بە قورسی بوون نەکات. ئەو لە مابەینی سووکی و قورسی، سووکی هەڵبژاردووە. ئەو کاتێک تێدەگات کە دەبێ بۆ بینینی تاکە کوڕەکەی مل بە داوای ناڕەوای کۆنە ژنەکەی بدات، زۆر بە ئاسانی بڕیار دەدا کە ئیتر هەرگیز نەیبینێت. ئەو عاشق و شەیدای ترێزایە بەڵام ئامادە نییە لە پێناوی ئاسوودەیی ئەودا واز لە تەمەناکانی خۆی بێنێت و دەست لە مێبازی و دۆست و مەئشووقەکانی هەڵبگرێت. ئەو زۆر هەوڵ بۆ دوورە پەرێزی لە هاودەردی و هاوخەمی دەدات. ئەو هەموو تواناکانی وەگەڕ دەخات کە باری بوونی سووکتر بێت. بۆیە ئەگەر قورسترین بار، (باری ترێزا) تێکمان دەشکێنێ، پشتمان دەچەمێنێتەوە و بە ئەرزەوە دەمانگووشێت. لە بەرامبەر ئەمەش دا، نەبوونی بار، دەبێتە هۆی ئەوەی کە مرۆڤ لە هەواش سووکتر بێت، بفڕێت، لە زەوین و مرۆڤی زەوینی دابڕێت، لە شێوەی بوونەوەرێکی ناواقیعی دا دەربکەوێت.

هەموو جووڵە و بزاوتێکیشی ئازاد و لە هەمان کاتدا بێمانا بێت.
کامەیان باشترە، سووکی یان قورسی؟ کامەیان پۆزەتیڤ و کامیان نێگەتیڤە؟ ئەم پرسیارە هەر بەم شێوەیە لە ڕۆمانەکە دا هەیە، بێئەوەی وەڵامێکی یەکلاکەرەوەیان پێ درابێتەوە. کۆندێرا قەزاوەت ناکات، حوکم نادات، ئەو تەنیا بە شوێن ڕاستییەکاندا دەگەڕێت. ڕاستییەکان ئاشکرا دەکات و هەوڵ بۆ بەربڵاوکردنی پانتایی تێگەیشتنمان لە بوون دەدات.
لەم جیهانە داهاتەی ڕۆمانی «سووکی لە تاقەت بەدەری بوون»، مرۆڤەکان هەر یەکە خاوەنی ڕەفتار و کردار و بیروڕای خۆیانن. ڕەفتار و کردار و بیر و بۆچوونێک کە پەیوەندی بە خواست و تەمەنای نووسەرەوە نییە، بەڵکو پەیوەندی بە بارودۆخ و هەلومەرجە تایبەتییەکانەوە هەیە. تۆماس کاتێک بۆ یەکەمجار لە ڕۆمانەکەدا دەردەکەوێت، لە بەر پەنجەرەیەکی ئاپارتمانەکەی ڕاوەستاوە، لەوبەر حەوشەکەوە، چاوی لە دیواریماڵەکەی بەرامبەری بڕیوە، نازانێ دەبێ چی بکات.
بەڵام ترێزا داهاتی هەلومەرجێکە کە بە گرژی، دووپۆیی لە ئاشتبوونەوە نەهاتووی لەش و گیان (ئەم ئەزموونە بونیادییە ئینسانییە) ئاشکرا دەکات. مۆتیڤی لەش و گیان یان جەستە و ڕۆح، لەسەرەکیترین مۆتیڤەکانی ئەم ڕۆمانە، هاوکات لە خزمەتی چەمکی سووکی و قورسی باری بووندان. کۆندێرا بە سەرنجدان بە زانیاری زانستیی ئەم سەردەمە دەڵێت: لەو دەمەوە کە مرۆڤ هەموو ئەندامەکانی خۆی ناسیوە، لەشی کەمتر تووشی گرفت و نیگەرانی دەکات. هەموو کەسیش دەزانێت کە گیان لە ئەنجامی چالاکی گردیلە خۆڵەمیشییەکانی مێشک دا دەردەکەوێت. دووپۆیی لەش و گیان (کە خۆی لە پشت زاراوە زانستییەکانەوە دەشاردەوە) ئیمڕۆ پێشداوەرییەکی ناتەبا و گاڵتەجاڕانەیە.
بەڵام ئەگەر کەسێک شێتانە عاشق ببێ و قۆڕە قۆڕی ڕیخۆڵەکانی خۆی ببیستێ، دەستبەجێ یەکگرتوویی لەش و گیان، ئەم بۆچوونە ئیلهام بەخشەی چاخی زانست، لە زهنی دەسڕدرێتەوە.
ئەو کەسە کە کۆندێرا ئاماژەی پێدەکات، ترێزایە. هەموو هەوڵی ترێزا لە ژیانیدا و بەتایبەت لە ژیانی عاشقانەی دا، لە پێناوی دەرکەوتنی بەشکۆی گیان لەسەر

لەش، یان ڕۆح لەسەر جەستەیەتی. ئەو وەک شتێکی تاقانە و تایبەت، سەیری لەشی دەکات، ترسی هەمیشەیی و بەردەوامی ئەوەیە کە لەشی وەک هەموو لەشێکی تر بێت، لە ناو لەشەکانی تردا ون ببێت. ئەو بە منداڵی لە ئاوێنە دا ڕوومەتی دایکی لەسەر ڕوومەتی خۆی بینیوە، لەوەو دوا، تا دواساتەکانی ژیانی هەوڵ بۆ سڕینەوەی ڕوومەتی دایکی و هەموو ڕوومەتێکی تر لەسەر لەش و جەستەی خۆی دەدات. بەڵام هەم لە ژیانی شەخسی و تایبەتی دا و هەم لە ژیانی کۆمەڵایەتی دا هەموو شتەکان، هەموو هێزەکان، بە پێچەوانەی ئەم خواست و داوایەی ئەون. ئەو عاشقی پیاوێکە و لەگەڵ پیاوێکدا دەژی کە هەموو شەوێک نیشانەی لەشی ژنێکی تر دەهێنێتە ناو جێوبان و سەر قەرەوێڵەکەی. لە کۆمەڵگەیەک دا دەژی و لە ژێر سایەی دەسەڵاتێکی ئیدئۆلۆژیکدایە کە هیچ ڕێزێک لە فەردانییەت و تاقانەیی مرۆڤەکان ناگرێت و وەک گا گەل سەیریان دەکات. ترێزا بەردەوام لە ڕووتبوونەوە و دەرخستنی لەشی لەبەر چاوی خەڵک و لەناو خەڵک دەترسێ، خۆی دەپارێزێت. ئەو وەک دایکی پێی وانییە کە لەشی وەک هەموو لەشێکی ترە، بە ئامێرێک بۆ خواردن و ڕیانی نازانێت. ئەو لەشی بە مەیدانی دەرکەوتنی ڕۆح و گیانی دەزانێت. ئەم داڵغە بەردەوامە، دەورێکی سەرەکی لەسەر ژیانی ترێزا و پەیوەندیی عاشقانەی لەگەڵ تۆماس و مەسەلەی وەفاداری و خیانەت هەیە. بۆچوونەکانی ئەو لەبارەی لەش و گیان تەواو جیاوازە لە بۆچوونەکانی تۆماس. ئەوەندە کە ترێزا لە ژیانی عاشقانەی دا بڕوای بە یەکانگیری عەشق و سێکس هەیە، تۆماس بە پێچەوانەوە، پێی وایە عەشق شتێکە و تەمەنای سێکسی و ئیرۆتیکی شتێکی تر. ئەو دەتوانێ لەیەک کاتدا هەم بەڕاست عاشقی ترێزای هاوسەری بێت و هەم دەستلەملانێی دۆست و مەئشووقەکانی بکات. ئەو تێناگات کە بۆ دەبێ عەشقی ترێزا بەر بە هاوباوەشی لەگەڵ ژنانی تر بگرێت. نازانێ بۆ دەستلەملانێ لەگەڵ ژنان، بە مانای درۆکردن لە عەشقەکەی بێت. تۆماس کاتێک درۆ لەگەڵ ژنە دڵخوازەکەی دەکات و بە دزییەوە لەگەڵ ژنێکی تر ڕادەبوێرێ، هەست بە تاوان ناکات. بە پێچەوانەی ئەوەوە ترێزا نموونەی ژنێکی وەفادارە. ژیانی عاشقانە و هاوسەریەتییان لەسەر وەفاداری ئەو بونیاد نراوە. وەفای ترێزا تەنیا لەبەر تۆماس و ژیانی هاوسەرێتی

لەگەڵ تۆماس نییە. وەفای ترێزا لەبەر خۆی و ڕۆح و گیانی خۆیەتی. بەرئەنجامی ڕێزگرتن و گرنگیدانی بەلەشی خۆیەتی. بە گوتەی دایکی: ترێزا نایەوێ تێبگات کە لەشی مرۆڤ هەم میز دەکات و هەم بای لێ دەبێتەوە. ئەو بەربەرەکانێی دایکی دەکات، چونکە پێی وایە دایکی ڕێزی لەشی خۆی ناگرێت، بە شتێکی ئاسایی وەک هەموو لەشەکانی تر دەزانێت. ئەو لەمنداڵییەوە شەیدای چوونە بەر ئاوێنە دەبێت. ڕاوەستانی بەردەوامی ترێزا لەبەر ئاوێنە بۆ خۆنواندن نییە، بەڵکو بۆ کەشف و دۆزینەوەی خۆیەتی. بۆ بینینەوەی ڕۆحی، بۆ پەیبردن بەو شتە تایبەت بە خۆییەی کە لە دایکی و لە هەموو کەسێکی تری جیادەکاتەوە. ئەو لە ئاوێنەدا وەسفی ڕاستەقینەی سروشتی خۆی دەبینێ. ترێزا بە سەعات لەبەر ئاوێنەدا ڕادەوەستێ. ئەم کارەی ئەو لە ڕاستیدا شەڕکردنە لەگەڵ دایکی. هەروەها ئاواتەخوازی بۆ بوونی لەشێک کە وەک لەش و لاری خەڵکی تر نەبێت، ئەو بتوانێت لەسەر ڕوومەتی، کەژاوەی بەشکۆی ڕۆحی ئاشکرا بووی خۆی ببینێت. ئەمە کارێکی سادە نەبوو. چونکە ڕۆح، خەمبار و ترساو و بەلەسە لەدەروونی ترێزا دا خۆی دەشاردەوە، شەرمی دەکرد خۆی بنوێنێت.
ڕستەی کۆتایی ئەم پەراگرافە گرنگییەکی زۆری لە ژیان و داهاتووی ترێزا دا هەیە، یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکانی وەفاداری ترێزا لە ژیانی عاشقانە و هاوسەرێتیدایە. ئەو هەموو تەمەنی لە شوێن دەرکەوتنی شکۆمەندی ڕۆح و گیان لەسەر جەستەی دەگەڕێت. کاتێک تۆماس بۆ یەکەمجار سەرنجی ڕادەکێشێت و بانگی دەکات ترێزا هەست دەکات، ڕۆح بەوپەڕی شکۆوە لە ئەودا دەردەکەوێ. ئەم دەرکەوتنی ڕۆح لەسەر لەشە، بوێری دابڕان لە دایکی و جیهانی دایکی پێ دەبەخشێت، بەرەو تۆماس و عەشقی تۆماس ڕای دەکێشێت. ئەم بڕوا دارییە بە یەکانگیریی ڕۆح و لەش و گیان و جەستە، لە بێ وەفایی و ملدان بە تەمەناکانی لەشی دەپارێزێت. ئەڵبەت ئەم خۆپاراستنە کە بەشێکە لە قورسی باری بوون، لە ژێر گوشاری بۆچوونەکانی تۆماس دا هەرەس دەهێنێت، ترێزاش جارێک لەشی دەخاتە بەردەستی بێگانە. ئەو یەکجار دەکەوێتە بارودۆخێکەوە کە بە بارودۆخی خیانەت و بێ وەفایی دەزانێت، ئەو جارەش نەک هەر هەست بە هیچ جۆرە چێژێک لەو هاوباوەشی و دەستلەملانێیە ناکات، بەڵکو هەست بە تاوان

و خیانەت دەکات. نەک هەر خیانەت لە تۆماسی مێرد و خۆشەویستی، بەڵکو خیانەت لە خۆی. خیانەت لە لەش و گیانی خۆی. وەسفی دیمەنەکانی پاش دەستلەملانێ ترێزا لەگەڵ ئەندازیار، جوانترین بەشی ڕۆمانی «سووکی لەتاقەت بەدەری بوون»ە.

ئەمەدەڵێم و لە هەمان کاتیشدا نامەوێ چاو لەگرنگی و ئەهەمییەتی دیمەنی هاوباوەشی و دەستلەملانێیەکانی تۆماسیش بپۆشم. لە وەسفی ئەو دیمەنانە و دەربڕینی بۆچوونەکانی پاش ئەو دیمەنانەدا ئەوپەڕی تواناکانی ڕۆمان بۆ ئاشکراکردنی ئاڵۆزییەکانی ڕۆحی مرۆڤ و فرە ڕەهەندی کەسایەتییەکان دەردەکەوێت. ئەوەی ئەم دیمەنە جوانە ئیرۆتیکییانە لە گێڕانەوەیەکی قێزەونی پۆرنۆئاسای سێکسی دادەبڕێت، نیگای قووڵ و فەلسەفی کۆندێرا و کەسایەتییەکانی ڕۆمانەکە بۆ مەسەلەی عەشق و هەڵچوون و چێژ بینینە. ئەو چەمک و مۆتیڤانە کە بەشێکی گرنگ لە بوونی مرۆڤن.

بە بڕوای من کەسایەتییەکانی ئەم ڕۆمانە، وێڕای ڕواڵەتی سادەیان، لە ئاڵۆزترین و فرە ڕەهەندترین کەسایەتییە چیرۆکییەکانن. بۆنموونە کەسایەتی ترێزا کە نموونەی ئاڵۆزترین و فرە ڕەهەندترین کەسایەتی چیرۆکییە. بەشێک لە ئاڵۆزی ئەم کەسایەتییە لە خەونە بەردەوامەکانی دا دەردەکەوێت. ترێزا تەنیا کەسێکە کە بەردەوام خەون دەبینێت. زنجیرە خەونێکی بەرواڵەت بێ سەر و بەر، بەڵام لە ڕاستیدا قووڵ و سەرسامکەر. ئەو خەونە ترسناکانە کە قورسی لە ڕادەبەدەری باری بوونی ئاشکرا دەکەن.

هەروا کە شیکاری وشە ـ مۆتیڤە سەرەکییەکانی ئەم ڕۆمانە لەسەر زەمینەی واقیعی ژیانی شەخسی و کۆمەڵایەتی کەسایەتییەکان و کردە و ڕەفتاری ئەوان دەکرێت، خەونەکانی ترێزاش، بەشێوەیەکی هێمایین و خوازەیی، پەردە لەسەر داڵغەی زهنی و نابەر هەستەکانی ئەو کە بەرئەنجامی ژیان لە ژێر سایەی حکومەتێکی ئیدئۆلۆژیکی تۆتالیتارین، هەڵدەدەنەوە. گرنگی کاری کۆندێرا و گێڕانەوەکەی لەوەدایە کە هەموو چەمک و مۆتیڤە سەرەکییەکان لە ژیانی ڕۆژانە و ئاسایی کەسایەتییەکان و ڕەفتار و هەڵوێستی ئەوانەوە سەر هەڵدەدەن، ئەو ژیان و ڕەفتار و هەڵوێستانەش ڕاستەوخۆ لە ژێر کاریگەری

واقیعە کۆمەڵایەتییەکاندان. کەواتە دەبێ دووبارەی بکەمەوە کە لە ئەنجامدا هەموو گێڕانەوەکە لە خزمەتی کەشف و ناسینی بوونی مرۆڤ لەسەر زەمینەی هەلومەرجە تایبەتییە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانە.

یەکێک لە گرنگترین خەونەکانی ترێزا ئەوەیە کە بە ڕووتی لەگەڵ کۆمەڵێک ژنی ڕووتی تر ناچار کراوە بە دەوری ئەستێرەیەکدا ڕابکات و گۆرانی بخوێنێت. لە کاتێکدا تۆماسیش بە تفەنگێکەوە، لە ناو سەبەتەیەکدا، بەسەر ئەستێرەکەوەیە و هەڕەشەی کوشتنیان لێ دەکات. ئەم خەونە لەگەڵ ئەوەدا کە ترس و دڵەخورپەی هەمیشەیی ترێزا لە ڕووتبوونەوە و تێکەڵکردنی لەشی خۆی لەگەڵ لەشی ژنانی تر و پشتگوێ خستنی تایبەتمەندی و جیاوازییەکانی، تۆران یان خۆشاردنەوەی ڕۆحی دەنوێنێت، لەگەڵ ئەوەدا کە لە ڕوانگەی ترێزا وە ترسناکی و تۆقێنەری ڕەفتاری تۆماس بەرامبەر بە خۆی و ژنانی تر نمایش دەکات، هاوکات بەشێوەیەکی هێماییینیش پەردە لەسەر ترس و تۆقینی بەردەوامی ژیان لە ژێر سایەی حکومەتێکی ئیدئۆلۆژیکی و تۆتالیتاری هەڵدەداتەوە. سیستەمێک کە دەیەوێت ئەندامانی کۆمەڵگە بەیەک شکڵ و شێواز، بە ڕووتی و بە بێ هیچ پەنهانکارییەک، ئەو کارە بکەن کە ئەو دەیخوازێت و ئەو سروودە بچڕن کە ئەو پێی خۆشە. لە هەمان کاتیش دا ترسی کوشتن وەک شمشێرەکەی داموکلیس هەمیشە بە ژوور سەریانەوە بێت. لەم خەونەدا تۆماس ڕوویەکی تری سیستەمی کۆمۆنیستییە. کۆندێرا لە ڕۆمانەکەدا ئەگەرچی بە تێر و تەسەلی خەونەکە لێک دەداتەوە، بەڵام ڕاستەوخۆ باسی ئەم لایەنە سیاسی و کۆمەڵایەتییەی ناکات. ئەو بێجگە لەوەی کە پێ لەسەر داڵغەی شەخسی و دەروونییەکانی ترێزا دادەگرێت و لەسەر زەمینەی خەونەکانە، شیکاری ترس و تۆقینە هەمیشەییەکەی دەکات، ئاماژە بە شتێکی تریش دەکات کە ناراستەوخۆ زهن و سەرنجی خوێنەر بەرەو ئەم لایەنە سیاسی و کۆمەڵایەتییە ڕادەکێشێت: شتێکی ترسناکی تریش لە سەرەتای خەونەکەدا بوو: هەموو ژنەکان دەبوو گۆرانی بخوێنن! نەک هەر لەش و لاریان (وەک ئامێری دەنگداری بێ ڕۆح) بەشێوەیەک بێ بایەخ ببوو، بەڵکو دەبوو هەست بە شادیش بکەن! ئەمە لە یەکگرتنی خۆشحاڵانەی خەڵکی بێ عەقڵ دەچوو. ئەوان خۆشحاڵ بوون کە باری قورسی ڕۆح (ئەم گومانە پڕ

و پووچەی جیاواز بوون، ئەم لووتبەرزییە هیچ و پووچە) تووڕ هەڵدەدەن، هەموویان لە یەکتر دەچن. ترێزا گۆرانی دەخوێند بەڵام خۆشحاڵ نەبوو. ئەو گۆرانی دەخوێند چونکە لەوە دەترسا ئەگەر گۆرانی نەخوێنێت ژنەکانی تر بیکوژن. ئایا ئەمە نمایشی ژیان لە کۆمەڵگەیەکی تۆتالیتاری و ئیدئۆلۆژیکدا نییە؟ ئەو ژنانە کە لە هاوشێوەیی و یەک شکڵی خۆیان خۆشحاڵ بوون، لە ڕاستی دا جەژنی مەرگی خۆیان لە داهاتوودا دەگرت. مەرگێک کە یەکچوونی ڕەهای پێ دەبەخشین. کەواتە دەنگی گوللە، کۆتایی هاتن بە ڕێگە بڕینێکی خەمبارانەی ڕادەگەیاند. ئەوان بە شادییەوە لەگەڵ بیستنی دەنگی هەر گوللەیەک پێدەکەنین، هەر جارێک کە لەشێکیان دەکەوتە ژێر ئاوەکە، دیسان بە دەنگی بەرزتر گۆرانی یان دەخوێند.

خەون بینینی ترێزا بەمەندە کۆتایی نایەت. ئەو سێ جۆر خەون دەبینی کە پەیوەندیی بە سێ قۆناغی ژیان و مەرگ و پاش مردن یەوە هەیە. خاڵی هاوبەشی هەموو خەونەکانی، بەردەوامی و بێ کۆتایی بوونی ئازارکێشان و هەست بە سووکایەتی کردنە. ئازار و سووکایەتییەک کە سەرچاوەکەی تۆماسە. تۆماس و بۆچوون و ڕەفتار و هەڵوێستی لەبەرامبەر ترێزا. ترێزا ئەگەر چی لە ژیانی واقیعی دا تۆماسی خۆش دەوێت و عاشقیەتی، بەڵام لە ناوشیاری زهنی و لە دنیای خەونەکانی دا، وەک حزبی کۆمۆنیست و دەسەڵاتی زاڵی سیاسی وڵاتەکەی وێنای دەکات. ڕەفتاری تۆماس لە خەونەکانی ترێزا دا ڕوویەکی تری ڕەفتاری حزبی کۆمۆنیست و حکومەت لە واقیعی کۆمەڵگەدایە.

خەونەکە (خەونەکان) دەبوو ئەوە لە تۆماس بگەیەنێت. ترێزا نەیدەزانی بۆ خۆی چۆن ئەوەی پێ بڵێت. ئەو ژیانی لەگەڵ تۆماس هەڵبژاردبوو تا بتوانێ لە دنیای دایکی ــ لەو شوێنە کە لەش و لارەکان چوونیەک بوون ــ هەڵبێت. ژیانی لەگەڵ تۆماس هەڵبژاردبوو تا لەشی تاقانە بێت، هیچ لەشێکی تر جێگەی نەگرێتەوە. بەڵام تۆماس لە ناو ئەو و ژنەکانی تردا پەیڕەوی لە ئەسڵی یەکسانی دەکرد: ئەو هەموویانی چوونیەک و بەشێوەیەک دەویست. بە شێوەیەک دەیلاواندنەوە و هیچ، هیچ، بەڕاست هیچ جیاوازییەکی لە مابەینی لەشی ترێزا و لەشی ئەوانی تر دانە دەنا. تۆماس لە ڕاستی دا ئەوی بۆ دنیایەک گەڕاندبۆوە کە پێی وابوو

لێی هەڵاتووە. تۆماس ئەوی بۆ سنووری ڕووتی، بۆ ناو ڕیزی ژنە ڕووتەکان ناردبووەوە.

لەم خەونانەدا هیچ شتێک لە تەمومژدا نەبوو. تۆمەتێک کە لەو خەونانەدا دەدرایە پاڵ تۆماس، ئەوەندە ڕوون و ئاشکرا بوو کە نەیدەتوانی جگە لە بێ دەنگ بوونی شەرمەزارانە و لاواندنەوەی دەستی ترێزا کارێکی تر بکات.

خەونەکانی ترێزا ئەوەندە ڕوون و فەسیح ن کە نەک هەر پەیامەکەیان بەتۆماس دەگەیەنن، بەڵکو ئەوەندە جوان یشن کە کاریگەری لەسەر تۆماسیش دادەنێن. تۆماس لە ژێر کاریگەریی ئەفسوون و جوانی پڕ لە دڵەڕاوکەی خەونەکانی ترێزا دا دەژیا.

بێگومان من لەم کورتە خوێندنەوەدا نامەوێ جارێکی تر بە ژیانی کەسایەتییەکان و بە تایبەت تۆماس و ترێزا دا بچمەوە. ژیانێک کە نە ئیمکانی کورتکردنەوەی هەیە و نەدەکرێت گرنگی بەلایەنێکی بدرێت و لایەنەکانی تری پشتگوێ بخرێت. ئەمە لە تایبەتمەندییە سەرنج ڕاکێشەکانی ئەم ڕۆمانەی میلان کۆندێرا یە کە هەموو ساتەکانی ژیانی کەسایەتییەکان، هەموو ڕەفتار و جموجوڵێکیان، هەموو ڕووداوەکان و بە تایبەت تێکڕای تیم و مۆتیڤەکان، وەک کۆمەڵە ئەڵقەی زنجیرێکی دوور و درێژ پێکەوە لکاون و لەیەکتر ئاڵاون. هەر کەسایەتییەک بۆ کەسایەتییەکانی تر و هەر ڕووداوێک بۆ ڕووداوەکانی تر و هەر بابەتێک بۆ بابەتەکانی ترمان دەبات.

بەرامبەر بە چیرۆکی ژیان و پەیوەندیی عاشقانەی تۆماس و ترێزا چیرۆکی ژیان و پەیوەندییەکانی سابینا و تۆماس لەلایەک و سابینا و فرانز لە لایەکی تر هەیە. پەیوەندیی نێوان سابینا و تۆماس پەیوەندییەکی بێ کێشەیە. پەیوەندیی نێوان دوو دۆست، کە هەر کاتێک حەز بکەن یەکتر دەبینن و یەکتر لەباوەش دەگرن. هەر کاتێکیش حەز بکەن پشت لە یەکتر دەکەن و ئاوڕ لە دواوە نادەنەوە. سابیناش وەک تۆماس، تەنانەت زۆر پێداگرتر لە تۆماس، خۆی ناخاتە ژێر باری قورسی بوون. بەڵام بە پێچەوانەوە، فرانز، دۆستەکەی تری سابینا، ژیان و پەیوەندیی عاشقانەی ئەوەندە سەخت گرتووە کە نەک هەر بەردەوام ئاوڕ لە دواوە (لەو دەمانە کە لەگەڵ سابینا دا بووە) دەداتەوە، بەڵکو هەموو ژیانی

(تەنانەت مردنیشی) بە عەشقی سابیناوە گرێ دەدات. سابینا کەسایەتییەکی تەواو بە پێچەوانەی ترێزایە و ژیانی بە ئاقارێکدا دەڕوات کە ڕێک بەرامبەر بە ئاقاری ژیانی ترێزایە. ئەگەر تیمی سەرەکی موزیکی ژیانی ترێزا وەفایە، تیمی سەرەکی موزیکی ژیانی سابینا خیانەتە. بەراوردکردنی سابینا و ترێزا بێگومان کارێکی هەڵەیە، لەو زهنییەتەوە سەر هەڵدەدات کە قورسی بە چاک و پۆزەتیڤ و سووکی بەخراپ و نێگەتیڤ دەزانێت. کۆندێرا لەڕۆمانەکەی دا ئەم بەراوردە ناکات. ئەو بە پێچەوانەی زۆر ڕۆماننووسی تر کەسایەتی سابینای دانەهێناوە تا کەسایەتی ترێزا بەرجەستە بکاتەوە. مۆتیڤی خیانەتی نەهێناوەتە ئاراوە تا پێ لەسەر ئەهەمییەتی بەهاکانی وەفا و وەفاداری دابگرێت. ئەو بە درێژایی ڕۆمانەکەی خۆی لە قەزاوەت کردن دەپارێزێت. ئەو بڕوای بە جیاوازی کەسایەتییەکان هەیە، وەک واقیعێک سەیریان دەکات و دەیاننوێنێت. ئەو دەزانێت کە هەر کەس باری بوونی خۆی هەڵدەگرێت.

سابینا لە خیانەتێکەوە بۆ خیانەتێکی تر دەپەڕێتەوە. خیانەت لە باوکی، لە مێردەکەی، لە ڕاپەڕینی گەلەکەی و ڕێپێوانی گەورە، لە فرانزی دڵداری و تەنانەت لە نیشتمانەکەشی. ئەو هونەرمەندێکی نەقاشە کە پاش داگیرکەرانی وڵاتەکەی لە لایەن سوپای ڕووسەوە، کۆچ دەکات و نەک هەرگیز ناگەڕێتەوە، بەڵکو لە کۆتاییەکانی ژیانی دا هەر فەرامۆشیشی دەکات. ڕەنگە تەنیا کەسێک کە سابینا خیانەتی لێ ناکات و پشتی تێ هەڵناکات، تۆماس بێت. هۆکەشی ئەوەیە کە ئەوان، هەر دووکیان، ژیان و پەیوەندییە عاشقانەکانیان سەخت نەگرتووە. هەردووکیان خۆیان دەم سووکی بلاوێنی بوون داوە. هەردووکیان بەهێزن.

بەهێزی و بێهێزی ش دوو تیمی سەرەکی ئەم ڕۆمانەن کە قسەی زۆر هەڵدەگرن. شتێک کە بەلای منەوە زۆر سەرنج ڕاکێشە پەیوەندیی نێوان هێز و مۆتیڤەکانی ترە. هێز و وەفاداری، هێز و خیانەت، هێز و هاودەردی، هێز و عەشق، لە ئەنجام دا هێز و سووکی یان قورسی باری بوون.

لەم ڕۆمانەدا هەموو ئەو کەسانە کە هەست بە قورسی باری بوون دەکەن، مرۆڤی بێهێزن یان مرۆڤێکن کە لە ژیان و پەیوەندییەکانیان دا هێز بەکار ناهێنن.

بەنیسبەت ترێزاوە، بێهێزی باڵی بەسەر هەموو تایبەتمەندییەکانی دا کێشاوە. یان بەواتایەکی تر، بێهێزی وەک هۆکارێک بۆ تایبەتمەندییەکانی تری دەردەکەوێت.

بێهێزی یان لاوازی ڕێک لەبەرامبەر بەهێزیدایە. ئێمە، تەنانەت ئەگەر لەش و لاری پاڵەوان ئاسای دوبچەکیشمان ببێت، هەمیشە لە بەرامبەر بەهێزی دا لاوازین. ئەمەکەشفی ترێزایە لە زمانی کۆندێرای نووسەری ڕۆمانەکەوە دەدرکێت: لاوازییەک کە لەو کاتەدا بەلایەوە (بەلای ترێزاوە) لە تاقەت بەدەر بوو، لە وڵاتەکەی دووری خستبۆوە، لەپڕ سەرنجی ڕاکێشا، تێگەیشت کە ئەویش لە جوملەی کەسانی لاواز، لە دەستەی لاوازەکان، خەڵکی وڵاتێکی لاوازە. هەر لەبەر ئەوەشە کە ئەوان لاواز بوون و لە کاتی قسەکردن دا پشوویان سوار دەبوو، دەبوو پێیان وەفادار بێت. ئەم ڕستەیە ئەگەرچی قورس و سەختە، کاریگەری بێهێزی و لاوازی لەسەر وەفای مرۆڤ بەگشتی، وەفاداریی ترێزا لەم ڕۆمانەدا، ئاشکرا دەکات. کەواتە ناتوانین بڵێین وەفاو وەفاداری شتێکی جەوهەرییە، یان لە عەشق و خۆشەویستی بۆ کەسانی بەرامبەر، لە بێگەردی گیان و ڕۆحی مرۆڤ و بەتایبەت ترێزاوە سەر هەڵدەدات. ترێزا لە کاتێکدا دەستی بە سەری کارنین دا دەهێنێت ـ کە بە ئارامی لەسەر ئەژنۆی ڕاکشاوە ـ ئەم بۆچوونە دەدرکێنێت: هەڵسوکەوتی چاک و میهرەبانانە لەگەڵ مرۆڤەکان جێگەی ستایشکردن نییە. ترێزا ناچارە لەگەڵ دێهاتییەکان دا هەڵسوکەوتی باشی ببێت، ئەگینا ناتوانێت لەوێ بمێنێتەوە و درێژە بە ژیانی بدات، ئەو تەنانەت ناچارە بۆ تۆماسیش ژنێکی دڵسۆز و میهرەبان بێت، چونکە پێویستی پێیەتی. ئێمە ناتوانین بە پێ داگرییەوە بڵێین کە پەیوەندیمان لەگەڵ خەڵک تا چەندە لە هەستیاریمان، لەعەشق و خۆشەویستیمان، لە بێزاریمان، لە میهرەبانی و ڕق و قینمانەوە سەرچاوەی گرتووە، تا چەندە لە ژێر کاریگەریی دەسەڵات و هێز و بێهێزیمان لە ناو خەڵکدایە. کەواتە وەفاداریی ترێزا بەرامبەر بەعەشق و خۆشەویستی تۆماسیش لە بێهێزییەوەیە. بەلای ئەوەوە تۆماس زۆر زۆر بە هێز بوو، ئەویش ئێجگار زۆر هەستی بە بێهێزی و لاوازی دەکرد. تۆماس هەندێک فەرمانی دەکرد کە ئەو تێی نەدەگەیشت. هەوڵی دەدا فەرمانەکان بەجێ بهێنێ، بەڵام توانای

نەبوو. وەفاداریی ترێزا لە ترسی هەمیشەیی ئەو لە تەنیایی و پشت گوێخستنەوە سەرچاوەی دەگرت. ترێزا خۆی بەمرۆڤێکی بێکەس و تەنیا دەزانێت. هاوخەمی و هاودردییەکەشی هاوخەمی و هاودەردی کەسی بێهێز لەگەڵ بێهێزەکانی ترە. هاوخەمی و هاودەردییەکەشی لە بێکەسی و تەنیایی یان ترسی تەنیاییەوە سەر هەڵدەدات. ترێزا لە لای حەوزی حەمامەکە دانیشتبوو، نەیدەتوانی نیگای لەو قەلەڕەشە ئاویلکە هەڵبگرێت. ترێزا لە تەنیایی پڕ لە بەزەیی قەلەکەدا وێنەی ژیانی خۆی دەبینی و بەخۆی دەگوت: «لەم دنیایە کەسم نییە، بێجگە لە تۆماس کەسی ترم نییە.»

تۆماس ئەو کەسە بەهێزەیە کە ترێزا لە بەرامبەری دا، لە شەڕ و کێشەی ژیان لەگەڵی دا پێویستی بە چەک هەیە. باشە ترێزا کامە چەکی هەیە؟ تاکە چەکی ئەو وەفادارییە. ئەو وەفادارییەی کە لە سەرەتاوە، لە یەکەم ڕۆژەوە پێشکەش بە تۆماسی کرد. ئەو دەیزانی هیچی تری نییە کە بیداتێ.

ئەم بۆچوونە بێگومان قورس و سەرسامکەرە. ئێمە بە درێژایی ڕۆمانەکە لەگەڵ ژنێکی عاشق ڕووبەڕووین کە بڕوای بەبێ خەوشی عەشق و خۆشەویستی هەیە. لەگەڵ ژنێکی وەفادار دا ڕووبەڕووین کە هەڵگری کۆمەڵێک سفاتی ئینسانی وەک بەزەیی، هاودەردی و لێبووردنە. بەڵام لەپڕ دەزانین کە هەموو ئەم سفاتە ئینسانییە بەهۆی بێهێزی و لاوازییەوەیە. کەواتە ئایا دەبێ گومان لە عەشقی بێگەرد و هەموو بەهایەکی ئینسانی بکەین؟ بەدڵنیاییەوە نا. لەم ڕۆمانەی کۆندێرا دا هیچ شتێک ئەوەندە قەتعی و لەسەدا سەد نییە کە تووشی تۆقین و سەراسیمەیی مان بکات. لەم ڕۆمانەدا ئەگەر شتێکی تۆقێنەر ببێت کە سەراسیمەمان بکات، ڕێژەیی بوونە هەموو شتێکە. ئەڵبەت ڕێژەیی بوونی هەموو دیاردەکان و تەنانەت هەموو بەهاکان، واقیعێکی پیرۆزی ژیان نییە. ئەم ڕێژەیی بوونە پاساوێک بۆ تەسلیمبوون بە دەسەڵات، بۆ پشتکردن لە عەشقی بێگەرد، هاودەردی، سۆز، وەفاداری، ڕووکردن لە خیانەت نییە. ئەم ڕێژەیی بوونە خۆ تەسلیم کردنی ڕەها بە سووکی باری بوون ناسەلمێنێت. ئەم ڕێژەیی بوونە لەهەموو ڕۆمانەکانی کۆندێرا و بەتایبەت لەم ڕۆمانەی دا ئاراستەیەکی ئینسانی هەیە و گرنگی ڕاگرتنی حورمەتی مرۆڤ و بەها ئینسانییەکان (وێڕای ڕێژەیی

بوونیان) لەقاو دەدات. تەنانەت ئەگەر ترێزا بەهەر هۆیەک بەو ئەنجامە بگات کە خۆشەویستی بێگەرد نەوەک لەلای مرۆڤ بەڵکو لە لای ئاژەڵە و سەرکۆنەی تۆماس و خۆشەویستییەکەی تۆماس بکات، نابێ لە بیرمان بچێت کە ئەو پیاوە، وێڕای بڕوای جاروباری بە سووکی باری بوون، هەموو ژیان و دڵخۆشییەکانی، تەنانەت کار و پیشە و داهاتووشی، لەپێناوی بەها ئینسانییەکان و خۆشەویستی ترێزا دا بەخت دەکات. ئەو کە هەمیشە ڕەخنەگر و سەرکۆنەکەری دەسەڵات و جاسووسی دەسەڵاتداران بووە و لە وتارێکی دا ئاواتی سزای کوێرکردنیان بۆ دەخوازێت، بەڵام لەئەنجامدا سزادانی ئەوان بەوەحشیگەریی لێک دەداتەوە و بانگەشەی لێک بوردوویی و لێبوردن دەکات. ئەم بانگەشە ئینسانییە لەکەسێکەوەیە کە زۆرترین سووکایەتی لەلایەن دەسەڵات و دەسەڵاتداران و جاسووس و سیخوڕانی دەسەڵاتەوە پێکراوە.

بەدڵنیاییەوە خوێندنەوەی ئەم ڕۆمانە بەم چەند لاپەڕەیە کۆتایی پێ نایەت. هەموو ئەو چەمک و مۆتیڤانە کە لەم بەرهەمەدا و لەچوارچێوەی ئەم گێڕانەوە چیرۆکییەدا ئاوڕیان لێ دراوەتەوە، بەوپەڕی وشیاری ڕۆماننووسانەوە شیکراونەتەوە، گرنگترین چەمکی ئینسانی و پڕ بەهاترین مۆتیڤی چیرۆکین. ئەم ڕۆمانە بەرپەرچدانەوەی وشیارانەی هەموو جۆرەکانی کیچ، لە هەموو جلوبەرگ و قاڵبێکی دیار و نادیاریدایە.

لەکۆتاییدا ئەگەر بگەڕێمەوە بۆ سەرەتا و ناوی ئەم خوێندنەوە کە پرسیار لە سووکی یان قورسی باری بوون دەکات، هیچ وەڵامێکم پێ نییە جگە لە سەرەتا و ناوی ڕۆمانەکە کە سووکی لە تاقەت بەدەری بوونە. لەم داویی جیهانەدا، سووکی بوون بە ڕاست تاقەت پڕووکێنە.